- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

# ڕامان

122

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ تەمموزی ٢٠٠٧



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● سەروتار

- داگیرساندنی مۆمێکی دیکەی تەمەنی ڕامان/ سەرنووسەر/ 3

● دەق

- سەفەر/ یوونس ڕەزایی/ 5
- دزڤرن هەستێن من/ ئۆمەر دلسۆز/ 7
- هەستە کحولییەکانی ئێوارە/ هاشم سەراج/ 10
- ٤٤ هۆنراوەی تاکدێڕی/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 14
- حەوت شیعری ئەویندارانەی سەردەمی جەنگ/
لە فەرەنسییەوە: د. فەرهاد پیربال/ 16
- سەفەر/ سەحەر ڕەسایی/ 19
- بەفر و خوێن/ ئەمین گەردیگلانی/ 22
- گوویین/ ڕۆشان لەزگین/ 25
- نیگا پایزانێکی پیر بوو/ فەرهاد مستەفا ئەحمەد/ 28
- وشکەساڵ/ لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش/ 35

● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و ڕووناکبیر
(بەرۆژ ئاکرەیی)/ ئا: ڕامان/ 39
- وتوویژ لەگەڵ بێهرۆزی دەوڵەت ئابادی-دا/
لە فارسییەوە: ڕەحیم دەستیار/ 55

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- کورتبڕی و درێژبڕی لە ئەدەبی کوردیدا/ کاروان مەهدی/ 61
- مێشک و زمان/ لە ئینگلیزییەوە:
د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد/ 72

● وتار

- خەڵاتی هونەر و ئەدەبی فەرەنسی بۆ پیتەر سلۆتەردایک/
لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ 88

● هزر و فەلسەفە

- فەلسەفەی هزری کۆمەڵایەتی لەنێوان بابەتی ئاکار و
سیاسەتدا/ د. حەمید عەزیز/ 92
- سوکراتی دانا/ ن. ئا: ڕەحیم سابیر/ 102
- تیۆری مانای ڤیگتۆر فرانکل لە نێوانی واقیع و
پراکتیکدا/ سەعید محەمەد نووری/ 109

● گەشت

- گەشتی یۆنگ بۆ ئەفریقیای ئیستیوائی (کینیا و
ئۆغندا)/ لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی/ 114

● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی

- فۆرم و بنەما زمانییەکانی مانشێت/
کاوە عەبدولکەریم/ 122

● مێژوو - کەلەپوور

- مێژووی ڕامیاری کورد و کوردەکانی قوم/ عەباس
سلێمان سمایل/ 132

● هونەر

- ڕێژیسێر و ڕووناکی/ د. فازیل جاف/ 137
- پرۆژەی یەکەم لە شانۆی توندوتیژیدا/
فریاد ئەحمەد/ 146
- پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا/
دانا ڕەووف/ 149
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 155
- ئەو ئافرەتانەی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە دەڤەری هەورامانداا
گۆرانییان چڕیوە/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 160
- خۆشنووسی مەزنی کورد حامید ئامەدی/
وەهبی ڕەسووڵ/ 166
- وێنەگرتنی ماکرۆیی/ فارس سەعدی/ 174

● یادکردنەوە

- مۆسیقاژەنە نەمرەکان/ باکووری/ 176

● خوێندنەوەی کتێب

- بیرەوەری سۆزانییە خەمبارەکانی من/
سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 181
- هەورە سپییەکەی ئیتماتۆف/ جەبار سابیر/ 191

● زاراوەسازی

- داستان/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 197

● نامە

- نامەیەک بۆ عەبدوڵڵا سەراج/ ئا: ڕامان/ 199

● ئێستێک

- لەباتی خوێنەر/ ئیدریس عەبدوڵڵا/ 200

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# داگیرساندنی مۆمێکی دیکەی تەمەنی ڕامان

سەرنووسەر

* بەدەرچوونی ئەم ژمارەیەی گـۆڤـاری ڕامـان، یان ڕاسـتـتـر وایە بڵـێم لە ٢٠٠٧/٦/١١ەوە گۆڤارەکـەمان پێ دەنێـتـە ناو دوازدە ساڵەی تەمـەنییـەوە، بێگومان دەرچوونی گۆڤارێکی وەک ڕامان بەو سەنگ و قورسایی و قەوارەیەی خۆیەوە، یان بەو مـوزائیکیـەت و بەشداربوونەی جۆری ئەو قەڵـەم و داهێنەرو نووسـەرانەی بەدرێژایی ئەو یازدە ساڵەی ڕابردوو بۆیان نووسـیـوە و بەگۆڤـاری خۆیان زانیوە، یان بەداپۆشینی ئەو جوگرافیا پان و بەرینە، بووەتە گۆڤارێکی بەرچاو و ئەوەی کـردوویەتی کـارێکی هەروا ئاسـان نیـیــە، بگرە بەلای مـێـژوونووسـانی ئەدەب و ڕۆژنامـەگـەری کـوردیشـەوە ئاسـایی نەبووە و بە وەرچەرخانێکی بواری ڕۆژنامەگەری ئەدەبی و ڕۆشنبیری دادەنێن، بەتایبەتی کە دەبینن داوونەریتی تایبەت بەخۆی دارشتووە و تایبەتمەندی خۆی دیارکردووە و هەوڵی بۆ دروستکردنی ناسنامەی تایبەت و سەربەخۆی خۆی داوە.

* ئێـمـە لەسـەردەم و زەمـانێکدا دەژین ناکرێ گـۆڤـاری ڕامـان وەک هەر بوارێکی دیکە سوود لە دەسکەوت و دەستـاوێژ و ئەزمـوون و تاقـیـمـانەی ئەو گۆڤارو چاپەمەنییە ئەدەبی و ڕۆشنبیریانەی لە دنیادا هەن بەدوور بگرێ، کە گـۆڤـاری پرۆفـیـشنالن و سالانێکی دوور و درێژە هەن و کـاریان کـردووە و لە بواری خۆیاندا جێ دەسـتـیـان دیار بووە، بەتایبـەتی سـوود وەرگـرتن لەلایەنی هونەری چاپ و دیزاین و تەکنیکی وێنە دانان و پڕکـردنەوەی فـەزاو بۆشـایی و ڕەچاوکـردنی جـووڵەی دیزاینی لاپەڕەکـانی ناوەوە و قـەوارە و لایەنەکـانی جوانکاری دیکە، بەڵام ئەوەش مـانای وانییە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دابڕابین، کـە ئەو مـێـژووە دووروودرێژە بە تایبـەتی بۆ سـوود وەرگـرتن لەلایەنە گەش و ڕووناکەکانی بۆ ئێمە هەمیشە سەرچاوەی بەهرە لێوەرگرتن و ئیلهام بەخشین بووە، تەنانەت لە هەمـوو وردەکارییـەکانی کاری ڕۆژنامـەوانی ئێـمـەدا چرای دەستمان بووە بۆ ڕووناک کردنەوەی بەرپێی خۆمان.

* ڕامان پاش ئەو تەمەنەی دەبینین باڵای کردووە و بووەتە قوتابخانەیەک کە لەو قـوتابخـانەیەدا بەدەیان و دەیان ناوی تێدا گەشاوەتەوە و دەرکەوتووە و لە دەرگای هەموو بوارەکانی ژیانی کولتووری داوە و ئەمڕۆ ناوەکانی ناو گۆڤاری ڕامان بوون بەناوی دیار و درەوشاوەی سەرگۆڕەپانی ئەدەبیات و ڕووناکبیری کوردی و جێ دەستیان بەسەر داهێنان و ڕۆشنبیری کوردییەوە دیارە، ئەوە جگە لەوەی لەوەتای ڕامـان هەیە لە هەمـوو ژمـارەیەکـیـدا، چەندین دەنگی نوێ و مـوژدەبەخش و گـەنجانە پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، بەتایبەتی ئەو لاوانەی تایبـەتمەندن و بە قـووڵی و بەپەرۆشـەوە لە خـەمی داهێنان و پێـشکەوتنی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی دان و دەیانەوێ لێهاتووانە کەلێنێک پڕ بکەنەوە و بە قـووڵی و جیـاواز لەوانی دیکە دەربکەون، تا شـانبـەشانی نووسـەران و ڕووناکبیرانی پێشوو تەکانێک بەڕەوت و بزاڤی ڕۆشنبیری میللەتەکەمان بدەن و زیاتر گۆمەکەی بشڵەقێنن.

* ئەگــەر لە ڕابردوودا گــۆڤــاری گــەلاوێژ وەک بە تەمەنترین و دەرکەوتووترین گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری ناسرابێ و وەک باشـترین گۆڤاری کـاریگەری ڕۆژگـاری خۆی دەسمان بۆ لەسنگ دابێ، ئەمڕۆکە کەس نییە دان بەڕۆڵی ئەو گۆڤـارە کـاریگەرە دانەنێ کـە لە مـاوەی دە ساڵی تەمـەنی خۆیدا لەناو بزاڤی ڕۆشنبیـری کـوردیدا گـێـڕاویەتی، گۆڤـاری ڕامـان-یش وەک گـۆڤـارێکی بە تەمـەنی خـاوەن ئەزمـوون زۆر ئاسـتـەنگی بەردەمی خـۆی بڕیوە و بەسـەر زۆر کۆسپ و تەنگوچەڵەمـەدا زاڵ بووە تا بە ئەمڕۆکەی گەیشتووە و لەو یازدە ساڵەی تەمەنی خۆی خەریکە خەت و خاڵ دادەنێ و لە خەم دەرەخسێ. ئەگەر بەراوردەکـە شیـاو و لە جێگەی خـۆیدا بێ دەڵێین ڕامـان لەپاش ڕاپەڕین ئەو گۆڤـارە بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جووڵاندن و شڵەقـاندنی کەشوهەوای ئەدەبی و داهێنان و ڕۆشنبـیـری کـوردیدا گـێـڕاو تا ئەمـڕۆکـەش نەسرەوتانە دەیگێڕێ. تاکوتەرا نەبێ قـەڵەمـێکی جـیـدی نەمـاوە بەرهەمی خـۆی تێـدا بڵاونەکـردبێـتـەوە و خـوێنەران لە ڕێگەی ڕامانەوە بەرهەمی ئەوانی نەخوێندبێتەوە.

* لە هەمـوو دنیـادا وا باوە کـە ئەزمـوونێک لەلایەن هەرکەسێکەوە بەڕێوە ببرێ ئەگەر سەرکەوتوو بوو، ئەوە زیاتر لای لێدەکرێتەوە و دەبێتە جێگەی بایەخدان و پتر پێش دەخرێ، کـەچی لەلای ئێـمـە سک ڕەشی وا هەیە بەوە ژانی کـردووە کـە بۆچی سـتـافی کـاری ڕامـان لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە، ئەوانە جگە لەوەی مەرامیان ناشیرین دیتنی هەر کارێکی جوانە لەو وڵاتەدا، هەوڵیش دەدەن دڵسـۆزان پشت سـارد بکەنەوە. ئەوانە کـاری ڕۆژنامەوانی بەکارێکی وەزیفەیی و ڕۆتین تێدەگەن، وا دەزانن ئەو جۆرە کارانە هەروەک وەزیفە وان، کەسەکانی کاری تێدا دەکەن دەبێ ناوە ناوە خانەنشین بکرێن و لە گۆشەی ماڵەوە توندبکرێن، ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە کاری ڕۆژنامەوانی کەڵەکە بوونی ئەزموون و تاقیمانەیە، تا سـاڵ و مـانگ زیاتر تێـپـەڕن، ئەو بەهرە و تاقیـمـانەیەیان پتـر قـاڵ دەبێ و دەوڵەمـەندتر خـۆی دەنوێنێ. ڕۆژنامەنووسی بەهەق ڕۆژنامەنووسیش لەهەر کـوێ بێ، هێـزێک نییـە سـیـفـەتی نووسـەرایەتی و ڕۆژنامەنووسییەکەی لێ بسەنێتەوە، ئەگەر لەماڵەوەش دابنیشێ، دەتوانێ جوانتـر بنووسێ و کـاری پڕ سوودتر بکات.

* ئەزمـوونی کـاری ڕامـان ساڵ دوای سـاڵ پتـەوتر و بەهێـزتر دەبێ و تۆکـمـەتر دێتـە مـەیدان، ڕامـان بەپێی قۆناغ لە تەوقیت کردنی قـەبارەکەی خـۆی کاتێ گەورە دەکرێ، یان بچووکی دەکاتەوە لەگەڵ پێویستی سەردەم دەڕوا و کـار دەکـات. کـارێکی باشی لایەنی هونەری ڕامـان لەو چەند سـاڵانەی دواییـدا ئەوەیە هەوڵێکی زۆرمـان داوە خـۆمـان لەشـێـوەی دانان و بڵاوکـردنەوەی وێنەی نووسـەران و داهێنەران بەشـێـوە تەقلیـدی و سـتـالینیـیـەکـە ڕزگـار بکەین و ئەوەندەی پێـمـان کـرابێ ئەرشـیـڤـەکـەمـان کـردووە بە هێـڵکاری هونەری و بەو هێڵـەباریک و شاعیـریانەی دەست و پەنجەی هونەرمەند قـەرەنی جـەمـیل پتـر برازێنینەوە، هیـواشـمـان زۆرە لە داهاتوودا پۆرتریتی ئەو نووسەرانە ڕوو لە زیاد بوون بکەن تا لە پاشـانـدا لە پێـشـانگایەکی تایبـەت و وەک چالاکـیـیـەک پێشکەشی بینەرانی بکەین، کە ئەمڕۆکە لەچاو جـاران ژمـارەی وێنەکـانمان کـەم کـردووەتەوە بەو مـەبەسـتـە بووە کـە لەنگەر ڕاگـرتنێک بۆ دانانی وێنە دابنێین واتە نە سوێر و نە بێ خوێ بێ.

* لە ڕووی زمـانەوە ئێـمـە هەرچەندە بۆمـان نیـیـە دەسـتکاری شێواز و شێوەی نووسینی هیچ نووسەرێک بکەین، چونکە وەک (بیـفـۆن) وتوویەتی: (شـێـواز.. ئینسـانەکـە خـۆیەتی)، بەڵام ئەوەندەی لەتواناییـمـاندا هەبووبێ هەوڵمان داوە پوختی کوردی نووسینی نووسەران لەبەرچاوبگرین و زیاتریش ئیشمان لەسـەر (ڕێنووس) و (یەکـخـسـتنی زاراوە)دا کـردووە، چونکە پێـمـان وابووە گـونجاو نییـە وشەیەک لەگۆڤـارێکدا بەسێ شێـوە شکڵ نووس بکرێ، لەوەشدا ئەوەی بۆ ڕێنووسەکەمان پێڕەومان کـردووە، نەمـانوتووە ئەوەی ئێـمـە دەیکەین لەهی هەمـوو کەس ڕاستترە و ڕێنووسی کۆتاییە، چونکە وەک وتم ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕاستی نزیک ببینەوەو مەبەستمانە یەک ڕێنووس لە ڕاماندا هەبێ نەک دووان و سێیان.

* تەنیـا کـێـشـەیەک کـە ڕامـان بەدەسـتـیـیـەوە گـیـری خواردووە، کێشەی دابەش کردنە، ئەم کێشە و گرفتەش، تەنیا گرفتی ئێمە نییە، بگرە گرفتی سەرجەم چاپکراو و بڵاوکـراوەکـانی کـوردسـتـانە و تائێـسـتـا چارەسـەرێکی بنەڕەتی بۆ نەدۆزراوەتەوە، لەگـەڵ خـراپی دابەش کـردنی چاپەمـەنیـیـەکـانی کـوردسـتـان و کـەم بوونەوەی ڕێژەی خـوێنەرانیش کـە بەرۆکی هەمـوو جـۆرە کـتـێـب و چاپەمـەنیـیـەکی گـرتووە، هێـشـتـا ڕامـان لە چاو چاپەمـەنیـیـەکـانی ئەمڕۆکە گۆڤـارێکی پڕ فرۆشە، لەو باوەڕەشدام ئەگەر بە باشی دابەش بکرێ و بگاتە دەستی خاوەنی خۆی، ئەوە تیراژی فـرۆشتنەکەی زۆر لەوە زیاتر دەبێ کـە هەیە، هەرچەندە ئەو خـوێنەر و هەوادارانەی ڕامان کە مانگانە بەهۆی لینکەکانی ئێمە لە ماڵپەڕەکان و مـاڵپـەڕەکـەی خـۆشـمـان ژمـارەیان لە (٦-٧) هەزار خوێنەر دەدا، لەگەڵ ئەوەشەوە ئێمە هەر لە هەوڵی خۆمان ناکەوین بۆ چاکتر دابەش کـردنی ڕامان و زیاتر جوانتر کردنی دیزاین و ناوەڕۆکەکەی، وەک پێشتر کردوومانە بە پیـشـەمـان، بۆ لەمـەولاش لە هیچ ڕوویەکـەوە درێغی ناکەین.

# سەفەر

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

مەستانە تێپەڕە کە حەسرەتی ئاو دژوارترە
مەستانە قاقڕ بە
کە تەمەنی تینوێتی پەڵەی داوە لە مندا
ئەی لە مەودای تەنیایی و تۆدا
دژوارترین تینووم،
ئەی لە حەسرەتی سێوێکدا
چۆڕە
چۆڕ
شەڕابم

تێم بڕوانە ئەو کاتەی
تێپەڕی- وی- بە مەودای بوونمدا- عاشق-

تەنانەت
لە سۆزەی چاوەکانتەوە ئەوینێک باوێشکی هەتاوە و
ئاسمانێک کە بێ گەڕانی ئەستێرەیەکم
بێ مەودای زەردی تەنانەت
ڕاخوشانێک...

ئاسمانێک
لە تۆزی خەونێکی عەتیقدا
لە تارمایی هەوری- نە تەنیا ئاوس
کە
وەک ئەم شیعرەش- قسر- نا.

لە سازی ئەوینتەوە ئاسمانم ئایا چیها ئەستێرە و
هەزاران مەدار لە گلێنەی شینیدا

وەبیر دێننەوە
نهێنییەک لە دەریا.



لە دەریای خەونێکی ئاوسدا
تارماییت- شیعرێکە- بە هێشووی زەردی
ڕاخوشانەوە- ئەرێ.

(وە) من هەتاوێک بە جەرگەی هەمیشەوە
بەردەوامم لە کام نهێنی؟
کە وەبیر دێنمەوە
تیشکی- عەتیقیش- تەنانەت.

خەرمانە

سینگت دادەپووشی بە نزای شەو
بەزاری بێ بەر
لە هیچ پیتێکی بە ماناو
بەمەودا...

سینگت دادەپۆشی بە سزای دارستان
بە شەپۆلی بزەی هەموو دێرە تەڕەکان...

دێری شەپۆلێک لەسەر سینگ
بزەی دارستان و
سزای شاعیر....

بە مەودای مانایەکەوە دەتلێمەوە
کە هەموو پیتێکی هەر داپۆشراو
نەک ڕووت و ڕووناک
وەک سنگت
کە هەموو شەوێکی بێ بەری...
نەک خەرمانەیەک بە دەوری هەستیدا و
دەربەدەر هەڵاتوو
لە نزای ئەوپەڕی ئاسۆیەک.
وەک مانگێک بە ئاسۆی سینگتدا
خەرمانە دەدەم و
تا نزای پیتێکی دەربەدەر
حاشامە لە مەودای... ئاوابوون.

١٣٨٤/٥/١ (٢٠٠٥ز)

گورگ

نەجیبزادەترین گوڵی نێو کاشییەک وەری و
هەنگاوی- با- لە بەرد دا قەتیس.

نەجیبزادەترین گورگ لە کۆڵاندا
بە سروودی ئەی ڕەقیبەوە
شڵەژاو...
ئای نەجیبزادەی
بەردە زا...

گەر نەگێڕمەوە شڵەژاوی کاشییەک
گەر نەڵێمەوە سروودی قەتیسی وەرین
گەر بە نەجیبزادەی با- وە
بە کۆڵاندا
نەخۆش بم

گورگێک هەنگاوی بە گۆرانیم دا
سڵاوی بە وەرینی چاوم دا
خۆی بە سوورابیم دا
قەتیس...

لە ئەی ڕەقیبی ئەو ئەوینەوە
ئەگەر ئێمە گوڵی کاشییەک بوەرین
گورگێک
نەجیبترین کەڵپەی لە هەناوماندا...

١٣٨٤/١/٢١ - (٢٠٠٥ز)

# دزڤڕن هەستێن من

ئۆمەر دلسۆز
(ئامەد)

هەستێن من وەکی مزراحەکێ
ل دۆرا خوە دزڤڕن
وەکی دەروێشەکی مەولەوی
دزڤڕن و هەی دزڤڕن
ل بەرامبەر.
ل سەرانسەر.
دناڤا بێدەنگیا دل دە،
ب هێمنی.
ب سەرمەستی و هەر دزڤڕن

زڤڕینەکا بێپایان
وەکی گەڕاسیسکا پێلێن هار
وەکی بابەلیسکا بایێ کور
وەکی پەرازێن تەیرێ سیخور
وەکی گوریسکا ئاگرێ گور

دزڤڕن هەستێن من ب سەرگێژی
ب دەلۆدینی.
ب کحێلی.
ب ئەڤینداری
ب دلساری...

دچەرخن هەستێن من ب مەلوولی
ل ناڤا دەستێن گەڤەری فرەهـ
ب تەنا سەرێ خوە
دچلێ زڤستانا زەمهەریر دە
ب دو دەوسا سێبەرەکێ
شەڤ دچن.
سار



رۆژ دچن
سار
مەهـ دچن
سار
و سال دچن
سار

د پەلین هەستێن من ژ ناڤ تووڤلێ خوە
ب سەربەردایی
ب دلداخدایی
ب چاڤ کلدایی
ب دەست حنەدایی
بەر ب خوە کوشتنەکێ ڤە

تێکل هەڤ دچن
تێکل هەڤ تێن
تێکل هەڤ هار دبن
تێکل هەڤ سار دبن...

دکەلژن.
ڤەدمرن
گەش دبن.
دچلمسن
ل گەل بهارەکێ
ل گەل پاییزەکێ

دگەڕن هەستێن من ل بیابانان
ل دۆر ستریدانکان
ل سەر کولیفەکان
ل پەساران
ل گوند و واران
ل بەر بارانێ
ل بەر بەرفێ
ل بن هەتاڤێ
ل گەل هیڤرۆنێ
دبن چلڤلینا ستێرکان دە

ل گەل بهێنا نانێ سێلێ
ژ بەربسکا شۆربوویی یا دایکەکێ
ژ گوریسکا هارا تەنوورەکێ
ژ دلۆپا خویدانا ئەنیا نانپێژەکێ

هەستێن من دزڤڕن مینا ودرێ
سۆفیەکێ
مینا سەماها پیر- عەلەوییەکێ
مینا تۆبا رەبەن- عیساوییەکێ
مینا دوعایا کال- زەردەشتیەکێ

هەستێن من گێژ دبن ل کەندالێ ژیانێ
دناڤ گەرگەرێن خەلەکێن دەمێ دە
ب سەهما ئاپۆلەتێن نەخشین
یێن سەر ملێ قوماندارێن چافسۆر
دزڤڕن و هەر دزڤڕن
مینا چەرخا وەرگێڕانا شەڤ و رۆژەکێ

دزڤڕن هەستێن من یێن سەربەردایی
ب پەشکێن بارانێ رە
ل سەر دلێ ئاخێ
لێ دهێورن
ل گەل ژڤانێن نەپەنی
خوە ب رازێن دلان وەردکن...

دبهورن هەستێن من
د سەر ملان رە
دناڤ شکێران رە
دبن تەشاران رە
ل گەل سەرگێژیا دلێ خوە

دزڤڕن هەستێن من ژ گەڕێ
ژ کولینێن بن عەردێ
ژ ناڤ دلێ زیندانێ
ژ تاریسانا گۆران
ژ دل - لەرزکا سێداران

دزڤڕن هەستێن من ل دۆر گەڕێ
ل ناڤ جۆخینا ژیانێ

**دبن سمێن سواریان ده**
**ژ بێهنا کەلسکێن هەسپان**
**ل گەل گێژهڤانکا زارۆکەکێ**
**دلێ من دزڤڕه ل ناڤ بابەلیسکەکێ**

**لێ بەلاڤ دبن**
**هنگێ دمێژه ئاخ ئاڤێ**
**ب تیبوونا هەزار سالی**
**ب حەسرەتا هەزار سالی**
**هەتا کەزەبێ**
**هەتا گورچکێ**
**هەتا مرنێ**

٢٠٠٤/١/٦

ئۆمەر دلسۆز رۆمانڤیسە بەری کو شاعر بیت، هەتا نها دوو رۆمانێن وی چاپ بووینە، یا یەکێ ب ناڤێ «هێڤیێن بریندار» کو ژ ئالیێ وەشانخانا ئارام ڤە ل سالا (٢٠٠٣) چاپ و بەلاڤبوویە. رۆمانا دوویێ ژی ب ناڤێ «بێهنا ئاخێ» ژ ئالیێ وەشانخانا پەرچەم ڤە ل سالا (٢٠٠٥)ێ چاپ و بەلاڤبوویە. ژبلی ئەڤان هەردوو رۆمانان کۆمەلەکا وی یا هەلبەستان ژی هەر ژ ئالیێ وەشانخانا پەرچەم ڤە ل سالا (٢٠٠٧)ێ چاپ و بەلاڤبوویە، ب ناڤێ (بلا گۆتنەکە من و تە ژی هەبە). کو ئەڤ هەلبەستا وی یا سلال ژ وێ پەرتووکێ رووپەلێن (٤٧-٥٠) هاتیە وەرگرتن. هەژی یە بێژن کو ئۆمەر یەک ژ نڤیسکارێن کوردێن پڕ بەرهەمە و هێشتا ب ژییێ کەنجییێ دا چەند گۆتار و هەلبەست د کۆڤار و رۆژنامەیان دە بەلاڤکرینە، چونکە ئەو ل سالا (١٩٧٨)ێ ل گوندێ گووزەڕەشێ کو سەر ب جولەمێرگێ ڤە یە ژ دایکبوویە، خوەندنا خوە یا سەرەتایی هەر ل وی گوندی ب داوی ئانییە و قۆناغا خوەندنا لیسێ (دواناوەندی) ل جولەمێرگێ ب داوی ئانییە. د پشترە ل دویڤ نازناڤێ خوە وەکە دلسۆزەک خزمەتا پەیڤا کوردی دکەت.

**ئا: رامان**

# هەستە کحولییەکانی ئێوارە

هاشم سەڕاج

دڵ موضمە حیلی دەردە وەکوو دیدە لە نمدا
حەیران و پەرێشانە وەکوو قەطرە لە یەمدا
«نالی»



(١)
ئێڤارێکی سپی و شەوێکی پرتەقاڵی و
بەرە بەیانێکی سوور
لە هیکرا
هەڵدەکا صەبای ڕەنگرێژی ئەجەل هەڵ
لەم گوڵشەنی ناز و نووز و گریشمەی جوانیەدا
ئەی خودا!
زەمەن زەمزەمەی زەماوەندی بۆیەی ڕوخساری
گیا بەندێکی نازپەروەری هەست برۆنزییە و
تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک
دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ
دادەڕژێ تنۆک تنۆک دا دا دا
چ غەیبستانێکی ئاڵۆزە وجوود
ئەی یار
ئەی شۆخانیترین یار
چیتر نا نا نا
نەوای چەهچەهەی هوزاری
ڕۆح نایێ نا!

(٢)
مرۆڤ ئەی نەمرترین خەڵقەندەی گەردوون
وەی خاوەندی سەڵتەنەتی سەیرووڕەی ئەبەد!
شەوی دەیجوورە دەیجوور
هێدی هێدی هێدی هێدی
خەوە نووچکە دەتباتەوە
«فەجری کاذیب».. گوزوگومبەت
بێدار و سەرگەشتە و حەیران
ڤالکی دەنکە ڤالیۆمەکانی سەر شێتی
ئەژماردەکەی ئەژمار

(٣)

دەشتاییەکان ئای دەشتاییەکان
دەشتاییە بێکۆتاییە سەرابیە شەرابیە
تژی لە ئاماژە سروشتییە زناکە زەمەنیە
کۆدە ئیلاهییەکان!
خەریکە لە نێوان خودی ژەهرین و
خودی رووبین و خودی دوو فاقی
لە دڵ دەرچێ شیعر مەیل و مەراقی

(٤)

ئێڤار ئەی ئێڤار
ئێڤار ئەی ئێڤار
دەزانم ئاقیبەت ئێڤار
بەغووبارەکانی غەم و خەرمانەکانی خەمۆکی
حەوالەی کوشتارگە کپ و خامۆشەکانی
شەوم دەکەی شەو شەو شەو!

(٥)

لەم زەمەنە ئاوییە ئاوەدۆنیەی
ئاوەدانیەکانی زیندەگییەدا
ئەی یار.. چەشنی پۆڕی
ئێوارە وەختانی فیراق دێی
ئۆهـ! قەقنەسی کولبەیی رۆح!
خەیاڵگەی سەرشێت و ئاڵۆسکاو
بارستێکە لە ئیقاعە ئاتەشییەکانی
جیوەی ئاڵ و مەرجانەکانی مەحەببەت
خەریکە خەریک
راڕایترین سترانێکی سووری
سوبحانیت بۆ دەچڕێ!

(٦)

ئەی وەهمی میتافیزیک، وەهمی
چرکە ساتەکانی ئێوارە وەختانی بەختەوەری
هێشووی مەرجانەکانی دڵ و زەینی شێواومان
بە نەشئەی حەشیشەکانی زن زن زن
بارگاوی کە بارگاوی
باشێتترین خەسڵەتی بوقعەی
گەردوونی سیاچارە بە کەفە حەڵواییەکانی
رووناکی بشۆرین!

(٧)

لە ئێوارەیەکی کش و ماتی نارنجیدا
تاقە یاقووتێکی درەوشاوەی لە دورجی
رۆحی دەرهانی و
هەڵیدایە نێو داڵانەکانی دڵتەوە
ئەمێستا، چاوەمەست و خەرامان و ناز پەروەر
بە ئەنگوستیلەیەکی نقێم زەرد و
پۆشاکێکی پڕاو پڕ لە پوولەکە و دەرزی و
ملوانکەیەکی ئاڵتوونی
کە دەلەنجێی لە پارچە ئاگرێکی
وەنەوشەیی نێو ئاتەشکەدەکانی
گیان دەکەی گیان!

(٨)

ئەی نیگەهبان و چاودێری ئەمارەتی جوانی
دوێ شەو لەم سارای ژیانەدا
پۆلێ پەری دەستیان لێ وەشاندم و
گەنجی ئەقڵیان بە چەپاو بردم
ئەمێستا، دەردناک و لا رێ و گومڕا
شەقامە تەنگە بەرەکانی ئێوارە دەپێوم!

(٩)

لەژێر درەختی «سدر»ی بێ درک و
سێبەری «تیلح»ی پڕ گەڵادا
پشوومان داو لە ڕەنگە قودرەتیەکانی
جوانی و ئاگرە نارنجییەکانی سۆز
دواین و ژەنگی دڵ و دەروونمان
هێواش هێواش هێواش هێواش
هەڵوەری هەڵ!

(١٠)

ئەی شیعر ئەی ئاگری لەنجەداری چرکە ساتەکانی
خورپە و سرووش و نیگەرانی!
چ پشتیوانێکی بەدەمەست و هاودەم و
هاونشینێکی بەدفەڕی
وا خەم و خەفەتی بەسام دایگرتم ئیتر
لەم ئێوارە غەمگینەدا
ڕوو لە کوێ بکەم!

(١١)

دەزانی شیعر
پەڵەهەورێکی شینباوی وشەزایە و
ئێوارە وەختانی درەنگ زۆر درەنگ
دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک
دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک
لە ئاسۆکانی دڵ و گیانەوە زەنگیانە ئاسا
دادەبارێ دا

(١٢)

درەنگە ئێوارە
ئەم کایەی هەڵدانی ڕستە و وشەیە
دووچاری لەززەت و خەفەتی کردین
خەفەتێک قووڵتر لە چرکە ساتەکانی مەرگ
مەرگ مەرگ!

(١٣)

ئێوارە وەختان، دێوانە و سەرمەڕۆ و سەرگەردان
لەو شیو و دۆڵانەدا بەسەرلێشێواوی
دەخولێینەوە و چرکە ئاگرینەکانی
بێهوودەیی تۆمار دەکەین تۆمار!

(١٤)

ئەی خاوەندی ئەیکەکانی عیشوە و
سروودەکانی عیشق و ڕستەی مونحەریف مونحەریف
با جارێکی تر سنەوبەری باڵای
فیردەوسینت بشنێ!

(١٥)

نیگاکە نیگا ئەی عیشقبار!
لەو غەیبستانە دوور دوورە دوور دوورە
تۆفێ لە زیخ و ڕەنگ و شیعر و نەوا
چلۆن سەما گەردانیەتی!

(١٦)

ئەی یار ئەی درەوشاوەترین یار
لەو هەڵا و هۆریای هەڵدانی
نووسینی سپی سپییەدا
دژ و دوژمن، ئەغیار و غەنیم
سەریان شێوا!

(١٧)

کەمن شوکرانە بژێری
میهری تۆ بم ئەی خودا!
چیم داوە لە بوغز و کینەی
بەد ئەندێشان!

(١٨)

لە دیدارتدا
عیشق و شیعر و ئیڤارو گیان و جوانی!
هەڵمستانێکە لە سەراب!

(١٩)

لەم چۆمی زەمەنەدا
«وا ئاوی عیشق تەنوورەی کرد و
هەڵقوڵا... زۆری نەماوە
گەمی تەمەن نوقم بێ نوقم»

(٢٠)

«مەگەر پێم نەوتی قەت ناتوانی
لە کەڵا من تابشت بێنی»
ئەی بەندەواری شیعر و بەهرە و جوانی!

(٢١)

لەم ڕۆژی پەسڵان و زینەتەدا
لە نهێنگەی غەیبخانەی عیشقەوە
دەرکەوتبای چی دەبوو!

(٢٢)

ئەی پیتی گومڕا و ئەفسووناوی
پێم نەوتی بە وەدم و شکۆ و پیرۆز بە
خەریکە مۆڵەت تەواو دەبێ و ئێمەی
بە لەنگازانی ئەمارەتی عیشقیش
ناپەرژێینە سەر کردە دۆزەخییەکانی
نووسین و دەمەوڕوو دەکەوین و دەناڵێنین!

(٢٣)

گوڵفرۆش خەندەفرۆش وەی بادەفرۆش!
دڵ بە تۆ ئارام و ئاسوودەیە
ئەی یەکەمین ئاگرگەی تەنووری پەرستگای ڕۆح!
دەزانی بەو تاڤگەی عەترو نەشئەی ڕەنگ و
لارە و لەنجەی میهرەوە چەنێ جوانی!

(٢٤)
لەم سورە ئەزەلییەدا
ناندینێک لە وشە و
تەنوور بانێک لە ئیقاع و
مشتاخێک لە وێنە هەڵواسراوەکانی زەینی
ئاخاوتنی ڕۆحی- شامان- ێکی
کەرەناژەنی بەختەوەر و سەرشێتە و
لە دارستانێکی ئاقیقیدا پرشنگە خواییەکانی
جوانی بەسەما سیحراوییەکانی بەهەرەوە
دەنووسێت و بەلەنجەکانی حاڵ و
جەزبەش لە نێو دەچێت!

(٢٥)
تۆ ئەی فەنەری خانووی ئاوەدان!
جارێکی تر لەم سارای دەیجووری
زیندەگییەدا بشنێ و دەبا
ئەمشۆ فووبە شەیپووری شیعردا بکرێت!

(٢٦)
لەم ئێوارە سارد و خەمینەدا ئەی یار
چلۆن لە نهێنگەی هالاوی موسحەفی
دیدەت بڕوانم.. ئاخر شیعر نە
ئایینی هەس نەزێد نەشوناس!

(٢٧)
«کاتێ ڕۆژ لە جەرگەی ئاسمانێ وەلاکەوت»
بە ئەسپایی بە «نالی»م گوت:
کێ بوو، لەو کەرنەڤالە باخوسییەدا
شەختە ئیرۆتیکیەکانی بەر چلوورەی
لەززەت دا و ئاگری ڕۆحی خۆی بە بەری
وشەداکرد، وتی: ئەمێستاش لەبەر
وارانی بێژەدا پەسن و ستایشی میهری
عالەمی باڵا دەکەم، ئاخر کە تەرزەی
وشە دادەبارێت دڵی مرۆڤ خەم دای دەگرێت!

(٢٨)
ئەمشۆ لێوانێک سۆز و تاسەمان
خواردەوە، لەبەر دیدەمان..
گەردوونی شەکەت بە هەڵگێڕاوەیی
سەمای دەکرد و دادەگیرسا دا دا دا

(٢٩)
زۆربا پێی گوتم:
[بەد بەخت ئەو کەسەیە کە سەرچاوەیەکی شادمانی
لە ناوەوەی خۆیدا نییە]

(٣٠)
برادەر ئەی برادەری شیعرو شێوازە ڕەنگاوڕەنگەکانی
نووسین
«ئەڤەلۆن» ڤیانیترین دیاری میهری باڵایە
عەتری عوننابی لەشی و ترووسکەی ڕووناکی گیانی!
حەشیشی هەڵدانی دەستەواژە
جەهەننەمییەکانی دەق و نەخشی سەر لەوحەکانی
«طور»ە

(٣١)
وەرە بادە
با جزوە گەڵێک شیعری ئاتەشین بنۆشین
تا لە مەستیان پەرەی لووتمان دەلەرێتەوە
- ئاخر کات ئەوەندەی بە بەرییەوە نەماوە!

(٣٢)
وەرە بادە
بە ڕووناکی ڕوخساری خوداییت
پرشنگدارمان بکە
دڵتەنگ و بەدبەخت و کەساس
لە قووڵاییەکانی هیچ دەڕوانین هیچ هیچ

(٣٣)
هەمدیس ئێوارە داهات، خۆمان فێنک کردەوە و
دەمەو مەغریب پشوومان داو
سوراحیەک «ڕاکی»مان نۆشی و
/پاوە/ چراخانێکی کریستاڵی بوو لە غوربەتدا
دەدرەوشایەوە، مەست بووین و ڕۆح دایساو
ڕستێک گۆرانیمان چڕی و /گاتاکان/
لە جۆلانەی گیانی هۆرەکاندا خەوتبوون!
نەفرەتمان لەو هێزە هەرماسیانەی مەرزکرد و
ئەو هێزە نەگریسانەی کە زنجیرەی
ئێستەتیکی سروشتی مەفتەنی
ئێمەیان لێکدی دابڕی دا

٢٠٠٤/١٢/٤ - ٢٠٠٥/٨/٢٩

# ٤٤ هۆنراوەی تاکدێری

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



* سەروبن سەیری سێرکم کرد، سێرکتر پیشانی دا.
* سبەی پیت و وشە بەشەڕ دێنم.
* لەناو دەنگی هۆڕنان لەخوا پاڕامەوە، کەڕم بکات.
* لە ساتە خۆشەکانی خەوەکوتکەدا تامی مەرگ دەکەیت!
* چەپڵەم بۆ کاتژمێرێکی پەککەوتە لێدا، ئافەرین ئەوها زەمەن بوەستێنە!
* لە بەرەبەیاندا، لۆری دەترتڕێن، بولبولیش ناچەهچەهێنن.
* خەرەند، شوێنگەیەکی کوردانەیە بۆ خۆکوشتن.
* ئای لەو بەختە ڕەشەم لەناو سەوزە گیادا فلسێکی سووتاوم دۆزییەوە.
* لە گوندان خوێن قسان دەکات.
* دیکان... دیکان، لەبن ئاوان دەنگی بەدی ئێوە خۆی دەئاخنێتە گوێمەوە.
* شووشە پێویستی بە ڕاهێنانەکانی لەشرێکی نییە.
* خۆراکە خۆشەی مرۆڤ... مرۆڤە.
* بەرد ئاماژەی دا، چیدی بەدەستان مەمتراشێنن، (با) و (ئاو)م بەسە.
* هێ.. هێ دەق، کچێ دەتخوێنم و ناتنووسم.
* ڕێویەکانی شاستانی مێکاڤیل، شێری شەرزەن، مرۆڤ بەجل و پیلاوەوە دەخۆن.
* مەیموون باوکیانە و بەبەغا کوڕیانە.
* بە قەڵەمی مکیاج. مێژووی نێران تۆمار دەکات.
* چ بێگومان بێگومانتە، لە کنەخۆت، سمێلتراش و سەرکۆتی!
* لەسەر ملی حوشتر چامەیەکی کلاسیکم نووسی، لەسەر ملی زەرافەش کۆمید بەتامی تراژید.
* بە ڕەژووی چینی دە پرسیارم برژاند، جا بە پوختی

**به وەڵامان تێر بووین.**
*** کابان... کابان بە مانگی تابان، چڵکاو بەپشیلان دا مەکە.**
*** لەناو کەشتییەکی باربەردا، جرجێک دوعای تەمەندرێژی بۆ نووح دەکات.**
*** لەو مارو مێروانە دەبوورم کە جەستەی مردووم دەخۆن، لەو مرۆڤە نابوورم کە نەیهێشت، بەمافی خۆم کارێک ئەنجام بدەم.**
*** لەناو بازنەی شەوقێکی ڕەنگین و بزواودا، سێگۆشانی سەمای دەکرد.**
*** حەبێکی دژ سەرسووڕانم خوارد و چوومە سەیرکردنی تابلۆیەکی op.art.**
*** لەگەڵ هەر قامچی وەشاندنێک، مەرکیز دی ساد بە ئافرەتە ڕووتەکەی دەگوت؛ ئەوا لە تۆ دەدەم، واتا لە کۆمەڵ دەدەم.**
*** بە توندی پارەم لە پارە خشاند، ئاگر هەڵبوو و جیهان سووتا.**
*** ژووژک بالیفم بوو، گێوژ خۆراکم بوو، بیریشم لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەغدا دەکردەوە.**
*** بشمپێکێ، هەر خۆشم دەوێ لەبەر درۆیەکانی.**
*** کەللە سەری مرۆڤێک سۆتەکدانی جغارەکەیتی، کەللە سەری وەیشەک بادەیەتی.**
*** شەوفڕ خۆشە، بەتایبەت ئەگەر بچیە گرانادا.**
*** کەرە دێزەی خۆت بە شانامە بگۆڕیەوە، زەرەرتە!**
*** لێوی بەلێویەوە ناو کارەبای جەستەی پێ جۆشا.**
*** لەپێش ئەدیسۆن گەلێک لەپێش، دەروێش کارەبایان ناسیوە.**
*** کۆچیار.. سندباد بە... لەزەوی سڵ بەو بەئاسمانا بگەڕێ.**
*** ئەنتەرنێت لە شارم شارترە.**
*** لەناو گوڵستانێکی چڕدا، بۆنی گوڵێک منی کردە دیناسۆر.**
*** فرمێسکێک لە تۆپەڵەی هەمەلایا بانگلۆز دەبێت و لە خوارەوە شاخەوانێک دەخنکێنێ.**
*** بزن نەبوایە، کێ دەیتوانی شاخڕۆیی بکات!**
*** تەلەفزیۆنم داخست، ڕادیۆم کوژاندەوە، ڕۆژنامەم دڕاند، کێ دەزانێ بۆ؟!**
*** لەناو چەقی ئۆقیانووسدا کەشتییەکە بووە هەڵم، وەزانی وەک تایتانیک خنکا.**
*** ژمارەی چاوەکانی ئافرەت لەئی پیاو زیاترن.**
*** کارەساتی ژیانم تراژیدێکی یۆنانییە، ئێستا فیلمێکی هیندییە.**
*** پێکەنینی بەخۆی دێ، لەو خۆیەش، بەرِدینە بۆزەکەی!**

..................

– خەوەکوتکە: وەنەوز
– دیکان: ئەوانی دیکە
– شاستان: مەملەکەت
– لەکنەخۆت: لەلای خۆت
– Op art: ئۆپتیکال ئارت– هونەری چاو هەڵخەڵەتێنە– الفن البصري
– گرانادا: شارە
– کۆچیار: مسافر
– وەیشەک= وەشەک، دەعبایەکی کێوییە لە چەشنی پڵنگی بچووکە، جاران لە چیاکانی کوردستان دەژیا، لە مێژە دوابڕاو کراوە.

# حەوت شیعری ئەویندارانەی سەردەمی جەنگ

پۆڵ ئێلوار
لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیرباڵ

من لە وڵاتێکدا دەنووسم کە مرۆڤ تێیدا لەناو زبڵدان و تینوێتی و بێدەنگی و برسێتیدا ئابڵووقەدراوە.
(فرانسوا لا کۆلێر)



(١)

کەشتییەک لەناو چاوەکانت
فەرمانڕەوای ناو با بوو
چاوەکانت نیشتیمانێک
هەر ساتێک خەڵک بیویستایە پەیدا بوو.

ئارام ئارام چاوەکانت چاو لەڕێمان
لەژێر درەختی ناو جەنگەڵەکاندا
لەبەر باران لەناو زریاندا
بەسەر بەفری دوندەکانەوە
لەمیانەی چاو و گەمەی منداڵەکاندا.

ئارام ئارام چاوەکانت چاوەڕێمان.

چاوەکانت دۆڵێک بوون
فراوانتر لەگیا
خۆریش ئەو خەرمانە بێ بەرەکەتە مرۆڤییەی
سەنگینتر دەکرد.

چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد چاوەکانت تا بمانبینن
هەمیشە
چونکە ئێمە عەشقمان بەدیاری لەگەڵ خۆمان هاوردبوو
عەشقی تازەوەبوو
هەنجەتی عەشق
عەقڵی عەشق
جاویدانی.

(٢)

ڕۆژگاری چاوەکانمان
لە هەموو جەنگە مەزنەکان قەرەباڵغتر.

شار و قەراغ شارو گوندی چاوەکانی ئێمە
سەرکەوتووەکانی سەردەم.

لەناو خەرەندە سازگارەکەدا
خۆری ڕەوان و پرتەودار بلێسە دەدا.

بەسەر گیاوە لەنجە دەکا
جەستەی گوڵاڵە سوورەکانی بەهار.

شەو باڵەکانی ڕاخستووە
بەسەر پاریسی بێ هیوادا
چرای ئێمەیە پاسەوانی شەو
وەک ئەسیرێک: پاسەوانی ئازادی.

(٣)
رووت و سازگار هەنگاو دەنێ کانیلە
شەو لە هەموو شوێنێکدا بڵاو
ئێمەش لەناوی دەست لەدەستی یەک
لە خەباتێکی بچکۆلە و بێ ئاماندا.

شەو جنێومان پێ دا
ئەو شەوەی ناونوێنە بەتاڵەکەی تەنیاییمان
قووڵ دەبێتەوە و لێمان دەبێتە چاڵێک،
دوارۆژی گیانەلایەک

(٤)
ئەمە گیایە لە دەرگای زەمین دەدا
ئەمەش منداڵێک لە دەرگای دایکی،
ئەمە باران و خۆرە
کە لەگەڵ منداڵەکە دێنە دنیاوە
پێکەوە لەگەڵ گیا گەورە دەبن و
لەگەڵ منداڵەکە دەگەشێنەوە.

من گوێم لەزەنگدانەوە و پێکەنینە.

ئێمە ئەو ئازارەمان شرۆڤەکرد کە دەگاتە منداڵێک
ئەم هەموو ڕیسواییە و ناشرینییەوە
ئەم هەموو فرمێسکە و داشناڕزێین!

دەنگە دەنگی پێ
لەژێر گومبەتێکی ڕەش کە هیچ لەزەندەقچوون
ناسڵەمێنەوە

هاتوون گیاکەلەکە ڕیشەکێش بکەن
هاتوون دەست بە کلۆڵی و چارسییەوە
منداڵەکە زەبوون بکەن

(٥)
دۆستانە دەیانگوت خەڵوەتی دڵ
لەوەڵامدا دەمانگوت خەڵوەتی خۆشەویستی و ڕق و شکۆمەندی
چاوەکانیشمان ئەو ڕاستییەی ڕەنگ دەدایەوە
کە داڵدەگامان بوو.

ئێمە هەرگیز دەستمان پێ نەکردووە
ئێمە هەمیشە یەکترمان خۆش ویستووە
کە یەکتریشمان خۆش ویستووە
حەزمان کردووە ئەوانی دیکە ئازاد بن
لەدەست ئەو تەنیاییە سەهۆڵبەندیان.

ئێمە حەزدەکەین و من دەڵێم کە حەز دەکەم
من دەڵێم تۆ حەزدەکەی و ئێمە حەزدەکەین
کە کەپڵە درەخشانەکان چاویدان بکا ڕووناکی،
دڵدارە شەهامەتپۆشەکانیش.
چونکە ئەمانە هەموویان تەمایان بەیەکترە.

ژیانی خەڵک سەرتۆپی ئامانجەکانیانە.

(٦)
ئێمە خۆ بەردەوام کەرەناتان بۆ ناژەنین
تا بەدبەختیتان باشتر پێ بناسێنین و بڵێین
«بەدبەختی هێندە گەورەیە و زۆر کەوەمن..»
کەوەمنتر لە هەموو بوونێک.

ئێمە واماندەبینی کە تەنیا مەرگ
تەنیا خاک دەتوانێ سنوورێکمان بۆ دابنێ
بەڵام ئێستا ئەمەتا سەرشۆڕی
کوشتوومانی و هەر زیندووشین.

سەرشۆڕی لە ئاست بەدکارییە بێ سنوورەکان
سەرشۆڕی لە ئاست جەللادە ناماقووڵەکان
هەمیشە ئەمانەن
ئەم لەخۆ ڕازییە خۆپەرستانە.

سەرشۆڕی بەرانبەر خێڵی ستەمدیدەکان

سەرشۆڕی لە هەمبەر وشەکانی زەمینی سووتێندراو
بەڵام ئێمە سەرشۆڕ نین بەرانبەر ئازارەکانمان
سەرشۆڕ نین لە هەمبەر هەستکردنمان بە سەرشۆڕی.

لەپشت جەنگاوەرە هەڵاتووەکانەوە
تەنانەت چۆلەکەیەکیش نەماوە
هەوا خاڵی لە هەموو هەنسکێک
لە هەموو بێگوناهییەکی ئێمە،
ڕق و تۆڵەی تێدا زەنگ دەداتەوە.

(٧)

بەناوی ئەو نێوچەوانە پانوپۆڕەوە
بەناوی ئەو چاوانەی تەماشایان دەکەم
بەناوی ئەو دەمەی ماچی دەکەم
ئەمڕۆ و هەمیشە
بەناوی ئەو هیوایەی نێژرا

بەناوی ئەو فرمێسکانەی ناو تاریکی
بەناوی ئەو شکایەتانەی گاڵتەیان پێ کرا
بەناوی ئەو پێکەنینانەی فرمێسکیان لەچاوان بەردا.

بەناوی ئەو پێکەنینانەی سەر شەقام
ئەو نەرمییەی دەستەکانی ئێمەیان پێکتر گەیاند
بەناوی ئەو میوەجاتانەی گوڵەکانیان داپۆشی
لەسەر زەمینێکی جوان و چاکدا.

بەناوی ئەو کەڵەمێردانەی حەپس کران
بەناوی ئەو ژنانەی ڕاگوێزرانەوە
بەناوی هەموو هاوڕێکانمان
ئەوانەی شەهید بوون و گوللەباران کران
چونکە دژی تاریکی بوون.

ئێمە پێویستە تووڕەیی برازێنینەوە
شمشێرەکانیش وابکەین هەڵبستنەوە
بۆ ئەوەی لەسەر سەری خۆمانی ڕابگرین وێنەی بڵندی
ئەو بێگوناحانەی
لە هەموو شوێنێک تەڵەیان بۆ دەندرێتەوە و
لە هەموو شوێنێک وا خەریکە سەردەکەون.

سەرچاوە:

Paul ELUARD: Oeuvres completes 1 et 2, Ed. Gallimard, Paris: 1968.

# سەفەر

سەحەر ڕەسایی
(سوێد)



هەموو شتێک لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە خانمێکی میهرەبان بە گریانەوە بەخۆی و دوو جانتا دیاری جوانەوە خۆی کرد بە ژووورداو باوەشی بە باوکمدا کرد و تێرگریا بەسەریدا. پاش نەختێک بۆمان دەرکەوت. ئەو خانمە میهرەبانە نەنکی ئێمەیە و لە وڵاتێکی تر ئەژی و بۆ پێنج ساڵ ئەچێت باوکمی نەبینیوە، بە ڕێگای قاچاخ لە ئێرانەوە هاتبوو بۆ سلێمانی.

ئەو خانمە کە گوایە ئەیانوت نەنکی منە بەردەوام باوەشی پیائەکردم، بۆی ئەگێڕامەوە کە ئەو دایکی دووەمی منە و بە منداڵی بەردەوام لە شیری مەمکەکانی ئەوم خواردووە. چەند سەعاتێک لە گەیشتنەکەی نەگوزەرابوو کە دەستی بە جانتا جوانەکەیدا کردوویەکی جووتێک گوارەی جوانی ئاڵتوونی کردە گوێی من و خوشکەکانم، من سەرەتا نەمئەتوانی باوەڕ بەوە بهێنم کە ئەو بەڕاستی نەنکی منە.

– نەنک یەعنی چی؟!

خودایە چۆن ئەبێت هەرکەس جووتێک گوارەت لە گوێ بکات و بڵێ نەنکی تۆم و تۆش باوەڕ بکەیت.

خوشکەکانم زووتر قبوڵی نەنکی تازەیان کرد و دواتر ڕۆیشتنە بەردەرگاو بەفیزەوە گوارەکانیان پیشانی هاوڕێکانیان داو بەسەرهاتی نەنکی تازەیان بۆ گێڕانەوە.

ئەوکاتانە من منداڵێکی چلکنی پێنج ساڵانی تەنیا بووم، کە پڕبووم لە پرسیاری جۆراوجۆر و هەرگیزیش کەس نەبوو وەڵامم بداتەوە، دایکم هەمیشە بەخۆی و جلەڕەشەکانی بەریەوە، یان بۆ برا شەهیدەکانی ئەگریا، یان بۆ بەختی هەرگیز خۆشی نەدیوی خۆی، ئافرەتێکی تابلێی میهرەبان، بەڵام دەستخاڵی لەبەردەم پرسیارە سەیرەکانی مندا. باوکێک، یان لەسەفەربوو، یان مەست و شەڕانی. دەستێکی نادیار هەمیشە پاڵی پێوە ئەنام،

نازانم خوایە گیان ئەو دەستە دەستی تۆ بوو، یان باوک و دایکم، کە هەمیشە لە تەمەنی خۆم دوور و دوورترتان ئەخستمەوە.

من تا ئەهات تەنیاو ئاشکراتر سێبەرێکی نائومێدیم لە کۆتایی شتەکاندا ئەبینی، تەنانەت لەو دەرپێ سوورمە و هێلەکە قەیفانە و کراسە پڕژە خومپارانەشدا، کەمریەمی دراوسێمان زۆر وەستایانە ئەیدوورین و بەنرخێکی زۆر گران پێی ئەفرۆشتین. لەویاشدا نائومێدی هەبوو، پرسیارم هەبوو، پرسیاری بەبێ وەڵام و پرسیار لەکۆتایی شتەکان، نائومێدی و شەڕکردن و سوێندخواردن لە پرسیار نەکردن، لەو هەموو بۆچیانە لە شتەکاندا، لەو شتە تازانەی کە چاوە منداڵانەکانی من نەختێک گەورەتر ئەیانبینی.

دایکیشم نەیئەزانی کە کچە قژکورتە ڕەش ئەسمەرەکەی، بەدوو چاوی پڕ لە پرسیاری نەپرساوەوە چی ئەوێت و چی لەمێشکە بچوکەکەیدا حەشارداوە!

من خۆشم نەمئەزانی کە بۆچی هەمیشە لە یارییەکاندا ئەمویست ببم بە دایک، ببم بە دایکێک کە مێردەکەی شەڕی لەگەڵدا بکات وەلێ هەمیشەش تاقەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵە گاڵتینەکانی هەبێت.

ئێستاش ناتوانم تێبگەم کە چۆن لەماڵەباجێنەکاندا کاتێک مێردە گاڵتینەکەی پێنج ساڵەییم شەڕی لەگەڵ ئەکردم ئەمتوانی خوڕ خور فرمێسک بەچاوەکانما بێتەخوارەوە. من بۆ وابووم، من دڵنیام کە شتێک لە مێشکی مندا ئەگوزەرا جیاواز لەمنداڵەکانی تر، ئاه چەند قورس و گەورەبوو، چەند حەزم لە هەڵکوڕمان لە سووچی تاریکی ژوورەکان و بیرکردنەوە لە شتەکان ئەکرد.

پاش سێ ڕۆژ گریان و وڕکگرتن لە خواردن من کەوتمە دوای ئەو خانمە میهرەبانە، کە بە میهرەبانییەکانی خۆی ڕایهێنایین پێی بڵێین دایە تەلێ. من وەعدم بە خۆمدابوو کە سەفەر بکەم، کورت، یان درێژ گرنگ نەبوو، من حەزم لە سەفەرو بینین و ژماردنی عەموودی ئەو ڕێگا دوورو درێژو تازانەبوو کە بڕیارمدا بوو بە هەرچ قیمەتێک بووە و تا ژمارە لە مێشکمدا هەبوو بیان ژمێرم.

دوو شەوو دوو ڕۆژ بە سواری ئەسپ بەڕێگای قاچاخدا ڕێ کەوتین تا گەیشتینە شارێک کە ناوی مەریوان بوو. مەریوان چەند جوان و ساحیر و شین بوو، هەموو شتێک تازە و جوان بوو، شەقامەکانی مەریوان دوورودرێژتر بوون لەو گەڕەکەی کە لە سلێمانی لێی ئەژیاین. چەند خۆشبوو لەماشێندا دانیشتیتایە و هەر برۆیشتیتایە و بیرت بکردایەتەوە و عەموودە لە ژمارە نەهاتووەکانت بژماردایە. هەموو شتەکان لە چاوەکانمدا جوان بوون تا ئەو پرسیارە وەک بابێ پرس خستمیە ناو باوە خولێیەکەوە.

ئەی کەی ئەگەڕێینەوە؟ ئەی کوا دایکم؟ وای چەند بیری بۆنی دایکمم ئەکرد، تەنانەت بیری کراسە ڕەشەکەشی. من لە کوێ بووم، ئەی مریەم و ڕەنگاوڕەنگی جلەکانی، ئەی خوشکەکانم و بووکە پەڕۆیینەکانیان؟ ئەی باوکم، باوکی گایەک خاس و گایەک خراپم؟ ئەی کێ لەگەڵ دایکم بگری کاتێک باوکم مەستی ئەکردو شەڕی لەگەڵ ئەکرد؟ ئەی کوا حەوشەکەمان و حەوزی ئاوەکە و مانگە کەرتبۆکەی ناوی؟ وای چەند بێتاقەتی عەموودی کۆڵانە پیس و و چەپەڵەکەمان بووم، ئەی کوا ماڵ ماڵۆکێکان و هاورێکانم؟ ئەو هەموو شتە جوان و ناشیرینانەی وەک بیستنی ناوی لیمەندۆزی دەمیان پڕ ئەکردم لە ئاو، ئاواش لەناکاو پڕیان ئەکردم لەپرسیار. ئەو ڕۆژە بۆم دەرکەوت کە ئەم سەرکێشی سەفەرەم لەهەموو ئەو شتانەی دوورخستوومەتەوە، تازە ئەو سەردەمانە بەسەرچوون، سەردەمی دزینی لیمەندۆزی و ترش و خوێ لە دۆڵابە سەوزەکەدا. تازە کەس لەماڵ ماڵۆکییەکاندا نابێتە هاورێ و مێردم. من سەری منداڵە گاڵتینەکانم نادۆزم، تازە ڕابردووی جوان تەواو، تەنیا ئێستا هەبوو، ئێستایەک پڕپڕ لە ترس و تۆقینی تۆپ و تەیارە و ئاوارەیی.

ئەوکاتەی بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە بەهێواشی وەک دەست هێنانم بەسەرسەری منداڵە گاڵتینەکانی ناوماڵ ماڵۆکێکانی هەفتەیەک لەوەوبەرمدا کەوتبوومە گریان، دوو کەنیشکی چەند ساڵ گەورەتر لەخۆم هاتن و بەچپە پێیان وتم: کە ئەوان پووری منن و ئەتوانم بەناوی خۆیانەوە بانگیان بکەم «نەرمین و سەبا». بردمیانە ناو دالانێکی درێژو تاریکەوە، دایان نیشاندم و گوێم لە خڕەی هەڵڕشتنی شت گەلێک بوو، پاشان پێیان وتم چاوەکانم توند توند بنووقێنم. دواتر کە چاوەکانم کردەوە، وای وای ئەمە خەونە، کەواتە ئەم سەفەرەش هەر بەشی

سەرەتای ئەم خەونەیە، کەواتە بەیانی بەدەنگی دایکم خەبەرم ئەبێتەوە کە ئەڵێ دە ڕۆڵە هەستە وا نیوەڕۆیە.

زۆرباشە کەواتە ئەوەندەی گیرفانەکانم بیگرێت مووروو ئەبەمەوە بۆ سەمەر و دەریا، ئیدی نە ئەو پرسیارە نالەبارانە لە دایکم ئەکەم کە توانای وەڵامدانەوەیانی نییە و نە لیمەندۆزی لە دۆڵابە سەوزەکە ئەدزم. هەزاران هەزار مووررووی جوان و ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەستمدا دانرابوون، ئەو دوو کەنیشکە جوان و جل بەنەوشانە کە گوایە پوورەکانی من بوون، پێیان وتم: تا ملم توانای هەڵگرتنی قورسی ملوانکەکانی هەیە، ئەتوانن ملوانکەم بۆ بهۆننەوە، لەبەیانیشەوە ئیدی لەگەڵیان بم و موور مووریَن بکەم. من بووم کە بڕیارم ئەدا کام لەمووروووەکانم ئەوێت، ئەو دوو کەنیشکەش ئەیانکرد بەپەتەوە. بەخۆمم ئەوت مادام ئەم سەفەرە هەمووی خەونە و هەمووی سەعاتێک ناخایەنێت چش با ملوانکەکەم درێژترین ملوانکەی دنیابێت. ئەو سەفەرە خەون نەبوو، بەیانی نە نیشانێک لە حەزو و مانگی کەرتکراوم بینی، نەدایکم و نە ئیدی بەخەونیش دەرپێی جلی کوردیم کڕی و نەدەستیشم گەیشتەوە دۆڵابە سەوزەکەمان. بەهۆی شەڕی نێوان عیراق و ئێرانەوە پاش دوو ساڵ و نیو توانیم لەنیوەڕۆیەکی گەرمدا بە کۆمەڵێک دیاری جوانەوە وەک ئەو خانمە نازدارە کە ڕۆژێک ناگەهان خۆی کردبوو بە ماڵەکەماندا منیش دەرگای حەوشەکەم ئاوا ترازاند و خۆم کردەوە بەژووردا.

دایکمم بینی تا ئێستاش بەردەوام جلی ڕەشی لەبەردایە و بەرچاوی ڕەش بۆتەوە، کەمێک لەجوانیەکەی جارانی کەم بۆتەوە، من لەجێی خۆمدا حەپەساوم کاتێ کە باوەشی پیاکردم و تەنیا و تەنیا هەردوو ماچی کردم.

دڵنیابووم ڕۆژگارێکی تر کاتێ توانیم وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانم چنگ بکەوێت، ئەوسا من سەفەرە دوورو درێژەکانی خۆم دەست پێئەکەم و ئەو لەحزەی تەنیاییەتان بۆ باس ئەکەم، کە دایکم ئەوەندە تەنیاو وەڕس بوو، دوای دوو ساڵ و نیو دووری لێی تەنیا دوو ماچی کردم، تەنیا دوان، کوێربم ئەگەر درۆ بکەم.

**ستۆکهۆڵم - ٢٠٠٦**

# بەفر و خوێن

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



بەرەبەیانە، حەوش و بان کفنێکی بەفرینیان بەسەرداکێشراوە. ئاوایی مردوویەکی نەنێژراوە. لە کەلێنی دەرگای ژوورەکەوە چاو بەسەر دیوارو سەربانەکاندا دەگێڕی. دوو ڕۆژە لە ژووری نەهاتوونەدەر.

دەگەڕێیەوە سەر جێگاکەت و شیلانی کۆرپە بە هەنیسک و گریانەکەیەوە لە باوەش دەگرییەوە. دیسان وەک ئەو دوو شەو و ڕۆژە مەمکە وشک و بێ شیرەکەت دەنێیتەوە دەمی، بەڵام ژێر بوونەوەی نییە. بە باوەشتەوە ڕایدەژێنی. باوک و برا و خوشکە چکۆلەکەت هەر کام سەریان لەبەر خۆیاندایە و بە ئەوکی پڕ گریان و دڵی پڕەوە لەنێوان خەو و بە ئاگاییدا جووڵەیان لەخۆ بڕیوە. باوکت جاروبار لەگەڵ کۆخەیەک و ئاخێکی خەماوی هەمووتان دادەچڵەکێنێ و شیلانیش دەست دەکاتەوە بە گریان.

وەنەبێ ئێوەش نەگرین، بەڵام گریانی ئێوە بێدەنگە، هەڵقرچانە لە ناخەوە. لە دوێنێوە چەن جار لەژێر پیاڵەدا قەندت بۆ تاواندۆتەوە و کردووتە بە دەمییەوە، بەڵام برسییەتی عەجمانی لێ هەڵگرتووە.

هەڵدەستییە سەرپێ، شیلان بە بەر سینگتەوە دەگوشی و دەچییەوە بەر دەرگا و بە حاڵ کەلێنێکی پێدەدەی. دیسان چاو بە حەوشە و سەربانەکاندا دەگێڕی. وڵات تۆزێ ڕووناکتر بۆتەوە. تەمومژێکی تەنک خەریکە باڵ بەسەر گوندەکەدا دەکێشێ. دەرگاکە بەتەواوی دەکەیتەوەو پێ دەنێیە حەوشە.

– ڕۆڵە! خەزاڵ، مەچۆ بابم، وەرە ژووریێ، با داخی تۆش نەنێین بە جەرگمەوە.

بەسەر نوا بەفری حەوشەکەدا تێدەپەڕیت و بە جیرەیەکی وشک دەرگای حەوشەکە دەکەیتەوە. کۆڵان کپ و بێدەنگە، هێشتا بە هەنگاوی هیچ کەس بۆژۆ نەبووە.

شەقڵی نەشکاوە.

– ڕۆڵە کچم، مەڕۆ با لەگەڵت بێم.

ئاوڕێکت دایەوە، بابت سەری لە دەرگاکە هێنابووە دەرێ و هالاوی دەم و لووتی لەگەڵ تەمومژەکە تێکەڵ دەبوو. کوتت: «مەیە بابە گیان، زوو دێمەوە»

پێت نایە کۆڵان و کرپە کرپی بەفر لەژێر پێتا لەگەڵ دەنگی گریانی شیلان بە باوەشتەوە، خەوی سڕی کۆڵانەکەی زڕاند.

بە بن دیواری بەری ڕۆژهەڵاتدا ملی ڕێت گرت و بەرەو مزگەوت کەوتییە ڕێ، کزەی سەرما سەر لووت و ڕوومەتتی دەگەزی. چاوە سوور هەڵگەڕاو و خەو لێ زڕاوەکەت ئاوی پێدا دەهاتە خوارێ. سەیرە گریانی ئەم دوو ڕۆژە چۆن تەڕی تێدا هێشتووە. لەگەڵ هەنگاو هەڵێنانەوە چاو بە هەموو لایەکدا دەگێڕی، سرک و قوشقی، جار جار گورگاوڕێک.

هەموو تارمایی و تاپۆیەکت لێ دەبێتە چەکدار و سێرەت لێ دەگرن. تا گەیشتنە مزگەوت چەند کۆڵانی دیکەت ماوە. ئاوایی خەوی مەرگ چۆتە چاوی. کفنی ترس و سام لەبەر هەمووماڵەکان کراوە. گریانی شیلان پەنجەرەی هیچ دیوارێکی پێ ناکرێتەوە. هەر دەڵێی زاری دیوارەکانیش دووراون و ناوێرن لێویان ببزێون، کڕوکپ.

بن دیوارە و دیوار ڕۆیشتی و جێگا پێی خۆت و دەنگی گریانی شیلانت گەیاندە نزیک گۆڕەپانی بەر مزگەوتەکە. ئاواتت بوو لەو کاتەدا وڵات ڕەش داگەڕێ. ببێتە شەوێکی ئەنگوستە چاو. چاو چاو نەبینێ، بەڵکو بتوانی لەو گۆڕەپانە بپەڕییەوە و خۆ بکەی بە مزگەوتەکەدا.

چاوت لە گردەکەی پشت ماڵان بڕیوە و بە ئەسپایی و کۆمە کۆمە بەرەو مزگەوتەکە دەخوشی. چەن تارمایی بەسەر تەوێڵی گردەکەوەن.

دەجووڵێنەوە، دەستت بە ئاستەم لەسەر دەمی پڕ لە گریانی شیلان داناوە و چاوت لە تارماییەکان بڕیوە و لاقت بێ ئیختیار هەڵدێن. تا بەر دیواری مزگەوتەکە بیست هەنگاوێکت ماوە. جار لەگەڵ جار گردەکە چاکتر وەدیار دەکەوێ و تاپۆکان ڕەشتر دەچنەوە. نازانی تارماییەکان سیانن یان چوار. گەرمایی دەمی شیلان بەری دەستتی گەرم داهێناوەو بە حاڵ نووزەی دێ. کرپە کرپی بەفر لەژێر پێتدا وا دەنگ دەداتەوە خەریکە گوێچکەت کەڕ کا. پێنج شەش هەنگاوت ماوە بۆ مزگەوتەکە دەنگی ئیستێک دڵت دادەخا. لاقت دەچێتە بەست و موچڕکێک بە سەرتاپای گیانتدا مێروولە دەکا و هەوا ئەوەندەی دیکە سارد دەبێ. چەقوچۆ، کاکیلکەت وەشەقەشەق دەخا. ورە بە خۆت دەنێی تازە گەڕانەوە ناکرێ. سێ هەنگاوی دیکە هەڵێنیتەوە دیواری مزگەوتەکە لە باوەشت دەگرێ. لاق هەڵدێنیتەوە هێشتا دات نەناوەتەوە تەقەیەک لەگەڵ ویزەی گوللەکەی بە پەنا گوێچکەی چەپتدا، دەتتاسێنێ. هەنگاوی دووەم هەڵدێنیتەوە و تەقەیەکی دیکە ویزەی دێت و چزە لە بەفرەکەی بەر پێت هەڵدەستێنێ. هەنگاوێکت ماوە بگەیتە دیوارەکە، بەڵام ئەوەندە لەبەر چاوت دوورە ساڵەڕێیەک دەبێ، تەواوی هێز و ورەی خۆت لە لاقتدا کۆ دەکەیتەوە و دەتەوێ بە بازێک خۆت فڕێ دەیتە بن دیوارەکە. لەگەڵ بەرز بوونەوەی لەشت تەقەیەک و گڤە لە نێو پشتت هەڵدەستێ و گەرمایی بە پەنا کەلەکەتدا دێ و دەیخووسێنێ.

بەسەرەوە دەکەوی بەسەر شیلاندا. زریکەی لێ هەڵدەستێ. هێز دەدەیە بەر خۆت بەلای دیوارەکەدا دەتلێی. شیلان لەسەر بەفرەکە کەوتووە و کراسە سپییەکەی و بەفرەکەی ژێری سوور هەڵگەڕاوە. هەموو گیانت سڕبووەو دەمت وشک بووەو دەڵێی پڕ بووە لە خۆڵەمڕە. دەست دەبەی بۆ کەلەکەت، لە خوێنا خووساوە. دەست دەکێشی و قۆڵی کراسەکەی شیلان بە گریانەکەیەوە دەکێشی بۆ لای خۆت. هێز لە خۆت دەدەی، دەتەوێ هەستی؛ ناتوانی. لاقت دەنووشتێتەوە. هەر دەڵێی لاقیشت پێوە نییە. هەناسەت سوار بووە. دڵت بە پڕتاو لێ دەدا. شیلان دەگریتە بن باخەڵی ڕاستەت و بەزگەخشکێ بەرەو نێو مزگەوتەکە دەخوشێی. نازانی چەندەت پێدەچێ تا لەو دوو پلیکانەی مزگەوتەکە سەر دەکەوی. خەتێکی سوورت لەگەڵ بەفر هێناوەتە بەر هەیوانی مزگەوتەکە و سەرت ناوە بە دەرگاکەوە. بەسەر پاڵی پێوە دەنێی.

ناکرێتەوە. شیلان لەسەر عەرزەکە دادەنێی و بەشان پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێی، دەکرێتەوە. شیلان دەنێیتەوە بن باخەڵت و لەگەڵ گریانەکەی بە زگەخشکێ دەیبەیتە ژوورێ. هەناسەت بە حاڵ دێتە دەرێ. شیلانی خوشکت

ئەوەندە قورس بووە ئیتر ناتوانی بەرزی کەیەوە. ئاتەگی کراسەکەی دەگری و ڕایدەکێشی. دایکت لە نێوەڕاستی مزگەوتەکەدا بەرماڵێکی پێدا دراوەو ڕاکێشراوە. شەوێ خۆت جوان داتپۆشیبۆوە و ڕۆیشتبوویەوە. شیلان هەر دوو مەمکی چەک و چڕ دابوو و بە بەر سنیگییەوە خەوی لێکەوتبوو. تۆش کفنەکەت بەستبۆوە و بەرماڵەکەت بەسەردا دابۆوە، شیلانت لە باوەش کردبوو و بە جێت هێشتبوو. دوو جاری دیکەش باوکت هێنابووی تێری مەمکی دایکت مژیبوو و هێنابوویەوە. خۆت خشکاند و شیلانت لەگەڵ خوێن بە دوای خۆتدا ڕاکێشا و زۆر بە دژواری توانیت گرێی کفنەکە لەسەری دایکت بکەیەوە.

شیلانت بردە پەنا سینگی و مەمکی دایکت نایە دەمی. شیلان گریانی لەبیر چۆوە. تۆش سەرت نا بەسەری دایکتەوە و هەستت دەکرد جار لەگەڵ جار لەشت سووکتر دەبێ و وەک فوودانە وە حەوا دەکەوی.

توونیەتی و چەقوچۆ ئارا و قارای لێ هەڵگرتبووی. نێوچاوانە سڕەکەت ناوە بە نێوچاوانی دایکتەوە و ورتە دێ:

– دایەگیان، ئەوە منیش هاتم بۆ لات، بەڵام ئەی شیلان و دیلان و کەژاڵ و باوکم؟ بیریان دەکەین، ئەوانیش بیرمان دەکەن.

وەنەوزت دەدا، خەریک بوو خەوت لێ بکەوێ. شیلان قوونەنشینە بوو، تازە فێری گاگۆڵکە دەبوو. بە دانیشتنەوە دەمی بە سینگی دایکتەوە نابوو و دەستی بە بەرمل و چەناگەیدا دەگێڕا.

تەقەیەک دایچڵەکاندی، تەقەی دووەم گوێت لە ئاخ و هاوارێک بوو. دەنگی باوکت ناسییەوە. ئەویشیان پێکا. نەتدەتوانی لە جێی خۆت ببزووی. هەرچی هێزت لە خۆت دا بخوشێی. فایدەی نەبوو. تەنانەت نەتدەتوانی ملت هەڵێنی. لە کەلەکە بەرەو خوارت لە خوێنا خووسابوو.

دڵی مزگەوتەکەشت لە خوێنا شەلاڵ کردبوو.

لە دایکت بیستبوو: «خوێن بە جلوبەرگ و ڕاخەر و شتەوە بێ لە نوێژی دەبا» تۆ بە جاری مزگەوتت لە نوێژ بردووە. گوێت لە ناڵەی کزی باوکتە. لە دەرەوەی مزگەوتەکەوە دێ، بانگت دەکا: «خە... زاڵ... ڕۆ... لە... خەزاڵ...»

دوو ڕۆژ لەمەوبەر شەڕەکە دەستی پێ کرد. لەو قرمە قرم و ئاوربارانەدا هەموو خەڵکی نێو دێ لە قوژبن و ژێرخانی ماڵێدا خۆیان شاردبۆوە. کەس نەیدەوێرا بێتە دەرێ. دایکت بە پەلە چووە حەوشە گۆزەیەک ئاو بێنێتە ژوورێ. لەپڕ قیژەی لێ هەستاو کاتێ دەرپەڕینە دەرێ گوللەکە لە تەختی نێوچاوانی درابوو و لەسەر بەفری حەوشەکە کەوتبوو، خوێنی لەبەر دەڕۆیی. بە ڕاکێش ڕاکێش بردتانە ژوورێ. دوای چەند کاتژمێر کە دوژمن هەڵات و تێکشکا، توانیتان مەیتەکەی دایکت بێننە مزگەوت و کفنی بکەن.

بۆ بەیانی پیاوان ویستیان بچن بۆ گۆڕ هەڵکەندن، دیسان دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی هێنایەوە سەر ئاوایی و ئەم جارەیان توانیان دەست بەسەر دێیەکەدا بگرن و ئەو گردەی پشت ئاواییش بکەنە مۆڵگە.

ئێستا ئەوە دوو شەو و ڕۆژە کەس ناوێرێ لە ماڵ بێتە دەرەوە.

سەرت ناوە بەسەری دایکتەوە و لە پەنایدا ڕاکشاوی. شیلان لە نێوان هەردووکتاندا دانیشتووەو دەست و پلە خوێناوییەکەی بە مەمکی دایکیدا دێنێ. تێری خواردووەو لەبەر خۆیەوە گڕوگاڵ دەکا و چەپڵە لێدەدا. جارجاریش قامکە خڕینەکانی بە خوێنەکەوە دەنێتە دەمی و بە دەستەکەی دیکەشی شەپلاخە لە مەمکی دایکت دەدا. ئیتر ناڵەی باوکت نایەتە گوێ. چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکا و سەرت لە گێژەوە دێ. هەست دەکەی دڵت لە کوتە کوت کەوتووەو هێور بۆتەوە. چاوت لە شیلان بڕیوە. دڵێی لە پشت شووشەیەکی تەماوییەوە دانیشتووە. لەپڕ شەو بەسەردا دێ و وڵات تاریک دادەگەڕێ.

**سەرنج:**

**چیرۆکێکی مامۆستا «موحەڕەم محەمەدئەمین» بەو ناوونیشانەوە هەیە.**

**«ڕامان»**

# گووبین


رۆشان لەزگین
(لجێ - ئامەد)




ئاگر کەتیە سێنجا رەزان...
هەیواخ و هەیواخ!..

هەموو خەرزێن مە ییێن تەزە، مێو و مەهشێلێن مە ییێن کەسک چاوا دشەوتن!.. چاوا هەر جی دناڤ بێهنا باروودێ دە مایە.

ئیدی ل ڤی وەلاتی کەس ب ئەجەلێ خوە دناڤ جی و لڤینێن خوە دە نامرە!

زەمانەکی، جوانان ژ کال و پیرێن خوە ییێن هلهلی رە گۆڕ دکۆلا. لێ نها؟ نها دێ و باڤ، کال و پیر ب دەستێن خوە ییێن رجفاندی کەری ب کەری کەزەبێن خوە د بن ئاخا سار دە دکن خەوێ!....

هەیواخ و هەیواخ فەلەکێ!..

* * *

ل دەر و دۆر هەر تشت، هەموو تشتان دڕژن سەر من. هەموو ئاوڕان مینا خەنجەرێ دناڤ چاڤێن من دە دچکن و ئاوڕێن من دل دقرن. ئەڤ باژارێ شیرینێ بەر دلێ من یی بریندار. ئەڤ باژارێ کو خوەدییێ کوچەییێن فەتلۆکەیە، ل ناڤ ئەنیا ڤی باژارێ قەدیم ڤە خوین نەقشییە، خوین! هەر رۆژ د بەرۆشێن ب تەنی دە ئاڤا مرییان دکەلە. هەموویێ چاڤان زوا بوونە، لێڤ مچقینە. هەرکەس د تایا مرنا خوە دە یە! و ئەڤ باژار دمینە مەحکوومەکی سەرێ چیان. مەحکوومەکی بریندار. ئەو مەحکوومێ کو ب موفرەزێ رە کەتییە موسامەرەیێ و ب تەنێ فیشەکەک مایە د خزنا میراتێ مۆدەلییێ دە. مەحکوومەکی تەنێ، بریندار و د بن بەرخەکە مینا خوەلییێ دە.

گەر ساعەتێ ب نالینێن خوە شەڤێ ژ نیڤی دە کرە دو بڕ، ئەز ژی مینا هەموویێ شۆڕەشگەران ڤی باژاری ژ دوو خوە دبن بەرفێ دە دهێلم و دڕەڤم! هەموو شۆڕەشگەرێن

ڤی باژاری مینا حەجحەجکێن سەرێ پاییزێ بەر ب وەلاتێن نەناس ڤە بوون مهاجر. هەموو شۆڕەشگەرێن ڤی وەلاتی ل پشت دەریێن هەسنی؛ د پەی جاختێن زنگارگرتی دە نە. هەموو شۆڕەشگەرێن ڤی باژارێ ئەسمەر دبن ئاخا سار دە نە...

بلا شۆڕەشا مە بمینە ژ بهارەکە دن رە!

گەر ساعەتێ ب نالینێن خوە شەڤێ ژ نیڤی دە کر دو بڕ، ئەز ژی ڤی باژاری ل دوو خوە دبن بەرفێ دە، بێ خوەدی دهێلم و دڕەڤم!...

ل بەر پەنجەرەیەکە پەردەکری دە، دناڤ تاریتیا ئۆدەیەکە هێوی و سار دە روونشتیمە ئەز. ل دەرەڤە بەرفەکە مینا خوەلیێ هوور هوور دبن رۆناهیا لەمپا کوچەیێ دە دپوور پوورینە. عەینی مینا هیسێن من یێن بەلاڤبوویی و تەڤلیهەڤ. بوو سەرێ چەند مەهانە کو ئەز ل ناڤ مالێن دۆستان. دڤان ئۆدەیێن تاری و سار دە مە؟ هەر کو ئەز مالەکێ دحەولینم، مینا کو جەنازەیێ من بێ هلدان، هەر کو ئەز مالەکێ ب سەلامەتی ل دوو خوە دهێلم هەموو ئاوڕان کێفخوەشیێیا خوە مینا نالەکێ ل سەر دەریان دعالقینم.

گەر ساعەتێ ب نالینێن خوە شەڤێ ژ نیڤی دە کر دو بڕ، ئەز ڤی باژاری دبن بەرفێ دە، بێ خوەدی دهێلم و دڕەڤم!...

د دەڤێ من دە تاما کلامەکە مەحزوون. ئاگرێ ڤەقەتینێ د داوا من دە چاڤێن من جۆتەک ئەلماستێ کو ل بەر هەر رۆناهیێ رەنگی خوە دگوهێرن. چاڤێن من سۆر بی شۆراڤک ل ناڤ مژێ، دبن بارینا بەرفەکە مینا خوەلیێ دە، ئاڤەکە سۆر ژ کەندالێن سەر زمبێلێن من دحەرکە.

ئاگر کەتییە سنجێ رەزان!

دلۆپێن خوینێ رژیانە سەر بەرفێ.

هەیواخ و هەیواخ!...

شەڤەکە سارە ژ سەقەما سباتێ. ژ نەورۆزێ رە هێن مایە بیست و هەفت رۆژ، دیژلەیێ جەمەد گرتییە. بێهنا مرنێ، ئەو مرنا غافل و سۆسرەت دبن بەرفێ دە مایە. ل سەر روویێ ئاڤێ بهوستەک قەشا. و ئەز، ئیشەڤ، دڤێ مینا ئاڤا کو دبن قەشایێ دە دحەرکە، وسا بەر ب وەلاتێن نەناس ڤە بحەرکم.

ل ڤی باژاری ئەز مرۆڤەکی زێدە مە ئێدی.

گەر ساعەت ب نالینێن خوە شەڤێ ژ نیڤی دە کردو بڕ...

ب تەنێ من خوەستبوو د وێ ساعەتێ دە ئەز تە ببینم. ئیشەڤ، د ڤێ شەڤا منا داوی دە من خواستبوو ئەز تە ببینم. نەفەسێ تە یێ گەرم د سینگێ خوە دە هیس بکم.

و تو هاتی...

تو مینا گولەشەڤینەکێ د رەنگێ خوینێ دە ب وێ بشیرینا خوە یا شەرمۆک د من دە دەرکەتی.

ئاخ چاوا زمان د دەڤێ مە دە لال بوو بوو، ئاورێن مە مەقەس!

شەڤەکە گەور، ب تلسم، ب هلما ڤەقەتینان بارکری و گران؛ مینانی ئیسکینیەکە درێژ. ب تەنێ برووسک بوو، ژ چاڤێن من هەتا ب چاڤێن تە بریسی. ئاخ دەما .کو ئەز ل تە دنهێرم، وێ دەمێ، د وێ کێلیێ دە من دخوەست ئەز چاڤێن خوە یێن کو ل تە دنهێرم ببینم. خوینەکە کەلاندی ژ کەزەبا من نقوتی. شەڤ سار. لێڤێن من خەوراندی.

تشتێ کو ئەز دزانم. هەر کەس دکارە بزانبە، لێ دلێ من؟ ب تەنێ ئەز ب وی دزانم!...

مینا کو جەنازەیێ من دەرکەڤە دەرڤە، وسا، ئەز هێدی و ب فەسال ژ دەری دەرکەتم دەر. هێدی ب هێدی، ل سەر پێچیان، من پێلکێن نێردەوانێ حەب ب حەب ل دوو خوە هشتن.

ل دەرڤە هەوا مینا کێرێ. بەری دپووکینە و ئەز ژ قەومێ خوە دقەتم. ساعەت بێشەرم، بێپەروا رۆژاڤا و رۆژهلاتەکێ تام ژ نیڤی دە دکە دو بڕ و سانییە ب سانییە ژ عەمرێ مە دخوە. ئەز مینا سیبەکێ دبن دیواران رە دشقتم. جهێ کو ئەز دهەرم ژی عەینی مینا ڤێ شەڤێ تاری و ئەو چەند ژی مەچهوول. دبێژم قەی وێ ئانها ئەژدهایەکی هەفتسەری پەنجێن خوە بئاڤێژە پۆرێ من یێ درێژبوویی.

نها تو ل پشت پەردەیا پەنجەرێ، پەردە ددی ئالی و تەماشەیی چوویینا من دکی...

شەڤ ژ نیڤی دە بوو دو بڕ و....

ئاورێن من تەڤزینە. پەلەیێن بەرفێ ل سەر هەڤ پەنجێن خوە د ئاڤێژن جامێ ئۆتۆبوسێ، ب جام ڤە دپەلخن. بریندار ل بەر بایێ قەرەژداغێ ب جام ڤە بەرژێر دشەمتن. دیاربەکر سەرانسەر دناڤ بێهنا پوخوورێ دە

دمینه ل دوو من...
و دەما کو چەمێ فراتێ ل دوو من ما، ئەز مینا باکێتەکە وندابوویی ب جامێ ئۆتۆبوسێ ڤە زەلقیبووم.
ئەز، ب تەنێ د هەمبێزا خەیالێن ڤەقەتینە دە.
چاوا خوەشک دەستێن تە دناڤ دەستێن من مینا چێلکا چڤیکێ کو هێن نوە ژ هێکێ دەردەکەڤە، وسا خوەشک رجفین...

**رۆشان لەزگین، نڤیسکار و وەرگێڕە و دگەلەک ئالیێن ئافراندنێن ئەدەبی دە بەرهەمێن هێژا هەنە، وەکە: کورتە چیرۆک، گۆتار، هەڤپەیڤین، هەلبەست... و زۆربەی ژ وان ل کۆڤار و رۆژنامەیێن مینا: ڤاتە، نوودەم، ژیانا رەوشەن، نووبهار، زەند، گولستان، وار، ئازادیا وەلات، تیگریس، هیوا... بەلاڤکرینە.**

**رۆشان د سالا (١٩٦٤) ئان دە ل گوندێ دنگلهاوا سەر ب دەڤەرا لجێ کو سەر ب ئامەدێ ڤەیە هاتییە دنێ و، ل سالا (١٩٩٦) ئان و ڤر دە دەست ب نڤیسینێ کریە و، ئەڤ کورتە چیرۆکا سلال (گووین) مە ژ پەرتووکا وی یا ب ناڤنیشانێ (ل بن دارا بییێ) رووپەلێن (٦٢-٦٥) وەرگرتییە و ژ رێنڤیسا کوردی- لاتینی ئانییە سەر رێنڤیسا کوردیا کو نها ل هەرێمێ لکارە. ئەڤ کتێبە ژی کو ژ (١٠) کورتە چیرۆکان پێکهاتییە ل سالا (٢٠٠٣) چاپا وی یا یەکەم ل ستەنبولێ چاپبوویە.**

**ژ بلی بەرهەمێ وی یێن ئافراندنێ دوو کتێبێن وەرگەڕاندی گهاندینە چاپێ:**

**- کتێبا سوزان سامانجی ب ناڤێ «سیبیا بێدەنگیێ» ژ تورکی وەرگەڕاندییە کورمانجی.**

**- کتێبا سادق هیدایەت ب ناڤێ «سێ دلۆپ خوین» ژ فارسی وەرگەڕاندییە کورمانجی.**

**هەژی یە بێژین کو کۆمەلە چیرۆکێن وی ب ناڤێ «بنێ دارا ڤالێرە دە» ل سالا (٢٠٠٢) ێ ل سوێدێ و ژ وەشانخانەیا ئاپەجێ دەرچوو بوو و، خەلاتا ئەدەبیاتی یا ئاپەج وەرگرتبوو.**

**ئا: رامان**

# نیگا پایزانێکی پیر بوو

**فەرهاد مستەفا ئەحمەد**
**(سلێمانی)**



دواجار گەڕامەوە سەر ئەو دەستنووسانەی ماوەیەکی دێرین فەرامۆشم کردبوون، وەختایەک ئەو دەستنووسەم بردە لای چیرۆکنووسێک، ئەو تاکەکەس بوو کە فێری کردم (چیرۆکیش بەو سادەییە نییە، کە خەڵکی لێی تێگەیشتوون). بەڵام هێشتا کەم و زۆرێ دڵنەوایی کردم دەتوانم بڵێم چۆنێتی ناسین و نووسینەوەی سەرنجەکانیشی، هەریەکەیان چیرۆکێکن- دەستنووسەکەم هێشتا شوێنەواری چەندین کوژانەوە و هێڵ و حاشیەی پێوە دیاربوو. سەرلەنوێ کەوتمەوە خوێندنەوەی، هێواش هێواش ڕستێ بیرەوەی مردوو بەدیارمەوە دەجوولایەوە.. هێشتا چەندێ سۆز و بەزەیم پێدەبەخشین، هێندەش ترسێک ناجۆر سەراسیمەی کردم. دواتر، یەکێک لەوانەی دەیویست ڕۆڵی پاڵەوانەکە یاری بکات، بزەیەکی هاتێ. ئێستا ئاسا بەهەمان بزەوە تەماشای دەکردم.

پاڵەوانێک ڕوخساری وەک لە جیوە خولقابێت، بە ئاسانی شێوەی ئەو جێگەیەی دەگرت کەلێوەی دەڕوانیم.

جەستەشی لاستیک ئاسا دەبزوا، ئەوە تاکە سۆنگەیەک بوو کە دەبوو دەستبەرداری نووسنەوەی بم. من زارەترەک بووم. عەجەبا... شتی واش ڕوودەدا؟؟ پرسیارێک بوو هێشتا لە خۆمم نەپرسبوو. ئەو هیچ گومانێکی لەلا نەهێشتم. لەگەڵما دەدوا.. چوون ئاخافتنی کەسێک ساڵەهابێت ئاوەڵ بن. بە حەپەسانەوە تەماشام دەکرد. بەڕاست هەر ئەو کەسەیە؟! چوون شانۆکارێکی بە ئەزموون بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ڕۆڵەکانی یاری بکات، هەژدەر هەژدەر دەدوا. دروست، ئاوێنە ئاسا لێی دەڕوانیمەوە. چیمدەکرد.. ئەوەی دەکردەوە، تەنانەت هەڵمژینی هەناسە قووڵەکانیشمی بۆ فەرامۆش نەدەکرا.

دەمویست چی زووترە دەستبەرداری بم. دەبوو لە

کۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراودا ڕۆحی بکێشم و کۆتایی بەناسیینەوەی بهێنم.

تیژی پێدەکردم.. وەک بێ پەردە پێم بڵێت: تۆ هەرگیز ناتوانیت ڕۆحم بکێشیت!.

ئەو دواتر پێی وتم:

ئەگەر ئێستاش بمرم.. سبەی زیندوو دەبمەوە.. ژیان و مردنمان پێکەوە گرێدراوە، نا... نا... لەوانەیە تۆش بمریت، من هێشتا بژیم! ئا.. ئا.. دەژیم! مردن بەوسانایییە نییە کە تۆ دەتەوێت پێم بگێڕیتەوە!.

بڕوام بەو ڕوانینەم نەدەکرد، کە هەرگیز پێویستی بە بەڵگە نەبوو بۆ سەلماندن.

دەموت:

تەنیا شتەکان تێکەڵاوبوون دەبێت لە یەکترییان جیا بکەمەوە.

جارێکیتر کەوتمەوە خوێندنەوەی. بەلاتیلێک تەماشام کرد. ئەوەم بۆ ئاشکرابوو تەواوی تواناکانی، لە بڕیاردانی مندا هەناسە دەدات. گوشادبووم.. دەمویست بزانێت بەبێ من ئەو ئیتر کەسێک نییە.. بچووکتریش لەو پایەیەی کە بەخۆی ڕەوابینیوە.. ئەو ئیتر نەیدەتوانی بچووکی خۆی حەشار بدات. دەبوو بیسەلمێنم، کە نەک ناتوانێ هیچ جۆرە ترسێک بخوڵقێنێت، تەنانەت نابێت ئەوەی لەیاد بچێت کە چارەنووسی پەیوەستە بەمنەوە، دەبوو لە ڕوانینەکانم بسڵەمێتەوە. ئەی سەدان پاڵەوانی چیرۆک زۆر بەسانایی بە مردن نەسپێردراون؟

کێ تا ئێستا چیرۆکنووسێکی بەتاوانی کوشتنی پاڵەوانێک بۆ دادگا ڕاپێچکردووە؟.

بۆ سەیرم؟!. وستم ئەو سۆزە منداڵانەیەی کە پێم بەخشیبوو، لێیبسەنمەوە. هەروام کرد! لێیی نەگەڕام، ئەو بە ئاماژەکانم وەردەچەرخا. ئەمسەر و ئەوسەرێکی ژوورەکەم پێدەکرد.. دامدەنیشانەوە.. دەبوو جارێکیتر بە کۆڵانی بیرەوەرییە ڕزیبووەکانیدا تێپەڕێت.

دۆش دادەما.. هەڵمدەساندەوە، دەتوت شەرم لە ڕووتبوونەوەی دەکات. دەموت: جلەکانت بپۆشە. لە مۆدێلێکی سریالی دەچوو. بزەیەکم هات.. هەستم بە غروورێکی پڕ لە خۆشنوودی دەکرد. کەسێک خۆم ڕۆحی پێدەبەخشم و خۆشم دەتوانم لێی زەوت بکەم.

من لە پەستبوونی ڕوخساریا نەشئەم پێدەهات. نەمدەهێشت بیر لەشتێکی دیاریکراو بکاتەوە، ئاماژەم پێدەدا: پێبکەنە.. بڵندتر، وەک کەسێک هیچ شتێک نەزانێت بەتەنیا پێکەنین نەبێت. نا.. نا.. تۆ شایستەی خەسڵەتی کەسێکی بەختەوەرنیت وا بە سانایی پێبکەنیت. بگری.. کۆست کەوتوو ئاسا بگری... با وشەکانیش لەگەڵتدا خەمباربن. دەگریا. من فرمێسکەکانیم دەبینی، دەمزانی داوای شتێک دەکات.. نەدەبوو فەرامۆشی بکەم. ئاخر هەموو خالقێک چاوی لە مەخلوقەکەی خۆی نییە؟.

یەکەمین زۆڵە پرسیاری، ئەو ساتەوەختە گلاوەبوو کە ئێستا ئاسا دەستبەردارم نابێت.

دەستنووسەکەم فڕێدا- دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی بوو- بەرانبەرم دانیشت. تەماشای دەکردم.. نیگایەکی پیری پایزانە.. چەند جارێک چاوم هەڵگڵۆفت. نەزیندەخەون بوو، نەخەون بوو، دەستمبرد جگەرەیەکم داگیرساند. پێی وتم:

- جاکێ ناڵێت جگەرە ناکێشم؟!.

من پێشتر هەندێ لەو چەشنە چیرۆکانەم خوێندبۆوە، کە گێڕەرەوەکە لەگەڵ نووسەرە کۆچکردووەکاندا دەکەوتنە گفتوگۆ، لە یادمە (جەلیل قەیسی) لە چیرۆکێکیدا لەگەڵ (دیستەیڤسکی)دا پەیڤینێکی چاکی کردبوو، من نازانم بە چ زمانێک ئەوی دواندبوو، بەڵام ئەوەتا ئەم بەکوردیەکی ڕەوان دەدوێت.

ژوورەکەم بۆ بە جێهێڵا. من دەمویست چی زووترە ئەم سرووتە شەیتانییە لە بیرکردنەوە و خۆش خەیاڵیم داڕووتێنم. من ئاسا هاتە دەرێ. کتومت ئەو پەسنەی لە دوایین دێردا (چەند دڵۆپە خوێنێک بەسەر گیرفانی ڕاستییەوە هێشتا تەڕبوو).

پێوتم:

- بەرەوکوێ؟

- بۆ دۆزەخ!

وتی:

- ڕەشبین دەتبینم؟

وتم:

- بەڕاست دەتوانی قسە بکەیت؟

وتی:

- خۆ پەیکەرەکەی لای جەنابت نیم، سەد درۆ بخەیتە پاشەڵی.

تەلیسمێکی سەیر بوو، وەک بڵێیت جنۆکەیەکە و بەرێگەی کتێبە سیحراوییەکانی (عەبدولفەتاح تۆخی) ئامادە کراوە، بەڵام نە تەحزیرێکم کردبوو، نە ئەو

وێردانەشم خوێندبۆوە کە دەبوو بیانڵێم.
وتم:
- نیازی چیت هەیە؟
وتی:
- دەبوایە من ئەو پرسیارەم بکردایە!
- بچینەوە ژووری؟
- ئارەزووی خۆتە!
ئیدی لێی نەدەترسام، هەر ئەوەش بوو کە کوێکردینەوە. ئەو کزۆڵەتر لەبەردەممدا هەڵدەکورما.. من ڕقم لەوخۆ بچووکردنەوەیەی بوو.. وێنەی ئەو کەسەی لە پێناوی مانەوەیدا هەموو شکۆمەندییەک بەلاوە نێت. لێ تەنیا شتێک کە بێزاری دەکردم، هەرگیز بارە نائاساییەکانی بە نا ئاسایی لە قەڵەم نەدەدا. ئاخر خۆی پێی وتم: کەسێک لە وشە خولقاندن خوێنی نییە.
ئەوەی دەشبوو بمهێنایەتەوە یاد، دۆزینەوە و خولقاندنی بوو. ئەوەی کە هەرگیزیش باسی نەکرد ئەو سەرنجۆکە لەرزۆکەی من بوو.
دەبوو بمزانییبا بە درێژای ئەم چەند ساڵە لە کوێ بووە!. من ئەگەر دواین کتێبم چاپ نەکردبایە، لەوانە نەبوو ڕێمبکەوتبایەتەوە ناو ئەو دەستنووسانە.
من دەمویست زۆرتری لێبپرسم.. هێشتا گاڵتەم بەبێوەجی و کاڵفامی خۆمدەکرد، کەسێک مەودا و بارستی ڕۆشتنەکانی بەتەنیا چەند لاپەڕەیەک بێت، دەتوانێت چی بڵێت.
بەڵام نەء! جیاوازتر.. زۆر جودا لەوپرسیارە منداڵییانەی خۆم. ڕاستر ئەو دواتر شتەکانی بۆ باسکردم، باسێک درێژتر تا من لە عۆبەی بێم. دەیوت:
چیرۆکەکان تەواو نابن. من ئەوانەی دەبێت باسان بکەم، بێشک بەشێکی بچووکن لەو چیرۆکانەی کە روویانداوە و دەشێت جاریتریش ڕووبدەن.
ئەو دەیوت:
- هەمووومان دواجار چوون یەکین، هیچ جیاوازییەکمان نییە!.

(١)

(ئێوارەیەک، شێتبوونت بەرەو ماڵەوە دەتباتەوە، ئاوەڵێکی تازەیەو دوو زەرفی پڕ لە بێدەربەستی بۆ هەڵگرتوویت. دەتانڕوانییە ئەو هەنگاوانەی هەموو ئێوارەیەک لێرەوە غل دەبنەوە.. هەموو ئێوارەیەک ئێرە جمەی دێت، ئەگەر چەندین خاوەن هەنگاویش لە شەقاوهاویشتن کورت بهێنێت، کەس هەستی پێناکات.
شەقامەکە تەوەزەلانە لێی ڕاکشاوە، ئەو هەرگیز باکی نییە کێ بەسەریا ڕادەبورێت، چوون یەکە ئەگەر پێغەمبەرێک بێت یان گەوادێک.. نا.. هەرگیز هیچ ناڵێت).
هێشتا دەکەوتمە خوێندنەوەی، تەماشای دەکردم.. وەک من بەغەفڵەت زەدەیەک بچووێنێ، دروست.. وەک گورگێک بیەوێت هێشتا چەشنە مەزاقێک بەنێچیرە پێکراوەکەیەوە بکات. من دەمویست وەک گەڕیدەیەک کەوانەیەک لەمسەر بکاتەوە و کەوانەیەکیش لەوسەر، لەو نێوەندەدا ئەو شتانە بڵێت کە کەسێک لامسەلاییانە دەیبینێت و خەمسارانە هەست بە مەزنییەکەی ناکات.
ئەو بزەی دەهات. بەزوبانی حاڵ دەیوت: بەڵام لە جیاتی من بیرمەکەرەوە... هەرگیز شێتایەتییم سەبورت پێنادات. بەتوانجەوە لێی دەڕوانیم وەک بڵێت: دەتەوێت گۆرانییەک بخەیتە سەر دەمم کە هەرگیز حەزم بەوتنی نەکردووە. دەتوت لێمدەپرسێ: بەڕاست هەموو فەریکە نووسەرێک هێندە خەیاڵ پڵاوە؟.
بەخێسەوە سەرنجی دەدام: ئەوە چ عارفێکە لە خواوەندی زیز دەبێت؟ گەمژە!! تۆ دەتەوێت ئەو بەدەمەستە ناجسنەبم کە میز بکەمە پێکەکانەوە؟.
(کەسێک بەدوایی بیرەوەرییەکانییدا لە تاژییەکی بەسالاّ چوو دەچوو، نەیدەویست دەستوقاچە ڕەقەڵەکانی پێیبڵێن: داکەوە ئەو تەمەنەت گوزەشت!.
دەبوو بهاتبایەتەوە یادی.. بۆچی هەر ئەوشەوە نەمرد؟ ئەو شەوەی باوکی بۆیەکەمین جار هەستی بەوەکرد لە پیاوەتی داماڵرا و پێشی شەرمبوو بەخۆی بڵێت: گەواد!.
شەوی دواتریش پیاوێکی (ژەنەڕاڵ) نەمابوو، نەیەتەلای ژنەکەی.
دایکی دەیوت:
- با.. لەبارم نەچێت، کاتی نەگبەتییەکە (سێ) مانگ بوو!
مێردەکەی بە پەژارەییەوە پێی وت:
- نەء.. تازە لە عوزرپاکببوویتەوە!!)
بە مەزاقەوە لێی پرسیم:
- دێتە بیرت کەنگێ یەکەمین زیقەی ئەم ژیانەت کرد.. تۆ نەتدەتوانی عەورەتت بشاریتەوە.. نەدەتتوانی

(شەرەفی خۆت بپارێزت).. ئا... گریانێک گرییایت خوێڕیتر لە گوجیلەیەک کە بەبێ مامان چاوانی هەڵدێنێ.
پێموت:
- گرنگ ئەوەیە لە دایک بووم.. هاتووم، ئیدی شتەکانی تر فشەیەکی ڕووتن!!.
هێشتا پێموت:
-ڕاست دەڵێیت!! لەوانەیە قسەی تۆ بێت.. بێخەبەریین لە هاتنمان، ئم.. زۆرینەشمان بەرواری ڕۆژی لەدایکبوونی یەکی تەمووز بێت!.
بەڵام دایکت پێیوتیت:
- ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمین جار چاوانت هەڵهێنا، باوکت زەرفی نوقڵەکەی لێکەوتبووە ناو قوڕی کۆڵانەکەوە.
بەڕاست ئەوە چ ساڵێک بوو؟!.
بەڵام هێشتا دەتوانم هەموو ئەو خەتو حاشیانەی یەکتری تەواو دەکەن، تەقەڵبەندیەکیان بکەم.
ئەو ساڵەی (ئەو)م لە دووتوێی وشەکاندا ناسیەوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوویدا.
ناسینەکانی بەشێکن لە سستی و کەمتەرخەمی تەواونەکردنی ئەم چیرۆکەم، بەڵام هێشتا دەبوو کابرایەک بێت وەک هەموو کەسێکی سادە، نیشانەیەکی جیاواز لە ڕوخساریدا نەبێت. کەسێک بەیانییان دەتوانێ هێندە نانخواردن ماتەڵی نەکا و فراوینیش چۆنێتی خۆراکەکان تەنگەتاوی نەکا. ئەوکەسە دەستپەڕ بە چارەسەرێکی بێدەردیسەریانە لە قەڵەم بدا و جارجارەش گوێ بۆ دەنگوباسەکان هەڵبخات.
ئەو کەسە ڕوخساری بەستەزمانانە خولقاوە.. کەسێکە سۆز فێری تووڕەبوونی کردووە. گاه جەربەزەو چاوقایم.. گاه زەلیل و دەستەپاچە! دەبوو ئەو جارجارە تەواوی گەردوونی لەلابێتە بچووکتر لە کونی دەرزی و هەندێ جاریش سینەیەکی سپیکەلە بەبەرینترین فیردەوس ئەندێشەکانی بچوێنێ.
کەسێک دەخوازت حیمایەکانی چاولەکەس سوورنەکەنەوە، وەختایەک چیتر پۆلیسی ناوپارکەکەش دەرینەکات.
لەلای من هەردەمە و ناوێکی هەبوو.
خۆی جارێک پێی وتم:
- زۆرجاریش (ناو) دەبێتە پردێک بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکان.
من ئەوساڵەم لەبیرە، خۆشبەختانەش تاکە چیرۆکمە کە لە پەراوێزدا بەرواری کۆتایی نووسینم لێدابێت.
ئەوساڵە، سەدان ناوی هەبوو- ئەوەی جێگەی سەرنجدان نییە- دەشیا بەوەش ناوزەد کرابێت.
ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاشماوەی ئازارەکانی لەزۆر جێگادا دەبینرێن. هێشتا پرۆژەی بوونێکی تازە بەساپیتە و بەدیوارە مەرمەڕییەکانەوە ماوە.
- هێشتا هەر لەوێ ماوییت؟
- شوێنێکی تر هەیە ڕووی لێبکەم؟
ئاوای وەڵامدامەوە.
- چ زوو پیربوویت؟
ئاوام پێدەڵێت.
وتم:
- بەڵام هێشتا شتەکان وەک خۆیانن!.
- دەتەوێت چی ڕووبدات؟
- هێشتا دەربەستت بۆ هیچ شتێک نییە؟
ئەو خولقێکی سەیری هەیە، ڕیتمی ئاخاوتنەکانی جارجارە هێندە بە پەلەیە، تەنانەت وشەکانیش بەڕەوانی ناڵێت، هەندێ جاریش خاوولەر، کەمەحاڵە ئارامت هەبێت دوایین وشەیی قسەکانی ببیستیت.
- مەگەر نا، هێشتا دەتوانیت پرسیارێکی تری لبکەیتەوە... ئەو پرسیارە قوڕانەی کابرایەکی غەفڵەتاوی لە پەیکەرەکی نوقسانی بکات؟.
- هەر ئەوانە دەڵێت کە تۆ دەیانڵێییت!.
(چ تاڵییەکی هەبوو؟ خودایە.. من لە شەیتان بوون وەرسم.. بێزییان لێدەکەمەوە.. ژیانێکت پێبەخشین، بێز لە گەلۆزەشمان بکەینەوە. چ سحرێکە خودایە؟ نەنەشئەمان لە ماچکردنی دەمولێوێکدا دەبینییەوە. نەفرەتمان لێدەکردن. ئا.. گاڵتەمان بە پاکیزەی دەکرد. درۆیەکی ڕووت بوو... جا «ئەو»یش وەک هەر هەموویان درۆزن. نا.. خودایە... نا... لێت دەپاڕێمەوە.. نزاکانم لێوەربگرە، عیشقێکم پێکەرەم بکە بەدووربێ لە بۆساردی شەهوەتەکان، من نامەوێت چیتر نکەوهەنکەهەنکی زاوێربوونە درۆزنەکان ببیستم....).
ساڵێک فێریکردین نابووت ئاسا خەمۆکییمان بخەینە ناو چاوی ئەو بیرەوەرییانەی دەیانوت:
کەسێک لە جێگەیەکدا بکوژرابا، هەتا درەنگانێک کەس نەیدەوورا توخنی ئەو شوێنە بکەوێت.. ئەو ساڵە تەرمەکان لە لەیستۆک دەچوون.. بەبزەوە گەمەمان پێدەکردن.

ئەوساڵە جارێکیتر لاقەی خەونەکانمان کرایەوە.. ساڵێک بوو ڕاستیەکانمان لە ئادەبخانەدا دەشۆردەوەو لەوێش هوتافی نارەزایمان دەکێشا. خودایە چی لەخیانەتی ئازیزانت بەسوێترە؟.

ئەوساڵە.. شەهیدێک گەڕایەوە و ژنەکەی و هاوڕێکەی لەسەر پێخەفێکدا کوشت. سواڵکەرێک ڕۆڵی پێغەمبەرێکی بینی و ئەوەی سالانێک لە دەرۆزەدا چنگی کەوتبوو، بەبێ دوودڵی کەوتە بەخشینەوەی.

کابرایەک کچەکەی لەسەلەم دا. ئەوساڵە دەرکەوتنی خێزەرەی نەفرەتییەکان بوو. دەروونناسێک لە چایخانەیەکدا وتبووی:

- سەرجەمی کۆمەڵەکەمان تووشی لادان بووە.

دەیانوت لەوەتەی ئەم شارە بنیاد نراوە، ڕەشەبای لەوجۆرەی بەخۆبەوە نەبینیووە. شاعیرێک ئەوساڵەی بەسەرخۆشبوونی سروشت چواندبوو. وتبووشی ئەمساڵ پایز پاکیزەیی خۆیی دۆڕاند.

ئەوساڵە.. لە ڕۆژنامەیەک دەچوو، هەموومان نووسەر و هەمووشمان خوێنەر. خۆماندەخوێندەوە، پڕپڕ لە ڕاستی و لێوانلێو لەدرۆ.. لاپەڕەکان دەکرێت ئاوا دیزاین کرابن.

لاپەڕەی یەکەم

بە مانشێتێکی گەورە نووسرابوو (ساڵی درۆ جوانەکان لە هەموو لایەک پیرۆز) ئەو لاپەڕەیە نە گۆشەی سەروتاری بۆ دیاریکرابوو.. نە هەواڵی ڕۆیشتن و هاتنی سەرۆکی تیا بڵاوکرابۆوە، هەموو سەردێرە هەواڵێک لە دامێنەوە نووسرابوو بۆ لاپەڕە یانزە لەکاتێکدا سەرجەمی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بەتەنیاهەشت لاپەڕەبوو.

لاپەڕەی دووەم

- هەموو ئەو شتانەن کە بەهەمیشەیی دووپاتدەبنەوە، بڕواناکەم پێویست بەنووسینەوەیان بکات پێم دەڵێت:

لێگەڕێ... دوورنییە هەموو ئەوانەی لەوێ ناوییان نووسرابۆوە، ئێستا شانازی بەناوەکەی خۆیانەوە نەکەن. دەڵێت:

- ئەوانەی تۆ دەتەوێ باسییان بکەیت، بەرلەتۆ باسکراون، دەشێت چەندانی تریش باس بکەن. من هێندە دەزانم هەموو تەفسیرێک بۆ ساردی و تووشی زستان ئەحمەقییە!.

ئەو لە چیرۆکەکەمدا، دوای نائومێدبوون لە دۆزینەوەی گۆڕی باوکی، باوکێکی ئەفسانەیی بۆخۆی دەدۆزێتەوە.. ئەو باوکە بێدەنگ و فەرامۆشکراوەی لە ناوەڕاستی پارکەکەدا ڕووە وشەقامە گشتییەکە بەهەمیشەیی دەڕوانێت.

(٢)

(ئا ئاوا دەیبینم. من نازانم لە کەیەوە لێرەیە. ماوەیەک لەمەوبەریش هەر لەو جێگەیەدا بوو. ئێستاش نامناسێت! ئەو پیاوەی چ خەمێکی لە ناسینەوەی کوڕە ونبووەکانی نایە.

ئەو... ئێستاش نامناسێت.

زۆرجار، بەرلەوەی پۆلیسەکان بێن و بکەونە دەرکردن و بڵاوەپێکردنی ئەوخەڵکانەی لە پارکەکە دادەنیشتن، ئەو قوتابییانەم دەبینی کە هەریەکەو لەلایەکەوە دەکەوتنە هێڵکاری وسکێچکردنی ئەو پیاوانەی لەوێ دانیشتبوون. چەندجارێک خۆشم بەبێ پرس بوومە مۆدێلی ئەو خوێندکارانە، ئەوان وایاندەزانی بەمە نازانم، هەربۆ ئەوەی شپرزەیی و بێ ئارامی ئەوانیش بڕەوێنمەوە ئەوپەڕی ئارامییم بەخۆم دەبەخشی. جارجارە کە نیگایەکم دەکردن، بزەیەکیان دەهاتێ.. کە ئەوبزەیەش بۆ خۆی گەلێک مانای دەبەخشی.

ئەو پیاوەم لەو جێگەیەدا بینی... .

ئەو پیاوەی هەرگیز تووڕەبوون ناناسێت! ئاخر تەنانەت سەرخۆشەکەش بەبەرچاوی هەموومانەوە میزی دەکرد بەسەر پێڵاوەکانیدا کەسێکی تریش- دەشێت ئەویش سەرخۆش بووبێت- ڕشایەوە بەسەر کۆشییدا هیچی نەکرد.. هیچ.. هەرهیچ.

من دەمویست هاواربکەم و بڵێم:

- باوکە گیان چۆن تووڕە نابێت؟ باوەم.. ئەوکەسە تەنانەت چەند جارێک لەسەر سەودای هەتیوبازی زیندان کراوە. باوەگیان هەستە.. کەی ئەوەندە پشوو درێژ بووی؟).

چیرۆکنووسەکە پێی وتم:

دەستکاری دەوێت.. هێشتا ماوییەتی، لێ خەیاڵەکانت تووشی غەفڵەتییان کردوویت.

پێموت:

بەڵام، بەڕێز ئەوانە حەقیقەتن.

ئەو بەبزەیەکەوە وتی:

- خۆ خاڵۆزای (کافکا) نیت؟.

من ئەوکاتانە نەمتوانی پێی بڵێم:
ئەو پاڵەوانە لەوانەیە گوێی لە قسەکانمان بێت.. لەوانەیە سەرنجەکانی بەرێزتی بەلاوەجوان نەبێت.
من ئەوساتە وەختە نەمدەناسی. مەگەر نا، دەبوو پێی بڵێم:
دوای خەرمانێک لە نووسین.. هێشتا ئەو حاڵەتە لەلای تۆ ڕوویداوە کە پاڵەوانی چیرۆکێکت لێت یاخی بێت؟ نا.. سەرکۆنەت بکات و هەڕەشەت لێبکات. ئا... وەک سێبەر ئاوێزانت بێت و دەستبەردارت نەبێت. مامۆستام.. خراپتریش، نەک پێت ڕابوێرێت.. جنێویش بدات.
ئەو دواین سەرنج و ئامۆژگاری هێندەبوو.. بەجۆرێک بنووسم هەمووکەس لێم تێبگات، کەسێکی سادە خۆی تیاببینێتەوە و گەورە ڕۆشنبیرێکیش بەسادەیی نەزانێت.
دواتریش بەر لە ماڵئاوایی پێی وتم:
– نووسنیش پەتایەکە، نەلە کۆڵت دەبێتەوە.. نەدەستبەرداریشی دەبیت!.
(من دەبوو هەرهیچ نەبا لەنیوەڕۆیەکی خاووخلیچکدا لێم بپرسیایە:
باوکە.. چۆنە گەرمات نییە؟ ئاخر تۆ تەنیا بەگەرما هەراسان دەبوویت، ئەی بۆ دەسڕە ئاوریشمییەکەت دەرناهێنی؟ باوەم.. قاچەکانی تۆ ئەوەندە گەورە نەبوون. پێم شەرمە پێت بڵێم.. ئاخر پێڵاوەکانت زۆر گەورەن ئا.. وادەیەکی پڕ دڵنییایم پێکەرەمکە، من بەفەخرەوە ماچییان دەکەم.
باوەی من.. دەزانم چەندێ تووڕە بوویت، بەڵام هێندە دەستەکانت نەرمبوون، بەڵام شەوێک لە شەوان کە لەسەر جێگاکەم دوورکەوتمەوە، دامناپۆشیتەوە. نا... تەنانەت پێم ناڵێیت:
لە کوێ دەنوویت؟.
باوەم.. فێری هەموو شتێ بووم، هەموو ئەوانەی لەلای تۆ ئەستەم بوون، من بە ئاگاییەوە کردم..
باوکە.. منیش لە کرێوەکاندا بەڕووتووقوتی یاریم بە بەفرەکان دەکرد. فێربووم دانەدانەی چل چرایەکان بشکێنم. پێیان وتم: شەرم وەک جگەرە دەکێشرێت. وتیا: هەموو شتەکان ئێستا لە دایک دەبن.
نا.. درۆ لە حزووری تۆدا ناکەم.. ئەوان دەرسیان دام کەنابووت ئاسا کاوێژی ڕابردوو نەکەمەوە.. ئاخر چارم نەبوو. جنێوییان بەباوکی تۆشدا.. دەبوو قبووڵی بکەم.
بەڵام توانیم.. ئا.. هیچیان نەبوێرم.
منیش توانیم جنێو بە باپیرەشییان بدەم. ئەوان تووڕە نەدەبوون. دەیانوت: ئێمە ونبووین، بەتەنیا تۆ یادمان دەخەیتەوە کەونبووین.
باوکە گیان درەنگ لێیان تێگەیشتم. ساویلکەبووم.. کە دەموت ئەوە ماڵەکەتانە.. مۆڕەیان لێدەکردم. کە پێم دەوتن: خێزانەکانتان چاوەڕێتانن.
قاقایان لێدەدا. پێیان دەوتم:
جیاوازییەک لە غەمەکانماندا نییە.. بەڵام تۆ ئازایەتی ئەوەت نییە باسییان بکەی!.
دەیانوت: کەسێک نییە لەو چارەنووسە قوتار بێت.
باوکە گیان.. بەڵام نەلە شەقکردنی کەللەسەرەکان دادەچڵەکێم، نە لە لرخەلرخیان بێزاردەبم!.. بەڵام لەخۆم دەترسم.. لە تۆش دەترسم باوەم.. لە هەموو شتێک.
بەڵام.. بابە.. ئەوان هەست بەوەناکەن.. ئاخر بابە گێلترن لەوەی بتوانن جیاوازی شتەکان دەست نیشانکەن.
با.. تەنیا کەسێک.. کەسێکە.. چاوانی زەردە وەک گەڵا پایز. باوەم تۆش دەیناسیت! ئاخر ئەو دەتوانێ زیرەکیمان لێ زەوتبکات.. گێلێتی بکاتە خەسڵەتمان.
باوەگیان.. کەسێکە.. دەبێت نەیناسیت؟! ئەو بەسانایی خۆی دەگۆڕێت.. لەو ساحیرانە دەچێت کە لە حیکایەتەکانتدا دەژیا. ئاخر باوک...
پێم شەرمە پێت بڵێم، دەیوت:
مەگەر جیاوازی چرکەکان، هێندەی وادەی پێکەوەلکانی سەگ و تسینی چۆلەکەیەک بێت).

(٣)

پێم دەڵێت:
– دەتەوێت چیت بۆ بڵێم؟!
دەڵێت:
– نەهامەتی ئەوکاتە دەست پێدەکات، دزێک بکەیتە پێغەمبەر و پەپوولەیەکیش بەدووپشک!!
وتی:
بەڵام درۆزنیت!... نەء... گێل و نەفامیشیت!.
چ سحرێک بوو خودایە.. شتەکان چەند بەپەلە دەگۆڕان.. چەندێ هەوڵم دەدا هەست بە بچووکیم نەکات، بێوەجتربووم لەوەی هیچ لە ڕوویدا بڵێم، ئەویش کەسێک نەبوو وەک خۆی بمێنێتەوە، دەگۆڕا.. چوون

کەسێک لە بەزەیی و سۆز خوڵقابێت، بەسۆزێکی بەزەیی ئامێزەوە لێی دەڕوانیم:

- نا.. نا.. گێل نیت... با.. هەڵخەڵەتاویت!!

دەیوت:

- بەڵام ساڵەهایە وەک خۆتیت.. ساڵەهایە درۆیەک دەڵێیت و خۆشنوودیت بەوە دێت لێت بسەلمێنن کە ڕاست دەڵێیت!.

پێی دەوتم:

چارەڕەش، بۆ گەمژەیەک گەربیەوێت سەرنجبدات، هەموو ئەوانە نازانێت کە تۆ دەتەوێت بیانلێیت؟.

دەیوت:

ئم.. دالێک و قورینگێک لەیەک ئاسماندا دەفڕن، بەڵام فڕینیان جیاوازە؟! ئا.. بەڵام ئەوان ناتوانن لە مانای باڵ لێکدان تێبگەن؟ ڕەنگە بێز لە فڕین بکەنەوە.. ئا.. دەبێت بیریان بخەیتەوە دەتوانن بەرینتر لە سنوورەکەیان باڵ لێک بنێن. دەیسا هەستیشیان پێکرد؟ هەشبەسەر.. بەڵام بە فیتۆکەیەکیان بێبایەخترین سەما دەکەیت!!.

من دەبوو گوێم بۆ ڕانەگرتبا.. ئەو قاچە درێژەکانی دەخستە سەریەکتری.. دانیشتنێکی سەیری هەبوو، قاچی چەپی بەتەختی لەسەر زەوییەکە دانابوو، قاچی ڕاستیشی بەسەر ئەژنۆی چەپییەوە ناوەناوە بۆ پێشەوە دەبزواند. لێ تەماشاشی نەدەکردم.. وەک بڵێیت تەواوی بوونی منی سڕیبێتەوە. ئەو ئیتر لەو کەسە بەستەزمانە نەدەچوو، کە گریانەکانی ماتبوونم پێ ببەخشێت. نەزمی وتەکانی لە چیرۆکنووسەکە دەچوو:

بەڵام بەختەوەربێت کە هێشتا دەتوانیت سوارچاکێکی نێو خەیاڵاتەکان بیت؟ چەندت پێخۆشە گەر هەر هەموویان هاوار بکەن:

بەڕێز.. تۆ تاکە سوارچاکەکانی.. پەیامبەری عەشقەکانی ئێمە، بەچاوی حەسرەتەوە تێت دەڕوانین.. تۆ دەنگی ئێمە بە. ڕامەوەستە. ئاوزەنگی لێدە. جڵەوت شل بکە.. با.. هەموومان لەگەڵتا گەشتبکەین؟!.

تۆ خۆشنوودیت بەوە دێت؟! شەرم دەکەیت؟.

ئێستا ڕووم تێدەکات.. نەرمە پێکەنینێکی دەبیستم:

ئم!!.. دەشێت بۆنی ئارەقی تەوێڵ وسنگیشت بکەن.. جا بۆنا؟! ئەوانیش لە وشکبوونی گەرووتدا، پەستێن لە بێدەربەستی ئا.. جنێو بدەن بەو گوڵانەی نەیانتوانی چەند شەونمێک لە خۆر بدزن و لەسینەیاندا حەشاری بدەن. تۆ مەوەستە و ڕکێفت توند مەکە! ئەو گەشتەت لەکیس مەدە.. گەشتی تۆ بەتەنیا گەشتی خۆت نییە! تۆ، دەبێت ئەو لاوکە گەنم ڕەنگیانە بدۆزییەوە کە بەر لە وتنیان زیندە بەچاڵکران!. شۆڕەسوار!! جڵەوت شل بکە.. هێشتا ماوتە لە سەرگەردانی و وێڵگەردی کەسێک بپرسیت، کە لە دایکبوونی بە مردن دەسپێرێت.. هێشتا ماوتە لە غەمی ژنێک بژنەڤیت کە بە شەنگی ڕوخساری غەمبارە و نەفرەت لە جەستەیی دەکات.. گوێ بۆ خرمەی ناڵچەکەت شلکە! کچێک.. چەلەنگ وەک نمە، ڕوخساری پڕە لە پرسیار.. لەسەر ڕێتە، تەماشایی مەکە.. منداڵێک دەگری.. ڕەنگە نەشزانێت مانای باوک مردن چییە.. تۆ ڕامەوەستێ!. کەسێک دەبینیت زویری بۆتە ناسنامەی.. کەسێکە خوێنێکی تەڕ لە سینەیەوە بازرەقە دەکات.. بۆنی ماندووبوون لە ڕۆح دێت.. کەسێکە دەیەوێت پێت بڵێت: پەشیمانییەکانم بنووسەرەوە.. کەسێکە بەزوبانی حاڵ پێت دەڵێت: لە خشتەیانبردم.. بەهەڵە ژیانی گۆڕم هەڵبژارد.. غەمگینی و حەسرەتەکانم بنووسەرەوە..

پێیان بڵێ: ناپاکەکان، چ..... . ڕامەوەستە! تۆ دەبێت خۆشڕەویت ئەندێشەکانت نەشەمزێنێ.. سەفەرێکی ئەفسووناویتە...

های ترحێو!!.

دەمەوێت پێی بڵێم: ئەگەر بێڕێزی سنووری هەبێت تۆ ئەوەشت بەزاند. ئەو ئیتر قسەیەک ناکات. من هێندەی دی دەهری دەبم.

- دەتەوێت چارەنووست بەرەو کوێ بەرم؟

ئەو دەیەوێت پێبکەنێت، بەڵام هەرگیز پێکەنین ئاوانییە.. لێم تووڕەیە! ڕوخساری پڕە لە تووڕەبوون..

ڕوخساری سامناکتر.. چیدەکات؟! دەجووڵێت.. بەڵام پاڵەوانی هیچ چیرۆکێک... تەواوی جەستەی لە ڕوخساریدا جەم دەبێت.. کەسێک، خۆی و کەللەسەرێکی تەنیا.. نەزمی وتەکانی دەگۆڕێت. چوون ئەفسەرێکی بێ ڕۆحم، کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا مرۆڤبوونی خۆی لە یاددەچێتەوە.

ئەوەنییە دەڵێت ساڵانێکە لەگەڵما ژیاوە. ئەوانەم بەیاد دەخاتەوە، کە هەرگیز نامەوێت بەیادم بکەونەوە.

# وشکە ساڵ

**محەمەد زەفزاف**
**لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

فازمە تامسلوحت لە سێبەری دیوارەکەدا ڕاوەستاو دەستی خستە سەر چاوی، تەماشای ڕێگا خۆڵاوییەکەی دەکرد ئەوەی لە دەشتە ڕەقوتەقەکەوە پێچی دەکردەوە، ئەوێندەرێ چ پووش و پەلاش و لەوەڕێکی لێ نەبوو، بڕێک پەز و پۆلەی لەڕولاواز نەبێت، دەتگوت خەیاڵەکانی بە ڕەگوڕیشەی ئەو دەرختانەوە لکاون کە لقوپۆیان بەو گڕە و گەرمایە چوو بوو بە ئاسمانا، یەکێک لە منداڵەکانی تۆپەڵە پەڕۆینەکەی براکەی ڕفاند، ئەوەی کە فازمە تامسلوحت لە پەڕۆکۆنە و شڕوشیتاڵ بۆی دروست کردبوون کاتێک داوای تۆپیان لێ کرد، ڕێگا خۆڵاوییەکە بای دەدایەوە تا تەواو باریک دەبووەوە و پاشانیش دیارنەدەما، ڕقوش دوێنێ کە سەتڵە ئاوەکەی پێدا وتی: مقەیەتی بە چێشتی خۆت و منداڵەکانتی پێ لێنێ، پێویست ناکات خۆتان بشۆن، منداڵەکان هەوەسیان بێت ئەم سەتڵە ئاوە دەنێن بەسەریانەوە و بە یەکجار دەیخۆنەوە، ئەگەڕ ڕقوش نەبووایە فازمە تامسلوحت و منداڵەکانی بە فەلاکەت دەچوون و دەمردن، پیاوەکەی ڕقوش دەتوانێ هەفتەی دوو بەرمیل ئاو پەیا کات، بە هێستر لەو بیرە دەیهێنێ کە نزیکەی پێنج کیلۆمەترێک لە دێکەیانەوە دوورە، ئەگەر ڕقوش کچی میمکی نەبووایە، یەک چۆڕ ئاوی پێنەدەدا، پیاوێکیش نییە بتوانێ وەک پیاوەکەی ڕقوش بکات، بەهەرحاڵ ئەو ئێستا نازانێ کەوا وشکەساڵی هەموو ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئەو لەگەڵ ئەو ڕێبوارانەی لە شارەوە دێن پارەو پوولی بۆ دەنێرێتەوە، شار هەمووی خێر و بەرەکەتە، ئەو ئەمە دەساڵ زیاترە لە چایخانەکان فستق و ناوکە کوولەکە دەفرۆشێ، ئەم لە ژیانیا شار و چایخانە و باڕی نەدیوە،ساڵی دووسێ جار باسی ئەمانەی بۆ دەکات، کاتێک دێتەوە و لەگەڵیدا دەخەوێ تا منداڵی



زیاتری بۆ بهێنێ، بەڵام ئەم هیچ لەو دنیایە تێناگات، ئەو ماڵەش کە لە خشت و قوڕ دروستی کردووە، لەماڵی شار دەچێت وەک پیاوەکەی وتی، بەڵکو زۆر لەو ماڵانەش گەورەترە کە لە قەفەس دەچن و دەیان منداڵ تیانا کەڵەک بووە، هەموو لەیەک جێگادا دەستوئاو دەکەن، لەبەر دەرگاکەیدا سرەیان گرتووە تا نۆرەیان بێت، ئێرە نەبێت ئینسان دەتوانێ بە کەیفی خۆی لەو دەشتودەرە چۆڵوهۆڵە لە کوێ بیەوێ دەستوئاوی خۆی دەکات، زەوییەکە لەبەر چاوی ڕەق و تەق و وشک و تفت و چاڵوچۆڵی بوو، پێش ساڵێک هەمووی سەوزەڵانی و گژوگیا بوو، کار و بەرخیلەکان سەرەڕای کەمی ژمارەیان قەڵەو و پڕگۆشت بوون، بەڵام ئێستا کاتێک ژمارەیان زۆر بوو زەوییەکە بوو بە تەختە تاوێرێکی ڕەقوتەق و ڕەنگی ڕێگا خۆڵاوییەکەی لێ نیشت، یەکێک لە منداڵەکانی وتی: فازمە باوکم کەی ئاو دەهێنی؟ خەریکە لە تینوا دەخنکێم. بێدەنگ بە، درۆزن، تەنیا دەتەوێ سەتڵەکە بنێیتە سەرتەوە، تۆزێ تر دێتەوە و ئاو دەهێنێ، باوکت چووە بۆ بازاڕ بەرمیلی دووانتان بۆ پەیاکات ئەی گوێلکە، دوێنێ کە هاتەوە تووشی سەرسوڕمان بوو، بڕوای نەدەکرد کە خوا بتوانێ ئاوا بەم شێوەیە باران ڕاگرێ و نەیبارێنێ وەک ئەمساڵ کردوویەتی. ڕێبوارەکان باسی ئەم وشکەساڵییەیان بۆ کردبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بڕوای نەدەکرد بەم شێوەیە بێت، پێیان وتبوو هەندێ ئاژەڵ و شتی وا مردار بوونەتەوە، ئەمەی وەک شتێکی ئاسایی هاتبووە بەرچاو، چونکە لە بارودۆخی ئاوادا بڕێک ئاژەڵ هەر مردار دەبێتەوە، وەلێ ئەم جارە هەموو ماڵاتەکان هاتبوون بەلادا، هەموو ئەو شەتڵ و نەمامانەی بە دەسکەوتی فرۆشتنی فستق و ناوکە کوولەکە کڕیبوونی هەڵوەریبوون، کاتێ فازمە باسی بەسەرهاتی دۆڤەرەکەی بۆ کرد، خەریک بوو لە هۆش خۆی بچێ، تاقەتی نەبوو پیاڵە چایەکەی بخواتەوە. چایەکەت بخۆ، سارد دەبێتەوە. خوا هەردوو ئەژنۆم ساردکاتەوە. خوا سەری خۆت و منداڵەکانت سەلامەت کات، یاخوا هەر بەڵایەک بۆ تۆ دێ بکەوێ لە من، تۆ باوکی منداڵەکانمی. بەڵام هەموو پەزوپۆڵەکان مردارەوەبوون. پەزەپۆڵەی خەڵکیش گشتی مردارەوەبوون، ئەوان نازانم چۆنیان پەیداکرد، بەڵام من تۆک بە هەردوو پێمەوە نەما ئەوەندە لەم چایخانەکەوە بڕۆم بۆ ئەو چایخانە، مردم ئەوەندە لە ترسی جەندرمە و دەرەکدا ڕاکەم، چەندجار بە شەق و تێهەڵدان بردوومیان بۆ بنکەکەیان. ئیتر دەڵێی چی ئیرادەی خوایە. یەکێک لە منداڵەکان هاواری کرد: فازمە کەی باوکم دێتەوە؟ بەپێ پەتییەکەی لەقەیەکی کێشا بەنێو زگیا. زۆر ژانی کرد، بەڵام دانی بەخۆیا گرت و ڕایکرد بۆ ئەو دووره، خوشک و براکانی لەلای گەوەڕەکە کە سێبەری بەرەو نەمان دەچوو قاقا پێدەکەنین، پیاوەکە سوێندی خوارد بوو بەهەر هیمەت و قیمەت و ڕێگایەک بووە بە دوو سێ بەرمیلەوە بێتەوە، هەروەک براکەم پیاوەکەی ڕقوش. فازمە تامسلوحت لە وەستان ماندوو بوو، تلە بەردێکی گەورە لەوێندەرێ لە زەوی چەقیبوو، چوو لەسەر دانیشت، هەروا چاودێری ڕێگاخۆڵاوییەکەی دەکرد، تارمایی ئاژەڵێک کە لەبەر لەڕولاتی نەدەجووڵایەوە، چاوەڕێی ساتی مردارەوە بوونی بوو، بێگومان کە پیاوەکەی هەموویان سەردەبڕی تا بە پارەیەکی کەم گۆشتەکەیان بفرۆشێ، بەڵام کەس گۆشت ناخوات عالەم گشتی تووشی زگ چوون و ڕشانەوە بوون، کەس حەزی لە گۆشت نەماوە، ئێستا نرخی سەوزەوات بەرزبووەتەوە، تەنانەت تەماتەش بووە بە شت و باس دەکرێ، بە منداڵەکانی وت: خوامە و خوا هەرکامێکتان دەچن بەلای ئێشەکانی ئەو گۆزە ئاوەدا شەرت بێ وا زگتان بگوشم تا میز دەکەنە نێو شەرواڵەکەتان، شەرواڵیان نەبوو، کراسی پانوپۆڕی ئاودامان و لاشان هەڵتلیشاویان هەبوو، کراسی لە چڵکا ڕەق بووی پاڵدم داڕزاو، گرنگیان بە قسەکانی نەدا خەریکی شتەکانی خۆیان بوون، ئەویش چوو بەلای خۆیەوە بە مێردەکەی وت: باشتر بوو لەگەڵ براکەم بچوایەیت بۆ ئەو جێگایەی ئاوی لێ دەهێنێ، هێسترێکت لەلای ئایت یان حەسۆ بەیارمەتی بهێنایە و تۆش وەک براکەمت بکردایە. ئایا لەو باوەڕەدای ئایت یان حەسۆ هێستری خۆیان بدەن بە من؟ ئەی بۆ نا، مەگەر خاڵوانت نین؟ دەڵێی لەبیرت چووە لە دوای مردنی ڕەحمەتی دایکم چی ڕووی دا. چی بووە؟ شتی وا ئاساییە لەنێوان عالەمەکەی خوا ڕوودەدات. من ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شتێکی ئاساییم نەزانیوە، ئەلحەمیلا کە ئەوان بوونە هۆی کۆچکردنم بۆ دارولبەیزا، ئەگەر ئەم وشکەساڵییە نەبوایە هەموو زەوی و زارەکانیانم دەکری و تێیدا دەمکردن بە هێستر، من

وتم هێستریێکیان بەیارمەتی لا بهێنە نەموت هێستر بکڕە. شتی وا ناکەم، سبەی لە بازاڕیشا هەرکامێکیان ببینم قسەی لەگەڵ ناکەم، ئەوانە خاڵوانی من نین و هیچ پێوەندییەکیشم پێیانەوە نییە، گرژی و تووڕەییەکەی دوێنێ شەوی دەموچاوی بیرهاتەوەوە، دوێنێ شەو دەنگی گۆڕا، ترسا تووشی فێ بێت، چونکە ئەو حاڵەتە هەندێ جار تووشی دێت و تا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەری نادات، سەرەنجام بە تەنیشتییەوە خەوت و تەنانەت هەر بەریشی نەکرد بە لایەوە، پێی وت سبەی زوو هەڵمسێنە، بەڵام خۆی پێش ئەو هەستا، سوور بوو لەسەر ئەوەی هەرچۆنێ بووە دەبێ لە بازاڕ ئاو پەیداکات، ئێستا هەستی بە ڕەقی تلە تاوێرەکەی ژێری کرد، گوێی بەو ئێش و ئازارە نەدا، ئەگەر بەرمیلێک یان دووان ئاوی بهێنایە ژیانی منداڵەکانی دابین دەکرد، بەڵام ئەم زەوییە و ئەو دارانە چارە نییە تازە وشک بوون و مردوون، وەلێ ئاژەڵەکان زۆربەیان تۆپین، کاتێک کە هەستا و کەمێک بۆ دواوە گەڕایەوە لە ئاسۆکەوە تارماییی کامیونێکی بۆری بینی، هەروا تەماشای دەکرد، ئەویش بەپێچاوپێچی ڕێگا خۆڵاوییەکەدا دەهات، کاتێک کە ماشێنەکە نزیک بووە منداڵگەل ڕایان کرد بۆ پیری، بازیان دەدا و چاوەڕوان بوون بگاتە لایان، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا فێرنەبوون سەیارە ببینن، ئەوان بیلامانێ فێری بینینی عەرەبانەی دوای ولاغ بوون، کە سەیارەکە گەیشتە لایان ڕێگاکەیان بۆ چۆڵ کرد، بەدوایا هەڵقوون هەڵقوون دەستیان کرد بە ڕاکردن ئەویش بەرەو لایماڵیان دەچوو، باوکیان و دوو سەربازی تێدا بوو، هەر سەیارەکە وەستا فازمە گورج نتکا بوو، چونکە لە پیاوەکەی هیچ پیاوێکی تر بۆی نییە دەموچاوی ببینێ، خێرا دابەزین و لەسەیارە عەسکەرییەکە لەو دەشتە سێ بەرمیلیان کردە خوارەوە و بە هەمان خێرایی دابەزینەکەیان سوار بوونەوە، ئینجا سەیارەکە بای دایەوە و بە ڕێگا خۆڵاوییەکەدا بەنێو لقوپۆی دارە وشکەکاندا تێیتەقاند، ئاژەڵ و چوار پێکان بە بیستنی دەنگی سەیارەکە هیچ دانەچڵەکان، چونکە زۆر لەڕولات و بێ هێز و کەم تاقەت بوون، فازمە پەیا بووەوە، ئەم ئاوەت لەکوێ پەیاکرد؟ بە سێ سەت درەم کڕیومن، ئەمسکان کوڕی ئۆتۆگرێت ناردمی بۆ لای ئەم دوو سەربازە، ئەوان ئاوی سەربازگەکەیان دەدزن و لەبازاڕی ڕەشدا دەیفرۆشن.

باشە ئەوان ئاو لەکوێ دەهێنن؟ ئەوان عەسکەرن هەموو شتێکیان چنگ دەکەوێ، دەوڵەت بۆیان دابین دەکات، خۆشبەختن، بەڵێنیان دامێ ئەگەر دەمی خۆم بگرم و لای کەس باسی ناکەم دەتوانن بە نرخێکی کەم ئەوەندە ئاوم بۆ پەیدا بکەن تەنانەت بەشی حەیوانەکانیش بکات، بەڵام خۆمن بۆ کێ باسی دەکەم؟ وەلێ لەوانەیە ئەمسکان کوڕی ئۆتۆگرێت باسی بکات؟ ئەو بۆ باسی دەکات خۆ ئەو خۆیشی ئاویان لێ دەکڕێ، بەخوا من بڕوام بە بەنی بەشەر نەماوە، ئەرێ ئێستاش وەک جاران هەر ژن دەهێنێ و تەڵاقی دەدات؟ جا تۆ بۆ پرسیاری دەکەی خۆ بەتەما نیت شووی پێ بکەی؟ دەمت داخەو ئەم بەرمیلەم لەگەڵا پاڵ دە. دەستی کرد بە پاڵدانی بەرمیلی یەکەم، منداڵەکان بەدوایدا هاتن و لەگەڵیدا دەستیان کرد بە پاڵدانی ئەو بەرمیلەی کە دەنگی شڵپ و هۆڕی ئاوەکەی دەبیسرا وتی: بڕۆن بۆ خۆتان لە دوورەوە وازی کەن، بەخوا هەر کامێکتان لەم بەرمیلە ئاوە نزیک ببێتەوە دەیخنکێنم. مێردەکەی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو عەرەقی نێوچاوانی دەسڕی، پشتی دابوو بەدیواری گەوەڕەکەوە سەیری دەشتەکەی دەکرد، کە فازمە بەرمیلە ئاوەکانی دەغلانەوە بۆ سێبەرەکە وتی: بچۆ پیاڵەیەک چایم بۆ بکە. چوو چایەکەی بۆ لێنێ،چاوی هەڵبڕی و تەماشایەکی ئاسمانی کرد سایەقەی ساماڵ بوو، ئێستا لەدارو لبەیزائیش ئاسمان ساماڵ و شینە، وەلێ لەوێ هەموو شتێکیان هەیە، تەنانەت مەلەوانگەکانیشیان پڕلە ئاوە، بینیانی مەلە دەکەن و دەخۆنەوە، سەندەویچ دەخۆن، ژنان و پیاوان یەکتر لە ئامێز دەگرن و پێدەکەنن، نازانم ئەم هەموو پارەیە لەکوێ دەهێنن، فازمە وتی: دێیتە ژوورەوە، یان هەر لەوێ چاکەت دەخۆیتەوە؟ قۆریەکە لێرە دانێ و بچوو خەریکی ئیشی خۆت بە، سینییەکەی لەبەردەمیدا داناو گەڕایەوە، دەنگی منداڵەکان لە جێگایەکی دوورەوە دەهاتە گوێی، چایەکی بۆ خۆی تێکرد، زۆر گەرم بوو، یەکێک لەمنداڵەکان هاتە لای و داوای قومێ چای لێکرد، پێی وت بڕۆ گلاسی بەتاڵ بێنە، بەڵام منداڵەکە دای لە پڕمەی گریان و لە دەرگاکەوە بە ڕاکردن بۆی دەرچوو، فازمە سەرێکی دەرهێناو وتی: دەک هاربی ئێستا بۆ ناهێڵی باوکت پیاڵە چایەکەی بە ئیسراحەت بخواتەوە؟! سەری هەڵبڕی و وتی: گلاسێکی بدەرێ. نتکا بوو دوای تۆزێ بە

گلاسێکەوە هاتەوە و بەزمانی بەربەری وتی: ئەتوست ئشتشی [زەهر بخوا]. لەدوور سەیارەیەکی بینی وەک پنتکێکی ڕەش دیار بوو، لە جێگای خۆیدا وەستاو ملی درێژ کردەوە، چاوی کز ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا بوو کە ئاژەڵ نییە و سەیارەیە، تۆ بڵێی دوو سەربازەکەبن بە بەرمیلێکی تری ئاوەوە هاتبێنەوە؟ هاواری بۆ ژنەکەی کرد: فازمە دوو سەربازەکە بە بەرمیلێکی تری ئاوەوە گەڕانەوە، بەسەروپێی پەتی ڕای کرد، چوو لەسەر تلەتاوێرە لەزەوییە چەقیوەکە وەستا دەستی خستە سەر چاوی وتی: ئەمە لە سەیارەکەی ئەوان ناچێ تۆی کتوکوێر بوو هیچ نابینی. گەڕایەوە و چووە ژوورەوە، بەرەو ڕێگا خۆڵایەکە ڕۆیشت، ئێستا ئیتر دڵنیا بوو ئەمە سەیارەکەی ئەوان نییە، ماشینێکی جێبی چکۆلانە بوو، منداڵەکان دیاریاندایەوە و لەچۆڵەوانەیەکەدا بڵاوبوونەوە و دەستیان کرد بە بازدان و یەکێکیان وتی: ئاوە ئاوە. باوکیان وتی: بڕۆ بۆ لای دایکت بەچەوازی کوشتوو. کاتێک بینی ئەوە ماشینی پیاوانی دەرەکە پشتاوپشت گەڕایەوە، منداڵەکان هەڵهاتن و بەدوای باوکیاندا چوونە ماڵەوە لە کونی دەرگاکەوە تەماشای باوکیان دەکرد، کاتێک ترساوو پەشۆکاو گەڕایەوە و ڕەنگی دەموچاوە زەرد و هەڵبزڕکاو بوو، دوو دەرەکەکە دابەزین و لە دەرگایاندا، یەکێکیان چووە لای حەسارەکە میز بکات، ئەوەکەشیان تا تاقەتی هەبوو لەقەیەکی کێشا بەنێو زگی کابرادا، سەگی سەگباب، ئاوی دەوڵەت لە ئۆردوگای سەربازەکان دەدزی، کوا بەرمیلەکان؟ ئەو دەرەکەکەی تر زنجیری پەنتۆڵەکەی ڕاکێشا، وەک یەکێ دیار بوو ئەوەی لە بەردەمیدا ڕوودەدات هیچ بەلایەوە گرنگ نەبێت، پیاوەکە کەوتە سەر زەویەکە، دەرەکەکە پشتەملی گرت و ڕاستی کردەوە و وتی: پێم بڵێ کوا ئاوەکە؟

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی [الاقوی] محەمەد زەفزاف، ساڵی ١٩٧٨، چاپی دووەم، ڕۆژنامەی سەباح ٢٠٠٧/٣/٢٤، لاپەڕەی(٥) چیرۆکی الجفاف.**



بەڕۆژ ئاكرەیی بەهۆی ئەو بەهرەیەی لە كۆشیعری (مردن لە ئاوێنەدا- ١٩٩٣) نواندی، وەک شاعیرێكی هونەرمەند خۆی ناساند. ئەم كۆشیعرە لەناو شیعری نوێی كوردیدا ئاستێكی هونەری بۆ دەستنیشان كرا. دواتر بەردەوامی و كۆشیعرەكانی دیكەی (لەودیو شەوی پەیڤەكانەوە- ١٩٩٦. فەرامۆشیی نازناوی مەرگە-١٩٩٨. بە تەمابووم لە تەم بدوێم-٢٠٠٠). ئاستی ئەو ناساندنەیان لە ناوەندی ڕۆشنبیری كوردی تا ئاستێک فراوان و بەهێزتركرد.

شاعیر لەم هەڤپەیڤینەدا لەو پێوەندییانە دەدوێت كە لەناو شاعیریەتیدا جەمسەرەكان دەگەیەننەوە یەک و پێكهێنەری بەرهەمەكانین.

# بەڕۆژ ئاكرەیی:
# كە لوتكەمان خستە پاڵ ناوی گۆران ئەوە بارێكی سیاسی دروستی كردووە، چیرۆک و ڕۆمانی كوردیش لە قووڵاییەكی فیكرییەوە نەنووسراون

**ئا: رامان**

**بەبوێرییەوە دەتوانم بڵێم کاری جیدی وەک ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعری کوردی نەکراوە**

**ڕامان:** (یوونس) و (دوڕێ) لە پێکهاتەی کەسایەتی تۆدا دەوریان چی بووە. چ وەک کەسایەتیت و چ وەک بە شاعیربوونت، یان چۆن کەسایەتی باوک و دایکت لە شیعرەکانتدا بەکاربردوون و جووڵاندوونت، بە تایبەتی ئەوکاتانەی کە لێیان دوور بوویت و بینینیان فەرامۆشی خەونێک بووە بۆت؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** دیارە منیش وەک هەموو کەسێک کە لە دایک دەبێت، دایک و باوکێکی هەیە، بۆ من یوونس و دوڕێ ئەو دایک و باوکە بوون، بەپێی ئەو شتەی کە لەدنیادا چارەنووسی مرۆڤەکان دروست دەکات جا ڕێکەوتە، یان شتێکی ترە، وا هەڵکەوت ژیانی ئێمە کە بۆ من دایکم زۆر گەورەتر بوو لە باوکم، بە حوکمی ئەوەی کە من لەو ڕۆژەوەی چاوم کردەوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکم بینیوە، چونکە باوکم هەر لە شاخ بووە، دایکم ئێمەی گەورە کردووە. دوای ئەوە کە ئیتر قۆناغێکی دی دەستی پێکرد بابڵێین چووینە شاخ و لەوێوە چووینە ئێران و ئەو هەموو ساڵە کە لەوێ بووین بۆ من دیارە ئەم شتەی کە بتوانین پێی بڵێین ناوەند، ئەو ناوەندی خێزان ئەو دایک و باوکە بەناچاری بوون بەهەموو شتێک، واتە بێننە بەرچاو لە هەموو تەمەنی خۆمدا ئەزموونی هەبوونی کوڕی خاڵ و کوڕی مام و ئەوانەم نەبووە. ئەوانەم هەبوون، بەڵام نەمدیبوون. لە ناچاریدا ئەم دایک و باوکە، ناچاربوون ببن بە هەموو شتێک، دیسان دەیڵێمەوە بەتایبەت دایک. دیارە وەک کەسێک کە خۆی دەناسێنێت تۆزێک خۆی بێ تام دەکات ئەوەم نووسی، چونکە وەک ئەوەی هیچ شتێکی ترم نەبوو بیڵێم، ئەمە بووە. قۆناغەکەی تریش ئەوەی کە دەشێت ئەو شتەی کە مرۆڤ دەینووسێت دوایی دەتوانێت خۆشی بە شوێن ماناکانیدا بگەڕێت ئەوەیان بەحەقیقەت ناتوانم باسی لێوە بکەم.

**ڕامان:** گەلێک ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی نوێبەخشی شیعری کوردی نووسراون، بۆچوونت بەرانبەر ئەو دستنیشانکردنانە چییە، یان تۆ چۆنی دەستنیشان دەکەیت؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** من پێم وایە کاتێک باسی (گۆران) دەکەین دیارە ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە، گۆرانێکمان هەیە کە بە حەقیقەت ئەوەندەی کە باس بکرێت هەڵبسەنگێنرێت و نیشان بدرێ هەنگاوەکانی چۆن بوون و لەکوێ چەوت بوون، لەکوێ دروست بوون، یان بابڵێین ئایدیا و خەیاڵی گۆران بۆ شیعر چی بووە، میتۆدەکانی کە ئەو پێشنیاری دەکات چی بووە. ئێمە هەر بەوە وازمان هێناوە کە لوتکەیەکمان خستۆتە سەر ناوی گۆران و پێی دەڵێین گۆرانی لوتکە. خودی گۆران من پێم وایە بە هەر هۆیەک بێت، کە لەوانەیە زیاتر هۆیەکی سیاسی بووبێت کە گۆران شاعیرێکی سیاسی بووە لەسەردەمی خۆیدا، ئەو سەردەمە زۆرتر وەک ئێستاش هەڵپەی سیاسەت و ئەو شتانە گرنگ بووە، گۆران هیچی بۆ ئێمە بەجێ نەهێشتووە وەک دیراسە، وەک خوێندنەوە، وەک بینین. یەک دوو نامەی هەیە وابزانم بۆ (پیرەمێرد)ی ناردووە ئەوانە کە هەڵیسەنگێنی و وای دابنێ لەگەڵ (نیما)ی ئێران کە هەردووکیان یەک پلەیان هەیە بابڵێین. بە حەقیقەت دەبینین نیما کۆمەڵێکی زۆر کتێبی هەیە کە هەر نە تەنیا لەبارەی شیعرو هونەرەوە قسە دەکات، بەڵکو لە بارەی شانۆگەریشەوە قسە دەکات. نامەکانی نیما بۆ سێ وەچەی دوای خۆی، هێشتا ڕێ نیشاندەرە، ڕێنیشاندەر نە بەو مانایەی کە هەرچییەکی گوتووە دەبێت پەیڕەو بکرێت، ڕێنیشاندەر بەو مانایەی کە تیشک دەخاتە سەر هەندێک شوێن کە لەوانەیە لەدوای چەند ساڵێک تۆ دەتوانیت لەو شوێنە ڕێیەی کە نیما لە تاریکی ئەو سەردەمەدا تیشکی خستۆتەسەر بەرەو بنجبەستیش ڕۆیشتوون، ئەمانە زۆر ئاساین. من پێم وایە ئەوەی کە لە شیعری کوردیدا شاعیرانی بەر لە ئێمە و تەنانەت ئەوانەی دوای (گۆران)یش هیچ کامیان (گۆران)یان نەخوێندۆتەوە. بەو مانایەی کە گۆران بۆ لێرەدا وادەکات. باسی ئەوە کراوە کە گۆران شاعیری سروشتە، گۆران شاعیری ئافرەت و جوانییە، ئەمانە هەمووی دەزانین، بەڵام پێشنیاری گۆران چییە؟ گۆران لە بارەی مۆسیقای شیعرەوە چی دەڵێت، لە بارەی عەرووزی عەرەبییەوە چی دەڵێت، دەربارەی چێژی شیعری کوردی و لەبارەی دەنگەکانەوە چی دەڵێت.

هێشتا ئێمە ئەمانە هیچیان نازانین کەسیش نەهاتووە هیچ بکات. پێشم وانییە بەم زووانە کەسێکی وابێت کە دابنیشێت گۆران بخوێنێتەوە تا وەک دیراسەکردن بزانێت چەوتییەکانی گۆران چین، بە تەئکید ئەگەر لەسەردەمی

خۆیدا بەباشی خوێندرابایەوە بەلای کەمەوە لەلای چەند کەسێکەوە لەوانەیە ئەوەی لە ئێران دوای نیما ڕوویدا، لە شیعری کوردیشدا ڕووی بدایە. لە شیعری فارسیدا (ئەخەوان) بەشێکی گۆڕان دەگرێ و تا دوایی دەڕوا (شاملو) بەشێکی تری دەگرێ شاملو و نیما بەزمانی جادە قسە ناکەن، (فروغ) بە جۆرێکی تر دەڕوات، واتە هەموو ئەوانە سەرچاوەکەیان نیمایە، بەڵام لەناو کورددا ئەو شتە ڕووینەداوە، واتە ئێمە بێین گۆران بناسین وەک کەسێک کە خەریکە ئێسک و پرووسکی شیعری کوردی بشکێنێت و بە جۆرێکی تر داینێتەوە. ئێمە ئەمڕۆ گۆران دەخوێنینەوە، بەلای کەمەوە بۆ من وایە زۆر کۆن دێتە بەرچاو، کۆن بەو واتایە نا کە ئێمە زۆر لە کۆن دوورکەوتووینەتەوە، بەڵکو لایەنی هونەرەکەیەتی، ئەمانە نەخوێندراونەتەوە بۆیە هەر کەسێک ئەمڕۆ ڕاوبۆچوونێکی هەیە وەک ئەو ڕاوبۆچوونەی من کە ئێستا دەری دەبڕم، یان کە ئێستا بیردەکەمەوە ئێمە هاتووین ڕەسمی (گۆران)مان (سەراو ژێر) هەڵواسیوە ئەوانە یارین، واتە ئێمە لەگەڵ گۆران زۆرتر یاریمان کردووە، یان موجامەلەمان کردووە.

**ڕامان:** سێ جۆر پۆلێن کردن لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت، ئەم دەقە شاکارە، یان ئەم دەقە داهێنراوە، یان ئەم دەقە لاسایی کردنەوەیە. جیاوازییەکانی ئەم سێ خەسڵەتە چین، یان دەق چۆن هەریەک لەم خەسڵەتانە وەردەگرێت؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** ئەو پۆلێنکردنەی کە باسیان دەکەن، دیارە بەسێ دانە ناویان دەبەن لەوانەیە زۆرتریش بن جا ئەو سێ دانەیە لەبەرچاوی تۆ، یان بۆ من ئەگەر گرنگییەکیان هەبێت قسەیان لەبارەوە بکەین بە ڕاستی پێم وایە بەشێکی ئەو پرسیارەی ئەگەر بێتو بڵێین ئەوانە چین و چۆنی خودی ئەو کەسانەی کە هاتوون ئەم پۆلێنانەیان کردووە، دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە، چونکە هەر پۆلێنکردنێک ڕوونکردنەوەیەک لەسەر شیعر کردنەوەی دەرگایەکە کە دەبێت لەوێوە مشتومڕ بکرێت. لە بواری لێکۆڵینەوە و نووسینی ڕەخنە و ئەم جۆرە شتانە لە کوردیدا دەتوانم بە جورئەتەوە بڵێم کاری جددی نەکراوە، برادەرێتی کراوە. هاوبیری کراوە. پاڵپشتی کراوە، نازانم هەموو شتێک کراوە. لە شیعری کوردیدا من پێم وایە غەدر لە شاعیرەکان نەکراوە وەک غەدر لە خودی شیعر کراوە. ئەوانە، با خۆیان جواب بدەنەوە، من ئەوانە ناخوێنمەوە.

**ڕامان:** وەک شاعیر بەخششی جوانت پێشکێش کردووین کەچی چەند هەڤپەیڤینێک و وەرگێڕان و سەرنج و تێبینی ڕەخنەیی و زمان و شتی دیکەت نووسیوە، ئەم خۆ خەریک کردنەت بەم شتانەوە، ئایا کاریگەری بۆ شاعیرێتیت هەبووە، یان نا؟ چ زیان و سوودێکت بەهۆیانەوە لە ڕووی شیعرەوە پێگەیشتووە، یان لە بنەڕەتەوە بە چ ئامانج و کاریگەرییەک ئەم خۆ خەریک کردنانە هاتوونەتە ناو ژیان و بینینی شیعریت؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** نووسین و خوێندنەوە لە هەر قۆناغێکی تەمەندا بۆ مرۆڤ بە جۆرێک دەگۆڕێت. فلان بۆ ئەوە دەکات و بۆ فلان کار ناکات، ئەمانە هەمووی لە قۆناغەکانی تەمەندا ئەوەی کە من لە خۆم گەیشتووم دەگۆڕدرێت. قسەیەک هەیە لە بارەی (ئیمامی عەلی)یەوە گوتراوە من کارم بە لایەنی ئایینییەوە نییە، یان وەک کەسایەتییەکی مێژوویی، ئەو شتەم بەلاوە گرنگە تەنانەت ئەگەر واش نەبووبێت، بەڵام زۆر جوانە دەڵێن ئیمامی عەلی لەسەردەمی خەلافەتی عوسمان-دا دڵی هێندە پڕبووە، چونکە نەیوێراوە قسە بکات تا (نیفاق) نەکەوێتە نێو ئیسلام. ناچار بووە سەری بخاتە نێو چاڵێکەوە و قسە بکات. ئێ دیارە لایەنێکی شاعیرانەشی تێدایە دەڵێت عەلی کە سەری خستۆتە نێو چاڵەکەوە و قسەی کردووە چاڵەکە وشکی هێناوە، پێم وایە نووسین و خوێندنەوە بۆ مرۆڤ بۆ کەسێک کە هیچ شوێنێکی تری نییە تا تێیدا ڕووت بێتەوە لە زەینی خۆیدا بەزمانێک کە لەگەڵ خۆی بدوێت، یان لەگەڵ کەسێک بدوێت کە لەوانەیە پاش سەد ساڵی تر هەبێت. هەروەک نیما دەڵێت:

بیر لەوە بکەیتەوە کە پەنجا ساڵی تر کەسێک لە ژوورێکدا دانیشتووە و ناوی تۆ دەخوێنێتەوە ڕێک بیر دەکاتەوە تۆ چ حاڵێکت هەبووە. ئەمانە لەزەتی ئەوحاڵەتەن، یان لەزەتی ئەو دەربڕینەن، کە ئینسان ناتوانێت لەدەرەوە بیڵێت، یان سەری بخاتە چاڵی نووسینەوە، پێم وایە هەموو ئەو پەلەقاژەیەی کە مرۆڤ لە بواری نووسیندا دەیکات لە پێناوی یەک شتدایە لەپێناو ئەوەی کە قووڵتر بێتەوە. قووڵتر بخوێنێتەوە. قووڵتر خۆی بناسێت. ئەگەر نەگاتە ئێسقانی خۆی بەلای کەمەوە لەپێستەکەی خۆی بچێتە ژوورەوە. تۆزێک زیاتر ڕۆبچێت. دیارە ئەم پەلەقاژەیە، یان هەوڵانەی کە بۆ خۆم

داومــە من ســەردەمــانێک لە ئێــران دەســتم کــرد بە موقابەلەکردنی کۆمەڵێک نووسەری ئێرانی کە بەڕاستی قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئەوانە لەکوێ چاپ دەکرێن، چونکە ئێمە لە ئێران گۆڤارێکی کوردیمان نەبوو ئەوەی کە بەدەســتــمــان دەگــەیشت ئەوە (کــاروان) و (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (ڕۆژی کوردستان) و ئەوانە بوون کە لێرەوە دەهاتن. لاپەڕەکــانی ســەرەتای ئەو گــۆڤــارانە فشقیاتی سیاسی بوو کە نەماندەخوێندنەوە دڵنیاشم ئێوەش نەتاندەخوێندنەوە. جا مەبەستم لەوەیە کە مرۆڤ گەیشتە قۆناغێک دەبێت نەخۆشییەک هەبێت، تۆ موقابەلە بکەیت و بڵاوی نەکەیتەوە ئەمانە زۆرتر کە ئێستا بۆی دەچم، یان بیری لێ دەکەمەوە، یان ئەوکاتە بیرم لێ دەکردەوە بۆ من زیاتر ئەوە بوو کە من بیناسم، من بزانم بە دڵنیــاییــەوە دەڵێم من قــەت بیــرم لەوە نەکردۆتەوە ئەو کارە دەکەم تا خوێنەری کورد بە (شاملو) ئاشنا بکەم. من دەمویست خۆم ئاشنابم.

**ڕامان:** ئەگەر مەبەستە سەرەکییەکەت ئەوە بووبێ کارێکی زۆر شاعیرانەت کردووە.

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ڕێک وابووە، دەمویست خۆم ئاشنابم لە ڕێگەی منەوە ئەگەر کەسانی تریش ئاشنا دەبن ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

**ڕامان:** برادەرێکت هەیە ناسری سینا، ئەو یارمەتی دەرت بووە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** من لە شوێنێکی تریشدا باسم کردووە، لەسەردەمێکدا کە من لەتاران بووم دوایی کە چووم بۆ ئێزگەی تاران ئیشم کردو لەوێ لەگەڵ ناسر ئاشنابووم دیارە ئەوکات سینەمای دەخوێند کاریگەرییەکی چاکی لەسەرم هەبوو، هەروەها یارمەتیدەرم بوو. منیش یارمەتی دەرێکی باش بووم بۆ ئەو، چونکە لەو بوارەی کە ئەو ئیشی تێدا دەکرد سیناریۆ نووس بوو، هەمیشە موناقەشەمان دەکرد هەمیشە شەڕمان دەکرد، بەڵام من کە لەگەڵ ناسر ئاشنابووم و دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری گەنجی ئێران کە ئێستا خاوەن ناون من شتێک فێربووم ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت لەسەر شوێنی تەنانەت وشەیەک لە ڕستەدا ئەگەر بێتە پێش وادابنێین فرمانەکە چ دەبێ؟ یەدوڵڵای ڕوئیایی قسەیەکی جوانی هەیە کە لەم دواییەدا خوێندمەوە دەڵێت، نووسین، یان شیعر دۆزینەوەی شوێنی ڕاست و دروستی وشەیە لە ڕستەدا.

من لەو دانیشتنانەدا ئەوە فێر بووم لەوە چاوپێکەوتنانەدا هەمیشە کە شتێک دەنووسم پاش چەند ڕۆژێک بیخوێنمەوە و ڕەخنە لەخۆم بگرم. هەروەک (هێدی) لە شیعرێکدا کە بۆ (هێمن)ی نووسیوە کە من پێم وایە زۆر جوانە دەڵێت:

**وشە هەیە سەد باری لێ دەگۆڕم**
**گۆشە هەیە سەد جاری لێ دەنۆڕم**

پێم وایە ئەمە شیعری نوێیە، من کارم بە وەزن و قافیەکەی نییە. من توانیم بە مەبەستی ئەوەی بەدوای ئەم شتانەدا دەڕۆیشتم کەسێک نەبووم موقابەلە بکەم بۆ گۆڤارێک، پرسیارێک بکەم کە خوێنەر نایزانێت. ئەوانە پرسیاری من بوون، من حەزم دەکرد لێی تێبگەم. من کە چوومە سوید لەوێ توانیم هەندێکیان چاپ بکەم، ئەو موقابەلانەم هەر هەبوو.

**ڕامان:** ئەو پرۆژەی چەند ڕۆژێک لەمەوپێش بۆت باسکردین، گوتت جەلالەدینی ڕۆمیم وەرگێڕاوە و دەتەوێت بەدەنگی خۆت وەک سیدی بڵاوی بکەیتەوە. لە ڕاستیدا لەو بەشەی کوردستانی ئێمە ئەوە ئیشێکی نوێیە، پرۆژەی ئەو ئیشە چۆن سەری هەڵداو چۆن کەوتە ناو بیرکردنەوەی تۆ و ئەنجامەکەی تا ئێستا بەچی گەیشتووە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** مەولەوی، یان بەگشتی شیعری فارسی بۆ من کە لە ئێران دەرسم دەخوێند و لە ئێران (بێکەس) گوتەنی تووشی لافاوی عیلم هاتم، ئینجا ئێمە عیلمەکەی دەکەینە ئەدەبیات. سروشتییە تەئسیرێکی زۆری لەسەر هەست و تێڕوانین و ئەو حاڵەتانەی من هەبوو. مەسەلەن مەولەوی کە لێرە باسی دەکەین، ئەگەر درۆ نەبێت دەتوانم بڵێم بیست و پێنج ساڵێکە مەولەوی دەخوێنمەوە، من هێندە خوێندوومەتەوە دەتوانم بڵێم نیوەیم لەبەرە، یەعنی ڕیتمی شیعرەکانی و شێوەی دەربڕینەکەی و شێتایەتییەکەی لەزمان و وەزن و ئەمانە نییە، واتە دەنگی ئەو دەفەی کە لەژێر هەموو دێرەکانییەوە دەلەرزێت ئەمانە هەمووی هی ئەوەن کە لە مێشکدا بچەسپێن، قەت ڕۆژگارێک بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە ڕۆژگارێک دادەنیشم و مەولەوی تەرجەمە دەکەم، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ من لێرە بووم ئەم کتێبەی دوایی بڵاودەکرایەوە، من نەمهێشت بڵاوبکرێتەوە، چونکە وەک هەر کتێبێکی تر ئەتک کرابوو، دواتر ناچار بووم لەگەڵ خۆم بیبەمەوە سوید، کە لەوێ چاپی بکەم، ئەوەبوو پاشان دوای شەش ساڵ کاک خەبات عارف،

لەسەر حیسابی خۆی بۆی چاپ کردم. من لەوێدا لە بەشێکی شیعرەکاندا، ئنجا نازانم لە تەمبەڵیم بوو کە من لەوێدا شیعرێکی مەولەویم هەر بە فارسییەکەی نووسیبوو.

لەو کتێبە چەند دانەیەکم دابوو بە برادەرەکانم کە چوومەوە لێرەو لەوێ قسەمان دەکرد دوایی بۆ من تاقیکردنەوە بوو لە مۆسیقا و دەنگ و ئەمانە. لەوێ دەیانگوت ئەوە دەڵێی چی، بۆ بە فارسییەکەی داتناوەتەوە، دەمگوت لەبەر مۆسیقاو ڕیتمەکەی.

شەوێکیان کە ویستم تەرجەمەی بکەم، بزانم دەتوانم بیکەم، کە دانیشتم نازانم چۆن بوو توانیم بیکەم. ئیتر ئەو شەوە بەپەلە پروزێ هەستام و دیوانەکەی مەولەویم هێنا و من بە شەوێک شازدە غەزەلم تەرجەمە کرد، دواتر نەمتوانی یەک دانەیان تەرجەمە بکەم. نازانم وەک شەپۆلێک بوو. ئەگەر لە ڕۆژێکدا وەک ئاماژەتان پێدا بەسیدی بڵاوی بکەمەوە پێی ناڵێم تەرجەمە، چونکە ئەمانە (مەولەوی)ین بە ڕەوایەتی من. من هەوڵمداوە شتێک کە مەولەوی دەیڵێت بیدەمەوە، گرنگ دەنگ و قافیەکەیەتی.

من کاتێک ویستم تەرجەمەی بکەم، دیتم هەر زۆر زەحمەتە، چونکە ئەگەر تەرجەمەی حەرفی بکەین مەولەوی دەڵێت تۆ وەک زوڕناکەی منیت، بەبێ لێوی من دەنگت لێوە دەرنایەت. زوڕنا لەکوردیدا نێگەتیڤە دەڵێ: سیر بخۆ و زوڕنا لێدە. دەڵێ فلان کەس چی دەگوت دەڵێ وەڵڵا زوڕنای لێ دەدا، نێگەتیڤە نەتوانی تۆ بە کاری بهێنیت، چونکە لە فارسیدا نێگەتیڤ نییە. کاتێک دەڵێت چنگت مەبەستی هارب، قیسارەیە، ناچار بووم کە زۆر بیرم لێدەکردەوە، کردم بە:

**(تۆ بلوێری خەمی منیت**
**بەبێ لێوم مەناڵێنە**
**تا هەناسەم نەیژنەویت**
**هۆرە مەکە تۆ هیچ مەڵێ)**

واتە بتوانم بیکوردێنم، بیلا تەشبیهـ، کە دەڵێم بیلا تەشبیهـ ئەو کەسەی کە ناوی دێنم مەرتەبەکەی بۆ من زۆر گەورەیە، مامۆستا (هەژار)یش لە (خەیام)دا کارێکی وای کردووە، خەیامی تەرجەمە نەکردووە، زۆر کەس ڕایان وایە ئەوەی خەیام دەیڵێ زۆر جوانترە منیش ڕام وایە، بەڵام ئەوەی مامۆستا هەژار کوردییەکەیەتی و بە کوردیەکەشی هەر وادەبێت.

**ڕامان:** ئەو ئەزموونە پێشتریش لە ئەدەبی کوردیدا کراوە، هەر بۆ نموونە (پیرەمێرد) شیعرەکانی (مەولەوی) هەڵگێڕاوەتەوە بۆ سۆرانی، گیانە بێگەردەکەی وەرگرتووە. لە کۆشیعری بەتەما بووم لەتەم بدوێم، هەندێک ئیشتان لەژێر ڕستەکان کردووە، دەتوانیت لەو بارەیەوە کەمێک بۆمان بدوێیت؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** من لەو ماوەیەی کە خەریکی شیعرەکانی کە بە تەمابووم لە تەم بدوێم، ئەم چەند ساڵەی دوایی زیاتر سەروکارم لەگەڵ مۆسیقایە وەک لە خوێندنەوە، ڕێکەوتێکی سەیر بوو.

**ڕامان:** مۆسیقا وەک گوێ ڕاگرتنی خۆتان، یان وەک خودی مۆسیقا ؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** دیارە من دوو ساڵ مۆسیقام خوێندووە، دوو ساڵ سەنتورم وەختی خۆی لە ئێران لێداوە، دوایی لەبەر تەمبەڵی خۆم وازم لێ هێنا، بەڵام مۆسیقا بەمانای ئەوەی موتابەعەی مۆسیقای جیهانی دەکەم. ڕێکەوت بوو لەگەڵ مۆسیقایەک ئاشنا بووم کە پێی دەڵێن قەوالی هی پاکستانییەکانە، دیارە لە بەشێکی هیندستانیش هەیە، قەوالی دیارە نەوعێک گۆرانی ئایینییە، بەڵام گەورەترین کەسیان کەسێکە بەناوی (نوسرەت عەلی فاتح خان) کە ساڵی ١٩٩٧ مردووە لە تەمەنی چل-پەنجا ساڵیدا کە گەنج بووە، ئەو مۆسیقایە کە گوێم لێدەگرت دەمبینی ڕیتمی مۆسیقا لای ئەم قەوالییانە بەشێوەیەکی ترە، ئێمە دەزانین کە مۆسیقای هیندی هەیە میزانی هەیە دوایی دەبێتە تەرجیح بەندیک و مۆسیقاکە هەڵدەگەڕێتەوە و لە سفرەوە دەست پێدەکات، لەوانەیە لە ڕیتمێکی سەرووتر دەست پێ بکات، بەڵام بەرهەرحاڵ ڕیتمێکی بازنەیی هەیە و دووپات دەبێتەوە لە قەوالیدا ئەمە دووپات نابێتەوە.

من ماوەیەکی زۆر زۆر لەگەڵ نۆستالژیدام، یەعنی گەرام هەرچی ئەو برادەرانەی سیدیان هەبوو پەیام کرد، هەندێکیان فارسین لێیان تێدەگەم، هەندێکیان بەزمانی ئۆردوون لێیان تێناگەم. بەهەرحاڵ ئەم ڕیتمانە لە

**کە شاعیرێک ئاستێکی جیهانی وەردەگرێت زەمان لە بێژینگی داوە، بە بۆچوونی کەس یان ڕەخنەگرانەوە نەبووە. زەمان ئیسپاتی مانەوەی داهێنان دەکات**

مێشکی مندا خەریک دەبوون دەزرنگانەوە و حاڵەتێکی تریان پەیدا دەکرد، بۆیە کاتێک قەڵەمم هەڵدەگرت بینووسم، بە حەقیقەت هەوڵم دەدا ئەو ڕیتم و عەرووزە نەبن کە لەکوردیدا تا ئێستا بەکارهاتوون. نەوعێک ڕیتمی نوێ سواری مێشکی مرۆڤ دەبێت تۆ لە هەر قۆناغێکدا لەگەڵ ئەو ڕیتمانەدا کار بکەیت دواتر گیرۆدەی ئەو ڕیتمانە دەبیت، ئەوانەی کە کاری مۆسیقا دەکەن دەزانن چۆنە، ئەوەبوو کە دەمنووسی لە زەینم لە مۆسیقادا لەحاڵ و هەوایەکدا بوو، بەڵام ئیتر ئەوەی کە لە زەینمدا لە حاڵەتی هەڵچووندایە لەوانەیە هەندێ وشە هەندێ پەیڤ ڕاو دەکات کە خۆی پێی سەیرە، چۆن دەتوانێت ئەو وشانە بێنێت. با بڵێین لەوە گرنگتر ئەوەبوو کە گەیشتم بەوەی کە شیعرێک تاکە شیعرێک وەک پارچەیەکی مۆسیقایی بێت نەک ئەوەی کە لە شیعری کۆندا ئێمە دەزانین:

**(کە تۆ هاتی لەناو میدی نەما باس**
**ڕەپا ڕەپا ڕەپا ڕەپ)**
**ئەوی تریشیان**
**(تەتە تەتە تەتە تەت)**

ئیتر هەر ئەمە دووبارە دەکرێتەوە، بۆیە ئەوانەی شیعری کلاسیک دەخوێننەوە ڕیتمێکی دوو بەیتی یەکەم کە دەخوێننەوە و دەیگرن تا کۆتایی هەر لەسەر ئەوە دەڕوات، کەچی لە زۆر جێگاشدا شاعیر وەکو شیعر ئەو بابەتەی کە باسی دەکات دەگۆڕێت بابڵێین باسی خۆشی دەکات، بەڵام بە هەمان ئاواز و تەزایەکەی سەرەتا خوێنەر دەیخوێنێتەوە مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم شیعرێک بەتاقی تەنیا دەتوانێت یەک پارچەی مۆسیقی بێت، ئەگەر نموونە بهێنمەوە، (لە بەتەمابووم لەتەم بدوێم)دا، شیعرێک هەیە کە وابزانم ئێستا گەر لەبەرم بێت دەڵێت:

**(هیچ نەبێژم ویرانە بۆ من کە بوێرم**
**مشتێ لە بۆنی مەمکت بدزم و**
**بەم ویرانەدا هەڵی ڕێژم**
**هیچ نەبێژم سەرم گێژە لەم لێژییەدا**
**کە فێرم دەکا دەنگی ڕووخان بەچاو بنۆشم و**
**هیچ نەبێژم)**

بۆ من ئەمە گرنگە تەواوی ئەم شیعرە پارچەیەکی مۆسیقاییە، ئاوازێکی هەیە کە دەتوانێت لەزەینی خوێنەردا بزرنگێتەوە، ئەمە یەک، دوایی خوێنەر پاش ئەم ئاوازە سەیری پێوەندی وشەکان دەکات، ئەم وشانە چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە و چ وێنەیەک دروست دەکەن، چی دەکەن من ئەمانەم بەلاوە گرنگ بوو.

**ڕامان:** لەئەزموونی تۆدا دەقی (نۆستالژیا) دەقێکی زۆر جوان بوو، هەستت دەکرد دەقێکە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی دەخوێنرێتەوە. نوختەی بینین تێیدا بەهێزە، کەچی وەک دەقێکی تاک مایەوە و دەقێکی دیکەت لەم ئاستەدا بەرهەم نەهێنا؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ئاسان نییە کە ئینسان هەندێ شت تاقی دەکاتەوە بۆ من نۆستالژیا، یان نووسینی نۆستالژیا تاقیکردنەوەیەک بوو ئەگەر دیقەتت دابێت وەک کوردی سابلاغی پێی دەڵێت سەگایەتییەک هەیە هەموو کەسێک لە نووسیندا هەیەتی، یان لە دانانی بەرهەمەکانی لە کتێبێکدا من هێندێک سەگایەتیم ئاوا بەکارهێناوە، ئەگەر وادابنێین لە (مردن لە ئاوێنەدا) و (دیسان مردن دیسان لە ئاوێنەدا) کە دەبوو دوو کتێب بان، بەڵام لەبەر بێ پارەیی هەردووکیان لەبەرگی یەک کتێبدا چاپ کراون، وەکو ئەوەی دوو خوشک پێکەوە بەمێرد بدەیت بۆ ئەوەی لەکۆڵت ببنەوە. ئیتر کە زۆرتر شیعری کورتم گوتووە کە کورد هەزار ناوی بۆ داناوە هەناسە شیعر و ئەو قسە نادروستانە، بەڵام لەکۆتاییدا کاتێک نۆستالژیام داناو بەلاپەڕەی زەرد دامنا هەم ویستم بۆ خۆم نیشانە بێت و هەم بە خوێنەر بڵێم ئەمانە هەمووی تەجروبەیەک بوون، ئێستا تەجروبەیەکی تر دەکەم لە کتێبی دووەمدا، یان کە دەکرێت بڵێم سێیەمدا کە (لەودیوی شەوی پەیڤەکان)دا، لەوێ دیسان بە قەسیدەیەکی درێژ دەست پێدەکات.

(مەسیح ڕۆیشت و مارکس مردو تاد...)

یەعنی وەکو ئەوەی بەردەوامی نۆستالژیا دیسان بەوە دەست پێدەکات، کەچی ئەو کە تەواو دەبێت من دیسان شیعری کورت و ئەو حاڵەتانەم هەیە، لەکۆتایی (لەودیو شەوی پەیڤەکان)ەوە دیسان شیعرێک هەیە کە وەکو پەخشان نووسراوەتەوە واتە بابڵێین خەتی لاریان لەگەڵ دانراوە، دیسان بۆ من وەکو ئەوە بوو بڵێم دیسان دەمەوێت تاقیکردنەوەیەکی تر بکەم، دیسان دەبینین بۆ نموونە لە (فەرامۆشی نازناوی مەرگە) من کۆتاییەکەی بە شیعرەکانی بەرۆژی شێت تەواوی دەکەم، کە تەجروبەیەکە لە بابڵێین لە ئێمە مرۆڤەکاندا لەتۆدا لەمندا بە ڕۆژێکی شێت هەیە، بە ڕۆژێکی ترسنۆک هەیە، بەرۆژێکی دەبەنگ هەیە.

**ڕامان:** واتە شەخسیەتێکت لە شەخسیەتی خۆت داهێناوە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ئا، بۆ من ئەویان تاقیکردنەوە بوو ئەگەر قەڵەم بدەمە دەست بەرۆژی شێت بزانم چی دەکات. ئەوانم دانا لە کۆتایی کتێبەکە مەبەستم لەوەبوو کە ئەمانە هەمووی تەجروبەن، نۆستالژیا بە حەقیقەت بۆ من تەنیا تەجروبەیەک بوو، کە ئەمڕۆ سەیری دەکەم.. هیچ پلانێکم بۆی نەبوو، یەعنی وەکو شتێک کە هەڵدەقووڵێت، بەڵام ئێستا پێشی پێ ناگرم بزانم تاکوێ دەڕوات.

**ڕامان:** من مەبەستم ئەوەبوو، لەناو ئەو قەسیدەیەدا سەرەتای وێنەیەک کۆتایی وێنەیەکی ترە، کۆتایی وێنەیەک سەرەتای وێنەیەکی ترە، یان وێنەکان یەک یەکتری وەردەگرنەوە، ئەوە تەجروبەیەکی جوانە وەک شیعر بەلای منەوە گرنگە لەلای تۆ وەک تاکانە ماوە، یان خۆت هەستت بەو هونەرە نەکردووە تا درێژە بەو هونەرە جوانە بدەیت، یان هەروەکو توانا نەتتوانیوە زیاتر لەناو ئەو تەجروبەیە ئیش بکەیت، یان وەک شتێکی تاکانە کە زۆرجار گرنگێتی بەشتێک دەدرێت وەک تاکانە بمێنێتەوە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** من پێم وایە (مەسیح ڕۆشت و مارکس مرد) ئەو شیعرەی سەرەتای (لەودیو پەیڤەکانەوە) هەمان تەجرووبەی نۆستالژیایە کە سەردەکەویت سەرناکەویت مەبەستێکی ترە.

**ڕامان:** نا. نا لەم شیعرەتدا شەخسیەت دیاری کراوە، (سەباح ڕەنجدەر) پێش چەند ساڵێک لە گۆڤاری ڕامان نووسینێکی لەبارەی ئەو قەسیدەیەوە نووسی، لەو قەسیدەیەدا شەخسیەتەکانت دیاری کردووە و شەخسیەتەکان ئیش دەکەن لە نۆستالژیادا وێنەکان ئیش دەکەن. دوو هونەری زۆر لێک جیاوازن من قسە کردنم لەسەر ئەو جیاوازییە هونەرییە لا گرنگ و مەبەستە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** نازانم.. نازانم.. من شتێک کە هەیە پێت دەڵێم، ئینسان کە کارێک دەکات دوایی کە خۆی دەزانێت لەو هەناسەیەدا لەو کەشوهەوایەدا کارێکی تر دەکاتەوە، دوایی بۆ خۆی دەزانێت دەتوانێت پەرەی پێ بدات، یان نا بەڕای من ئەگەر ئێمە بەردێکی جوانمان لەنێو کانیاوێک دەرهێنا پێمان جوان بوو، دامانناو، یان لەماڵەوە لەسەر مێزەکەمان داماننا دوایی کە دیسان چووینەوە سەر ئەو کانیاوە بۆ ئەوەی بەردی ئەوها بێنینەوە ئەگەر بەردەکانی تر خۆیان لە قەرەی ئەو نەدات با قەرەباڵغی نەکەین، با هەر ئەو بەردە بمێنێتەوە.

**ڕامان:** سێوەی گۆرانیبێژ ئامادەییەکی بەردەوامی لە شاعیرێتیتدا هەیە، ئایا بۆ کارت بۆ ئەمە نەکردووە ئەم ئامادەییە بەردەوامییە بکەیت بە دەقێکی شیعری، یان کە کەسایەتییەکی گیانی بوو بە دەقێکی بەرجەستە، بوونە گیانییەکە لای بەرهەمهێن کز دەبێت، ئایا کارنەکردنت لە کەسایەتی سێوە ئەم ترسەیە، یان تا ئێستا خۆی بەدەستەوە نەداوە و نەتوانینە، یان هەر شتێکی تر؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** بە حەقیقەت تا ئێستاش نازانم سێوە کێیە؟ من نە شتم لەسەر سێوە خوێندۆتەوە، نە دەزانم ژیانی چۆن بووە و نەدەزانم کەی مردووشە. ئەمانە وەک حەقیقەت دەڵێم. من لە تەمەنێکدا کاتێک لەئێران دەژیاین گوێم لە دەنگی سێوە بووە کە بەهەرحاڵ لە غەریبیدا بووین و نۆستالژیایەکی بۆ وڵاتەکەی خۆی و ئەو شوێنانەی کە جێی هێشتووە، یان پێیدا تێپەڕ بووە هەیە. بۆ من لە مۆسیقای کوردیدا سێوە کەسێک بوو کە گوێم لە دەنگی دەگرت کە دەیگوت: (ئەرێ گوڵێ) هەستم دەکرد بە قوڕگ گۆرانی ناڵێت، بەهەناو دەیلێت. یەعنی هەستم دەکرد، گۆرانی گوتن بۆ سێوە جووڵەیەکی هەڵەیە. سێوە گۆرانی دەچڕێ، گۆرانی چڕین، ڕەنگە بۆ ئەو بەکاربهێنرێت، چونکە هەموو گۆرانیبێژێک گۆرانی ناچڕێت. ئەمڕۆ گۆرانیبێژەکانی ئێمە دەمەلاسکێ دەکەنەوە ئەم دەمەلاسکێ کردنەوەیە لەگەڵ گۆرانی گوتنی ئەو، لەگەڵ دەربڕینی ئەو کاریگەرییەکی سەیریان لەسەرم دادەنا، بۆیە هەستم دەکرد کە لە خەیاڵی خۆمدا سێوە، یان دەنگی سێوە ئەو شێوە گۆرانی گوتنەی سێوە غەریبایەتییەکی تێدا بوو کە بەزەین و زەیهنیەتی گەنجانە برادەرێتیم لەگەڵی دروست دەکرد، هەروەک چۆن کەسێک برادەرێتی لەگەڵ سۆپەرمان دروست دەکات، یان لەگەڵ لەیل و مەجنون کاتێک دەیخوێنێتەوە خۆی لە شوێنی مەجنوون دەبینێتەوە، بۆ من سیحری سێوەش ئێستاش زۆر لەوە گرنگترە کە بیشکێنم، هەرکە ئێستاش باسی لێوە دەکرێت بریندارکردنە، وەک ئەوە وایە باسی بۆنی گوڵێک بکەیت. ناکرێت گوڵێک کە تۆ بۆنت کردووە بۆ منی باسی بکەیت. سێوە بۆ من لەو حاڵەتەدا بوو، ئێستاش ناتوانم دابنیشم و سێوە بکەمە تێکست. دەنگی سێوە بۆ من لە پاشخانی زەینی مندا

وەکو بڵێین بەردەبازێک بوو بۆ ئەوەی بتوانم قسە بکەم بۆ ئەوەی بتوانم هەناسە بدەم، هەناسەی لە قوڕگمدا ڕێکدەخست، بەڵام نازانم سێوە خەڵکی کوێیە، دەزانم دیان بوو، چونکە دەڵێن سێوەدیان، بەڵام بەقەناعەتەوە دەڵێم هیچ دەنگێک تاکو ئێستا هێندەی سێوە کاری تێ نەکردووم.

**ڕامان:** تۆ لەو قسانەی دەربارەی سێوە کردت هەست دەکەم سێوە وەهمێکی جوان بێت، یان فەزایەکی جوان بێت، ئەگەرچی ئیش کردن لەو وەهمە جوان و فەزا جوانەدا، تۆ کاری زاتی و جدیت کردووە، یان قەسیدەیەکت نووسیبێت وەک ئاماژەت پێدا بتەوێت هەناسەت لەگەڵ هەناسەی ئەودا تەنزیم بکەیت؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** نەمتوانیوە، ئینسان توانستەکانی خۆی دەزانێت وەک ئەوە وایە کە تۆ جۆگەلەیەک دەبینیت دەتەوێت هەولێرگوتەنی: قەڵەمبازێک بدەیت و بچیتە ئەوبەری. ئینسان دەزانێ دەتوانێ، یان ناتوانێ بەلای کەمەوە تۆ دەبێت لە هەشتا لەسەد تێپەڕیت تا بتوانیت ئەو بازە هەڵبدەیت، ئەوەی ڕاست بێت من ئەو توانایەم لەخۆمدا نەبینیوە.. بۆ من سێوە زیاتر هەستە، سێوە بۆ من کاتێک گوێم لێدەگرت دەڵێ: (ئەگەر فەقێ لەمەدرەسان دەخوێنن) ئێستاش مووی گیانم دەبزوێ، ناتوانیت هیچی لێ بکەیت. هەستم دەکرد خەریکی تەورات بووم، خەریکی ئینجیل بووم، خەریکی قورئان بووم، بۆ من ئەوانە وەکو دەقی کۆن نرخی گەورەیان هەیە، کارم بەبڕواکانیان نییە.

**ڕامان:** ئەی زەبوور؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** بە حەقیقەت زەبوورم نەبینیوە، یان ئاڤێستا. سەردەمێک وام هەستم دەکرد ئەگەر تەورات بەکوردی کرابا ئەوە دەبوو بەزمانی سێوە کرابا یەعنی بۆ من ئەم حاڵەتەی هەبوو.

جا پێت دەڵێم، قەد سێوە بۆ من کەسێک نەبووە، بیکەمە بەردەباز و بیکەمە بابەت، هەر بیریشم لێ نەکردۆتەوە، بۆ من هەبوونی ئەو وەک دەنگێک. وەک گۆرانییەکانی زەردەشتییەکان. بۆ من لەم ساڵانەی دواییدا کە گوێ لە مۆسیقا دەگرم ئێستا گەیشتوومەتە ئەوەی کە حەزناکەم لە گۆرانییەکە تێبگەم، چونکە دەمەوێت دەنگەکە وەک ئالەت ببیستم، وادانێ گۆرانیبێژێکی زۆر بەناوبانگی ئەمریکی هەیە بەناوی (لیۆن ئارت کۆین) کە شاعیریشە و ڕۆماننووسیشە هێشتاش ماوە، دەنگێکی سەیری هەیە، گەرچی ئینگلیزیش نازانم، بەڵام هەموو سیدیەکانیم هەیە. ڕۆژێکیان لە ستۆکهۆڵم میوانمان هەبوو برادەرەکانی سەرئیشمان هاتبوون، کچێکیان سەیری سیدییەکانی دەکرد گوتی دەنگی (لیۆن ئارت کۆین)ت بەلاوە خۆشە، گوتم بەڵێ، گوتی گۆرانییەکەی باسی ماریان دەکات ئەوەی لەژێر باران، گوتم نازانم گوتی گوێت لێ نەگرتووە، گوتم با بەس ئینگلیزی نازانم، گوتی ئەی چۆن گوێت لێگرتووە، پێی سەیر بوو، گوتی ئەی چ لەزەتێکی هەیە، گوتم دەنگەکەی بۆ من ئالەتە، مۆسیقای کوردی ئەگەر ئەمڕۆ، حەزم دەکرد کورد نەبام، کوردیم نەزانیبا، چونکە ماناکانی ئەوەندە قۆڕە ئەزێتم دەدا و نایەڵێ چێژ لە مۆسیقاکەش وەربگرم.

**ڕامان:** دەکرێت بڵێین حافز بۆ فارس، موتەنەبی بۆ عەرەب، ئیلیەت بۆ ئینگلیز، ڕامبۆ بۆ فەڕەنسی، پووشکین بۆ ڕووس، شاعیری هەموو چاخەکانن. بۆ کورد کێ دەستنیشان دەکەیت و ئەم دەستنیشانکردنە بنەماکانی چین؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** وەڵڵا پرسیارێکی زۆر سەختە، چونکە بابڵێین ئەو شاعیرانەی گەلەکانی تر کە باسیان دەکەیت، ئەوانە لە بێژنگی زەمان دراون بە ڕای کەسی نەبوونەتە ئەوانە، بە ڕای ڕەخنەگرەکان نەبوونەتە شاعیری ئەو وڵاتانە زەمەن ئیسپانی کردوون.

کە سەیری فەرهەنگی کوردی دەکەین، سەیر دەکەین ئەو زەمەنەی کە بەسەر ئەو کولتوورەدا تێپەڕیوە بە حوکمی کێشە سیاسییەکانی ئەم میللەتە قوڕبەسەرە هەر لە یەکەم ڕۆژییەوە تووشی بووە تا ئەمڕۆ ئێمە دەبینین بەداخەوە، کۆڵانی کولتووری کوردی کۆڵانێکی زۆر تەنگەبەرە هەر ئاوا بکەیت ئانیشکت بەری دەکەوێ، کۆنترینیان (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و بابەتاهیر)ن ئەگەر لە کوردییەکەی تێبگەین، کە زیاتریش شیعرەکانی فارسین. ئەمانە بۆ ئێمە زۆر دوور بێت. زۆر نزیکن، ئێمە کە سەیری ئەدەبی فارسی دەکەین، دەبینین حافز پێنج شەش سەدەیە، مەولەویش هەروا، نازانم سەعدی هەروا هی ئێمە ئەوەندە نییە لەوانەیە هەبێت نەمابێتەوە.. شتێک کە من زۆر بیری لێدەکەمەوە هەروەک لە مێژووی سیاسی کۆمەڵگایەک بە گومانم، لە مێژووە ئەدەبییەکەشی بە گومانم، تۆ بێنە بەرچاوت ئەگەر پاش پەنجا ساڵ کەسێک بێت ئەدەبیاتی کوردی هی ئەم

سەد ساڵە کۆبکاتەوەو بیەوێت ڕای لەسەر بدات ئەمانە دەبن کە جرت و فرت لە هەموو گۆڤارەکاندا هەن. تۆ پێت وانییە لەنێوان ئەحمەدی خانی و مەلای جزیریدا سەدان شاعیری تر هەبوویێتن، دەس ئێمە نەکەوتبێتن؟ مێژوو خیانەتی لە ئێمە کردووە، ئەگەر ئەدەبی ئەم چەند ساڵەی دوایی بخوێنینەوە بە ڕاستی جێگەی شەرمەزارییە، بە منیشەوە لە مێژوودا بمێنێتەوە، بۆیە زۆرجار بە برادەرەکانم دەڵێم نووسەر ئەوەیە کە هیچی بڵاونەکردۆتەوە، چونکە لەو قاڕی بازاڕەدا هەر ئەوەیە. جا سەرچیغ نەبم لە قسەکەی تۆ نازانم بۆ من لە(نالی) لایەنێکی دەربڕینی زمانی کوردییە (گۆران) لایەنێکە، بەڵام بە حەقیقەت من لە شیعری کوردیدا شاعیری تاکم نییە، لە شاعیری فارسیدا نیمام هەیە، من ئەدەبیاتی فارسی باشتر لە ئەدەبیاتی کوردی دەناسم بەحوکمی ئەوەی سەرچاوەکانم زیاتر فارسی بوون، بەهەرحاڵ من ئینسانێکی خوێن تاڵم، کوردی ناخوێنمەوە کوردی سەیردەکەم گۆڤاری کوردی سەیر دەکەم، خوێندنەوە شتێکی ترە، پێم وایە کورد ناخوێنتەوە، کورد سەیر دەکات لە ئەدەبیاتی فارسیشدا شاعیری تاکم نییە، تەنانەت حافزیش. بەڵێ حافز لە زماندا دەتوانین بڵێین وەکو نالی-یە لە شیعری کوردیدا مەحوی وەکو فەزا و زمانەکەی لە مەولەوی نزیکە، ئەوەشتان لێ ناشارمەوە ئەگەر کەسێک فارسی زانی باش بێت و دەقە فارسییەکان بخوێنێتەوە زۆر شاعیری کلاسیکی کوردی لەبەرچاو دەکەوێت کاریشم بەوە نییە دەشزانم زمانی کوردی وەکو شەجەرەی زمانەکان زمانێکی هیندۆئەورووپی و زمانێکی ئێرانییە، ئێران نە بەمانای ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، نە بەمانای جوگرافیای ئەمڕۆی ئێران، بەڵکو ئێران زەمین، کورد میللەتێکی ئێرانییە هەروەکو فارس میللەتێکی ئێرانییە. پێم وایە ئەمە قسە زۆر هەڵدەگرێت کورد بۆ ئەوەی پانتایی ڕۆشنبیری خۆی بەرفراوان بکات، دەبێت ئەدەبی فارسی بەهی خۆی بزانێت، یەعنی نەک لەبەر ئەوەی بڵێین کوردییە، چونکە ئێمە یەک زمانین، چۆن ئەورووپییەک زمانەکانی تر بەهی خۆی دەزانێت، بتهۆڤن شانازی ئەورووپایە بمانەوێت و نەمانەوێت جیا لەوە ئەگەر تۆزێ بەرفراوانی بکەینەوە، ئەمانە سەرمایەی مرۆڤن، شەکسپیر دەتوانێت هی من بێت ئەگەر زمانەکە

## بە لای منەوە نووسەر ئەوەیە کە جارێ هیچی بڵاو نەکردبێتەوە

ڕێگەم بدات، هەروەک چۆن مەحوی هی منە، چونکە ئەمانە سەرچاوەی بیری مرۆڤن.

**ڕامان:** گوتەزایەک هەیە دەڵێت شیعر تەنیا بەزمانی دایک دەنووسرێت. دایک مەبەست ماڵە، تۆ شێوەزارت کرمانجی باکوورە، کەچی بەشێوەزاری کرمانجی باشوور دەنووسیت. هۆی ئەمە چییە، لە کاتێکدا مەولەوی بەشێوە زاری دایکی کە هەورامی بوو شیعری نووسی و داهێنانی تێدا کرد و تا ئێستا وەک شاکار دەخوێنرێتەوە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** دیارە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت زمان و شێوەزارە، لەهجە جیاوازییەکی لەگەڵ زماندا هەیە. زمانی دایک ئەوەیە کە ئینسان لەناوچەیەکدا دەڕسکێ دواتر بابڵێین وەک چۆن خۆرەتاو و باران تەئسیری تێ دەکات، ئەمانە تەئسیری تێ دەکەن، یان ناوچەیەکی شاخاوی چۆن تەئسیر دەکات. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ چونکە بەزمان بیردەکاتەوە زمانی بیری هەبێت، بۆیە بۆ من مەسەلەکە بە جۆرێکی تر ڕووی دا، چونکە من هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە، هەروەک لە هەولێر دەڵێین خۆ جیوەت تێ نەکراوە، دەدانیشە، ئێمە دەتگوت جیوەمان تێکراوە قەت لە شوێنێک دانەنیشتووین. دیارە هۆکارەکەی سیاسی بووە کە باوکم کابرایەکی سیاسی بوو دوایی کە لەگەڵ حزبێکدا ژیاوە و ئێستاش هەر بەردەوامە و کاریشم بە بۆچوونی ئەوەوە نییە، لەماڵەوە کە ئێمە بە بادینی، یان کرمانجی قسە دەکەین قسەکانی ئێمە لە سنووری مەسەلەیەکی دەرنەدەچوو، چونکە لەناو کورددا گەورە نەبووم، بۆ نموونە من دوکانداری کوردم نەبینیبوو، کە بزانم کاتێ خەڵک دێت چۆن قسە دەکات من بە فارسی دەمبینی ئیبراهیم یوونسی قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: ئێمە کە لە مەکتەب دەمانخوێند کورد بووین و دەبوو فێرە فارسی ببایین، مامۆستاکانمان فارس بوون، کە لێیدانمان دەخوارد بە فارسی دەمانخوارد، بەڵام کە دەگریاین بە کوردی دەگریاین.

کە لە ئێران بووین، زۆر کتێبی باوکم هەبوو کە سەدجار خوێنرابوونەوە ئەمانە هەمووی لەلایەن منەوە خوێنرابوونەوە سۆرانی بوون.

**ڕامان:** ئەو کتێبانە چی بوون؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** (نالی)مان هەبوو، (قانیع)مان هەبوو، بە تورکی و فارسیش هەبوو. باوکم هاوڕێیەتی لەگەڵ مامۆستا (هەژار) هەبوو هاتوچۆمان هەبوو، بۆ من شتێک دروست بوو کە شاعیر دەبێت بەو شێوە زمانە قسە بکات، واتە کرمانجی خواروو (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی)مان هەبوو، بەڵام منی ڕانەدەکێشا.

ئەو زمانەی ئەوانیش شیعریان پێ نووسیبوو، لە ماڵی ئێمەدا دەبوو بەشوێن مەعناکەیدا گەڕابایت، چونکە زەمەنەکە هێندە دوورە، بێجگە لەوەی شاعیری بادینی تریشم بەرچاو نەکەوتبوو. چەند ساڵێکیش لەمەوپێش لە چاوپێکەوتنێکمدا هەر لە گۆڤاری ڕامان، ڕای سەیر و سەمەرەم دابوو، من بە حەقیقەت تا دوای شۆڕشی ئێران نەمدەزانی شیعری نوێی کوردی چییە، یەکەم جار لە هەشتا، یان هەشتاو یەکدا شیعری نوێم خوێندۆتەوە، باوکم هەندێ جار لە شنۆوە هەندێ کتێبی قاچاغی لەگەڵ خۆی دەهێنا. کاک سەرۆ قادر کە زۆر برادەر بووین، هەندێ کتێب و شتی بۆ دەناردم. یەکەمین شیعری (شێرکۆ بێکەس) کە خوێندمەوە کازیوە بوو، (عەبدوڵڵا پەشێو)م بە (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم) ناسیوە، هێندە دەبەنگیش بووم وامدەزانی بە تەئسیری شیعری نیما دەتوانم شیعری نوێی کوردی بنووسم هەر نەشمدەزانی (گۆران)یش هەیە. من پەشێوم خوێندۆتەوە، گۆڤارەکانی بەیان و ئەوانەم خوێندۆتەوە دوایی (گۆران)م خوێندۆتەوە. بەهەشت و یادگارم پەیداکردبوو دەمخوێندەوە. بە ڕاستی ئەمانە شیعری نوێ نین. بەخۆم دەگوت بۆ دەڵێن شیعری نوێی نووسیوە، چونکە زۆرتر هەر عەرووزەکە هەیە، ئەوانەم لە ساڵی ١٩٨٨دا خوێندۆتەوە، دۆن کیشۆتێک بووم، بەڵام سانچۆ پانزام نەبوو، ناچار ببووم بە سانچۆ پانزای خۆشم دواتر من ئەوەندە فارسیم خوێندبۆوە، ئیتر ئێستا بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە بەو زمانە سەختەی ئەو کاتە هەمبوو دادەنیشتم شاملوم تەرجەمە دەکرد، فروغم تەرجەمە دەکرد، بەبێ ئەوەی بزانم ڕۆژێک لەکوێدا بڵاوی دەکەمەوە، گەنجێک لەو تەمەنەدا خەریکی سیاسەتە لەتارانداو لەو وڵاتەدا هیچ شک نابەیت، قەراریش نەبوو شت بۆ کاروان و بەیان بنێرم ئەگەر بڵاویشی بکەنەوە، ئەم شتانەم بۆ خۆم دەکرد. ئیتر لەو کاتەوە سۆرانیم هەڵبژارد و بووە زمانی دەربڕینم. من مرۆڤێکی نەگبەتم بە فارسی دەخوێنمەوە و شیعر بە کوردی دەنووسم و ناتوانم یەک دێرە شیعر بە فارسی بنووسم. لەکاتێکدا بە فارسی چیرۆک دەنووسم و ناتوانم یەک پەرەگراف بە کوردی بنووسم، نەشمویستووە ئەوە بشکێنم و هەوڵیشم لەگەڵ نەداوە، ئەمە شتێکە بەبێ ئەوەی خۆم ئاگام لێ بێت وای لێ هاتووە و هەمیشە بەمەش مورتاح بووم.

**ڕامان:** لە سەرجەم قسەکانت شتێکمان لەلا دروست بوو، دەڵێی من دوکانداری کوردم نەبینیبوو. واتە هەست دەکەیت غیابێکی منداڵی هەیە لەماڵ بۆ کۆڵان، کۆڵان زیاتر زمانی تۆی پڕژاندووە و بۆتە زمانی دەربڕینت، نەک زمانی ماڵەوە، هەست ناکەیت ئەو باکگراوندە هەیە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ڕاستە، بە حەقیقەت من بیری لێ بکەمەوە دەزانم بۆ بەکوردی چیرۆکم نەنووسیوە، چونکە من کوردم نەناسیوە. من لە شارێکی نزیک تاران گەورە بووم، کە شەست ماڵێکی کوردی تێدا بوو هەندێکیان هەرکی بوون، هەندێکیان ئاکرەیی، هەندێکیان سوورچی بوون، لە هەموو ئەو شەست حەفتا ماڵەدا، کەدەبووایە شەست پیاویان هەبایە، یەکی دوو کوڕیشیان هەبایە دەیکردە سەدو بیست، تاقە کەسێک کە شیعری دەخوێندەوە من بووم، ئەوانیش منیان پێ کەر بوو، کوردێک نەبوو موناقەشەی لەگەڵ بکەم، بەنسبەت چیرۆکیشەوە دەبێت هەڵسوکەوتی خەڵک بزانیت، بزانیت سائیق تەکسییەک چۆن قسە دەکات، من ئەوانەم چونکە نەبینیوە، نازانم پیرێژنێک لەبەردەمی دوکانێک کە باینجان بکڕێت چۆنی دەکڕێت. زمانی شیعر زمانی خەیاڵ کردنە، دەتوانم بەخەیاڵ شت دروست بکەم، بەڵام لەچیرۆکدا ناتوانم، چیرۆک پێی لەسەر عەرزە.

**ڕامان:** زۆر شیعری کوردی کراونەتە گۆرانی، ئایا شیعری گۆرانی چ جیاوازییەکی لەگەڵ شیعری تێرامان هەیە، لەکاتێکدا شیعری تێرامانیش کراون بە گۆرانی بۆ نموونە شیعری (نالی) و (مەحوی) و (جزیری) و هی تریش؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** من پێم وایە هەروەک تۆ باسی دەکەیت هەندێ شیعر هەن شیعری تێرامان و لێوردبوونەوەن، نازانم ناوی چییان لێ بنێین. هەندێک شیعر ئاوان تەنانەت ئەگەر ڕۆمانسیەتیشی هەبێت، واتە وێنەکان، ئیماژەکان، واتە تۆ لە شیعرێکدا بە ئاماژەیەک دەتوانیت زۆر شت بخەیتە ڕوو. دیارە لە شیعری گۆرانیدا واتە ئەو شیعرەی کە دەکرێت بە گۆرانی، وەکو عەرەب دەڵێت دەبێت شتێکی (سەهلولمومتەنیع) بێت. بۆ نموونە نیما

کراوە بە گۆرانی.

**ڕامان:** گۆرانیش زۆر کراوە؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** بەڵێ گۆران زۆر کراوە، تەنانەت شیعرێکی تەئەمولی گۆران کە (هەستی دەروون)ە، کراوە بەگۆرانی، جا دەمێنێتە سەر ئەوەی کە گۆرانی هەندێک جار مافی شیعرەکەی دەداتەوە، یان نایداتەوە، گرفتەکە لە شیعری کوردیدا نییە، بەڵکو دەبینین چەندان گۆرانی کوردی هەیە وەکو تێکست ئەو شتەی کابرا دەیڵێت زۆر ماڵوێرانی و شتی لەو بابەتەی تێدایە، بەڵام وای دەڵێت تۆ شایی بۆ دەکەیت ئەمە (نەقضی فەرەزە)، ئەمە ئەتککردنی شیعرە. فەرز بکەیت لە ئێراندا گۆرانیبێژێکی کە ئێمە نموونەکەیمان لەکوردیدا نییە، بۆ نموونە گۆرانیبێژێکی باش خاوەن کەسایەتی، دەنگێکی باشی وەک فەرهاد، ئاساییە بەرانبەر ئەو بەزم و ڕەزمەی بازاڕی کلیپ و سمت و مەمک پیشان دان زۆر ڕەواجی نەبێت. فەرهاد و کەسانێکی وەک ئەو ڕۆشنبیرن، فەرهاد کە نیما دەکاتە گۆرانی، دەزانێت چۆنی دەکاتە گۆرانی، واتە حاڵەت و هارمۆنیای زەینی شیعرەکە لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام دەبینیت لە هەندێک حاڵەتدا دەستی تێ وەردەدات. بۆ نموونە لە شیعری بەفردا، هی نیما، نیما لەو شیعرە کە باسی بەفر دەکات دەڵێت: (ڤاسنا پیدا نیست)، ڤاسنا کێوێکە لەو ناوچەیەی نیما، وەکو ئەوە وایە کە پیرەمێرد بڵێت گۆیژە دیار نییە، فەرهاد دەزانێت هەموو بینەرێک نازانێت ڤاسنا چییە، چونکە لە ناوچەیەکە، بۆیە دەیگۆڕێت و دەڵێت (کێو دیار نییە) دەیکاتە عمومی، چونکە لە گۆرانیدا تۆ هەلی لێ وردبوونەوەت نییە، لەخوێندنەوەدا دەتوانیت شیعرێک چەند جارێک بگەڕێیتەوە سەری. ڕاستە لەگۆرانیشدا دەتوانیت بیهێنیتەوە و گوێی لێ بگریت، بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی کە لە شیعردا لەخوارەوە دەدرێت بۆ نموونە لەخوارەوە ئاماژە بە مانای ڤاسنا دەکرێت، بەڵام گۆرانی پەراوێزی نییە، بۆیە دەبێت ئەمانە بینە جێگەی مشتومڕ کە شیعر دەکرێتە گۆرانی، بیستوومە شیعرێکی نوێیان کردۆتە گۆرانی، بەڵام بە حەقیقەت کە مۆسیقای کوردی لەگەڵ شیعری دەکات مۆسیقایەکی زۆر زۆڵانە و بێ سیفەتانە و بێ شەرمانەیە.

**ڕامان:** کۆمەڵێک ڕۆمانی کوردی چاپ بووە، یان کۆمەڵێک شت بەناوی ڕۆمانەوە چاپ بووە و لە کتێبخانەی کوردیدا سلبی و ئیجابی هەیە، ئایا ڕۆمانی کوردی تاکو ئێستا توانیویەتی لە شارستانێتی شار بدوێت، یان پاڵەوانێک دروست بکات پاڵەوانێکی شاری بێت، یان چ ئاگادارییەکی ئەو ڕۆمانانەیت؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** ڕۆمانی کوردی وەکو چەند جار ئاماژەی پێ دراوە و ئاماژەشی پێ دەدرێت بەهەرحاڵ چەند ناوێک هەیە کە دەستیان داوەتە ڕۆمان و کاریان کردووە. بەحەقیقەت وادانێین کەسێکی وەکو (حوسێن عارف)، چیرۆکنوسێکی ریالیستە، لەسەردەمی خۆیدا شتی کردووە شتێکی تازەم لێ نەبینیوە، ئەم قسەیەی کە ئێستاش دەیڵێم، پێش دە ساڵ لەمەوپێش گوتوومە، کە دەستم داوەتە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی.

(محەمەد مەولوود مەم)، (لەتیف حامید) هەوڵی چاکیان هەیە، کۆمەڵە کەسێک هەیە، بە حەقیقەت نامەوێ وەک فەتوا دان بێت، سبەینێ کە بڵاوبۆوە بڵێن باسی ئەمی کردووە و باس ئەوی نەکردووە. من بەگشتی قسە دەکەم، بەڵام لێتانی ناشارمەوە لەزەت لە ڕۆمان و چیرۆکی کوردی نابینم، چونکە ئەو فۆرمە نییە کە من دەمەوێت. حیساب بۆ ئەوە ناکات ئەو فۆرمە بە کەڵکی ئەو بابەتە دێت، یان نا. هەر حەز دەکات بڵێن ئەو فۆرمەی بەکارهێناوە، کوردیش خراپتر لە میللەتەکانی جیهانی سێیەم، هەمیشە عەرەبانەی ئەدەبیاتەکەی مێژووەکەی لەدوای دواوەی میللەتانی ترەوە دێت. یەعنی ئەگەر فەرز بکەین قوتابخانە ئەدەبییەکانی جیهان لەسەر مشتومڕ دروست بوونە، دوایی لەسەر ئەو بەرهەمە مشتومڕ کراوە و بە بەرهەمەکانەوە ناویان پێ بەخشراوە بۆ نموونە سوریالیزم، پێش ئەوەی دابەزرێت بەرهەمەکانی هەبووە و لەوەوە ناونراوە، گرووپێک نەچوون دابنیشن و ئەم ناوە دابهێنن، دوایی ئەنالیز کرا.

پۆست مۆدێرنیزم و دادایزمیش هەر وایە، ئەمانە ئێمە ناومان لێ ناون، لەکاتی بەرهەمهێناندا خۆیان ئاگایان لێ نەبووە. ئێمە ئێستا دەڵێین خەڵکی یۆنانی کۆن، یان ئۆدیب، دواتر زانستی دەروونناسی ناوی لێ نا، فرۆید دۆزییەوە،خۆی نەیدەزانی تووشی گرێی ئۆدیب بووە. لەکوردیدا پێچەوانەیە مۆدێلەکانمان بۆ دێت جا دادەنیشیت و دەڵێ ئێستا دەمەوێت شیعری پۆست مۆدێرنیزم بنووسم، یان واقیعی سیحری دەنووسم، کاتێک واقیعی سیحری لە ئەمەریکای لاتینی سەری هەڵدا، خۆ گرووپێک نەبوو حزبێک بن و بڵێن بۆ لەبەیانییەوە شتێک نەنووسین واقیع تێکەڵ بەسیحر

بکەین، وانەبووە بەرهەم هەبووە دواتر، ناوی بەسەردا دابڕاوە. لەلای کورد ئەم هەوڵە ناحەز و چەپەڵە دەدرێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو ئەوانەی بەکوردی دەنووسن، من لەمڕۆدا بۆیە بەرهەمی کوردی ناخوێنمەوە، چونکە ماندوو بووم لەوەی قەڵەم هەڵگرم و ڕاستی بکەمەوە، مەبەستم داڕشتن و ئیقاع و هەناسەیە. تا ئێستا زۆربەی زۆری چیرۆکنووسان و ڕۆمانووسان نازانن دیالۆگ بنووسن، دەبێت دیالۆگ لەو کەسە بوەشێتەوە کە تۆ باسی دەکەیت، بۆیە دەبینین کاتێک پێم دەڵێن ئەم ڕۆمانە پۆست مۆدێرنیزمە، بۆیە تۆ لێی تێی ناگەیت، ئەمە هەمووی وەک خودی برای نووسەرمان قسە دەکەن، ئەمەش وەک حزبێک وایە کە دەبێت خەڵکیش باوەڕ بە قسەکانی بکات و بیلێتەوە.

ژان پۆل سارتر، گەرچی شانۆنامە و ڕۆمان و شیعریشی نووسیوە، بەڵام کەس وا نایناسێت، لە ئەدەبیاتدا ئەمانە قورس نین، فەلسەفە قورس و گرنگە. لە (ڕشانەوە)دا ڕەنگدانەوەی مەعریفەی سلبی بۆچوونی وجودی سارتر دەبینیتەوە، بەڵام ڕۆمانێکی گرنگ نییە، تێڕوانینەکانی خۆی دەکاتە دیالۆگ و دەیخاتە دەم پاڵەوانەکانی هەروەک چیرۆکە ئایینییەکان، هێشتا چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە قووڵاییەکی فیکرییەوە نانووسرێت، من حەوت هەشت ساڵێکە تەنیا سەیری شتی کوردی دەکەم نایخوێنمەوە، چونکە ڕام ناکێشێت من ناتوانم ئەمڕۆ لەم دەورەیەدا کە قسە بۆ هەندێ کەس دەکەم، ناتوانم گوێ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی بگرم، چونکە ناکرێت کابرا هەر قسە بکات و هەر من بۆی ڕاست بکەمەوە و ئەو هەر بەردەوام بێت لەسەر ئەو قسەکردنەی کە هەر هەمووی هەڵەیە، ئەمە وەکو ئەوە وایە بە جادەیەکدا بچم بۆ بەهەشت، بەڵام پێمەڕە بەرم بۆ ئەوەی جادەکە ڕاست بکەمەوە، کابرای نووسەر تۆ دەبێت ئەو جادەیە ڕاست بکەیتەوە، تۆ دەبێت ئەو زمانە بخوڵقێنیت زمانێکی هاجووجی ماجووجی کە سەگیش تێی ناگات.

**ڕامان:** هەست ناکەیت لێرە دژوارییەک لە ڕاکانت هەیە، دەڵێی من ماوەیەکە ئاگاداری ئەدەبی کوردی نیم، کەچی ئیشارەت بەوە دەدەیت کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی کورد ناتوانن دیالۆگ بنووسن، ئێستا چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ئاستێکی تریان بڕیوە. لەوانەیە تۆ لەسەر ئەو زاکیرەیە قسە بکەیت کە پێش بیست ساڵ نووسراوە؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** نا نا.. من پێمگوتی شتی کوردی.. چونکە خوێندنەوە وەکو خواردن وایە، تۆ شتی باش دەخۆیت، زەینت دەیخوات من بە خوێندنەوەی سەتحی دەڵێم سەیر کردن، بۆیە دەڵێم سەیری شتی کوردی دەکەم، چونکە لە ئاستی زماندا مێشکم دەبەنگ دەکات. یەعنی لە سەرپێیی زماندا وەڕسم دەکات. هەرچەندە لەزۆر گۆڤار و ڕۆژنامەدا خەریکە لێمان دەکەن بەتەیارە، من ناتوانم ڕۆمانێک بخوێنمەوە جیاوازی بەینی سەگی مێ و نێر نەزانێت و بۆی جیا نەکرێتەوە. ئینجا وەرە تۆ لەو ڕۆمانەدا ئیسپاتی خودام بۆ بکە، لەوە گرنگتر هەیە کە مێشکی ئینسان پێوەی خەریکە، یان باسی فەلسەفەم بۆ بکات، من ناتوانم ڕۆمانێک بخوێنمەوە کە لە سلێمانی فەرز بکە لە ساڵەکانی شەستدا ڕوو دەدا، بەڵام کابرایەک خەریکە بە شمشاڵ بتەهۆڤن لێدەدا ئەمە گاڵتەپێکردنە بە مێشکی من، ئەویش بە شمشاڵ مۆزارت لێدەدا، یان لەچایخانەیەکدا کە لەسەر تەنەکە دانیشتوون موناقەشە لەسەر ئەدورنۆ دەکەن، ئەوە بەڕۆژ بەکەر زانینە.

**ڕامان:** هەست دەکرێت ناوونیشانی کۆشیعرەکانت زیاتر ڕستەن لەوەی ئیحائی بن، ئایا دەتەوێت ناوونیشانەکانت مانا بگەیەنن، یان ئیحا بدەن. بۆ نموونە ئەوانە ناوونیشانی کۆشیعرەکانتن هەموویان ڕستەن کۆشیعری یەکەمت (مردن لە ئاوێنەدا) کۆشیعری دووەمت (لەودیو شەوی پەیڤەکانەوە) کۆشیعری سێیەمت (فەرامۆشی نازناوی مەرگە) کۆ شیعری چوارەمت (بەتەمابووم لەتەم بدوێم)؟

**بەڕۆژ ئاکرەیی:** من دەزانم، یان دیومە و بینیومە و بیستوومە و خوێندوومەتەوە کە کاتێک ناوێک بۆ بەرهەمێک دادەنرێت بە چەندین مەبەستەوە ناوێک هەڵدەبژێرێت و ناوێک هەڵنابژێردرێت لەلایەن خودی دانەرەوە، ئەویش ئەوەیە کە گوایە بۆ کۆمەڵە شیعر ئاسانترین کاریان وا لەبەرچاو گرتووە کە ناوی یەکێک لە شیعری ئەو کۆمەڵە لەسەر هەموو شیعرەکان دابنێن. بەهەرحاڵ ئەمە ڕەئییە، ئەوەی من هەوڵمداوە تەنانەت لە چیرۆکی فارسیشدا کە دەنووسم، من فەزای کتێبێکم بەلاوە گرنگە، فەزای دەغدەغەی کەسێک لەکۆمەڵە شیعرێکدا بەلامەوە گرنگە، فەرزبکەین ئەو ناوانەی کە تۆ دەیبینیت لە هیچ دێرێکی شیعرەکانیشمدا نین،

تەنانەت ئەو دێرانە لەو کتێبانەدا نین، من فەزاکانم لەبەرچاوە بۆ نموونە کاتێک دەڵێم مردن لە ئاوێنەدا بۆ من فەزاکەی گرنگە، لەودیو شەوی پەیڤەکانەوە، مەبەستم ئەوەیە کە خۆ ماندووکردن بە پەیڤەوە دیوێکی تاریکی هەیە وەک شەو، لە فارسیشدا هەروایە چیرۆکەکانم ناوناوە (درهمین حدود) یەعنی هەر لەم نێوانەدا، لەم حدوودەدا.. شتێکی لەو بابەتە هیچ پێوەندی بە چیرۆکەکانەوە نییە، هیچ چیرۆکێکم ئەو ناوەی نییە من مەبەستم ئەو چیرۆکانەیە کە لەو دەوروبەرەدا ڕوو دەدەن، ئەمە ناوەکەیەتی، یان فەرز بکەیت ئەو کتێبەی کە پار لەتاران بڵاوکرایەوە، سێزدە چیرۆکی پێکەوە گرێ دراووهەم لێک دابڕاون، دەتوانیت هەم تاک تاک بیانخوێنیتەوە هەم ئەوانە پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە کە هەمووشیان لە ڕۆژێکدا ڕوودەدەن بە فارسییەکەی ناوی «مائینجا هستیم» ئێمە لێرەین، هیچ کەسێک لەو چیرۆکانەدا تەنانەت دیالۆگێکی واشی نییە، من مەبەستم فەزاکانە ئەوەم بەلاوە گرنگە.

ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، لەو ساتانەی کە شیعر دەنووسین، هالەیەکی گشتی هەیە کە فەزای گشتی دروست دەکات من دەمەوێت ئەوانە بخەمە ڕوو.

**ڕامان:** دیارە هەر کۆمەڵە چیرۆکێکت بە فارسی چاپ کردووە، ئەو چیرۆکانەی کە نووسیوتن زەمینەی چیرۆکەکانت خەیاڵین، کوردین، دەمەوێت بڵێم شەخسیاتی کوردی تێدایە، مەبەستم وەک ناو نییە ناوی شەخسەتێک بەڕۆژە، یان ڕەوەز، ئەرزیەتە گشتییەکە چۆنە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ئەرزیەتە گشتییەکە بۆ من بەحەقیقەت وانین زۆرتر مرۆڤن، فەرز بکەین چیرۆکێکم هەیە بێ ئەوەی هیچ باسی بکەم، لە هەولێر ڕوودەدات بابڵێین فەزاکەی کوردییە، ئەگەر ناوەکەی تەرجەمە بکەین دەبێتە مراوییەکان، یان مەلەکان، چیرۆکەکە لەوە دەست پێدەکات کە کەسێک پاش بیست و حەوت ساڵ دەگەڕێتەوە شارێک و لەگەڵ کەسێک پیاسە دەکات، کە پێی دەڵێن ئێرە سینەمابوو، ئێرە دوکان بوو کە پێڵاوی دەفرۆشت. لە مەشغوڵی قسەکاندا دەگەنە لای سەرتاشێک ڕاوییەکە دەڵێت لێرە سەرتاشخانەیەک هەبوو کە منداڵ بووین، لەوێ سەرمان دەتاشی و پارەی لێ وەرنەدەگرتین و پارەشی دەداینێ. ئەویش دەڵێت ئێستاش ماوە دەتەوێت بچینە لای، کە دەچنە ژوورەوە کابرای سەرتاش مەرحەبایان دەکات، ئەویتریان ناناسێتەوە، ئەویش دەڵێت ئەمە کوڕمە شتێک ڕوودەدات باسی فەزای سەرتاشخانە دەکەم، دەڵێ ئێمە کە منداڵ بووین دەهاتین بۆ ئەم سەرتاشخانەیە تابلۆیەک هەڵواسرابوو سێ ڕاوچی تێدا بوو، لەنێودارستانێکدا بوون لوولەی تفەنگەکانیان بەرەو ئاسمان گرتبوو چوار مەل تێدەپەڕین، لەلوولەی یەکێکیان فیشەک دەرچوو بوو مەلێک بەرەو ئەرز دەهات کە منداڵ بووم هەمیشە بیرم دەکردەوە کە جارێکی تر هاتمەوە بزانم ئەو مەلە گەیشتۆتە عەرز، بەڵام قەت نەگەیشتێ ئێستاکە کە هاتۆتەوە لە ئەورووپاوە کابرای سەرتاش دایدەنێت لەسەر کورسییەکی جاران تا سەری بتاشێتەوە، دیسان هەمان تابلۆکە دووبارە دەبینێتەوە. مەبەستم لەوەیە کە ئەمە فەزای هەولێرە، تەنانەت ناڵێم کوردستانیش ئەوانەی تر زیاتر باس لە ئینسانی ئەورووپا دەکات گرینگ نییە ئیسپانییە ئێرانییە، چیرۆکێکم هەیە دوای شەڕی ئێران و ئێراق جەماعەتێک هەن لەکارخانەدا ئیش دەکەن، ئەوکاتە خەڵکیان دەبرد بۆ شەڕ مووچەی سەر ئیشیان دەداتێ، چیرۆکی دووسێ برادەرن کە دەبرێن بۆ شەڕ و هیچ باوەڕیان بە کتێب خوێندنەوە نییە و گاڵتەشیان بەشەڕ دێت، بەڵام ئێستا چوون بۆ ئەوێ ئیشی تەعمیرات بکەن بۆ ئاوەدان کردنەوە، ڕێکەوێت دەچنە ماڵێکەوە بۆ تەعمیرات، پڕیەتی لەکتێب، کتێبێکی ئەحمەدی شاملویان بەرچاو دەکەوێت دوایی کابرایەک، ئەڵقەیەکی لەسەر مێزەکە داناوە، دەڵێ پارێزگاری لە کتێبەکانم بکەن. دواتر مەسئوولێکی حزبوڵڵا دێت کتێبەکان دەباتە حەوشەو دەیانسووتێنێت، یەعنی شتە وای لێدێتەوە کە ئێستا دوێنێکە شەڕێک بووە عەرزی خەڵک بگرێت و خەڵک بکوژێت ئێستا ئەو شەڕە تەواو بووە، ئەو شەڕەی کە ڕژێمێک کردی بۆ ئەوەی دەستی بگاتە کولتوورێک نەیتوانی، بەڵام حکومەت خۆی ئەو کارە ئەنجام دەدات.

ئەمانە بۆ من بەحەقیقەت پێم گوتی ئەگەر زۆر ڕاستگۆ بم، من هێشتا ناتوانم کوردێک بەو شێوەیەی کە هەیە بکەم بە چیرۆک. یەعنی خوێن و پێست و گۆشتی بدەمێ. یەعنی بزانم کوردێک چۆن هەڵدەستێ، پێدەکەنێ، یان قسە دەکات، کتێبەکانی کوردیش ئەوەیان پیشان نەداوە، نازانم کە چیرۆکی کوردی دەخوێنمەوە، ڕاستە باسی سلێمانی و هەولێر دەکات، بەڵام هەرچەند

دەکەم بڕواناکەم، دەڵێیت ئەو خەڵکە لە مەریخەوە هاتووە.

من ئێستا ئەمەریکای لاتینم نەبینیوە، بەڵام بەپێی ڕۆمانەکانی چووزانم مارکیز. فۆنتیس. کۆرتەزار. ئەمانە، هەست دەکەم ئینسانی ئەمەریکای لاتینی دەناسم دەزانم چۆن خوێڕی دەبێت، بەڵام من ئینسانی کوردناناسم، بە حوکمی ئەوەی کە خۆشم تێیدا نەژیاوم ئەوانەم نەبینوە.

**ڕامان:** وەک ئاشکرایە بەڕادەیەکی باش ئاگاداری زمانی فارسی و شاعیرانی ئەو زمانەی. کاریگەری زمانی فارسی و شاعیرانی چی بووە بۆ گەشەی دیدو تێگەیشتن لە چییەتی شیعریتدا، ئایا شێوەی کارکردنی تۆ لە کامە شاعیریانەوە نزیکە و خاڵی هاوبەشتان لەچییەتی شیعردا دۆزیبێتەوە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** زمانی فارسی زۆر لە زمانی کوردییەوە نزیکە و ڕیشەکانیان یەکە هەتا ڕێزمانی زمانی فارسی لەگەڵ کوردی زۆر نزیکە و لە زۆر شوێندا وەک یەکن، وەک زمانی کوردی و عەرەبی نییە، وەک زمانی کوردی و تورکی نییە. من ئێستا دەزانم کەسێک بەعەرەبی خوێندبێتی بۆ زەحمەتە بە کوردی شیعر بنووسێت، چونکە هەر حەرفێکیان دوورە، زمانی کوردی لە سوێدییەوە نزیکە تاکو عەرەبی، چونکە هیندۆ ئەورووپییە ئەمە یەک دووەمیان بەشێکی زۆری فەرهەنگەکەی ئێمە لە یەکتر نزیکە، فەرهەنگی کورد لە فارسی نزیکترە وەکو عەرەب، یان تورک ئەمە بەباش و خراپی نایلێیم ئەمە وەکو شتێک کە هەیە جا بۆ کەسێکی وەکو من، کە کەوتبوومە ولاتێکی وەکو ئێران و هەموو شتێکی فارسی بوو، بە فارسی شەڕی کردووە، تێ هەڵدراوە بە فارسی هەزار کاری قۆڕی کردووە لە ژیانی خۆیدا ئەوەیە کە فارسییەکە یارمەتییەکی زۆری داوم، یەعنی من ئەمڕۆ وا دابنێین ئەگەر لەزمانی کوردیدا زۆر گومان لە شتێک بکەم سەرچاوەکەی لە فارسیدا دەدۆزمەوە دەزانم لەکوێوە هاتووە، لە فارسیشدا زۆر وشە هەیە کوردین و لە قۆناغێکدا جیا بوونەتەوە، من کەم شاعیری فارس هەیە نەمخوێندبێتەوە، دیارە مەبەستم لەزبڵەکانیان نییە، تەنانەت ئەوانەی کە لەسەردەمانێکدا هەوڵی نیوەچڵێشیان داوە، بەهەرحاڵ حەزم لەو ئیشەش بووە، تەنانەت شاعیرێکی کە لەوانەیە دوو ساڵ جارێک لەگۆڤارێکی فارسیدا ناوی نەیەت وەک (کیومرزی مورشید زادە) من ئەو کابرایەم خوێندەوە لەسەردەمی خۆیدا و زانیم مامۆستای ماتماتیکە و شیعر دەنووسێت و شیعر دەباتەوە سەر مەسەلە ماتماتیکییەکان- یەعنی ئەگەر شاعیرێک سەرنجی ڕاکێشابێتم، بەوردی بەدوایدا گەڕاوم و هەموو بەرهەمەکانیم دۆزیوەتەوە و خوێندومنەتەوە. لە هەر قۆناغێکیشدا شاعیرێک تەئسیری لەمن کردووە، بۆ نموونە ئەو تەئسیرەی کە شاملو پێشتر لەسەر منی هەبوو، ئێستا نییەتی.

**ڕامان:** دوا شاعیر کە کارت تێبکات کێیە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** لە سوێد شاعیرێکیان هەیە بەناوی (مەحموود داودی) کە تا ئێستا کۆمەڵە شیعرێکی چاپ کردووە، من پێم وایە باشترین شاعیرێکی فارسە لەدەرەوەی ئێران، من شیعری ئەوم زۆر پێ جوانە، پێ وردە کە بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردی، کە هەر هەنبانەی وشە ڕۆکردنە، تا لای ئەو پیربوونێک گرنگە. ئەم حەساسیەتەی زۆر گرنگە. شاعیرێکی تریان (ساقی قارەمان) لەکەنەدایە و ئافرەتە پێم وایە جەسورترین شاعیری هەموو مێژووی ئەدەبیاتی ئێرانە، چونکە بێ پەردە شیعر دەنووسێت.

**ڕامان:** لەگەڵ فەروخ-یش جیاوازی هەیە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** بەڵێ فەروغ لە شیعردا مەعسومە، بەڵام ساقی زۆر وەقیحە، ساقی زۆر بە ئیستراحەت لە شیعردا باسی لەشی خۆی دەکات. ساقی زۆر بە ئیستراحەت نووسەرێکی چاک و لێهاتووی وەک محەمەدی موختاری کە پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر یان دە ساڵ لەمەوبەر لە ئێران کوشتیان، وەک کۆمەڵێک نووسەر لە کۆڵان پەتیان کردە ملی و هەڵیان واسی. ئاساییە محەمەد موختار شەهید بوو حکومەت ئەم کارەی کرد زۆر لە شاعیران شیعریان بۆ نووسی، بەڵام ساقی شیعرێکی زۆر ئینسانی بۆ محەمەدی موختاری نووسی دەڵێ؛ (من نابم بەمرۆڤ، من شیاوی ئەوە نیم ببم بەمرۆڤ هەر دوێنێ کە محەمەدی موختاریان کوشت کە ڕەسمەکەیەم لەگۆڤارەکاندا بینی، بە خۆمم گوت بینیت محەمەدی موختاریان کوشت، بەڵام لەگەڵی نەخەوتم) زۆر سەریحە هێندە جەریئە ناوی کۆمەڵە شیعرەکەی ناوە (قەحپەگیان دەبەخشیت)، ئەمە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە شیعری کوردیدا ڕوودەدەن، یان لە فارسیدا هەن، بەناوی شکانی تابۆکان و ئەو شتانە بڵاو دەبێتەوە. ساقی ئەو نییە کە تەنیا تابۆکان دەشکێنێت، بەڵکو

لەمانای شیعر تێ دەگات. لەدۆزینەوەی وشە و دانانی لە شوێنی خۆیدا شارەزایە.

لە ئێراندا زیاد واحید کە ئوستادی فەلسەفەیە، چەند ساڵە شیعر دەنووسێت دوو کۆمەڵە شیعری هەیە، بەدوڵڵای ڕوئیایی بەلای منەوە هەزاران تەجروبەی هەیە، جەسوورە، پێنج سەدیان بۆ من موهیمە نێوانمان زۆر خۆشە، تەمەنی هەشتا ساڵە، تەنانەت کۆمەڵە شیعرێکم بەناوی (ئیمزایەکان) تەرجومە کردووە، چەند ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکردەوە بەناوی (حەفتا کێلی قەبر) کە هەموو شیعرەکانی تەنیا بۆ سەر کێل نووسراون، کە پێم وایە تەجروبەی وا تا ئێستا لە ئەدەبیاتی فارسیدا نەکراوە ئەمانە شیعری جدی فارسین، پێم گوتی من ئەو لەزەتەی جاران لە شاملو ناکەم، چونکە لە یارییەکەی شارەزابووم، کەمیشی ناکەمەوە. ئێستاش زۆر گەورەیە.

**ڕامان:** سوود وەرگرتن و (وەرگرتن) لە ئەزموونی شاعیرە داهێنەرەکان جیاوازییان لەکوێدایە، ئایا ئەدەبێک هەیە بەبێ سوود وەرگرتن بنووسرێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، یان ئەدەبێک بە (وەرگرتن) بنووسرێت دەبێتە داهێنانی سەربەخۆ، یان نا؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** وابزانم جارێکی تر لە چاوپێکەوتنێکدا ئەو قسەیەم کردووە کە قسەی (عەزرا پاوەند)ە، کە دەڵێت: «تا دەتوانیت تەئسیر وەرگرە لە شاعیرەکانی تر، بەڵام دوو مەرجی هەیە، یان هێندە ئازا بە ئاماژەی پێ بکە، یان وای بگۆڕە خودی شاعیرەکەش نەیناسێتەوە».

ئەمە ئەو شتەیە کە حەز دەکەم بڕوام پێی هەبێت و بگەمە ئەو ئاستە. لە ئەدەبیاتی فارسیدا حافز کە پلەوپایەیەکی هەیە و خودای شیعرە زۆربەی زۆری شاعیرەکان لەسەر ئەوە ڕێکن، هەرچییەک حافز دەیڵێت لە شاعیرەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەڵام شیعراندوویەتی.

ئاساییە ئینسان تەئسیر وەربگرێت، بەڵام ئینسان چۆن تەعامول لەگەڵ شاعیری کەسێکی تر. مەسەلەن حافز دێرێکی هەیە دەڵێ:

**(مەزرەعی سەبزی فەلەک دیدبوداسی مەهی نو**
**یاد قز کشدی خیش ئامد و هنگامی درو)**

دەڵێ کێڵگەی سەوزی فەلەکم بینی و داسی مانگی نوێ من ئەوەم لە حافز وەرگرتووە و هەر بۆ ڕێزلێنانیش لە حافز ئەوەم وەرگرتووە، لە بابەتێکدا کە هیچ پێوەندی بەدرووێنە و شتی لەو بابەتەوە نییە، هەر تەنیا داسەکەم وەرگرتووە و هەموو شیعرەکەش ناوی ڕێزلێنانە لە حافز کە ئێستا زۆر باشم لەبەر نییە کە دەڵێت:

**بێ تۆیی پاڵتۆی تەنیایی لەسەرشانم**
**حەژمەتی دەست بۆ هەستێ لە خەم و**
**هەستێ ناوی خۆی لەبەرکات و**
**کاتیش خولیای بڕینەوەی ڕەگ**
**بەگوریسێک بگۆڕێتەوە، کە ئاشنای مەیلی مل نەبێت**
**ملێک کە سەرێکی پڕ کەسەری لەسەرە و**
**هەڵبڕاوە و وەکو داسە لە ئاسماندا**

ئەمە بۆ ڕێزلێنانە لەیەک تەسویری حافز، کە مانگ بەداس دەشووبهێنێت. من ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ دەکەم و ناشیشارمەوە ئەگەر زۆر ڕاستگۆش بم، هیچ دوورنییە نەک تۆ، بەڵکو منیش دابنیشم سەیری شیعرەکانی کۆنی خۆم بکەم و بەمشت تەئسیری خەڵک دەربهێنم، هیچ قسەم لەوەدا نییە کە ئینسان نەتوانێت ئەوانە بدرکێنێت، یان نەتوانێت بەو چاوەوە سەیری خۆی بکات من ئەگەر لەدەربڕینی خۆم چاو بپۆشم خۆم ناناسمەوە، بۆیە بە تەئکید ئەگەر ڕاستگۆ بێ لەمڕۆدا، تەنانەت پێکەوە سەیری شیعرەکانم دەکەین و پێت دەڵێم کامەیانم وەرگرتووە، بەهەرحاڵ شیعر نووسین یەکێک لە شتەکانی دەربڕینە، پیرێژنێک لەسەرەی نانەواخانەدا نەعالەکەی دڕاوە تەئسیرت تێدەکات بێ ئەوەی بزانێت لەوانەیە بیست ساڵی تر لە دێرێکدا خۆی بنوێنێت، بەڵام ئینسان دەبێت ڕاستگۆ بێت.

**ڕامان:** باشە تەئسیری خۆت لەسەر هیچ کەس هەست پێدەکەیت لە شیعری برادەرەکانی خۆت؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** هەندێک جار ئا، هەستی پێدەکەم لە حەدی تۆزێ یاری کردن بەزمان و تێکەڵکردن فەرز بکەیت من هیچ لاریم لەوە نییە بۆ هاوواتاکان، بە تەئکید شاعیرێک دەیەوێت بزانێت بۆ من لێرە دەڵێم وشە و لەوێ دەڵێم پەیڤ. دەبێت مەبەستم هەبێت ئەمە ئیقاعە، گەڕانەوەی زەینە بۆ شوێنێک. بۆ نموونە تێکەڵ کردنی ئەو بادینییەی کە من دەیزانم، یان زاراوەی کوردی هەورامی و زازایی کەمیان هەیە نەیزانم، بە تەبیعەت چەند زاراوە بزانیت وشەی زیاترت هەیە بۆ دەربڕین. من هەمیشە گوتومە نووسینی خۆم مۆنتاژ دەکەم وەک چۆن

کەسێک دادەنیشێت فیلم مۆنتاژ دەکات، منیش ئاوا مۆنتاژی دەکەم، ئەگەر هەست بکەم لە شوێنێکدا مێشکم پەڕیوە بۆ شتێکی تر ئەوی تریان فڕێ دەدەم، دێرێک لەخوارەوە دەهێنمە سەرەوە ئەگەر بزانم لەوێ تەئسیری زیاترە، جورئەتی ئەوەم پەیداکردووە ببمە قەسابی شیعری خۆم هەمیشە ئەو جورئەتەم هەبووە زۆر بە ئاسانی دادەنیشم ئەگەر شتێکم خراپ بێت و سوودی نەبێت دەیگۆڕم. فەرەنسییەکان دەڵێن: شیعر وەک ئەڵماسە چەند دایتاشی هێندە بریقەی زیاتر دەبێت. شیعر هەیە هەشتا و پێنج لاپەڕەیە باسی مشک و ماری دنیای تێدایە، بەڵام تێی ناگەیت.

**ڕامان:** تا ئێستا چوار کۆشیعرت بە کوردی چاپ کردووە، ئایا هەر یەک لەم کۆشیعرانە ئەزموونی سەربەخۆن، یان هەر چواریان ئەزموونێک پێکدەهێنن، یان هونەرە جیاوازەکانی لە هەریەکیان پێی گەیشتووی و بەکارت هێناون چین؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** ئەو پرسیارە دەبێت لە ڕەخنەگرەکان بکرێت، من ئیشم ئەوە نییە خۆم هەڵکێشم وەک کورد دەڵێت، خۆ هەڵکێشان و خۆ هەڵسەنگاندن هەیە بەهەرحاڵ دەبێت شتێک بۆ ڕەخنەگرەکان بەجێ بهێڵێت تا لێی بدوێن. ئێستا من ببمە بەرخەکە و چەقۆکە لەسەر ملی خۆم دابنێم فەرموو ئەوە باع، دەبێت تەجرووبەت هەبێت، بەڵام ئێمە بۆ تەجروبە نانووسین ئێمە سەردەخەینە ئەو چاڵەی کە ئیمامی عەلی باسی دەکات، چونکە ئەو گریانەی ناو چاڵەکە دەبێتە شتێکی هونەری. باوەڕم بەوەیە تا چەند کەم بیر بکەیتەوە هێندە قووڵ بیردەکەیتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لێرە لە شیعردا ڕوودەدات، شیعر دەبێت کەم بڵێت و مانای زۆربێت. هێندێک شتم بۆ شەخسی خۆم لەکتێبەکانمدا دەستنیشان کردووە، بەتەما بووم لە تەم بدوێم شیعرێکی نۆ لاپەڕەییە و بەس ناو و بەرواری هەیە، ئەگینا لاپەڕەکانی پیسن بە حەقیقەت لەدوای ئەو لاپەڕە سپیانەوە تا ئەمڕۆ یەک دێرە شیعرم نەنووسیوە.

**ڕامان:** ئەو فەزا سپییەی کە وەک قەسیدەیەک جێت هێشتووە یەکێکە لە هونەرە زۆر گرنگەکانی شیعر ڕێ بە بەرانبەر دەدەیت بیربکاتەوە و خۆی بنووسێت؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** بەڵێ من فەزایەک بەتۆ دەدەم تۆ بڕۆ بینووسەرەوە.

**ڕامان:** لە ئەزموونی تۆدا شیعرت زۆر پێشکێش بەئەوی دی کردووە، ئایا ئەو کەسایەتییەی شیعرەکەت پێشکێش کردووە هیچ بنەمایەکی لە بنیادنانی دەقەکەدا هەیە، یان هەروەک سۆز و خۆشەویستی پێشکێشت کردوون، یان چۆن دەکرێ شیعر پێشکێش بە ئەوی دی بکرێت لە کاتێکدا شیعر تایبەتمەندییەکی تاقانەی بە خودی شاعیر خۆیەوە هەیە؟

**بەرۆژ ئاکرەیی:** فەرز بکەین شیعر هەیە جیایە، پێشکێشەکان جیان، یەعنی من بۆ ڕێزلێنان پێشکێشی دەکەم. واتە ئەگەر شیعرم بۆ دایکێک نووسی، وای دانێ دایکی حەمە حەلاق کە لێرە زیندە بەگۆڕیان کرد، دوو کوڕی تریشی بەو دەردە چوون. ئەو دایکە ڕۆژێک ڕۆژنامەی حزب لە ڕێی بەغداوە دەهێنی و دەبا ڕۆژێک دەچێتە کۆیە تا ڕۆژنامەی حزب لە شاخ بهێنێتەوە لەڕێگا خۆی پێ ناگیرێت و دەچێتە سەر گۆڕی کوڕەکەی. کە دەچێتە سەر گۆڕستان لەوێ گرتیان و ئیعدامیان دەکرد. من باسی ئەوە دەکەم کە دایکێک لەسەر ئەو گۆڕە دادەنیشێت و شیر دەدات بەو گۆڕە، خۆرەتاو لەپشتی چاویلکەکەی خۆی دەشارێتەوە، من کارم بەوە نییە ئەو کات شیوعی بوون ئەگەر بەعسیەکیش بایە هەر تەئسیری تێدەکردم، مەسەلەی من دایکەکەیە بۆ نموونە شیعرم هەیە پێشکێشی (عەدنان کەریم)م کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێک کە من و ئەو پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد و هەندێک شتمان دەردەبڕی، پێکەوە دەگریاین.

ئەو شیعرە باسی ئەو فەزایەی من و عەدنان دەکات، یان شیعرێکم هەیە بۆ خەبات عارف، شیعرەکە ساڵی دوو هەزارە، بەڵام مرۆڤ ئەو مرۆڤە گەوجە، کە من یەکێکم لەوان، ئەو شیعرە تروسکاییەکەی لە خەباتەوە وەرمگرتووە.

# وتوویژ لەگەڵ بێهروزی دەوڵەت ئابادی-دا

## «سەمەدی بێهرەنگی، مامۆستایەکی چالاک و نووسەرێکی مرۆڤ دۆست»

**لە فارسییەوە: ڕەحیم دەستیار**
**(مەهاباد)**

گومان لەوەدا نییە کە هەر هونەرمەندێکی داهێنەر، کاتێ وشەی (هونەرمەند)ی لە تەواوەتیی واتای وشەدا لەمەڕ بەکاردەبردرێ، ئەوە کەسایەتییەکی دەنکەو بێ وێنەیە و بەرهەمەکانیشی لە زەقی و تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ بەهرەمەندن کە نە تەنیا ناسێنەری نووسەرەکەن، بەڵکو بوار بە لاسایی کردنەوەش نادەن.


سەمەدی بێهرەنگی

بەرهەمی هونەری، داهێنانێکی قووڵ و بێ ئەلتەرناتیڤەو داهێنەرەکەشی مرۆڤێکی دەگمەنە. سەمەدی بێهرەنگی. لەو کەسانەیە تا ئێستا زۆر کەس هەوڵیان داوە لاسایی بەرهەمەکانی بکەنەوە، بەڵام سەرنەکەوتوون، چونکە لاسایی کردنەوەی غەیرە ئیرادەیی – میکانیکی –ی ڕێچکەی هونەریی نووسەر، یان شاعیرێک، هەر چەندێکیش خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکوپێک و پتەوبێ، دڵنشێنی بەرهەمێکی ڕەسەنی هونەریی تێدا نابێ، چونکە بەرهەمێکی ئەدەبی یان بەشێوەیەکی گشتی هەر بەرهەمێکی هونەری، ڕەنگدانەوەیەکی دژوارو شێوار لە کەسایەتیی هونەرمەندەکە و دەوروبەریەتی.

ڕێچکەی ئەدەبی یان هونەری، تەنیا دەربڕو نیشاندەری ڕێی گشتی و بە واتایەکی تر، شێوازە گشتییەکانی جووڵان و بزووتنی هەر هونەرمەندێکە. ئەو شتەی کە بەرهەمێکی هونەری پێ دەناسرێتەوە، نەک هەر ڕێچکەو زمانی ئەو بەرهەمە – دیارە ئەمەشیان دەتوانێ جیاکەرەوە بێ – بەڵکو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ناسێنەری لێهاتوویی و توانای تایبەتیی خودی نووسەرەکەیە.

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ناسینی تایبەتمەندییەکانی نووسەرو بەرهەمەکانی هەمیشە بۆ خەڵک وانەدەرو شایانی کەڵک لێ وەرگرتن دەبێ، بەڵام ئەم ناسینە تەنیا ئەوکاتە لەمپەرلابەرو ڕێکەرەوە دەبێ کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە نووسەرێک، ئێمە بەرەو ئەو لوتکەیە ڕابکێشێ کە نووسەرەکە پێی گەیشتووە. ئینجا ئەم ناسینە، لە یەکانگیری و لە پێوەندی لەگەڵ پشکووتنی فەردییەتی داهێنەرانەی نووسەرێکدا دەردەکەوێ.

ئەم فەردییەتە کۆمای تەواوی تایبەتمەندییە شوناسی و دەروونییەکانی هەر نووسەرێکە. دیارە ئەم یاسا گەلە، ناسینی تەواوی ئەو کۆمەڵە پێوەندییە بەردەوام و

پێویستانەیە کە لە قۆناغێکی مێژوویی و لە دەرەوەی زەینی نووسەردا لە ئارادا دەبن. لازمەی حەرەکەتی هەر نووسەرێک و یەکێ لە مەرجەکانی ئیقبالیشی، بریتییە لە ناسیاریی هەرچی زیاترو نزیک بوونەوە لە دەست ڕاگەیشتن بە یاسامەندییەکانی ئەم دیاردانە.

سەمەدی بێهرەنگی یەکێ لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە لەو ڕێڕەوە ئەستەم و دژوارەدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، بەڵام تەمەنی کورت دەرفەتی پێویستی پێ نەدا.

لە ڕێکەوتی (٩)ی خەرمانانی ساڵی (١٣٤٧)ی هەتاوی - ١٩٦٨ زایینیدا، مەرگ دەرەتانی تەواوکردنی مەزنترین شاکارەکەی (زندگی دا) لێ ستاند، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بەرهەمانەی کە سەمەد لەپاش خۆی بەجێی هێشتوون، هەمیشە زیندوون. ئەمەو لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانیشدا بەرهەمگەلێکی نەمری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. ئەو بەرهەمانە تەژی لە ساکاری و هۆگریەتیی بێ بەدیلڤانن.

ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە، یەک هەڵو هەزار هەڵو، کە چەڵی کۆتر باز، «٢٤» دەمژمێر لە خەوو بێداریدا، ئۆڵدوزو قشقەڵەکان، ئۆڵدوزو بووکە پەڕۆی قسەوێژ، کوڕۆکەی لەبووفرۆش، کوێر ئوغڵوو و هەمزە کەچەڵ... و هەروەها هێندێک بابەتی دیکەی وەک توێژینەوە لە بواری پەروەردەیی و ... لە ڕیزی بەرهەمەکانی سەمەدی بێهرەنگی-دان کە بەدیهێنەری تۆرەمەیەکن کە ئیمڕۆکە قەڵەمیان بەدەستەوە گرتووە و (بەردەوام دەنووسن).

ئەم وتووێژە لەگەڵ بەڕێز (بێهروز دەوڵەت ئابادی)دا سازدراوە، بێهروز یارو هاوڕێی دێرینی سەمەدی بێهرەنگی-یە.

* بەڕێز بێهروز دەوڵەت ئابادی، لە خۆتانەوە بۆمان بدوێن لە بارەی ئەوەی کە چلۆن لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگی-دا ئاشنا بوون؟

- ساڵی خوێندنی (١٩٥٧-١٩٥٨) لە پەروەردەی گشتیی شاری خەڵخاڵ بۆ دهخوارقان- دەخوا هرقا آن- کە بە «ئازەرشار»یش نێو دەبرێ، ڕاگوێزرام. پێشتر لە گوندی فرە بولاق لە دەوروبەری کاغذکنان نزیک بە ساڵ و نیوێک لە قوتابخانەی «أخگر» منداڵەکانم فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانی فارسی دەکرد.

لەگەڵ کەندو کۆسپی جۆراوجۆر بەرەو ڕوو دەبووم. قوتابییە منداڵەکان، بە تایبەتی سەرەتاکان بە هیچ شێوەیەک حاڵی نەدەبوون کە لە زمانی فارسیدا بە (سؤ) ئاوو بە (چورک) نان و ... دەوترێ.

هەرکە خۆم بە بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگیی (دهخواقان) ناساند، دەست بەجێ منیان بۆ شارۆچکەی ممقان بەڕێ کرد. ممقان لە (٣) یان (٤) فەرسەخیی شاری تەورێز، پاش گوندەکانی سررود، خسروشاە و ئیلخیچی، (٤-٥) کیلۆمەتر دوورتر لە دهخواقان هەڵکەوتووە. لە ڕێگای سەرەکییەوە - ڕێگای ئەسڵی - پاش نزیکەی بە (٤) کیلۆمەتر بە پێیان ڕێگە بڕین بە ڕێگای خیزڕێژدا، دەگەینە گوندی ممقان.

هەر لەو ساڵەدا، سەمەدو هاوڕێ دێرینەکەی، واتە بێهروزی دێهقان، تازە دانیشسەرای سەرەتایی تەورێزیان تەواو کردبوو، دەسپێکی یەکەمین ساڵی مامۆستایەتییان لە قوتابخانەی سەرەکیی ممقان بوو.

لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی و تێگەیشتوویی و جوامێری بێهروزی دێهقان کە بەداخەوە هەنووکەش تاڕادەیەکی شاراوەو نەزانراو ماونەتەوە، دەکرێ چەندین و چەندان کتێب بنووسرێن. بێهروز لە ڕۆژی (٢٣)ی مانگی جۆزەردانی ساڵی (١٣٥٠)ی هەتاوی - ١٩٧١ی زایینی - لەژێر ئەشکەنجەی بەربەرییانەو بێ بەزەییانەی (کۆمیتە هاوبەش)ی ڕژێمی شایەنشایەتیی گۆڕ بەگۆڕدا، شەهید بوو. بەهەرحاڵ لەو قوتابخانەیە بوو کە ئەوانم بینی و ناسی. لە دیتنی هەردووکیان خۆشحاڵ بووم... ئەوانیش هەر بەم شێوەیە، چونکە ئەوان هاوشاری و (عاشق)ی (ساز)یان لە کۆڵی خۆیان دۆزییەوە. منیان کردە هاومەنزڵی خۆیان، بە شادی و خۆشییەکی لەڕادە بەدەر، پێکەوە، بەڕە ڕەنگ و ڕوو ڕۆیشتووەکەمان پانڕا کرد. (من ٦ یان ٧ساڵ لە ماوەی منداڵانی ڕادیۆی تەورێزدا، جاروبار بەشمشاڵەکەم، بەرنامەم بەڕێوە دەبرد) خوالێخۆشبوو جەلال ئال ئەحمەد وتەنی: عاشقێ بووم کە سازی سەمەدم لە کۆڵ نابوو. (ساز لەمن و «سز» (١) لە سەمەد)

یەکەمین شەومان بەخۆ بە یەکتر ناساندن و بە کورتیلە باسێک لەسەر بارودۆخ و ئەحواڵی ممقان و قوتابخانە و ئینجا بەیەک دوو پەنجە تار بەسەر برد. هەڵسوکەوتیان هێندە خۆماڵی و پڕ مۆبەت بوو کە دەتگوت لەمێژ ساڵە لەگەڵ یەکتردا برادەرین.

هەر لەنێو قساندا بۆم دەرکەوت کە بێهروز هەموو مانگێ بە مەعاشە کەمەکەی یەک دوو سەفحە لە مۆسیقای بتهۆڤن یان باخ دەکڕێ و ئەو لەمن و سەمەد زیاتر هۆگری مۆسیقای کلاسیک و ڕەسەنەو شارەزایی لەسەر هەیە. بێهروز ماوەیەک دواتر لەمنی ویست

کەسێتاری فێر بکەم و هەرواشم کرد، بەڵام سەمەد، هەر چەند هۆگری زۆری بە مۆسیقا هەبوو، بەڵام لەبواری ئابوورییەوە هێندە دەستکورت بوو کە تەنانەت توانای کڕینی شمشاڵێکی ساکاریشی نەبوو، لەو موچەیەش کەمانگانە وەری دەگرت، بەشێکی زۆری بۆ یارمەتیی ماڵی تەرخان دەکرد. زۆربەی کاتەکان سەمەد دەچووە ناخی بیرکردنەوەو خۆی بە سمێڵەکانییەوە دەخافڵاند. هەر کاتێ کە دەمانبینی سەمەد سەری سمێڵەکانی دەجوێ. دەمانزانی لە دەروونیدا، هاتوهاوارە، هاتوهاواری (کوڕۆکەی لە بووفرۆش) و ئولدوزو...

* لە پۆلی وانەوتنەوەو چلۆنایەتیی هەڵسوکەوتی سەمەدی بێهرەنگی لەگەڵ منداڵەکان بۆمان بدوێ.

– سەمەد لە پۆلی سێ یان چوار وانەی دەوتەوە، بێهروز لە پۆلی پێنج و منیش لە پۆلی دووەم وانەمان دەوتەوە. سەمەد شێوازی وانە وتنەوەکەی لەگەڵ پۆلەکانی تر بە تەواوەتی جیاوازی هەبوو. پۆلەکەی تەژی لە هەوڵ و تەقەلاو پڕ لە هاتوهاوار بوو. سەمەد هەر کام لە بابەتی وانەکانی بەمێلۆدییەکی تایبەت و بەشێوەی شانۆنما دەوتەوە. لەگەڵ قوتابییاندا بە چەشنێ تێکەلاو دەبوو و لەگەڵیان دەدوا کە دەتگوت برا یان باوکێکی دڵسۆزو میهرەبانە بۆ ئەوان نەک مامۆستا. لەکاتەکانی ئانتراکتدا، بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەشێوەیەک لە شێوەکان پێناخۆش بوونی خۆی لە هەمبەر هەڵسوکەوتی مۆبەت ئامێزی وی لەگەڵ منداڵەکاندا و لەشێوەی وانە وتنەوەکەی دەردەبڕی.

گەلێ جار، سەمەدمان دەبینی بۆ ئەوەی کە دەنگ و هەرای قوتابییەکانی کارنەکەنە سەر پۆلەکانی تر، لە سووچێکی بەتاڵی حەوشەی قوتابخانەدا، وانەی دەوتەوە. قوتابییەکانی لە هەموو بوارەکاندا، لە قوتابیی پۆلەکانی تر لەپێشتر بوون. ئەو بابەتانەی بۆ داڕشتن نووسین دیاری دەکردن، شایانی سەرنج پێدان و لێ ورد بوونەوەن.

لەبیرتانە کە ئاساییترین داڕشتن، کە ئێستاش کەم تا زۆر هەر باوەو ڕەواڵی جارانی هەیە، ئەوەبوو کە (زانست باشترە یان سامان) و (پاش کۆتایی خوێندن حەز دەکەی چ کارەبی؟) و ... تاد.

سەمەد بە باشی دەیزانی کە سامان لەگەڵ زانستدا لە زۆر بوارەوە پێک ناکۆکن، چونکە بە داخەوە زۆر کەس لە خوێندەوارەکان دەبنە (میرزا– نووسەر)ی ساماندارەکان، هەروەها دەیزانی درێژەدان بە خوێندن لە هەژاری و بێ دەرەتانیدا، خەیاڵێکی خامە، مەگەر ئەوەی کە پاش کۆتایی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، ئەویش لە حاڵەتی هەبوونی تواناو دەرەتانی ڕاکردن لە نێری (حاجی قلی وشباف ها) و سەربەزخانە، سەر دەستە، یان ژاندارم، لە ئاکامدا بە پلەی ئیستیواری بگەن، ئەویش پاش تێپەڕبوون لە حەوت خوانی ڕۆستەم، بۆیە ئەو بابەتانەی کە بۆ داڕشتن نووسین دیاری دەکردن و بۆ گەشەی هزری و ناسیاریی هەرچی زیاتری منداڵەکان لەگەڵ فۆلکلۆری دەوڵەمەندی ئازەربایجان بە قازانجی دەزانین، ئەو بابەتانە بوون کە منداڵەکانیان هان دەدا کە لە دایە گەورەو باوە گەورەکانیان چیرۆکی، بایاتی، مەتەڵ و پەند فێربن و لە پۆلدا بە زمانی خۆجێی بگێڕنەوە. ئەوکەسەی باشی لەبەردەکرد، یان لە ڕووی نووسراوە دەیخوێندەوە، بە نومرە –ئیمتیازی– باش تەشویقی دەکردن. ئینجا خۆی بە زمانی ساکاری فارسی بۆی وەردەگێڕاو شی دەکردەوە.

هەر لەو بوارەدا سەمەد وێڕای بێهروزی دیهقان، داوا لە هاوکاران و ئاشنایانی دوورو نزیک دەکا کە لە گوندەکانی دیکەدا مامۆستایەتیان دەکرد، کە ئەدەبیاتی نەنووسراوی ئازەربایجان و بە تایبەت چیرۆکەکان و مەتەڵەکان ... تاد کۆ بکەنەوە و بۆی بنێرن. ئەفسانەکانی ئازەربایجان– لە دوو بەرگدا– ئاکامی ئەو کۆکردنەوانەن.. سەمەد لە سەعاتەکانی وەرزشدا، لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکرد کە یارییەکەیان زیاتر بواری پەروەردەیی هەبوو تا پاڵەوانێتی. تەنانەت هەندێک جار: وەرزشی وەک وانەی داڕشتن ڕاڤەو شی دەکردەوە.

باسوخواسی ناو پۆلی وانەی سەمەدی بێهرەنگی، بە گوێی لێپرسراوی فەرهەنگی (دهخوارقان) و تەورێزیش گەیشتبۆوە، هەر کاتێ، لەسەر وەخت و بێ وەخت کە پشکێنەر– مفتش – دەهات، ڕاستەوخۆ سەردانی پۆلەکەی سەمەدی دەکردو پرسیارانێکی لە منداڵەکان دەکرد کە بەدەر لەنێو ئاخن و نێوەرۆکی کتێبە وانەییەکانیان بوو، ئەو موغریزانە داوایان لە سەمەدی بێهرەنگی دەکرد کە بە زمانی فارسی لەگەڵ قوتابییەکان بدوێ و هەرکەسێکیش بە تورکی– ئازەری – ئاخاوت، سزای بدات و لە ژووری بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەشدا، جەنابی پشکێنەرو بەڕێوەبەر، لەمەڕ ئەو بڕیارنامانە دەدوان کە وەزارەت لەو بوارەدا دەری کردبوو. پشکێنەری فەرهەنگی و جۆرەکان و پشکەکانی هەر لەو بەسەرهاتەن.

* ئێوە لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگی-دا، ڕۆژان و شەوانێکی زۆر پێکەوە بوون و هەر لەو ماوەیەشدا لەگەڵ دەروون و خووڕەوشت و ختووکەکانی خەباتکاریی سەمەدی بێهرەنگی لە بواری فەرهەنگیدا، ئاشنا بوون، ئەمڕۆکە ئەم تایبەتمەندییانە بە چ شێوەیەک دەبینن؟

– سەمەد بەردەوام لە هەوڵدان و بزووتندا بوو. بۆ ساتێکیش ئەومان نەبینی ئۆقرە بگرێ و بسەکنێ، وەکو ئەوەی شتێکی بزرکردبێ، هەردەم بەدوای ونبووەکەیدا دەگەڕاو پاش تەواوبوونی کاتی دەوامی قوتابخانە، بۆ دۆزینەوەی ونبووەکەی لە کارگەکانی فەرشچنی و قوماشچنی لەگەڵ دایک و باوکی منداڵە فەرشچنەکاندا، بە ئەوپەڕی بێ فیزی دەدواو بەبێ بچووکترین پێناخۆش بوونێک، وەڵامی «بۆچی»یەکانی دەدانەوەو هۆو هۆکارەکانی بۆ ڕاڤەو شیکردنەوە، بۆ ئەوەی «کورۆکەی لە بوو فرۆش» یان «کەچەڵی کۆترباز» و «ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە» بدۆزێتەوە و لە ئاکامدا ژیانی خۆی لە ئەواندا بدۆزێتەوە.

دەم و ڕۆژئاوا کە دەگەڕایەوە مەنزڵگەی، هەرچی بیستبوو یان «دیتبو، لەگەڵ من و بێهروزدا دەیهێنایە گۆڕێ و باسی دەکرد، هەمیشە دەیوت «دەبێ لە نزیکەوە سەرما هەڵگلۆفی، ئەگینا لەپاڵ سۆپەی گەرمدا، ناشێ باسی سەرما بکەیت»

ئینجا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی وانەی «شەشەمی سروشتی» دەبوو کە لەگەڵ بێهروز، بەهاو پشکی کڕیبوویان.

سەمەد لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٩ – ١٩٦٠)ی زایینی، دیپلۆمی سروشتی بە شێوەی «متفرقة» ئیمتحان داو دەستبەجێ لەگەڵ بێهروزدا چوونە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی تەورێز، بێهروزو سەمەد، لە بەشی شەوانەی زمانی ئینگلیزیدا توانییان پلەی لیسانس وەربگرن، بەو پێیە کە چەند ڕۆژێک لە حەوتە، پاش کۆتایی دەوامی قوتابخانەی «ممقان» تا ڕێگەی سەرەکی بە پیادە و ئینجا بە هەر وەسیلەیەکی پێویست کە زۆرتر «کامیۆن» و کەمتر پاس بوو، خۆی دەگەیاندە دانیشکەدە (کۆلێژ).

هەر لەو سەردەمەدا کەوتنە بیری دامەزراندنی دەبیرستان «دواناوەندی» نۆکلاسی، هۆی ئەم بڕیارە قوتابییەکانی سەمەد و بێهروزی دیهقان بوون، هەروەک ئاماژەی پێدرا، سەمەد لەگەڵ قوتابییەکانی وەها یەکپارچە و تێکەڵاو بوو کە قوتابییەکان زۆربەی گرفتەکانی خۆیان و خێزانەکەیان لەگەڵ باس دەکرد و ڕێنوێنییان لێ دەویست، پێشنیاری دامەزراندنی دەبیرستانیش چارەی یەکێ لەو گرفتانە بوو کە لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگی باس کرا بوون، سەمەد بە هەوڵ و تێکۆشان لەگەڵ هەمووناندا ئەم شتەی باس کردو خێرا لە ئاوایی دەنگی دایەوە و خەڵکیش بە گەرمی پێشوازییان لەو کارە خێرە کرد تا ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی ڕدێن سپی و پیاو ماقووڵانی ئاوایی لە قوتابخانەدا پێکهات، ئێمە مووچەی مانگێکمان بۆ یارمەتیی دامەزراندنی قوتابخانە تەرخان کردو هێندێک لە هاوکارەکانیشمان بۆ پێڕەوی لە ئێمە ئەو هەڵوێستەیان ڕەچاو کرد، سەرەنجام پاش ماوەیەکی کورت، شوێنی بیناکردنی قوتابخانە دەست نیشان کراو بە زووترین کات بە یارمەتیی کەسانی خێرخواز کەرەستەی بیناسازی ئامادەکراو کار دەستی پێکرد؛ سەمەد لە خۆشییان لە پێستی خۆیدا نەدەگونجا، منداڵەکان لە خۆشییان حەجمینیان نەبوو.

لەسەر وەخت و بێ وەخت و بەتایبەت ڕۆژانی هەینی، منداڵەکان وێڕای بێهرەنگی لە شوێنی شۆڵکردن ئیشیان دەکرد. لەو ساڵانەدا بوو کە کتێبەکانی «توێژینەوە لە پەروەردەیی» و «پارە پارە» لەژێر چاپدا بوون، هەر لەو سەروبەندەدا سەمەد پلانی دانانی کتێبی خوێندنی منداڵانی بە زمانی ئازەری لەسەردابوو، ساڵەکانی «١٩٦٣-١٩٦٤».

سەیر لەوەدا بوو کە هەر کاتێ ویستبای شتێ بنووسێ، پێشتر لەگەڵ برادەرە نزیکەکانی، بەتایبەت لەگەڵ کرێکارەکان و منداڵانی پۆلەکەیدا دەیهێنایە گۆڕێ و ڕاوبۆچوونی لێ دەویستن.

بە جوانی بیرم دێ کاتێ دەیویست «ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە» بنووسێ، لەگەڵ جەلیل قاوەچی کە پاشان باسی دەکەین، ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد، سەمەد پاش ئەوەی کە کتێبی «کندوکاو»- لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون-ی لەژێر چاپ دەرچوو، بەرهێرشی لێپرسراوی فەرهەنگی و قوڵە چۆماغەکانی کەوت، هەر لەو سەروبەندەدا کە لە «ممقان»ەوە بۆ «ئەخی جان» و «گوگان» و لە ئاکامدا بۆ «شیرەمن» دوورخرایەوە، لە (ئەخی جان) یان لە «گوگان» بوو کە لەگەڵ جەلیل قاوەچی ئاشنا بوو، لەسەر دوورێیانی «ئەخی جان» بۆ «دهخوارقان» جەلیل قاوەخانەیەکی هەبوو.

لەپشت قاوەخانەکە، دیوێکی تەسک هەڵکەوتبوو کە

عەمباری تفاق و کەرەستەی بێ کەڵکی قاوەخانە بوو، سەمەد ئەو ژوورەی بۆ نیشتەجێ بوون بەکرێ گرت، جەلیل پاش ئەوەی کە عەمبارەکەی بەتاڵ و چۆڵ کرد، بە ڕەنگ و سواغ دەرو دیوارەکانی ڕازاندەوە، سەمەد بەتانیەکەی سەردەمی سەربازیی خۆی پانڕاکردو ڕایخست.

سەمەدو قوتابییەکانی، ئەمجارە دەنگیان لە «گوگان» و «ئەخی جان»ەوە بەرزبۆوە، سەمەد سەرەڕای زۆریی گیروگرفتەکان، بۆ ساتێکیش لە خوێندنەوەو نووسین غافڵ نەدەبوو و بەردەوام لە چالاکی و هەوڵداندا بوو، سەمەد ئیتر نهێنی «ئەفسانەی مۆبەت»ی زانیبوو، پەرژینی «یەک هەڵو، هەزار هەڵو»ی شکاندبوو.

هەر لەو ساڵانەدا، پیلانگێران و گۆپاڵ بە دەستانی لێپرسراوی فەرهەنگی، لەهەمبەریدا قوت بوونەوەو بوختان و درۆی هەڵبەستراو، بۆ «شیرەمن» دووریان خستەوە.

سەمەد لە «شیرەمن» بە وێنەی کوێر ئۆغڵوو لە «چن لی بل»ی بوو و جۆشوخرۆشیش لە ئیدارەی فەرهەنگ و دڵی ڕەنگین خان دا.

«مامۆستای باش لە حوکمی کیمیادایە» سەرەنجام وەفدی پشکێنەر - هیأت بازرسی - لە تەورێزەوە گەیشتنە ئازەر شار لە هۆڵی «دەبیرستانی ڕەزاشا»دا تەواوی ئەو کارمەندو گۆپاڵ بە دەستانەی کە مخابن هێندێکیان نێوی مامۆستاشیان بەدوای خۆدا ڕادەکێشا، بە چواردەوری سەرۆکدا هەڵدەچەرخان، سەرجەم مامۆستاکان لە هەموو شوێنەکانی دوورو نزیکەوە بانگهێشت کرابوون هەروەک دەربارەی حەسەن خان لە بەسەرهاتی کوێر ئۆغڵوودا.

«توێژینەوەی فەرهەنگی و جۆرەکان و بەشەکانی» بە ئاشکرا دیار بوو کە بەرنامەکە چیبە و لە پێوەندی لەگەڵ کێدایە، بەتایبەت پاش ئەوەی کە لێپرسراوی فەرهەنگ، کە برادەرەکانی ناونیشانی «پاپوش دوز» (٤)- پیلانگێرو پەروەندەساز - یان پێدابوو، دەستی بە ئاخاوتن کرد.

ئینجا ئەندامانی وەفدەکە هەر کامیان چییان لە ناخدا بوو هەڵیان ڕشت و داوای دەربڕینی ڕاوبۆچوونیان لە ئامادەبووان کرد، یەکەمین کەس کە ئیزنی قسەکردنی وەرگرت «بێهروزی دێهقان» بوو، بێهروز بەوپەڕی بوێری و دڵسۆزییەوە ڕەخنەی لە لێپرسراوانی فەرهەنگ و گۆپاڵ بەدەستانی گرت و لەمەڕ «بوختانی بە درۆو هەڵبەستراو و شەرمهێنەر، لە حەقی سەمەد»دا قسەی کرد کە لەگەڵ جەخت کردنەوەی زۆرینەی ئامادەبووان بەرەو ڕووبوو. (بێهروز لەو ساڵانەدا مامۆستای وانەی زمانی - ئینگلیزی - بوو لە دەبیرستانی ناوبراودا.)

ئەو گڕشەیەی کە بێهروز هەڵی ساند، یەکدا بە دوو گڕەکەی هەموو هۆڵەکەی تەنییەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە نێوبانگی کتێبی وانەی «نەونیهالانی ئازەربایجانی» بەرهەمی سەمەدی بێهرەنگی بە گوێی کارگێڕان و کاربەدەستانی پەروەردەی گشتیی شاری تاران گەیشتبۆوە. «بەهۆی دکتۆر ساعدی و خوالێخۆش بوو جەلال ئال ئەحمەد»، سەمەدیان بۆ تاران بانگهێشت کردو مەعموور ئاسا هات، لەبیرمە ژوورەکە ڕێکوپێک و خاوێن و سەمەدیش لەپشت مێز، زۆری پێنەچوو کە کتێبەکەی بە بایەگانی «ئارشیڤ»ی وەزارەتخانە سپێردراو برادەرەکەمان بەخۆی و جانتا ساکارەکەی بن باڵییەوە هەمیسان هاتەوە بۆ «دهخوارقان»، لێپرسراوی فەرهەنگ گۆڕدرابوو، ساڵەکان بەخێرایی تێدەپەڕین و کتێبەکانی سەمەدی بێهرەنگیش دەستاودەست دەگەڕان، چونکە ئەمە لە دایک بوونێک بوو لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، لە دایک بوونێکی پیرۆز کە نوتفە «گەرا»کەی لە «مقان» بەستراو بەهۆی چۆمی ئاراس ڕژایە زەریاکانەوەو لە ئاکامدا تۆڕی ڕاوچییەکانی هەڵلووشی.

## مەرگی سەمەدی بێهرەنگی و دەنگۆیەکانی لەو پێوەندییەدا

* سەبارەت بە مەرگی سەمەدی بێهرەنگی، باسگەلێکی زۆر هاتە ئاراوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، دەنگۆی جۆراو جۆر بڵاوبوونەوە کە زەینەکانیان بە خۆوە خەریک کرد، ئێوە بۆ ئێمە لەم بارەوە چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟

- چوارشەممە، شەشەمی خەرمانان، کاک هەمزە، کە خۆی پزیشکی ئاژەڵ و ئەفسەری ئەرتەش و لە برادەرانی دێرینمان بوو، لە شەقامی پەهلەوی-ی کۆن لە نزیک کافەی مایاک، بەرێکەوت تووشی سەمەدی بێهرەنگی دەبێ، پاش چاک و چۆنی و حاڵ و هەواڵ پرسی، لەمەڕ مەئمووریبەتەکەی لەگەڵ سەمەد دەدوێ (سبەینێی ئەو ڕۆژە، پێنجشەممە حەوتی خەرمانان بۆ چاودێری و سەردانی ئاژەڵان، بڕیارە بچێتە قەرەچۆغ و پێشنیار بە سەمەد دەکا لە تەکیا بچێت و سەمەدیش قبووڵی

دەکات.

ڕۆژی پێنجشەممە، بەرەو قەرەداغ وەڕێ دەکەون، ڕۆژی هەینی، هەشتی خەرمانان، بەرە بەرەی نیوەڕۆ بۆ فێنک و بوونەوە بڕیارە دەدەن لە چۆمی ئاراسـدا مـەلە بکەن، پاش پرسین لەخۆ ولاتییـەکان لەمەڕ ئەوەی کە کوێ بۆ ئەوە دەست دەدا کە خۆی لێ تەڕ بکەن، خۆ ولاتییەکان شوێنێکی لەباریان، کە بەرین و پان بوو، پێشان دەدەن و هەر لەپێش چاوی خەڵک، سەمەدو هەمزە پێکەوە دەچنە نێـو ئاوەکەوە (هەمـزە خۆی بۆ منی گـێڕایەوە) ئاوەکـە دەگـەیشـتـە ئەژنۆی سـەمـەدی و بە دانیشـتـنەوە، ئاوی بەسـەروچاوی خـۆیدا دەکـرد، هەمـزە لەناکـاو دەنگی سـەمـەدی دەبیـسێ کـە «هەمـزە، هەمـزە ئاوەکـە خەریکە دەمبـا» هەمـزە بە بیـسـتـنی ئەم قـسـەیە بە گـاڵـتێن و پێکەنینەوە دەچێ دەسـتی سـەمـەدی دەگـرێ و لە ئاوەکـە دێنە دەرێ. ڕۆژی شـەممە «٩ی خـەرمـانـان لە ٩،٥ کـیلۆمـێـتـری ئەولای خـورمـالو» لە پاسگای مـەرزی - کێشکگەی سەر سنوور - دیسـان هەوای مەلە کـردن لە سەریان دەدا. پاش پرسیارکردن لە خەڵکە خۆجێییەکان، لەپێش چاوی خەڵکەکە، کە سەیریان دەکردن، دەچنە ناو ئاوی چۆمی ئاراسەوە، پاش ئەوەی کە هەمزە پێشنیار بە سـەمـەد دەکـا کـە «ئاگـات لەخـۆت بێ ئاو لە ئەژنۆیانت وەسـەرنەکـەوێ» خـۆی (١٠، ١٢) مـەتر لە ڕێڕەوی ئاوەکـەدا دەچێـتـە پێـشـەوە و «هەمـزە مـەلە دەزانێ و سەمەدیش نا..» لە سەمەدی بێهرەنگی دووردەکەوێتەوە. (لێـرەدایە کـە هەمـزە تووشی هەڵە بووە، ئەمن هەر ئەو سـاڵـە، ئەو هەڵەیەم بە چاوی دادایەوە و ڕەخنەم لێ گـرت) ئەمـجارەش سـەمـەد هاوار دەکـا «هەمـزە، هەمـزە ئاوەکە خەریکە دەمبا»، هەمزە تا دەگەڕێتەوەو دەیەوێ بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکە بە مەلەکردن دە فریای سەمەدی بێهرەنگی بکەوێ، ئیتر درەنگ دەبێ، هەمزە لە ئەوپەڕی بێ باوەڕی و سـەرسـوڕمـاندا لە خـەڵکەکـە دەپرسێ: هاوڕێیـەکـەم کـوا؟ خـەڵکەکـە وەڵام دەدەنەوە: جـەناب سـەروان - سـەروان، پلەیەکی سـەربازییـە- حـەزی لە گـاڵـتـەوگـەپە، هەر لەوێیـە..؟ سـەری خـۆی لە ئاوەکـە ڕۆبردووە بۆ ئەوەی ئازارت بدات، بەڵام ئیـتـر کـار لەکـار ترازا بوو.

کاتێ هەواڵەکە گەیشتەوە تەوریز، ئەسەد بێهرەنگی، برای سەمەدی بێهرەنگی وێڕای چەند کەسێکی ئاشنایان و یەک لەوان «کـازم سـەعـادەتی» کـە لە پیـاوەتی ئەو هاوکارە باشەمان لە «ممقان» کە مێردی خوشکی بێهروزی دیهـقـان بوو، دەبێ فـرە کـتـێب بنووسـرێ «کـازم سـاڵـی (١٩٧١)ز بەدەست ساواکە دژی گەلییـەکان دەکوژرێ» بەرەو قـەرەداغ وەڕێ دەکـەون، پاش حـەوت ڕۆژ گـەڕان و پشکنین، لە ئاکامدا لاشەی (٥-٦) کیلۆمەتر دوورتر لە شـوێنی خنکانی، لەسـەر تاشە بەردێک کـە لە زمـانی خـــۆجـــێی - ئازەری -ی دا «ئادا»ی پـێ دەوترێ، دەدۆزنەوە، منیـش وێڕای چەند برادەرێک بەسـوواری «بێنزێکی» کرێ، بەرەو «کەلیبەر» و «خورمالو» وەڕێ کـەوتم و تەرمی سـەمـەد کـە لەنێـو تابووتێک نرابوو، هێنامانەوە بۆ تەوریز و لە گۆڕستانی ئیمامیە بە خاکمان سپارد، بێهروز بێئاگا لە کارەساتەکە لە سەفەردا بوو، هەواڵەکە خێرا گەیشتە تاران و دەنگۆکان سات بە سات پەرەیان گرت؛ لە هەموو شوێنێ بە گومان و دوو دڵییەوە لە مەسەلەکەیان دەنواڕی بە تایبەت دەنگۆکان ئەو کاتە بە ئەوپەڕی خۆیان گەیشتن کە خوالێخۆشبوو «جەلال ئال ئەحمەد» گۆڤاری «ئارش»ی تایبەت بە یادی سەمەدی بێـــهـــرەنگی-دا نووسی کـــە: «دەڵێن برادەرەکـــەی ئەفسەرێکی ئەرتەش بووە، نەکا سەریان لە ئاوڕۆ کردبێ» هەر ئەو دەنگۆیانە بوونە هۆی ئەوەی کە هەمزە لە داخان و بە مەبەستی خۆکوژی، بە دەشنە سەری خۆی هەڵدڕێ، دیارە هەمـزە لەم دواییـانەشـدا بەناردنی نامـەیەک بۆ گۆڤاری «آدینە» سەبارەت بە چۆنیەتی مەرگی سەمەدی بێهرەنگی هێندێ لە نەوتراوەکانی درکاندن، بە هەرحاڵ سـەمـەد لە ڕێکەوتی (٩)ی خـەرمـانانی سـاڵی (١٣٤٧)ی هەتاوی بەرانبـەر بە سـاڵی (١٩٦٨ز)، لە چەمی ئاراسدا خنکاو ئێمەی لەگەڵ بەرهەمەکانیدا بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

* وێڕای پێزانین لە هاوڕێیەتیتان لەگەڵ «فصل سبز». ئەگەر وتەیەکی دیکەتان هەیە بفەرموون.

- پێزانینی خۆمتان ئاراستە دەکەم و تەنیا ماوە بڵێم کە لە «عـاشق»ێ بەولاوەتر نیم، عـاشقێ کـە بە «سز»ی سەمەدسازی لێدەدا.

**پەراوێزەکان:**

**(١) سز: وتە، گوتە، قسە.**

**(٢) چاو لە چیرۆکی کوڕۆکەی لەبوو فرۆش بکەن.**

**(٣) هەڵبەستی فۆلکلۆری ئازەری لە چەشنی دووخشتیان.**

**(٤) پاپوش دوز لە زمـانی ئازەریدا بە کـەسـانی تەڵەکـەباز دەوترێ.**

**سەرچاوە: گۆڤاری - فصل سبز - شمارە (٢).**

# کورتبڕی و درێژبڕی له‌ ئه‌ده‌بی کوردیدا

کاروان مه‌هدی*

**ده‌ستپێک**

سه‌رهه‌ڵدانی ڕه‌وانبێژی له‌ دانانی هیچ شاره‌زاو زانایه‌ک نییه‌، به‌ڵکو وه‌کو پێویستییه‌ک خۆی له‌ناو زماندا دروست ده‌بێت، که‌واته‌ پێویستی زمان وا ده‌کات که‌ ڕه‌وانبێژی دروست بێت و ئه‌و که‌لێنانه‌ پڕ بکاته‌وه‌ که‌ زانسته‌کانی تر به‌سه‌ریدا زاڵ نابن.

دیاره‌ ڕه‌وانبێژی کوردیش وه‌کو ڕه‌وانبێژی میلله‌تانی تر له‌دوای ئه‌ده‌ب سه‌ری هه‌ڵداوه‌، وه‌کو ڕه‌وانبێژی عه‌ره‌بی دابه‌ش ده‌بێ بۆ سێ به‌ش: ١- ڕوونبێژی ٢- جوانکاری ٣- واتاناسی. هه‌ر به‌شێک ڕوو له‌ کونجێکی زمان ده‌کات و ده‌یپشکنێ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ڵه‌و ڕاستی، جوانی و ناشیرینی، به‌رزی و نزمی ده‌ربخات تا ڕووی ڕاسته‌قینه‌ی به‌رهه‌مه‌که‌ بۆ گشت لایه‌ک ئاشکرا بێت و نووسه‌ریش لایه‌نی چاک و خراپی به‌رهه‌مه‌که‌ی خۆی بزانێت.

درێژبڕی وکورتبڕی یه‌کێکن له‌ هونه‌ره‌کانی واتاناسی و له‌و هونه‌رانه‌ن که‌ گرنگی به‌ واتا ده‌ده‌ن و به‌س.

واتاناسی ئه‌و به‌شه‌یه‌ که‌ ئه‌رکی لێکۆڵینه‌وه‌ی واتا ده‌گرێته‌ ئه‌ستۆ و پێوه‌ندی نێوان وشه‌ و مانا ساغ ده‌کاته‌وه‌.(١) پێکدێت له‌:

١- شێوازی نووسین، خه‌به‌رو داڕشتن.
٢- ڕسته‌ و بنه‌ڕه‌ته‌کانی.
٣- یه‌کسانی و کورتبڕی و درێژبڕی.
٤- پێکه‌وه‌نان و دابڕین(٢)

باسه‌که‌ی ئێمه‌ تایبه‌ته‌ به‌ (درێژبڕی و کورتبڕی له‌ ئه‌ده‌بی کوردی)دا که‌ هه‌ردووکیان له‌ زماندا سوودی

خۆیان هەیە و خاوەنی هەلومەرجی بەکارهێنانی تایبەتی خۆیانن و پاساوی، یان هۆکاری بەکارهێنانیان لە زماندا بۆ ئەو یاسایە گشتییە دەگەڕێتەوە کە زۆرجار لە هەموو زمانێکدا وشە ناتوانێ بە تەواوەتی ڕووبەڕووی مانا ببێتەوە، بۆیە وزەیەکی کەمتر، یان زیاد لە پێویست خەرج دەکرێت بۆ پێکانی ماناو مەبەست، بۆ ئەو مەبەستە ڕێبازێکی وەسفی شیکاریمان گرتۆتە بەر و باسەکەمان بۆ دووبەش و پێشەکییەک دابەش کردووە، لە بەشی یەکەمدا باسمان لە کورتبڕی کردووە لە سێ تەوەردا، سەرەتا هەوڵمان داوە پێناسەی زاراوەکە بکەین و ڕوونکردنەوەی پێویستی لە بارەوە بدەین، ئینجا جۆرەکانیمان دەست نیشان کردووە و پاشان هۆیەکانی بەکارهێنانی ئەو هونەرەمان خستۆتە ڕوو.

بەشی دووەمیشمان تەرخان کردووە بۆ درێژبڕی و لە سێ تەوەردا هەڵوەستەمان لەسەری کردووە، لە یەکەمیاندا هەوڵی پێناسە و ناساندنی زاراوەی (درێژبڕی)مان داوە و جیامان کردۆتەوە لە (درێژدادڕی)، لە دووەمیاندا مەبەستەکانی بەکارهێنانی درێژبڕیمان بە چەند خاڵێک باس کردووە، لە سێیەم تەوەریشدا هۆیەکانی بەکارهێنانی درێژبڕیمان ڕیزبەند کردووە، لە هەر بەش و بابەتێک هەوڵمان داوە نموونەی گونجاوی لە شیعر و پەخشانی کوردی بۆ بهێنینەوە.

لەکۆتاییشدا گەیشتوونەتە ئەنجامگیرییەک کە خۆی لە هەشت خاڵدا چڕکردۆتەوە و پاشان ئاماژە بە سەرجەم ئەوسەرچاوانە کراوە کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سوودمان لێوەرگرتوون، بەهیوایین ئەم هەوڵە بچووکە هەوێنی پرۆژەیەکی ئەدەبی فراوان بێ.

## بەشی یەکەم: کورتبڕی
### پێناسە و ناساندن

کورتبڕی یەکێکە لە هونەرەکانی واتاناسی و بریتییە لە دەربڕینی گوزارەیەکی زۆر بە چەند وشەیەکی کەم.

ئەگەر بێت و وشەو گوزارەکان بخەینە تای تەرازوویەکەوە ئەو تایەی گوزارەکەی تێدایە زۆر قورسە و ئەو تایەی کە وشەکانی تێدایە سووکە، لەبەر ئەوەی وشەکان لە گوزارەکە کەمترن.

عەزیز گەردی دەڵێ: «کورتبڕی لەڕەوانبێژیدا ئەوەیە کە مانای زۆر بە وشەی کەم دەربڕی، واتا ئەگەر ماناو وشەکان بەرانبەر بکرێن وشەکان لەماناکە کەمترن و تەرازووەکە بە لای ماناکەدا دەبێ.. ئەمەش یا بەهۆی لابردنی هەندێ وشە دەبێ کە لابردنەکەیان کارناکاتە سەر ماناکە، یا بە تایبەتی- قصر- کردنەوە دەبێ».(٣)

عەلائەددین سەجادیش دەڵێ: «مەبەست لە کورتبڕی ئەوەیە کە کۆمەڵە گوزارەیەک بە چەند وشەیەکی کەم دەربڕێ و درێژبڕیش پێچەوانەی ئەمەیە».(٤)

کورتبڕی لە ڕووی زمانەوە کورتکردنەوەی قسەیە یا (كلام موجز من أوجز)».

لە ڕووی چەمکەوەش: «ئەو دەربڕینەیە کە وشەکان کەمترن لەماناکەی بە لەبەرچاوگرتنی پارێزگاری کردن لە ماناکەی».(٥)

ابو الهلال العسكري دەڵێ: «درێژبڕی و کورتبڕی لە هەموو جۆرەکانی قسەکردندا پێویستیمان پێیەتی، هەریەکە و جێگەی خۆی دەگرێ، هەرکەسێک درێژبڕی و کورتبڕی لە جێگەی یەکتر بەکارهێنا ئەوا هەڵەی کردووە».(٦)

الرماني دەڵێ: «دەربڕینی مەبەستدار بەکەمترین پیت کورتبڕییە».(٧)

سکاکی دەڵێت: «کورتبڕی گوزارشتکردنێکی ئامانجدارە بە کەمترین وشە لە ژینگەیەکی ناسراودا (متعارف الاوساط)».(٨)

لەبەرکردن و گێڕانەوەی شیعر و پەیڤی کورتبڕ ئاسانترە وەک لە شیعر و پەیڤی درێژبڕ و ئەوەی لە هەڵوێستێکیشدا کورتبڕی بێ، مەرج نییە لە هەموو هەڵوێستێکدا کورتبڕی بێ.

«کورتبڕی لە شیعردا زیاتر بەکاردێ تا پەخشان، چونکە شیعر زیاتر ڕوو لە ئیحاو ڕەمز و خەستی دەکات و پەخشانیش پتر بایەخ بە لایەنی ڕوونکردنەوە و لێکشانەوەی باسەکە دەدات».(٩)

واتا شاعیر گوزارەیەکی زۆر مەزن بەچەند وشەیەک دەخاتە ڕوو بوارێک بۆ خوێنەر، یان گوێگر دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی خەیاڵی خۆی تێدا بەکاربێنێ و گەلێ واتای تر بۆ شیعرەکە دابنێت، چونکە شاعیر بەهۆی ڕەمز و ئیحاوخواستن، واتاکانی خۆی چڕ دەکاتەوە، بە چەند وشەیەک مانایەکی زۆر گەورە ئاراستەی خوێنەر دەکات.

گەلی کوردیش لەکاتی قسەکردندا گەلێ پەند دێنێتەوە کە خۆی لەخۆیدا نیشانەی کورتبڕییە وەک: کورتی کلکبراو، کورت و کرمانجی، زۆر گوتن قورئان خۆشە، سەرت نەیەشێنم، درێژەی نەدەینێ، ئەمە و گەلێکی تر

لەکاتی قسەکردندا بە کاردێن، هەروەها شاعیرانیش لەسەر کورتبڕی شیعریان داناوە.
شوکری فەزلی دەڵێ:

**شا وەکو شایەکی شەترەنجە لە عالەم ئەمڕۆ**
**گەورە قانوونە- قسەی کورت ئەوەیە درێژی نەکەی(١٠)**

نالی دەڵێ:

**نالی عەجەب بەقووەت و حیکمەت ئەدای دەکا**
**مەعنای زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک(١١)**

کورتبڕیش وەکو هەموو هونەرەکانی تر بە باسکردنی جۆرەکانی و نموونە هێنانەوە لە بارەیانەوە بابەتەکە روونتر دەکاتەوە. «لەکابرایەکیان پرسی: هەمەوەندییەکان چییان کرد؟ وتی: هاتن، کوشتیان، بردیان، سووتاندیان» ئەمە قسەیەکی کورتە، بەڵام گوزارەیەکی زۆری گرتۆتە خۆی، چونکە بێجگە لەوە کە کوشتن بۆ پیاوەکان و بردن بۆ مەڕو ماڵات و سووتان بۆ دەغڵ و دانە ئەگەر بێتو بە درێژی قسە لەسەر ئەوە بکرێ، ڕاڤەکردنێکی زۆری دەوێ.(١٢)

«هەندێ زانای ڕەوانبێژی عەرەب وەکو (جاحظ و أبن المقفع و اکثم بن صیفي و أبن سنان و الخفاجي و شبیب بن شبور) و هی تر پێیان وایە کە ڕەوانبێژی لە کورتبڕیدایە، کە گوتت ڕەوانبێژی واتە کورتبڕی و کە گوتت کورتبڕی واتە ڕەوانبێژی بە هەمووتەدارەکەوە».(١٣)

«هەروەها (معاویە) لە (صعاري العبري) دەپرسێ ڕەوانبێژی چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: ڕەوانبێژی کورتبڕییە، ئەویش لە وەڵامدا لێی دەپرسێ ئەی کورتبڕی چییە؟ کورتبڕی ئەوەیە کە لە وەڵامدا سستی نەکەیت و لە دەربڕین هەڵە نەکەیت».(١٤)

هەروەها خەلیفەی عەبباسی (أبن المعتز) دەڵێ: «ڕەوانبێژی بریتییە لە وەرگرتنی مانا و مەبەست بەبێ ئەوەی وشەکان درێژە بکێشن».(١٥)

## جۆرەکانی کورتبڕی

یەکەم: کورتبڕی بێ لابردن، یان دانەپاڵ (الایجاز بالقصر): «ئەوەیە کە واتاکەی لەوشەکان زیاترە و هیچ یەکێک لە وشەکان لانەبراوە و مانایەکی زۆر دەدەن بە وشە».(١٦) کاتی خوێنەر، یان گوێگر لێکی دەداتەوە خۆی لەبەردەم واتایەکی گەورەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە:
مجرم دەڵێ:

**دیوانی حاجی و نالی بەتاڵ بوون**
**کتێبی کوردی و کەیفیش درێغا(١٧)**

(مجرم)ی شاعیر ئەم دێرە شیعرەی لەمردنی (ئەختەر)ی شاعیر وتووە کە هاوچەرخی بووە، بێ ئەوەی هیچ وشەیەک بقرتێنێ بە کورتی مانایەکی زۆر دەدا بە دەستەوە، کە ئەویش بەهۆی مردنی ئەختەرەوە دیوانی حاجی و نالی و کوردی و کەیفی بەتاڵ بوون و هەتیوکەوتوون.

دووەم: کورتبڕی بەلابردنی: «بریتییە لەلابردنی ئامرازێک، یان وشەیەک، یان ڕستەیەک، یان زیاتر لە ڕستەیەک بێ ئەوەی کار لە ماناکەی بکات، بەمەش تەرازووی ماناکەی قورس دەبێ».(١٨)
«ئەگەر کار لەمانا بکات نابێ بەکورتبڕی چونکە کورتبڕی بۆیە کورتبڕییە لەبەرئەوەی وشەکان کەمن و مانای زۆریان داوە بە دەستەوە».(١٩)
* ئەو ئامراز، یان وشانەی کە لادەبرێن ئەمانەن:(٢٠)
١- لابردنی ئامراز:
نالی دەڵێ:

**موو سونبولی ئاشفتە، دوڕ دانەی ناسوفتە**
**دەم خونچەی نەشکوفتە، تێفکرە کوڕە یا کچ(٢١)**

ئەوزار، یان ئامرازی لێکچوواندن لابراوە کە (وەکو)ە.

٢- لابردنی موزاف:
«ڕێبوارێک پرسیاری شتێک لەیەکێک دەکات، ئەویش پێی دەڵێ: من نازانم بچۆ لەودێیە بپرسە».(٢٢) کە مەبەست لەودێیە بپرسە، واتا لە خەڵکی ئەو دێیە بپرسە. خەڵکی کە موزافە لابراوە و ماناکەشی نەگۆڕاوە.

٣- لابردنی موزاف (الیە):
«زینێکم بۆ دروستبکە»(٢٣)، کە مەبەست لێی زینێک بۆ ئەسپەکەم دروست بکە.
وشەی (ئەسپ) لابراوە و کاری لە واتا نەکردووە.

٤- لابردنی مەوسوف:

گۆران دەڵێ:
**دایە پار چەتە بووم، چەتەی نیشتیمان.(٢٤)**
واتە دایە پار من چەتە بووم، ڕاناوی من لابراوە بێ ئەوەی کار لەمانا بکات.

٥- لابردنی سیفەت:
کەوا سووری بەر لەشکر
«واتا باڵا بەرزی کڵاو سووری پێش لەشکر».(٢٥)
دیارە وشەی باڵا بەرز لابراوە و کاری لەماناکەشی نەکردووە.
یان
«هەموو باڵندەیەک بێچووی خۆی خۆش دەوێ».(٢٦)
واتا هەموو باڵندەیەک بێچوودار (خاوەن بێچوو) بێچووی خۆی خۆش دەوێ.

٦- لابردنی مەرج: کە مەبەست لێی ئامرازی مەرج و کرداری مەرج و وەڵامی مەرجە.
بۆ نموونە:
* لابردنی ئامرازی مەرج/ پەشێو دەڵێ:
**بچینە ئەو دووریەوە**
**لەکۆن پەندی وا هەبوو(٢٧)**
**منیش لەزۆر هەردم چاند**
**بەزیلم بڕوا هەبوو**
(بچینە ئەو دووریەوە) واتە (ئەگەر بچینە ئەو دووریەوە).
ئامرازی مەرجی (ئەگەر)لابراوە و کاری لە واتاکەشی نەکردووە.
حەمدی دەڵێ:
**کە بانگیان کەم هەموو چوستن، کە یەک بگرن گەلێ زۆرن**
**لە ڕووی دوشمن ئەڵێی ئاسکن، کە بێنە عەدد کەمن ئەمڕۆ.(٢٨)**
* لابردنی کرداری مەرج: (وەرن سەردەکەون)
واتا (وەرن، ئەگەربێن،سەردەکەون)

ئەگەر بێن لابراوە و کاری لە واتاکەشی نەکردووە.(٢٩)
* لابردنی وەڵامی مەرج: «وای دەنا بدیبایە چی بەسەرهاتبوو».(٣٠)
واتا (بتدیبایە شتێکی نەشازو عاجباتی بەسەرهاتبوو).
لابردنی وەڵامی مەرج هەمیشە بۆسەرسوڕمان بەکاردێ.
نالی دەڵێ:
**تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**
**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچە وانەبوو.(٣١)**

٧- لابردنی ڕستەی هۆیی:
(پێم گوت بخوێنەوە، هەموو ڕایان لە خوێندنەوەکەی بوو).(٣٢)
واتە پێم گوت بخوێنەوە، خوێندیەوە هەموو ڕایان لە خوێندنەوەکەی بوو.
لێرەدا ڕستەی «خوێندنەوە» لابراوە کە بۆتە هۆی ڕالێبوونی هەموو لایەک.

٨- لابردنی ڕستەی بەرهۆیی:
(بۆیە نەمناردی بە یەکجاری بڕۆی، بەڵکو بێیتەوە).(٣٣)
واتا بۆیە نەمناردی بە یەکجاری بڕۆی، بەڵکو بۆیە (تۆم نارد) بێیتەوە.
ڕستەی (بۆیە تۆم نارد) لابراوە ئەوەش بەرهۆیە.

٩- لابردنی پرسیار: زۆرجار شاعیر، یان قسەکەر ڕستەیەکی وا دەبینێ وەکو ئەوە وایە وەڵامی پرسیارێکی دابێتەوە، ئەگەر چی پرسیاریش نەکراوە.
نالی دەڵێ:
**واقیعەن خانەقا خۆش زەمزەمەیەکی تێدایە**
**بەلاقەندی هەیە، گەندی هەیە، ڕەندی نییە.(٣٤)**

واتاڕاستە خانەقا هەراو بەزمێکی خۆشی تێدایە، بەڵام هەراو بەزمەکەی زیرەکانە و سەربەستانە نییە، هەرچەندە شتی خۆش و ناخۆشیشی تێدایە...ئەم دێرە وەکو ئەوە وایە پرسیاری لێکرابێ (خانەقا چۆنە یان خانەقا چۆن دەبینی؟).

١٠- لابردنی زیاتر لە ڕستەیەک:
ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ:
**گاهێ بۆ مناڵێت ئەگری و**
**گاهێ هەست بە پیربوون ئەکەی**

**من لەیەکەمیاندا هۆشیارت ئەکەمەوە و**
**لە دووەمیشیاندا:**
**لەگەڵت دەست ئەکەم بە گریان..(٣٥)**

(گاهێ بۆ مناڵیت ئەگری) لەنیوە دێری سێیەم لابراوە، وشەی لە (یەکەمیاندا) جێگەی گرتۆتەوە، (گاهێ هەست بە پیربوون ئەکەی) لەنیوەی دێری چوارەم لابراوە وشەی (لەدووەمیشیاندا) جێگەی گرتۆتەوە، واتا لە جیاتی ئەوەی بڵێی کە بۆ مناڵیت دەگری من ژێرت دەکەمەوە، کە هەست بە پیربوون دەکەی لەگەڵت دەست دەکەمە گریان.

### هۆیەکانی بەکارهێنانی کورتبڕی

١- ئەو ڕستەیەی بەکورتی دەردەبڕێ پتەوتر و کاریگەرترە لە وورووژاندنی جۆشی دەروونی گوێگر و سەرنجڕاکێشانی.

٢- پارێزگاریکردن لە وزەو کات بەهۆی نەبوونی ماوە، بەچەند وشەیەکی کەم مەبەستەکەی خۆی دەگەیەنێ.

٣- بەهۆی مەبەستێکی تایبەتی، کاتێ قسەکەر دەیەوێ پەیامێک بە کەسێک بگەیەنێ کە لەناو کۆمەڵێک کەسدایە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە کەسە لە پەیامەکەی نەگەن بە ئەنقەست تەنیا ئەوەندە وشە بەکاردێنێ کە مەبەستیەتی ئەوکەسە تێی بگات و بەس.

٤- لەبەر ئەوەی کورتبڕی لە ڕستەی ئاسایی کورتترە مەبەستەکەی خێراتر دەگەیەنێ و باسەکە زووتر دەگاتە ئامانجی خۆی.(٣٦)

٥- زۆرجار بەهۆی ماندوویی و بێ تاقەتییەوە، کورتبڕی بەکاردەهێنرێ، کاتێ قسەکەر ناتوانێ بە وردی و درێژی شتەکان بخاتە ڕوو.

٦- بۆ خۆکۆکردنەوە و چڕبوونەوە و ڕێکوپێکی لەدەربڕیندا.

٧- لەکاتی ئاشنا بوون و تێکەڵاوی زۆر بە کەسێک، یان ژینگەیەکی دیاریکراو، بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی موفرەداتەکانی ئەو ژینگەیە، یان ئەو کەسە ناسراو و زانراو دەبن، بەکورتی پەیامەکان دەردەبڕدرێن.

## بەشی دووەم: درێژبڕی
### پێناسە و ناساندن

درێژبڕی یەکێکە لە هونەرەکانی واتاناسی و پێچەوانەی کورتبڕییە «واتا وشەکان لەماناکە زیاترن، قسەکەر بۆ دەربڕینی مانایەکی تایبەتی وشەی زۆر بەکاردێنێ لەم بەکارهێنانەشدا مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە هەر لەبەر ئەوەیە ئەو وشە زیادانەی کە بەکاردێ زیاتر بە مەبەستی ڕوونکردنەوە بەکاریان دێنێ نەوەک گوێگر بە تەواوەتی تێی نەگەیشتبێ یان بۆ ئەوەی قسەکانی باشتر لە بیری گوێگردا بچەسپێ، دیارە ئەمەش لەوکاتانە دەبێ کەوا قسەکەر بیەوێ جەخت لەسەر شتێک بکاو بایەخی زیاتری پێبدات».(٣٧) مەبەست لە درێژبڕی ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی گوزارەیەک بە ڕستەیەکی کورت بدرێ بەدەستەوە، درێژی دەکاتەوە بە مەرجێ لە درێژکردنەوەکە وەنەبێ هونەرێکی ڕەوانبێژی پەیدابێ.

بۆ نموونە: «کابرا باسی زەوییەکی بەیار دەکا، کە بە بەیاری ماوەتەوە و دەڵێ: سەپان نەبوو بۆ شۆو بڕین، گانەبوو بۆ جووتیار جووتی پێ بکا، باران نەبوو ئاوی بدا، وا بەو جۆرە بە بەیاری مایەوە. کابرایەکی گوێگر گوێی لەم قسەیە دەبێ و دەڵێ: ئەوەی پێ ناوێ بڵێ نەکێڵراوە».(٣٨)

بەڕای جاحظ «درێژە دان و درێژبڕی دوو وشەی هاوتاو بەرامبەری کورتبڕییە و گوزارشتکردنێکی ئامانجداری زیاد لە وشەیەک یا ڕستەیەکی باوە لە ژینگەیەکی ناسراودا (متعارف الأوساط)».(٣٩)

«درێژبڕی (أطناب) لە ڕووی زمانەوە چاوگی (أطنب)یە واتا درێژە دان بەقسە لەپێناو سوودگەیاندن بە مانا، لە ڕووی چەمکەوەش واتا زیاتربوونی پەیڤ و وشە لە واتا.(٤٠)

(أبن الأثیر) جیاوازی لەنێوان درێژبڕی و درێژەدان (التطویل) دەکات و دەڵێ: «درێژبڕی زیاتر بوونی پەیڤ و وشەیە لەماناکەی بۆ مەبەستێک یا لە پێناو سوودگەیاندن بەمانا، بەڵام درێژەدان زیاتر بوونی پەیڤ و وشەیە لەمانا بەبێ هیچ سوود و مەبەستێک».(٤١)

بەکورتی درێژبڕی دەبێ خزمەتی ئامانجێکی قسەکەر بکات ئەگەر هاتو هیچ سوودی نەبوو، لە هونەری ڕەوانبێژی دەچێتە دەرەوە، دەبێت بەدرێژدادڕیەکی بێ سوود، دیارە جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان درێژبڕی و درێژدادڕی.

### مەبەستەکانی درێژبڕی

١- بۆ ڕوونکردنەوەی شتی ئاڵۆز و نادیار:

پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی درێژبڕی لەکاتێکدا کە گوێگر لە مەبەستەکەت ناگات، یان تۆ واتێدەگەیت کە تێی ناگات بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە یاخود بۆ بینینی واتاکە لەدوو شێوەی جیاوازدا پەنا دەبەیتە بەر درێژبڕی.

دڵدار دەڵێ:

**نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووییم**
**تیکە نانێکە، چ نان؟ نانی جۆ**
**ئەویش بەبێ دۆ(٤٢)**

«ئەگەر دڵدار بیگوتایە (نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووییم تیکە نانێکە) و لەوێ بوەستایە و ڕوونی نەکردبایەوە، لەوانەیە گوێگر واتێنەگەیشتایە کە ئەو نانە نانێکی گەنمە و پێخۆریشی لەگەڵدایە، جا بۆ ئەوەی گوێگر شتی وای بە خەیاڵدا نەیێ و تەواو لەحاڵەتی کابرا بگات، زیاتر ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو تیکە نانە نانی جۆیە، نەک هەر نانی جۆیە، بەڵکو لە هەموو پێخوری خۆشی دنیادا دۆشی نییە ئەو تیکە نانە جۆیەی پێی بخوا». (٤٣).

ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: نالی بۆیە کۆچی کرد چونکە زانی بابانەکان خەونی ئەو ناهێننە دی.

**شیعر و ئەمارەت پێکەوە هەڵناکەن**
**ئەمیان ڕووخانی کردە چارەنووس**
**شیعریش دەربەدەری(٤٤)**

ئەگەر شاعیربە تەنیا بیوتایە نالی بۆیە کۆچی کرد، چونکە زانی بابانەکان خەونی ئەو ناهێننە دی و تەواو بوایە ئەوا ڕەنگە ماناکەی شتێکی زۆر تایبەتی بکەوتایەتەوە نەک ئەوەی کە نالی وەک شاعیرێک ڕەخنەی لە ئەمارەت هەبووە.

٢- ئاماژەدان، یان ناوبردنی شتێکی تایبەتی دوای گشتی:

واتا قسەکەر بە شتێکی گشتی دەست پێدەکات ئینجا دێتە سەر باسی تایبەتی.

دڵدار دەڵێ:

**خێرا هاتەوە بەڕوویەکی خۆش**
**وتی بەخێربێن، بەخێربێی کێخوا(٤٥)**

گوتی (بەخێربێن) ئەمە شتێکی گشتییە، چونکە بەخێرهاتنەکە هەموو ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە هاتوونەتە ئەوێ، کێخوا و غەیری کێخواش دەگرێتەوە پاشان بەخێرهاتنەکە تایبەتی دەکاتەوە بەکێخوا و دەڵێ: (بەخێربێی کێخوا).

مجرم دەڵێ:

**فیدات بم ئەی نەسیم هەڵبستە ئێستا**
**هەتا قسطنطینیە ڕامەوەستە**
**هەتاکن- حاجی قادر- بێ توقف**
**بڕۆ ئەما چلۆن وەک بەرقی یەڵدا(٤٦)**

سەرەتا لە شتێکی گشتی دەست پێدەکات کە بای نەسیمە، ئینجا داوای لێدەکات هەتا قوستەنتینیە کە مەبەست لێی ئەستەنبۆڵە ڕانەوەستێ و مەبەستەکەی تایبەتی دەکاتەوە ئینجا لەوێوەش بۆ لای حاجی قادری کۆیی.

٣- ناوهێنانی شتێکی گشتی لەدوای شتی تایبەتی:

واتا سەرەتا ئاماژە بە شتێکی تایبەتی بدەیت و ئینجا باسی شتێکی گشتی بکەیت، بەمەرجێ شتە گشتییەکە تایبەتییەکەش بگرێتەوە.

شێخ ڕەزا دەڵێ:

**صلاح الدین کە ئیسلامی گەیاندە پایەی ئەفلاک**
**ئەمە وابوو، ئەوەندەبوو، ئەو لە زومرەی کوردی خۆمان بوو(٤٧)**

سەرەتا ناوی (سەلاحەدین)ی هێناوە کە شتە تایبەتەکەیە، پاشان ناو بردنی (کورد) وەک شتێکی گشتی بۆ جەخت کردنەوە و زیاد پێداگرتنە.

یاخود کە دەڵێ: «هەولێر و هەمووشارەکانی کوردستانم پێخۆشە» (٤٨)

ناوهێنانی (هەولێر)ی تایبەتی پێش (کوردستان) کە گشتییە.

٤- ڕستەی هەڵوەستە (جملة اعتراضية):

قسەکەر لەکاتی قسەکردندا لەپڕ هەڵوەستەیەک دەکات بۆ مەبەستێکی تایبەتی، ڕستەیەکی لاوەکی دێنێتەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەکەوە نییە لەدوای ئەوە دەگەڕێتەوە سەر قسەکەی خۆی.

سالم دەڵێ:

**لەلای سالم ئەگەر ئەکلە وەگەر شورب**

**بەبێ تۆ، دوور لەتۆ سندانە ئیمشەو(٤٩)**

لەجیاتی ئەوەی لەنیوە دێری دووەم بڵێ بەبێ تۆ سندانە ئیمشەو هاتووە لەدوای (بەبێ تۆ) هەڵوەستەیەکی کردووە و وتوویەتی (دوور لەتۆ) تا ئەم سندانەی لە یارەکەی دووربخاتەوە، پاشان قسەکەی خۆی تەواو کردووە.

ڕستەی هەڵوەستە بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێ لەوانە:

أ-دوعاو پاڕانەوە:

زیوەر دەڵێ:

**چەکی هەر میللەتێ عیلم و مەعاریف بۆ ژیانی خۆی**

**لەناو ئێمەش خوا فەوقی بکا جەهلە چەکی خێڵە(٥٠)**

ڕستەی هەڵوەستە (خوا فەوقی بکا) دوعاکردنێکە لەچەکی خێڵ و نەتەوەی ئێمە کە ئەویش جەهلە، جەهلەکە ئەوەندە مەترسیدارە وای لە شاعیر کردووە قسەی خۆی ببڕێ و دوعای لەناوچوونی کردووە ئینجا قسەکەی خۆی تەواو کردووە.

ب- پیشاندانی گومان و دوودڵی:

عەلائەددین سەجادی دەڵێ: جارێ سەپانیەکەی خۆم ئەگەر چنگم کەوێ کەڵکێکمان ئەگرێت.(٥١) ئەگەر نەیگوتبایە- ئەگەر چنگم کەوێ- ئەوا قسەکە مسۆگەر دەبوو و سەپانیەکەیان کەڵکێکی ئەگرێ.

ج- التنزیه: واتا بە پیرۆزدانان و پاکڕاگرتنی کەسێک یان شتێک.

حەمدی دەڵێ:

**ماچی سەرکوڵمی بەدینی ئێمە (حج الاکبر)ە**

**حەجی دووبارە بە جارێ هەردوو کوڵمی کەی طەواف(٥٢)**

د- التعظیم:

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**ئەی موحەمەد وەی (ئەمین الدولە) ئیمڕۆ کۆیی ی تۆ**

**جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە(٥٣)**

هـ- التنبیه:

گۆران دەڵێ:

**کوڕی خەرجیی لێ وەرناگرێ، کۆشی نابینێ،**

**کچی ساوا- کێ چوزانێ- هەتا بێنێ. (٥٤)**

و- التحسر: کە مەبەست لێی ئاهو حەسرەت کێشانە بۆ کەسێک، یان ڕووداوێکی تایبەت.

گۆران دەڵێ:

**کچم، ڕۆحم، کچم... هەیهات! هایهات!**

**چ کۆچێ بوو! چ کۆچێ؟ واکش و مات؟!(٥٥)**

ز- التلذذ بذکر المکرر: واتا چێژوەرگرتن لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک.

گۆران دەڵێ:

**بەستە بۆ شادی ئەڵێن گشت لاوەکان**

**لاوەکان... لاوەکان...**

**چۆن لەبەر مانا ئەوەستێ دوژمنان؟**

**دوژمنان؟(٥٦)**

ح- التعدد المتعلق: واتا دووبارەبوونەوەی پێوەندیدار.

حەمدی دەڵێ:

**لەملیا بەختی من ڕەش بوو بە دەورەی خاڵیا ئاڵا**

**لەمل دەستی کە هەڵگرت زوڵفی بەلێوی ئاڵیا ئاڵا(٥٧)**

لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: «والحب ذو العصف و الریحان فبأي آلاء ربکما تکذبان خلق الأنسان من صلصل کالفخار و خلق الجان من مارج من نار فبأي آلاء ربکما تکذبان» (٥٨)

هێمن دەڵێ:

**حەیفە ئەو دەستە کە گوڵزاری دەنەخشاند، بشکێ**

**حەیفە ئەو دەستە کە دڵداری دەگەوزاند، بکشێ(٥٩)**

ط- سەرسوڕمان:

نالی دەڵێ:

**چ ڕەوضە؟ ڕەوضەیی جەننەت! چ جەننەت؟ جەننەتی قوربەت!**

**چ قوربەت؟ قوربەتی ڕاحەت! چ ڕاحەت؟ ڕاحەتی جانە(٦٠)**

٥- دووپاتکردنەوە (التکرار): جاری وا دەبێ درێژبڕی لە ئەنجامی دووپاتکردنەوە بێتە ئاراوە، دیارە دووپاتکردنەوەش بەبێ مەبەست نییە، بەڵکو شاعیر یا قسەکەر بۆ گەلێ مەبەست بەکاری دێنێ، لەوانە؛ چەسپاندنی واتا لەگوێی گوێگر، پیشاندانی ئاخ و خەفەت، دامەزراندنی سەرەتای کێشی هۆنراوە، کۆتایی هێنانی ئاخاوتن و بەجێ هێشتنی کاریگەرییەکەی لەناخی گوێگردا.(٦١)

هێمن دەڵێ:

**ساقی یا، وابادەوە، وابادەوە**

**ڕوو لەلای من کە بەجامی بادەوە(٦٢)**

٦- تەواوکردنی واتا: واتا درێژبڕی بۆ تەواوکردنی ماناکە بێ.

هێمن دەڵێ:

**ئەوکەسە جێگای لەمەیخانێ نییە**

**ئەوکەسە بادە و شەرابی بۆ چییە(٦٣)**

نیوەی دێری دووەم تەواو کردنی نیوەی دێری یەکەمە، کە بریتییە لە پێویست نەبوونی چوونە مەیخانە و خواردنەوەی بادە و شەراب.

٧- جەخنکردنەوە و پێداگرتن:

گۆران دەڵێ:

**منیش وەک ئێوە لەدنیای گەورە گەردێکم بچووک**

**هەتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم بەباڵ بە دەنووک**

ئاشکرایە خوێندن بە دەنووک و فڕین بە باڵ دەبێ، دەیتوانی ناوی (باڵ) و (دەنووک) هەر نەهێنێ، بەڵام دیارە تەنیا بۆ جەخت کردنەوەیەتی لەسەر شتەکان.(٦٤)

هێمن دەڵێ:

**بەناڵە، بە کوڵ، بەگریان**

**بەسنگ کوتان، بەڕوو ڕنین**

**بەبەرگی ڕەش، بەچاوی سوور**

**بەگۆڕخانە، بە کۆڕی شین(٦٥)**

سەرجەم وشەکانی بەرگ ڕەش، چاوی سوور، گۆڕخانە، کۆڕی شین، جەخنکردنەوە و دووپاتکردنەوەی وشەکانی (ناڵە، کوڵ، گریان سینگ کوتان، ڕوو ڕنین)ن ئەگەر بێتو ئەو دێرەی دووەمیش نەبووایە، ئێمە هەمان وێنامان هەر لا دروست دەبوو.

٨- دابەشکردن:(٦٦)

گۆران دەڵێ:

**بە هەردوو دوژمنی خوێن مژ**

**بەگشت چەکێ، لەش کوژ، بیر کوژ(٦٧)**

وشەی چەکی دابەشکردووە بۆ (لەش کوژ) و (بیرکوژ)

٩- التذییل:(٦٨)

واتا هێنانەوەی ڕستەیەک بۆ دانەپاڵ ڕستەیەکی تر، بەمەبەستی جەخت کردنە سەر واتاکەی.

هێمن دەڵێ:

**«چڵکی دەستە ماڵی دونیا» وەک دەڵێن**

**ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن(٦٩)**

(چڵکی دەستە ماڵی دونیا) پەندێکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە و دراوەتە پاڵ نیوە دێری (ماڵ پەرست و پەیمان شکێن و بێ بەڵێن) بۆ مەبەستی جەخت کردنە سەر ئەوەی کە سەروەت و سامانی دنیا شتێکی ڕاگوزەرەو ئەوەی لەم ڕاستییە تێناگات ئەوا کەسێکی ماڵپەرست و شەیدای سەروەت و سامانە.

١٠- الأیغال:(٧٠)

واتا کۆتایی هێنان بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک بێ ئەوەی هیچ واتایەکی هەبێ، بەڵام بۆ مەبەستی پاراستنی سەرواو بەخشینی واتایەکی زیاتر بەواتا تەواوەکە بەکاردێ.

هێمن دەڵێ:

**کچی میر و گەدا دڵیان هەیە دڵ**

**دڵیش ناکا لە دڵداری و ئەوین سڵ(٧١)**

نیوەدێری یەکەم کۆتایی بە وشەی (دڵ) هاتووە، گەر بە دڵیش کۆتایی نەهاتبایە، ئێمە دەمانزانی کچی میر و گەدا دڵیان هەیە، بەهۆی ئەو (دڵە)ی کە لە پێشتردا بەکاری هێناوە، بەڵام بۆ مەبەستی پاراستنی سەروا و

بەخشینی واتایەکی زیاتر بەدڵ بەکاری هێناوە.

**هۆیەکانی بەکارهێنانی درێژبڕی**

لەبەر ئەم هۆیانەی خـــوارەوە پەنا بۆ بەکـــارهێنانی درێژبڕی دەبردرێ:

١- بۆ نەهێشتنی هیچ گومان و دوو دڵییەک.

٢- بۆ چەسـپـاندنی بیـرورا و کـاریگەری دانان لەلای گوێگر.

٣- بۆ ڕوونکردنەوەی هەمـــوو تەمـومـژی و ئاڵۆزی و نهێنییەک.

٤- بۆ بەخشـینی جۆرێک لە مـەزنی و پیـرۆزییـەک بەواتا لەلای گوێگر.

٥- لە شیعری کوردیدا زۆرجار بۆ پاراستنی کێش و سەروای نیوە دێر و دێرەکان بەکارهاتووە.

٦- بۆ پیـشـاندانی جۆرە دەسـەڵاتێکی خـودی بەسـەر بەرامبەردا.

٦- ڕستەی هەڵوەستە (جملة اعتراضية) بۆ کۆمەڵێک مـەبەست بەکـاردێ کـە بریتین لە: دوعـاو پاڕانەوە، پیشاندانی گومان و دوودڵی، التنزيه، التعظيم، التنبيه، التحسر، چێژوەرگرتن لە دووبارە کردنەوەی وشە، التعدد المتحلق، سەرسوڕمان.

٧- کـورتبڕی و درێژبڕی هەردووکیـان بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە لە ڕەوانبێژیدا گەر یەکێکیان لە شوێنی ئەوی تریان بەکـاربێنێ، ئەوا مـاناکـەی کـاڵ و کـرچ دەبێ، یان دەچێـتـە قـاڵبی درێژدادڕی، یان مـەبەست و ئامـانجی پەیامەکەت ناگاتە گوێگر، یان خوێنەر.

٨- بەهۆی ئیـحـاو چڕی لە دەربڕیندا کورتبـڕی زیاتر لە شیعردا بەکاردەهێنرێ و درێژبڕیش زیاتر لە پەخشاندا بە حوکمی پێـویست بوونی بە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە.

**ئەنجامگیری**

١- درێژبڕی و کـورتبـڕی هونەرێکن لە هونەرەکـانی واتاناسی، کە ئەمیش بەشێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی و گرنگی بە واتا و مانای وشە و گوزارە دەدەن.

٢- ئەگـەر بە وشـەی کـەم مـانای زۆر و گـەورەمـان دەربڕی، ئەوا کورتبڕییە بە پێچەوانەوە ئەگەر بە وشەی زۆر مـانای کـەم و بچـووکـمـان دەربڕی ئەوا درێژبڕییـە، ئەمەش دەبێ بە مەبەست بێت، ئەگینا لەدرێژبڕی دەکەوێ و دەبێ بە درێژدادڕی.

٣- مـەرج نییـە کـورتبـڕی هەر لەخۆوە و بەبێ لابردن بێـتـە دی، زۆرجـار بەهۆی لابردنی ڕسـتـە و وشـە و ئامرازەوە دروست دەبێ، وەکو لابردنی ئامراز و موزاف و (موزاف اليه) و مەوسوف و سیفەت و مەرج و ڕستەی هۆیی و بەرهۆیی و پرسیارەوەیە.

٤- کـورتبـڕی و درێژبڕی هەردووکـیـان هۆی تایبەتی خۆیان هەیە و قـسـەکـەر، یان شـاعـیـر، یان نووسـەر بە مەبەستێکی دیاریکراوەوە بەکاری دێنێ.

٥- مـەبەسـتـەکـانی بەکـارهێنانی درێژبڕی زۆرن کـە بریتین لە ڕوونکردنەوەی شتی ئاڵۆز و نادیار، ئاماژەدان بە شـتـێکی تایبـەتی دوای گشـتی، یان بەپێـچـەوانە، ڕستەی هەڵوەستە و دووپاتکردنەوە، تەواوکردنی مانا، جـەخـتکردنەوە و پێـداگـرتن، دابەشکردن، الـتـذييل، الأيغال.

**(*) قوتابی ماستەرە لە زانکۆی سەلاحەدین.**

**پەراوێزەکان:**

١- عـەزیز گـەردی، ڕەوانبـێـژی لە ئەدەبی کـوردیدا، بەرگی سـێـیـەم، واتاناسی، چاپخـانەی کاکـەی فـەللاح، سلێمانی ١٩٧٩، لا٧.

٢- هەمان سەرچاوە، لا٨-٩، درێژبڕی و کورتبڕی.

٣- عەزیز گەردی: لا٦٨.

٤- عـەلائەددین سـەجادی: خۆشخوانی، چاپخـانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٦، لا٣٩.

٥- احـمـد مطلوب، كـامل حسن البـصـير: البلاغـة والتطبـيق، الطبـعـة الاولي، مطبـعـة مـديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٢، لا١٧٩.

٦-٧- هەمان سەرچاوە، لا١٨١.

٨- رؤوف عـثـمـان: الجـوانب البـلاغـيـة عند الشـيخ مـعروف النودهي، مطبـعـة بابان، سليـمـانيـة، ٢٠٠١، ل١٠٦.

٩- عەزیز گەردی، لا٦٨.

١٠-١١- هەمان سەرچاوە، لا٦٩.

١٢- عەلائەددین سەجادی، لا ٤٠.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٦٨-٦٩.

١٤- موحازەرەکانی د. سەردار ئەحمەد گەردی: بابەتی ڕەوانبێژی، ٢٠٠٢.
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٦- أحمد الهاشمي: جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، الطبعة الثانية عشر، مصر، ١٩٦٠، ل٢٢٣.
١٧- ئازاد عبدولواحید: ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ١٩٧٦، لا٢٤.
١٨- احمد الهاشمي، ل٢٢٣.
١٩- عەزیز گەردی، لا٧١.
٢٠-٢١- هەمان سەرچاوە.
٢٢- عەلائەددین سەجادی، لا ٤٠.
٢٣- هەمان سەرچاوە.
٢٤- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠، لا٣٤٨.
٢٥- عەلائەددین سەجادی، لا ٤٠.
٢٦-٢٧- عەزیز گەردی، لا٧١.
٢٨- جەمال محەمەد محەمەد ئەمین: دیوانی حەمدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی محەمەدی سەقز، ١٩٨٤.
٢٩-٣٠- عەزیز گەردی، لا٧١.
٣١- عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم: دیوانی نالی، پیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رستمخانی، سنە، ١٩٧٦. لا٣٧١.
٣٢-٣٣- عەزیز گەردی، لا٢٧.
٣٤- عەبدولکەریمی مودەڕیس و فایتح عەبدولکەریم، لا٥٩٥.
٣٥- ڕێبوار سیوەیلی: زمانی عەشق- زەمەنی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان، ٢٠٠٠، لا ١٥٠.
٣٦- عەزیز گەردی، لا٧٣- ٧٤.
٣٧- عەزیز گەردی، لا٧٥.
٣٨- عەلائەددین سەجادی، لا ٤٠.
٣٩- عبدالعزيز عتيق: علم المعاني، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٤، ل٢٠٢.
٤٠- أحمد مطلوب، كامل حسن بصير، لا٢٠١.
٤١- رؤوف عثمان: الجوانب البلاغيةو عند الشيخ معروف النودهي، مطبعة بابان، سليمانية، ٢٠٠١، ل١٠٧.
٤٢- عەزیز گەردی، لا٧٥.
٤٣- هەمان سەرچاوە، لا٧٦.
٤٤- ڕێبوار سیوەیلی، لا١٧٧.
٤٥- عەزیز گەردی، لا٧٦.
٤٦- ئازاد عەبدولواحید، لا٢٣.
٤٧- عەلائەددین سەجادی، لا١١٨.
٤٨-٤٩- عەزیز گەردی، لا٧٧.
٥٠-٥١- عەزیز گەردی، لا٧٨.
٥٢- جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، لا٢٨١.
٥٣- سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد ١٩٨٦، لا١١٨.
٥٤- محەمەدی مەلا کەریم، لا ٢٢٠.
٥٥- هەمان سەرچاوە، لا٩٩.
٥٦- محەمەدی مەلا کەریم، لا٤٥٣.
٥٧- جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، لا٣٦٤.
٥٨- قورئانی پیرۆز، سورەتی (الرحمن).
٥٩- هێمن: ناڵەی جودایی، چاپی پێنجەم، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد، لا٤٤.
٦٠- عەبدولکەریمی مودەڕیس، لا٤٩٧.
٦١- عەزیز گەردی، لا٧٩.
٦٢- هێمن: لا١٢.
٦٣- هەمان سەرچاوە، لا١٥.
٦٤- عەزیز گەردی، لا ٨٠.
٦٥- هێمن، لا٣٤.
٦٦- أحمد مطلوب، كامل حسن بصير، لا٢١٣.
٦٧- محەمەدی مەلا کەریم، لا٢٤٧.
٦٨- عبدالعزيز عتيق، لا٢١٥.
٦٩- هێمن، لا١٧.
٧٠- عبدالعزيز عتيق، لا٢٠٩.
٧١- هێمن: لا٥٨.

**سەرچاوەکان**

**أ- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- قورئانی پیرۆز.

٢- أحمد الهاشمي: جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، الطبعة الثانية عشر، مصر، ١٩٦٠.
٣- أحمد مطلوب و كامل حسن بصير: البلاغة و التطبيق، الطبعة الأولي، مطبعة مديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٢.
٤- بدوي طبانة: ابو هلال العسكري و مقاييسة البلاغية و النقدية، الطبعة الثالثة، دارالثقافة، بيروت، ١٩٨١.
٥- عبدالعزيز عتيق: علم المعاني، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧٤.
٦- رؤوف عثمان: الجوانب البلاغية عند الشيخ معروف النودهي، مطبعة بابان، سليمانية، ٢٠٠١.

**ب- سەرچاوە کوردییەکان:**

١- ئازاد عەبدولواحید: ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، پێداچوونەوەی کەریم شارەزا، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦.
٢- جەمال محەمەد محەمەد ئەمین: دیوانی حەمدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسیتی محەمەدی سەقز، ١٩٨٤.
٣- رێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق- زەمەنی ئەنفال،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان ٢٠٠٠.
٤- سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، ١٩٨٦.
٥- عەزیز گەردی: ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، واتاناسی، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٩.
٦- عەلائەددین سەجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٨.
٧- عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عبدولکەریم: دیوانی نالی، پیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رستم خانی، سنە ١٩٧٦.
٨- محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٠.
٩- هێمن: ناڵەی جودایی، چاپی پێنجەم، چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد.

# مێشک و زمان

لە ئینگلیزییەوە: د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە)

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی توانا مەعریفییەکانی مرۆڤ بەگشتی و فێربوون و بەکارهێنانی زمان بە تایبەتی وەکو مێژوو زۆر کۆن و بەردەوامە. سێ گرفتی لە مێژینەی زانست بریتین لە سروشتی مێشک و سروشتی زمانی مرۆڤ و پێوەندی نێوانیان. ئەو بیرۆکە و بۆچوونە کە مێشک بەسەرچاوەی زمانی مرۆڤ و مەعریفەت دادەنێ، دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر. وێنەو نووسینە بزمارییەکانی ئاشووری و بابلییەکان باس لە تێکچوونی زمان دەکەن کاتێک مێشکی مرۆڤ تێک بچێت، پزیشکە میسرییەکان لە ١٧٠٠ پێش زایین لە تۆماری سەر گەڵای درەختەکانی ئەوسا نووسیویانە کە «هەناسەی خواوەندێکی دەرەکی چۆتە جەستەی ئەو نەخۆشانەی کە بێ دەنگ بوون» (نەمانی توانای قسەکردن دەگێڕنەوە بۆ کارێکی یەزدانی). هەروەها فەیلەسووفەکانی گریکی کۆن باسیان لە پێوەندی نێوان مێشک و بیرکردووە، بەڵام نە ئەفلاتوون و نە ئەرستۆ ئەرکی تەواوی مێشکیان دەست نیشان نەکردووە لە مەعریفە و زمان. ژیری ئەرستۆ خیانەتی لێکرد کاتێک وتبووی کە مێشک ئیسفەنجێکی سارده و ئەرکەکەی بریتییە لە ساردکردنەوەی خوێن.

یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان مێشک و بیر بەهۆی دیراسەکردنی زمانەوەیە. لەلایەکی تریش لێکۆڵینەوە لە بارەی مێشکی مرۆڤ و مێشکی شیردەرەکانی تر یارمەتیدەرە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە بنەما دەمارییەکانی زمان. دیراسەکردنی بنەما بایۆلۆژی و دەمارییەکانی زمان دەکەوێتە بواری لێکۆڵینەوەی

زمانەوانی دەماری (Neurolinguistice).

**مێشکی مرۆڤ** (The Human Brain)

مێشک ئاڵۆزترین ئەندامی لەشی مرۆڤە کە دەکەوێتە ژێر کەللەسەر و لە نزیکەی دە بلیۆن خانەی دەماری (نیورۆن) و ملیۆنان ریشاڵ fiber) کە ئەو خانانە پێک دەبەستێتەوە، پێک هاتووە. رووی سەرەوەی مێشک بریتییە لەکۆرتیکس کە هەندێ جار پێی دەوترێ مادە رەساسییەکە grey mater کە ئەویش لە بلیۆنان نیورۆن پێک هاتووە. لەژێر ئەو کۆرتێکسە ماددە سپییەکە کە لە ریشاڵە بەستەرەکان پێک هاتووە. کۆرتێکس ئەو ئەندامەیە کە بڕیارەکانی بەدەستە؛ پەیام لە ئەندامەکانی هەستەکان وەردەگرێ و هەر ئەویش دەست بەکرداری دەستپێک بۆ هەر جووڵەیەک ئەنجام دەدات. کۆرتێکس واتە شوێنی هەموو تواناکان و بڕیارەکان و عەمباری یادگا memoryیەکانە. لە شوێنێکی نێو ئەو مادە رەساسییەی ئەو رێزمانە هەیە کە نوێنەرایەتی زانیاری زمانی هەریەکێک لە ئێمە دەکات.

مێشک لە دوو نیوەگۆ cerebral hemisphere پێک هاتووە. یەکێکیان لەلای راست و ئەوی تریان لە چەپ کە بە (تۆپەڵە لیمف corpus callosum) پێک بەستراونەتەوە کە ئەمەش تۆرێکی دوو ملیۆن ریشاڵییە (سەیری وێنەی خوارەوە بکە).




بەشێوەیەکی گشتی نیوەگۆی چەپی مێشک سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانی لای راستی لەشی مرۆڤ دەکات و نیوەگۆی راستی مێشک سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی لای چەپی لەشی مرۆڤ دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بەدەستی راستەت کارێک بکەی ئەوا نیوەگۆی چەپی مێشکت کۆنترۆڵی ئەو کردارە دەکات و بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش پێی دەوترێ ئەرکی دژ- لایی contralateral مێشک.

**تایبەت بوونی مێشک**

**(The Modularity of the Brain)**

لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمەوە باوەڕ وایە کە دەکرێ هەندێ ناوچەی مێشک دەست نیشان بکرێ کە تواناو زانیاری زمانییەکانی (عەمبارکراو و کردە)ی تێدا دارێژراوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم فرانز جۆزیف گاڵ بیردۆزی (دەست نیشان کردنی شوێنێک بۆ کارێکی lo-calization خستە روو کە پێی وایە توانا جیاجیاکانی مرۆڤ دەکرێ لە ناوچەی دیاریکراوی مێشک دارێژرابێت هەرچەندە هەندێ لە بۆچوونەکانی «گاڵ» لە گاڵتە دەچن ئەگەر بەپێی زانیاری ئێستا سەیریان بکەین. بۆ نموونە ئەو پێی وابوو کە بەشە نەرمەکەی پێشەوەی مێشک تایبەتە بەزمان، چونکە وەک خۆی دەڵێ ئەو کاتێک گەنج بووە سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەو کەسانەی زۆر زیرەکن و زمانپاراون لە قسەکردندا چاویان ئەبڵەق (Protruding) بووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە مێشکیان زیاد لە رادەی خۆی پێگەییوە (!!!). هەروەها گاڵ نیمچە بیردۆزێکی زانستیشی خستەڕوو کە پێی دەوترا «ئەندامناسی organology» ئەوەی کە دواتر بە «کەللەسەرزانی Phrenology» ناوی دەرکرد. ئەم زانستە بەهۆی دیراسەکردنی کەللەسەر و شێوەی سەری مرۆڤ دەتوانێ چەند تایبەتمەندییەکی کەسایەتی و توانای ژیری کەسێک دەست نیشان بکات یەکێک لە قوتابییەکانی «گاڵ» کە ناوی (جۆهان سپێرزەیم) بوو ئەو زانستەی بۆ ئەمەریکا گواستەوە و لەوێدا چەندین نەخشە و هێڵکاری کەللەسەری دروست کرد (وەک لە وێنەی خوارەوە دیارە) بەپێی ئەو نەخشە و هێڵکارییانە زمان راستەوخۆ دەکەوێتە ژێرچاو.



هەرچەندە کەلەسەرزانی وەک بیردۆزێکی زانستی ماوەیەکی زۆر پشت گوێ خرا، بەڵام بۆچوونی (گاڵ) کە دەڵێ مێشک تۆپەڵێکی چوون یەک نییە و توانا زمانییەکان ئەرکی چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی مێشکن زۆر ستایش کراوە و جێی باوەڕ و متمانەیە. لە ڕاستیدا (گاڵ) یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە و زانایەکی بوێریش بوو، چونکە دژی ئەو بۆچوونە وەستا کە پێی وابوو مێشک ئەندامێکی بێ پێکهاتەیە. (گاڵ) لەگەڵ ئەوەبوو کە مێشک لە چەند پێکهاتەیەک پێک دێ کە دەکرێ بەیەک ببەسترێنەوە و هەر پێکهاتەیەکیش تایبەت کراوە بە یەکێک لەو چالاکی و کردارانەی مرۆڤ دەتوانێ ئەنجامیان بدات کە زمانیش یەکێکیانە.

زمان یەکەم توانای مرۆڤ بوو کە شوێنەکەی لە مێشکدا دەست نیشان کرا بێت. لەساڵی ١٨٦٤ (پۆل برۆکا) گوتی زمان پێوەندی بە نیوەگۆی چەپی مێشک هەیە لە کۆنگرەیەکی زانستی کە لە پاریس بەسترا، برۆکا ڕایگەیاند کە ئێمە بەهۆی نیوەگۆی چەپی مێشک قسە دەکەین. برۆکا کاتێک گەیشتە ئەو ئەنجامە کە سەرنجی دا پەککەوتن و برینداربوونی بەشی پێشەوەی نیوەگۆی چەپی مێشک (کە ئێستا پێی دەوترێ ناوچەی برۆکا) دەبێتە هۆی لەدەستدانی توانای قسەکردن، بەڵام پەککەوتن و برینداربوونی نیوەگۆی ڕاست کاریگەری لەسەر زمان نییە. برۆکا بەهۆی لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی مێشکی هەشت کەس کە کەموکوڕی زمانییان هەبوو پاش ئەوەی مێشکیان بریندار ببوو گەیشتە ئەو ئەنجامانە. هەموویان برینەکەیان لە بەشی پێشەوەی نیوەگۆی چەپی مێشکیان بوو. کەواتە زمان تایبەت کراوە بەلایەک.

ئێستا ئەو کەسانەی ناوچەی برۆکایان پەکی دەکەوێ، یان بریندار دەبێ، ڕەنگە تووشی (پەشۆکانی برۆکی Broca’s Aphasia). پەشۆکانی زمان (Aphasia) زاراوەیەکە بۆ ئاماژەکردن بۆ هەموو جۆرە پەشۆکانێکی زمانی کە بەهۆی پەککەوتن و زەرەرمەند بوونی مێشک دروست دەبێ لە ڕێگەی نەخۆشی، یان بەرکەوتنی بەهێز. ئەو کەسانەی تووشی پەشۆکانی برۆکی بوون بە زەحمەت دەتوانن قسە بکەن و ڕاوەستان بۆ دۆزینەوەی وشە و نارێکی ڕیزبەندی وشەکان و گرفتێکی زۆر لە بەکارهێنانی وشە ئەرکییەکان (function words) وەکو ئامرازەکانی پێوەندی و کەرەستە ڕێزمانییەکان. ڕەنگە لە تێگەیشتنی زمان هیچ گرفتێکی ئەوتۆیان نەبێ، بەڵام بەپێی تاقیکردنەوەکان دەرکەوتووە ئەوکەسانە ناتوانن بە دروستی لە ڕستەی ئاڵۆز تێ بگەن.

ماوەیەکی زۆر پێش برۆکا، پزیشکە (Hippocrates) گریکییەکان باوەڕیان وابووە کە لەدەستدانی توانای زمان و قسەکردن هاوکات بووە لەگەڵ ئیفلیج بوونی لای ڕاستی لەشی مرۆڤ، بەڵام برۆکا زۆر بە دڵنیایی و بە بەڵگە سەلماندی کە زمان لە نیوەگۆی چەپی مێشکدایە بۆیە ناوچەکەش هەر بەناوی برۆکا ناونراوە.

دوای سێزدە ساڵ لە لێکۆڵینەوەکەی پاریسی برۆکا، لە ساڵی ١٨٧٤ یەکێک بەناوی (کارل وێرنیکا Carl Wernicke) لێکۆڵینەوەیەکی تری پێشکەش کرد کە تێیدا جۆرێکی تری پەشۆکانی زمانی خستە ڕوو کە لەوکەسانە بەرچاو دەکەوتن کە بەشی دواوەی نیوەگۆی چەپی مێشکیان (کە ئێستا پێی دەوترێ ناوچەی وێرنیکا) بریندار، یان زیانی پێگەیشتبوو. ئەوکەسانەی پەشۆکانی وێرنیکی Wernicke’s Aphasia)یان هەیە، جیا لەوانەی پەشۆکانی برۆکیان هەبوو، دەتوانن زۆر بە ڕەوانی و بێ گرفت قسە بکەن، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی وشە هەڵەی زۆر دەکەن بۆ نموونە وشە لە جێی وشەی تر بەکاردێنن، وشەی وا بەکاردێنن هیچ واتایەکی نییە. هەروەها ئەوکەسانە گرفتی تێگەیشتنیان هەیە.

سەیری وێنەی خوارەوە بکە بۆ بینینی ناوچەی برۆکا و وێرنیکا




ئێستا هیچ پێویستیمان بە نەشتەرگەری و دەرهێنان و لێک کردنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ نییە تاکو

شوێنی زیان و برینەکان دەست نیشان بکەین، لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە و بەهۆی (وێناکردنی لەرینەوەی موگناتیسی magnetic resonance imaging) دەتوانین شوێنی زیان و برینەکان لەسەر مێشکێکی زیندوو دەست نیشان بکەین. هەروەها تیشکە- وێنەی بەشی Positron emission to-mography) دیراسەکردنی مێشکی بەرەو قۆناغێکی تر برد لەبەر ئەوەی بەهۆیەوە دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانە دەست نیشان بکەین کە بەسەر چالاکی مێشکدا دێ هەروەها بەیەک بەستنەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بە زیان و برینی مێشک، یان ئەرک و کارەکان ئاسانتر دەکات ئەو جۆرە تیشکەوێنانە وای کردووە زانا و پسپۆڕان بتوانن بە ئاسانی مێشک بپشکنن و بزانن کامە ناوچەی مێشک کاردانەوەی دەبێ بەرانبەرورووژێنەری دیاریکراو. ئەمەش بەهۆی دانانی نەخشەیەک بۆ چالاکییە مێشکییەکان لەناو کۆمپیوتەر و لەکاتی وەرگرتنی تیشکە- وێنەکە هەر ناوچەیەک چالاکی زیاتر بوو، ئەوا ئەو ناوچەیە پەیوەستە بەو کردارە هزرییە.

بۆ نموونە لە زانکۆی نیویۆرک (بە فالۆ) تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجام دا بەهۆی بەکارهێنانی ئەو تیشک- وێنانە بە مەبەستی دەست نیشان کردن و پێوانی ڕادەی چالاکی لەناوچەکانی مێشک کاتێک داوا لە چەند کەسێک دەکرێ هەندێ کاری پێوانەیی و ناپێوانەیی بەرهەم بهێنن. بە کورتی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە بوو «چالاکی جۆراوجۆر لە ناوچەی جیاجیای مێشک بەدی دەکرا لەکاتی کارە پێوانەیی و نا پێوانەییەکان. هەروەها هەموو ئەو چالاکییانە لەنیوەگۆی چەپی مێشک ڕوویان دا».

## **برینداربوونی مێشک هەر لە منداڵییەوە وەک بەڵگە**

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو منداڵانەی کە پێش لەدایک بوون، لەکاتی لەدایک بوون، یان لەکاتی منداڵییەوە مێشکیان تووشی زیان و برین بووە دەری خستووە کە هەرچەندە بەتایبەت بوونی زمان بە نیوەگۆی چەپی مێشک پرۆسەیەکە لە سەرەتای ژیانی منداڵ دەست پێدەکات، بەڵام ڕەنگە سەرەتا بەو شێوەیە نەبێ و پێدەچێ نیوەگۆی ڕاستیش ڕۆڵی تێدا هەبێ. هەروەها دیراسەکردنی ئەو منداڵانە کە تەنیا لایەکی لەشیان تووشی ئیفلیجی بووە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەوانەی زیان و برینەکانیان لەیەک لای مێشکیانە تواناکانیان شێوازی جیاجیا وەردەگرێ. ئەوانەی نیوەگۆی چەپیان زیانی بەرکەوتووە کەموکوڕیەکانیان زیاتر لە ڕووی فێربوونی زمان و قسەکردنە بە تایبەتیش گرفتی دروستکردنی وشە و ڕستەی دروست.

لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر نەخۆشییەکی ترسناک و مەترسیدار تووشی نیوەگۆییەکی مێشک بێ، ڕەنگە پێویست بکا ئەو نیوەیە دەربهێنرێ. کاتێک ئەمەش ڕوودەدا، ئەوا ئەو نیوەگۆییەی کە ماوەتەوە هەوڵ دەدا ئەرک و کارەکانی نیوە لابراوەکەش ئەنجام بدات. ئەو نەخۆشانەی پێگەیشتوون بەهۆی مەشق پێکردن دەتوانن توانا زمانییەکانیان بەدەست بهێننەوە،بەڵام هەندێ توانای تر هەر وا دەمێننەوە. لابردنی نیوەگۆی چەپی مێشک بەهۆی نەشتەرگەری بۆ کەسانی هەرزەکار تەنیا بە مەبەستی پاراستنی ژیانیان ئەنجام دەدرێ لەبەر ئەوەی بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی لەدەست دانی توانا زمانییەکانی ئەوکەسە.

پێدەچێ هەر لەگەڵ لەدایک بوون مێشکی مرۆڤ نیوەی گۆی چەپی بۆ زمان تایبەت کرا بێ لەبەر ئەوەی ئەو منداڵانەی کە نیوەگۆی چەپیان تووشی زیان هاتووە، زمانیان بەشێوەیەکی ئاسایی گەشە ناکات.

## **مێشکی دوولەت (Split Brains)**

ئەو نەخۆشانەی کەمێشکیان دوو لەت کراوە (واتە نیوەگۆیەکان لێک جیاکراونەتەوە) بەڵگەن بۆ تایبەت بوونی زمان بە یەک لای مێشک و بە هۆیانەوە زیاتر لە ئەرکەکانی مێشک دەگەین. ئەوکەسانەی خوو (epilepsy)یان هەیە دەکرێ بە پچڕاندنی پێوەندی لەنێوان هەردوو نیوەگۆی مێشک چارەسەر بکرێن. پزیشکی نەشتەگەر ئەو تۆپەڵە لیمفە ڕیشاڵانە دەبڕێ کە هەردوو نیوەگۆی مێشکیان پێکەوە گرێ داوە، بەمەش ئەو ڕێگەی پێوەندی نێوانیان نامێنێ هەر نیوەگۆیەک وەک مێشکێکی سەربەخۆ کاردەکات، لەبەر ئەوەی ناتوانن زانیاری لە یەکتر وەربگرن. لەم بارەیەوە دەروونناس مایکل گازانیگا دەڵێ:

«کاتێ ئەو تۆپەڵە لیمفە ڕیشاڵییە هەیە، ئەوا هیچ نهێنییەک لەنێوان ئەو دوو نیوەگۆیەی مێشکدا نییە، بەڵام کاتێک دوو لەت دەکرێن واتە کە لێک جیا دەکرێنەوە ئەوا هەریەکەیان بەجیا کاردەکات بە گوێرەی

سیستەمێکی کۆنترۆڵی تایبەت بە خۆی کە بەسەر هەڵسوکەوتیدا زاڵە».

کاتێ بەهۆی نەشتەگەرییەوە مێشک دوو لەت بکرێ، ئەوا زانیاری دیاریکراو لەلای چەپی لەش تەنیا لەلای ڕاستی مێشک وەردەگیرێ و بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە گریمان مەیموونێک وا مەشقی پێکراوە کە بەدەست وەڵام بداتەوە هەر کاتێک وروژێنەری بینراوی تایبەت وەک ڕووناکی ببینێ. ئەگەر بێتو مێشکەکەی دوو لەت بکرێ دوای ماوەی مەشق پێکردنەکەوە وروژێنەرەکە تەنیا بە بواری بینینی چەپ نیشان دراوە (واتە مێشکی لای ڕاست) ئەوا مەیموونەکە تەنیا بەدەستی چەپ وەڵام دەداتەوە. ئەو نموونە و زۆری تریش ئەوە پیشان دەدەن کە هەردوو لای مێشک بەشێوەیەکی سەربەخۆکار دەکەن.

دیراسەکردنی ئەوکەسانەی کە مێشکیان دوو لەت کراوە، وەک مێشکی مەیموونەکە، هەردوو نیوەگۆ بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن، بۆیە ئەو پەیامانەی کە بۆ هەردوو نیوەگۆ دەنێردرێن کاردانەوەی جیاجیا دروست دەکەن کە ئەمەش بەندە بەوەی کامە نیوەگۆ پەیامەکە وەردەگرێ. زانیاری تایبەت بە هەستەکان لەو بەشەی لەش کە دەنێردرێ بۆ لای پێچەوانەی مێشک دەچێ، واتە ئەگەر زانیارییەکە لەلای ڕاست بێ، ئەوا بۆ لای چەپی مێشک دەچێ و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سێوێک لەدەستی چەپی کەسێکی مێشک دوو لەت کراو دابنرێ کە چاوی داخرا بێت، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ سێوەکە بەکاربهێنێ، بەڵام ناتوانێ ناوی بهێنێ. مێشکی ڕاست هەیە بەسێوەکە دەکات و لەشتەکانی تری جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەو زانیارییە ناگوازرێتەوە بۆ مێشکی چەپە کە تایبەتە بەزمان و ناونانی شتەکان، بەڵام ئەگەر ئەو سێوە لەدەستی ڕاستی ئەو کەسە دابنرێ، ئەوا یەکسەر دەتوانێ ناوی بهێنێ و وەسفی بکات.

زۆر تاقیکردنەوەی لەم جۆرە زانیارییان لە بارەی توانا جیاجیاکانی هەردوو نیوەگۆیەکە بۆ دابین کردووین. مێشکی ڕاستە باشترە لەمێشکی چەپە لە ڕووی ناسینەوەی کەسەکان و شوێنەکان...تاد کەچی مێشکی چەپە باڵادەستترە لەڕووی زمان و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بیرکارییانە. بەگوێرەی بۆچوونی گازانیگا «نیوەگۆی ڕاست و نیوەگۆی چەپی مێشک هەردووکیان دەتوانن هەستەکان دەربڕن، بەڵام نیوەگۆی چەپە دەتوانێ هۆی ئەم هەستەت پێت بڵێ، کەچی نیوەگۆی ڕاست ناتوانێ».

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ئەوکەسانە ئەنجام دراون کە مێشکیان دوو لەت کراوە دەریان خستووە کە کاتێ ئەو پێوەندی بینینەی نێوان هەردوو نیوەگۆی مێشک لێک جیادەکرێتەوە، ئەو زانیاری بینی تایبەت بە بواری بینینی ڕاست و بواری بینینی چەپ تەنیا دەگاتە نیوەگۆی ڕاست، یان چەپ. لەبەر ئەوەی نیوەگۆی چەپ بۆ زمان دانراوە هەر لەکاتی لەدایک بوونەوە، بۆیە کەرەستەی نووسراو کە بۆ نیوەگۆی ڕاست بنێردرێ، ناتوانرێ بخوێندرێتەوە ئەگەر مێشک دوو لەت کرابێ، چونکە ئەو زانیارییە ناگوازرێتەوە بۆ نیوەگۆی چەپی مێشک.

ئەگەر وێنەیەک بەر بواری بینینی ڕاستی کەسێکی مێشک دوو لەت کراو بکەوێ (ئەوا لەلایەن نیوەگۆی چەپ وەردەگیرێ بۆیە دەتوانرێ ناوی لێ بنرێ، بەڵام ئەگەر ئەو وێنەیە بەر بواری بینینی چەپ بکەوێ، ئەوا لە لای نیوەگۆی ڕاست وەردەگیرێ، بۆیە ناتوانرێ ناوی لێ بنرێ.

## بەڵگەی زیاتر بۆ تایبەت بوونی مێشک

هەرچەندە زمانەوانی دەماری هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتاییدایە، بەڵام تێگەیشتنمان لەم ڕووەوە زۆر پەرەی سەندووە لەوەتەی لە ڕۆژێکی ئەیلوولی ساڵی ١٨٤٨ یەکێک لە کرێکارەکانی دروست کردنی ڕێگا بە ناوی (فینیس گەیج) بوو بە کەسایەتییەکی دیار لە مێژووی پزیشکیدا. لە کاتی تەقینەوەیەکدا تووڵێکی چوار پێ درێژی ئاسن چووە ناو سەری. هەرچەندە ئەو کونە گەورە لەمێشکیدا هەبووە، بەڵام دواتر توانای قسەکردن و تێگەیشتنی بۆگەڕایەوە هەروەها چەندین توانای تر کە پێش ئەو ڕووداوە هەیبوو، بەڵام گرفت و کێشەی تری تووش هات وەک گۆڕانی بەرچاو لە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی سێکسی و توانای کۆنترۆڵ کردنی هەست و سۆز و توانای نەخشەدانان هەموو زیانی زۆریان بەرکەوتبوو. لەو تەقینەوەیەدا هەردوولا (گەیج) و زانستیش سوودێکی زۆریان وەرگرت. گەیج قازانجی کرد، لەبەر ئەوەی پارەی دەست دەکەوت کاتێک وەکو سێوێک لە شوێنێک بۆ شوێنێک دەچوو بۆ ئەو خەڵکانەی کە پەرۆش بوون ببینن، بەڵام دوای دوازدە ساڵ لەم ڕووداوە هەر بە هەژاری مرد. هەروەها زانستیش

سوودی لێ بینی لەبەر ئەوەی زانایان دەیانپرسی بۆچی ژێری گەیج وەکو خۆی مایەوە!!

کاتێک گەیج لە ساڵی ١٨٦١کۆچی دوایی کرد، هیچ پشکنینێکی پزیشکی (Autopsy) بۆ مێشکی نەکرا، بەڵام دواتر دکتۆر جۆن هارلۆ، ئەو پزیشکەی دوای ڕووداوەکە چوو بووە سەر گەیج قەناعەتی بە خوشکی گەیج هێنا کە ڕازی بێت لاشەی برایەکەی لەگۆڕ دەربهێنرێ و کەللە سەرەکەی بە مەبەستی زانستی بپارێزرێ. ئەو کارە زوو ئەنجام دراو لەو کاتەوە کەللەسەر و تووڵە ئاسنەکەش لە قوتابخانەی پزیشکی هارڤەرد پارێزراوە. لە ڕاستیدا بەم شێوەیە دکتۆر هارلۆ توانی بەشدارییەکی بەرچاوی هەبێ لەم بوارەدا. دوای نزیکەی ١٣٠ ساڵ لە دەرهێنانی لاشەکە لەگۆڕ، پسپۆڕانی دەمارزانی لە زانکۆی ئایۆوای پزیشکی توانیان دووبارە مێشکی گەیج دروست بکەنەوە، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی تیشکەوێنەی دەماری (Neuro-imaging) و بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری بەناوی (برەینڤۆکس Brainvox) توانیان پیشانی بدەن کە ناوچەکانی زمان و چالاکی زیانی بەرنەکەوتووە، بەڵکو زیانەکە لە بەشی هەرە پێشەوەی کۆرتێکس بوو. هەروەها تێبینی ئەوەشیان کرد کە کەسانی تریش کە هەمان شوێنی مێشکیان تووشی زیان هاتووە بە هەمان شێوەی گەیج تووشی گۆڕانی کەسایەتی هاتوون.

هەرچەندە ئەندامزانی کە فرانز جۆزێف گاڵ باسی دەکرد ناماقوڵ دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەو ڕاستییانەی کە دەیسەلمێنن زیان کەوتن بەر هەندێ ناوچەی مێشک دەبێتە هۆی لەدەستدانی زمان کەچی زیان بەرکەوتنی هەندێ ناوچەی تر دەبێتە لەدەستدانی توانای تر، پاڵپشتی لە بۆچوونی گاڵ دەکا کە پێی وابوو مێشک لە چەند ناوچەیەک پێک هاتووە کە هەر یەکەیان تایبەتن بەتوانایەک.

## پەشۆکانی زمانی (Aphasia)

لە گفتوگۆی پێشووماندا بینیمان کە پەشۆکانی زمانی بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەیە بۆ هەوڵدان تاکو لە پێوەندی نێوان زمان و مێشک تێ بگەین. دەبێ ئەوەش بزانین کە بایەخدان بە پەشۆکانی زمانی هەر لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی برۆکا دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو مێژووەکەی زۆر لەوە کۆنترە. لە (پەیماننامەی نوێ New Testament)دا قەداسەتی لوک St.Luke دەڵێ «زەکریا توانای قسەکردنی نەبوو، بەڵام دەیتوانی بنووسێت» ئەمەش دەست نیشان کردنی سەربەخۆیی لایەنە جیاجیاکانی زانیاری زمانی دەکات. هەروەها لەساڵی ٣٠ پێش زایین نووسەری ڕۆمانی ڤالیرۆس ماکسیمۆس کەسێکی خەڵکی ئەسینا وەسف دەکات کە دوای ئەوەی سەری بە بەرد لێی درا بوو، نەیدەتوانی پیتەکانیشی بەبیربێتەوە و نەیتوانی چیتر بخوێنێتەوە، بەڵام لایەنەکانی تری یادگا (memory)ی هیچ گرفتێکی نەبوو.

لەسەدەکانی پازدەیەم و هەژدەیەمدا ژمارەیەکی زۆر لە وەسفی ئەو نەخۆشانە بڵاوکرانەوە کە کەموکوڕیان هەبوو لە ڕووی زمانەوە لەکاتێکدا کە توانا نازمانییەکانی تریان بێ کەموکوڕی بوون. لە ساڵی ١٧٧٠دا جۆهانز گیسنەر ڕایگەیاند کە هۆکاری ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی یادگا، یان کەموکوڕی هزری تر، بەڵکو پێی وابوو کە لاوازییەکی دیاریکراو هەیە لە یادگای زمانی (Language Memory) ئەو نەخۆشانەدا.

هەندێ ڕاپۆرتی تری ئەو سەردەمە وەسفی ئەو نەخۆشانەیان دەکرد کە داسیلێکسیا (لەدەستدانی توانای خوێندنەوە) دوای لە دایک بوونیان تووش بووە، بەڵام توانای خوێندنەوەیان هەر ماوە هەروەها جۆرە نەخۆشییەکی تر کە دەتوانن بە ڕێنووس بنووسن، بەڵام ناتوانن ئەو نووسینەی خۆیان بخوێننەوە.

لە ساڵی ١٧٤٥ کارل لینیاوس لێکۆڵینەوەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە باسی کەسێکی دەکرد کە تووشی پەشۆکانی زمانی ببوو بەجۆرێک ئەوکەسە بۆ هەر وشەیەک ناوی خۆی هەبوو. هەروەها ڕیکلۆف میگێیا ڤۆن گۆینز لە ساڵی ١٧٨٩ تێبینی ئەوەی کرد نەخۆشێکی خۆی تووشی هەڵەی وشە گۆڕینەوە بووە و بەم شێوەیە وەسفی دەکات:

«دوای نەخۆشییەک ئەو ئافرەتە تووشی لەبیرچوونەوە بوو، یان باشترە بڵێین تووشی تێکەڵ بوون و پەشۆکانی زمانی بوو... ئەگەر بیویستایە داوای کورسی بکات داوای مێزی دەکرد. هەندێ جاریش خۆی هەستی دەکرد کە هەڵەی کردووە».

ئەو وەسفانەی سەرەوە و هی نەخۆشی هاوشێوەی تر ئەوە دەردەخەن کە ئەو هەڵانەی وشە گۆڕینەوە بەشێوەیەکی ڕەمەکی نەبووە، بەڵکو لەنێوان ئەو وشانە

ڕووی داوە کە لە ڕووی واتا، یان فۆنۆلۆژییەوە لێک نزیکن. هەروەها ئەو جۆرە هەڵانە هاوشێوەن لەگەڵ ئەوانەی کە هەر کەسێکی ئاسایی هەندێ جار ئەنجامیان دەدات.

ئەو هەموو وەسفە مێژووییانەی تایبەت بە لەدەستدانی زمان دوای زیان لێکەوتن و برینداربوونی مێشک لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە بارەی پەشۆکانی زمانی ئەنجام دراون ئەوە دەسەلمێنن کە زمان هەر لەگەڵ لەدایک بوونەوە بەرنامەڕێژکراوە و تایبەتە بە نیوەگۆی چەپی مێشک. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زیان بەرکەوتنی، یان برینداربوونی نیوەگۆی چەپی مێشک دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەشۆکانی زمانی هاوکات لەگەڵ چەند گرفتێکی تریش، بەڵام ئەگەر هەمان زیان بەر نیوەگۆی ڕاست بکەوێ ئەوە ڕوونادات، بۆیە ئەگەر هەردووکیان تایبەت بوونایە بە زمان نەدەبوو ئاوا ڕووبدات.

ئەوکەسانەی کەڕن، بە هەمان شێوەی مرۆڤی ئاسایی، تووشی پەشۆکانی هێمایی دەبن ئەگەر بێتو نیوەگۆی چەپی مێکشیان تووشی زیان و برین بێت. لەم بارەیەوە بێلۆجی و هاوکارەکانی لە پەیمانگای سالک ڕایانگەیاند کە ئەوکەسە کەڕانەی کەناوچەی برۆکای مێشکیان تووشی زیان و برین بێت، ئەوا وەکو مرۆڤی ئاسایی تووشی گرفتی قسەکردن و کەموکوڕی ڕێزمانی دەبن لەو هێما زمانەی کە بەکاری دەهێنن. هەروەها هەر ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەوکەسانە لەتوانا نازمانییەکاندا تووشی هیچ گرفتێک نابن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە نیوەگۆی چەپی مێشک تایبەت کراوە بە زمان نەک بیستن و قسەکردن.

زۆربەی ئەوانەی تووشی پەشۆکانی زمانی دەبن بە تەواوی زمان لەدەست نادەن، بەڵکو زیاتر لایەنێکی زمان. ئەوانەی تووشی پەشۆکانی برۆکی دەبن، ڕەنگە لایەنی ڕێزمانی لەدەست بدەن، چونکە گرفتی ڕستەکانیان لە ڕووی ڕێزمانییەوەیە. ئەوکەسانە ڕستە و گوتنەکانیان نارێزمانییە و زۆرجار ئامرازی پێوەندی و نیشانەکانی ناسیاری و نەناسیاری و کارە یاریدەدەرەکان بەرچاو ناکەوێ. هەروەها ڕەنگە هەندێ بەشی وشە دەرنەکەوێ وەکو ئەو پاشگرانەی زەمەنی کارەکە دیاری دەکەن. سەبارەت بە بیستن، ئەوکەسانە گرفتیان لەگەڵ ئەو ڕستانەش هەیە کە بۆ تێگەیشتنیان، پێویستە پشت بە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکە ببەسترێ.

بەڵام ئەوکەسانەی تووشی پەشۆکانی وێرنیکی هاتوون، دەتوانن زۆر بە ڕەوانی قسە بکەن کەچی لە قسەکردنیان تێناگەین. هەروەها گرفتی تێگەیشتنیان هەیە و لە هەڵبژاردنی وشەکانیش سەرکەوتوو نین.

هەندێک لەو کەسانەی تووشی پەشۆکانی زمانی هاتوون، کێشەی ئەوەیان هەیە ناتوانن ناوی ئەو شتانە بڵێن کە دەیانبینن ئەمەش کەموکورییەکی وشەییە (lexical defect) هەندێکی تر وشەی تەواو بێ مانا دروست دەکەن. جۆرێکی تر ئەو تووشبووانە وشەی وا گۆ دەکەن کە هیچ پێوەندییەکی واتایی فۆنۆلۆژی بە وشەی ویستراو نییە، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە کەسانی ئاسایی هەڵەی لەو جۆرە دەکەن، بەڵام ئەوانەی نەخۆشن ڕادەی هەڵەکانیان زۆر زۆرترە.

ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بۆمان دووپات دەکەنەوە کە ڕێزمان بە چ شێوەیەک ڕێکخراوە. ئەوکەسانەی دەتوانن وشەی وا دروست بکەن کە هیچ واتایەکی نەبێ ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لە فەرهەنگی مێشکماندا هێشووە دەنگ و واتا لێک جیاکراونەتەوە. ئەگەر باوەڕیش بەوە بکەین کە برینداربوونی ناوچەیەکی دیاریکراوی مێشک دەبێتە هۆی لەدەستدانی لایەنی جیاوازی زمان وەک سیمانتیک و سینتاکس، کەواتە ئەو ڕێزمانەی مێشکی مرۆڤ یەک سیستەمی چوون یەک نییە، بەڵکو لە چەند یەکەیەکی جیاواز و سەربەخۆ پێک هاتووە.

گۆڕینی وشەیەک بەوشەیەکی تر کە لە ڕووی واتا، یان لایەنی فۆنۆلۆژییەوە نزیکن بەڵگەی ئەوەن کە لە فەرهەنگی مێشکماندا وشەکان بەم شێوەیە ڕیزکراون. کەواتە وشەکانی نێو ئەو فەرهەنگە بە یەکتر بەستراونەتەوە لەڕێگەی واتا، یان دەنگ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە وشەکان تەنیا لەسەر شێوەی لیست نین، بەڵکو پێوەندی جۆراوجۆر بەیەکیان دەبەستێتەوە.

ئەو هەڵە جۆراوجۆرانە بۆمان دەردەخەن کە فەرهەنگی نێو مێشکمان دابەش بۆتە سەر چەند بەشێک. هەر بەشێک تەرخان کراوە بۆ جۆرێک وشە بۆ نموونە ئەو وشانەی واتایەکی دیاریکراویان نییە، بەڵکو زیاتر ئەرکی ڕێزمانییان هەیە لە بەشێکدا عەمبارکراون. هەڵەکان زیاتر لەو جۆرە وشانە ڕوودەدەن ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە هەر جۆرە وشەیەک بەشێوەیەکی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ بۆ دروست کردن و

تەنانەت تێگەیشتنیش.

**سەربەخۆیی زمان**

جگە لەو کەسانە کە مێشکیان زیانی بەرکەوتووە و توانای زمانییان لەدەست داوە، هەندێ حاڵەتی تریش هەن کە مێشکیان هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام بە زەحمەت، یان درەنگ فێری زمان دەبن. ئەوکەسانە هیچ کەموکوڕییەکی تریان نییە و کەم ئەقڵ نین و گرفتی تێگەیشتنیان نییە. ئەو جۆرە منداڵانە تەنیا (لاوازی دیاریکراوی زمانی Specific Languge Im-pairment)یان هەیە. تەنیا توانا زمانییەکان لاوازن و ڕەنگە تەنیا یەک لایەنی ڕێزمانی بێت.

ئەو منداڵانەی لاوازی دیاریکراوی زمانییان ئەوە دەردەخەن کە ڕەنگە زمان لاوازبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ژیری گشتی وەکو خۆی ئاسایی بێت، بەڵام ئاخۆ زمان بەشێوەیەکی ئاسایی گەشە دەکات ئەگەر بێتو ژیری گشتی نەبێ؟

ئەو پرسیارە کە دەڵێ ئایا توانای زمان هەر لەگەڵ لەدایک بووندا هەیە، یان دواتر لەژیری گشتی هەڵدەهێنجرێ مشتومڕی لەسەرە و لەلایەن زمانەوان و دەروونناس و دەرونناسەدەمارییەکان بایەخێکی زۆری پێدەدرێ. کۆمەڵێک بەڵگەی زۆر بەدەستەوەن کە پیشانی دەدەن مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بەرنامەڕێژ کراوە بۆ بوونی توانای زمانی سەربەخۆ هەر لەگەڵ لەدایک بووندا هەروەها ئەو توانایە هێندە جێگیرو تۆکمەیە لەژیری گشتی هەڵنەهێنجراوە.

**جیاوازی لەتواناکاندا**

Asymmetry of Abilities

حاڵەتی وامان بەرچاو کەوتووە کە کەسێک لەیەکێک لەتواناکاندا لاوازە، یان بە تەواوی بێ بەش بووە کەچی لە تواناکانی تردا ئاساییە و تەنانەت بەهرەمەندیشە لە هەندێکیان. چەندین هونەرمەندی کارامە و مۆسیقاژەنی دەست ڕەنگین هەن کە توانایان نییە ئاگاداری خۆیان بن. ئەوکەسانە پێشتر پێیان دەوترا «گەمژە-ژیر idiot sa-vant» بەڵام ئێستا خۆشبەختانە وەک «بلیمەت» ئاماژەیان بۆ دەکرێ. هەندێک لەو «بلیمەت»ە بەناوبانگانە لە بواری بیرکاریدا بەرچاو دەکەون کە دەتوانن بەخێرایی و بێ بیرکردنەوە چەندین کاری قورسی حیسابی بکەن و هەندێکیان دەتوانن یەکسەر پێت بڵێن کامە ڕێکەوت دەکەوێتە چ بەروارێک لەسەدەی ڕابردوو، یان سەدەی داهاتوو.

تا بەم دواییانەش هەر باوەڕ وابوو ئەو «بلیمەت»انە لە ڕووی زمانییەوە پەککەوتەن. ئەوان دەتوانن تووتی- ئاسا لاسایی دەنگ و قسە بکەنەوە، بەڵام توانای داهێنەری زمانییان زۆر کەمە کە شایانی باس کردنیش نییە.

هەرچەندە لەم حاڵەتانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تواناکانی بوارەکان دیاریکراون و هەندێ لەو توانایانەش پێویستیان بەژیری گشتی نییە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە بۆمان بسەلمێنێ کە زمانیش یەکێکە لەو بوارانەی توانایان دیاری کراوە. سەرباری ئەوانەش بەپێی زانیارییەکانی بەردەست دەڵێن «بلیمەت»ی وا هەبوو ڕێزمانی واڵۆوی زمانەکەی خۆی فێر بووە و تەنانەت زمانی تریشی زانیوە. دیراسەکردنی زیاتری ئەو حاڵەتانە بۆمان دەردەخا کە زمان توانایەکی سەربەخۆیە.

**لۆرا**

لۆرا ئافرەتێکی کەم ئەقڵ بوو ڕادەی ژیری ٤١-٤٤ بوو (Intelligence Quotient(IQ)) لۆرا هیچ چەمکێکی ژمارەی نەدەزانی تەنانەت کۆکردنەوە و کەمکردنەوەی ژمارەی سادەش تەنیا پێش چوونە قوتابخانە، دەیتوانی هەندێ وێنە بکا و تەنیا دەیتوانی سێ یەکەی دەنگی ببیستێ، بەڵام کاتێ لە تەمەنی شازدەساڵی داوای لێکرا ناوی هەندێ میوە بهێنێ، ئەوا یەکسەر توانی بڵێ (سێو و خۆخ و هەنار). هەر لەوکاتەدا دەیتوانی ڕستەی ئاڵۆزی ڕێزمانیش بەرهەم بهێنێ.

لۆرا نەیدەتوانی دوو لەگەڵ دوو کۆبکاتەوە نەیدەزانی ساڵی پار کەی بووە؟ ئاخۆ پێش هەفتەی ڕابردوو بووە، یان سەعاتێک لەمەوبەر. هەروەها نەیدەزانی سێ گەورەترە، یان بچووکترە لە دوو. سەرەڕای ئەوەش دەیتوانی ڕستەی ئاڵۆز بەکاربهێنێ و دەیتوانی ڕستەی بکەر نادیار بەکاربێنی و تێشیان بگا، دەیتوانی کارەکان بە دروستی گەردان بکا و ڕێکەوتنی نێوان بکەر و کار بپارێزێ. هەموو ئەوانەی دەزانی، بەڵام نەیدەزانی ژمارە بخوێنێتەوە و بنووسێ و تەنانەت نەیدەزانی باسەکان بکا، لەبەر ئەوەی ژمارەی تێدا بوو. هەرچەندە بەخۆی خەڵکی ئەمەریکا بوو، بەڵام نەیدەزانی کێ سەرۆکی

ئەمــەریكا بوو، یان لە چ ســەدەیەک دەژی و نەیدەزانی خۆی تەمەنی چەند ساڵە لە وێنەکاندا مرۆڤ وەک پەتاتە دەردەکـەوت کە دەست و قـاچی هەبوو(!!!) بەڵام کـاتێ ڕوو بەڕووی هەندێ ڕستە دەکرایەوە، دەیزانی کامە بەشی ئەو ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەیە.

لۆرا تەنیـا یەکێکە لەو نموونە زۆرانەی کە لە بەردەستن کـە باسی لە کـەسـێک دەکـەن کـە ڕێزمـانێکی تەواو گـەشـەکـردووی هەبێ و بەڵام گـرفت و کـەمـوکـوڕی زۆری هەبێ لە بوار و تواناکانی تردا.

دیراســەکــردنی ئەوکــەســانەی وەک لۆرا ئەو باوەڕە پووچەڵ دەکـاتەوە کـە پێی وایە بەهرە و بوونی توانای پێوەندی بە یەکتر کردن دەبێتە هۆی گەشەکردنی توانای زمـانی مــرۆڤ. بۆمــان دەردەکــەوێ کــە فــێــربوون و بەکـارهێنانی زمـان پشت بە توانای پێوەندی بە یەکـتر کردنی کۆمەڵایەتی نابەستێ، بەڵکو هەندێ توانای تری مەعریفی جیاواز.

### کریستۆفەر Christopher

کریسـتۆفـەریش کەسێکە ڕادەی ژیری (IQ) لەنێوان ٦٠-٧٠دایە و پێـویست دەکـا لە شـوێنی تایبـەت بەو کـەسـانە بژیت، چونکە ناتـوانێ ئاگـاداری خـۆی بێت. ناتـوانێ قـۆپچـەی کـراسـەکـانی خـۆی و قـەیتـانی پێڵاوەکانی و نینۆکی خۆشی بکات، بەڵام زمانەوانەکان پێیان وایە کە توانای زمانی لە زمانی خۆیدا وەک هەر یەکـێکە لەوکـەسـانەی ئاسـاییـن. هەروەها کـاتێک نووسینێکی دەدەیتێ بە پازدە تا بیست زمانی جیـاواز هەر هەمـووی وەردەگـێـڕێتـە سـەر زمـانی ئینگلیـزی و پسپۆڕان تەنیا چەند هەڵەیەکی کەمیان لەو وەرگێڕانانەدا دۆزیوەتەوە. هەندێ لەو زمـانانەش بریتین لە زمــانی دانیـمارکی، هۆڵەندی، ئەڵمـانی، فـەڕەنسی، ئیـتـاڵی، پورتوگـالی، ئیـسـپـانی، پۆڵەندی، فنلەندی، یۆنانی، هیندی و تورکی. کـریسـتۆفـەر ئەو زمانە لەو کەسانەوە فێربووە کە لەکاتی ئامادەبوونیان لەوێدا قسەیان کردووە، یان بەهۆی خوێندنەوەی کتێبی ڕێزمانی ئەو زمانانە. زۆر حەزی لەزمان و فێربوونی زمانە و حەز لە هیچ شتێکی تر ناکات. ئەو حـاڵەتەی کریسـتۆفـەر ئەوە دەگـەیەنێ کە توانای زمـانی سـەربەخـۆیە و پێـوەندی نیـیـە بە توانا گشتییەکانی تری مرۆڤ.

هەردوو حاڵەتی لۆرا و کـریسـتۆفـەر دژی ئەو بۆچوونەن کـە توانای زمـان لەژێری گـشـتی سـەرچاوە دەگـرێ، لەبەر ئەوەی لە هەردوو حاڵەتدا سەرەڕای بوونی کەموکوڕی لە لایەنەکــانی تر کــەچی توانای زمــانی هەر بە تەواوی گەشەی کردبوو.

### بەڵگەی (بۆ ماوەیی Genetic) بۆ سەربەخۆیی زمان

دیراسەکردنی ئەو کەسانەی نارێکی جینی (genetic disorder)یان هەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە یەکێک لە بوارە مـەعـریفـیـیـەکـان دەکرێ تەواو گـەشـە بکات و لە کــاتێکدا بوارەکــانی تر بە ناتەواوی بمێننەوە. ئەو منداڵانەی نیــشــانەی تێــرنەر (Turner's Sy-drome)یان هەیە (بوونی کـرۆمـۆسـۆمـێکی ناوێزە) توانای زمـانیــیـان تەواو گـەشـەی کـردووە، بەڵام توانا نازمانییەکانیان کەموکوڕی تێدایە. بە هەمان شێوە ئەو هەرزەکــــارانەی ویلیـــــەم (Williams Syn-deome)یان هەیە کـە تایبـەتمەندی هەڵسـوکـەوتی تایبەتی پیشان دەدەن کە تێیدا دەردەکەوێ هەندێ ئەرکە زمـانییـەکـانیان پاراسـتـووە کەچی لە زۆر بوار و توانای تردا دواکـــەوتوون. هەروەها هەندێ لە جــۆرەکـــانی دایسلیکسـیـا Dyslexia (ئەوکـەسـانەی گـرفـتی خوێندنەوە و ڕێنووسیان هەیە) و هەندێ لەو کـەسانەی لاوازی زمــــانی دیاریکـراویان هەیە و دەری دەخـــەن ئەوانەش بەهۆی بۆ ماوەیی، یان جینی سەرهەڵدەدەن.

بەپێی زانیـارییـە پزیشکییـەکـانیش دەرکـەوتووە کە هەندێ لەو گـرفت و لاوازییـە زمـانییـانە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگـوازرێتەوە واتە بۆمـاوەییە. زۆر خێزانی لەم جـۆرە لێکۆڵینەوەیان لەسـەر ئەنجـام دراوە. هەمــوو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە هەرزەکارن و زمانی دایکیشیان (mother tongue) ئینگلیزی بووە. ئەو ئەندامانەی کە لاوازی زمانییان هەبوو لەو خێزانانە یەک کـێـشــەی ڕێزمــانی دیاریکراویان هەبوو. هەمــوویان نەیاندەتوانی زەمەنی کارەکانی بە دروستی بەکاربهێنن. ئەوەش بـۆمــان دەسـەلمێنێ کـە لاوازی زمـانی دیاریکراو بۆماوەییە.

هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە جمکی (چوونیـەک واتە یەک ڕەگەز) هەردووکیـان پێکەوە زیاتر لە جمکی تر تووشی لاوازی زمانی دیاریکراو دەبن ئەگەر ئەو نیشانەیان تێدا دەربکەوێ.

کەواتە بەڵگەکانی پەشۆکانی زمانی و لاوازی زمانی دیاریکراو و جۆرەکانی تری نارێکی جینی لەگەڵ جیاوازی لە تواناکانی کەسە «بلیمەت»ەکان هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە توانای زمان بەتایبەتیش ڕێزمان تەواو سەربەخۆیە و پەیوەستە بە هۆکاری بۆماوەیی.

## زمان و گەشەی مێشک

پێوەندییەکی نزیک و پتەو لەنێوان زمان و مێشکدا هەیە. چەند شوێنێکی دیاریکراو لە مێشکدا تایبەتن بەزمان و هەرکاتێک ئەو شوێنانە لەبەر هەر هۆیەک تێک بچن، ئەوا زمانیش تێک دەچێ. لە منداڵی بچووکدا بریندابوونی، یان لابردنی لای چەپی مێشک و دەرئەنجامی زۆر خراپی دەبێ لەسەر گەشەی زمان. بەپێچەوانەشەوە بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی زوو و ڕێک و پێکی زمان بۆ ئەوەی مێشک بەشێوەیەکی ئاسایی گەشە بکات.

## ماوەی هەستیاری (The Critical Period)

لە بارودۆخی ئاساییدا منداڵ هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونیدا ڕووبەڕووی زمان دەبێتەوە. گەورەکان لەگەڵیدا دەکەونە قسە و لەکاتی ئامادەبوونی ئەو منداڵەشدا قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن. منداڵ پێویستیان بە ڕێنمایی زمانی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکەن پێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی زمان هەیە. ئەو منداڵانەی لەکاتی گونجاو و ساڵانی پێکهێنان (formative years) زانیاری زمانی وەرناگرن، ئەوا توانای زانیاری ڕێزمانییان وەک قسەکەرانی خۆماڵی (native) نابێت. تاقیکردنەوەکانی هەڵسوکەوتی (behavioural) و دیراسەکردنی وێنەکانی مێشک دەریان خستووە کە درەنگ ڕووبەڕووبوونەوەی زمان ڕێکخستنی سەرەکی مێشک بۆ زمان دەگۆڕێت.

گریمانەی تەمەنی هەستیاری (Critical Age Hy-pothesis) بەشێکە لە بنەمای بایۆلۆژی زمان و پێی وایە کە توانای فێربوونی زمانێکی خۆماڵی لەکات و ماوەیەکی دیاریکراو گەشە دەکات، لەکاتی لە دایک بوونەوە تاکو تەمەنی هەرزەکاری (نزیکەی ١٢ ساڵی). لەکاتی ئەو ماوە هەستیارییەدا فێربوونی زمان بەشێوەیەکی ئاسان و ڕێک و بێ گرفت و بێ دەست تێوەردانی دەرەکی ڕوودەدات. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، فێربوونی ڕێزمان زەحمەت دەبێ و هەندێ کەس سەرکەوتوو نابن تێیدا. ئەو منداڵانەی لە ماوەی هەستیاریدا لە زمان بێبەش کرا بن، ئەوا تایبەت بوونی لایەکانی مێشکیان شێوەیەکی ناوازە وەردەگرێ.

چەمکی ماوەی هەستیاری لە زۆربەی ڕەگەزەکاندا بەدی دەکرێ و پێدەچێ بە ڕەگەز بگۆڕێت و هەڵسوکەوتێکی پەیوەست بێ بەلایەنی بایۆلۆژی. بەچکە مراوی بۆ نموونە لەماوەی نۆ تاکو بیست و یەک کاتژمێر دوای هەر شتێک دەکەوێ کە بجووڵێ بێ ئەوەی گوێ بداتە ڕوخسار و شێوە. ئەم هەڵسوکەوتە هیچ پێوەندی نییە بە بڕیارێکی بە ئاگایانە، یان فێرکردنی دەرەکی، یان بەئەنجامدانی چڕی ئەو کارە، بەڵکو ئەو هەڵسوکەوتانە پێدەچێ بەشێوەی نەخشەیەکی پێگەیشتن دانرا بن و تایبەتمەندییەکی گشتی بێ لە هەموو ڕەگەزەکاندا.

نموونەی ئەو منداڵانەی کە لە بارودۆخی گۆشەگیر و تەنیایی کۆمەڵایەتی لە ڕادەبەدەر دانراون بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە و سەلماندنی گریمانەی تەمەنی هەستیاری ئەنجام دراون. ئەو حاڵەتانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم. لە ساڵی ١٧٥٨ بۆ یەکەم جار (کارل لینایۆس) مرۆڤی (هۆمۆفیرەس homo ferus) بە بەشێک لە مرۆڤی ئەقڵمەند (هۆمۆ ساپیەن homo sapiens) داناوە. بەپێی بۆچوونی لینایۆس یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هۆمۆفیرەس بریتی بووە لە نەبوونی قسە و زمان.

بەرچاوترین حاڵەتەکانی ئەو منداڵانەی کە بە تەنیایی پەروەردە کراون بە «منداڵە کێوییەکان wild chil-dren» ناسراون، چونکە یان لەگەڵ گیانداراندا، یان بە تەنیا لە شوێنێکی چۆڵ ژیاون. لە ساڵی ١٩٢٠ دوو منداڵی کێوی بە ناوی «ئەماللا و کەمالا» لە هیند دۆزرانەوە کە پێدەچوو لەگەڵ گورگدا ژیابن. حاڵەتێکی تری بەناوبانگیش بریتییە لەوەی (ڤیکتۆر) کە لە فیلمی بەڵگەنامەیی فرانسوا تروفۆ بەناوی«منداڵی کێوی The Wild Child» واتە کوڕە کێوییەکەی ئاڤیرۆن کە لە ساڵی ١٧٩٨ دۆزراوەتەوە. دڵنیابوون لەوەی کە ئەو منداڵە بە بچووکی لە دارستان بەجێ هێڵدراوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان توانیویەتی بەردەوام بێت لە ژیان.

گۆشەگیرکردنی منداڵانی تر بەهۆی هەوڵدان بوو بۆ

ئەنجامدانی ئەزموون و تاقیکرنەوەی زانستی لە ڕووی زمانییەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ کچێک کە بەناوی (جینی) لە ڕاپۆرتە زانستییەکان دەناسرێ، دۆزرایەوە. ئەو کچە لە ژوورێکی بچووک دانرا بوو بە جۆرێک کەمترین پێوەندی و کۆنتاکی لەگەڵ دەرەوە هەبوو هەر لە تەمەنی هەژدە مانگییەوە تاکو نزیکەی چواردە ساڵی. هیچ یەکێک لەو منداڵانە، بەبێ گوێدانە هۆی گۆشەگیر بوونەکانیان، نەیاندەتوانی قسە بکەن دوای ئەوەی هێنراونەتەوە نێو کۆمەڵگای ڕاستەقینە.

نەبوونی ئەو توانا زمانییە ڕەنگە تەنیا بەهۆی نەبوون و ڕووبەڕوونەبوونەوەی زانیاری زمانی بێ و هەروەها ئەوەش پیشان دەدا کە بوونی زمان (توانا ناواخانییە دەمارییەکان innate neurological ability) مێشکی مرۆڤ دەورووژێنێ و چالاکی دەکات بۆ ئەوەی زمان فێربێت. لە هەردوو حاڵەتی ڤیکتۆر و جینی هیچیان سەرکەوتوونەبوون لە فێربوونی زمان تەنانەت دوای پرۆسەیەکی فێرکاری چڕو بەردەوام.

لە ڕاستیدا جینی دەستی کرد بە فێربوونی چەند لایەنێکی زمان وەک ژمارەیەکی زۆر وشە و ڕەنگ و شێوە و تەن و پۆلی سروشتی و زاراوەی بەرجەستە و نابەرجەستە، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی ڕستەسازی و وشەسازییەکەی هەر بە تەواوی گەشەی نەکرد. زمانەوانێک بەناوی «سوزان کورتیس» کە بۆ چەند ساڵێک لەگەڵ جینی کاری کردووە دەڵێ «گوتنەکانی جینی زۆربەیان تەنیا لەپاڵ یەک دانانی وشە واتادارەکانن، بەڵام پێکهاتەیەکی ڕێزمانی زۆر کەمیان تێدا بەدی دەکرێ». زۆر لەو گوتنانەی کە جینی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا و دوای گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا لە گوتنەکانی منداڵێکی تەمەن دوو ساڵە دەچن و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ قسەی ئەو نەخۆشانەی ئەفەژیای ناوچەی برۆکای مێشکیان گرتووە، بۆ نموونە:

پیاو ماتۆڕ هەیەتی. Man motorcycle have.

جینی پڕ گەدە. Genie full stomach.

جینی خراپ سەرما ژیان باوک خانوو Genie bad cold live father house.

دەمەوێ کورتیس بژەنێ پیانۆ Want Curtiss play piano.

بکەوە دەرگا کلیل. Open door key.

سەیری ئەو ڕستە و گوتنانەی سەرەوە بکە کە بە شێوەی وشە بە وشە وەرمانگێڕاوەتە سەر کوردی هەر دەڵێی زمانی منداڵێکی دوو ساڵەی، یان کەسێک کە گرفتێکی لە مێشکیدا هەبێ. ئەو گوتنانەی سەرەوە هەموویان فرمانی یاریدەدەر و نیشانەی زەمەنەکان و ڕێککەوتن و تەنانەت جێناوەکانیشی تێدا نییە. لەکاتی دروست کردنی پرسیار شوێنی بکەر و فرمانەکەی نەگۆڕی. جینی دوای ماوەی هەستیاری فێری زمان بووە، بۆیە تەواو یاسا ڕێزمانییەکان فێر نەبووە و ئەمەش پاڵپشتێکە بۆ گریمانەکەی سەرەوە.

تاقیکردنەوەکانی بەتایبەت بوونی لایەکانی مێشکی جینی دەریان خست کە لای ڕاستەی جینی بەشی تایبەت بە زمانە کەچی لە ڕاستیدا دەبێ لای چەپە بۆ زمان تەرخان کرا بێت.

چێلسی ئافرەتێکە حاڵەتەکەی پاڵپشتی لەگریمانەی تەمەنی هەستیاری دەکات. ئەو ئافرەتە بە کەڕی لە باکووری کالیفۆرنیا لەدایک بووە لە شوێنێک بووە دوور لە ئاوەدانی شار و هەروەها بە هەڵە بە نەخۆشی کەم ئەقڵی دەست نیشان کرابوو، بەڵام خانەوادەکەیان هەرگیز باوەڕیان بەم دەست نیشان کردنە نەدەکرد. دەیانزانی کە چێلسی کەڕە، بەڵام لەو شارۆچکەی ئەوان تێیدا دەژیان، قوتابخانەی تایبەتی بە کەڕەکانی لێ نەبوو، بۆیە ئەویش نەچوو بۆ قوتابخانە. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٣١ ساڵی پزیشکێکی پسپۆڕ ڕادەی کەڕیەکەی دەست نیشان کرد و توانرا بەهۆی ئامێری تایبەتی توانای بیستنی بۆ بگەڕێندرێتەوە. لەو کاتەوە دەستی کرد بە وەرگرتنی و چارەسەری چڕی زمانی و توانی ژمارەیەکی زۆر وشە فێربێت، بەڵام ئەویش هەروەک جینی نەیتوانی لایەنی ڕێزمانی بەڕێکی کۆنترۆڵ بکات بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر مێشکی چێلسی بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی زمان دەرکەوت کە هەردوو لای مێشکی چێلسی تایبەت بوو بۆ زمان کە ئەمەش وەک حاڵەتی جینی شێوەیەکی ناوازەیە.

زیاتر لە سەدا نۆوەدی ئەو منداڵانەی کە بە کەڕی لە دایک دەبن، یان پێش فێربوونی زمان کەڕ دەبن دایک و باوکیان مرۆڤی ئاسایین. هەروەها ئەو منداڵانە زانیاری تایبەت بە ماوەی هەستیاری بۆ ئێمە دەخەنە بەردەست، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دایک و باوکانە هێمازمان نازانن، بۆیە زۆر درەنگ منداڵەکانیان ڕووبەڕووی زمان دەبنەوە.

ژمارەیەک لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون لەبارەی فێربوونی هێمازمانی ئەمەریکی لەلایەن چەند کەسێکی کەڕ کە لە تەمەنی جیاجیادا ڕووبەڕووی زمان کراونەتەوە.لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو کەسانەی لە تەمەنی لە دایک بوون تاکو شەش ساڵی ڕووبەڕووی ئەو هێمازمانە کراونەتەوە لە ڕووی بەرهەم هێنان و وەرگرتن و تێگەیشتنی هێما ئاڵۆزەکان زۆر بە توانا تر بوون لەوانەی کە تا تەمەنی دوازدە ساڵی ڕووبەڕووی ئەو زمانە کراونەتەوە، بەڵام لە ڕووی وشە و یاساکانی ڕیزکردنی وشەکان جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیان بەدی نەدەکرا.

حاڵەتی جینی و منداڵە گۆشەگیرەکان و تەنانەت ئەوکەسە کەڕانەی بە درەنگی فێری زمان دەبن هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە منداڵ ناتوانێ بە تەواوی فێری زمان ببێت مەگەر لە ماوەی هەستیاریدا ڕووبەڕووی زمان نەکرێتەوە- ئەو پەنجەرەی هیوایەی بۆ ئەوکاتەی کە بەهۆی هۆکاری بایۆلۆژی دەست نیشان کراوە و مێشک تێیدا ئامادەیە بۆ فێربوون و پەرەپێدانی زمان. ماوەی هەستیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەتایبەت بوونی لایەکانی مێشک و بەستراوەتەوە. هەرچەندە مێشکی مرۆڤ وا دروست کراوە کە لەلای چەپی هەندێ ناوچەی بۆ گەشەکردنی زمان تەرخان کراوە، بەڵام پرۆسەی بەتایبەت بوونی مێشک پشت بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕێک و پێک و زووی زمان دەبەستێت.

دوای تێپەڕبوونی ماوەی هەستیاری پێدەچێ مرۆڤ توانای فێربوونی لایەنی ڕێزمانی زمانی نەبێ تەنانەت ئەگەر مەشق و هەوڵێکی زۆریشی لەگەڵدا بێت، بەڵام زۆر ئاساییە وشە و توانای گفتوگۆکردنی جۆراوجۆری تر دوای ئەو ماوەیە فێر بێت. بە گوێرەی ئەم بەڵگانە بۆمان دەردەکەوێ کە ماوەی هەستیاری تایبەتە بە فێربوونی هەندێ لە لایەنەکانی زمان نەک هەموویان.

### ماوەی هەستیاری بۆ گۆرانییەکانی باڵندە

گۆرانییەکانی باڵندە هەندێ تایبەتمەندیسەرەکیان تێدا نییە کە لە زمانی مرۆڤدا هەیە وەک بوونی یەکەی واتا جیاکەرەوە و توانای داهێنان، بەڵام هەندێ ڕەگەز بە هەمان شێوەی مرۆڤ ماوەی هەستیارییان هەیە بۆ فێربوونی زمان. ڕەگەزی ئەو باڵندانەی کە ماوەی هەستیارییان تێدا بەدی کراوە، ئەوانەن کە فێربوونی زمانەکانیان بەهۆی شتێکی هاوشێوەی توانای ناواخنی مرۆڤیان بۆ فێربوونی زمان تێدایە.

بانگ و گۆرانییەکانی باڵندەی چافینچ Chafinch بە گوێرەی ئەو ناوچە جوگرافییەی کە باڵندەکە لێی دەژی، دەگۆڕێ. پەیامەکە وەکو خۆیەتی، بەڵام شێوەکەی یان بابڵێین گۆکردنەکەی جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی هەر دوای ماوەیەکی کەم پاش تروکان باڵندەی چافینچ دەتوانێ گۆرانی ڕەگەزەکەی خۆی بڵێ بەشێوەیەکی سادە. پاشان فێردەبێ شێوە ڕاستەقینە و ئاڵۆزەکەش بچڕێ، لەبەر ئەوەی باڵندەکانی هەمان پۆل بە گوێرەی شوێنی جوگرافییان فێری گۆرانی جیاجیای چافینچ دەبن، بۆیە دەبێ تەنیا بەشە سەرەکییەکانی گۆرانییەکە فێرببن. لەلایەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی بێچووی باڵندەی چافینچ تەنانەت ئەگەر گوێشی لە باڵندەی تر نەبوو بێ، دەتوانێ بەشێوەیەکی سادە گۆرانییەکان بچڕێ کەواتە دەبێ بەلایەنی کەم هەندێ لایەنی ئەو گۆرانییانە بۆ ماوەیی بن.

باڵندەی چافینچ وەک مرۆڤ ئەویش بەچەند هەنگاوێک فێری دوا شێوەی گۆرانی پۆلەکەی خۆی دەبێت. هەروەها لەو باڵندەیەشدا ماوەی هەستیاری بۆ فێربوونی گۆرانییەکان بەدی دەکرێ. ئەگەر هاتو ئەو باڵندانە لە ماوەیەکی دیاریکراو (ئەو ماوەیە لە باڵندەیەک بۆ باڵندەیەک جیاوازە) ڕووبەڕووی گۆرانی پۆلەکەی خۆیان نەبنەوە ئەوا فێربوونی گۆرانی ڕوونادات. دوای تەمەنی دە مانگی باڵندەی چافینچ ناتوانێ هیچ گۆرانییەکی نوێ فێرببێت. ئەگەر بێتو پێش فێربوونی شێوەی تەواوی گۆرانییەکان لە باڵندەکانی تر جیابکرێتەوە و پاشان دوای تەمەنی دە مانگی بهێنرێتەوە نێو پۆلی باڵندەکان ئەوا ناتوانێ پەرە بە گۆرانییەکانی بدات. ئەگەر هاتو چۆلەکەی پۆپنەسپی white-crown sparrow دوای فێربوونی گۆرانی توانای بیستنی لەکاتی ماوەی هەستیاری لەدەست بدات، ئەوا گۆرانییەکەی جیاواز دەبێ لە هی چۆلەکەکانی تری هەمان پۆلەکەی خۆی، چونکە ئەو چۆلەکانە پێویستە گوێ بیستی گۆرانییەکانی خۆیان بن بۆ ئەوەی فیکە و دەنگە تایبەت و تایبەتمەندی تر بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەگەر ئەو کەڕبوونە دوای تێپەڕبوونی ماوەی هەستیاری ڕوویدات، ئەوا گۆرانییەکان ئاسایی

دەبن.

شایانی باسە لە هەندێ ڕەگەزی باڵندەدا ماوەی هەستیاری نییە. کوختی دەتوانێ گۆرانییەکی تەواو بچڕێ تەنانەت ئەگەر پێشتر گوێبیستی هیچ کوختییەکی تریش نەبووبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو پەیامانەی بە مەبەستی پێوەندی بەیەکەوە کردن بەکاردەهێنرێن بە تەواوی بۆ ماوەیین، بەڵام لە هەندێ ڕەگەزی تردا پێدەچێ گۆرانییەکان بە تەواوی بەفێربوون بەدەست بهێنرێ. بۆ نموونە باڵندەی بول فینچ bullfinch دەتوانێ فێری هەر گۆرانییەک بێ کە رووبەرووی دەبێتەوە تەنانەت ئەگەر هی پۆلەکەی خۆشی نەبێت. نموونەیەکی تازە بۆ توانای فێربوونی باڵندە ئەوەی کە بە پێی ڕاپۆرتی پسپۆڕێکی دانیمارکی هەندێ باڵندە دەستیان کردووە بە کۆپی کردنی هەندێ لە زەنگەکانی مۆبایل.

پێوەندی نێوان ئەو لایەنانەی گۆرانی باڵندەکە بۆ ماوەیین و ئەوانەی کەبە فێربوون بە دەست دەهێنرێ، گرنگی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەزمانی مرۆڤیش. بەشێوەیەکی گشتی سروشتی بنەڕەتی گۆرانییەکان هەر لەگەڵ لەدایک بووندا هەن واتە بۆ ماوەیین. هەمان شتیش لەزمانی مرۆڤدا بەرچاو دەکەوێ، چونکە سروشتی بنەڕەتی زمان بۆماوەییە، بەڵام لایەنی وردەکارییەکانی گۆرانییەکانی باڵندە و ئەوانەی زمانی مرۆڤ هەموو لە ڕێگەی کرداریی فێر دەبن بە مەرجێک لەکاتی ماوەی هەستیاریدا ڕووبدات.

## گەشەکردنی زمان

ئەگەر مێشکی مرۆڤ بە شێوەیەکی وا پێک هاتبێ توانای فێربوون و بەکارهێنانی زمانی هەبێ، ئەوا کەی و چۆن ئەو گەشەکردنە رووی داوە؟ بۆ ئەو مەسەلەیە یەکێتی پسپۆڕانی ئەنترۆپۆلۆژی ئەمەریکی و ئەکادیمیای زانستەکان لە نیویۆرک هەردووکیان کۆڕ و سیمیناری تایبەتیان لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٦ سازداوە بەمەبەستی وەدەست هێنانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەو پرسە گرنگە.

## ڕەچەڵەکی زمان

هیچ شتێ لەوە سەرنج ڕاکێشتر نییە ئەگەر بێتو لە ڕێگەی چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویییەوە بزانین چۆن مرۆڤ دەستی کردووە بە گۆکردن و بەکارهێنانی یەکەم وشە و بەمەش لە پرسی ڕەچەڵەکی زمان دەرباز دەبین کە ژمارەیەکی زۆر و بەدرێژایی مێژوو زمانەوان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارانە لەبەرانبەریدا دەستەوەستانن.

هەموو ئایین و ئەفسانەی نەتەوەکان بەسەرهاتی تایبەتیان تێدایە لە بارەی ڕەچەڵەکی زمان. هەر لە دێرزەمانەوە فەیلەسووفەکان هەوڵیان داوە وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارە بدۆزنەوە. چەندین نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە نووسراون. هەروەها چەند خەڵاتیش دراوەتە خاوەن باشترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی کە گرفتێکی لەمێژینەی مرۆڤایەتییە. تیۆری سەرچاوەی یەزدانی و گەشەکردنی مرۆڤ و زمان وەک داهێنانێکی مرۆڤ هەموویان پێشنیار کراون بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە.

ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەی دێنە بەردەم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، زۆرن. پسپۆڕانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی لەو باوەڕەدان کە ڕەگەزەکان بەلایەنی کەم یەک ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا هەبوون و ڕەنگە بگاتە پێنج تا شەش ملیۆن ساڵیش. کەچی مێژووی زمانەوانی دەیسەلمێنی کە زمانێکی قسەیی هاوشێوەی ئەو زمانەی ئەمڕۆمان بەلایەنی زۆر دەیان هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هەبووبێ، بەڵام تۆماری نووسراوە دێرینەکان تەمەنیان نزیکەی شەش هەزار ساڵ دەبێت. ئەو تۆمارانەش هێندە دەرەنگن لە مێژووی گەشەکردنی زمان کە تەنانەت یارمەتیشمان نادەن بۆ گەیشتن بە ڕەچەڵەکی زمان.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە لێکۆڵەران و بەتایبەتیش ئەوانەی بایەخیان بە زانست دەدا لێکۆڵینەوە و تەنانەت باسکردنی ڕەچەڵکی زمانیان قەدەغە کرد. لە ساڵی ١٨٨٦ یەکێتی زمانەوانان لە پاریس بڕیارێکی فەرمی دەرکرد بۆ پشت گوێ خستنی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی باس لەو بابەتە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی زەحمەتە بتوانرێ بەڵگەی زانستی لەم بارەیەوە بدۆزرێتەوە، بەڵام گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەمەڕ ئەو بابەتە دەبێتە هۆی دابینکردنی زانیاری بەنرخ سەبارەت بە سروشت و گەشەکردنی زمان.

## دیاری خودا بۆ ئادەمیزاد

بە گوێرەی بیروباوەڕی جوولەکە و کریستیانەکان و موسڵمانەکانیش خودا توانای ناونانی گشت شتەکانی بە

ئادەم بەخشیوە. هەمان بیروباوەڕ لە سەرتاسەری جیهان بەدی دەکرێ. بەبۆچوونی میسرییەکان خواوەندی قسە و زمان ناوی تۆث (Thoth) بوو. بابلییەکانیش خواوەندی (نابو)یان وەک داهێنەر و بەخشەری زمان دانابوو. هیندۆسەکانیش توانای زمانیان دابووە پاڵ خوداوەندێکی ئافرەت. بە بۆچوونی ئەوان خواوەندی (براهما) دروستکەری گەردوون بوو، بەڵام هاوسەرەکەی بە ناوی «ساراسڤاتی» زمانی بەمرۆڤ بەخشیوە.

لە زۆر ئاییندا تەنیا چەند زمانێکی تایبەتی دەبێ بۆ نوێژ و نزا و ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەکان بەکاربهێنرێ. قەشە هیندۆسەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین پێیان وابوو کە شێوەی گۆکردنی سانسکریتی (ڤیدیک)ی ئەوکات پیرۆزن و دەبوو بپارێزرێن. ئەمەش بووە هۆی دیراسەی زمانەوانی گرنگ، چونکە زمانەکانیان دوای نووسینەوەی سرووتەکانی (ڤیدا) گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتبوو. یەکەم زمانەوانی ناسراوی ئەو سەردەمە ناوی (پانینی) بوو کە لەسەدەی چوارەمی پێش زایین ڕێزمانی زمانی سانسکریتی بە دوور و درێژی باس کردووە و تێیدا یاسا فۆنۆلۆژییەکان شێوازی ڕاستەقینەی وشەکانی پێشوویان دەردەخست تاکو لەکاتی پەرستندا بهێنرێن.

لە کاتێکدا ئەو ئەفسانە و دابونەریت و بۆچوونی ئایین و هەندێکیش خورافیاتەکان یارمەتیمان نادەن بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی زمان، بەڵام گرنگی و بایەخی زمانمان زیاتر بۆ ڕوون دەکەنەوە. هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونەی ڕەچەڵکی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەی ئایینی ڕەت بکەینەوە، یان تەواو قەناعەتی پێ بهێنین بە هەمان ئەو شێوەیەی کە ناتوانین بە ڕێگەیەکی زانستییانە لە بوونی خوا بکۆڵینەوە.

## زمانی یەکەم

لەنێوان ئەوانەی کە لایەنگیری تیوری یەزدانی ڕەچەڵەکی زمانن، بایەخێکی زۆر خرایە سەر ئەو زمانەی کە هەریەک لە خوا و ئادەم و حەوا بەکاریان دەهێنا. لە دێر زەمانەوە ئەزموونی «زانستی» دانراون و ئەنجام دراون بۆ ئەوەی بزانن یەکەم زمان چی بووە. مێژوونووسی گریکی «هیرۆدۆتس» نووسیویەتی کە فیرعەونی میسری (سامیتخۆس) کە لە ساڵانی (٦٦٤-٦١٠) پێش زایین ژیاوە هەوڵی داوە بەڕێگەی ئەزموونگەری بزانێ کامە زمان لە هەموو زمانێک کۆنترە. دەگێڕنەوە کە ئەو فیرعەونە دوو منداڵی ساوای لە شوێنێکی چۆڵی نێو شاخێک بە تەنیا داناوە و تەنیا کارەکەرێکی لاڵ چاودێری کردوون. سامیتخۆس لەو باوەڕەدا بوو کە تەنانەت بەبێ ئەوەی منداڵ گوێ بیستی هیچ دەنگێک بێ، خۆی فێری زمان دەبێ، بۆیە ئەگەر بە تەنیا بن ئەوا زمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ فێردەبن. چاوەڕوانی کرد تاکو ئەو ساوایانە گەیشتنە تەمەنێک قسە بکەن. بە گوێرەی بەسەرهاتەکە یەکەم وشەی ئەو منداڵانە «بیکۆس becos» بوو کە بەزمانی (ئەفرەنجی Phrygian- زمانێکە لەو ناوچانە بەکاردەهێنرا ئێستا تورکیایە) واتای «نان»ی دەبەخشی. بە پشت بەستن بەم تاقیکردنەوەیە ئەم زمانە دێرینە تاکو لەناوچوونی وەک زمانی یەکەم سەیر دەکرا.

مێژوو پڕە لە بۆچوون و ئەزموونی هاوشێوە. لەسەدەی سێزدەیەمدا ئیمپراتۆری ڕۆمانی فرێدریکی دووەم هەمان تاقیکردنەوەی سامیتخۆسی ئەنجام داوە، بەڵام منداڵەکان پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی قسەکردن گیانیان لەدەست داوە. لە سکۆتلەندا جەیمسی چوارەم (١٤٧٣-١٥١٣) تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەی ئەنجام داوە و سەرکەوتوو بووە لە کارەکەیدا و گەیشتۆتە چەند ئەنجامێکی پڕ بایەخ. بەپێی ئەو ئەفسانەیە ئەو منداڵە ئیسکۆتلەندییانە «زمانی عیبری Hebrew» فێر بوون ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە لە باخچەی عەدەن (Garden of Eden) زمانی عیبری بەکارهاتووە.

لەسەدەی شازدەیەمدا (جەی. گی. بێکانوس) ڕایگەیاند کە دەبێ زمانی «ئەڵمانی» بەکارهاتبێ، چونکە خوا دەبێ تەواوترین زمان بەکاربهێنێ. لە ساڵی ١٨٣٠دا (نۆوە ویستەر)ی فەرهەنگساز گوتی دەبێ زمانی «ئارامی» ئەو زمانەی کە لە سەردەمی داگیرکردنی ڕۆمانییەکان لە ئۆرشەلیم واتە قودس بەکاردەهێنرا. هەروەها لە ساڵی ١٨٨٧دا (جۆزیف ئێلکینز) ڕایگەیاند کە «تەنیا زمان کە گونجاو بێ بۆئەوەی لەسەرەتای دروست بووندا بەکارهێنرا بێ دەبێ زمانی چینی بێت».

ئەو بیروباوەڕەی کە پێی وایە زمانە جیاوازەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەک سەرچاوە لە مێژوو و ئەفسانە و ئایینە جیاجیاکاندا بەدی دەکرێ نەک تەنیا لە بەسەرهاتی قوللەی بابل The Tower of Babel).

**داهێنانی مرۆڤ، یان هاوار و دەنگی سروشتی**

گریکییەکان هیچ شتێک نەماوە لەم گەردوونە پرسیان نەخستبێتە سەر و هەوڵی تێگەیشتنیان نەدابێ. ئەمە زمـانیـشی گـرتۆتەوە. دێرینتـرین بەڵگەی نووسـراوی بەردەست لە بارەی سروشت و ڕەچەڵەکی زمانەوە بریتییە لە «کراتیلەس Cratylus»ی ئەفلاتوون. لەنێو گریکە کلاسیکەکان بۆچوونێکی هاوبەش هەبوو کە سوکرات لەو گفـتوگۆیەیدا دەری بڕیوە و دەڵێ: لە زەمـانێکی کۆندا یاسادانەر «Legislator»ێک هەبوو کە ناوی دروست و سروشـتی بەگشت شـتەکان دەبەخشی و ئەو وشانەش ڕەنگدانەوەی کرۆکی واتاکانیان بوون.

سـەرەڕای بوونی بەڵگەی زۆر دژی ئەو بۆچوونەی کـە پێی وایە شـێـوەی سەرەتایی زمـان لاسـایی کـردنەوەی دەنگەکانی سروشتە کەچی تا سەدەی بیسـتـەمیش هەر باسی لێوەدەکرێ. هەندێ جار تیۆری «باو- واو Bow-wow» ناودەبرێ، چونکە بەپێی ئەو بیـردۆزە «سەگ» بە وشـەی «باو-واو» ئاماژەی بۆ دەکرێ لەبەر ئەوەی لە دەنگی حەپەی سەگ نزیکە.

بۆچوونێکی تری هاوتەریبی ئەمەش پێی وایە کە زمان لەسەرەتادا لە کاردانەوەی سۆزداری وەک ئازار و ترس و سەرسامی و خۆشی تووڕەیی و..تاد پێک هاتبوو. جان جاک ڕۆسۆی فەیلەسووفی فەرەنسیش لەو باوەڕەدا بوو کـە سـەرەتاییـتـرین ئـامـاژەکـانی زمـان بریتی بوونە لە «دەنگەکانی سروشت».

بەپێی گـریمانەیەکی تر زمـان لەو دەنگ و منگەمنگە ئاوازەدارانەی پیـاو و ئافـرەت دروست بووە کـە کـاتی کارکردنیان بەیەکەوە دێنە دەرێ. یەسپرسن بۆچوونێکی سـەرنجڕاکێـشی لەم بارەیە خسـتۆتە ڕوو کـاتێ دەڵێ: «زمان لە گۆرانی وەرگیراوە وەک پێویستییەکی دەربڕین نەک لەیەکـتـر گـەیشتن و پێـوەندی». بە بۆچوونی یەسـپـرسن خـۆشـەویسـتی، یەکێ بووە لە گـرنگـترین ورووژێنەر و پاڵنەرەکانی گەشەکردنی زمان.

بە هەمـان شێـوەی گـریمان و بۆچوونە ئایینیـەکـان، ئەمانەش بە بەڵگەی زانستانە نەسەلمێندراون.

**گەشەکردنی زمان لە ڕەگەزەکاندا**

ئەمرۆ لەنێوان پسـپـۆڕانی بایۆلۆژی و زمـانناسـاندا بایەخێکی زۆر بە پێوەندی نێوان گەشەی زمان و گەشەو پێـشکەوتنی ڕەگـەزی مـرۆڤ دەدرێ. هەندێک لەو باوەڕەدان کـە توانای زمـان جـیـاوازیەکـە لە ڕووی پلە «difference in degree» لەنێـوان مـرۆڤ و شیـردەرەکانی تر و پێشی دەوترێ (بۆچوونی بەردەوامی continuity view). لەلایەکی تر هەندێ پێیان وایە کـە توانای زمـان (بازدانێکی جۆرییـە qualitative leap) و پێـشی دەوترێ (بۆچوونی نابەردەوامی Dis-continuity). هـەروەهـا لـە هـەردوولای بـۆچـوونـی نابەردەوامی کـەسـانێک هەن لەو باوەڕەدان کـە زمـان تایبەتە بە ڕەگەزێکی دیاریکراو.

بۆ ئەوەی لە گەشەکردنی زمـان تێبگەن، لێکۆڵەرانی کۆن و ئێستاش مشتومڕیان کردووە لەسەر ڕۆڵی ڕێڕەوی دەنگی (vocal tract) و گـوێ. بۆ نموونە بۆچوونێک هەیە دەڵێ قسەکردن لەنێو شیردەرە نامرۆییەکان (non human) نەدەکرا سەرهەڵ بدات، لەبەر ئەوەی ڕێڕەوی دەنگیـیـان توانای دروست کـردنی ئەو هەمـوو دەنگانەی زمـانی نەبوو بە گوێرەی ئەو گریمانەیە گەشەکردنی زمان پەیوەسـتـەبە گـەشـەکـردن و پێشکەوتنی ئەندامـەکـانی بەرهەم هێنان و بیستن و وەرگرتنی دەنگەکـان. هەڵبـەتە ئەمـەش هاوکات دەبێ لەگـەڵ گۆڕانکاری و گەشەکردنی مـێـشک و سـیـسـتـەمی دەمـاری بەرەو ئاڵۆزتر بوون. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێ کـە زمـانی ملیۆنان سـاڵ بەر لە ئێستا لە ڕووی ڕستەسازی و فۆنۆلۆژییەوە لە زمانەکانی ئەمـڕۆمـان سـادەترن. چەمکی «سادەتر» لێرەدا پێناسـە نەکـراوە هەرچەندە بۆچوونی وا هەیە پێی وایە تەنانەت ئەو زمانە سەرەتاییانە ژمارەی دەنگەکانیشـیـان کەمـتر بووە لە زمانی ئێستامان.

یەکێک لە هەنگاوەکانی پەرەسەندنی مرۆڤ دەبێ لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕێڕەوی دەنگی بێ بە جۆرێک کە توانای بەرهەم هێنانی ئەو هەمـــوو دەنگەی هەبێ، هاوکـات لەگـەڵ گـەشـەکـردنی مـیکانیـزمی وەرگـرتن و ناسـینەوەی ئەو دەنگانە، بەڵام بوونی باڵندەی مـینا (Mynah) و تووتی بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییـەی کە ئەم هەنگاوە بە تەنیا بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەچەڵەکی زمـان لەبەر ئەوەی ئەو گـیـانلەبەرانە دەتوانن لاسـایی دەنگەکـانی مرۆڤ بکەنەوە کەچی ناتوانن فـێـری زمان بێن.

لەوەش گـرنگـتر ئەوەیە کـە بەهۆی دیراسـەکـردنی ئەو مرۆڤانەی کە بە کەڕی لە دایک دەبن و فێری هێمازمان دەبن دەگــەینە ئەو باوەڕەی کــە توانای بیـــســـتنی

دەنگەکانیش بە تەنیا بەس نییە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمان. هەروەها بەڵگە بە تایبەتی بوونی لایەکانی مێشکی ئەو مرۆڤە کەرانەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مێشک بەهۆی دەمارەکانەوە بەرنامەڕێژ کراوە بۆ فێربوونی زمان نەک قسەکردن.

بۆیە دەردەکەوێ کە توانای بەرهەم هێنان و بیستنی کۆمەڵە دەنگێکی زۆر مەرجی گرنگن، بەڵام بەتەنیا بەس نین بۆ گەشەکردنی زمان لە ڕەگەزی مرۆڤ.

سەرەکیترین هەنگاو لە گەشەکردنی زمان پەیوەستە بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر مێشکی مرۆڤدا هاتوون. لەم بارەیەوە پسپۆڕی بایۆلۆژی (ستیڤن جەی گۆڵد) نووسیویەتی:

«بەپێی بۆچوونی داروینی (Darwinian) زمان وەک هەر سیستەمێکی تری ئاڵۆزی ژیانی هەنگاو بە هەنگاو گەشەی کردووە و هەر هەنگاوێکیش خۆ گونجاندن بووە لەگەڵ باروودۆخێکی تازە. زمان سیستەمێکی هێندە یەکپارچە و یەکگرتووە، ئاستەنگە بڕوا بکەین کە بەم شێوەیە گەشەی کردبێ. ڕەنگە مێشک قەبارەی گەورە بووبێ، توانیویەتی چەند کارێکی بکا کە پێشتر لەتوانایدا نەبوو».

هەر هەوڵدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پتر هەیە. خاڵێکی تریش کە هێشتا یەکلانەبۆتەوە بریتییە لە ڕۆڵی دابەش بوونی مێشک و تایبەت بوونی هەر لایەک بە چەند چالاکییەک، لەسەر گەشەی زمان. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر باڵندە و مەیموون ئەنجام دراون، دەرکەوتووە کە بە تایبەت بوونی لایەکانی مێشک تەنیا لە مرۆڤدا بەدی ناکرێ، بەڵکو لە بوونەوەری تریش. بۆیە هەرچەندە مەرجێکی سەرەکییە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە بۆ گەشەی زمان.

کەواتە تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی بە بەڵگەمان نییە بۆ ڕەچەڵەکی زمان لە مێشکی ڕەگەزی مرۆڤ. گەڕان بەدوای وەڵامەکان بەردەوامە و دەبێتە هۆی هێنانە کایەی تێڕامانی نوێ بۆ سەر سروشتی زمان و مێشکی مرۆڤ.

سەرچاوە:

**An Introduction to Language. by: Vivtoria Fromkin, Robert Rodman, Nina Hayms.**

# خەڵاتی هونەر و ئەدەبی فەرەنسی بۆ پیتەر سلۆتەردایک

**«خوێندنەوەی وتارێک لەلایەن باڵوێزی فەرەنسا بەم بۆنەیەوە»**

**کلۆد مارتن**

خانمان و بەڕێزان.

میوانە خۆشەویستەکان، دۆستە ئازیزەکان.

خۆشەویست پیتەر سلۆتەردایک.

پیتەر سلۆتەردایکی خۆشەویستم، دەمەوێت ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە من ئەمڕۆ چەندێک کامەرانم بەوەی ڕێم پێ بدرێت بەناوی حکومەتی فەڕەنسییەوە ئەم نیشانەیەتان پێ ببەخشم.

هەڵبەت لە ژیانی باڵوێزێکدا شتگەلێکی خۆش و ناخۆش هەن، بەڵام لێرەدا من باسی ناخۆشەکان ناکەم، چونکە خۆتان دەیانناسن.

مرۆڤ دەبێت شوێن نەریتە ڕیتواڵەکان بکەوێت و بەمەش ناچار و پابەست دەبێت بەوەی ئەم ئەرک یان ئەوی تر بەجێ بگەیەنێت، بەڵام بێگومان ساتەوەخت و ڕۆژانێکی گەلێک خۆشیش هەن. ئەمڕۆ بۆ من یەکێکە لەو ڕۆژە خۆشانە، لەبەرئەوەی بەخت و دەرفەتی ئەوەم هەیە پێتان ڕابگەیەنم من چۆن لەبارەی ئێوەوە بیر دەکەمەوە، بگرە لەوەش گرنگتر فەرەنسا چەندێک زۆر ستایشی ئێوە دەکات و چەندێک سەرسامە پێتان.

ئێوە یەکێکن لە گەورەترین بیریار و فەیلەسووفی سەردەم کە لە ڕێی ئێوەوە پرسیارتان لە پێویست بوونی فەیلەسووف بۆ ئەم سەردەمە دەکرێت. لەم جیهانەدا کە وا ڕادەگەیەنن هەموو شتێک لەبارە، هەموو شتێک

---

**لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی**
**(ئەڵمانیا)**

لۆگیکە، هەموو شتێک بووەتە دیموکراتی و هەموو شت بووە بە شتێکی عەقلانی. ئێوە هاتن ئەمانەتان خستە بە پرسیارەوە.

ئێوە هەر لە سەرەتای خوێندنتانەوە و دواتریش لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونتاندا خێرا بەوەتان زانی کەوا ئەم جیهانەی ئێمە هیچ ڕێکخراو و لەبار نییە. بێگومان ئەوەش ئەرکی فەیلەسووفە پرسیار لە هۆکار و (**بۆچی**) ئەمە بکات. ئێوە بوون وتتان، فەیلەسووف هەمیشە لەناو مۆنۆلۆگێکدا قسە دەکات. ئەگەر ڕۆحیش ئارام نەبێتەوە و هەروا بە نائارامی بمێنێتەوە کە بەو جۆرە نائارامییەی هەیە، ئەوا ناو بەناو دەتوانێت پرسیارە دروستەکان بکات و هەندێک جاریش وەڵامی دروست بدۆزێتەوە. ئێوە یەکراست ئەو پارادۆکسەتان بینیەوە، کەوا ئەگەرچی ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ لە کاتی ڕۆشنگەرییەوە پێی تێخستووە، واتە ڕێگەی عەقڵ و ئێمەش بەردەوام بەسەر ئەم ڕێگەیەدا ڕێمان کردووە، کەچی ئەمڕۆ ئێمە کەوتووینەتە ناو جیهانێکی پووچگەراوە. من چێژێکی زۆرم لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبانەی ئێوە وەرگرتووە کە تێیدا باسی ئەم بێهوودەییە و ئەم پووچگەراییەتیەتان کردووە. پیاوێکی داماو، شۆفێرێک لە جێگای ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلدا لەخۆی دەپرست، ئەو بۆچی لەوێیە. شۆفێرێکی داماو لەسەر ئەوتۆبان (ڕێگای خێرا) لە ڕێیدا بەرەو ئیتالیا ئارەزووی ڕێگایەکی خۆش دەکات، کەچی دەکەوێتە ناو قەرەباڵغی و شلۆقی ڕێگاکەوە و دەست دەکات بە جنێودان بە دراوسێکەی و پێشی وایە ئەو کەوتووەتە ناو دنیایەکی پووچەوە. لەکاتێکدا فەلسەفە ماوەی ٢٠٠ ساڵە و تاوەکو ئێستاش پێیوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، من پێموایە ئێوە بە ڕوونی و بە بلیمەتانە ئەوەتان ڕوون کردەوە بۆچی مرۆڤ بوونەوەرێکی ناعەقلانی لێدەرچووە. ئێوە هەوڵتان داوە وەڵامێک بدۆزنەوە لەوەی بۆچی ئێمە کەوتووینەتە ناو ئەم پووچگەرایەتییەوە.

مرۆڤ زوو قوربانییەکی سروشت بوو، بەڵام دەشیزانی بۆچی ئەو لەو سروشتە زیرەکترە کە چواردەوری گرتووە، مرۆڤ، لێرەدا مەبەستم لە مرۆڤی پاسکالیە، تەواو دەیزانی بۆچی ئەو دەمرێت، بەڵام مرۆڤی ئەمڕۆ نایەوێت لەوە تێبگات کەوا ئەو قوربانی سروشت نییە، بەڵکو قوربانی خودی کارەکانی خۆیەتی. ئەو هەوڵ دەدات لەوە تێبگات بۆچی ئەو لە دژی ئەم ڕیالیتێتەدا تێکۆشاوە.

من نەک چێژم لە ژمارەیەکی زۆری لاپەڕەکانی کتێبەکانتان وەرگرتووە، بگرە خۆشیم پێگەیشتووە. ئەوە شتێکی خۆشە پیاو هەردەم ئەو سەرنجەی بۆ بێت کەوا ئەگەر فەیلەسووفێک بخوێنێتەوە ئیدی کەمێک زیرەکتر و هۆشیارتر دەبێت. چونکە ئێوە نەک هەر پرسیارەکان دەکەن، بەڵکو هیوایەکانیشمان پیشان دەدەن. ئەو هیوایانەشی ئێوە پیشانمان دەدەن بەلای منەوە زۆر گرنگ و تایبەتمەندن. کاتێکیش ئێوە پیشانمان دەدەن کەوا مرۆڤ مێژووی خۆی، ڕابردووی خۆی، بنەچەی خۆی لەبیرکردووە، خۆی خزاندووەتە ناو هاکەزایەتی دنیاکانی ترەوە. ئێوە بەچەند لاپەڕەیەکی جوان نووسیوتانە و پێتانوایە ئەم پێکەوەگرێدانە پتر لای فەیلەسووفانی خۆرهەڵات دەبینرێتەوە وەک لای ئەوانەی خۆمان، زیاتر لای تسوانگتسی Zhuangzi دەبینرێتەوە وەک لای سانت ئۆگوستین. ئەمەش ئەو تاویزمە ئەوروپییەیە (ناوی کتێبێکی زلۆتەرە دایکە.ب.ع. Eu-rotaoismus) کە بەلای منەوە ڕەنگە بریتی بێت لە تیشک. ئێمە دەتوانین بەم ئاراستەیەدا بڕۆین، هەروەها، وەک خۆشتان دەڵێن، دەشتوانن ناکۆک بین و کۆکیش بین.

هەڵبەت ئێوە لەوەش ناسڵەمێنەوە کە بەرەنگاری دنیابنەوە. ئەوەبوو ئەم وتارەتان «چەند ڕێسایەک بۆ باخی مرۆڤ» گەلێک ناودارتری کردن. ئەگەرچی ئێوە لە ئەڵمانیا و لە وڵاتە دراوسێکانیدا ناودار بوون، بەڵام بەلای هەندێک کەسەوە ئەوە شۆکێک بوو فەیلەسووفێکی گەورە بوێرێت بڵێت، مرۆڤ لەوانەیە مرۆڤ بێت، چونکە ئەو شکستی هێناوە لەوەی مرۆڤ بێت، هەروەها ئاژەڵبوونی خۆی بکاتە شتێکی واقیعی و مانەوەی خۆیشی بە ئاژەڵی بگوزەرێنێت.

شتێک من بە تایبەت لە فەلسەفە و کتێبەکانی ئێوە ستایشی دەکەم، گیانی هومۆر و گاڵتە ئامێزیتانە. من ئەگەر کاتێک شک بەرم ئەوا لەناو فرۆکەکانی لوفتهانزادا بێت و لە ڕاڕاوەکانی چاوەڕێکردندا بێت دەیقۆزمەوە بۆ خوێندنەوە. من هەمیشە کتێبێکی خۆشم لە جانتاکەمدا هەڵگرتووە. من لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئێوەدا زۆر پێکەنیوم و گەلێک جار هێناویانمەتە خەندە. چونکە بیرکردنەوەی ئێوە لە خەسڵەتە پڕگاڵتەئامێزەکانی نووسینەکانتانەوە ئاو دەخواتەوە. گاڵتەکارەکان، یاریزانەکان، ئەو کەسانەی نوکتە و گاڵتەیان لایە ئەوانەن

که زۆر به شێوەیەکی تایبەتمەندانەش ستایشی شتەکان دەکەن. تەنانەت کاتێکیش کە نەتانەوێت چەند بڕگەیەکی لیزا مینێلی بە شێوەیەکی تایبەت بە کەسی خۆت بە ڕەوا بزانن، ئەوسا ڕەنگە پیاو بتوانێت بڵێت، کەوادەشێت شانۆگەری جیهان بریتی بێت لە کاباریتێک (تیاترۆخانە)، ئەم وردەکارییەش نابێت لەبیربکەین مادامەکی شتەکە لەپێناوی شیکارکردنی جیهانەیدا.

جگە لەم هومۆرەش خوێنەرانی ئێوە پتر ستایشی گەردوونایەتی بیرکردنەوەتان دەکەن. ئێوە فەیلەسووفێکن، بیرمەندێکن، بەڵام نووسەرێکیشن. ئەو جۆر و شێوازانەی زمانی ئەڵمانی ئێوە پێی دەنووسن مایەی سەرسامی یەکجار زۆری منە. سوپاسی بڕگاکانی نووسینەکانی ئێوە دەکەم کە هەست دەکەم لە خوێندنەوەیاندا من دووبارە چەند لاپەڕەیەکی هۆڵیدەرلینم خوێندووەتەوە. سوپاسی بازنەی دۆستەکانتان دەکەم کە لە ڕێیەوە توانیم دۆرس گرونباین بناسم. دەزانم کە پێوەندی ئێوە بە شیعرییەتەوە زۆر گرنگە بۆخۆتان و بۆ فەلسەفەکەتان. بەڵام ئێوە تەنیا بایەخ بە فەلسەفە نادەن، بەڵکو هەموو هەرێم و تەکنیکەکانی جیهانی سەردەممان مایەی بایەخی ئێوەیە، وەک: سۆسیۆلۆژیا، ئەرشیتێکتور (تەلارسازی)، جۆر و شێوازەکان، ڕووەک چۆن گەشە دەکات، کایەکان. من جارێک دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا لە گەلەرییەکی کۆندا گوێ لە خوێندنەوە کۆڕێکتان بگرم.

گەردوونایەتی ڕاڤەکانی ئێوە بە دڵنیاییەوە گەورەترین خەسڵەتی کارەکانتانە. ئێوە لە هەموو شوێنێکدا جوانی دەبینن، هەروەک چۆن لە هەموو جێیەکیشدا پووچگەرایی دەبینن، ئێوە هەوڵ دەدەن ئەوانە نەک هەر بۆ خۆتان، بەڵکو بۆ تەواوی هاوسەردەمەکەتان، ئەوانەی هەوڵ دەدەن لە جیهان تێ بگەن، ڕوون بکەنەوە. من پێم باشە کە ئێوە خۆتان ماندووکردووە و لەگەڵ فیلیکس شمیدتدا پێتان کراوە «چوارینەی فەلسەفی» لە تەلەفزیۆندا بسەپێنن. ئەگەرچی ڕەنگە ڕادەی بینەرانی وەکو بەرنامەکەی (گۆتشالک) نەبێت. (بەرنامەیەکی کات خۆش بەسەربردنە لەگەڵ ئەو کەسانەی توانا نائاساییەکانیان هەیە و گۆتشالک دەیانهێنێت بۆ گرەوکردن لەسەریان، لە ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا چەند ملیۆنێک بینەری هەیە. ب.ع.).

لە ئەڵمانیادا ئەگەر دەرفەتی ئەوەت هەبێت لە ئێوارەدا گوێ لە فەیلەسووفە مەزنەکان بگریت کە جیهانی ئێمە ڕوون دەکەنەوە، ئەمە بۆ ئەم وڵاتە خۆشبەختییەکی گەورەیە. من وەک فەرەنسییەک دەشێت بڵێم کە زۆر ئیرەییتان پێ دەبەم.

من لە سەرەوە وتم بیری ئێوە گەردوونایەتی پێوە دیارە، بەڵام جگە لەمەش دیارە ڕاشکاوی کراوەیی و ڕاستگۆییشی هەڵگرتووە. حەز دەکەم بە فەرەنسی بڵێم «Franchise». بە ئەڵمانی گونجاوترین چمک بریتی بێت لە دەقڕوونی ئەو نیگایەی ئێوە دەیگرنە سیاسەت. هیچ کەس وەک ئێوە هێندە توند ڕەخنەی لە سیاسیەکان نەگرتووە، هێندە تیژ وەسفی جیاوازی نێوان ئەوەی سیاسیەکان دەیڵێن و ئەوەی لە واقیعدایە نەکردووە. ئەم خەرندەش خودی ڕوونکردنەوەیەکە، لەبەر ئەوەیە خەڵکانێکی کەم، بایەخ بە سیاسەت دەدەن، لەبەرئەوەشە کە ژمارەیەکی ئەورووپی کەم، بایەخ بە ئەورووپا دەدەن. ئێوە دەڵێن، سیاسیەکان ئەو کەسانەن کە هەوڵ دەدەن خۆیان لە گرفتەکان دوورەپەرێز ڕاگرن و جۆش و خرۆش و هەستەکانی هاووڵاتیان هێور بکەنەوە. ئەوان خۆیان زۆر کەم ماندوو دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەروەها ئێوە دەڵێن، ئەو سیاسەتمەدارانەی کە مایەی بایەخی خەڵکی بن ئەو سیاسەتمەدارانەن کە بە دروستی ئەوە دەڵێن کە دەیانەوێت و کە پێیان دەکرێت. باشترین نموونەش لەمەدا چینییەکانن کە هەمیشە لەبارەی دیموکراتییەوە دەدوێن، بەڵام کردەوەکانیان بە هیچ جۆرێک نابەسترێنەوە بە واقیعیەوە.

من بیر لە نیگای ئێوە لەسەر سیاسەت دەکەمەوە، بیر لە نیگاتان لەسەر ڕۆشنبیران دەکەمەوە، کە هەنووکە، ئەڵمانیاشی لەگەڵدابێت، زۆر کزەڵ و ناچیزە بوونەتەوە. بێگومان بەدەر لە ئێوە کە حاڵەتێکی قەشەنگی جیاوازن. من بیر لەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەمەوە کە ئێوە بە ڕاستگۆیی و بەوپەڕی دەقڕوونییەوە ڕەخنەیان لێ دەگرێت. من بیر لە سایتەکەی ئێوە دەکەمەوە کە لەوانەیە باشترین و پڕ بایەخترینیان بێت، بیر لە میدیاکان و لە مەترسییەکانی میدیاکان و لەو سەر سەختیانە دەکەمەوە کە ئێمە بە میدیاکانەوە دەچینە ناویانەوە. لە شوێنێکدا کە هەرکەس، دەتوانێت وتەیەک بڵێت وتەیەکیش بگرێتەوە، بەڵام من کلیلەکەم بۆ کاتیگۆریەکی تری ئەو خەڵکانە گل داوەتەوە. مەبەستم لە دیپلۆماتەکانە، لە فەیلەسووفە مامناوەندییەکانی ئەو سەردەمەمان. بەڕاست

ئێمە ئەو فەیلەسووفانەین کە سەردەمەکەمان پێویستی پێمانە، سەردەمێک تێیدا کەس چارەی گرفتەکانی ناوێت، بەڵکو پتر تەنیا ئارەزووی چارەسەرەکان دەخوازن. دیپلۆماتەکان چ بایەخێک بە ڕاستیتی بڕیارەکان نادەن، بەڵکو تەنیا بایەخ بەوە دەدەن کە بۆ A و بۆ B شیاوی قبوولکردن بێت، لەپێناوی ئەوەی چارەیەکی مامناوەندی بدۆزنەوە. دواجار ئەمەش شتێکی ڕاستە، لەبەرئەوەی ئەو A و Bی قبووڵ دەبێت. هەڵبەت، ئەگەر بۆم بشێت بڵێم، ئەمەش گەلێک دوورکەوتنەوەیە لە ڕیالیتێتەوە، لە ڕاستییە ڕاستەکانەوە.

پیتەر سلۆتەردایکی خۆشەویست: دیپلۆماتەکان، نایانەوێت هیچیان لەسەر بکەوێت. حەزدەکەم بڵێم، بە پێچەوانەوە دیپلۆماتەکان، سیاسەتمەداران و هەموو بەرپرسێک لەم وڵاتانەی ئێمەدا پێویستی بە ئێوە و بە کەسانی وەک ئێوەیە کە ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ شەرم و کۆسپێک پێمان دەڵێن: ئێمە دەبێت چی بکەین، بۆچی جیهان هێشتا شیاوی ڕوونکردنەوە نییە و ئەی چۆن ئێمە دەتوانین ئەم جیهانە باشتر ڕوون بکەینەوە. منیش وەک فەرەنسییەک، وەک باڵوێزی فەرەنسا لە ئەڵمانیا و هەروەهاش وەکو ئەورووپییەک حەز دەکەم پێتان بڵێم، کەوا بەشێکی گرنگی بیرکردنەوە و ڕامانەکانی ئێوە بۆ ئێمە، بۆ فەرەنسا، بۆ حکومەتی فەرەنسی و سەفارەتی فەرەنسی لە بەرلین، ئەو ڕامانەن کە تەواو سەبارەت بە ئەورووپان و ئەورووپا دەگرنەوە.

ئەورووپا لە تەنگانەدایە. من دوێنێ لە ئاخن بووم، لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتیدا، لەوانە ڕاوێژکاری پێشووتری ئەڵمانیا هیلمەت کۆل و سەرەک وەزیرانی ئێستای لوکسەمبۆرگ ژان کلۆد ژونکەر دا باسی ئەوەمان کرد، پێدەچێت ئەورووپا لە تەنگژەدا بێت، بەڵام لە کوێدا دەتوانین چارەیەک ببینینەوە تاوەکو ئەم تەنگژەیە یەکلابکەینەوە؟ من پێموایە لەناو ئەم ڕەوتەدا ڕۆڵی بیریاران، ڕۆڵی فەیلەسووفان لە هی دیپلۆماتەکان گەلێک گرنگترە. ئێوە دەبێت بۆمان ڕوون بکەنەوە و پێمان بڵێن، ئەمڕۆ ئێمە لە کوێی ئەورووپادایین. بۆچی هاووڵاتییەکانمان لە فەرەنسا و لە ئەڵمانیادا ناتوانن بگەنە ئامانجی باوک و باپیرەکانمان؟ بۆچی ئەوان چیتر پێدەچێت هەر نەخوازن بگەنە ئەو ئامانجە؟ دروشم و پاڵهێزەکانی هاووڵاتی ئێمە لەکوێدان؟ چۆن ئێمە پێمان دەکرێت جارێکی تر ئەو ئامانجە جوانە، ئەگەر بشێت، بژێنینەوە و بیخەینەوە جووڵە؟ ئێوە زۆرجار گوتووتانە، ئەوەی ڕوودەدات لە جووڵەی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو لە دەرەنجامی خێراکردنی جووڵەکەوەیەتی. من حەز دەکەم ئەم هێزە بزووێنەرە لەناو کێشە ئەورووپییەکاندا بەردەوام هەر کارا بێت.

هەروەها پێویستیشمان بە ئێوەیە تاوەکو لەوە تێبگەین فەرەنسا چ ڕۆڵێک لە ئەورووپادا یاری دەکات و فەرەنسا و ئەڵمانیا دەبێت لەناو ئەورووپادا چ ڕۆڵێکیان هەبێت.

هەڵبەت ئەمانە بۆ ئێوە دیار و ئاشکران، لەبەر ئەوەی ئێوە چۆن ئەورووپین. ئێوە لە فەرەنسا بەناوبانگن و ستایش دەکرێن هەروەک چۆن لە ئەڵمانیا ستایش دەکرێن. ئەگەرچی ئێوە لە کارلسروهە لەدایک بوون و هەر لەوێش کاردەکەن و بیردەکەنەوە، کەچی هێشتا بۆ ئێمە بێگانەیەک نین، بەڵکو ئەو پیاوەن کە لەودیوی سنوورەوە زۆر زۆر نزیک لێمانەوە نیشتەجێیە. وەنەبێت ئەمە تاکە هۆیەک بێت. چونکە ئێوە ئیدیای ئەوتۆتان داهێناوە کە بەتەنیا ئیدیای ئەڵمانەکان و فەرەنسییەکان نین. ئەوانە ئەو مەعریفانەن کە بەسوودن بۆ گشت جیهان و بە تایبەتی بۆ پێکەوەبوونی ئێمەی ئەورووپی. لەبەرئەوەیە فەرەنسییەکان دەخوازن هانتان بدەن و ئێوەش بایەخ بە ئەورووپا بدەن و لەناو ئەورووپاشدا بایەخ بە پێوەندییەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی بدەن، بەوەی پتر لەسەری بڵێن، پتر لەسەری بنووسن، هەروەهاش پتریش لە پاریس، لەو بازنەیەی پاریسدا کە ئێوە زۆر چاک دەناسن، چالاک بن، تاوەکو چیتر فەرەنسییەکانیش هەر پاریسیانە، لە مانا هەرێمەکەیدا، نەمێننەوە، تاوەکو فەرەنسییەکان و ئەڵمانەکان پێکەوە لەگەڵ ئێوەدا و بە سوپاسگوزاری بۆ ئەو ڕووناکییەی ئێوە دەیهاوێژنە سەرمان باشتر تێ بگەن لەوەی ئێمە وەکو دۆست، وەکو مرۆڤگەلێک پێکەوە دەتوانین جیهانێکی هاوبەش بەرپا بکەین.

**بەرلین- ئەڵمانیا**
**٢٠٠٦/٥/٢٦**

# فەلسەفەی هزری کۆمەڵایەتی لەنێوان بابەتی ئاکار و سیاسەتدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

**ئەرستۆ**

١- لە بەرهەمەکانی ئەرستۆی یۆنانیدا (٣٨٤-٣٢٢پ.ز) بەتایبەتی لە هەردوو کتێبی ئاکار و سیاسەتدا بەلق و بەشە جۆر بەجۆرەکانیانەوە، بابەتی بیرو هزری کۆمەڵایەتی بەناوەرۆک و ڕوخسارەوە، سەرەڕای بەپێز بوون، گۆڕانی تیرتەسەلی بەسەردا هاتووە.

ئەم گۆڕانە کە دەکرێ بە جۆرە پەرەسەندنێک ناوببرێت ئەگەر لەگەڵ هەمان بابەت لەلای ئەفلاتوون، لەکتێبی کۆمار، سیاسی و قانووندا بەراورد بکرێت، ئەرستۆ لە بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیدا لەچاو ئەفلاتوونی مامۆستایدا بەپێی پێوانەی ئەو سەردەمەی خۆی ڕیالیستیانە دێتە بەرچاو، بەتایبەتی دەربارەی هەردوو بابەت و کێشەی «خێزان و موڵکداریتی تایبەتی» کە لەلای ئەفلاتوون هەوڵی تێکدرانی شیرازەی هەردووکیان درابوو.

ئەم جۆرە گۆڕانەی هەڵوێست لەلای ئەرستۆ کە بە ڕیالیستی ناوبراوە چەند پرسیارێک لە چوارچێوەی دوو کێشەدا دەورووژێنێ:

**یەکەم**: پێوەندی نێوان هزر و بیر لەگەڵ ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو هەلومەرجانە کامانەن کە بوونەتە مایەی پەیدابوونی ئەو بابەتە بەو جۆرەی کە لە چوارچێوەی بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ئەم بیرمەندەدا ڕەنگی داوەتەوە کە بە کەرەسەی بیروهزری کۆمەڵایەتی ناودەبرێت؟!

**دووەم**: کام پەیڕەو و ڕێبازە، پێویستە، بۆ لێکۆڵینەوەی بیروهزری کۆمەڵایەتی بگیرێتەبەر، پەیڕەو و میتۆدێکی ناوەکی، یان پەیڕەوێکی دەرەکی وەک ڕابەرانی سۆسیۆلۆژی دەڵێن؟! بەواتایەکی تر ئایا بایەخ

بە ناوەرۆکی بابەتەکە بدرێت، یان لەدەرەوەیدا سەرنج بدرێت و وادابنرێت کە بیروبۆچوون و هزر بەگشتی پێکهاتەیەکی گیانین و لە ئۆرگانێکی ماددیەوە کەوتوونەتەوە کە بە مێشک ناودەبرێت؟! ئایا مەبەستێکی دیارو ئاشکرای کۆمەڵایەتی و دەروونی هەست پێدەکرێت کە دەگونجێ تاڕادەیەک، سۆسیۆلۆژی ناسراو کارڵ مانهایم وتەنی: «بەئایدیۆلۆژی پێناسە بکرێت» (١). ئەگەر چی ئایدیۆلۆژی بابەتەکە تاڕادەیەک بەلای سیاسەتدا دەبات و دوور نییە لە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە. هەروەها دوور نییە وا دابنرێت کە ئەم پرسیارانە لەچوارچێوە گشتییەکەیاندا پتر شیرازە و ڕوخسارێکی تیۆرییانەیان هەبێت و لە هەندێک کایە و لایەندا وابێنە بەرچاو کە بیرو هزری کۆمەڵایەتی ئەنجامی ڕاستەوخۆی چەند هۆکارو فاکتەرێکی دەرەکی بن!!، بۆ نموونە بابەتەکە پتر بۆ لای دیاردەی سیاسی و ئابووری و فەلسەفە دەکێشێ و فاکتەری ئایین لەبەرچاو دەگرێ.!

٢- بۆ ئەوەی ئەو هزر و بیروبۆچوونانە بەگیانی زانستی و ڕیالیستیانە هەڵبسەنگێنرێن و ناوەرۆک و ڕوخساریان لەچوارچێوە و شیرازەی مێژووی خۆیاندا لێک بدرێنەوە و شرۆڤە بکرێن و ئینجا دانەبرێن، دەبێ وەک چەند پێکهاتەیەکی گیانی بیری شوێن و سەردەم و قۆناغی تایبەتی خۆیان، لەچوارچێوەی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵدا کە تێیدا سەریان هەڵداوە، سەرنج بدرێن و لێوەیان جیانەکرێنەوە، چونکە بەپێی بۆچوونی شارەزایانی فەلسەفەی ئەرستۆ ئەم بابەتە بەگشتی ئەگەرچی جۆرە سەربەخۆییەکی بەرچاو نیشان بدات، ناکرێ لە مەیدانی ئاکار و سیاسەت و لەچوارچێوەی فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکە جیابکرێتەوە و سنوورێکی دیاریکراوی بۆ بکێشرێ.

پشت ئەستوور بەم پێوانەیە دەکرێ هەڵوێستی ئەرستۆ و بۆچوونەکانی دەربارەی:

- پەیدابوونی کۆمەڵ و دەوڵەت.
- جۆرەکانی دەستوور و ڕێژیمە سیاسییە فەرمانڕەواکان.
- هەبوونی چین و توێژی جیاواز و ڕەواکردنی کۆیلایەتی.
- پێوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و پەروەردەکردنی زاروو (منداڵ) و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی... کە لە زۆر لاوە لەهی ئەفلاتوونی مامۆستای جیاوازن، پاکانەیان بۆ بکرێت و پاساو بدرێن.

کۆمەڵ چییە و چۆن پەیدا بووە؟ دەوڵەت چۆن پێک هاتووە؟ مەرجەکانی مانەوە و بەردەوام بوونی کامانەن؟ پێوەندی بەکۆمەڵ و تاکەکەسانەوە چییە و چۆنە؟ کامیان هەبوونی ئەوی تریان دەستەبەر و پێویست دەکات؟ ئایا دەکرێ بڕیارەکەی ئەرستۆ پەسند بکرێت کە وتوویەتی، دەوڵەت وەک هەمەکییەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و قانوونی و دەستووری و سیاسی لە ڕوانگەی مەنتیقەوە دەکەوێتە پێش هاوولاتییان و کۆمەڵ و لە پێشیانەوە دێت(٢)؟! ئایا ئەگەر، وەک گریمانەیەک، وادابنرێت کە هاوولاتی و خێزان و کۆمەڵ لە ئارادانەبن، دەکرێ بوونی دەوڵەت بەهزرو بۆچووندا بێت؟!

ئەم پرسیارە پتر بەلای کێشەی پێوەندی نێوان هەندەکی و هەمەکی و بابەتی مەنتیقدا دەچێ و وەڵامەکەی بۆ بابەتی هزری کۆمەڵایەتی سوودێکی ڕاستەوخۆی نابێت.

ئەرستۆ نیشانی داوە کە مرۆڤ لە سروشتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، زمان ئامرازێکی گرنگی پێوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە، هزر و هەست و سۆزی ئەوکەسە دەردەبڕێ کە پێی دەئاخڤێ، بەشێکی سەرەکییە ئەو بوون و خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییە پشت ڕاست دەکاتەوە و بگرە یەکەم هەنگاو بەهۆی زمانەوە نراوە بۆ دانانی بەردی بناغەی پێوەندی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ. دەوڵەتیش لەخۆیدا ئەو کۆ ئۆرگان و پێکهاتەیەیە کە لە هاوولاتیان پێک هاتووە، کەوابوو زمان لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا لە ئامرازو دیاردەکانی تر کەمتر نییە.

ئەوی پێوەندی بە پەیدابوونی دەوڵەتەوە هەیە، لەکات و شوێن و قۆناغی دیاریکراودا، ئەم ئۆرگانە دوا ئەڵقەی زنجیرەیەکی ئاڵقە توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوی پەرەسەندووە، نەک سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم پرۆسەیە، بەواتایەکی تر گومان لەوەدا نییە کە ئەرستۆ وتوویەتی، لە سەرەتادا خێزان لەپیاو و ژن (ژن و مێرد) و زارووی کوڕ و کچ پەیدابووە، پتر بوونی ژمارەی ئەم خێزانانە گوندو ئاوایی و دێی لێکەوتۆتەوە. لەم گوند و لادێیانەش، شارو باژێر و لەمیانیش کۆمەڵ و ئینجا دەوڵەت پەیدابووە.

ئەم پێکهاتە ڕێک و پێکە کە ناوی دەوڵەتی لێنراوە، شتێکی ئاسایی و سروشتییە هۆکارەکەی فرە ڕەنگ بووە

بریتی بووە لە ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی تاکەکەس و هاوولاتیان و کۆمەڵ، دابین کردنی پێداویستییە گرنگەکانی لایەنی ئابووری و بازرگانی و پاراستن و بەرگری کردن دژی داگیرکەرو بیانی و دوژمنان..تاد. مرۆڤ ئیتر هەر کەسێک بێت و هەر پلەو پایەیەکی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت لە توانایدا نییە بەتاک و تەنیا خۆی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی، هەر لە بنەماڵەوە تاوەکو خێزان و خانەوادە و بژێویەوە تاوەکو لایەنەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و مانەوە و پاراستن و ئاسایش و لەشساغی و پێشکەوتن..تاد بەبێ کۆمەک و یارمەتی کۆمەڵ و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەندامانی تر و بەبێ یارمەتی دەوڵەت و دامەزراو و دەزگا و ئۆرگانەکانی دەستەبەر و دابین بکات.

٣- ئەگەر شارستانیەت خۆی جۆرە پەرەسەندن و بەرەو پێشچوون و پێشکەوتن بێت کە بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە و چەندین کاتی بڕیبێ، ئەوا لەلای خۆیەوە، وەک ئەنجامێکی نالەبار (نێگاتیڤ) کێشەی ژیانی سەخت و لایەنەکانی ئالۆزتر کردووە، ڕاستە ژیان خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ئالۆز و سەرسوڕهێنەرە، کەوتۆتە نێوان دوو قۆناغەوە، سەرەتایەکی نەزانراو کە لەدایک بوونە کۆتاییەکی ئەوپەڕی نادیار و دەرک پێ نەکراو کە مردنە، پتر لە گێژاوێک دەچێ کە سەر دەرکردنی مرۆڤ لێی وا سووک و ئاسان نییە ئەگەر سەخت و دژوار نەبێت. هەر ئەم سەخت و ئالۆزییانە و کێشە و بەرە نەپساوەکانی کە وەک تایبەتمەندییەک هەستیان پێکراوە و هاتوونەتە بەرچاو و بوونەتە مایەی ئەوەی هۆش و بیرو هزری مرۆڤ ناچار بێت سەرگەرمی بایەخدان بێت بەناوەڕۆک و پوختەی ئامانجەکانی ژیان و بپرسێ: ئایا دەکرێ مرۆڤ وای دابنێ کە پەیڕەو میتۆدە و ڕێبازێکی دیاریکراو هەیە کە ژیان لە پرۆسەی نەسرەوتیدا پابەندێتی؟ ئایا لە توانادا هەیە مرۆڤ پەی بەو پەیڕەوە بەرێت؟!

ژیان بەهەر جۆرێک لێک بدرێتەوە و پێناسە بکرێت، ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤ بە تێکڕایی بەو کارو کردارانەی دەیانکات ئەگەرچی سادەو ساکار، یان ئالۆز و تەم و مژاویش بن، مەبەستی دیاریکراوی هەیە کە بریتییە لە ئاوات و ئامانج و دەیەوێ بەدەستیان بهێنێ و پێیان بگات، ئەو ئاوات و ئامانجانە کە مرۆڤ بە کردەوە و لە کردارەکانیدا هەوڵیان بۆ دەدات لە دوولا بە دەرنین:

**یەکەم**: ئەو مەبەستە لەخۆیدا دوا ئامانجە و هیچ ئامانجێکی تری لەدواوە نییە کە مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات یاخود!

**دووەم**: ئەو ئامانجە ئامراز و ڕێگایەکە بەرەو ئامانجێکی تر و زنجیرەکە هەتا هەتایە بەم جۆرە بەردەوام نابێت، بەڵکو لە قۆناغێکدا دەگاتە دوا ئامانج کە هیچی تری لە دواوە نەبێت.(٣)

مرۆڤ لە ژیانیدا وەنەبێ هەمیشە سەرگەرمی ئەوەبێت کە هەموو شتێک بە ئامراز و ڕێگا دابنێ بەرەو گەیشتن بە شتێکی تر کە لەخۆیدا ئامانج بێت و ڕێگا نەبێت بەرەو شتێکی تر. بۆیە دەبێ مەبەستێک، یان ئامانجێک لەژیانیدا هەبێ کە کاری بۆ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات و خۆی لەخۆیدا مەبەست و دوا ئامانجە و هیچی تری بەدوادا نەیەت.

لەناوجەرگەی کۆمەڵدا، لەنێوان هاوولاتیان و ئەندامانی کۆمەڵدا ئەم دوا ئامانجە بەگشتی ناسراوە، لە هەموو زمانێکدا و لە هەموو کات و سەردەم و جێگاو شوێنێکدا ناوی چاکەکاری لێنراوە، ئەو چاکەکارییە ئامانجی سەرەکی و دوا مەبەستی کردارو چالاکی مرۆڤە دوور نییە لێرەدا ئەگەرێک بکەوێتە دڵەوەو پرسیارێک بە مێشکدا بێت کە لە ژیاندا بنەمای ڕێژەیی (نسبیەت) دەست بەکارە، مرۆڤ بەگشتی لەناو خۆیاندا، بەپێی توێژ و چین و تایەفە و ڕەگەز و پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەپێی ئەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆیان، لە یەکتری جیاوازن، تەنانەت بەدەگمەن دوو کەس، دوو بوونەوەر بەدی دەکرێن کە لە هەموو لایەن و شتێکدا، هەر لەبیر کردنەوە و ڕوخسارەوە تاوەکو کردار بە تەواوەتی وەک یەک بن، بگرە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤێک لەناوخۆیاندا لە یەکتری جیاوازن هەریەکە ئەرک و فرمانی تایبەتی خۆیان هەیە کە ڕایدەپەڕێنن، بۆیە دەبێ ئەوکارەی دەکرێ چ چاکەکاری بێت، یان بەدکاری بەپێی هەلومەرج و بەپێی ئەو ئەرکەی جێبەجێی دەکات، بایەخی پێبدرێت و هەڵبسەنگێنرێت.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەرک و فرمانی دیاریکراوی کەوتۆتە سەرشان و ئەستۆ، ئۆباڵی چالاکی دەستنیشانکراو دەکێشێ، ژیانیشی ئامانجی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە «بەختەوەری»، دوور ناڕۆین کە بڵێین سەرکەوتن، لەشساغی، ماڵ و ژن و پارە و پووڵ و دراوو دارایی و سامان و چاکەکاری خۆشی لەخۆیدا چەند ناوێکن هەمان مەبەست و ناوەڕۆکیان تێدا نیشان دەدرێت کە دەکرێ بە دەست هێنان و پێگەیشتنیان بە

وشەیەک پێناسە بکرێت کە ئەمەیە: بەختەوەری.

ئەو بەختەوەرییە کە لەلای هەموو کەسێک و لە هەموو کۆمەڵ و قۆناغ و شوێنێکدا ئەگەرچی ناوی جیاجیای بەسەردا بڕدرابێ سەر مەشقی مەبەست و ئامانجەکانی ژیانە، باشتر ڕوون دەبێتەوە و تێی دەگەیشترێ، ئەرستۆ وتەنی، کە سەرنجی بەشەکانی ژیانی مرۆڤ بدرێت. بەلای ئەرستۆ ئەگەر بەتێکرایی سەرنجی ژیانی مرۆڤ بدرێت و کردارەکانی وەک ئەنجام و بابەت لێیان بکۆڵرێتەوە دەردەکەوێ لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

**یەکەم**: ژیانی هەستەکی، ئەمە نزمترین پلەی ژیان و گوزەران بەسەربردنە، چونکە چێژوەرگرتن و خۆشی (لەزەت) بە مەبەست و ئامانج دادەنێ.

**دووەم**: ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەبەستی ئەم لایەنە پلەو پایە و هێز و دەسەڵاتە.

**سێیەم**: ژیانی ژیرو ژیرەکی، ژیانی چاکەکاری و بیرکردنەوە و سەرنجدانە بەبێ ئەوەی مەبەستێکی دیارو ئاشکرای دارایی، یان سیاسی، یان دنیایی هەبێت. ئەم کەسانە داناو ژیر و بەختەوەرن.

بەپێی ئەم دابەشبوونە سێ جۆر بەختەوەری هەیە بە هەرسێ مانای هەستەکی و سیاسی و ژیرەکی(٤)، کە هەریەکەیان دوا ئامانجی کردار و هەست و نەست و بۆچوون و جیهاندیدی ئەو لایەنەن کە باس کران.

٤- بەبۆچوونی ئەرستۆ، ژیان و گوزەران بەهەرسێک بەش وجۆری دوا ئامانجەکانیەوەلە هەڵسوکەوت و گوزەراندا پابەندی چەند ڕێ و شوێن و دابو نەریت و دەستوورێکە کە لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا لە بۆتەیەکدا داڕێژراون کە بە ئاکار (ئەخلاق) ناودەبرێن، بەڵام ئەو ئاکارەی لێرە ئەرستۆ مەبەستی بووە ئاکاری بەختەوەری بووە. ئەم ئاکارە بەجوانترین شێوە لەکتێبی «ئاکاری نیکۆماخوس» داهێنراوەتە سەر خوانی باسکردن و شرۆڤەکراوە. ئەم بابەتە جۆرە بنەما و ڕێ و شوێنێک ڕەنگ دەڕێژێ و داوا لەمرۆڤ دەکات پابەندیان بێت و پەیڕەویان بکات ئەگەر بیەوێ بەختەوەر بێت، لەبەر ئەم هۆیە ناوی ئاکاری بەختەوەری لەم جۆرە ئاکارە نراوە.

ئاکاری بەختەوەری کە بەشێکی سەرەکی بابەتی هزری کۆمەڵایەتی یۆنانی کۆن بووە لە پوختەو جەوهەردا لەو ئاکارە جیاوازە کە لەسەردەمی کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) بەناوی ئاکاری ئەرک و فەرمان نەناسراوە بە «Kategorische Imperativ» ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکاری بەختەوەری ئەرستۆوە هەیە، باوەڕ و بنەمایەکی دەربڕیوە لە ناخی کۆمەڵی ئەوسای یۆناندا ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە کە لەم سێ خاڵەدا خەت و خاڵیان داوە:

**یەکەم**: مرۆڤ بەدەست خۆیەتی بەختەوەر بێت، یان نا. هەر خۆی بە خواست و ویستی خۆی بڕیاردەدا و هەڵدەبژێرێ چاکە، یان بەدکاری بکات کۆششی چاکەکاری بکات، یان نا.

**دووەم**: بابەتی ئاکار بەوەدا خۆی لە بابەتەکانی تر جیا دەکاتەوە کە تەنیا زانینی چاکەکار بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ چاک و چاکەکارو باش و چاک خواز بێت.

**سێیەم**: دوا ئامانج و مەبەستی ژیان و کرداری ئاکارییانە ئەوەیە:

مرۆڤ خۆی چاک و چاکخواز و چاکەکار و کار ڕاست بێت(٥).

ئەم هەڵوێستەی ئەرستۆ بە تایبەتی و هی یۆنانییەکانی سەردەمی خۆی دەکرێ بەجۆرە لادانێک لە تیۆرییەکەی سوکرات دابنرێت کە وتوویەتی:

«زانین چاکەکارییە و نەزانین بەدکارییە.»(٦)

ئەم بڕیارەی سوکرات لە گەشبینی و بڕوادا جۆرە پەڕگیرییەک نیشان دەداو پتر بەرەو خانەی بیروبۆچوون و تیۆری ناو مێشکی بیرمەند تەکان دەدات. سەختی و ئاڵۆزی هەلومەرجەکانی ژیان و گوزەران و پێوەندییە چڕوپڕەکانی کۆمەڵایەتی و گشتی گیری شارستانیەت و ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆری دام و دەزگا و دامەزراو و ئۆرگانەکان بە ڕوخسارو ناوەرۆکە فرە ڕەنگیەکانیانەوە، زۆرجار وەک هێزێکی تۆبزی و ناچارییانە دەبنە مایەی ئەوەی مرۆڤ وای لێ بێت، ئەگەر ناچار نەبێت!، بەوپەڕی هوشیاری و ئاگاو زانینەوە، بەوپەڕی هەڵبژاردن و جۆرە خواستێکەوە پەنا بەرێتە بەر شتێک، کارێک بکات کە لەگەڵ بنەما و ڕێوشوێنەکانی ئاکاردا تەباو گونجاو نەبن، بەڵام لەلایەکی ترو لە ڕوانگەیەکی جیاترەوە دەکرێ سوکرات لەو بڕیارەیدا ناهەقی نەبێت، چونکە فێرکردن و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بێ سێ و دوو کردن لەزۆربەی هەرە زۆری لایەن و بابەتەکانی ژیانی مرۆڤدا چ وەک تاکەکەس و چ وەک هاوولاتی و لەکۆمەڵدا ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاو دەگێڕن. ئاکاری ئەرک و فەرمان کە کانت Kant داهێنەرەکەیەتی بە تەواوەتی لەڕوانگەیەکی ترەوە سەرنجی بنەماکانی ئاکار و دوا ئامانجی کرداری مرۆڤی داوە. بەلای ئەو

ڕێبازەوە پێوەندییەکی ناچاری لەنێوان پەیڕەوکردنی بنەماو ڕێ و شوێنەکانی ئاکار و بەختەوەریدا نییە! چونکە بنەما و چەمکەکانی ئاکار لە ژێرەوە (لەئەقڵەوە) سەرچاوە دەگرن و ئینجا بابەتی بەختەوەریی بابەتێکە لە دەرەوە بەسەر ئاکاردا سەپێنراوە. کاتێک بنەماکانی ئاکار پڕ بە پێستی خۆیان و بەپێی پێویست نرخ و بایەخی خۆیانیان پێدەبڕێ ئەگەر هاتو بکرێن بە دەستوور و ڕێوشوێنی کارکردن بەبێ ئەوەی لەکاتی پەیڕەوکردنیاندا، یان لە پشت گوێ خستن و دەستبەردار بوون لێیان پاداشت، یان سزا چاوەڕێ بکرێت.

مرۆڤ کاتێک دەتوانێ خەسڵەتی چاکەکاری (فەزیلەت) و ئاکارییانە بداتە پاڵ کارێک کە ئەو کارە، یان ئەو کردارە لەلایەن مرۆڤەوە بەوپێیە جێبەجێ کرابێ کە وەک ئەرک و فرمانی سەرشانی خۆی بەبێ تۆبزی لێکردن کردوویەتی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکات بەهۆی ئەو کارەیەوە لە ئەنجامی ئەم کردارەیەوە چ پاداشت، یان چ سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە.

لەجیهانی ئەمڕۆماندا کە بە شارستانیەتی شکۆمەندی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆجی و جیهانگیری پشت ئەستووره، مرۆڤی هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز بەولایەدا دەشکێنێ کە دەڵێ:

ڕاستە هەموو شتێک لەچوارچێوە تایبەتییەکەیدا ڕێژەییە و پابەندی سەردەم و دەوروبەر و ژینگە و کات وشوێنە و بە هیچ جۆرێک نە لە ڕوخسار و نە لەناوەڕۆکدا لە بنەماکانی نەسرەوتی گۆڕان و پەرەسەندن قوتاری نابێت، لەگەڵ شان بە شانی ئەمە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی و لەخۆیدا بوونەوەرێکی دەست ڕۆیشتوو و کاریگەر و ئەکتیڤی کۆمەڵایەتی و ژەکییە بەپێی ئەو وێنە و بۆچوون و هزرەی لە بارەی قانوون و لە بارەی بنەماو ڕێ و شوێنەکانی ئاکار و خواستەوە هەیەتی دەجووڵێتەوە و کردار و کار دەکات(٧). واشی دادەنێ کە دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان گەوهەر و پوختەی کرداری ئاکارەکی لە چەمک و بۆچوونی قانوون و بنەماکانەوە بکەوێتەوە. ئاشکراشە کە خواست بەهیچ جۆرێک لە چوارچێوەی ئامۆژگارییەکانی ژێر ناچێتە دەرەوە و سنوورەکانی نابەزێنێ لە هەمانکاتدا شێواز و شێوەی داڕشتنی ئەم ئامۆژگارییەش بە چاوی ئەرک و فرمان تەماشا دەکرێت.

ئەم ئاکارەی ئەرک و فرمان، لە چوارچێوە و بە شێوازێکی فرمانی هەمەکی گشتی دەردەکەوێت کە دەکەوێتە سەرشان و ئەستۆی مرۆڤ، بە تایبەتی لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی ژیان و کرداری ڕۆژانەیدا هەروەک ئەوەی فرمانی پێبکرێت، ئەمە بکات و ئەوە نەکات، بەڵام ئەوی فرمانی پێدەکات هێزێکی دەرەکی نییە! بەڵکو ویژدانی خۆبەتی کە پێیدەڵێت و داوای لێدەکات، ئەمە بکە، چونکە تۆ وەک مرۆڤێک ئەمە ئەرکێکە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆت. فرمانەکەش دەکرێ بەم شێوەیە دابڕێژدرێ:

«باکردارت بەجۆرێک بێت، هەروەک ئەوەی بنەمای کارەکەت بەهۆی خواستتەوە ببێ بە قانوونێکی سروشتی گشتی.» (٨)

خاڵێکی گرنگ لە ئاکاری بەختەوەری ئەرستۆدا چەمکی «ناوەڕاستی زێڕینە» Golden Middle. ئەم چەمکە چارەسەری کێشەیەکە و وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، چۆن مرۆڤ بە بەختەوەریی دەگات؟! ئەم ناوەندە زێڕینە چییەو چۆن مرۆڤ دەستگیری دەبێت؟!

هەموو کرداریک ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە و کۆششی بۆ دەکات و هەوڵی پێگەیشتنی دەدات، هەندێک ئامانج سەرەکی نین، چونکە دەبنە ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئامانجیتر، بەڵام دوا ئامانج هەیە کە ئامانجی تری لەدواوە نایەت و خۆی لەخۆیدا ئامانجە. ئەمەش ئەو ڕەوشەیە کە لەلای ئەرستۆ بە «بەختەوەری»(٩) ناوبراوە و کە دوا ئامانجە مرۆڤ بەکارو کردار کۆششی پێگەیشتنی دەکات. بەختەوەری لەچوارچێوە گشتییەکەیدا ئەو ڕەوش و دۆخەیە کە لەگەڵ چاکەکاریدا تەباو گونجاوە وەک ئەنجامێک بەپێی ئەو چاکە کارییە ئەنجام دراوە و هاتۆتەدی. بەلای ئەرستۆوە دوو جۆر چاکە و Gut چاکەکاری Tugend هەیە:

- چاکەکاری ژیر- (ئەقڵ).
- چاکەکاری ئاکار(١٠) (ئەخلاق)

هەموو مرۆڤێک وەک هاووڵاتی و وەک ئەندامێکی کۆمەڵ ئەرک و فەرمانی تایبەتی لەسەرشانە و جێبەجێ کردنی ئەم ئەرک و فەرمانانە بەچاکەکاری دادەنرێن چاکەکاریش بەختەوەری لێدەکەوێتەوە. ئایا ئەم چاکەکارییەی ئەرک ڕاپەڕاندن دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟

ژیر هێز و توانای بڕیارو حوکم دانە، لەدوو بەرەدا چالاک و دەست بەکارە، تیۆری و کردەکی (پراکتیکی). گەران بەدوای ڕاستی (حەقیقەت)دا ئەرکێکە کەوتۆتە ئەستۆی ژیر، بەڵام هەر لایەی ژیر لەکایە و مەیدانی تایبەتی خۆیدا بەدوای ڕاستیدا وێڵە. زانست و زانین،

سـەرنجـدان و ڕامـانی زەینی و تێگەیشتن، ڕاوێژی ڕێکوپێک چاکەکاری (فەزیلەتی) ژیرن. ئەگەر چاکەکارییەکانی ژیر بەهۆی خوێندن و فێربوون و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە و بە پەروەردە دەستگیر بن، چاکەکارییەکانی ئاکار وەک داوێن پاکی و دەست و دەروون پاکی، ڕاستگۆیی، ئازایەتی، سەخاوەت و بەدەست و دڵی بوون بەهۆی خووپێوەگرتن (عادەت) و ڕاهاتن لەگەڵییاندا و بەهۆی ڕێوشوێن و دابو دەستووری ئاکارەوە دەستگیردەبن. بۆ نموونە ئەگەر زاڕوو (منداڵ) لەسەرەتای تەمەنی بیرکردنەوەیدا فێربکرێ چاکەکاری بکات و لەبەدکاری (شەڕ و خراپە) دووربکەوێتەوە وردە وردە لەگەڵ ئەم ڕەوشتە ڕادێت و ئەم چاکەکارییە وردە وردە لەلای دەبێ بەخوو و ڕەوشت و نەریت و خووی پێوە دەگرێ بە ئاسانی لەژیانی ڕۆژانەدا چاکەکاری هەڵدەبژێرێ و لەبەدکاری دووردەکەوێتەوە، لەکاتی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەم چاکەکارییەدا وەک ئەنجامێک هەست بەدڵخۆش بوون و چێژ وەرگرتن دەکات، بۆیە دەبێ پەروەردە هەر لەسەرەتاوە بایەخی خۆی پێبدرێت و بە لایەنێک بسپێردرێ کە بە ڕاستی خەمخۆری دوا ڕۆژی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بێت.

چاکەکاری ئاکاری تواناو ئامادەبوونە بۆ ئەوەی بەهۆی ڕاهاتن و خوو پێوەگرتنەوە ببێ بە هێزێکی ڕاستەقینەی کردەکی و هاندەری کردار و ڕەفتار و کردەوە. مرۆڤی لاو توانای ئەوەی هەیە ببێ بە پزیشک، یان ببێ بە جەنگاوەر، بە هۆی خوێندنی بابەتی تایبەتی مەشقەوە لە مەڵبەندەکانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی سەربازییەوە لە ڕێزی لەشکرو سوپادا پێیدەکرێ. جەنگاوەری دەبێتە سروشت و خەسڵەتی دووەمی ئەو مرۆڤە لاوە و وەک ئەرک و فرمانی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات. لەلایەکی ترەوە مرۆڤ، هەمان شت دەکرێ دەربارەی چاکەکارییەکانی تری ئاکاری وەکو ئازایەتی و دەست پاکی و ڕاستگۆیی بوترێ.

٥- ئەم خووپێوەگرتنە، ئیتر مەبەست لە چاکەکاری بێت، یان جۆری بیرکردنەوە بگرێتەوە، یان مەبەست کرداری ژیانی ڕۆژانە بێت، بەلای ئەرستۆوە، کاتێک ئامانج دەپێکێ ئەگەر هاتوو مرۆڤ پەیڕەوی ڕێوشوێنی بنەمای ناوبراو بە «ناوەڕاستی زێڕین» بکات.

هەموو چاکەکارییەک، هەموو کردەوەیەکی چاک و باش پلەو ڕادەیەکی ناوەڕاستە لەنێوان دوو بەدکاریدا کە یەکێکیان پەرگیرییە (زیادەڕۆییە) و ئەوی تریان کورت هێنانە لە کتێبی ئاکاری نیکۆماخۆسدا هاتووە:

«چاکەکاری- فەزیلەت- خووپێوەگرتن و نەریتە، چۆنیەتییەکە بە ویست و خواستەوە بەندە... ناوەڕاستی دوو بەدکارییە، یەکێکیان زیادە ڕۆیشتن و ئەوی تریان کورت هێنانە(١١)».

چاکەکاری توانایە، ئەم توانایە وەک کەرەسەیەکی خاو بەهۆی ڕاهاتن و خووپێوەگرتنەوە مشت و ماڵ دەکرێت و دادەڕێژرێ و پتەو و جێگیر دەبێ هەتا وەک کردەوەیەکی خووپێوەگرتووی لێ دێت، توانایەکی هەڵبژاردنی ناوەڕاستێکە لەنێوان دوو شتدا، هەڵبژاردنی پلەو ڕادە و مەڵبەندێکی مام ناوەندییە لەنێوان دوو لایەندا کە هەردووکیان پەسندنین، بەڵام ناوەندەکەی نێوانیان کە بریتییە لە نەرم ڕەویی خۆی لە خۆیدا پەسند و چاکەکارییە. بۆ نموونە:

ئازایەتی پلەو ڕادەیەکی ناوەڕاستی نێوان دوو بەدکارییە کە یەکێکیان تووڕەیی و هەڵەشەیی و هەڵچوونە و ئەوی تریان ترسنۆکییە. ئازایەتی خۆی لەخۆیدا چ وەک هەڵوێست و چ وەک کردار لە سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا شتێکی پەسندە، باش و ڕەوایە، بەڵام هەردوو جەمسەرەکەی کە یەکێکیان تووڕەیی و هەڵچوونە و ئەوی تریان ترسنۆکییە بەدکارین، بەڵام خۆی لەناوەڕاستیاندایە و چاکەکارییە. لەلایەکی ترەوە، سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەم ناوەڕاستە زێڕینە دەبێ چاکەکاری دوو مەرجی تێدابێ بۆ ئەوەی ڕەواو پەسند بێت.

- توانای هەڵبژاردن (ئیختیار).
- ویست و خواست (ئیرادە).

مەبەست لەم دوو مەرجە گرنگە ئەوەیە، ئەو چاکەکارییە دەبێ لەلایەن مرۆڤەوە بە مەبەستی دیار و ئاشکرا لەپێناوی خۆیدا(١٢) و بۆ خۆی هەڵبژاردرابێ نەک پیشەکی و ئامرازێک بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر. هەروەها پێویستە ئەم چاکەکارییە لەلایەن مرۆڤەوە بە خواست و ویستی خۆی کرابێ و هێزێکی دەرەکی بەسەریدا نەسەپاندبێ، یان بە تۆبزی ناچاری نەکردبێ بیکات.

بێگومان، جیاوازی لەنێوان هەردوو مەرج و بابەتی خواست و هەڵبژاردندا هەیە، بە تایبەتی ئەوەندەی بابەتەکە بریتی بێ لەوەی چاکەکارییەکە لەژێر ڕێنمایی خواستدا بۆ هەڵبژاردنی ناوەڕاستی زێڕین جێبەجێ بکرێت، هەڵبژاردنەکە بەوەدا لە ویست جیا دەکرێتەوە کە

بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگاو ئامراز بۆ گەیشتنە ئامانجەکە، بەڵام خواست خۆی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە مەبەستەکەوە هەیە(١٣) کە دوا ئامانجە و دەبێتە مایەی کەوتنەوەی ڕەوشی بەختەوەری.

ڕاپەراندن و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پێوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە، تا چەندە توانای بیرکردنەوەی ڕاست و ژیرەکی هەیە، تا چ ڕادەیەک بۆی دەکرێ لەکات و شوێنی ڕاستی خۆیدا بڕیاری دروست و شیاو بدات. زیرەکی و ژیری بریتین لە چەند خەسڵەتێک کە پێوەندییان بە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و شارەزایی و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و بە سروشت و کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤی ژیر ئەو کەسە شارەزایەیە کە بۆ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وەک ئامانجێک سەرگەرمی پێگەیشتنیەتی و کۆششی بۆ دەکات ڕێگا و ئامرازی ڕاست و دروست بدۆزێتەوە و هەڵبژێرێ و لەشوێن و لەکاتی خۆیدا بڕیارەکە بدات. ئەم هەڵبژاردنەی ڕێگا و ئامرازی دروست وشیاو دەستەبەری گەیشتنە ئەنجام دەکات. هەڵە و سەرنەکەوتن کە مرۆڤ تێیان دەکەوێ نەتوانایی مرۆڤە لە بەرامبەر هەڵبژاردنی ڕێگا و بڕیاردانی دروست. جیاکردنەوەی چاکەکاری لە بەدکاری لە مەیدانی کرداری ئاکارەکیدا پێوەندی ڕاستەوخۆی بەشارەزایی تاقی کردنەوە و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. دیاریکردنی ئامانجی تایبەتی کە کردارەکە مەبەستی بێت لەگەڵ هەڵبژاردنی کردارەکە خۆی، سەرەڕای پێوەندی نێوانیان دوو بابەتن هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەوی مرۆڤی ژیر لەکایە و مەیدانی کرداری ئاکاریدا لەمرۆڤی تر جیا دەکاتەوە تەنیا ئەوە نییە کە یەکێکیان جڵەوی خۆی و دەروونی خۆی بەدەست خۆیەتی و دەستی بەسەریاندا دەڕوات و ڕێگا نادات هەست و سۆز بەسەریدا زاڵ بن و ببنە مایەی جووڵاندنەوەی وهاندەری کردارەکانی بن، ئەو کەسەش نییە کە هەر تەنیا ئەو توانایەی هەیە چاکەکاری ڕاست و ڕاستەقینە لە چاکەکاری زڕ و ڕوخسارەکی و ڕواڵەتیانە جیادەکاتەوە. ئەو شتەی کرداری یەکەمیان لەهی تریان جیا دەکاتەوە، یەکەمیان بابەتەکە لەلای ڕوون و ئاشکرایە و لەپێناوی مەبەستەکە خۆیدا پشت ئەستوور بە ئەزموونی ژیان و تاقیکردنەوە و شارەزایی Er-fahrung بڕیاری دروست و ئاشکرا دەدات و لەم بڕیارەدا پەنا دەباتە بەر ڕەوشێکی ناچارەکی(١٢) کە کردارەکەی لێکەوتۆتەوە.

٦- دەربارەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا و پێوەندی هەردووکیان بە دەوڵەتەوە، ئەرستۆ لە هەندێک لایەندا لە ئەفلاتوونی مامۆستای دوورکەوتۆتەوە. بەلای ئەرستۆوە ئاکار کە زانستێکی کردەکییە بەشێکە لە زانستی سیاسەت، چونکە دەوڵەت خۆی چاکتر لە تاکەکەسان دەتوانێ یارمەتی دەری بەدیهێنانی چاکەکاری بێت و هانی چاکە بدات و بەربەستی بەدکاری بێت، لەبەر ئەوەی لەم مەیدانەدا مەبەست و ئامانجی دەوڵەت و هاووڵاتیان لەیەکەوە نزیکن کە هاندانی چاکە و ئاکاری چاکەکارییە و جێگیر کردنی دادپەروەرییە، بۆیە دەشێ و دەکرێ سیاسەت لایەنەکانی تریش بگرێتەوە.

ژیانی ئاکارییانە، کردەوەی باش و پەروەردە و پێگەیاندنی زاڕوو و نەوەی نوێ پێویستیان بە پێکهاتە و ڕێکخراو و دامەزراوی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە ئەم ئەرکە لە توانای تاکەکەسدا نییە، ئەو ڕێکخراوەش بە کۆمەڵگا Society ناودەبرێ لە هەمانکاتدا دەوڵەت بەهۆ و پشت ئەستوور بە سیاسەت ئەو دەزگاو ڕێکخراو و چوارچێوەیەیە کە بەجۆرێکی ڕێکوپێک دامەزراوە خەسڵەتێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە بەپێی ئەو توانا و ئامراز و دەزگایانەی لەبەردەستیدان و بۆی دابین کراون دەستەبەری بەدیهێنانی ئەو ژیانە خۆشییە و چاکەکاری و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیەی ڕۆڵە و ئەندامانی خێزان و تێکڕای کۆمەڵ و هاووڵاتیان دەکات، وەک ئەرستۆ بۆی چووە. ڕاستە مرۆڤ دوو ڕەوش و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، یەکێکیان وەک تاکەکەس و ئەوی تریان وەک هاووڵاتی ئەندامی کۆمەڵێک و لە سایەی ڕژێمی دەوڵەتێکدا، لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا جۆرە کێشەیەک بەرپا دەبێت، چونکە هەمیشە مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر پرسیارێکدا دەبینێتەوە، ئایا دەکرێ مرۆڤ لەیەک کاتدا تاکەکەسێکی چاکەخواز و هاووڵاتییەکی دڵسۆز و سوودبەخش بێت؟. ئەم کێشەیەی مرۆڤ کە لەلایەکەوە سەربە جیهانی تایبەتی خودی خۆیەتی و لەلایەکی ترەوە پابەندی کۆمەڵگا و ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتە هەردووک لا بەدەیان ئەرکی جیاوازی دەخەنە ئەستۆ بابەتێکە لەچوارچێوەی ئەم نووسینەدا دەچێتە دەرەوە. ئەوەندەی لێرەدا دەکرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەگەر بنەماکانی ئاکار بە مەبەستی پێگەیاندنی مرۆڤ چاک و سوود بەخش و چاکەخوازلە کۆمەڵگادا دانرابن، دەوڵەت لەلای خۆیەوە چاوەڕێی لێدەکرێت دەستەبەری پێگەیاندنی کەسایەتی

تاکەکەسانی سەرکەوتوو و هاووڵاتیانی دڵسۆز و سوودبەخش بێت، خۆ ئەگەر مرۆڤ کەوتبێتە ژێر باری کۆمەڵ و دەوڵەتەوە بەهەموو سەرخان و ژێرخانیانەوە و لەژیانی تایبەتی خۆیشیدا باری سەرشانی سووک و ئاسان نەبێت، ئەوا هەرنەبێ هەردووک لا بەڵێنی ئەوەی دەدەنێ کە جۆرە بەختەوەرییەکی بۆ دابین بکەن کە بە تەنیا خۆی لەتوانایدا نەبێ بەدەستی بهێنێ و بیگاتێ. ئەم بەختەوەرییەش لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەرییدا لەنێو کۆمەڵدا تەباو و گونجاو و بەرانبەرە. بێگومان دەوڵەت، هەر نەبێ لافی ئەوە لێدەدات کە ڕێکخراوێکی ڕەوایە و دەستەبەری دادپەروەری و بەختەوەری ئەندامانی کۆمەڵەکەی دەبێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پەنا بەرێتە بەر چەند بنەماو ڕێوشوێن و ئامرازێک کە گرنگترینیان بە قانوون ناودەبرێت.

٧- مرۆڤ، ئەرستۆ وتەنی، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە ئەگەرچی خۆی دەیەوێ، بەڵام ناچاریشە لەگەڵ کەسانێکی تر کە لە جۆرو ڕەگەزی خۆی بن، بژی، چونکە بە تەنیا و تاکەسوارە لەتوانایدا نییە پێداویستیە فرە ڕەنگ و هەمە چەشنەکانی ژیانی خۆی و کەس و کاری دابین بکات. لەکۆمەڵدا دەحەوێتەوە، لە سایەی قانوون و دەستوور و داددا ژیان و گوزەرانی ئاسوودە و دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر دەبات، خۆی و زارووەکانی پێدەگەیەنرێ، پێداویستی پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنیان بۆ دەستەبەر دەبێ. دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ئەو ڕێکخراوە سەرتاپاگیرەیە کە ئەرکی پاراستنی سوود و قازانجی چین و توێژەکانی کۆمەڵە فرە ڕەنگییەکەی کەوتۆتە ئەستۆ، کاروباری ژیانی هاووڵاتیان ڕێکدەخات، سنوور دەپارێزێ و بەربەستی هێرش و دەستدرێژی ناحەزو بیانی و دوژمنان دەکات.

بەلای ئەرستۆوە خێزان کە لە مێردو ژن (دایک و باوک) و کوڕ و کچ و کۆیلە پێکهاتووە کاکڵەی پێکهاتەی کۆمەڵ و دەوڵەتە، جگە لەمە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەبێ کۆیلە هەبێت و بەشێک بێت لە پێکهاتەی خێزا و ئەرکی دیاریکراوی پێ بسپێردرێ. ئینجا بوونی کۆیلە ڕەوا دەکات و بەو ئامرازەی دادەنێ کە لەچوارچێوەی خێزاندا ئەوکەسە بێت کاروکاسبی بکات، پێداوستی ژیانی ڕۆژانە بۆ ئەندامانی خێزانەکە پەیدا بکات.

واپێدەچێ ئەم بیرمەندە، لەلایەکی ترەوە- نەیویستبێ ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی پێشێل بکات، بۆیە بەلایەوە ڕەوابووە کە ژن پابەند و گوێڕایەڵی پیاو (مێردەکەی) بێت و ڕێگای نەدرێت لە کاروباری ژیانی سیاسی و سەربازی و دەرەوەی ماڵ بەشدار ببێت، بەڵکو ئیشوکاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی ساوایانی پێ بسپێردرێ. هەروەها پێشنیازی کردووە کچ لە تەمەنی دیاریکراودا (٢٠ ساڵی) مێرد بکات و کوڕ لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا ژن بهێنی.

لەوەدەچێ ئەرستۆ جاروبار چاوی بە بیروبۆچوونەکانیدا خشاندبێتەوە، چونکە لەشوێنی تر باسی ئەوەی کردووە کە دایک و باوک زۆرجار ناتوانن بە ڕێکوپێکی پەروەردەی کۆرپەکانیان بکەن بۆیە وای بە باش داناوە کە ئەم ئەرکەی پێگەیاندنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیە بە دەزگاکانی دەوڵەت بسپێردرێ.

٨- ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەت، سەرەڕای ئەرکەکانی تر، دابین کردنی داد و دادپەروەرییە، بەڵام ئەم دادپەروەرییە دوو جۆری جیاوازی هەیە.

**یەکەم**: دادپەروەری بەگشتی:

ئەم جۆرە دادپەروەرییە کە دەکرێ بە هەمەکی ناوببرێت پتر لە بابەتێکی تیۆرییانەو چەمکێک دەچێ کە هەر لە ناو مێشکی سیاسەتمدار و کاربەدەستاندا بێ و بەگشتی و تێکڕای وەک چاکەکاری دێتە بەرچاو. ئەمە ئەو دادپەروەرییەیە کە هانی هاووڵاتیان دەدات ڕێز لە قانوونەکان بنێن و پابەندی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و دەست و سیاسەت و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بن.

**دووەم**: دادپەروەری تایبەتی:

ئەم دادپەروەرییە بە پشت ئەستوور بە قانوون و دەستوور و دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هاووڵاتیاندا دابین دەکات، ئیتر بە هەردوولای دابەش کردن و داکۆکی کردن و بەلایەکدا خستنی ناکۆکی و ژماردنەوەی زیانێک بێت لە کەسانێک بکەوێت، ئەم دادپەروەرییە لە یەکسانی ئاکاری دەچێت(١٦).

٩- ئەگەر بوونی دەوڵەت گرنگ بێت، ئەگەر پێداویستییەکی سروشی بێت کە بوونی هاووڵاتیان و کۆمەڵ و شار و پێداویستی ژیان و پێشکەوتنیان دای هێنابێ، هەروەها سەبارەت بەو ڕۆڵە گرنگەی ئەم دەزگا سیاسییە دەیگێڕێ، دەبێ بەدانانی هەلومەرج و ڕێوشوێنی دیاریکراو مشووری پاراستنی دەوڵەتەکە بخورێ و هەوڵی دوورخستنەوەی لە مەترسی تێکچوون و

شێواندن و نەمان بدرێ. بەلای ئەرستۆوە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ و پێویستە سێ مەرجی سەرەکی لەبەرچاو بگیرێن:

**یەکەم**: ژمارەی هاووڵاتیان- دانیشتوان بەڕادەیەک بێت کە نە کەم و نە زۆر بێت. نابێ ژمارەی هاووڵاتیان بە ڕادەیەک کەم بێت و دەوڵەتیش ئەوەندە بچووک بێت نەتوانێ کاروبارو ئەرکی سەرشانی خۆی پێ بەڕێوە بچێ. هەروەها نابێ ژمارەیان ئەوەندە زۆر بێت و دەوڵەتەکە ئەوەندە گەورەبێت بەپێی دەستوور و قانوون بەڕێوە نەچێ و حوکمڕانی پێ نەکرێت. هەموو شتێک دەبێ ڕاددەیەکی مام ناوەندی هەبێت. لە ڕادەبەدەر گەورە و بچووک نائاساییە. خۆ ئەگەر ژمارەی دانیشتوان لە ڕادە تێپەڕی، دەبێ سنوورێک بۆ منداڵ بوون دابنرێ(١٧) منداڵ لە بارسک پڕ بچێ و منداڵە ناتەواوەکان لەناوببردرێن!!

**دووەم**: دەبێ خاک و زەوی و زاری ناوچەی دەوڵەتەکە بەجۆرێک بێت بتوانرێ پێداویستی ژیان دابین بکات و دژی هێرشی دوژمنان داکۆکی لێبکرێت و بپارێزدرێ. دەبێ ناوچەکە بە جۆرێک بێت دوژمن نەتوانێ بە ئاسانیی بچێتە ناویەوە و داگیری بکات، بەڵام دانیشتوانی بتوانن بە ئاسانی بچنە ناویەوە(١٨). هەروەها دەبێ ناوچەکە لەسەر دەریا بێت بۆ ئەوەی کێشەی هاموشۆ و ئازووقە و بازرگانی ڕۆژانەی نەبێت.

**سێیەم**: دەبێ و پێویستە هاووڵاتی و دانیشتوانی ئەم دەوڵەتە ئازایەتی و چاونەترسی گەلانی باکووری ئەورووپا و زیرەکی و ژیری گەلانی ئاسیایان تێدا بێت، واتە پلەیەکی ناوەڕاستی نێوان گەلانی ئەورووپاو ئاسیایان هەبێ(١٩). دانیشتوان دەبێ لە چینی مرۆڤانی ئازاد و چینی ئیش کەران کە جووتیار و وەرزێر و سنعاتکارو بازرگان و سەربازن..تاد پێکهاتبن.

هەر لە چوارچێوەی ئەم سێ مەرجەدا ئەرستۆ پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئیشوکار بەچینی دووەم بسپێردرێ و چینی ئازادەکان نابێ لەبیرکردنەوە بەولاوە کارێکی تر بکەن ئەمانە گوایە بە سروشت مرۆڤی باش و چاکەکارن و دەوڵەتیش کاتی پێویست و پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکات و لە هەموو کێشە و سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانە و مەترسییەک دەیانپارێزێ!

١٠- ڕاستە ئەم بۆچوونانەی ئەرستۆ پتر خەسڵەتێکی تیۆرییان هەیە و لە چەند بنەما و هزرێک دەچن کە لە مێشکی مرۆڤدا هەن و شێوەی پێشنیازیان هەیە نەک ئەوەی بابەتی ڕاستەقینەبن و تواناو شیاوەکی پیادە کردنیان هەبێت، بەڵام بەهیچ جۆرێک ڕەوانییە لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە تەماشای بابەتێکی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە بکرێت و بەپێودانگی سەردەم هەڵبسەنگێنرێ ئەم بیروبۆچوونانە پتر بایەخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە، بەڵام لەچوارچێوەیەکی تایبەتیدا، لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا دەکرێ ئەم خاڵە گرنگانە کە ئەرستۆ باسی کردوون لەبەرچاو بگیرێن:

**یەکەم**: دەوڵەت ئەو دەزگاو دامەزراوەیە کە مرۆڤ و خێزان و گوند و لادێ و شارو باژێر یەک دەخات ودەستەبەری ژیانی ئاسوودە و سەرفراز و دادپەروەری و بەختەوەری دەبێت.

**دووەم**: شۆڕش و یاخی بوون و ئاژاوە، ئەگەر بویسترێ ڕێگایان لێ بگیرێ و ئاسوودەیی و ڕێژیم و نەزم و ئاشتی بەرقەرار بکرێن پێویستە ئەم لایەنانە کاریان بۆ بکرێت و لەبەرچاو بگیرێن:

- دەوڵەت بە ڕێکوپێکی ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەستۆ.
- ڕێز لە قانوون و دەستوور و ڕێوشوێنەکانی ئاکار بگیرێ.
- لە دادگاو بەڕێوەبردندا دادپەروەری بگیرێتەبەر(٢٠)

**سێیەم**: بوونی کۆیلە شتێکی سروشتییە و بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، قانوونی سروشتی پاساوی دەدەن و ڕەوای دەکەن.

**چوارەم**: ژن دەبێ گوێڕایەڵی پیاو (مێرد) بێت و لە کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردن و سەربازی دووربێت.

**پێنجەم**: ئازادی دەبێ لەلایەن قانوونەوە سەرپەرشتی بکرێت و ئەدەب و هونەریش جۆرە چاودێرییەکی (سانسۆر شێوەی) بخرێتە سەر، بۆ ئەوەی لاوان و نەوەی نوێ لەلادان و مێشک تێکدان بپارێزرێن.

**شەشەم**: مرۆڤ وەک تاکەکەسی سەربەخۆ کە تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی هەیە دەکرێ لە هەمان کاتدا هاووڵاتییەکی چاک و سوودبەخشی کۆمەڵگا و دەوڵەت بێت و لەنێوان هەردووکیاندا هیچ جۆرە ناتەبایی و ناکۆکییەک نابینرێت.

**حەوتەم**: هاووڵاتی چاک، کرداری باش و دادپەروەرانە، ئەوەیە کە ئامانجەکەی بەختەوەری دابین کردن بێت بۆ ڕێکخراوە سیاسیەکەی تێکڕای کۆمەڵ(٢١).

سەرچاوەکان:

١- مانهايم، كارل: الايديولوجية و الطوبائية، مقدمة في علم اجتماع المعرفة، ت: الدكتور عبدالجليل الطاهر، مطبعة الارشاد بغداد، ١٩٦٨ ، ص١٢٦ فما بعد و فى اماكن مختلفة.

2- Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie Bd. I. 12. Auflage Frankfurt am Main. 1980. S.237.

٣- الدكتور هـ.سدچويک: المجمل في تأريخ علم الاخلاق. ترجمة: الدكتور توفيق الطويل، عبدالحميد حمدي، ج١، ط١ الاسكندرية، ١٩٤٩ ، ص١٣٦ فما بعد..

٤- بدوي، عبدالرحمن، ارسطو، خلاصة الفكر الاوروبي، منشورات وكالة المطبوعات الكويت، دارالقلم بيروت ١٩٨٠. ص٢٥٥.

5- Capelle, Prof. Dr. Wilhelm., Die grichische Philosophie Bd. 2. Sammlung Goeschen. Berlin. 1971. S.74.

6- Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart. 1961. S.173.

7- Russell, Bertrand, Philosophie des Abendlandes. Munchen. Wien. 2000. S.718.ff.

8- Kant, Immanuel., Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten Para. 421. S.215-216. Zweiter Abschnitt.

ئەم شاکارەی (کانت) کراوە بە کوردی و لەلایەن دەزگای (ڕامان)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

9- Aristoteles, Nikomachische Ethik. I5, 1097 b 20-21.

10- Aristoteles, Ebenda, II, I, 1130 a, 15ff.

١١- ارسطو طاليس: علم الاخلاق الى نيقوما خوس، ترجمة: احمد لطفي السيد، مطبعة دارالكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٤، ص٢٤٨، ک٢ ب٦.

١٢- متي، دكتور كريم، الفلسفة اليونانية بغداد ، ١٩٧١، ص٢٣٠.

١٣- مطر، دكتورة أميره حلمي، الفلسفة عند اليونان، القاهرة، ١٩٦٨ ، ص٣٣٨ فما بعد.

13- Graeser, Von Andreas., Die Philosophie der antike. 2.In: Wolfgand Rod, (Hrsg) Geschiche der Philosophie. Bd II. Munchen 1993. S.247ff.

14- Aristoteles, Politca, III, 9. 1280 b. In: Werke. (Hrsg) von Helmut Flashar. Ubersetzt von E. Schutrump Darmstadt 1991.

15- Russell, B. Ebenda. S.206- 207.

- لۆرد ڕەسل ئەم لایەنەی بەوە ڕەوا کردووە کە پێوەندی بە لەش ساغی زاروو و مێشک و توانای پێگەیاندنەوە هەیە. رسل دەڵێ، بەلای ئەرستۆوە کچ لە ١٨ ساڵی و کوڕ لە ٣٧ ساڵیدا دەبێ هاوسەری ژیان پەیدا بکەن. من لە شوێنی تردا- ئەوەندەی لەبیرم بێت- وام خوێندۆتەوە کە بەلای ئەرستۆوە دەبێ کچ لە ٢٠ ساڵی بەدواوە مێرد (شوو) بکات.

ئەوی پێوەندی بە ژنەوە هەیە کە دەبێ گوێڕایەڵی پیاو بێت و لە قسەکانی دەرنەچێت، هەڵوێستی ئایینی ئیسلام دێنێتەوە یاد کە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ پەیڕەو دەکرێت و بریتییە لەم ئایەتە: «الرجال قوامون على النساء».

16- Allan, von D.J., Individuum und Staat in der Ethik und der Politik des Aristoteles. In: Hager, F-P., (Hrsg)., Ethik und Politik des Aristoteles. Darmstadt WB. 1972. S. 410ff.

١٧- أبوريان، د. محمد علي، تأريخ الفكر الفلسفي ج١، أرسطو، اسكندرية، ١٩٧٤، ص٢٣٢.

١٨- مطر، دكتوره اميره حلمي، نفس المصدر، ص٣٥٢، فما بعد.

١٩- متي، د. كريم، المصدر السابق نفسه، ص٢٣٧.

20- Russell, B. Ebenda. S. 212.

21- Allan, von D.J. Ebenda. S. 405 ff.

# سوكراتی دانا

**ن. ئا: ڕەحیم سابیر**
**(سلێمانی)**

**(١ – ٢)**

**«مرۆڤایەتی پێویستی بە شۆڕش نییە، بەڵكو پێویستیان بە سۆكراتێكە»**
**(شۆپنهاوەر)**

دەگمەنن ئەو كەسانەی دەیانەوێ كۆمەڵگا بگۆڕن لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر كە دەیانەوێ كۆمەڵگا بەخەبەربهێنن، دیارە پرۆسەی گۆڕینی كۆمەڵگا سەخت و دژوارە، ئەمەش دەكەوێتە سەر تێڕوانینی ئەوكەسە بۆ كۆمەڵگا و پەی بردنی بەخاڵە لاوازەكانی كۆمەڵگا لە هەمان كاتدا ڕەخنەگرتن لە كۆمەڵگا واتە ئەو ڕەخنەیەی كە كۆمەڵگا بنیاد دەنێتەوە و جارێكی تر دروستی دەكاتەوە، ئەوكارە قورس و ئاڵۆزە بە كەسێك و دووكەس ناكرێت گەر بشكرێ، ئەوا بازدانێكی شێوەیی لەخۆ دەگرێ كە كۆمەڵگا پێی دەساكێ و ئەو كەسەش كە ئەو ئەركە ئەنجام دەدات، دەكەوێتە بەر زللەی كۆمەڵگا، هەر كۆمەڵگایەک گەر پرۆسێسی گۆڕان نەبینیێ ئەوا مەحاڵە ناگۆڕێ واتە كۆمەڵگایەكی وەستاوی لێ دەردەچێ كە جۆگەلەیەک لەچڵپاو پێكهاتەكەی دەبێت و دواجار دەبێتە هۆی لەناوچوونی خۆیی و ئەو ئیفرازاتەشی كە فڕێی دەداتە دەرەوەی خۆی زیانی بۆ سروشت و دەوروبەری دەبێت. ئەو كۆمەڵگایەی بیەوێ بگۆڕدرێ و دەبێ بگۆڕدرێ یەكەم جار خۆی دەڕووخێنێ بۆ ئەوەی خۆی لەسەر خۆی دروست بكاتەوە لێرەدا حەتمی و ئیرادەی مرۆڤەكانی كۆمەڵگا بە هەند وەردەگیرێ، خواستی مرۆڤی خەم خۆر بۆ كۆمەڵگا هەوڵدانە بۆ گۆڕانی كۆمەڵگا و پێشكەوتنی كۆمەڵگا، لێرەوە كێشەكە دەست پێ دەكات كە تۆ ئەركێكی ویژدانیت

لەسەرەو دەبێ ئەنجامی بدەیت، کە تۆ خۆت بە لێپرسراو دەبینیت بەرامبەر بەو ئەرکە پیرۆزە، واتە دەبێ تۆ بیربکەیتەوە، دەبێ ڕەخنە بگریت، دەبێ ئازا بیت، دەبێ خۆڕاگربیت، دەنا زڵلەی کۆمەڵگای گەمژە و تەمبەڵ و نەزان نەمانڕووخێنێ، ژیری مرۆڤ هەر ئەوە نییە کە لاف و گەزاف بە نەزانینی خۆیەوە بکات، بەڵکو ئەوەیە تا چەند بزانین هێشتا نازانین، تا چەند هەوڵ بدەین هێشتا هەنگاومان نەناوە، لەوانەیە تەمبەڵی و نەزانینی کۆمەڵگا بێت کە چارەی ئەوکەسەی نەوێ کە ڕەخنە لەخاڵە لاوازەکانی بگرێت بۆ ئەوەی پێی بزانێ و خۆی ڕاست بکاتەوە، کەچی کۆمەڵگا ئەو ڕاست کردنەوەیە قبوڵ ناکات و ڕاستی سەردەبڕێ، ئەمەش سەلماندنی گەمژەیی کۆمەڵگایە، ئەو کەسایەتیانەی هەستان بە گۆڕانی کۆمەڵگا و چاکسازییان لە کۆمەڵگادا کرد، یان ویستوویانە کۆمەڵگا لەلادان و قەیران ڕزگاربکەن، یان کۆمەڵگا لە خورافە پاک بکەنەوە خرانەبەر تەشەرو تانە و قینی کۆمەڵگا، سوکرات ژەهر خوارد کراو مەسیح لە خاچ درا و حەللاج سەربڕا، دەپرسین بۆچی و لەپێناوی چیدا ئەو کەسایەتیانە وایان لێ بەسەر هات!؟ لەپێناو پەیامەکەیاندا و لەپێناو ڕاستیدا و لە پێناو حەقدا، بۆچی ئەو کارەسات و ترادسیۆنە گەورانە!؟ بۆچی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە لەمێژوودا چەند بارە دەبنەوە!؟ بۆ ئەو کەسایەتییە گەورانەی مێژووی مرۆڤایەتی وایان لێ بەسەر دێت!؟ داخۆ دەبێ کۆمەڵگا خۆی لەوێدا بدۆزێتەوە کە بەنهێنییەکی مێژوویی سەیر دەکرێ، یان ئەمە گێلی کۆمەڵگایە تێی کەوتووە و ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات، واتە ئایا کۆمەڵگا هەر دەبێت کەسێکی ببێتە قوربانی و دواجاریش بیکەنە گاڵتەجار؟ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بەو شێوە بیرکردنەوەیەدا تێدەپەڕێ؟ ئەمەش بێ گومان نیشانەی لاوازی (چالاکی) بیرکردنەوەیە، یان وەک (شۆپنهاوەر) وتەنی (هەموو کەسێک سنووری زانینی خۆی بەکۆتایی جیهان دەزانێ!) ئێستا مرۆڤایەتی پاش زانینی هەڵەی خۆی پەیکەر بۆ ئەو فەیلەسووف و زاناو پێشڕەوانە دروست دەکات کە لەکاتی خۆیدا دژیان ڕادەوەستا، کۆمەڵگا ئەو کەسایەتییە مێژووییانە زیندوو دەکەتەوە کە سزایان دەدراو دەسوتێنران و لەناو دەبران (ج. برۆتۆ) کە یەکێکە لەو سزادراوانە لەم ڕووەوە لە کتێبی (بێ سنووری گەردوون)دا نووسی (ئەگەر گاسنم بەدەستەوە بووایە و جووتم بکردایە، یان ئاژەڵم بلەوەڕاندایە، یان باخەوانیم بکردایە، یان جلوبەرگم پینە بکردایە کەس گوێی نەدەدامێ و بەسەرو گویلاکیاندا نەدەماڵیم و ڕەخنەیان لێ نەدەگرتم و بەکاری هەمووان دەهاتم، بەڵام ئێستا من سروشت دەپێوم و مێشک شی دەکەمەوە و بڕیاری هەڵە ڕاست دەکەمەوە کەچی هەر کەس دەمبینێ لێم مۆڕدەبێتەوە و ئەوەی سەیرم دەکات هەڕەشەم لێ دەکات و ئەوەی ڕاوم دەنێ گازم لێ دەگرێ و ئەوەی بمگرێ دەمخوا ئەمەش وەنەبێ یەکێک، یان چەند کەسێک وابن دەربارەم هەموو هەروان). دەپرسین بۆ کۆمەڵگا خاڵە لاوازەکانی خۆی نابینێ؟ یان دەیانبینێ و خۆی گێل دەکات، ئەمەش مەرامی لەپشتەوەیە، بۆیە خۆ گێل کردن باشترین چارەسەر دەبێت بۆ کێشەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش واتای مانەوە لەجەهلدا، واتە (دەستی تێوەرمەدە باباش نەبێ و هەر بە شاردراوە و بەخەفە کراوی بمێنێتەوە)، دیارە کۆمەڵگایەکی تەمبەڵ و هیچ نەزان و کەمتەرخەمە بۆیە خۆی نابینێ، چونکە نازانێ لەکوێوە سەیری جەستەی تێک شکاوی خۆی بکات. ئاوێنەی ڕوخساری خۆی شکاوە و لە هەموو پارچەیەکی بچووکدا، ڕوخساری تێک شکاوی خۆی دەبینێ چەند مەترسییە مرۆڤ هیچ نەزانێ و خۆی بەزاناو دانا بزانێ، ئەمەش نەخۆشییەکی کۆمەڵگایە، واتە ئەو کۆمەڵگایەی هەموویان خۆیان بەزل و فس فس پاڵەوان دەزانن و خۆیان بە (پیاوی گەورە، باڵۆن، مێزەڵدان، پادشا، سەرکردەی پاڵەوان، سەرۆک خێڵ، ئاغا) ئا لێرەوە ڕووخاندنی کۆمەڵگا دەست پێ دەکات سەرکردەش خۆی بەخودای سەرزەوی دەزانێ و خۆی وەک باوکی نەتەوە و باوکی گەل دێتە بەرچاو، کۆمەڵگا بە مێگەل سەیر دەکات و خۆی بەشوانێکی دڵسۆز سەیر دەکات، ئالێرەوە کۆمەڵگا هەرەسی پێ دێ، کە کۆمەڵگا هەموو خۆی بەزاناو دانا بزانێ و هیچیشی پێ نەبێ بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی خۆی، خۆ بەزلزان ودانازان خۆی دەبینێ، بۆیە هەست بەخۆی ناکات و خۆی لەبیر دەچێتەوە کە چ کانزایەکەو تەنیا دەرەوەی دەدرەوشێتەوە و دەرەوەی جوانە، بۆیە لەکاتی قەیرانەکاندا چارەسەری پێ نابێ و فس دەبێتەوە، سوکرات ڕاستی کرد کە دەڵێ (ئەوکەسە زیرەکترینیە کە دەزانێت، نازانێت) سوکراتی دانا خۆشی بە خۆی دەگوت (تەنیا یەک شت دەزانم- ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم) ئەمە دان پێدانانێکی بلیمەتانە و فەلسەفیانەیە کە هیچ

فەیلەسووفێک ئەوەی نەگوتووە، بەڵام سوکرات زاناترین و داناترین کەسی ئەسینا بووە، دیارە، هەرەس هێنان و تەمبەڵیش هەستانەوەی دەوێ، هەستانەوەش زەحمەت و خۆ ئامادەکردنی دەوێ، واتە ژیان دەکەیتەوە بەگیانی مردوودا، بەگیانی تێک شکاودا کە ئەمەش بەزۆر کەس ناکرێ، بەڵکو بەسەرجەم کۆمەڵگا دەکرێ، ئەگەر کۆمەڵگاش تەمبەڵ بوو هەروەها دەسەڵاتیش ڕاستییەکان خەفە بکات و ڕازی نەبێ بە گۆڕان و پێشکەوتن، ئەوا کەسایەتییەک دەبێتە قوربانی مێژووەکەی کە ناتوانرێت لەبیر بکرێت بە ئاسانی، کەسێکی وەکو سوکرات توانی ئەسینای تەمبەڵ و خەوتوو هەستێنێتە سەر پێ و لەخەو بە خەبەری بهێنێتەوە، کەچی هەر خەڵکی ئەسیناش بوو، تانە و تەشەریان لێدەدا و هەر ئێرەیی کەسانی نەفس نزم بوو کە دەسەڵاتداران بڕیاری ژەهر خواردنەوەیان دا بەسەریدا، سوکرات وتی (ئەسینا وەک ئەسپێکی تەمبەڵ وایە، منیش وەک مێشی ئەسپ وام هەوڵی بەخەبەر کردنەوەی دەدەم و ژیانی پێدەدەمەوە) بەگاڵتە بە سوکراتیان نەوتووە دانا و حەکیمی یۆنان وشەهیدی عەقڵ، سوکرات پێ پەتیەکی بلیمەتی ئەسینا بوو هەروەها مامانێکی چاونەترسی ئەسینا بوو، ئەو خۆی دەناسی، بەڵام خەڵکان خۆیان نەدەناسی هەر بۆیە دەیوت (خۆت بناسە) واتە خۆت تیمار بکە، بەراستی سوکرات شایستەی نازناوی (مەسیح) بوو، سوکرات توانی فەلسەفە لە ئاسمانەوە بهێنێتە سەر زەوی هەربۆیە مێژووی بیرکردنەوە و فەلسەفەی سەرسام کردووە، تائێستاش دوای ئەو مێژووە دوورو درێژەی فەلسەفە و بیرکردنەوە، سوکرات نەمر و دانایە و ئەو مێشەیە کە کۆمەڵگای تەمبەڵ بێزار دەکات و بەخەبەری دەهێنێتەوە و ژیانی پێدەداتەوە، کۆمەڵگا لەشێوەی سوکراتی تێیدانەبووە و مێژوو کەسایەتییەکی وای بەخۆوە نەدیوە دوای سوکرات، (سپینۆزا)ی جوولەکە و فەیلەسووف، کەم لە فەیلەسووفی سەدەی نوێ ئاوەها وەک ئەم فەیلەسووفە سووکایەتی پێ کراوە و ڕاونراو. تەنانەت گەیشتە ئەوەی هەوڵی کوشتنیان دا هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەبوو کە ڕەخنەی لە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت دەگرت، سەختترین ئازاریش کە بەسەر سپینۆزادا هات، ئەوکاتە بوو کە خودی خێزانی خۆی پشتیان لێ هەڵماڵی، بەڵام ئەو شتەی لێرەدا سەیرو سەمەرەیە ئەوەیە کە کەم کەس هەبووە وەک سپینۆزا بۆ گەیشتن بە ئازادی بیروڕا دەربڕین و لێبوردنی ئایینی هەوڵ بدات. نانی ژیانیشی بە دروستکردن و فرۆشتنی چاوی چاویلکەی تایبەتی پەیدا دەکرد،نیتشەی ئەڵمانی کە دەیویست (هەموو بەهاکان سەرلەنوێ هەڵبسەنگێنێتەوە) هەربۆیە (مردنی خودا)ی ڕاگەیاند کە دواجار شێت بوو، هەندێ فەیلەسووفی تر هەبوون کە لەناو بەرمیلدا ژیانیان بەسەر دەبرد پێیان دەوتن فەیلەسووفی (بەرمیلەکان- سینیکەکان) وەک فەیلەسووف (دیۆگێسنیس) دەڵێن لەناو بەرمیلێکدا دەژیا و جگە لە پاڵتۆیەک و گۆچانێک و کیسەیەکی نان زیاتر خاوەنی هیچ شتێکی تر نەبوو.

بەم جۆرە ئاسان نەبوو بەختیاری لێ بیسەندرێتەوە! کەچی ئەم فەیلەسووفانە (سینیکەکان- ستۆیکەکان) خولیای ڕامیاری بوون و زۆربەشیان چالاکانە لەسەر ئاستی وڵات ڕۆڵیان دەبینی جگە لەوەش ستۆیکەکان یاریدەی پێش خستنی کولتوور و فەلسەفەی یۆنانیان دەدا وەک (شیشرۆ)ی پێش مەسیح، من لەمێژوو تێناگەم گەر فەیلەسووف و ڕەخنەگرانی کۆمەڵگا بەو شێوەیە خزمەت بە دەوڵەت و فەلسەفە و زانست و کۆمەڵگا بکەن بۆ کۆمەڵگا قینیان لەوانەیە و فڕێیان دەدەنە دەرەوەی کۆمەڵگا واتە دوور لە شارستانیەت و بەها مرۆڤایەتییەکان، ئەدی هەر ئەوانە نەبوون بەرژەوەندی دەوڵەت و یاساکانی دەوڵەتیان دەپاراست، ئەدی هەر ئەوانە نەبوون کولتووری مێژووی میللەتەکانیان دەپاراست، دیارە کە کۆمەڵگا هەڵگری هوشیاری مێژووە لە مێژووی خۆی بێ ئاگایە و تێناگات لەو ئان و ساتەدا، بۆیە دوای مردنی، یان دوای کوشتنی ئەو فەیلەسووف و کەسایەتیانە ناچار دەبن ڕۆح بکەنەوە بە بەریاندا و لە هەناوی کۆمەڵگادا بیانژێیننەوە و لاف و گەزافی مەعریفە و زانست و فەلسەفەیان پێوە لێ بدەن وەک ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایە نەبووە کە ئەوانی دەخستە بەر تانە و تەشەرو بەرد بارانیان دەکردن، کەوابێ دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا ئەوکاتە بەخۆی دەزانێ کە لەسەرە مەرگدا بێ، ئەوجا لەخەو هەڵدەستێتەوە و مێژووش ڕووداوەکان دەخاتەوە بیر کۆمەڵگا و مێژوویەکی شکۆمەندانە بە زاناو فەیلەسووف و کەسایەتییە دەرکراو و بەردباران کراوەکاندا دەبەخشێ، یان ئەوەتا ئەمە یاسایەکی خودی ڕۆحی مێژووە و لەو بارودۆخانەدا خۆی دووبارە دەکاتەوە و سووڕانەوەی خۆی نیشانی کۆمەڵگا دەدات و یاساکەی (تۆینبی)مان

دەخاتەوە بیر،کە سووڕی مێژووە، یان ئەوەتا تەونە دیالیکتیییەکەی (هیگڵ)ەو دەبێ ببێ، دیارە شتەکان ئەوانەن وەک کانت دەڵێ (شتەکان وەک ئەوەی کە هەن) ئەوەیە دیارە ئەمەیە، ئەو حەقیقەتەی کە مرۆڤ ناتوانێت دەرکی پێ بکات وەک کانت دەڵێ تا ڕوونەدات و بەسەر نەچێت ئەوجا دەرکی پێ دەکات، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە بڵێ (دەزانم دوای پێزانینم) سوکرات مامانی کۆمەڵگای ئەسینابوو، کەوابێ دەتوانین بڵێین ڕەحمی کۆمەڵگای ئەسینا دانەکەوتبوو هەروەها کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکی لەش ساغ بوو، بەڵام تەمبەڵ بوو، بۆیە مامانەکەشی دانابوو، واتە کۆمەڵگای ئەسینا (بێ زەبری لەدایک بوون) لەدایک بوو، کەچی هەر ئەو کۆمەڵگایەش بوو مامانەکەی خۆی ژەهر خواردکرد، ئیرەیی و جەهل ژەهر خواردی کرد، لەبەرئەوەی سوکرات شەرمی نەکردووە و ڕەحمی کۆمەڵگای ئەسینای بینی و نەخۆشییەکەی دۆزییەوە و ڕاستگۆیانە و چاونەترسانە ئەو نەخۆشیانەی بۆ کۆمەڵگای ئەسینا باس کردووە و چارەسەری بۆداناوە، بۆیە خۆی وەک مێشێک سەیر دەکرد و کۆمەڵگاش وەک ئەسپێکی تەمبەڵ، دیاربوو کۆمەڵگای ئەسینا قینی لەو گیزە گیزەی مێشە بووە بەتایبەتی هەندێ لە دەسەڵاتداران و بیرمەندانی یۆنان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە خەونە ئەر جوانییەکەی بێدار نەبێتەوە، لەوانەشە هۆی ژەهر خوارکردنی سوکرات ئەوەبووە ویستوویانە ئەو مێشە بێزار کەرە ژیرو دانایەی کە خەوتوو بە خەبەر دێنێت بکوژن هەرواش بووە، بەڵام بەخودا نەناسی و مێشک شووشتنەوەی لاوانی ئەسینا تاوانبار کراو ژەهر خوارد کراو ئەسیناش لەو مێشە ڕزگاری بوو، دیارە سەردەمی سوکرات کۆمەڵگای ئەسینا کۆمەڵگایەکی تەمبەڵ و گێل و کوێلە بووە، بەڵام دوای مامانێتی سوکرات، ئەسینا بووە وڵاتی فەیلەسووفان و لە تەمبەڵی و گەمژەیی و بێ هێزی ڕزگاری بوو فەلسەفە و دیموکراتییەتیش لە ئەسیناوە و لەسەر دەستی فەیلەسووفانی ئەسینا، خۆی بە هەموو جیهاندا پەخش کرد هەربۆیە بۆ ناسینی گەورەترین بیرمەندی فەلسەفە و گەورەترین کەسایەتی مێژووی بیری مرۆڤایەتی (سوکراتی دانا) دەبێ باسی بارودۆخی ئەسیناو مەسەلەی بیروباوەڕ لەو سەردەمەدا بکات و دوای ئەوە سەرهەڵدانی ڕێبازی تر کە لە سەردەمی سوکراتدا هەبوو بۆ ئەوەی ئەو زاتە گەورەیە بناسین لە لایەنەکانی ژیانی بدوێین، چونکە ژیانی سوکرات خۆی لەخۆیدا پڕبوو لە فەلسەفە و حیکمەت و سوکراتیش هیچ نووسینێکی بۆ مێژوو بەجێ نەهێشتووە تەنیا ئەو وتە بەنرخانە نەبێت کە لە نووسینەکانی (ئەکریتون و ئەفلاتوون و ئەرستۆتالیس)دا بەرچاومان دەکەوێ سەرەڕای ئەوەش ژیانی سوکرات هەر بە شاراوەیی دەمێنێ و سوکراتیش بەنهێنیترین کەسایەتی و بیرمەندی فەلسەفە و مێژوو دەمێنێتەوە (برتراند رسل) فەیلەسووفی هاوچەرخی بەریتانی دەربارەی سوکرات دەڵێ (مەسەلەی سوکرات زۆر قورسە لەسەر مێژوونووس، لەبەر ئەوەی هەندێ لە خەڵکان هەن گومانیان لێ ناکەین کە زۆر کەم شتیان لێوە فێردەبین و هەندێکیش هەن کە گومانی تێیدا نییە زۆر شتیان لێوە فێردەبین، بەڵام بۆ مەسەلەی سوکرات نازانین کەمی لێوە فێربین یان زۆر!).

## بارودۆخی یۆنان

لەنیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمدا، هەندێ ڕێباز سەریان هەڵدا لەبارودۆخێکدا کە ئەزموونی پراکتیکی و هزر کەمێ جێگیری بەخۆیەوە بینی لە تەک ئەو بارودۆخەشدا ململانێی چینایەتی و ئەو دڵەڕاوکەیەی کە لەنێو کۆمەڵگادا سەری هەڵدا ئەمەش دوای جەنگی چەند ساڵەی ناوخۆو هێرشەکانی دەرەوە کە هەموو هێزو تواناو چالاکی مرۆیی مرۆڤی یۆنانی بڕی بوو، دوای ئەوەی یۆنان ویستی لەو گێژاوەدا ڕێگایەکی ڕاست بۆ خۆی بدۆزێتەوە و لەو مەترسی و ئازارانە ڕزگاری ببێ بەتایبەتی دوای ئەو جەنگە درێژخایەنەی لەگەڵ فارس کردی، یان ئەو شکستەی بەرانبەر ئەسپارتە لە ساتی ٤٠٤ی پێش زایندا بەخۆیەوەی بینی، ئەمەش وای کرد کە ململانێیەکی توندوتیژ لەنێو سیستەمی فەرمانڕەوایی سیاسی نێو کۆمەڵگا خۆیدا لەدایک ببێ کە دوو جۆر سیستەمی لێ کەوتەوە ئەویش سیستەمی دیموکراتی و سیستەمی ئەرستۆکراتی بوو بۆ فەرمانڕەوایی یۆنان، بەم هۆیە ئەسینا سەنتەری سیاسی خۆی لە دەریای سپی ناوەڕاست لەدەستدا، لەگەڵ هەموو ئەو شکستییەی دووچاری ببوو، لە هەمان کاتدا لە هەناویدا هەندێ تاڵە هزری خۆی هەڵگرتبوو کە مرۆڤایەتی تائێستا شانازی پێوە دەکات و لەبیری ناچێتەوە، دواجار ئەسینا ڕێگای دیموکراتی فەرمانڕەوایی بۆ خۆی هەڵبژارد دوای ئەوەی

هەموو شارەکانی تری کۆکردەوە ئەمەش وای کرد کە هەندێ ئازادی بیروڕا بڵاوبێتەوە و سیمای ڕۆحی تاکایەتی سەرهەڵدات کە جاران ونیان کردبوو بەهۆی جەنگ و شکستەکانەوە، ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە وای کرد کە دوو ڕێبازی سەرەکی بێتە ئاراوە؛ یەکەمیان پێیان دەوت (سۆفسیستەکان) و دووەم (سوکراتی دانا) و بلیمەت بوو بۆ هەریەکەیان ڕێبازێکی تایبەتی هەبوو بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەپستمۆلۆژی مرۆڤ، فەلسەفەی سوکرات بەو دیالێکتە و مشتومڕە هەست پێ دەکرێ کە دەیکرد بەرانبەر (سۆفسیستەکان) کە گومانیان دەکرد بۆ هەموو ئەپستمۆلۆژیە پێشینەکان و ئەوانەشی کە دێن لەپاڵیدا فەرمانی ئاوەزوو هەژموونی لێ دوورخرایەوە، بەڵام سوکرات ڕێگایەکی تری گرتەبەر بۆ گومان، ئەویش بۆ ئەو مەبەستەی بگاتە بنەماو ئاکارو ئەپستۆلۆژیەکان، بە مەبەستێکی جیاوازی دانا لەنێوان سروشتی ڕەفتاری ئاکاری و گوتەدینییەکان کە خەڵکان فێری ببوون بەم شێوەیە هەڵوێستەکان هەمیشە بەدوای ڕاستییە دەروونییەکانی مرۆڤدا دەگەڕان، هەردوو ڕێبازەکە لەو قۆناغەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان گێڕا کە ماوەیەکی زۆریان لە مێژووی یۆناندا قۆرخ کرد، (سۆفیستەکان) سەرەڕای زیرەکی و ڕۆشنبیری فراوانیان لەنێو کۆمەڵگادا، نەیانتوانی قوتابخانەیەکی تایبەتی فەلسەفی دابمەزرێنن کە ڕێبازەکەی خۆیانی تێدا ببیننەوە، فەلسەفەکەیان وەک ئیش و کارێکی ڕۆژانە فێری خەڵک دەکرد. ئەم هەڵوێستەیان شۆکێ بوو بۆ ئەو فەیلەسووفانەی کە فەلسەفەکەیان کردبووە شێوازێک بۆ ژیان کە گرێدراوی دین بوو، هەروەها ڕێبازەکەیان نەبووە ڕێبازێکی جێگیرو دانیان بە ئەنجامەکەیدا نەدەنا، لێرەشەوە توخمێکی گرنگ بنەمای فەلسەفەکەیان لەدەستدا، بۆیە لە سەدەی چوارەمی پێش زایندا ئەو زاراوە زمانەوانیانە کە کاریان پێ دەکرا جێگای خۆیان کردەوە ئەویش بەهۆی یەکێک لە (سۆفیستەکان) کە ناوی (ئیسکرات) بوو هەوڵیدا جیاکاری بکات لەنێوان ئەوەی پێی دەڵێن (سۆفیستزم) و ئەوەی پێی دەڵێن (فەلسەفە) بەرووی فەلسەفەدا هەڵچوو فەلسەفەی ناشیرین کرد، (سۆفیستە) هەندێ ناوی جۆربەجۆری لەخۆ گرت بەهۆی ناوەکەیەوە هەندێ لەهەوادارانیان ناوی شاعیریان لەخۆنا وەک (هومبر، هنریودسیمونیدس) یان وەک پیاوانی دینی خۆیان دەرخست وەکو (ئەو فیوس، موزاریوس)، یان وەک پاڵەوان خۆیان دەردەخست وەکو (ئەکوس، هیرودیکس، بیتوکلیوس) و هەندێ لە بیرمەندانی تر دوایی ئەفلاتوون ماناکەیان ئاوا پێناسە کرد (ڕاوکەرێکە خەڵکانی دەوڵەمەند، یان گەنجان پارەیان پێ دەدەن بەرانبەر ڕاوەکەیان کە بۆیانی دەکەن).

ئەرستۆ دەڵێ (سۆفیستەکان) لەڕێی ئەو حیکمەتەوە کە خۆیان کردۆتە خاوەنی، پارەی پێ وەردەگرن)، (سۆفیستەکان) بوونە دووبەش: کۆن و ئەوەی کە دوایی دێ، یەکەمیان چوونە سەر دووەم و تێکەڵاوبوون تا وای لێ هات هیچی بەسەر هیچەوە نەمێنێ، مامۆستا (جو مبرز) هۆی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا لە (سۆفیستەکان) دەگەڕێنێتەوە بۆ چوار هۆی سەرەکی:

١- ئەو هەموو هەوڵ دانانەی کە کرا بۆ لابردنی تەمی سەر سروشت و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی کە ئەمەش بێ متمانەیی دا بە دەستەوە لەلای باوەڕداران ئەوانەی کە گرێ درابوون بەدینەوە بەمەش فەیلەسووفی سۆفیستی دوور بوو لە ڕۆحی گەلەوە تەنانەت (سۆفیستەکان) دەگەڕان بە شوێن شتە مرۆییەکاندا وەک ڕەگەزی زمان و ئاکار و یاساکانی دەوڵەت ئەمەش بێزاری لای خەڵکان دروست کرد.

٢- ئەوانەی کە دەیانتوانی کرێ بدەن، خەڵکانێکی کەم بوون ئەوانیش هەندێک لە دەوڵەمەندەکان بوون. ئەمەش وای کرد کە خەڵکانی شار بێبەش بن لەو زانستە بەمەش چەکێکی بەهێزیان لەدەست خۆیاندا کە دەیانتوانی گوزارش لەخۆیان بکەن و بەرگری لەبیروباوەڕی خۆیان بکەن.

٣- یۆنانییەکان ڕێزی ڕێبازی ئەرستۆکراتیان دەگرت. خەڵکانی پیشە ئەوانەی کرێیان وەردەگرت جێگایەکی نزمیان هەبوو لەنێو کۆمەڵگادا، زانراوەکە کۆمەڵگای یۆنانی سێ توێژ بوون، توێژی هاوڵاتی، توێژی بیانی، توێژی سەرەوە، (سۆفیستەکان) لە ئەسینادا بەبیانی سەیر دەکران و سەرەڕای ئەوەش کرێشیان وەردەگرت.

٤- دژایەتی کردنی کەسایەتییەک کە بەهێزترین کەسایەتی بوو لە مێژووی هزردا ئەویش دژایەتی کردنی سوکرات بوو، دوایش دژایەتی کردنی ئەفلاتوون و بەمەش کۆتایی بە (سۆفیستەکان) هات.

سۆفیستەکان بەهۆی هەندێ بیروباوەڕیانەوە توانیان عەقڵی گەنجان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن بەتایبەتی کاریگەریان کردەسەر ئەدەبی تراژیدی و ڕەوانبێژی و

گوزارش کردنی ئەمەش وای لە سوکرات کرد کە بە گژیاندا بچێت و وەڵامیان بداتەوە (سۆفیستەکان) کاریگەری گەورەیان کردەسەر ئەدەب و شیعرو هونەری وتەبێژی و ڕەخنەی یۆنانی تەنانەت ئەگەر توێژینەوە لەسەر ئەدەبی یۆنانی بکرێت، ئەوا دەبێ هێما بکرێ بۆ (سۆفیستەکان) و ڕێبازەکەیان، دەبێ ئەوەش بڵێین کە (سۆفیستزم) بانگەوازێک بوو بووە هۆی گۆڕینی دیدگای فەلسەفەی دێرین کە بەرەو دەرەوە ڕێی دەکرد و وای کرد کە ببێتە دیدگایەکی ناوەکی و دەروونی و بە مرۆڤەوە گرێ بدرێ، وایان کرد کە ببێتە پارسەنگی هەموو شتێک، ئەم تیۆرە وای کرد کە بنەمایەکی ئەپستمۆلۆژی لە گومان بۆ فەلسەفەکردن پەیدا بێت (سۆفیستەکان) چاکە و خراپەی خۆیان هەبووە کە کاریگەری خۆی کردە سەرسێ کەڵە فەیلەسووفی یۆنانی وەک (سوکرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆتالیس)، (سۆفیستەکان) فەلسەفەکەیان تەمومژاوی و لێڵ بوو هەروەها ڕێبازێکی تایبەتی پێوە دیار نەبوو خەڵکانیان بە پارە فێری زانست دەکرد و خۆشیان بەزیرەکترین کەس دادەنا، بەڵام سوکرات خەریکی دۆزینەوەی پێناسەیەکی ڕوون و گشتی بوو بۆ ڕاست و هەڵە بە پێچەوانەی (سۆفیستەکان)ەوە لەو بڕوایەدابوو توانای جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە سەرچاوەکەی لە عەقڵەوە هەڵدەقوڵێ یەک لە کۆمەڵگاوە، سوکرات لە خاڵێکی گرنگدا لە (سۆفیستەکان) جودا دەکرێتەوە ئەو خۆی بە (سۆفیستێک) دادەنا واتا وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و زانا خۆی نەدەبینی لەلایەکی تریشەوە پێچەوانەی (سۆفیستەکان) بوو بەرامبەر وانەکانی هیچ پارەیەکی وەرنەدەگرت و بەخۆی نەدەگوت (فەیلەسووف) بە هەموو مانایەکی ڕاستی ئەم وشەیە لە ڕاستیدا (فیلۆ- سۆف) واتە (کەسێک کە هەوڵی گەیشتن بە حکیمەت دەدات) سوکرات فەیلەسووفێکی ڕاشیونالیزم بوو کە باوەڕێکی بەهێزی بەڕای مرۆڤ هەبووە و زۆر بە توندی بڕوای بەعەقڵی مرۆڤ هەبووە و بەسەرچاوەی زانیاریەکی جیهانی سەیری دەکرد، ململانێی نێوان سوکرات و (سۆفیستەکان) کە ماوەیەکی درێژی لەمێژووی یۆناندا خایاند ئەویش جیاوازی بوو لەنێوان (مرۆڤ)ی تاک و (مرۆڤ)ی چۆنایەتی، دیدگای مرۆڤی تاک بەرانبەر بەخۆیی و بەرانبەر بە جیهانی دەرەوەی خۆی ئەمەش وای لە سوکرات کرد کە گوتە بەناوبانگەکەی (خۆت بناسە) بەرهەم بهێنێ.

## سەرهەڵدانی وشەی فەلسەفە

فەلسەفە وەک زاراوە لەسەر دەستی یۆنانیەکان لەدایک بوو ئەم فۆنەتیکە لەو ماوەیەدا بەکاردەهێنرا لە زاراوە پێکهاتەییەکەی دوور بوو، یان بڵێین بێ مانا بوو، مانای هونەر یان پیشەیەکی هونەری دەگرتەوە، دوایی ماناکەی لەگەڵ زانستدا لێکدراو بەو چالاکییە هزرییە دەوترا، یان بەو کردارەکییە دەژمێردرا وەک دروست کردنی شیعر و پاپۆڕەوانی و بازرگانی، (هیرودۆتس)ی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی باسی ئەوەی کردووە هەروەها (فیساگۆرس) یەکەم کەس بووە کە ناوی (فەیلەسووف)ی لەخۆی ناوە لەو بارەیەوە چیرۆکێک هەیە لەو بابەتە دەگێردرێتەوە، جارێکیان لە بیلوبونیز فیساگۆرس بەهاوڕێیەکی دەگات و هاوڕێیەکەی پێی دەڵێت کارت چییە لێرە؟ (فیساگۆرس) وەڵامی دەداتەوە کە هیچ کارێکی نییە و دەڵێ (من فەیلەسووفم) هاوڕێیەکەی لێی دەپرسێ مانای ئەم وشەیە چییە؟ (فیساگۆرس) وەڵامی دەداتەوە (ئەم ژیانە هۆشدارەی ئێمە زۆر لەشێوەی کۆبوونەوەی یاری ئۆڵۆمپییەکان دەچێ لەم کۆبوونەوەیەدا خەڵکان هەن دەگەڕێن بەدوای شانازی و شکۆمەندیدا و هی تر هەن دەگەڕێن بەدوای کڕین و فرۆشتندا و هەن ئامانجیان هیچ نییە و ئامانجیان پایەبەرز و باڵاترە، کەسان هەن بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دێن بۆ ئەوەی دەروونیان بەجوانی یارییەکان ئاسوودە بکەن، ژیانی ئەم دنیایەمان لەو کۆبوونەوەیە دەچێ بەشێ سێیەم کەسێکە کە قینی لەو شتومەکانەی دنیا دەبێتەوە بە هەموو هێزێکی عەقڵییەوە دەگەڕێ بەدوای زانینی سروشت و نهێنی گەردوون ئەم کەسەش پێی دەڵێن فەیلەسووف. فەلسەفە وای لێ هات کە دەلالەتەکانی خۆی هەڵگری ئەویش بە گەڕانی بۆ ناواخنی ڕەگەزی شتەکان و پرنسیپەکانی تا ئەوکاتەی کە سوکراتی دانا بنەماکانی گرتە دەست، لەسەر دەستی ئەو زاراوەی هونەری پەیوەست بووبە تیۆری ئەپستمۆلۆژی و ئاکار بەمەش فەلسەفە دوور خرایەوە لەگەڕانە سروشتییە پوختەکان بەهەمان شێوەش ئەفلاتوونی قوتابی سوکرات ڕێگەی ئەوی گرتەبەر فەلسەفە لەسەر دەستی ئەوان بووە گەڕان بەشوێن شتەکاندا لەخۆیاندا، دوای (ئەرستۆتالیس) قوتابی ئەفلاتوون گەڕا بەدوای بوون

وەک بوون بەمەش (فەلسەفەی یەکەم) لە دایک بوو، بەڵام فەلسەفە لەسەردەمی (ڕواقی واتە بیقۆریە)کاندا لەنێو مرۆڤ و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا قەتیس کرا، دوای ئەوەی مەسیحیەت سەری هەڵدا بەسەر هەڵدانی مەسیحیەت فەلسەفە دەنگی کزبوو، بە پرەنسیپی پێکهاتەی (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) هاتە ئاراوە وای کرد کە ململانێیەک لەنێوان فەلسەفە و دین بێتە ئاراوە، ئەمەش لەبیری ئازادی کڵێسەدا دەرکەوت لە ئەورووپا، کە دواجار بووە هۆی سەرهەڵدانی لاهوتیەت. بەمەش کۆمەڵ کوژی هزری کرا لە ئەورووپا لەژێر ناوی دیندا، ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامیش ئەوەی بەخۆیەوە دی، (هیرۆدۆتس) وای دەبینی کە (شارستانیەت و دین لەرێگای میسرەوە گەیشتە یۆنان، جۆرج سارتۆن دەڵێ (فەلسەفەی یۆنانی لە دوو باوک لەدایک بوو ئەویش شارستانیەتی میسری دێرین و ڕۆشنبیری بابلیەکان بوو لەو دوو فاقیەی باوکایەتیەدا منداڵێک لەدایک بوو کە سیمای بلیمەتی پێوە دیار بوو نەشدەتوانرا کە شوێنەواری دوو باوکی ڕەت بکەین)، (هیرۆدۆتس)ی باوکی مێژوونووسی یۆنانی ڕاستی کرد، چونکە (فیساگۆرس ٥٧٢- ٤٩٧پ.ز) لە ترسی فەرمانڕەوای شاری یۆنان وڵاتی خۆی بەجێ هێشت و چوو بۆ میسری دێرین لەوێ فەلەک و ئەندازیاری و نهێنی لاهووتی خوێند دوایی بە دەوری جیهانی بابلی دا گەڕاوە و فیساگۆرس بە سیستەمی (دەیی) کاری کردووە کە میسریەکان بەکاریان هێناوە، هەروەها ئەفلاتوونیش دوای ژەهر خواردنی سوکرات، یۆنانی بەجێ هێشتووە و رووی کردە میسری دێرین ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە شارستانیەت و دین لە میسرەوە خۆیان کرد بە یۆناندا لەسەر دەستی ئەو فەیلەسووفانە، (ئەلتۆسێر) دەڵێ: (فەلسەفە بەمانا تەقەنیە وشەییەکەی لەگەڵ یۆناندا لەدایک بووە بەتایبەتی لەگەڵ ئەفلاتووندا کە زانستی ماتماتیک فێربوو دواییش ئەرستۆتالیس پەرەی پێ دا).

# تیۆری مانای ڤیگتۆر فرانکل له نێوان واقیع و پراکتیکدا

سەعید محەمەد نووری*

قوتابخانەی بوونگەرایی یەکێکە لەو قوتابخانە بەناوبانگانەی کە تا ئەمڕۆش بیروبۆچوونەکانی سەدای خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەتایبەتی بواری سایکۆلۆژیا کە چەند ئەستێرەیەکی بەناوبانگی ئەم ڕێبازە توانیویانە لەم مەیدانەدا بەوپەڕی سەرکەوتوویی ئەسپی خۆیان تاو بدەن و بە بۆچوونی هەندێک لە بیرمەندان ڕۆڵی لایەنگیرانی ئەم قوتابخانەیە لە سایکۆلۆژیادا شان بە شانە لەگەڵ ڕۆڵی قوتابخانەی ڕەفتار و قوتابخانەی شیتەڵکاری دەروونی.

خاتوو ڤیگتۆر فرانکل (١٩٠٥- ١٩٩٧) یەکێکە لە ئەستێرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم قوتابخانەیە کە هەتا ئەمڕۆش لاوان و ڕۆشنبیرانی ئێمە پێی ئاشنا نین. هەڵبژاردنی ئەم خانمە زانایە بۆ چەند لایەک دەگەڕێنمەوە.

- تا ئەمڕۆش ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت لە سایکۆلۆژیاکە گوایا ئافرەتان نەیانتوانیوە بگەنە ئاستە بەرزەکانی لەگەڵ ئەوەی کە چەندان کەڵە ئافرەتی بەناوبانگیش لەم بوارەدا هەن، وەک کاری هۆرنی، ئانا فرۆید و چەندانی تر.

- واقیعیەتی تیۆرەکەی فرانکل کە دەتوانێ وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکانی ئێمە بداتەوە، هەروەک چۆن دەتوانێ شیکاری بۆ زۆرێک لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانمان بکات.

- نەناسراوی ئەم خانمە پڕ بەخشە و وەک وەفادارییەک بۆ هەموو هەوڵەکانی، بەشێوەیەکی گشتی تیۆر و شێوازی چارەسەرکردنەکەشی زادەی ئەو ڕۆژگارانەن کە فرانکل لە بەندیخانەکانی مردن لەلای نازییەکان بەسەری بردبوون، بە واتایەکی تر

تاقیکردنەوەکانی لەسەربازگەکانی مردن لەلای نازییەکان سەرچاوەی ئیلهامی تیۆرەکەی بوون، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەو بەندکردنانە جێکاری نێگەتیڤی لەسەر نەبووە، بەڵکو فرانکل لە دەرئەنجامی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانەی کە پاسەوانی سەربازگاکە دەیانکردنە سەر ئافرەتەکان، کۆمەڵێ جێکاری نێگەتیڤی لەسەر کەسێتی بەجێ هێشتبوو..

## چەمکی مانا لەلای فرانکل

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، فرانکل بناغەی تیۆرەکەی لە تاقیکردنەوە تاڵەکانی خۆی لە سەربازگەکانی مردن لەلای نازییەکانی هەڵێنجا، ئەویش بە تێبینی کردنی ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا مابوون و ئەوانەشی کە ژیانیان لە دەستدابوو، لەدوای ئەوەی کە هەلی مانەوە لە ژیاندا بە هەموویان بەخشرابوو. فرانکل گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە بەر لە ئەو فەیلەسووفی بەناوبانگ (فردریک نیتشێ) ئاماژەی بۆ کردبوو: «ئەو تاکەی بۆ ژیان پاڵنەری هەبێت، دەتوانێ بەرگەی ناخۆشترین بارودۆخ بگرێت».

فرانکل لەو باوەڕەدابوو ئەو تاکانەی هیوای جارێکی تر کۆبوونەوەیان لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانیاندا هەیە، یاخود ئەوانەی کە پرۆژەیان هەیە و بیر لە بە ئەنجام گەیاندنی دەکەنەوە، یا ئەوانەی ئینتیمایەکی مەزنیان هەیە، هەلی زیاتر و باشتریان لەبەر دەمدایە بۆ مانەوە و ژیان، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە هەموو هیوایەکیان بۆ ژیان ون کردووە.

فرانکل دەڵێت: «لە سایکۆلۆژیای کلاسیکیدا زیاتر جەخت لەسەر سایکۆدینامیک Psy chody nam-ics دەکرێتەوە، کە وای دەبینێ خەڵکی هەوڵی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی دەروونی دەدەن، بەڵام لە ئەمڕۆدا پێویست دەکات زیاتر گرنگی بە ڕۆحی (عقڵی) دینامیکی Noody namics بدەین، کاتێ تێیدا ڕاڕایی پێویستە بۆ تەندروستی، بەلای کەمەوە کە ئاماژە بۆ مانا دەکات و خەڵکی حەز بەڕاڕایی دەکەن، کە تێیدا ململانێ لەپێناو هەندێک ئامانجی باڵا و پیرۆزدا دەبێت. لەم پێناوەشدا فرانکل وشەی (Noos)ی یۆنانی بە مانای (عەقڵ، یا ڕۆح)ی بەکارهێنا.

ڕەنگە ڕەسەنترین بابەتێک کە لە سەرەتای کارەکانیدا فرانکل گرنگی پێ دابێت وەک تیۆریست و پزیشکێکی دەروونی، ترسناکی (اختزال Reductionism) کە لە دواییدا زۆربەی قوتابخانە چارەسەرییەکان جەختیان لەسەر ئەو بۆچوونە کردەوە کە تێیدا هەموو شتەکان بۆ سایکۆلۆژیا دەگەڕێنەوە و سایکۆلۆژیاش جێ پێی (أختزال) قایمتر دەکاتەوە و عەقڵیش دەتوانرێ لە باشترینی شێوەکانیدا بەکاریگەری لاوەکی میکانیزمەکانی بەرگری بناسرێتەوە، لەکاتێکدا لایەنی ڕۆحی لە ژیانی مرۆڤدا نە لە ئێستا و نە لە ڕابردووشدا شایستەی باسکردن نەبووە.

فرانکل تێبینی ئەوەی کرد ئاژەڵەکانیش ڕەمەک ئاراستەیان دەکات، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا کلاسیکییەکاندا، زۆرێک لە ڕەمەکەکانمان لەژێر پاڵەپەستۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕی، بەڵام لە ئەمڕۆدا پلەی ئەم گۆڕانە زۆر کەم بۆتەوە، کەچی سەرلەنوێ هەندێک هەوڵ لە ئارادایە بۆ گەڕانەوە و پابەندنەبوون بەدابونەریتە کۆنەکانەوە، ئەم هەوڵەش ئەستەمە بتوانێ لە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستییەکاندا دوورمان بخاتەوە، بەو بیانووەی کە ئێمە ئازادی و بەرپرسایەتی هەڵبژاردنمان لە ژیاندا هەیە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو مانایەی کە دەمانەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی «مانا نابەخشرێ، بۆیە پێویست دەکات بیدۆزینەوە» یاخود وەک فرانکل دەڵێت: «مانا وەک پێکەنینە، تۆ ناتوانی کەسێک ناچار بکەیت پێبکەنێ، بەڵکو لەم پێناوەدا پێویست دەکات نوکتەیەکی پێکەنین ئامێزی بۆ بڵێیت تا پێبکەنێ، هەمان شتیش لەسەر دڵسۆزی، هیوا، خۆشەویستی... تاد» ناکرێ بێتە بوون تەنیا بە ویستی ئێمە، یا بە ویستی کەسێکی تر.

مانا ئەو شتەیە کە دەدۆزرێتەوە و داناهێنرێ، حەقیقەتی تایبەت بەخۆی هەیە کە سەربەخۆیە لە بیرکردنەوەماندا، وەک شێوەیەک ئاوێنەی (چاوی سامر) کە لەجێگای خۆیدا دەیبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مێشکماندا شتێک نییە، بۆیە هەموو کاتێک ناتوانین وێنەکە بخەینە ڕوو.. یا مانای پێ ببەخشین، بەڵام لە ڕاستیدا بوونی هەیە کە بە باوەڕی فرانکل دیاردەیەکی هەستییە.

بەها و دابونەریتە ڕووکەشەکان بەشێوەیەکی خێرا لە ژیانی خەڵکیدا بزر دەبێت، بەڵام ئەوە بەگران دێتە بەرچاومان، بۆیە پێویست دەکات دووچاری بێ هوودەیی نەبین، کەواتە مانا بە بەهای کۆمەڵگاوە پێوەندیدار نییە، بە دڵنیاییەوە هەموو کۆمەڵگایەک ماناکان لە هەندێک یاساو ڕێساو ڕەفتاردا کورت دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا مانا دەگەڕێتەوە لای تاک.

**بۆشایی هەبوون (وجودی) لەلای فرانکل**

تێکۆشانەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتنە مانا، هەندێ جار تاک بێزار و وەڕس دەکات، بۆیە ئەم داڕمانە ڕەنگە ببێتە هۆی دروست بوونی دەمارگیری هەبوون Noogenic Neusis

وەک دەرئەنجامێک بۆ گۆڕانکارییە خێراکانی هەموو بوارەکانی ژیان، لە سایەی سیستەمی جیهانگەراییەوە، زیاتر لە هەر کاتێکی تر وا بەدیار دەکەوێ کە تاکەکان ژیانیان لە بۆشایی و بێ ماناییدا بەسەر دەبەن، بۆیە هیچ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراویان نییە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیاتر تەشەنەکردنی پشت بەستن بەیەکتر (الاتكالية)..تاد. بۆیە وەڵامدانەوەی مرۆڤەکان بۆ ئەم شارەزایانە تا ئاستێ ناتەندروست دەبێت و بەشێوەیەکی نێگەتیڤ بە سەر خۆیان و کۆمەڵگاشدا دەشکێتەوە.

بۆشایی هەبوون یەکێکە لە هەرە باشترینی خوازەکانی فرانکل لەلایەنی وشەوە، بە شێوەیەک ئەگەر مانا ویستمان بێت؛ کەواتە مانا بۆشاییە لە ژیانماندا، هەر کاتێک بۆشایی هەبێت، ئەوە شتگەلێک دەچێتە نێوانیانەوە بۆ ئەوەی پڕی بکاتەوە.

فرانکل دەڵێت: لە دیارترین نیشانەکانی بۆشایی هەبوون لە کۆمەڵگاکانماندا (وەڕس بوونە)، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە خەڵکی چەند حەز ناکەن هیچ شتێک ئەنجام بدەن، ئەگەر کاتیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی خواستراو بەلای خۆیانەوە. بۆ نموونە ئێمە زۆر وەڕس دەبین کاتێک کە داوامان لێ دەکرێت نەچین بۆ گەشتێک لەگەڵ هاوڕێیەکانمان و لەبەر خاتری بەشداری کردنمان لە پرسەیەکدا!

کەواتە ئێمە بە باوەڕی فرانکل بەردەوام بەدوای شتێک دەگەڕێین کە بۆشاییەکانمان بە زۆر جۆرە شێوە پڕ بکەینەوە، یەکێک لەو شێوانە، پەنا بردنە بۆ مادە سڕکەرەکان، یا درۆکردن یا خۆ فرۆشتن یا پەنابردن بۆ خۆدزینەوە...تاد کە ئەمڕۆ ڕێژەیەکی زۆر لەلاوانی ئێمە بەشێکی باشی کاتی خۆیانیان بۆ تەرخان کردووە، چونکە لەم کارانەدا هەندێک دەحەسێنەوە و ئارەزوو بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی ژیانمان بەلەزەتەکان (هەندێ جار بە گرتنەبەری لا ڕێگا و ڕێگای نایاساییش) ئێمە بەردەوام کار بۆ خۆشترکردنی ژیانمان دەکەین کە لەم ڕۆژگارەدا لە وەرگرتنی دەسەڵات بەرجەستە دەبێت، بە تایبەت ئەو دەسەڵاتەی کە دەمانگەیەنێتە سەرکەوتنی مادی، ئەمەش خاسیەتی ئەوکەسانەیە، کە لە کۆمەڵگای خۆماندا حەز بە دەوڵەمەندبوونی لەناکاو دەکەن، بۆیە ئەو کەسانە بە زۆری لە پارتە دەسەڵاتدارەکاندا دەبینرێن، بەڵام ئەوانەشی کە ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساوە هەوڵ دەدەن کە ژیانیان بەسەرقاڵ بوون و پابەندبوون بە دابونەریت و ئاکار و ڕێبازی ئایینەوە پڕ بکەنەوە. یاخود هەندێک جار ئەم بۆشاییانە بە تووڕەبوون و ڕک لێ بوونەوەی کۆمەڵگاو دەوروبەر و خێزانەکانمان پڕ دەکەینەوە و بەردەوام کار بۆ لابردنی ئەو شتانە دەکەین کە هەست دەکەین ئازارمان دەدەن، یان خۆمان بە کاری دەمارگیرانەوە خەریک دەکەین، وەک واسواسی لەمیکرۆب، یا پاک و خاوێنی یا ترسان (کە ئەمە لەلای ئافرەتان زیاترە)، وەک دەرئەنجامێک بۆ واسواسی لە شتە ترسناکەکان، بەڵام ئەوەی کە ترسناکی ئەم لایەنە زیاتر دەکات، ئەوەیە کە لە گرنگترین سیفەتە دیاریکراوەکانی ئەم ڕۆڵە بە تاڵانە ئەوەیە کە ئێمە هەرچەندی بکەین لەو پێناوەدا هێشتا هەر کەمە، بە نموونە دەبینین تیرۆریستێک لەگەڵ ئەوەی کە (٣٨) مرۆڤی بەدەستە ڕەشەکانی خۆی سەربڕیوە، کەچی هێشتا هەڵپەی زیاتر دەکات و ویژدانی زیاتر پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەو کارە چەپەڵەی!

ئەم شتە بۆشانە دەرئەنجامێکە بۆ ترسناکییەک کە فرانکل ناوی (دڵەڕاوکێی پێشبینی) لێ ناوە. ڕەنگە کەسێک زۆر لە نیشانەکانی تایبەت بە دڵەڕاوکێ بترسێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە بۆ خۆی ببێتە دێوەزمەیەک لەلای و نەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکات.

دڵەڕاوکێی پێشبینی، زۆرجار دەبێتە هۆی ترسانمان لە

گەلێک شت، لەوانەش:

**یەکـەم:** دڵەڕاوکێ بۆ خـۆی باشـتـرین نموونەیە: بەشێوەیەک ئەگەر تۆ بترسێیت لە تەواو ئەنجام نەدانی کـارێک لە پرۆژەیەکی تایبـەتی خـۆتدا، ئەمـە بۆ خـۆی دەبێتە ڕێگرییەکی گەورە لەبەردەم بە ئەنجام نەگەیاندنی ئەو پرۆژەیە بە تەواوی و تەنانەت لە هەندێ جار وات لێ دێت تەنانەت لە خودی پرۆژەکەش بترسێیت، کە ئەمەش لە ئەمـڕۆدا بە ڕوونی لە پرۆژەی دروست کـردنی خـێـزان لەلای کچان و کوڕاندا بە دیاردەکەوێ. ترسی کوڕ یا کچ لە داهاتووی پرۆژەکـە، یا کـەسـەکـە، وای لێ دەکـات لە پرۆژەی هاوسەریش بترسێت!!

**دووەم:** زۆری لە ویسـتـــدا: یەکـێـکی ترە لەو سێ گـۆڕاوەی کە ئامـاژەمـان بۆکـرد. جـا وەک ئاشکرایە لە دەرئەنجـــامی هەوڵدانێکی بێ وچانی تاک لە پێناو پرۆژەیەکـدا و زۆری بڕی ویسـتی لەو پێناوەدا، زۆرجـار دەبێـتـە ڕێگر لەبەردەم سـەرکـەوتنمـان لە کـارێکدا، بۆ نموونە خەوزڕان، یەکـێکە لە نموونە هەرە دیارەکـانی ئەم گـۆڕاوە، ئەوەتا ئەو کـەسـانەی کـە ناتوانن بخـەون، بە بەردەوامی هەوڵی خـەوتن دەدەن و زۆر ڕێگای جـیـاواز لەم پێناوەدا دەگرنەبەر، بەڵام ئەوەی کە زۆرجار ئێمە پەی پێ نابەین ئەوەیە کە ویستی زۆرمان بۆ خەوتن بۆ خۆی، ڕێگر دەبێت لەبەردەم خـەوتنمـان، یاخود ئەو کچ و کـوڕە نازدارەی کە یەکتریان خۆش دەوێت، لە دەرئەنجامی ئەو ویسـتـە زۆرەی کـە هەریەکـەیان هەیەتی بۆ ئەوی تریان یەکتر تاوانبار دەکەن بەوەی کە یا کچەکە یا کوڕەکە بێ وەفایە و هەستی سڕبووە، یاخود هەست بە کەمتەرخەمی لایەنی بەرانبەر دەکەن، کە خۆی لە ڕاستیدا ئەمە هۆکارە و ڕەنگە تەنیـا بۆ ئەو ویسـتـە بگەڕێتـەوە کـە لەلای هەریەکەیانە، بۆیە خۆی بە قوربانی دەزانێ، ئەمـەش لە زۆربەی کـاتـەکـاندا هۆکـار دەبێت بۆ دەست لە یەکـتـر بەردان.

**سێیەم:** زۆربوونی پێچەوانەکان: کە ئەم حاڵەتەش لە ئەنجـامی بیـرکـردنەوەی زۆرەوە دێنە کـایەوە بۆ نموونە زۆرجـار پێـشـبـینی ڕوودانی شـتـێک دەکـەین، کـە لە کۆتاییدا ئەو شتە ڕوودەدات، ئەویش لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە کەسێکی تایبەتین و دەتوانین پێشبینی ڕووداوەکان بکەین، بەڵکو وەک فرانکل دەیبینێ ڕوودانی ئەو شتە بۆ هێزی بڕوا و هەڵسوکەوتەکانی ئەو کەسە لەو پێناوەدا دەگەڕێتەوە.

تێگەیشـتـنەکـانی فـرانکل بۆ بۆشـایی هەبوون بۆ شارەزاییەکانی لە گرتووخانەکانی مردن لەلای نازییەکان دەگـەڕێتـەوە، بۆیە لەو باوەڕەدا بوو کـە بەندکـراو هەر ڕۆژێک شتێکی لێ بسەنرێتەوە کە مانای هەیە.. کار، خـێـزان، لەزەتە بچـووکـەکـان بۆ ژیان... هیـوای بە داهاتووی خـۆی لە دەست دەدات، بۆیە دەڵێت: «مـرۆڤ تەنیـا بە بینینی داهاتوو دەتوانێ بژی. بەندکـراو ئەگـەر هیوای بە داهاتووی خۆی لە دەست بدات ئەوە دەمرێت».

فرانکل دەڵێت: «ئەو کـێشـانەی کـە بەهۆی بۆشـایی بوونیـەوە دێتـە کـایەوە تەنیـا بڵاونییـە و بەس، بەڵکو بەخێرایی لەناو کۆمەڵگادا تەشەنە دەکـات». کە ئەمـە ســەرەتایەک بوو بۆ دۆزینەوەی نەخـــۆشی هەبوون بە گـشـتی، کـە جـۆرێک لە هەست کـردن بە بێـهـوودەیی (العبث) کە ناوی «شارەزایەکانی دۆزەخی» لێ نا.

فـرانکل لەو باوەڕەدا بوو کـە قـەیرانە ڕامـیـاری و ئابوورییەکانی جیهانی ئەمڕۆمان دەکرێ بە ڕەنگدانەوەی بێهوودەیی بزانرێ، کەواتە ئێمە گیر ماوین لەنێوان خۆ گونجاندنی خود لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆشنبیری هاوچەرخدا کە بە بەکـاربەر (مسـتـهلک) دەناسرێتەوە و شێوازی سەپێنراو لە کۆمەنستییەت و فاشییەت و تیوکراتییەت، لە جەماوەری گشتی لە خۆ سەپاندندا شاردراوەتەوە.

## ڕەنگدانەوەی ویژدان لەلای فرانکل

یەکێک لە چەمکە هەرە گرنگەکـانی فرانکل لەدوای چەمکی مـانا و بۆشـایی هەبوونی چەمکی ویژدانە، کـە وەک جۆرێک لە ناهۆشیاری خۆرسک تەماشای دەکرد، کـە ئەمـەش هەمـان ڕوانگەی فـرۆید و شـێـتـەڵکارە دەروونییەکانی تر بوو.

فـرانکل لەو باوەڕەدا بوو کـە ویژدان تاکـە هۆکـارێک نییە لەنێوان هۆکارەکانی تردا، بەڵکو ناوەڕۆکی دروست بوون و سەرچاوەی کامڵبوونمانە. فرانکل هەموو ئەمانەش لە چەند زاراوەیەکـدا دیاری کـرد کـاتێک کـە گـوتی: «بوونی مرۆڤ مانای بەرپرسیاریەتییە.. بەرپرسیاریەتی هەبوون، بەرپرسیار لەو بوونە خودییەی تاک». ویژدان بە (حدس) هەستی پێ دەکرێت و لەلای فرانکل بە یەکێک

له تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دەزانرێ، ئەویش بە جێبەجێ کردنی لەسەر تاک لە هەڵوێستێکی سروشتیدا، بەڵام ناشکرێ ئەمە وەک (یاسایەکی جیهانی) تەماشا بکرێت، بەڵکو پێویستی بە لەگەڵدا ژیان هەیە.

فرانکل لە تیۆرەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ ویژدان وەک حیکمەتی دڵ دەکات و لەو باوەڕەدایە کە زۆر هەستەوەرە، بە بەراورد لەگەڵ هەستەوەری مێشک، هەر ویژدانیش دەتوانێ مانا بە ژیانمان ببەخشێ.

## زانستی نەخۆشییەکانی دەروونی

فرانکل ناوی (لۆگۆثیرەپی Log otherapy) لە شێوازی چارەسەرکردنەکەی خۆی نا، کە لە زمانی یۆنانییەوە خواستراوە بە مانای (توێژینەوە، وشە، ڕۆح، مانا) کە ئەو بۆ خۆی ئەمەی کۆتاییانی پێ گونجاوتر بوو، بۆیە زیاتر جەختی لەسەر دەکردەوە.

فرانکل خۆی لەگەڵ پزیشکە دەروونییەکانی وەک فرۆید و ئادلەردا بەراورد دەکرد و وای بۆ دەچوو کە فرۆید بەشێوەیەکی بنەڕەتی جەخت لەسەر ئارەزوو دەکاتەوە لە ویستدا وەک بناغەیەک بۆ پاڵنەری هەموو مرۆڤێک، ئادلەریش جەختی لەسەر ویست بۆ دەسەڵات کردۆتەوە، بەڵام لۆگۆثیرەپی جەخت لەسەر ئارەزوو بۆ مانادەکاتەوە.

فرانکل لەو باوەڕەدابوو: «مرۆڤ دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە گوێ ڕایەڵی دە هەزار داواکاری ببێت کە لە دە هەزار هەڵوێستدا شاردراوەتەوە، کە لە ڕێگایەوە دەتوانێت بەرەنگاری ژیان ببێتەوە». بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە لەسەر پزیشک و چارەسەرکار و پەروەردەکار یارمەتی خەڵکی بدەن بۆ گەشەپێدانی خود یا دۆزینەوە و جێبەجێ کردنی مانا دەگمەنەکانیان.

فرانکل بەدرێژی باس لە بنچینەی جۆرەکانی نەخۆشی دەروونی دەکات، بۆ نموونە تێبینی کراوە کە زۆرجار نەخۆشی (حصري) دەروونی دەرئەنجامێکە بۆ دڵەڕاوکێی بوونی.. تاک لەوە ناگات کە دڵەڕاوکێ دەرئەنجامی هەست کردنە بەو ئەرکانەی کە جێبەجێ نەکراون (نقص المعنی)، بۆیە پەنا بۆ ئەو دڵەڕاوکێیە دەبات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەندێک وردەکاری کێشەی ژیان.

بۆ نموونە ئەوکەسەی دووچاری نەخۆشی (واسواسی) بۆتەوە، دڵەڕاوکێیەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێک نەخۆشی ترسناک، ترسنۆک هۆکاری ترسەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێ شت کە لە ڕابردوودا ترساندوویەتی، ئەوکەسەی لە تەنیایی دەترسێ وا هەست دەکات کە دڵەڕاوکێیەکەی لە جیهانی دەرەوەی خۆیەوە دێتە بەردەم دەرگای ماڵەکەی، ئەو کەسەی کە لەبەردەم خەڵکیدا لە پێشکەش کردنی وتارێک دەترسێ، ترسەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەی شانۆکە و هەر هەمان هۆکاریش وا لە نەخۆشی (حصري) دەروونی دەکات کە لە ژیانیدا هەست بە نەحەسانەوە بکات.

فرانکل تێبینی ئەوەی کرد کە هەندێک جار (نەک هەموو کاتێ) دەمارگیری دەبێتە هۆی سەرکوت کردنی یەکێک لە ئەندامانی خێزان، یا بۆ پاساوی کەسێکی تر یا خۆی بەکاردەهێنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو بارە دێتەکایەوە وەک دەرئەنجامێک بۆ هەندێ بابەتی قووڵتر.

فرانکل ناوی (سێکوچکەی دەمارگیری) لە «خەمۆکی و شەڕانگێزی و ڕاهاتن لەسەر مادە بێ هۆشکارەکانی» نا.

* هەڵگری تێزی ماستەرە لە زانکۆی سەلاحەدین.

# گەشتی یۆنگ بۆ ئەفریقیای ئیستوائی (کینیا ئۆغندا)

**کارل گوستاف یۆنگ**
**لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی**
**(سوید)**

**(٢ - ٢)**

لەو ولاتەدا لەگەڵ یەک ژن قسەم کردبوو، ئەوەش پاشان دەیگێڕمەوە، دیارە ئەوەش لە من دەوەشایەوە، وەک لە ئەورووپای باشوور وا باوە، پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژنان قسەدەکەن، بە پێچەوانەش خۆشەویستی دەگەیەنێت. ئنجا ئەگەر پیاوی سپی ئەوەی کرد، ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کردووەو دووچاری مەترسیش دەبێتەوە، واتە دەبێتە پیاوێکی پێسترەش. نموونەشم بۆ ئەو مەسەلەیە زۆرە، زۆرم بیستووە هاوولاتیانی ئێرە بە پیاوەکانی ئێمەیان وتووە، پیاوی پیس...! کە لە هۆیەکانمان کۆڵیوەتەوە، وتوویانە پیسن، چونکە لەگەڵ ژنەکانی ئێمە دەخەون. پیاوانی ئایلکون بە ڕاووشکارو شوانی و گاوانییەوە خەریکن. ژنەکانیان لە کێڵگەکانی مۆزو پەتاتەی شیرین و گەنمەشامیی زەردو سپی کاردەکەن، بێجگە لەو کارانە منداڵیش پەروەردە دەکەن. بزنەکانیان لە کوخەکان دەکەن.

ژنان کەرامەت و ناوبانگیان بە بەرژەوەندی ئابوورییەوە بەندە، چەند دەستکەوتیان هەیە، چەند بەشدارن لە بەرهەمهێنان، چالاکیان چەندە. یەکسانی و مافەکانی ژنان بە چەمک و بەندەکانی ئیمڕۆوە نەبوو، ئەو کۆمەڵە سەرەتاییە ئەنانییەت و خۆپەرستی و دڵپیسی بەشاراوەیی یان بەبێ هەستی تێدایە، هەردوو هۆکار کاریگەرییان هەیە.

ئەو سستمە کۆمەڵایەتییە لاشعوورییە دەکرێ بە هۆش و بەرنامەی هۆشیاری بنبڕ بکرێت. کوڕێکی گەنجی وریا، زانیاری زۆری لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شیرازەی خێزانی ناوچەی ئایلکون دامێ. کوڕەکە ناوی

گلبورت بوو، کوڕە شێخێکی گەڕەکێک بوو، پێوەندیمان باش بوو، ئەو زوو دەکەوتە بەردڵان، ئاشنایەتیمان باش بوو، تا ئەو ڕادەیەی جگەرەی بە خۆشییەوە لێم وەردەگرت. ئەو وەک ئەوانی تر نەبوو، ئەوانی تر چاوچنۆکانە چاویان لە وەرگرتن و دیاری بوو. ماوە ماوە بە هێمنی و بەڕێزەوە دەهاتە لام، قسەی زۆری لەلا دەکردم، هەواڵی باش و بەکەڵکی بۆ دەهێنام، نهێنی زۆری لا دەدرکاندم. هەستم کرد ئەو کوڕە هزرێکی هەیە، شتێکی لە خەیاڵەو نازانێت چۆنی دەرببڕێت. زۆر نەبوو یەکترمان ناسیبوو، ڕۆژێکیان منی بۆ ناو خێزانەکەیان داوەتکرد. دەمزانی ئەو خۆی ژنی نەهێناوە، دایک و باوکیشی نەمابوون. ئەو خێزانەی منی تێدا داوەت کرد، ماڵی خوشکی گەورەی بوو. مێردی سەر بە هەوێ کردبوو، چوار منداڵی هەبوو. حەزم کرد سەردانی بکەم و بچمە لای، دەمزانی ئەو جێگای دایکی دەگرتەوە. ئەو ڕێگایەش باشترین بواربوو تا من لە نزیکەوە شیرازەی کۆمەڵایەتییان بزانم، زۆر شارەزایی وردەکاری ڕۆژانەیان بم.

(خاتوونەکەم لە ماڵەوەبوو)، کە گەیشتین لە کوخەکە هاتە دەرەوە، ژنێکی دەموچاو جوان بوو، تەمەنی سی ساڵ دەبوو، تەنیا پشدێنەکەی ناوقەدی لە پشت بوو، ئەو پشدێنە بۆ ژنان ئیجبارییە. دەست و ملی بە بازن و ئەنگوستیلەو خلخاڵان ڕازابۆوە، خشلی مسیش بە نەرمییەکەی گوێیەکانییەوە دەلەرینەوە، بەشێکی سینگی بە کەولەکێوییەکی بچووک داپۆشرابوو، چاوی لە منداڵەکانی بوو چەند هەنگاوێک لە دووری کوخەکەوە بوون. لە دەرزی قەمیشەکانی دیواری کوخەکەوە بە پێکەنینێکی قایمەوە، چاویان لێمان بڕیبوو. من داوام کرد دووریان بخاتەوە، ڕۆیشتن و زۆری نەبرد لەسەر پشت و بە خشەخش هاتنەوە پێش. بەو بوارەی براکەی بۆی ڕەخساند زۆر کەیفسازو دڵخۆش بوو.

دانەنیشتین، شوێنی دانیشتن نەبوو، ژوورەکەیان بۆن ڕیخ و پیسایی و پاشماوەی بزن و پەلەوەری لێوەدەهات. دەمەتەقێمان ئاسایی بوو، وەک هەر پێشوازییەکی ئاسایی میوان و خێزانداری، کە باسی خێزان و ماڵ و باخچەی تێدا دەکرێت. ئەو ژنە هەوێی هەبوو، کوخەکەی ئەویش لە تەنیشت کوخەکەی ئەو بوو، ئەویش شەش منداڵی هەبوو.



کارل گوستاڤ یۆنگ

ماڵی خوشکەکەی نزیکەی هەشتا یاردە دووربوو، لە نێوان کوخی هەردوو هەوێیەکە بوو. کوخی پیاوەکەیان لە سەرووی سێگۆشەیەک بوو، کوڕی گەورەی هەوێیەکەی لە دووری پەنجا یاردەوە لە کوخێکی بچووکدا دەژیا، هەردوو ژن باخچەی تایبەتی خۆیان هەبوو، خانەخوێیەکەمان زۆر خۆشی بە باخچەکەی دەهات. ئەو ژنە زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو، ئەوەشی لە ماڵ و منداڵەکان و باخچەو وەڵسات، دوا شت لە ئەندامە خۆشەکانی لاشەکەییەوە دیاربوو. بەکەمی ناوی مێردەکەی دەهێنا. لێرەو لەوێی ژیاوەو ماوە ماوەش بە شوێن بزری ژیاوە، بەڵام ئەو ژیانی خۆش و گوزەرانی ئارامی پێوە دیاربوو. مەسەلەکە بوون و نەبوونی مێردو هاتن و ڕۆیشتنی و دوورکەوتنەوەو لەوەڕاندی وەڵسات نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ژنەکە کەشێکی جیۆ-مگناتیسی نواندبوو. لەو تقووسە ئاساییە سادەییەدا هەستێکی لاشعووری یان نەزانراوی هەبوو، ئەوەش شاراوەیەو ناکرێ شرۆڤە بکرێت، تا لەگەڵ جیاوازی ئەورووپی پێشکەوتوو بەراورد نەکرێت.

دەکرێ پرسیار لە خۆمان بکەین، ئایا ژنانی پێست

سپی خۆمان لەبەر پەیوەست نەبوونی بە باخچەو منداڵەکان و وەڵسات و ماڵی تایبەتی خۆی و ئاگردانێکی گەرم، بەرەو نێرینەیان دەبات، لە مێینەی خۆیان دووردەکەوێتەوە، بەڵام وەڵامیشمان هەیە، ڕەنگە ئەوەیان لەبەر منداڵ و باخچەو... نییە، یان لەبەر دوورکەوتنەوەی پیاوەکانیشان نییە.

چەندی کۆمەڵگا بەرەو عەقڵانییەت بڕوات، جیاوازی نێوان نێرو مێ کەم دەبێتەوەو پێوەندییەکە لاوازو سیس دەبێت، هەروەها زۆربوونی دیاردەی هیومسکیسوێل لەو کۆمەڵگا تازەیەش دەوری هەیە، گرێی دایکایەتی و لاوازی ئەو سۆزەو زۆربوونی بەرنامەی قەدەغەکردنی منداڵبوون و ئاووسبوونی ژنانیش زەوقی مێینەیان کەم دەکاتەوە.

لەو وڵاتەدا تەنیام و تەنیایی خۆشە، لەو ئەفریقیایەدا زۆر بەختیاربووم، ئەو وڵاتە ناسک و سادەیە خۆشی و ئاسوودەیی پێوەیە، ئادەمیزادو ئاژەڵی تازەو نوێم بینی. ئەگەرچی تاڵی و ناخۆشیشی زۆرە، بەڵام من هەستم بە ئاسوودەییەکی خودایی دەکرد، دوورم لەو ئەورووپایە لەعنەتییە، هەزاران میل لە ئەورووپاوە دوورم، ئاگام لێیان نییە برووسکەو نامەو تەلفۆن و هاتن و چوونمان نەبوو.

ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە چواردەورمان کۆ دەبوونەوەو چاویان لە کاری ڕۆژانەمان دەکرد، من هاوشانیان دەبووم و بەشداری یاری و کات بەسەربردنی پیاوەکانیان دەبووم، ژنان بۆیان نەبوو هاوکاریان بن، ئەوان زمانی (سواهلی) یان بەخراپی بەکاردەهێنا، منیش بۆ تێگەیشتن لەوان فەرهەنگێکی بچووکم بەکاردەهێنا. ئیبراهیم موختار کورسییەکی دروستکراو لە ماهوگانی بەرزی بۆ دادەنام، بەدیاریانەوە دادەنیشتم و بەشداری گەمەکانیانم دەکردن. گەمەکانیان زۆرتر لە سەعاتێکی دەخەیاند، زوو هەستیان بە ماندووبوون دەکرد.

زۆر پەرۆشی ئەوەبووم لە خەونەکانیان تێبگەم، زۆرن دیاری وەک جگەرەو شخارتەو وردەواڵەی جوانم دەدانێ، بەڵام ئەوانە بەرهەم و سوودی نەبوو، ئەوان زۆر شەرمیان دەکردو ئامادەیی گێڕانەوەی خەونەکانیان بۆم نەبوون، ئەوەشیان لە ترس و بڕوا نەبوونەوە بوو.

زنجییەکان بە ڕادەییەکی زۆر لە وێنەگرتن دەترسان، وایان دەزانی ئەوەی ڕەسمی بگیرێت ڕۆحی دەردەچێت، لەوەش دەترسان ئەگەر خەونەکانیان ئاشکرا بکرێت و ناوەڕۆکی خەونەکانیان بزاندرێت، ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

کوڕەکانی ئێمە، ئەوانەی لە کەناری سۆماڵ و سواهلی دەژیان، وانەبوون، زوو خەونەکانیان دەگێڕایەوە، بەڕاکردن دەهاتنە لام، کتێبی عەرەبی خەونامەیان هەبوو، ڕۆژانە دەهاتن، ئەوەی ماناکەیان نەزانیبایە، دەیانپرسی، لەبەر ئەوەی شارەزای قورئان بووم، بۆیە ناویان لەمن نابوو (پیاوی کتێبەکە)، ئەوان وایان دەزانی من (محەمەد، واتە ئیسلامم: وەرگێڕ عەرەبەکە)ییم و خۆم ئاشکرا ناکەم.

ڕۆژێک لەگەڵ سیحربازەکە (لاییوون)، کەوڵێکی مەیموونی شینی گرانبەهای لەسەر شان بوو دیدارمان بوو، کەوتینە قسە. لە خەونەکانیم پرسی، چاو بە فرمێسکەوە وەڵامی دامەوە:

ئەو ڕۆژگارە ڕۆیشتن بوو، بۆ سیحری خەونەکان. ئەوان دەیانزانی کەی شەڕی خوێناوی ڕوودەدات، ئەوانەی پێشبینی هاتنی نەخۆشی و پەتایان دەکرد، پێش باران بارین مـوژدەیان دەدا، ئەو سیحربازانە دەیانزانی مێگەلەکانیان لە کوێ دەلەوەڕێن. ئەو وتی:

پێش ئەوەی ئینگلیزە سپی پێستەکان بێن، باپیرم خەونەکانی لێکدەدایەوە، زۆری دەزانی، بەڵام ئێستا ئەو کارە ناکات، ئەو دەڵێ، ئینگلیزەکان هەموو شت دەزانن. سیحربازەکە وتی:

ئیمڕۆ ئیش و پێشبینینەکانمان سوودی نەماوە، خودای عەشیرەتەکەمان پرسیان پێدەکرد، ئەو بەهرەیە سوودی نەما، (ئینگلیز لەویش باشتر دەزانن). جاران ئەو سیحربازانە دانوستانیان لەگەڵ خوداو هێزی قەدەر دەکرد، پاش دانوستانەکان دەگەڕانەوەو ئامۆژگاریان پێشکەش بە هاووڵاتەکانیان دەکرد، ئەوانە دەسەڵاتی گەورەو بەهێزیان هەبوو، وەک یۆنانی کۆن، (فیـثیا) دەسەڵاتی باڵای هەبوو، بەڵام ئیمڕۆ دەسەڵاتەکەی ئەو سیحربازانە دراوەتە دەست مفەوەزەکەی ناوچەکە. وا بەهای ژیان لەو جیهانە بایەخدار دەبێت، مەسەلەکە پەیوەستە بە کات و سەردەمەوە، هێدی هێدی وا خەریکە ڕەگەزی پێست ڕەشەکان بە ئازایی و چالاکییەکانیان دەگۆڕێن، دەتوانن سوودی هێزی سروشت دەستەمۆ بکەن.

سیحرباز کەسێکی جەربەزەو کوشندە نییە، پیاوێکی

جنتلّمانی پیرەو فرمێسک زۆر دەڕژێنێت. جیهانی ئەو هەڵوەشایەوەو زەمانەکەی ئەو ڕۆیشت، ئەو ڕەوشە نوێیانە ناڕەحەتی کردووە.

زۆرم لەسەر ڕۆح پرسی، زۆر سەودای زانینی یادو بۆنەو جەژنەکانیان بووم، بەڵام هیچم دەست نەکەوت، یەک دەلیلیان نەدامێ. ڕۆژێک لە ناوەندی ئاواییەکە، لەسەر ڕێیە ئاپوورەکەی پارچە زەوییەکی خاوێنکراوم بینی، جوان خاوێن کرابۆوە، ڕووبەرەکەی چەند یاردەیەک دەبوو، لە ناوەندی ئەو ڕووبەرەدا چەندین پارچە خشڵ و مۆری و جوانکاری و کەرەستەی دەستی هەڵکۆڵین و کارو مەنجەڵیان دانابوو، ئەوەی زانیم ئەوانە هەموو موڵکی ئەو ژنە بوون، کە لە ناو کوخەکەیدا مردووە، واتە ئەوە پاشماوەو میراتی مردووەکەیە، بۆ لاشەکەی هیچیان نەوت. خەڵکی ئاواییەکە دەڵێن ئەوانەی لە خۆرهەڵاتییەوە دەوەستن، ئەوانە کەسانی خراپن. هەر کەسێ لە گوندێک بمرێت، گوندەکەی تەنیشت خۆیان بە مردنی هاوولاتییەکەیان ئاگادار دەکەنەوە، ئێوارەش تەرمی مردووەکەیان لە خاڵێکی تایبەتی نێوان هەردوو گوند دادەنێن، خەڵکی گوندەکەش دەست بەدیارییەوە بەرەو تەرمەکە دێن، لە خاڵەکەدا بەیەک دەگەن. بۆ بەیانی تەرمەکە نامێنێت، بێگومان خاوەن مردووەکە. گوندی دوایی بەنەمان و گومبوونی تەرمەکە تاوانبار دەکەن.

وتیان ئێمەی هاوولاتی ئاوایی چیای ئایلکون هەرگیز بەوە تاوانبار نەکراوین. ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، ئەوان تەرمەکەیان لەناو دارێک دادەنێن و شەو توورگ کاری خۆی دەکات، تەرمەکە دەخوات، کەواتە ئەوان بە هیچ شێوەیەک تەرمی مردوو نانێژن و شەوانە توورگە برسییەکانیان بۆیان دەخۆن. بۆیە لەو ناوچەیەدا گۆڕستان بوونی نییە.

لە یەکێک لە دانیشتنە تایبەتییەکانم ئەوەم زانی، ئەگەر پیاوێک بمرێت، لەناو کوخەکەی لەسەر ئەرز درێژی دەکەن و سیحربازەکەیان بە جامێکی پڕ ماست لە دەوری دەسووڕێت، ئەرزەکەی ماست پرژێن دەکات، لەبەر خۆییەوە دەڵێت: ئایک ئانستا، ئانستا ئایک.

پاش وردبوونەوەو گفتوگۆی زۆرەوە، لە مانای ئەو دەستەواژەیە گەیشتم، لە کۆتای دانیشتنەکە پیاوێک هاواری کردوو وتی:

بەیانی کە خۆرهەڵات، لە کوخەکانمان دەردەچین، هەمووماں تەرمەکە تفباران دەکەین، تەرمەکە بەرەو خۆر بەرز دەکەینەوە. داوام کرد ئەو تقووسەم پێ نیشان بدەن، تفیان لەسەر ئەرزا کردو توند بەناو لەپیان دەمیان گرت، دەستیان بەرەو خۆر بەرزکردەوە. پرسیم ئەوە مانای چییە، بۆ تف لە ئەرزا دەکەن، بۆ دەستتان پف دەکەن، هیچ وەڵامیان نەبوو، وتیان هەر وامان کردووە.

دیارە نەیانتوانی هیچ وەڵامم بدەنەوە، هیچ مانای ڕاستەقینەیان نەبوو، ئێمەش نازانین بۆ ڕووناکی و وردەچرا بە داری لە دایکبوونەوە وەدەکەین، ئێمەش نازانین بۆچی ئەو تقووسانە لە جەژنەکانمان دەکەین، بۆ هێلکەی قیامەت دەشاردرێتەوە... تاد.

پیرەمێردێک وتی، هەموو نەتەوەکانی کاوندو و ئۆغندا بڕوایان وایە، هەتا چاو بڕ دەکات، دانیشتوانی دەشتایی و چیایەکان (ئەنستا)، خۆر دەپەرستین، هەمووماں خۆری بەیانیانمان لا پیرۆزە. لەو ساتانەدا خۆر (منگۆ) دەبێتە خودا، مانگی زێڕینی یەک شەوەش لە مانگی نوێ لە ئاسمانی خۆرهەڵاتەوە، ئەویش پیرۆزەو خودایە.

پاش ئەو ڕۆژە لە خودایەتی نامێنێت. کەوابوو تەقسی ئەلکونی بەرزکردنەوەی قوربانییە بۆ خودایەتی خۆر لە ساتەکانی خۆرهەڵاتنا، کە بە تفباران کردنیش نزیک دەبێتەوە، ئەوانە لە بیردۆزی مرۆڤە سەرەتاییەکانە، ئەوان لەو تفانە (مانا)ی کەسایەتی هێزی چاکبوونەوەو سیحرو ژیان دەگەیەنێت. ڕۆحیش نیشانەی قوربانییە بۆ خودای خۆی، ئەگەر داواکەیان تەرجەمە بکەیت، دەڵێن: خودایە، ڕۆحم تەسلیم بە تۆ دەکەم.

لەگەڵ ئەنستا چیانشینەکانی ئەیلکۆن (ئایک)یشان لا پیرۆزە، ئایک واتە شەیتان، ئەوان وا دەزانن شەیتان دروستکەرو خودای ترس و بای ساردە، ئەو بایەی شەوانە ڕێبواران هەراسان دەکات.

پیرەمێردێک بە لێوەکانی فیکەیەکی درێژی کرد، ئەو فیکەیەش نیشانەی هەڵکردنی بایە، چۆن پووش و پەڵاش دەلەرێنێت، ئەو وتی:

هەموو دیاردەیەک لەلایەن خوداوە بێت چاکەو خێرە، ئەوەی ئەو بیکات جوانە!

لە ئاژەڵی دڕندەی کێوانم پرسی، ئەوانەی ئاژەڵەکانت دەبەن و زیانتان پێدەگەیەنن...؟ لە وەڵامدا وتی: شێر خێرو جوانییە. پرسیم ئەدی نەخۆشییەکانی، لە وەڵامدا

وتیان:
هەمووی بە تیشکی خۆر یەکسەر دەڕوات و کاریگەری نامێنێت.

ئەو گەشبینی و دڵفراوانی و هیوای ئەوان زۆرم لا پیرۆز بوو، بەڵام کە خۆر ئاوادەبێت و شەو دادێت، هیواو خۆشیەکە تەواو دەبێت، تاریکی (ئایک) نیگەرانی و ترس دەخولقێنێت، بۆ ڕزگاربوونیان لە مەترسییەکانی شەوەکان، دەکەونەوە سەر سیحرو دەرکردنی گیانی پیسی شەوان، هەرچەند بەرەو بەیانی دەچینەوە هیواو ئومێد دەردەکەوێتەوە.

لە ناوچەکانی سەرچاوەی ئاوی ڕووباری نیل چەمکی میسری کۆنم سەبارەت بە ئەفسانەی ئۆزیریسی دۆزییەوە، واتە دووانییەکەی حورص وست، ئەو دۆزینەوەیە کاریگەری زۆری لەسەر نەفسیەتم پەیداکرد. ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە لەو ناوچانەدا بە درێژی ڕووباری نیل و تا کەنارەکانی دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، شارەزایی و زانینی ئەفریقی هەبووە، وەک: ئەنستا، خۆرهەڵاتن لە کاتی کازیوەدا، مەبدەئی ڕووناکی لە حورص، ئایک، مەبدەئی تاریکی خودای ترس. ئەو نەریتانەی ئەو ژنە سیحربازە بۆ تەرمی ژنە مردووەکە، بە وتنەوەی وشە ئانستاو ئایک و ماستپرژێنی ئەرزەکەی تەنیشت مردووە درێژکراوەکە، لەو حاڵەتەدا (لاییوویییەکان) دوو ناکۆک کۆدەکەنەوە، هاوکات ماستیش دەکەنە قوربانی بۆ مردووەکە. هەردوو بڕواکە، بایەخ و بوونی گرنگ و یەکسانیان هەیە، دەسەڵاتی شەو و ڕۆژەکە وەک یەکە، خۆیان لە دوازدە سەعات دەبیننەوە. ئەوەی جێگای بایەخ و سەرنجە لەو ناوچانەی ئیستوائی، ئەو ساتانەی یەکەم تیشکی خۆر هەڵدێت، دوا تیشکیشی ئێوارەکەی ئاوا دەبێت، وەک تیری تیژ گوزەر دەکات، ئەو ماوەی نێوان هەردوو حاڵەت ژیان پڕە لە جووڵەو شادی.

ڕۆژانە لەو ناوچە ئیستوائیەدا چاوەڕوانی هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆرم دەکرد، گزنگی خۆر یەکەم ئامێزی تاریکی دەڕەواندەوە، ئەو دەمانە فێربووم کورسیەکەم لە خێوەتەکەم دەربهێنم و ڕووبەڕووی دۆڵەکە دابنیشم. یەکەم تیشکی دژایەتی و بەرانبەری نێوان ئەو دوو دژە، ڕووناکی و پاشماوەی تاریکی دەبینرێت، بە دەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆر چوارچێوەی شتەکان بە ڕوونی و بەجوانی بەرجەستە دەبن، ئاسۆکەی بەرامبەرم سپی دەبریسکایەوە. ئەو دەمەی تیشکی خۆرەکە دەخزێتە ناو جەستەی بەرانبەرەکانی وەک کریستاڵی پرشنگدار دەردەکەوت، لەو دەمانەدا هاواری باڵندەی زەنگ دەهاتە گوێم، وام دەزانی لەناو کەنیسەیەکدام، هەستم بە خۆشییەکی بێ سنوور دەکرد، بەو خۆشی و نەمرییە مەست دەبووم، مەستییەکە بە ئاسانی بەری نەدەدام.

لەگەڵ بینین و نیگاکانمدا، لەسەر بەردە زەلامەکەی بەرانبەرم چەندین مەیموونی (بابون)م بینی، ئەو مەیموونانە بەیانیان زوو ئارامن و خۆیان دەدەنە تیشکی خۆرو خۆیان گەرم دەکەنەوە. کە خۆر زۆرتر دەردەکەوت ئەو مەیموونانە زۆرتر چالاک دەبن و دەکەونە هاوارو زیقەزیق. ئەو دیمەنەو چاوەڕوانی گەرمبوونی خۆرو چالاکی مەیموونەکان، دیمەنی مەیموونە گەورەکانی پەرستگای ئابی سنبلی بەبیر هێنامەوە، ئەوانیش جۆری بابون بوون، ئەوانەی جوڵەی پەرستن و پاڕانەوەیان لەو پەرستگایانە کردووە. هەمان حیکایەتە و دەگێڕدرێتەوە:

لە دێر زەمانەوە مرۆڤ خودا دەپەرستێت، ئەو خودایەی جیهان و مرۆڤایەتی بە تیشکی خۆرو ڕووناکی لە تاریکی لە ئاسمانی بەرزەوە ڕووناک دەکاتەوە.

دیارە ڕوح لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زۆر پەرۆشی ڕووناکی بووینە، تا لە تاریکی ڕزگاریان بکات. کە تاریکی دێتە خوارەوە، ئەو کاتە حاڵەتەکە بەرەو پەستی قووڵ دەچێت، هەموو ڕۆحێک ئازار دەدات، ئەو هەستە لە چاوی ئادەمیزادی سەرەتاییەکانەوە دیارە، هەمان هەستیش لە چاوی ئاژەڵیش دەبینرێت، بەڵام لە چاویانەوە بۆنی خەمیان پێوە دیارە، جا نازانین ئەو خەمەیان لە ڕۆحیانەوە یان نامەیەکی ئاراستەی بێ هۆشی بێکۆتاییە. ئەو خەمە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی تەنیاییان بێت، ئەوەش نهێنی ئەو تاریکییە. لەبەر ئەوەیە هاوڵاتیان بە خۆشییەوە، پێشوازی لە ڕووناکی بەیانی دەکەن، ئەو دەمەشە خودا پەیدا دەبێت، خودا لە دایک دەبێت، ساتی ڕزگاری و نەجاتە. دەکرێ بوترێت خۆر خودایە، وتنەوەی ئەو وشەیەش ساتی سەرەتایی لەبیردەباتەوە یان گومی دەکات.

هەموومان بە هاتنی ڕۆژی نوێ دڵشادین و ڕۆحمان شاد دەبێت، ڕۆحەکانی شەو و تاریکی تەواو دەبێت.

لە ڕاستیدا تاریکی سروشتی شەوانە جیاوازی هەیە لە

تاریکی، ئەو تاریکییەی وڵاتی تەنیوە، ئەو تاریکە نەفسییەی ملیۆنان ساڵە چەسپاوە، بەردەوامەو ماوە، جا بۆیە شەیدای ڕووناکی و هاتنی خۆر بە بڵاوبوونەوەی هۆشیارییەوە تەواو دەبێت.

وا خەریکە مانەوەمان لە چیای ئایلکون بەرەو کۆتایی دەچێت، بارگەمان پێچایەوە، نازانم چۆن ئەوە قبووڵ بکەم، بۆ یەکەم جارو دواجارە لەو خەونە نەمرییە بە ئاگا بێم، ئەو سەفەرە بۆ من خەونێکی پیرۆز بوو.

لەو ڕۆژەی لەو دەڤەرە زێڕ دۆزرایەوە، کانەکان کەوتنە کار، بزاڤی ماوماوییەکان و ودودییەکان دەستی پێکرد، ئەمەش هۆکار بوو تا لە خەونی شارستانییەت بە ئاگا بێنەوە.

هەڵدێری بەشی خوارووی چیای ئایکونمان بۆ هاتنەخوارەوەمان گرتەبەر، چەند نشێودەبووینەوە، ئەوەندە دیمەنەکە دەگۆڕا، دۆڵەکانی پێشەوەمان یەکپارچە داری چڕی کەسک بوو، ڕەنگی دانیشتووانیش دەگۆڕا، ڕەشتر دیار دەبوون، چوارشانەو زەبەلاح دەردەکەوتن، ئەندام زراڤی (ماسای) یان نەدەما.

گەیشتینە هەرێمی (بوکشیو)، لەوێ ماوەیەکی کورت ماینەوە، لە (لونمبال) پشووێکمان دا، ناوچەکە بەرزبوو، دیمەنەکەی جوان بوو، دۆڵی نیلی پان و بەرینی جوانمان بە ڕوونی لێوەوە دیاربوو. بەرەو (ئامبالا) بەرێکەوتین، لە ڕێگادا دوو ئوتۆمبێلی فۆردمان بینی، تا (جنجا)ی سەر دەریاچەی ڤکتۆریا سواربووین، لەوێوە بە شەمەندەفەرێکی سکە باریک بەرێ کەوتینەوە. ئەو شەمەندەفەرە دوو هەفتە جارێک دەچووە دەریاچەی (کیوکا).

پاش چەندین ڕووداو بە پاپۆڕێکی بە دۆلاب، گەیشتینە (بورت ماسندی). بە لۆرییەک گەیشتینە (ماسندی تاون). ئەو شارە دەکەوێتە سەربەرزاییەک کە دەریاچەی (کیوکا) لە (البریت نیانزا)ی جیادەکاتەوە. لە گوندێکی سەر ڕێگای دەریاچەی (البرت) کە بەرەو (رجاف) لە سودان دەڕۆیشتین زۆر ڕووداوی زۆر سەرنجڕاکێشمان تووش هات. سەرۆکی هەرێمەکە گەنجێکی باڵابەرزبوو خۆی و دەستەودارەکەمان بینی.

دانیشتووانی ئەو دەڤەرە لە زنجییەکانی تر، ئەوانی من بینیبووم ڕەشترن. لەو ناوچەیەدا هەستمان بە دڵنیایی نەدەکرد، بۆیە پارێزگار، یان حاکمی (نمیول)، لەوێ مەئمووریان پێ دەوت، سێ سەربازی چەکداری بەگەڵدابن، بەڵام کە ئەوانەم بینی وەک منداڵەکانی خۆمان ڕەفتارمان لەگەڵ کردن، هەستمان بە ڕەحەتی نەکرد، بۆ نموونە ئەو سەربازانە تەنیا سێ فیشەکیان پێبوو، واتە هاتنەکەیان وەک شتێکی ڕەمز، حکومەت بۆی ناردبووین.

سەرۆکی گوندەکە پێشنیاری کرد، ئێوارێ سەمایەکمان بۆ ڕێک بخات، زۆرم لا خۆش بوو. هیوام خواست خۆشی یەکەم پێشوازی و بەرەکەتمان پێ ڕەوا ببینێت. شەو داهات و تاریکی ناوچەکەی داپۆشی، هەموومان ماندووبووین، چاومان بە خەوبوو، لەو ساتانەدا لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و باتێکردنی قوچی ئاژەڵان هات، کە نزیک بوونەوە بینیمان نزیکەی شێست پیاوی دەست بە ڕم و شیرو تیرو کەوان هاتن، لە پشتەوەیان هەمووی خەڵکی ئاوایییەکە، ژن و منداڵ، گچکەو گەورە، مەلۆتکەکانیشیان لە پشتی دایکیانەوە گرێ درابوون، کەس لە ئاوایییەکەیان نەمابوو، ئەو بۆنەیە لەلای ئەوان زۆر تایبەتەو سیمای بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی پێوەبوو.

ئەگەرچی پلەی گەرمی ٣٩ پلە دەبوو، ئەوان ئاگرێکی گەورەیان کردەوە، ژن و منداڵەکانیان لە دەورەی دەسووڕانەوە، پیاوەکانیش بە بازنەی دووەم لە دەوری ئەوان دەسووڕانەوە. ئەو دیمەنە، دیمەنێکی کۆنی بەبیرهێنامەوە، جارێکیان ڕەوە فیلێکی هارم بینی، ئەوەم دەهاتە پێش چاو. ئەو شەوە نەمدەزانی ڕەوشەکە دڵشادم دەکات، یان نیگەران..! لەو قەرەباڵغییە چاوم لە کوڕەکانمان گێڕا، لە سەربازەکانمان، هەرچەندی چاوم گێڕا، کەسم بەرچاو نەکەوت. بۆ نواندنی چاکەیەک چەند جگەرەو دیاریم دابەش کرد، پیاوەکان سەماکەیان گەرم کرد، وا دیاربوو سرد و و نمایشی سوارچاکیان دەنوواند، بەڵام جووڵانەوەکانیان لە شیرازەی بەرنامەکانیان دەرنەدەچوو. پیاوەکانیان قاچیان دەهەژاند و ژن و منداڵەکانیشیان لە دەوری ئاگرەکەدا دەسووڕانەوە، جارجاریش پیاوەکان بەرەو ڕوویان دەچوون، چەکەکانیان بە توندی ڕادەوەشاند، گۆرانییە گەرمە بەجۆشەکانیان دەووتەوە، جووڵەکان تەریبی ئاوازی دەهۆڵ و پفکردنەکانی قۆچەکان بوون. دیمەنەکە سەرنجڕاکێش و سیمای درندەییان پێوەبوو. هەموویان لەناو ڕووناکی ئاگرەکەو تریفەی سیحراوی مانگدا دەبریسکانەوە.

من و برادەرەکەم خزاینە ناو سەماکەو ئەوەی دەکەوتە ناودەستم وەک ئەوان ڕام دەوەشاند، لە ئاکارو دەموچاویانەوە دیاربوو بە هاتن و بەشداری من قایل بوون، بە بەشداری من جۆشیان گەرمتر ببوو، هەموو بەیەکەوە پێیان بەهێزەوە لە ئەرزەکە دەچەقاند، هاواریان دەکردو ئارەقەیان زۆرتر دەڕشت، هێدی هێدی جۆش و سەماو بەزمەکە گەرمتر دەبوو. لەو ڕەوش و مۆسیقاو سەمایەدا ئەوان زۆرتر دەکولان و زەوقیان وەردەگرت.

میلی سەعاتەکەمان دەگەیشتە یازدەی شەو، هەرچەندە کاتەکە درەنگ دەبوو، ئەوان جۆشیان زۆرتر بوو، بەشێوەیەکی زۆر سەیر گەرم بوون، ئەوەندە گەرم بوون هەستت دەکرد، مرۆڤ نین، وەک ئاژەڵی دڕندە هەڵدەپەڕین.

لەو ڕەوشەدا هەستم بە مەترسی کرد، بە هەڵپەڕین و سەمایە گەرمەکەیان نیگەران بووم، چونکە زۆر ماندوو دیاربوون و پێویستیان بە خەوتن و پشوودان هەبوو، بۆیە سەرۆکەکەیان بڕیاری ڕاگرتنی سەماکەی دا، بەلام جۆشەکەیان زۆر گەرم بوو، بۆیە داوای گەرێکی تری سەمایان کرد، من زانیبووم ئەندامی لیژنەیەکی پشکنینی خۆمان لە سەمایەکی وا گەرم و جۆشداردا ڕمێکی وێلی بەرکەوتبوو، بۆیە داوام لە سەرۆکەکەیان کرد، کۆتایی بە سەما گەرم و ترسناکەکە بهێنێت، منیش زوو چەند دانەیەک دیاریم دانێ، بە ئیشارەت تێم گەیاندن بەسە، بخەون. کە تێگەیشتن من تووڕە دەبم، بۆیە هەموو بەپێکەنینەوە چۆڵیان کرد و دوور کەوتنەوە، شاد و خۆشییان پێوە دیاربوو. تا ماوەیەکی زۆر لە دوورەوەش دەنگی دەهۆڵ و هاتوهاواریان دەهات. کە دەنگەکە نەماو کەشەکە هێمن بۆوە، ئێمەش ماندووبووین و خەومان لێکەوت. بە گەیشتنمان بە ڕجافی نیل گەشتەکەمان تەواو بوو.

پاپۆڕە بە دۆلابەکە تازە لەسەر کەناری ڕجاف ڕاوەستابوو، بارگەمان بارکرد، لەبەر ئەوەی ئاوەکە ئاستی نزم بوو، بۆیە بەرێ کەوتنمان و ڕۆیشتنی پاپۆڕەکە بارەکەی ئێمەی پێ گران بوو.

لەو ساتانەدا بیرم لەوە دەکردەوە، من زۆرم وەرگرتووە، هەزاران بیرۆکە لەناو مێشکما گینگڵ دەدات. ئەوەی زۆر گرنگە من بتوانم لە کۆتاییدا گەلاڵەیەکی پوختی بینینەکانم دەستەمۆ بکەم، ئەوەی دەکرا پێوەندی ناوەوەی خۆم بە بینین و بەڵگەو ئەزموونەکە بەیەک ببەستمەوە، ئەوەی شیاوی باس بوو نوسیبوومەوە. بەدرێژایی گەشتەکەم خەونەکانم بە دوای تەکنیکی نەناسینی ئەفریقیاوە بوو.

کە لە خاکی ولاتی (سویسرا) دابەزیم، (ئەگەر بکرێت نهێنییەکان دەستنیشان بکرێت)، وامزانی گەشتەکەم بۆ ئەفریقیا کارێکی واقیعی نەبوو، بەڵکو عەرزێکی ڕازبکەرانە یان کارێکی ڕەمزی بوو، گەرمترین و کاریگەرترین پێشهات و ڕووداوەکان لە خەونەکانم دووربوو. بە درێژایی ڕۆژەکانی گەشتەکەم، یەکجار خەونم بە پیاوێکی ڕەش بینی، ئاکاری ئەو پیاوەم لا نامۆ نەبوو، زۆری ویست تا بەبیرم هاتەوە پێشتر ئەو دەموچاوەم لە کوێ بینیوە. دوایی هاتەوە بیرم، ئەو پیاوە سەرتاشێک بوو لە (تشاناگونا) ولایەتی تینسی، لە ڕەشەکانی ئەمریکابوو. لەو خەونەدا ئوتوویەکی سوورکراوی لە دەست بوو، بەو ئوتووە قژی وەک زنجیەکان بۆ دادەهێنام، لە ترسان، لەبەر گەرمی و بۆنی سوتانی قژم لە خەوەکەم بە ئاگا هاتم.

لەو خەونە لەوە گەیشتم لە دنیای پشتەوەو شاراوەییدا ئاگادارکراومەتەوە، ئەوانە مەترسییان لەسەر ژیانم هەیە، ئەو دەمە زۆری نەمابوو منیش ببمە مرۆڤێکی ڕەش. کە تووشی نەخۆشی تای مێشی قووم هاتم، ورەی نەفسی لاوازکردم. پاش دوازدە ساڵ خەونی سەرتاشەکە بە بیرخۆم دەهێنمەوە، بۆ ئەوەیە تا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هوشیارو وریابین.

خەون لێکدانەوەو تێگەیشتنی سەیر لە خەونەکان، لە ڕۆژانەی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە ڕووی نەفسییەوە کاریگەری هەبووە، ئەو سەربازانەی خەونیان بە مەیدانی شەڕو شەڕەکان دەبینی ژمارەیان لەو سەربازانە زۆرتر بوو لەوانەی خەونیان بە ولاتەکانیانەوە دەبینی. بە ناچاری دکتۆرە نەفسییەکانی سەربازی، ئەو سەربازانەی زۆرتر خەونیان بە ڕووداوو دیتنی شەڕەوە دەبینی بۆ پشتەوەی بەرەکانی شەڕیان دەگواستنەوە.

ئەوانە لە ڕووی نەفسییەوە توانای بەرگری دەرەوەیان نەمابوو.

چوونم بۆ ئەفریقیا، ئەگەرچی ئەگەری تووشبوونم بە چەندین تەگەرەو مەترسی هەبوو، بەلام من بۆ ئەوە چووبووم کەمێک لە ژان و ئالۆزی ڕۆژانەی ناو ئەورووپا

کەم بکەمەوە، خۆم لە ڕۆژانەو کێشەکانی بدزمەوە، وەنەبێ خەونەکانم دوور بن لە کەسایەتییەکەم وەک کەسێکی ئەورووپی، ئەورووپیبوونی خۆم پاراستبوو. ئەگەر خۆم ئەو ژینگە چەسپاوو ئاڵۆزەی ئەفریقیاییم هەڵبژاردبوو.

من یەکەم کەس و دوا کەسیش نیم بۆ ئەو مەبەستە ڕوو لە ئەفریقیا بکەم. هاوشانی ئەو بڕیارەشم هێڵێکی ناوەوەی زەق و دیارم بەسەرکەوتوویی لە چوارچێوەی خەونەکانم کێشابوو، خەونەکانم ئاوێتەی کێشە تایبەتیەکانم ببوون.

مەبەستیش لەو گەشتەمدا بۆ زانین و وەرگرتنی کەمترین لێکۆڵینەوە بوو، لەسەر سایکۆلۆژی سەرەتایی، بۆیە ڕەوایەو چاوەڕوان کراوە زوو ئەو پرسیارەم ئاراستە بکرێت:

ئایا یۆنگی زانای نەفسی لە ئەفریقیادا چی دەبینێت و بەرهەمی چی دەبێت؟

من وتوومەو ئاشکرای دەکەمەوە، ئەو سەفەرو گەشتە زانستییەم بۆ ئەوە بووە، کاردانەوەی دژو ناکۆکی لە بینین و خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ئەو زانیاریانەی لەو گەشتەدا بینراو و زانراو لەناو کۆمەڵگای سەرەتایی ئەفریقی لەسەر ئەورووپاییەکان چی دەبێت. گەشتەکەم پێش ئەوەی پرۆژەیەکی زانستی بێت، پرۆژەیەکی تاکەکەسی بووە. بۆ قووڵبوونەوەو وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەو پرۆژەیەدا هەموو توانا سایکۆلۆژی خۆمم ئاوێتەکردووە. (دەستەی زانستی و مبلی) تاکە پشتیوان و هاوکاری ئەو گەشتەی من نەبوو. بەڵکو من کەش و وەزعی خۆم لە ئەورووپا بەرانبەر ئەو گۆڕان و پێشهاتانە بە ئاسایی نەدەزانی، بۆیە ویستم ماوەیەکیش دووربکەومەوە.

لە ناو ئەو بیرو تێڕوانینەوەیەدا بڕیاری ڕۆیشتنم بەناو ئاوی نیلدا، بەرەو باکوور، بەرەو ئەورووپا، بەرەو دوارۆژ، ڕۆیشتم تا گەیشتمە خەرتووم.

لەوێشەوە میسر بەردەکەوت. ئاواتەکەم هاتە دی من دەمویست لەلای باشوورەوە، لە سەرچاوەی ئاوی نیلەوە ئەو شارستانیەتە بناسم، بەراوردیشی بکەم، نەک لە ئەورووپاو یۆنانەوە. من دەمویست بزانم ئامرازو کارگێڕی ئاسیایی چەند کاریگەری لەسەر کولتووری میسری هەیە، نەک ئامرازو کارگێڕی کولتووری تر. بەدواچوونی ڕێرەوەی ئاوی و سەردەم و زەمان بە ڕووباری نیلەوە سوودی زۆری بەزانیارییەکانم بینی. پرشنگدارترینیان ئەوەبوو زانیم چەمکی (حورص) لەنێوان هاوولاتیانی ئایلکۆن بوونی هەیە. بە دیتنی پەیکەری تاشراوی (بابون، مەیموونی ئاکار سەگ)، لە (ئەبو سنبل) لە دەروازەی میسری باشوور، هەموو شتەکانم بۆ ڕوون بۆوەو بەشێوەیەکی درامی چیرۆکەکەم بۆ شی کرایەوە.

ئەفسانەی حورص چیرۆکێکی کۆنەو بەسەرهاتی لە دایکبوونی خواوەندی نوێ ڕووناکی دەگێڕێتەوە، ئەوەش یەکەمین ڕزگاربوونی کولتووری مرۆڤە پاش زانین و هوشیاری لە سەردەمە تاریکەکانی ناو دێرەکانی مێژوو. ئەو گەشتەی من لە دڵی ئەفریقیاوە بۆ میسر جۆرێکە لە دەراسەتی لە دایکبوونی ڕووناکی، ئەو دەراسەتە بۆ من بەڵگەنامەیەکی پێوەندی و گرێ بەستییە لەگەڵ خودی کەسایەتی و دەروونم. ئەوانم چاک بۆ بەرجەستە بوو، بەڵام ناتوام بە نووسین دەریببڕم.

زووتر نەمدەزانی ئەفریقیا ئەوەندەی بۆ من پێیە، چەندین جۆری چەکم بینی، شێوەی زۆری خشڵم بینی، دەستکەوتی ڕاوچییەکانم بینی، زانیاری زۆرم لە زۆر جۆر ڕەگەزو تیرە وەرگرت، ئارەزووم بوو زۆر لەسەر ئەوانەی ئەفریقیا بزانم وا تێگەیشتم، زانیم.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (الاداب الاجنبية)، ژمارە ١١٧، زستانی ٢٠٠٤.**

# فۆرم و بنەما زمانییەکانی مانشێت

کاوە عەبدولکەریم
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

**١. مانشێت وەکو چەمک:**

تێکستە ڕۆژنامەوانییەکان، بەتایبەتی هەواڵ، لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێن: مانشێت و لید و جەستەی تێکست. مانشێت کە لە کوردیدا هەندێ جار سەردێر، یان ناونیشانی پێدەڵێن، یەکەمین و گرنگترین بەشی ئەم جۆرە دەقانەیە، فۆرم و بنەمای زمانی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مانشێت و فۆرمەکانی نووسینی مانشێت و سیما زمانییەکانی. دیارە مانشێت لە هەموو شێوەکانی میدیادا هەیە، بەڵام ئێمە باسەکەمان بۆ مانشێتی ڕۆژنامەکان تەرخان دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش داتاکان لە دوو ڕۆژنامەی کوردی هاوچەرخ وەرگیراون، (هاوڵاتی) و (هەولێر پۆست)، نموونەکانیش زیاتر لە ژمارەکانی ئەمساڵ (٢٠٠٧) وەرگیراون.

دەقە ڕۆژنامەوانییەکان خاوەنی دیسکۆرسێکی تایبەتن و جیان لە دەقە ئەدەبی و زانستی و یاسایی... تاد.

لەم جۆرە تێکستەدا، مانشێت بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکە بە خوێنەران دەگەیەنێت، پاش خوێندنەوەی مانشێت خوێنەر بڕیار دەدا کە بابەتەکە بخوێنێتەوە یان نا. هەروەکو دێڤید کریستاڵ(١) دەڵێ مانشێت دەبێ ئاماژە بە کرۆکی بیرۆکەی بابەتەکە بکات.

دەکرێ مانشێت ڕستەیەک، فرێزێک، کۆمەڵە وشەیەک یان تەنیا وشەیەک بێت. بە زۆریش بە خەتێکی گەورەو تۆخ لەسەرەوەی تێکستەکە دەنووسرێت. مەبەست لە دانانی مانشێت کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی بابەتەکەیە، ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرانە، هەروەها هاندانیشیانە بۆ خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە.

لوترەر(٢) پێی وایە مانشێت تەنیا بۆ تێکستە هەواڵیەکان گرنگ نییە، بەڵکو لە ڕێکلام و پڕۆپاگەندە بازرگانییەکانیش گرنگی خۆی هەیە، چونکە خوێنەران بۆ کڕینی ئەم بەرهەمانە هان دەداو حەزو ویستەکانیان دەجوولێنێ. پسپۆڕانی بواری ڕێکلامی بازرگانی لە گرنگی مانشێت گەیشتوون بۆیە هەوڵ دەدەن بەشێوەی زۆر سەرنج ڕاکێش و بەفۆرمی جیاواز دایدەڕێژین، لە ڕووی زمانیشەوە بە زمانێکی تایبەت دەینووسن، یاری بە وشەکان دەکەن، پرسیار دەکەن، وشەی وەکو پاداشت و دیاری تێیدا بەکاردەهێنن، هەر بۆ نموونە وشەی وروژێنەری وەکو «نوێ» و «سەرسوڕهێنەر» و «باشترین» و «بێ ئەرک».... تاد بەکاردەهێنن.

مایکل سوان(٣) مانشێت بەکورتە هەواڵی سەرووی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان پێناسەدەکات. پێشی وایە تێگەیشتن لە مانشێت کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەوا ئەم جۆرە تێکستە بە ستایلێکی تایبەت دەنووسرێ و جیایە لە زمانی ئاسایی و تێیدا یاسای ڕێزمانی و وشەی سەیر بەکار دەهێنرێت.

کرەمپ(٤) پێی وایە کە مانشێت چەندین ئەرکی هەیە، لەوانە: وێنەیەک لەسەر بابەتەکە بەخوێنەر دەدات، بابەتێکی درێژ لەچەند وشەیەک کورت دەکاتەوە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، جوانییەک بە ڕۆژنامەکە دەبەخشێت، ناسنامەیەک بۆ کەناڵەکە دروست دەکات (چونکە هەر ڕۆژنامەیەک فۆرمێکی تایبەت لە مانشێت بەکاردەهێنێت). ئەم ئەرکانە وا دەکەن کە مانشێت لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و پێکهاتە و بنەما زمانییەکاندا جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ بەشەکانی تری تێکستە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەبێ.

**٢. فۆرمەکانی مانشێت:**

پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەوانی لە ڕووی فۆرم و پێکهاتەوە مانشێت بۆ ئەم شێوانەی خوارەوە پۆلێن دەکەن:

٢-١ مانشێتی ڕاستەو ڕاست (straight Head-line):

ئەم جۆرە مانشێتە بەزمانێکی سادەو ساکار و لەسەر هێڵێکی ڕاست دەنووسرێت. موحەمەد شەمس (٥) پێی وایە ئەم جۆرە مانشێتە هیچ ئاڵۆزیەکی تێدانییەو خوێنەر زۆر بە ئاسانی تێی دەگات.

کرەمپ بەم جۆرەیان دەڵێ ناونیشانی تاک (Crossline) و پێی وایە دەکرێ هەموو دێرەکە پڕ بکاتەوە یانیش لە ناوەڕاستی دێرەکە بێت. بۆ نموونە:

(١) ٢٣٣ ملیۆن دینار بۆ یەکەمین فیستیڤاڵی منداڵان تەرخان دەکرێت

(٢) هەردوو یانەی کەرکووک و دهۆک یەکسان بوون

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٣٧، ساڵی ٢٠٠٧)

٢-٢ مانشێتی پرسیار ئامێز (Question Head-line):

ئەم جۆرە مانشێتە بریتییە لە ڕستەی پرسیاری، هەرچەندە هەندێ جار مەرجەکانی پرسیاربوونی تێدانییە، بەڵکو تەنیا بە نیشانەی پرسیار کۆتایی دێت. پرسیارەکە، یان نیشانەی پرسیارەکە وا لە خوێنەر دەکات کە بیر لە بابەتەکە بکاتەوەو بە دوایدا بچێ و بەشداری لە دۆزینەوەی وەڵامەکە بکات. بۆ نموونە:

(٣) شین بۆ دوعا یان بۆ هەریسە؟

(٤) بۆچی نەوجەوانان جگەرە دەکێشن؟

(هاوڵاتی، ژمارە ٣٢٦، ساڵی ٢٠٠٧)

٢-٣ مانشێتی وتەی وەرگیراو (Qutation Headline): زۆرجاران وتەی وەرگیراو وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لە مانشێتدا بەکاردەهێنرێت. ئەمە لە زۆر ڕووەوە خزمەتی مانشێتەکە دەکات. لە ڕووی فۆرم و خاڵبەندییەوە دەکرێ بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش بکرێت:

یەکەم: مانشێتەکە لەنێوان کۆمای سەراوژێر دادەنرێت و ئاماژەش بەناوی خاوەنی قسەکە ناکرێت. لەوانەیە ئەمە بۆ ئەوەبێ خوێنەر ناچار بێت هەموو بابەتەکە بخوێنێتەوە تا بزانێ قسەکەر کێیە. بۆ نموونە:

(٥) «ئەگەر تیرۆرستان بیانەوێ قەرەتەپە کۆنترۆڵ دەکەن»

(هاوڵاتی، ژمارە ٣٢٣، ساڵی ٢٠٠٧)

شایەنی باسە ئەم جۆرە مانشێتە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر کەمە، چونکە ئەوان زیاتر ئاماژە بەناوی قسەکەر دەکەن.

دووەم: لێرەدا مانشێتەکە لەنێوان کۆمای سەراوژێردا دادەنرێت، بەڵام ئاماژەش بەناوی قسەکەر دەکرێت. بۆ نموونە:

(٦) «زانکۆ هۆتیل نییە، قبووڵی ئەو کەسانە ناکەین کە نەتوانن ئاستی زمانی ئینگلیزییان باش بکەن»

پرۆفیسۆر عەباسی وەلی

(هاولاتی، ژماره ٣٢٦، ساڵی ٢٠٠٧)
پێدەچێت ئەم جۆرە نووسینە کاریگەری زمانی ئینگلیزی بەسەرەوەبێ، چونکە لە کوردیدا ناوی قسەکەر پێش وتەکەی دێت.
سێیەم: لەم شێوەیەی مانشێتدا لەسەرەتادا ناو یان پۆستی قسەکەرەکە ئاشکرا دەکرێت، پاشان دووخاڵ دادەنرێت، ئینجا وتە وەرگیراوەکە بەبێ دانانی کۆمای سەراوژێر دادەنرێت.
بۆ نموونە:
(٧) وەزیری پێشمەرگە: لەو چەک و کەرەستە نوێیانەی بۆ سووپای عێراقی هاتووە، هیچی بەر هێزی پێشمەرگە نەکەوتووە

## ٢-٤ مانشێتی چیرۆک ئامێز (Feature Head-line):
مەرج نییە هەموو تێکستە ڕۆژنامەوانیەکان بریتی بن لە هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕووداوە سیاسییەکان. ئەم جۆرە مانشێتە بریتییە لە ناونیشانی چیرۆکە سەیروسەمەر ئاساکان، بۆیە سەرنج ڕاکێش و نائاسایین.
بۆ نموونە:
(٨) ژنێک یازدە ساڵ لەماڵەوە زیندانی کرا
(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤١، ساڵی ٢٠٠٧)
تێبینی ئەوە دەکرێ ئەم مانشێتە بە دەمکاتی ڕابردوو نووسراوە (کرا)، ئەمەش لە بەهاو تازەیی چیرۆکەکەی کەم کردۆتەوە، دەکرا بە دەمکاتی ڕانەبردوو بنووسرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی سادەو سەرنجڕاکێش لەسەر یەک دێر نووسراوە، ئەمە وا لە خوێنەر دەکات کە هەوڵ بدات بابەتەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕایەڵەکانی چیرۆکەکە بگات.

## ٢-٥ مانشێتی دەبڵ (Double Headline)
ئەم جۆرە مانشێتە لە دووبەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم کە لەسەرەوە دەنووسرێ بەشی سەرەکی مانشێتەکەیە، بەشی دووەمیش کە لەژێرەوەی بەشی یەکەم دەنووسرێت زیاتر مانشێتە سەرەکییەکە روون دەکاتەوە. بۆ نموونە:
(٩) دۆزینەوەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان
باپیرەم لەگەڵ لینین لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە کۆماری ئۆتۆنۆمیمان ناوی (باش کوردستان) بێت
(کوردستان پۆست، ژمارە ١٣٧، ٢٠٠٧)
ئەم مانشێتەی سەرەوە لە دووبەش پێک هاتووە، بەشی سەرەوە کە لە ناوەڕاستی دێرەکە نووسراوە (دۆزینەوەی.... کوردستان) مانشێتی سەرەکییە. ئەوەی ژێرەوەش کە لە سەرەتای دێرەکە دەست پێدەکات (باپیرەم..... بێت) مانشێتی لاوەکییە.
ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەگەری جیهانیدا، تا ڕادەیەکیش لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئەم جۆرە مانشێتە زۆر بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مانشێتە لاوەکییەکە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مانشێتە سەرەکییەکە، چونکە ئەمڕۆ لە دنیای مودێرندا خوێنەران ئەوەندە کاتی خوێندنەوەی هەموو تێکستەکانیان نییە.

## ٢-٦ مانشێتی چەپە (Flush left)
لەبەرئەوەی نووسینی ئینگلیزی لە چەپەوە بۆ ڕاستەیە، ئەم جۆر مانشێتە لە چەپەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە کوردی دەکرێ پێی بگوترێ (ڕاستە) چونکە نووسینی کوردی (لە باشوور و ڕۆژهەڵات) لە ڕاستەوە بۆ چەپەیە.
جەمال عەبدول(٦) لە فەرهەنگی ڕاگەیاندندا بەم جۆرە مانشێتە دەڵێ «ناونیشانی لە چەپەوە پەیدابوو»، ناونیشانێکە لە دێرێک یان زیاتر پێک دێت، لەگەڵ سەرەتای دێرەکانی ستوون دەست پێدەکات، بەڵام لە فراوانی دێرەکە کورتترەو هەرگیز ناگاتە کۆتاییەکەی.
ئەم جۆرە مانشێتە بەزۆری لە ستوونە بەرتەسکەکان و لەسەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهێنرێت و بەشێوەی دووسێ دێری کورت کورت و لەسەریەک دەنووسرێن. بۆ نموونە:
(١٠) بڕیارە چەند گۆڕانکارییەکی تر لە دەزگای ئاسایشدا بکرێت
(هاولاتی، ژمارە ٣٢٥، ٧، ٢٠٠٧)

## ٢-٧ مانشێتی پلەدار (stepline)
ئەمەیان فۆرمێکی تری ناونیشانە هەروەکو قاندرمە بەپلە دێتەخوارەوە. کرەمپ(٧) دەڵێ ئەم جۆرە مانشێتە دەکرێ دوو دێربێ، یەکێکیان ڕاستەبێ و ئەوی تریان چەپە، یانیش سێ دێر بێ، دێری یەکەم ڕاستەبێ و دێری کۆتایی چەپەبێ و ناوەڕاستەکەشی لە سەنتەردا بێت.
پێدەچێ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا ئەم فۆرمەی مانشێت بەکار نەهێنرێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەم دوو ڕۆژنامەیەی بۆ ئەم نووسینە بەکارهێنراون، ئەم جۆرە مانشێتەیان تێدانییە. لێرە دەکرێ نموونەیەک دابڕێژین و ڕۆژنامەوانیش هەوڵ بدەن لەمەودوا بەکاری بێنن، چونکە

بەراستی لە رووی فۆرمەوە زۆر جوان و ئەندازەیی و سەرنج ڕاکێشن.

(١١)

مامۆستایانی تازە دامەزراوی خانەقی

لیستی ناوەکانیان

نانێرن بۆ حکومەتی عێراقی

ئەمە مانشێتێکی لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ١٤٢ی ڕۆژنامەی هەولێر پۆستە دەسکاری کراوەو بە فۆرمی مانشێتی پلەدار دارێژراوەتەوە.

٢-٨ مانشێتی هەرەمی سەراوژێر (Inverted Py-ranid):

بادۆک(٨) دەڵێ ئەم جۆرە مانشێتە هەندێ جار لە دوو و زۆر جاریش لەسێ دێر پێک دێت. بەشی یەکەمیان درێژترەو لە ناوەڕاستی دێرەکەدا دەنووسرێت، بەشی دووەمیش کورتترەو لەژێر بەشی یەکەم دەنووسرێت، بەشی سێیەمیش کورتترەو لەژێر بەشی دووەم دەنووسرێت. فۆرمی ئەم جۆرە مانشێتە لەشێوەی سێگۆشەیەک دەچێت کە بنکەکەی لەسەرەوە بێت و لووتکەکەی لەژێرەوە.

(١٢) بەم نزیکانە دەربەندیخان دەگەڕێتەوە سەر

پارێزگای سلێمانی

مانشێتی هەرەمی سەراوێژی سێ دێر لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆر کەمە، کەچی زۆر جوان و ئەندازەیی و سەرنجڕاکێشە، لێرەدا هەوڵ دەدەین مانشێتێکی ژمارە ٣٢٦ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، کە زۆر بە نارێکی نووسراوە، دووبارە دابڕێژینەوە:

(١٣) کەسانی ناو حکوومەت و حیزبەکان

پشتگیری لە بزووتنەوەی

هەتاکەی دەکەن

٢-٩ مانشێتی هەڵواسراو (Hanging Head-line):

ئەمەشیان لەدوو یان سێ دێر پێک دێت.

دێری یەکەم پانایی ستوونەکە لەم سەر بۆ ئەوسەر پڕ دەکاتەوە بەڵام دێرەکانی تر چەند سپێسەک لە سەرەتای دێر بەجێدێڵن ئینجا دەست پێدەکەن، بۆ نموونە:

(١٤) د. مەحمود عوثمان: من و هەندێ لە

پەرلەمانتارە کوردەکانیش بۆ پاشەکشەکردنی

سوپای ئەمریکا ئیمزامان کردووە.

ئەم مانشێتەی سەرەوە جگە لەوەی مانشێتێکی هەڵواسراوە گوتەی وەرگیراویشە.

### ٣. بنەما زمانییەکانی مانشێت:

مانشێت چەند سیماو بنەمایەکی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە. زمانێکی چڕوپڕی تێدا بەکاردێت کە چەندین یەکەی زمانی تێدا دەبڕدرێت و لادەبرێت، پێکهاتەیەکی سینتاکسی تایبەتی هەیە و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەدەمکاتی ڕانەبردوو دەنووسرێت. هەر لەبەر ئەوەشە تێگەیشتن لە مانشێت کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە بەهرەو باکگراوندی زمانی و سەلیقەیەکی ورد هەیە.

بەتایبەتی ئەگەر بە زمانی دایک نەنووسرابێ؛ بە زمانێکی بێگانە نووسرابێ.

بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لە مانشێت، ڕۆژنامەکان پەنا دەبەنە بەر وێنە، دەبینین لەگەڵ هەر مانشێتێکدا، وێنەیەک بڵاودەکرێتەوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی مانشێتەکەوە هەیە.

نووسەری مانشێت پێویستی بە بەهرەو تواناو باکگراوندێکی زمانەوانی باش هەیە، چونکە بۆشاییەکی زۆرکەمی لەبەر دەستدایە بۆ گەیاندنی زانیارییەکی زۆر. دەبێ بتوانێ هەواڵێکی درێژ، یان چیرۆکێک لەیەک ڕستەدا (یان فرێزدا) چڕ بکاتەوە. جگە لەمەش نووسەری مانشێت دەبێ کەسێکی داهێنەریش بێت، بەشێوەیەک مانشێتەکە دابڕێژێت کە سەرنجڕاکێش و جوان و لەیاد نەکراوبێت.

لە خوارەوە گرنگترین سیماو بنەما زمانییەکانی مانشێت بە نموونەوە دەخەینە ڕوو:

٣-١ برین (Deletions)

لە مانشێتدا تەنیا یەکە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێت، وشە لاوەکییەکان پشتگوێ دەخرێ و لادەبرێت، هەر وشەیەک کە بەکاردێت، دەبێ مانادار بێت و لە شوێنی گونجاوی خۆی بێت. ڕیە(٩) پێی وایە کە بەکارهێنانی وشە لێکسیمییەکانی وەکو ناووکارو ئاوەڵناوو ئاوەڵکار کە مانای تەواویان هەیە زۆر گرنگن بۆ مانشێت، بەڵام وشە ڕێزمانییەکانی (ئەرکییەکان) وەکو ئامرازەکانی ناسین و نەناسین و ئاماژەو کەسێتی و ئامرازەکانی پێوەندی زۆر پێویست نین، لەبەر ئەوەی بۆشایی نووسینی مانشێت زۆر سنووردارە دەکرێ لاببرێن.

وشە لێکسیمییەکان واتادارن و زانیارییەکی زۆر

بەخوێنەر دەگەیەنن، بەڵام وشە ڕێزمانییەکان تەنیا ئەرکیان هەیە و بەلابردن و قرتاندنیان زەرەرێکی زۆر لە مانشێتەکە ناکەوێ.

(١٥) بزووتنەوەی ئیسلامی نەیانهێشت عەلی باپیر سەردانیان بکات

(هاولاتی، ژمارە ٣٢٦، ٢٠٠٧)

ئەم مانشێتە شەش وشەی لێکسیمی تێدایە (بزووتنەوە، ئیسلامی، نەیانهێشت، عەلی، باپیر، سەردانکردن)، کە چواریان ناون و دووانیان فرمانن. لەگەڵ ئەمەشدا چەند وشەیەکی ڕێزمانی تێدایە وەکو «ی» کە بزووتنەوەو ئیسلامی بەیەکەوە دەبەستێت، «ان» لەناو وشەی «نەیانهێشت» ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆیەو بۆ بزووتنەوە، وەکو گرووپ، دەگەڕێتەوە. دەکرا هێشتا زیاتر وشەی تر لابرێت و خۆ لە وشە ئەرکییەکانیش بپارێزرێت و مانشێتەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

(١٦) بزووتنەوە عەلی باپیر ڕەتدەکاتەوە

ئەم مانشێتەی سەرەوە زۆر چڕوپڕەو وشەی ئەرکی تێدانییەو چەند وشەیەکی سەرەکی و واتاداریشی لێ لابراوە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر مانای سەرەکی بابەتەکە، بەڵکو ڕوونترو واتا بەخشتریشە. مانشێتی ژمارە (١٥) لە ڕووی دەمکاتیشەوە کەموکوڕی هەیە، چونکە بەشێوەی ڕابردوو نووسراوە، کەچی لە ژمارە (١٦) ئەم کێشەیە نییە و دەمکاتەکە ڕانەبردووە.

دەکرێ بڵێین مانشێتە کوردییەکان تا ڕادەیەک درێژن و کەمجار هەیە بنەما زمانییەکان تێیاندا پەیڕەو بکرێن. ئەمەش لەوانەیە بۆ نەشارەزایی و ناپسپۆڕی مانشێت نووسەکان بگەڕێتەوە، ئەگەر شارەزایی تەواویان لە بنەماکانی زمانی ڕۆژنامەوانی هەبێ دەتوانن مانشێتە درێژەکان کورت بکەنەوە. لێرەدا چەند نموونەیەکی درێژی مانشێتی ڕۆژنامە کوردییەکان دەهێنینەوە و هەوڵ دەدەین کورتیان بکەینەوە بەهۆی لابردن و قرتاندن:

(١٧! بەرپرسە حکومی و حیزبییەکانی باڵەکەی نەوشیروان مستەفا ڕووبەڕووی لابردن و پەراوێز خستن دەبنەوە

(هاولاتی، ژمارە ٣٢٦، ٢٠٠٧)

ئەم مانشێتەی سەرەوە دەکرێ وەکو ئەمەی خوارەوەی لێبکرێت و کورت بکرێتەوە:

(١٨) بەرپرسانی سەر بە نەوشیروان پەراوێز دەخرێن

ئەم مانشێتەی سەرەوە (١٨) زۆر لەوەی پێشتر (١٧) عەمەلیترە، چونکە کورتترەو سەرنجڕاکێشترە.

مانشێتی ژمارە (١٧) زۆر درێژ دادڕە و پێویست بەم هەموو زانیارییە ناکات، چونکە خەڵک (خوێنەران) دەزانن نەوشیروان کێیە و سەر بە چ باڵێکەو بۆچی گرووپەکەی ڕووبەڕووی لابردن و پەراوێزخستن دەبنەوە.

(١٩) بریندارانی چەکی کیمیایی بەکارتی تایبەت و بەخۆڕایی چارەسەر دەکرێن.

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤١، ٢٠٠٧)

(٢٠) بریندارانی کیمیا بارانەکان چارەسەر دەکرێن

مانشێتی ژمارە (٢٠) زۆر کورت و پوختترە لە مانشێتی ژمارە (١٩)، چونکە خوێنەران باش دەزانن بریندارانی کیمیا بارانەکان کێن و ئەگەر چارەسەریش بکرێن بێ گومان بەخۆڕایی دەبێ، چونکە ئەگەر بە پارەی خۆیان چارەسەر بکرێن، ئەوە هەر هەواڵ نییە، بۆیە ئەم درێژدادڕییەی پێ ناوێ.

٣-٢ بەکارهێنانی وشەی تایبەت (Special Words):

لەبەرئەوەی مانشێت تایبەتمەندی خۆی هەیە وشەی تایبەتیشی پێویستە. ئەو وشانەی بەکاردێن دەبێ سەرنجڕاکێش و کاریگەربن. مایکل سوان(١٠) پێی وایە لەبەر ئەوەی مانشێت دەبێ لە بۆشاییەکی دیاریکراوو و کەمدا بنووسرێت پێویستی بە بەکارهێنانی وشەی تاک برگەیی هەیە و وشەی چەند برگەیی زۆر پەسەند نییە، بەڵام ئەوەی لە مانشێتی ڕۆژنامە کوردییەکاندا دەبینرێت زۆرجاران وشەی چەند برگەیی و درێژ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لەوانەیە بۆ کەم ئەزموونی و نائەکادیمی نووسەرانی ئەم بوارە بگەڕێتەوە.

بۆ نموونە:

(٢١) دەستگیرکردنی دەیان کەس لەناوچەی شارەزوور

(هاولاتی، ژمارە ٢٢٣، ٢٠٠٧)

لەم مانشێتەدا دەکرا لە جیاتی وشەی «دەستگیرکردن» کە وشەیەکی درێژو چەند برگەییە، وشەی «گرتن» بەکاربهێنرێت، ئەمەش لە دوو لاوە سوودی دەبوو، لەلایەک مانشێتەکە کورتتر دەبۆوەو شوێنی کەمتری داگیر دەکرد، لەلایەکی تریشەوە تێگەیشتنی ئاسانتر دەبوو.

لە مانشێتە کوردییەکاندا دەکرێ ئەم وشە کورتانەی خوارەوە لە ستوونی یەکەم لە جیاتی وشە درێژەکانی

ستوونی دووەم بەکاربهێنرێن:

| وشەی کورت | وشەی درێژ |
|---|---|
| ............ | .......... |
| **کشانەوە** | **پاشەکشەکردن** |
| **هۆیەکانی** | **هۆکارەکانی** |
| **دیمانە** | **چاوپێکەوتن** |
| **هاوسەر** | **ژن و مێرد** |
| **تاک** | **تاکەکەس** |
| **جەنگەڵ** | **جەنگەڵستان** |
| **هۆشداری** | **ئاگادارکردنەوە** |
| **شایی** | **هەڵپەرکێ** |
| **هەیە** | **لە ئارادایە** |
| **پەرلەمان** | **ئەنجومەنی نیشتمانی** |

ئەمەو لە زۆربەی مانشێتی ڕۆژنامە جیهانییەکاندا شێوازی کورتکردنەوە (abbrevidtion) بەکاردەهێنرێت بۆ وڵاتان و ڕێکخراوەکان و حکوومەت و پەرلەمان و وەزارەتەکان و... تاد پیتی یەکەمی وشەکان وەردەگیرێن و لە دوای یەک دادەنرێن. بۆ نموونە لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا ئەم کورتکراوانەی خوارەوە زۆر بەکاردەهێنرێن:

BBC: Brihsh Broadcastirly Corporation

دەستەی پەخشی بەریتانی.

CIA: Central Intelligence Agency

ئاژانسی موخابەراتی ناوەندی.

NGO: Non- Governmental Organizations

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.

UAE: United Arab Emirates

یەکێتی ئیمارەتە عەرەبییەکان.

Eu: European Union یەکێتی ئەورووپا

TV: Television تەلەفزیۆن

US: United States وڵاتە یەکگرتووەکان

ئەمەو چەندین کورتکراوەی تری ئینگلیزی کە ڕۆژنامە لە ڕۆژنامە ئینگلیزی و جیهانییەکاندا بەکاردەهێنرێن. ئەم کورتکراوانە ئەوەندە بڵاوبووینەوە تا وای لیهاتووە ئەوانەی ئینگلیزیش نازانن تێی دەگەن، بۆیە دەکرێ ڕۆژنامەگەری کوردیش سوودیان لێوەربگرێ و وەکو خۆی بەکاریان بێنێ، یانیش چەند کورتکراوەیەکی کوردی بەپیتی کوردی دابنرێت و زۆربەی چاپکراوەکان لەسەری ڕێک بکەون، چونکە بەڕاستی هەندێ دەستەواژە هەن ڕۆژانە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا ئەوەندە دووبارە دەبنەوە، جگە لەوەی ڕەزایان قورس بووە، جێگەیەکی زۆریش لەبۆشایی ڕۆژنامەکان داگیر دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی کورتکراوەکان لە مانشێت بەتایبەتی و لە ڕۆژنامەگەری بەگشتی کارێکی پێویست و بەسوودە، بەڵام بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی چڕ لەوانەیە کاریگەری پێچەوانەی هەبێ. ئەگەر لە مانشێتێکدا، یان هەر ڕستەیەکی دەقێکی ڕۆژنامەوانی زیاتر لەیەک کورتکراوە هەبێ، ئەوا لێڵی و ناڕوونی دروست دەبێ و خوێنەر ماندوو و بێزار دەبێ.

تایبەتمەندییەکی تری بەکارهێنانی وشە لە مانشێت و تێکستە ڕۆژنامەوانییەکان، ئەوەیە کە نووسەر تا بکرێ دەبێ خۆی لە وشەی حەساس (Sensitive Words) دووربخاتەوە، چونکە ئەم تێکستانە لەلایەن جەماوەرێکی هەمەچەشن (Heterogeneous) دەخوێنرێنەوە، بۆیە دەبێ تایبەتمەندی ئەم جەماوەرە بەهەند وەربگیرێ و هەست و نەستیان بریندار نەکرێ. بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسی کورد دەبێ بزانێ برا مەسیحییەکانی کوردستان پێیان خۆشە چییان پێ بگوترێ، «مەسیحی»، «فەلە»، «ئاشووری»، «کلدۆ ئاسووری»، یان «دیان». دەبێ بزانێ کە نابیناکانی کوردستان پێیان خۆش نییە پێیان بگوترێ «کوێرە»، کەمئەندامان پێیان خۆش نییە پێیان بگوترێ «سەقەت» یان «شەلە» ژنان و ئافرەتان پێیان ناخۆشە پێیان بگوترێ «عورمە» یان «زەعیفە».

٣-٣: بەکارهێنانی دەمکاتەکان لە مانشێتدا

مانشێت دەمکاتی تایبەت بەخۆی هەیە، ناکرێ هەموو دەمکاتەکان تێیدا بەکاربهێنرێن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەمکاتی ڕانەبردوو گونجاوتر و بەسوود ترە. دەمکاتی ڕانەبردوو، بەهای هەواڵەکە زیاد دەکات، چونکە کاری ڕانەبردوو نیشانەی تازەیی و هەنووکەیی هەواڵەکەیە. هەتا ئەگەر ڕووداوەکە لە ڕابردووشدا ڕووی دابێ واچاکترە مانشێتەکە بەدەمکاتی ڕانەبردوو بنووسرێت.

(٢٢) دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی هەڕەشە لە ٢٣ کەس دەکات

(هاووڵاتی، ژمارە ٣٢٧، ٢٠٠٧)

دیارە کاتی ڕوودانی ئەم ڕووداوە لە ڕابردوودا بووە، چونکە پێشتر ئەم هەڕەشەیە کراوە، بەڵام مانشێتەکە بە دەمکاتی ڕانەبردوو نووسراوە (هەڕەشە... دەکات)، ئەمەش خوێنەر هان دەدات کە هەواڵەکە بخوێنێتەوە، چونکە وای بۆ دەچێ کە ئەم هەواڵە نوێیەو زۆر لەمێژ نییە ڕووی داوە.

لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا بە دەگمەن ڕێک دەکەوێ کە مانشێتێک بە دەمکاتی ڕابردوو بنووسرێت، کەچی ئەمە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی دەبێ و لە تازەیی و هەنووکەیی و بەهای هەواڵەکە کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە:

(٢٣) مەکتەبی سیاسی مام جەلالیان نەخۆش خست

دیارە کە یەکێک ئەم هەواڵە دەخوێنێتەوە، یەکسەر ئەوەی لا دروست دەبێ کە ئەم هەواڵە کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی نەخۆش کەوتنەکەی مام جەلال، بەڵام ئەگەر مانشێتەکە بەدەمکاتی ڕانەبردوو بنووسرایە لەوانەیە خوێنەر زیاتر بیخوێندبایەوە، و هەستی بکردایە کە ئەمە هەواڵێکی نوێیە و بەلایەنی کەمەوە ئەم مەسەلەیە تازە ئاشکرا بووە. بۆیە دەکرا ئەم مانشێتە بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرایە:

(٢٤) مەکتەبی سیاسی مام جەلال نەخۆش دەخەن

ئاشکرایە کە لە زۆربەی زمانەکانی دنیا دەمکاتی ڕانەبردوو چەندین شێوەی هەیە وەکو: ڕانەبردووی سادەو ڕانەبردووی بەردەوام و ڕانەبردووی تەواو. هەرچەندە بەکارهێنانی دەمکاتی ڕانەبردووی سادە لە نووسینی مانشێتدا زۆر باوەو تازەیی و سادەیی تێدایە، بەڵام هەندێ جار ڕانەبردووی بەردەوام و ڕانەبردووی تەواویش بەکاردەهێنرێن.

(٢٥) حکومەت وەزارەتی ناوخۆی پەراوێز خستووە.

(هاووڵاتی، ژمارە ٣٢٧، ٢٠٠٧)

(٢٦) لیڤەرپوول خراپترین یانەی ئینگلتەرایە

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤٣، ٢٠٠٧)

دیارە مانشێتی ژمارە (٢٥) بە دەمکاتی ڕانەبردووی تەواو نووسراوە (پەراوێز خستووە)، کارەکە لە ڕابردوو دەستی پێکردووە، بەڵام پێوەندی بە ئێستاشەوە هەیە و تا ئێستا حکوومەت وەزارەتی ناوخۆی بەسەر نەکردۆتەوە، مانشێتی ژمارە (٢٦)یش بەهەمان شێوە تاکاتی نووسینی مانشێتەکە بەردەوامە.

لەو مانشێتانەی کە وتەی وەرگیراوی خەڵک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەنووسرێتەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەسکاری دەمکاتی ڕستەکەش ناکرێت، واتە قسەکەرەکە چی گوتووە وەکو خۆی دەگوازرێتەوە. بۆ نموونە:

(٢٧) «هیچ گومانێکی کاری تیرۆریستی لەشاری سلێمانیدا نییە»

(٢٨) «لە مەسئوولەکان بپرسن بۆچی لابرام»

(هاووڵاتی، ژمارە ٣٢٦، ٢٠٠٧)

دەمکاتی مانشێتی ژمارە (٢٧) ڕانەبردووی تەواوە، قسەکەرەکە چۆن قسەی کردووە وەکو خۆی گواستراوەتەوە، واتە: (تاکو ئێستا هیچ.... نییە)، بەڵام مانشێتی ژمارە (٢٨) دوو دەمکاتی تێدایە یەکەمیان ڕانەبردووی سادەیە (بپرسن) بۆ کاتی داهاتوو بەکارهاتووە، دووەمیشیان ڕابردووە (لابرام).

### ٣-٤ بەکارهێنانی ئیدیۆم و پەند لە مانشێتدا

ئیدیۆم و پەند دوو شتی لێکجیاوازن، بەڵام هەردووکیان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە مانای ناڕاستەوخۆیان هەیە. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی (2004) داهاتووە کە ئیدیۆم دەستەواژەیەکە لە چەند وشەیەک پێکهاتووە کە مانا گشتییەکەی جیایە لە مانای هەریەک لە وشەکان. هەروەها پەند (Proverb) فرێز یان ڕستەیەکی بەناوبانگە کە ئامۆژگاری و ئەزموون و ڕێنمایی تێدایە، یانیش حەقیقەتی گشتی لەبارەی ژیانەوە تێدایە. لە کوردیدا پەند زیاتر بۆ قسەی باوپیران بەکاردەهێنرێت (پەندی پێشینان) کە حیکمەت و زانین و زانیاری و ڕێنمایی و ئامۆژگاری تێدایە.

پەند بەزۆری لە ڕابردوودا بۆ کۆنتێکستێکی دیاریکراو گوتراوە، بەڵام دەکرێ بۆ ئێستاش بەکار بهێنرێت.

بادۆک (١١) دەڵێ مانشێتی ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان پڕن لە ئیدیۆم. لە مانشێتی ڕۆژنامە کوردییەکانیش ئیدیۆم، هەروەها پەندیش، بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن.

(٢٩) بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی دەستبەکار دەبێت

(٣٠) وەزارەتی وەرزش و لاوان پرۆژەی گرنگی بەدەستەوەیە

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤٢، ٧ ٢٠٠٧)

(٣١) بانێکەو دوو هەوایە

لە مانشێتی یەکەم و دووەمدا (٢٩) و (٣٠) دوو ئیدیۆم بەکار هاتوون (دەستبەکاردەبێت)، (بەدەستەوەیە). دیارە دەستبەکاردەبێت مانای ئەوەنییە دەستی بەکاردەبێت، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەم پۆستە وەردەگرێت و بۆ یەکەم ڕۆژ تێدا دەوام دەکات. بەهەمان شێوە (بەدەستەوەیە) مانای ئەوە ناگەیەنێت کە وەزارەتی وەرزش و لاوان شتێکی وەکو مەدالیە بەدەستەوە بێت، بەڵکو مانای وایە کە لەبەرنامەو پرۆگرامی کارکردنیدا پرۆژەی گرینگ هەیە.

لە زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکاندا پەند وەکو مانشێت بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە پەندی (بانێکەو دوو هەوایە) کەم ڕۆژنامە هەیە چەندین جار وەکو مانشێت لەکاری نەهێنابێ بۆ دەربڕینی هەستی نایەکسانی و جیاوازیکردن.

٣-٥ خاڵبەندی (Punctuation)

لەبەر کەمی بۆشایی و بۆ قەرەبووکردنەوەی وشە لابراوەکان، خاڵبەندی ڕۆڵێکی گرینگ لە نووسینی مانشێتدا دەبینێ. زۆرجار لەوانەیە خاڵێک، یان کۆمایەک، یان نیشانەکی پرسیار، یان سەرسوڕمان شوێنی چەندین وشە بگرنەوە. بۆ نموونە لە مانشێتدا نیشانەی (:) لە جیاتی وشەی «گوتی» بەکاردێت، کۆما (،) لە جیاتی وەستانێکی کورت، یان وشەی «هەروەها» بەکار دەهێنرێت.

(٣٢) پسپۆرێکی ئابووری: ژنان خۆیان لەبواری ئابووری نایەنە پێشەوە

(٣٣) لە دیوی ئێران: باری خەڵک نالەبارە، ڕژێم لە قەیرانە

(هاوولاتی، ژمارە ٣٢٥، ٧ ٢٠٠٧)

دیارە دووخاڵی (:) مانشێتی یەکەم (٣٢) لەگەڵ هی دووەم (٣٣) جیاوازە و مانای جیاواز دەبەخشێ. لە هی یەکەمدا بەمانای «گوتی» هاتووە، بەڵام لە هی دووەمدا بە مەبەستی لێک جیاکردنەوەی دوو شت هاتووە «دیوی ئێران» و «باری خەڵک».

ئەگەر سەیری ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە لە کوردیدا تا ئێستا سیستەمێکی خاڵبەندی ڕێکوپێک و ستاندەرد نییە، هەر نووسەرە و بە ئارەزووی خۆی لە کوێ بیەوێ کۆما، یان خاڵ بەکار دێنێت، ئەمەش پشێویەکی لە بواری خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی دروست کردووە. دەکرێ زمانزان و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گردبوونەوەیەک دروست بکەن و تێدا بڕیار لەسەر خاڵبەندییەکی گونجاو بدەن و ئەم پاشاگەردانییە کۆتایی پێ بێنن. زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهان دەلیلی تایبەت بەخۆیان هەیە و ڕێنمایی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان دەکەن کە دەبێ پابەندبن بە ڕێنووس و خاڵبەندی ستانداری وڵات، بەڵام ئەمە تا ئێستا لە کوردستان نەکراوە.

٣-٦ فرێز یان ڕستە

مانشێتەکان هەمیشە ڕستەی تەواونین، زۆر جاران تەنیا لە فرێزێک، یان چەند فرێزێک پێک دێن، بۆ نموونە:

(٣٤) هونەری شیعر.

(٣٥) حکومەت و تەقینەوەکەی ئەمجارەی شاری هەولێر.

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤١، ٧ ٢٠٠٧)

مانشێتی یەکەم (٣٤) تەنیا لەیەک فرێزی ناوی پێک هاتووە، مانشێتی دووەمیش (٣٥) لە دوو فرێز پێک هاتووە کە بەهۆی ئامرازی پێوەندی (و) بەیەکەوە بەستراون.

هەندێ جار لە مانشێتدا کۆمەڵێک ناو بەدوای یەک ڕیز دەکرێن.

بۆ نموونە:

(٣٦) کاریگەری نێگەتیڤی کۆمپیوتەر

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤٢، ٧ ٢٠٠٧)

لەگەڵ ئەمەشدا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مانشێت لە ڕستەیەکی سادە پێک هاتووە ( سەیری مانشێتەکانی ژمارە ٢٩ و ٣٠ بکە)، هەندێ جاریش مانشێت لە ڕستەی لێکدراو پێک دێت (بڕوانە مانشێتی ژمارە ٣٣) یانیش لە ڕستەی داڕژاو پێک دێت (بڕوانە مانشێتی ژمارە ٩).

٣-٧ بکەر نادیار و بکەر دیار لە مانشێتدا:

لە مانشێتدا زیاتر فەرمانی بکەر دیار بەکار دەهێنرێت، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دڵنیایی لای خوێنەر دروست دەکات و زیاتر جێگەی بڕوایە.

(٣٧) ئێران چەند ناوچەیەکی حاجی ئۆمەران تۆپباران دەکات

(هەولێر پۆست، ژمارە ١٤٤، ٧، ٢٠٠٧)

دیارە لە مانشێتی ژمارە (٣٧)دا بکەرەکە بە ئاشکرا دیارە کە ئێرانە، بەڵام ئەگەر نووسەر بیویستایە تۆمەتی تۆپبارانکردنەکە نەداتە پاڵ ئێران، یانیش دڵنیا نەبوایە لەوەی کە کێ ئەم کارەی کردووە، دەیتوانی بەم شێوەیە مانشێتەکەی داپڕشتایە و ڕستەکەی بکردبا بە بکەر نادیار:

(٣٨) چەند ناوچەیەکی حاجی ئۆمەران تۆپباران دەکرێت.

لە مانشێتی ژمارە (١٧)دا کە دەڵێ «بەرپرسە حکومی و حیزبییەکانی باڵەکەی نەوشیروان موستەفا ڕووبەڕووی لابردن و پەراوێز خستن دەبنەوە» دیارنییە کە کێ ئەم بەرپرسانەی لابردووە، یان پەراوێز خستووە. لەوانەیە نووسەری مانشێتەکەیان ڕۆژنامە نووسەکە بزانێ کە کێ ئەم کارە دەکات، بەڵام بە ئەنقەست بیشارێتەوە، یانیش لەوانەیە بەڵگەی تەواوی لە دەست نەبێ و نەوێری ڕستەکە بکاتە ڕستەیەکی بکەر دیار، لەوانەشە هەر بەڕاستی نەزانێ کێ ئەم کارە دەکات. زۆر جاریش ڕستەی بکەر نادیار بەمەبەستی شاردنەوە یان کەم کردنەوەی ڕۆڵی کەسایەتییەک بەکار دەهێنرێت.

٣-٨ بەکارهێنانی کەسی سێیەم لە مانشێتدا.

بۆ ئەوەی دەقە ڕۆژنامەوانییەکان، بەتایبەتی مانشێت، بابەتیانە بێنە بەرچاو، زۆرجاران نووسەرانی ئەم بوارە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی کەسی سێیەم لە جیاتی کەسی یەکەم. کەسی یەکەم لەم بوارەدا زۆر گونجاو نییە، چونکە زیاتر لە تێکستە خودیەکاندا بەکاردەهێنرێت. ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی ڕاستی و بڕوای جەماوەرەکەی لە دەست نەدا پێویستی بە بەکارهێنانی کەسی سێیەم هەیە. بۆ نموونە:

(٣٩) هاووڵاتی چەند ڕاپۆرتێکی سیخوڕیکردن ئاشکرا دەکات

(هاووڵاتی، ژمارە ٣٢٣، ٧، ٢٠٠٧)

- هەرچەندە ئەم مانشێتە (٣٩) لەوانەیە لەلایەن سەرنووسەر یان کەسێکی نێو هاووڵاتی نووسرابێ، بەڵام «هاووڵاتی» لێرەدا بووە بە کەسی سێیەم، بۆ ئەوەی بێ لایەنی و بابەتیانەیی نووسەرەکە بپارێزرێت. ئەگەر بگوترایە «ئێمە چەند ڕاپۆرتێکی سیخوڕیکردن ئاشکرا دەکەین» هەواڵەکە زۆر کاریگەری نەدەبوو و نەدەبووە جێگەی باوەڕی خوێنەران.

## ٤- ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووینەتە چەند ئەنجامێک کە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

١- مانشێتی ڕۆژنامەکان لەبەرئەوەی خاوەنی دیسکۆرسێکی تایبەتن بە فۆرمی جیاواز دەنووسرێن.

٢- مانشێت دەبێ ئاماژە بەکرۆکی تێکستە ڕۆژنامەوانییەکان بدات و بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکان، لە بۆشاییەکی زۆر کەمدا، بەخوێنەران بگەیەنێت.

٣- دەکرێ مانشێت ڕستەیەک، فرێزێک، کۆمەڵە وشەیەک یان تەنیا یەک وشە بێت.

٤- لە ڕووی فۆرمەوە، مانشێت دەبێ جوان و سەرنجڕاکێش و ئەندازەیی بێت، بەخەتێکی تۆخ و فۆنتێکی گەورە بنووسرێت.

٥- زۆر فۆرمی بەناوبانگی نووسینی مانشێت هەیە کە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەکار ناهێنرێت، یان زۆر کەم بەکاردێت، وەکو هەرەمی سەراوژێر و مانشێتی پلەدار.

٦- لە مانشێتدا تەنیا وشە سەرەکییەکان دەنووسرێن، وشە لاوەکیەکان زۆرجار لادەبرێن و پشت گوێ دەخرێن، هەر وشەیەک کە بەکاردێت دەبێ ماناداربێ و سەنگین بێ و لە شوێنی گونجاوی خۆی بێت.

٧- مانشێتە کوردییەکان تا ڕادەیەک درێژن و کەم جار بنەما زمانییەکانیان تێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش لەوانەیە بۆ نەشارەزایی و نا ئەکادیمی نووسەرەکانی ئەم تێکستانە بگەڕێتەوە.

٨- لەبەر ئەوەی مانشێت تایبەتمەندی خۆی هەیە، وشەی تایبەتی تێدا بەکار دەهێنرێت. وشەکان دەبێ سەرنجڕاکێش و بەکاریگەر و کورت بن، لە هەمان کاتیشدا نابێ هەستی خەڵک بریندار بکەن.

٩- باشترین دەمکات بۆ نووسینی مانشێت دەمکاتی ڕانەبردووی سادەیە، چونکە ئەم دەمکاتە بەهای هەواڵەکە زیاد دەکات و سیمای هەنووکەیی و تازەیی پێدەبەخشن.

١٠- لە مانشێتی ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆرجار ئیدیۆم و پەندەکان بەکاردەهێنرێن.

١١- خاڵبەندی ڕۆڵێکی زۆر مەزن لە نووسینی دەقە

ڕۆژنامەوانییەکان دەگێڕێ، بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردیدا سیستەمی خاڵبەندی جێگیرنییە، ئەوا پشێوی و بێ سەروبەرییەک تێبینی دەکرێت.

١٢- بکەر نادیار و بکەر دیار دوو حاڵەتی فەرمانەکانن و زۆر لە مانشێتی ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەکاردێن. بکەر نادیار بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی هەواڵەکە و کەسی قسەکەر بەکار دێت، بەڵام بکەر دیار زیاتر خوێنەران بۆ لای خۆی کێش دەکات.

١٣- بۆ ئەوەی مانشێت بابەتیانە دابڕێژرێت، پێویستی بە بەکارهێنانی کەسی سێیەم هەیە لە جیاتی کەسی یەکەم.

٥- لیستی سەرچاوەکان


**1- Caystal, D. (1992). An Encyclopedic Dictionary oF Language and Langnages. Oxford: Blackwell.**

**2- Launterer, J. (1986). Community Journalism (2nd Edition). USA: Iowa state University Press.**

**3- Swan, M. (2005). Practical English Usage. Londo: Oxford Universitu Press.**

**4- Shams, M.R. (1999). Practice With newspapars. Asfahan.**

**5- Crump, S. (1974). Fundamentals of Journalism. USA: librany of Journalism.**

**6- Abdul, Jamal. (2006). A Dictionary of communication. Slemani: Sardam.**

٧- سەیری سەرچاوەی ژمارە (٥) بکە

**8- Baddock, B. (1988). Scoop!: communication Activities with British Newspapers. UK: prentice Hall Internatinal.**

**9- Reah, D. (1998). The language of Newspaper. London: Routledge.**

١٠- سەرچاوەی ژمارە (٣)

١١- سەرچاوەی ژمارە (٨)

١٢- سەرچاوەی ژمارە (٢)

**13- Truman, (2006). Theories and Practices in Newspaper. cited in (http: // WWW. introduction to headline. com)**

**14- Beare (2007). Newspaper Headlines. cited in www. newspaper headlines. htm.**

**15- Stovall, J. G. (2006). Writing for the Mass Media. (Sixth Edition). Boston: Pearson.**

**16- Sanderson, Paul. (2004). Using Newspapers in the Classroom. Cambridge university Press.**

**17- Rich, Carole. (2003). Writing and Reporting News. (4th Ed.) Australia: Thomson.**

**18- Rasul, K. A. (2006). the syntax of Journalism With Reference to English and Knrdish. Hawler: university of Salahaddin.**

# مێژووی ڕامیاری کوردو کوردەکانی قوم

عەباس سلێمان سمایل




بەپێی بەڵگەنامەکان و قسەی تۆژەرەوان پارسان و ئێزدی ڕەسەنترین دانیشتوانی ئەمڕۆی کوردستانن و لە نەوەی گەلانی کۆنی کوردستانن، بەتایبەتی (کاردا). بەشی هەرەزۆری (کاردا)ش لە ئوستانی مووسڵ و دهۆک و حەسەکەو جزیرەو سەرحەد نیشتەجێ بوون، ئیتر کاردا و هەموو گەلانی کۆنی کوردستان لەسەر ئایینی میهر پەرستی بوون، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی لە کوردستاندا، ئەوانەی لەسەر ئایینی میهرپەرستی مانەوە بە دێوەسنا (دێو پەرست) ناویان دەبردرا، دواتر دێوەسنا گۆڕا بۆ داسنی و داسنیش گۆڕدرا بۆ ئێزدی.

بۆ یەکەمین جار ناوی گەلی کاردۆی بە ڕیشە ئاری نەژاد کە لە خشتە قوڕینێکی ئاشووریدا خراوەتە ڕوو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار ساڵی پێش زایین و لەوێدا باس لە وڵاتی کاردا (کارداک) کراوە، کە ناوچەی وان و دەوروبەری دەگرێتەوەو چەند قەڵایەکی سەختیان هەبووە، هەروەها لاگاش ئادارنای لە (٢٤٠٠ پ.ز)دا، باس لە گەلێک دەکات بەناوی کاردا، هەروەها لەسەر بەردێک لەشێوەی سەکۆی سۆمەرییەکان وشەی کارد وەک ناوی ناوچەیەک نووسراوە، لەسەردەمی پاشایەتی گیمیل سین کە لە زنجیرەی سێیەمی پاشایەکانی ئور بووەو لە سەدەی (٢٢ پ.ز)دا لە لایەن ئەو پاشایەوە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە میرێکی بەتوانا سپێردراوە کە ناوی (وەردنر) بووە.

دواتر لەسەرچاوە ئارامییەکاندا ناوی کاراو کاردۆیان گۆڕیوە بۆ قاردا و قوردۆ. لە زمانی خودی گەلەکەشدا بە (کورد) خۆیان ناودێر کردووە.

هەروەها لەسەرچاوە ئارامییەکان و بەتایبەتیش لەسەرزاری پیاوانی ئایینی مەسیحیدا کوردستانیان بە (بێت قوردۆ) ناو بردووە.

یۆنانییەکانیش ناوی کوردیان بە کوردۆخ و ئەرمەنییەکانیش ناوی کوردیان بەکورچیخ هێناوە، هیچ سەرچاوەیەکیش ئاماژەی بە گەلی ئاشووری، یان کلدانی لەسەر خاکی کوردستان نەکردووە. گەرچی ناوی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریەکان لە کوردستاندا وەک دەسەڵاتێک هاتووە بۆ نموونە لە (١٠٠ز)دا ناویان بەتیاری هاتووەو ئاماژە بەوە دراوە کە باوەڕیان بە ئاینی زەردەشتی بووە و دواتر بوونەتە مەسیحی و بەزمانی کوردیش قسەیان کردووە.

تاکو ئەمڕۆش مەسیحییەکانی کوردستان بەکوردی موسڵمان دەڵێن قوردایێ، ستراپۆن هەر لەسەرەتای زایینەوە کوردی بە نەوەی کاردۆ ناو هێناوەو دەڵێت لە پێدەشتەکانی دەوروبەری دیجلە نیشتەجێن.

لە کتێبی (کتاب الرؤساء) کە لە

دانانی (تۆما اسقف المرج)ەو بەر لە ١١٠٠ ساڵ دایناوە و لەساڵی (١٩٦٦)دا لە (مووسڵ) لە چاپ دراوە، باس لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لە کوردستاندا دەکات و دەڵێت پیاوانی ئایینی مەسیحی کە لە شامەوە گەیشتنە کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە دەچنە هەر ناوچەیەک دانیشتوانەکەی بە مەجوسی ناودەبەن، واتە زەردەشتی، بەر لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش لە کوردستاندا توانیویانە کوردێکی یەکجار زۆر لە ئایینی زەردەشتی و میهر پەرستی و بت پەرستی و مانی و مەزدەکییەوە بکەنە مەسیحی و دواتریش بەهۆی کردنەوەی قوتابخانە لە کەنیسەکاندا بە درێژایی مێژوو فێری زمانی ئارامی، واتە زمانی مەسیحی بوون و دابڕاون لە نەتەوەکەیان واتە نەتەوەی کورد، ژمارەیەک لە کوردیش بەر لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بوون بە جوولەکەو بەهەمان شێوە لە کورد دابڕان، بە گوێرەی بەڵگەکان و قسەی گەڕیدەو توێژەران کوردانی موسڵمان و ئێزدی و زۆربەی مەسیحی و جوولەکەی کوردستان یەک ڕەگەزن و هەر جارەی ئایینێک لە نێوانیاندا بڵاودەبێتەوەو بەشێکیان لە نەتەوەی کورد دادەبڕێن و پەرستگاکانیشیان دەکەنە پەرستگا ئایینی نوێ، وەک گۆڕینی ئاتەشگەکانی بادینان بۆ کەنیسەو دێر، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ژمارەیەک لە هۆزی کوردە کە بەشێکیان موسڵمان و بەشێکیان ئێزدی و بەشێکیشیان فەلەن.

لەوانە هۆزی گەردییە کە بەشێکیان موسڵمان و بەشێکیان مەسیحییە بۆ نموونە (سەرکیسی ئاغاجان و ڕێبوار یەڵداو فەرەنسۆ هەریری) لە هۆزی گەردین ئیتر لە زۆر کۆنەوە کورد لەژێر گوشاری ئایندا تواوەتەوە، بۆ نموونە کە ئایینی ئیسلام لە کوردستان بڵاودەبێتەوە ژمارەیەکی زۆری کوردی زەردەشتی لە شاری باکۆوە بۆ هیندستان ڕەودەکەن، کە ئەمڕۆش ژمارەیان لە دەوروبەری چارەکە ملیۆنێکەو چوارسەد ماڵی کوردی مەسیحیش لە شاری ئورفاوە بۆ هیندستان ڕەودەکەن و لە هیندستانیش هندیەکی زۆریش دێنە سەر ئایینەکەیان و ئەمڕۆش ژمارەی مەسیحییەکانی هیندستان چوار ملیۆنە، بەڵام بە داخەوە زمانی زەردەشتییەکان لە بۆتەی زمانە هیندیەکاندا دەتوێنەوە، لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لە کوردستانی باشوورو ڕۆژئاوادا خەریکە مەسیحییە کوردەکان لە بۆتەی عەرەبدا دەتوێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کۆچیان بۆ بەغداو شارەکانی دیکەی عەرەب کرد هەروەها مەسیحییەکانی حەلەبیش کە ژمارەیان دەوروبەری بیست هەزار کەسێک دەبێت تا (٦٠-٧٠) ساڵ لەمەوبەر، بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، کەچی نەوەی نوێ خەریکە لە بۆتەی عەرەبدا دەتوێنەوەو ئەمڕۆکەش هەرە بەتەمەنەکانیان بە کوردی دەدوێن، هەروەها دوای یەکەمین جەنگی جیهانیش لە ئێراندا بەکاریگەریی مەزهەبی، کوردی لوڕیان لە کوردستان دابڕی و تا ئێستاش ئەم هەوڵدانە بەردەوامە لە دابڕینی دانیشتوانی هەردوو ئوستانی ئیلام و کرماشان. لە عێراقیشدا هەوڵدان بەردەوامە بۆ دابڕینی ئێزدی و مەسیحی و کاکەیی و فەیلی لە نەتەوەکەیان.

گەورەترین ناحەقییەکیش کە، ئایینی مەسیحی لە کوردی کردووە ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کوردی لەژێر کاریگەری ئاییندا لە نەتەوەی کورد دابڕیوەو ئەمڕۆکەش خاکی کوردستان بە خاکی ئاشووریان دەزانن، کەچی مێژوونووسان دەڵێن ئاشووری ئاینێک بووەو دەستەی فەرمانڕەواشیان سامی بوون، لە هەمان کاتدا پیاوی ئاینی بوون و دواتر بەدەستی میدیەکان لە ناوچوون، بەڵام ناوی ئاشووری ئەمڕۆکە مەسیحییەکانی کوردستانی باکووری پێ ناو دەبەن.

لە دەوروبەری یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لەلایەن بەریتانیاوە کرایە نازناوێکی ئەو مەسیحیانە کە مەبەستی لەوەدا دابڕینی بەشێک لە خاکی کوردستان بوو، مەبەستەکەشیان زیاتر ئابووری و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بوو هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵانی (١٥٠٠-١٦٠٠ز)دا، ئەورووپییەکان زۆر هەوڵیان دا ژمارەی مەسیحییەکانی کوردستان زیادبکەن، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بێت بۆ تێکەولێکە لەگەڵ ناوچەکە، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتنی بەدەست بێنن، مەگەر لێرەو لەوێ کوردێکی ئیسلام بوو‌بێتە مەسیحی، بۆ نموونە بنەماڵەیەکی مەسیحی بەناوی (بیت کوردی) لە شارۆچکەی ئەلقوش هەیە، لەوانەیە ئەم بنەماڵەیە ئیسلام بووبێتن و پاشان بووبێتنە مەسیحی.

ئیتر هەوڵدان بەردەوامە لە تواندنەوەو بێ هێزکردنی گەلی کورد، کوردیش دەبێت وشیاربێت لە تەونی و بستی دوژمنانی.

### ناوەرۆکی کتێبەکە

ئەم کتێبە بریتییە لە (١٢٩) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی، کە لەلایەن ئایەت محەمەدی کەلهوڕ نووسراوەو (وریا قانیع) لە زمانی فارسییەوە

وەریگێڕاوەو سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی (نما) لەساڵی (٢٠٠٦)دا بەچاپی گەیاندووە.

## پێش وتار

نووسەر لە پێش وتارەکەیدا چەندین پرسیار لە خۆی دەکات دەربارەی ڕەگەزی کورد، واتای وشەی کورد، نیشتمانی کورد، هۆی سەرکوت کردنیان، دواتر باس لە دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی کورد دەکات، کە بە درێژایی مێژوو بەرگریان لە کوردستان کردووە زۆرجاریش دوژمنان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان بەکاریان هێناون وەک عوسمانییەکان کە دژی سەفەوییەکان بەکاریان هێناون و لە ئەنجامدا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

ئینجا باس لە کوردانی قوم دەکات، کە زیاتر لە ئەنجامی لەناوچوونی دەسەڵاتی (کەریم خانی زەند)ەوە بۆ ئەوێ ڕاگوێزراون.

## بەشی یەکەم

## گەڕانێک بەناو مێژووی گەلی کورددا

نووسەر دەڵێت مێژووی گەلی کورد زۆر سەیرو سەمەرەیەو تۆژینەوەیەکی تێرو تەسەلی دەوێ و نووسەران و گەڕیدەکانیش دەربارەی ڕەگەزی کوردو نیشتمانی سەرەتاییان هەریەکەو بۆچوونی تایبەتی هەیە لەمەڕ مێژووی کوردو چەندین نووسراویان لەم بارەیەوە نووسیووە.

دواتر نووسەر بەدرێژی لە واتای وشەی کوردی کۆڵیوەتەوەو بە بۆچوونی ئەو بەر لە کۆچی گەلانی ئاری نەژاد، یا ئێرانی بۆ کوردستانی ئەمڕۆ.. ژمارەیەک گەل و نەتەوەی نزیک بەیەک نیشتەجێ بوون، وەک؛ کاشی، لۆلۆ، گۆتی، هوری، ئورارتوو وکاردا و،... ئەمانەش باوانی کوردانی ئەمڕۆن، دواتر ئەمانە لەگەڵ گەلانی ئاری نەژاردا لەناو یەکتردا تواونەتەوەو بەناوی کاردۆ ناسراون، دواتر کاردۆ بوو بەکاردا، کاردۆخی، قوردۆ، قوردو، کورد.

ئاشوورییەکان ناوی ئەو گەلەیان بە ناوی کاردا، کارداکا هێناوە، ئەکەدییەکان لە ساڵی (٢٤٠٠ پ.ز)دا بەناوی کاردا، ناویان هێناون.

ڕەشید یاسەمیش دەڵێت، وشەی کورددا لەسەر بەردێک لە شێوەی سەکۆ لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا نووسراوە.

دووریش نییە هەندێک لەکاردا- کوردان دوای بوونیان بە مەسیحی بەکلدان ناسرابێتن. ئەگەر لە خلد، خلدی کە بەشێک بوون لە ئورارتوو نەهاتبێتن.

سترابۆن جوگرافی ناسی یۆنانی دەڵێت: لەسەرەتای زایینییەوە لە پێدەشتەکانی دیجلە، هۆزێک بە ناوی کوردین، کە نەوەی کاردۆن ژیاون و خاوەن شارو قەڵای مەحکەم بوون.

لە زەمانی بابلی و ئاشووریدا، کاردۆ واتای هێزو پاڵەوانی گەیاندووە، ئیتر زاناکان دەڵێن خلدی، خالدی، کالدی کاردا هەموویان یەکن و وشەی (خلدی)یش سۆمەرییەو ئاشوورییەکان ئەوانیان بە ئورارتر ناوبردووە.

## زێدگەی کورد

نووسەر دەربارەی زێدگەی کوردان واتە شوێنی بنەڕەتییان، کۆمەڵێک بیروڕای خستۆتە ئاراوە، لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسانە دەربارەی ڕەسەنی کوردان، نووسەریش بۆ لێکۆڵینەوەکەی زیاتر پشت بە نووسینەکەی (کمیل سین)ی پاشای ئور بەستووە، کە لە ساڵی (٢٢٠٠ پ.ز)دا ناوی هۆزێکی بەناوی گورد هێناوە، دواتر نووسەر دەڵێت، ئەمڕۆش کوردان بەلاوەکانیان دەڵێن خورتۆکە لەوانەیە هەر غوردۆ و کوردۆ بێت، کەواتای پاڵەوان دەگەیەنێت، خورتیش لە زمانی کوردیدا واتای چالاک دەگەیەنێت هەندێکیش لەو بڕوایەدان بەر لە (٤٠٠٠ پ.ز) خەڵکانێک لە باشووری ڕووسیاوە کۆچیان بۆ چیاکانی زاگرۆس کردبێ و لەوێ نیشتەجێ بووبێتن، کە پێیان گوتراوە ئازیانیک، دواتر هەر ئەم ناوە گۆڕدرابێت و بووبێتە کورد.

دواتر نووسەر باس لە هۆزانی ئێرانی نەژاد دەکات کە بەر لە (٢/٠٠٠ پ.ز) لە ئێران نیشتەجێ بوون و لەگەڵ گەلانی کۆنی کوردستان تێکەڵ بوون و ئەم کوردە ئەمڕۆیان لێ کەوتۆتەوە دواتر ئەمانە بەناوچەکانی دەوروبەری زاگرۆس و ئێراندا بڵاوبوونەتەوە. ژمارەیەکی زۆری کوردانیش لە دەرەوەی کوردستان دەژین و خۆشیان بەکورد دەزانن و هەڵەیە ئەمانە لە بیربکرێن.

## گەڕانێک بەناو مێژووی ڕامیاری کورددا

بەهۆی نەبوونی کیانێکی کوردی، هەمیشە زلهێزان لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیاندا بەکاریان هێناون بە تایبەتی عوسمانی و سەفەوییەکان و قاجارییەکان، ئەگەر لە گوێ و حەمدیشیاندا نەبوونایە، ئەوا دەیانگواستنەوە بۆ شوێنێک، کە مەترسی هێرشی دوژمنی لەسەر بوایە هەروەها زۆرجار سنوورەکانیشیان بە میرو ئاغاو پیاوە دڵسۆزەکانیان پاراستووە، جا بەهۆی ئەم ئەگەرانەوە

لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان لە ئەستەمبوڵ تا دەگاتە باکووری هیندستان و وڵاتی ئەفغان و تاژیکستان و ئۆزبەگستان، کوردان دەبینی، دواتر نووسەر لە بارەی تایفەی کوردانی بەر لە حکومەتی ماد دەدوێت کە ڕۆڵیان لە دروست کردنی، حکومەت و حوکمڕانی هەبووە ئینجا بە درێژی لەسەر مادەکان و میرنشینی کوردان، لەسەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکاندا دەدوێت.

## کوردی تورکیا

دوای ئەوەی کوردستان بەتایبەتی کوردستانی باکووری ئەمڕۆ لەلایەن گرووپە زەردپێستەکانی وەک غەزنەوی، سەلجوقی، قەرە قۆینلۆ، ئاقۆینلۆ، مەغۆل، جەلائیری و دواتر عوسمانییەکان، بەتایبەتیش عوسمانییەکان، بەسوود وەرگرتن لە هاومەزهەبی توانیان کوردان بکەنە لایەنگیری سیاسەتەکەیان و ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز دروست بکەن و کوردان دژ بەسەفەوی و ڕووس بەکاربهێنن، جا بەهۆی ئەم یارمەتییەوە کورد سەربەخۆییەکی تەواوی ناوچەییان وەرگرت و ژمارەیەک میرنشینیان دروست کرد، دواتر هەندێک لەمانە هەوڵی جیابوونەوەیان لە حکومەتی ناوەندی دا، لەوانە میرنشینی بابان و دواتر سۆران و بەدرخانییەکان، عوسمانییەکانش یەک لە دوای یەک لە ناویان بردن، دوای ساڵی (١٩٠٨) و دروست بوونی حزبی (اتحاد و تەرەقی)، کە حزبێکی تۆرانی تورک پەرست بوو، کەوتنە کوشتن و ئازاردانی کوردو ئەرمەن، کە بووە ناڕەزاییەکی توندی کوردان، لە ئەنجامدا چەند شۆڕشێکی یەک لە دوای یەک بەرپابوو، وەک ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئارارات و شێخ ڕەزای دەرسیمی. ئەمانەشی بە ئاگرو ئاسن سەرکوت کرد، ئیتر تا ساڵانی سەرەتای شەستەکان لە کوردستانی باکوور جووڵانەوەی سیاسی سەری هەڵنەدا.

## کوردی عێراق

کوردی عێراق، واتە کوردستانی باشووری ئەمڕۆ، کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە ویلایەتی موسڵ دەناسراو هەرسێ ویلایەتی (وان و دیاربەکرو مووسڵ)ی دەگرتە خۆ ئەمانەش قیسمەتی کوردستانیان پێک دەهێنا لە ئیدارەی عوسمانیدا، جا بەپێی پەیمانی سیڤەر دەبوایە قیسمەتی کوردستان بکرێت بە دەوڵەت دواتر حکومەتی تورکیا توانی ئەم پەیمانە هەڵبوەشێنێتەوەو بەپێی پەیمانێک بەناوی (سایکس بیکۆ) و (لۆزان)، کوردستانی ژێردەستی عوسمانییەکانی بەتەواوی بەسەر سێ دەوڵەتی تازە دروست بووی عێراق و سوریاو تورکیادا دابەش کرد.

## کوردستانی سوریا

بەشێک لە خاکی کوردستان وەبەر سوریا کەوتووە، کە بریتییە لە ناوچەکانی سەرسنووری تورکیا، لە ئوستانی حەسەکەوە تا ئوستانی ئەسکەندەروونە دەگرێتەوە کە گچکەترین بەشی کوردستانەو کەمترین ژمارەی کورد لەم بەشەدا نیشتەجێن، سەرەڕای هەبوونی کورد لە شاری دیمەشق و حومس و حەماو لازقیە، شاری حەلەبیش وەک شاری مووسڵ وایەو فرەڕەگەزە، لە کورد، عەرەب، ئەرمەن، ئاشووری و تورکمان.

سنووری ئەم ناوچانە تا ساڵی (١٩٢١)، دیاری نەکرابوو، بەڵام دواتر فەرەنسا کە ئەوکات حوکمی سوریای دەگێڕا، لەگەڵ تورکیا سنووریان دانا.

ئیتر دوای دەرچوونی فەرەنسا لە ساڵی (١٩٤٧)دا لە سووریا ڕژێمانی ئەم وڵاتە دەستیان بە بەعەرەبکردنی کوردستان کرد و کوردێکی زۆریشیان ئاوارەی ناوچە عەرەبییەکانی سوریاکرد، هەروەها دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٦١)دا بەینی لەگەڵ میسر تێک چوو. لە ساڵی (١٩٦٥)دا زیاتر لە جاران دەستی بە عەرەبکردنی کوردستان کرد، ئیتر بەردەوام کورد لەم بەشەدا دەچەوسایەوەو زیاتر بەهۆی کەمی ژمارەیان و دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی حکومەتی سوریاوە، کە ژمارەیەکی زۆریشیانی هەر بە هاووڵاتی دانەدەنا.

بۆیە بێبەش کران لە خوێندن و ئەرکی سەربازی و کاری حکومی، سەرەڕای بێبەش بوونیان لە مافی ڕۆشنبیری.

## کوردی ئێران

نووسەر دەڵێت: ئەمڕۆکە لە ئێران بە هەڵە تەنیا دانیشتوانی پارێزگای کوردستان (سنە) بەکورد دەزانرێت و دەناسرێن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و کوردستان و لورستان و ئازربایجانی خۆرئاواو هەمەدان و... تاد، لە نێوەندە سەرەکییەکانی کورد بوون و ئێستاش هەر ناوچەی کورد نشین بەشێوەیەک کە لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و.. تاد، دانیشتوانی ئەم پارێزگایانە بەشێوەزاری کوردی جۆراوجۆر (لەکی و کەڵهوڕی و گۆرانی و جافی و هەورامی....) دەدوێن، بەسەرنجدان لە ناوچە جوگرافییەکانی شوێنی

نیشتنەجێبوونیان، دەردەکەوێت. لە خودی شاری هەمەدان- دا ڕاشکاوانە دانیشتوانی بە کوردی دەدوێن و زۆربەی شارو دێهاتەکانی ئەم پارێزگایەش بەشێوەزاری جۆراوجۆری کوردی وەکو لەکی و کەلهوڕی دەدوێن، لە ئازربایجان و کوردستانیش ئاشکرایە کە بە کوردی دەدوێن، بەڵام ئەوەی کە دیارو بەرجەستەیە لە سەردەمی پەهلەوی- دا بۆ یەکەم جار سیاسەتێک بەکارهێنرا، پارێزگەی کرماشان کرا بە پێنج پارێزگە (هەمەدان- کرماشان، ئیلام، لورستان، کوردستان) ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە نیشانی بدەن کە کوردان تەنیا لە پارێزگەی (سنە)دا هەن ئەمەش بۆ ئەوە بوو، کە ئەگەر کوردان لە ئایندەدا ویستیان کوردستان بکەنە وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەوە هەر ئەو ناوچە سنووردارو دیاریکراو و کەم مەودایە، بەناوی ناوچەی کوردنشین، لە ئێران جیا بکرێتەوە.

پاشان نووسەر دەڵێت، بێجگە لە کوردستان واتە ناوچە کوردنشینەکانی ناوبراو، کورد هەر لە کۆنەوە لە چەندین ناوچەی دیکەی ئێران-دا هەبووەو ئەمڕۆکەش ماون، وەک: ئوستانەکانی خۆراسان، گەیلان، مازەندەران، تاران، قوم و سیستان و بەلوجستان و فارس، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات کە هەر ئێرانیش بوو ناوی کوردستانی پاراست. بە ناولێنانی ئوستانێک، کەچی عوسمانییەکان ئازادییەکی زیاتریان بەکورد بەخشیوە لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان، هەروەها ناکۆکی مەزهەبیش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کوردی شیعە مەزهەب لە کوردان دابیڕێن، دواتر بە دوور و درێژی لە جەنگەکانی ئێران دەدوێت، بەتایبەتی یەکەمین جەنگی جیهانی و هێرشی بەریتانیا بۆ سەر باشووری ئێران و بزاڤی ڕزگاری کوردو بەردەوامی لە هەموو کوردستان و ئێراندا.

## لە ڕوخسارە سیاسییەکانی ناسراوی کرماشان لە سەردەمی مەشروتیەتدا

لەم بەشەدا نووسەر باس لە جەنگی هۆزانی کورد دەکات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران، بەتایبەتی لە ئاخروئۆخری قاجاریەکانەوە تا سەردەمی ڕەزاشا، لەوانە جەنگەکانی سمکۆی شکاک و جەنگەکانی هۆزانی لوڕ و کەلهوڕ وگۆران.

نووسەر لە بەشەکانی دوایی کتێبەکە، زیاتر باس لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی هۆزی شکاک و دروست بوون و ڕووخانی کۆماری مەهاباد دەکات، شایەنی باسە حکومەتی ئێران هەمیشە هەموو ڕێگایەکی گرتۆتەبەر بۆ لە باربردنی بزاف و شۆڕشەکانی کورد.

ئەمە جگە لە کپ کردنەوەی دەنگی ئازادی خوازانەی کورد، بەتایبەتی هەر لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییەوە، تاکو ئەمڕۆ پەیمانی سێ قۆڵی و چوارقۆڵی لەسەر لەناوبردنی جووڵانەوەی ڕزگاری کوردستان دەبەسترێت، بۆیە دەبینین هەر لە جەعفەر شکاک و سمکۆی شکاک-ەوە تا دەگاتە قازی محەمەدو قاسملۆو شەرەف کەندی بە فرتوفێڵ شەهیدکراون.

*** تێبینی: مەبەست لە ڕەسەنایەتی ئێزدی و یارسان واتە پەیڕەوانی ئەم دوو ئاینە وەک خۆیان ماونەتەوەو مەگەر بە دەگمەن کەسێک یا هۆزێکی بیانی هاتبێتە سەر ئەم ئاینە.**

*** مرۆڤی نیاندرتاڵ لە کوردستان بەدێو دەناسران، دێویش لە مرۆڤی ئاسایی بەهێزترە، بەڵام ژیرنییە، بەسەدان چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی باسی دێوی کردووە.**

*** پسپۆری شوێنەوارناسی ڕووسی (د. ڤیاچیسلاڤ کۆتۆڤ) کە لەکۆتایی مانگی چواری ئەم ساڵ لەگەڵ شاندێکی شوێنەوارناسی ڕووسی گەیشتە شاری هەولێرو بەڕێزی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ویلایەتی باشکیریای باکووری کازاخستان و ناوچەکانی دەوروبەری چیای ئۆرال کردبوو و دواتر بە چاپی گەیاندبوو، بەڕێزی دەیوت ئەم ویلایەتە ویلایەتێکی کوردیە و دانیشتوانەکەش بەباش کورد ناوی دێن، لەسەردەمی لینینەوە ئۆتۆنۆمیان وەرگرتووە و خۆیان بە کورد دەزانن ناوی هۆزەکانیشیان ئێرانین لەوانە هۆزی (بارزان، یان بۆرزان)ە، بەڵام ئەمڕۆ بەزمانێکی تێکەڵ بەزمانەکانی ناوچەکە دەدوێن کە نزیکە لەزمانی تورکی، هەروەها لەدەوروبەری چیای ئۆراڵیش گوندێکی زۆر دەڵێن ئێمە لەبنەڕەت کوردین هەندێکیش لەمانە خۆیان بەئێرانی دەزانن، جا دوور نییە بەشێکی کورد لەم ناوچانەوە گەیشتبنە کوردستان.**

*** بەقسەی (پیردیا)ی مامۆستای بەشی مێژوو لەزانکۆی گورجستان، دوای ڕووخانی شەدادیەکان کوردێکی زۆر لەبۆتەی ڕەگەزی ئازەری توانەوە و زمانی کوردییان لەدەستدا ئەمانەش لەناوچەی (بۆرچەلیێ) ڕۆژئاوای شاری تفلیس نیشتەجێن و خۆشیان بەکورد دەزانن، یارمەتیشیان لەکۆماری ئازربایجان بۆ دێت، بەناوی ڕەگەزی تورک، دوور نییە ئەگەر حکومەتی کوردستان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات بینەوە کورد.**

**هەروەها ژمارەیەک بنەماڵەی کورد لەسەردەمی تێکچوونی شەدادیەکان لەبۆتەی ڕەگەزی گورجی دەتوێنەوە لەوانە بنەماڵەی (مخار گرجێلی)یە کە ئەمڕۆ لە شاری تفلیس نیشتەجێن.**

*** بەڕێز حەمید گەردی لەکتێبەکەی بەناوی هۆزی گەردی لەکوردستان و جیهاندا لەلاپەڕە(٣٧٩) ئاماژەی بەوە کردووە کە شەهید فەرەنسۆ لەهۆزی گەردییە.**

# ڕێژیسۆر و ڕووناکی

د. فازیل جاف
(سوید)

شانۆ و ڕووناکی پێوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، پێوەندییەک کە لەسەرەتای تەمەنی دێرینی شانۆدا سادە و خۆڕسک بوو، لە سەرەتادا شانۆ ئاوەڵە و کراوە بوو، لەبەر تیشکی هەتاو پێشکەش دەکرا، بەڵام شانۆ تا دێت لە سەرچاوە سروشتئامێزەکەیەوە دوور دەکەوێتەوە و ڕوو لەپیشەسازی و تەکنۆلۆژی دەکات، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئێستا بۆ پتر لە سەد ساڵێک دەچێت تەکنیکی ڕووناکی شانۆ تەواو پێبەندە بە تەکنۆلۆژییەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە شانۆ وەکو گوتمان لە شوێنی ئاوەڵە و لەبەر تیشکی هەتاودا نمایش دەکرا، پاشان بەتایبەتی لە سەردەمی شەکسپیردا، لەبەر ڕۆشنایی مۆم و مەشخەڵ و چرادا نمایش دەکرا، ڕووناکی هەروەها دەلالەت و ئاماژە بوو بۆ کات، مۆم و مەشخەڵ و چرا سەرەڕای ڕۆشنکردنەوەی دیمەن، هێما بوو بۆ شەو و ڕۆژ.

بەڵام کە کارەبا پەیدابوو، لەو ساتەوە ڕەوتی پێشکەوتنی تەکنیکی ڕووناکی لە شانۆدا ئەوەندە خێرا دەڕوات و لە پێشکەوتندایە کە زۆربەی زۆری شانۆکانی جیهان فریا ناکەون زۆربەی زۆری مۆدێلە نوێیەکانی پیادە بکەن.

ئەمڕۆ ڕووناکی شان بەشان لەگەڵ سینۆگرافیادا بوارێکی گەورە و وزەیەکی بێ ئەندازەی بەخشیوەتە شانۆ، کە وەستا داهێنەرەکانی شانۆی نوێ لە سەدەی ڕابردوودا، وەکو کرەیگ و مییرهۆڵد و ئاپیا، مەگەر هەر لە خەون و خەیاڵ وێنەیان کێشا با.

لەگەڵ پەیدابوونی ئەلکتریکدا فەزا و سینۆگرافیا و ڕەنگ لەسەر شانۆدا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. جاران، واتە لە سەرەتای مێژووی شانۆدا تیشک یەک ئەرکی سەرەکی هەبوو، ئەویش ڕۆشنکردنەوەی ئەکتەران



و فەزای نمایش بوو، بەڵام ئێستا ڕووناکی چەندین ئەرک و بەکارهێنانی دیکەی هەیە، کە نە شانۆ دەتوانێت دەستبەرداریان بێت و نە ڕیژیسیۆریش دەتوانێت لێیان دوورەپەرێز بێت. ئەم ئەرک و وەزیفە گرنگەی ڕووناکی لە شانۆدا پێویستی بە بوونی پسپۆڕ و داهێنەرێکی دیکە کرد، ئەویش پسپۆڕی ڕووناکییە، کە ئێستا لە شانۆی هاوچەرخدا ناوی لەگەڵ ناوی ڕیژیسیۆر و سینۆگرافدا لە پێشی پێشەوەدایەو لە ڕەخنە و پرۆگرامی نمایشدا جێگایەکی تایبەتی هەیە.

ڕووناکی ئەرکی سەرشانی هەموو داهێنەرانی شانۆی سووک کردەوە. ئەکتەر لە قۆناخەکانی سەرەتای مێژووی شانۆدا دەبوایە خۆی و بە نمایشی خۆی، بە دەنگ، بە جەستە، بە هەست و نەست جەو دروست بکات، ئێستا ڕووناکی بۆی دەڕەخسێنێت، یان یارمەتی ئەکتەر دەدات لە ڕەخساندنی جەو و میزاجی دیمەنەکەیدا.

**یووسف سڤابۆدا**

بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر پێشکەوتنی تەکنیکی ڕووناکی نەبوایە، شانۆی مۆسیقایی ئێستا لەکوێ دەبوو، پێت وایە ئەوەندە پێشکەوتبایە.

وا بزانم کاریگەرێتی دەستکەوتەکانی گەورە داهێنەری چیکی ئەم سەردەمە یووسف سڤابۆدا لە بواری تیشک و داهێنانی تەکنیکی سایکۆپلاستیکدا، کە تەکنیکی دروستکردنی هەموو شتێکی موجەسەمە هەر بە ڕووناکی، بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە پێشخستنی هونەری نمایش لەم پەنجا ساڵەی دواییەدا.

بەڵام ڕاستییەک هەیە ناتوانین فەرامۆشی بکەین، ئەویش ئەوەیە کە گەلێک ڕیژیسیۆری بە توانا هەن کە بە ئاستەم دەتوانن سوود لە بوارە لەبن نەهاتووەکانی تەکنیکی ڕووناکی ببینن. ئەو ڕیژیسیۆرانە ئەوانەن کە نازانن تەکنیکی ڕووناکی چ وزەیەکی لە سنوور بەدەری هەیە و گەشەو پێشکەوتنی لەم سەردەمەدا لە چ ئاستێکدایە. ڕیژیسیۆر بە قەد ئەوەی گرنگی بە فەزا و سینۆگرافیا دەدات، دەبێت بە قەد ئەوەش گرنگی بە ڕووناکی بدات، چونکە تەواوکەری یەکدین.

هەروەک چۆن سینۆگرافیا فەزا و زەمن وکات و جەو دەخوڵقێنێت، بە هەمان شێوە ڕووناکیش فەزا و کات و جەو دەخوڵقێیت. ئەگەر شارەزاییت لە ڕووناکی کەم بێت، یان نەزانیت بە شێوەیەکی دروست هاریکاری پسپۆڕی ڕووناکی بکەیت، بەرهەمەکەت لەو بوارە بەرینە بێ بەش دەکەیت و لە ئەنجامدا لەنگ دەبێت.

**پلان و دیزاینێکی گونجاوی ڕووناکی**

بۆ جێبەجێکردنی پلان و دیزاینێکی گونجاوی ڕووناکی بۆ نمایشەکەت ئەم خاڵانە لە چاوبگرە:

- با نەخشەی ڕووناکی نمایشەکەت تەواو لەگەڵ پلانی ڕیژیسیۆریتدا بگونجێت، ئەم داخوازییە، لە سەرەتای ڕەوتی هونەری ڕیژیسیۆری گەنجدا ئاسان نییە، چونکە زۆر ئاسانە ڕیژیسیۆری کەم ئەزموون بە تیشکی ئاڵ و واڵ و زەردو سوور شاگەشکە بێت و بخەڵەتێت و چەمکی ڕیژیسیۆری خۆی لەبیر بچێتەوە. دەبێت بزانی چیت دەوێت و گوزارشت لەچی دەکەیت و ڕەوتی نمایشەکەت چۆن دەڕوات و لەکۆتاییدا لەکوێ لەنگەر دەگرێت.
- با هەر لە سەرەتای پرۆڤەکانتەوە پسپۆڕی ڕووناکی هاوشان لەگەڵتدا کاربکات و ئاگاردای هەنگاوەکانت بێت، چاکتر وایە بە وردی هەموو قۆناغەکانی نمایشەکەت و ناوەڕۆک و جەوهەری شانۆنامەکەت و فۆرم و داڕشتەکان و گۆڕانکارییەکانی بۆ شی بکەیتەوە.

نەک هەر ئەوەند دەبێ بە ڕوونی مەبەستەکانی خۆتی بۆ شی بکەیتەوە، چیت دەوێت و چۆنت دەوێت.

- ئەو وردەکارییانەی کە لە ڕێگای ڕووناکییەوە بەرجەستە دەکرێن، گەلێ زۆرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بوارو ئیمکانیاتی نوێ لەمەیدانی بەکارهێنانی ڕووناکیدا دێتە کایەوە.
- گەلێک بیرو وێنەی هونەری جوان بە مێشکتدا تێدەپەڕێت، کەچی ڕەنگە بەدیهێنانیان لە ڕێگای

ڕووناکـییـەوە لەوەش ئاسـانتـر بێت کـە تۆ بیـری لێ دەکـەیتـەوە، هەندێک جـار ڕێژیسـێـۆری قـوتابی، یان ڕێژیسێۆری لاو و کەم ئەزموون پەی بەو بوارانە نابات.

## ئەرکەکانی ڕووناکی

بەشێوەیەکی گشتی ڕووناکی چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

– نەک هەربوونی ئەکتەرەکان و سیما و دەم و چاویان ڕوون دەکاتەوە، بگرە ئەو شوێنانەشت بۆ دەشارێتەوە کە تۆ ناتەوێ پیشانیان بدەیت.

– جـەو و ئەتمۆسـفیـر و مـیـزاج و دەمـاخی گـشـتی دیمەنەکەت بۆ بەرجەستە دەکات.

– سـەرنجی بینەر بۆ ئەو کـەسـە، ئەو دیمەنە، ئەو شـتـە ڕادەکێشێت کە تۆی ڕێژیسـێـۆر مـەبەسـتـتـە. هەروەها سـەرنج و فـوکس لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێک، یان لە کەسێکەوە بۆ کـەسێکی دیکە دەگۆیزێتـەوە کە ئەمـە لە زمانی نمایشدا کارێکی گەلێک گرنگە.

– ڕووناکی زەمەن و شوێن دەستنیشـان دەکات و کات دەگـۆڕێت: کـاتی ڕوودواوەکـان، شـەو و ڕۆژ و بەیانی و ئێوارە، لە ڕێگای ڕووناکییەوە دێنە گۆڕان.

کـە ڕێژیسـێـۆر توانای بەسـەر ئەم ڕەهەند و ئەرکـە گرنگەی ڕووناکیدا شکا و شارەزاییانە مامەڵەی لەگەڵدا کـرد، تێـدەگـا کـە ڕووناکی لەم وەزیفـەیەدا کـرۆکی مـۆسـیـقـای بە خـۆە گـرتووە و یەکـسـەر نەبز و ڕیتـمی نمایشـەکـە دووپات دەکـاتەوە. بە کـورتی دەتوانی بە ڕووناکی تێمپۆڕیتمی نمایشەکەت بچەسپێنیت.

## ڕووناکی و شێواز

گومان لەوەدا نییە کە لە ڕێگای ڕووناکییەوە دەتوانیت کارەکتەر و شێواز و مۆرکی نمایشەکەت یەکلا بکەیتەوە، بۆ نموونە شـێـوازی ڕۆمـانسی، یان شـێـوازی ڕەمـزی، شێوازی تەعبیری، کلاسیکی، ڕیالیزم، سوریالیزم هەموو ئەم ڕێبازانە، جۆر و ئەندازەی ڕووناکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ڕووناکی ڕۆڵێکی گـرنگ لە چەسـپـانـدنی ڕێبـاز و شوناسنامەی هونەریاندا دەبینێت.

لێـرەدا دەربارەی ڕووناکی و ڕیتم دەبێت ئامـاژە بۆ تێورەکانی ئاپیای سویسری بکەم،

کـە پاش تێـپـەڕبوونی پتـر لە سـەد سـاڵ بەسـەر نووسـینەکـانیـدا، هەر بەگـەورەترین سـەرچاوەی تێـوری تەکنیکی ڕووناکی دادەنرێن.

ئـەمـــڕۆ ڕووناکی ڕۆڵـی جـــۆراوجـــۆری هەیە، لەوانە دەکرێت گەلێ دیمەنی ئەفسووناوی و وێنەی شاعیرانە و دیاردەی سـروشت بەرجـەسـتـە بکات. لەوانە: زەریا و شەپۆلی ئاو، باران و بەفر و تەرزە و باو بۆران و زریان، تەمومژ، برووسکە و هەورە تریشقە، ئاگر، ..تاد..

## کاریگەری پلەی ڕووناکی

هاریکاری نێوان پسپۆرانی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ گـەلێ گـرنگە بۆ دەسـتنیـشـانکردنی پلەی ڕووناکی و کایگەرییان لەسەر ڕەنگەکان.

ڕووناکی وەکو مـۆسیـقـا وایە، دەبێت لەسـەر بناخـەی کات و خێرایی دابمەزرێنرێت.

چەسـپـاندنی کات( توقیت) لەسیستەمی ڕووناکیدا گـرنگە. ئەگـەر کات بەهەڵە بەکاربهـێنرێت بەشـێـوەیەکی نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر نمایشەکەت.

چەندە ڕیتمی ناو دیمەنەکانت بەلاوە گرنگە، ئەوەندەش ڕیتـــمی گـــۆڕان لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، بەتایبـەتی لەکـاتی کوژانەوە و داگیـرساندا گرنگە. واتە دەبێت تاریککردنەکـــان لە چوارچێـــوەی ڕیتـــمـێکی چەسپاودا بن.

پێـوەندی نێـوان دیکۆر و ڕووناکی لە ڕووی قـەوارەوە گەلێ جار شێوەی پێچەوانە وەردەگرێت، مەبەستم ئەوەیە مـەرج نییـە تەنیـا دیکۆری گەورەو ئاڵۆز پێـویسـتی بە سیستەمێکی ڕووناکی ئاڵۆز بێت، بە شێوەیەکی گشتی، پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دروسـتـترە، بۆیە ئەگـەر سـەرنج بدەی، ئەو شانۆنامەیەی نووسەرەکەی لە ڕووی دیکۆر و سینۆگرافـیاوە داواکاری کەمترە، بە شێوەیەکی گشتی جەختێکی زۆر لەسەر ڕووناکی دەکات، چونکە ئەو جەو و ئەتمۆسفیرە و وێنانەی کە لە ڕێگای ڕووناکییەوە لەسەر فەزای بۆشدا دەخولقێنرێن، گەلێ کاریگەرتر و درامیترن.

## ڕووناکی و سنوورەکانی فەزای سەر شانۆ

بە ڕووناکی دەتوانیت بە گوێرەی پێویست فوکس بخـەیتـەسـەر ئەو پانتـاییـەی کـە بێ زیاد و کـەم بۆ نمایشـەکەت پێویستە، بێ ئەوەی کەرەستەی دیکۆر وەکو کـالوس و دیوار تاد.. بەکـار بهـێنت. من پێم وایە سەرنجدانی نمایشـەکانی سەما لەم ڕووەوە بۆ ڕێژیسـێـۆر

گەلێک ئیلهام بەخشن، ئەوەندەی من بزانم کەس لە دەستنیشانکردنی چوارچێوەی فەزای نمایش وەکو پسپۆڕانی سەما بەشێوەیەکی ورد و تەواو سەرکەتوو نییە.

بینەر زۆری پێ خۆشە فوکسی تەنیا بخاتەسەر ئەو شوێنانەی کە نمایشی تێدایە، واتە شوێن دەبێت بەپێی پێداویستی نمایش بەکاربهێنرێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە شوێن دەبێت بەپێی پێویستی نمایش پیشان بدرێت. ئەوی پێویست نەکات پیشان بدرێت، زیان بەخشە، بینەر دەشڵەژێنێت و سەرنجی پەرت و بڵاو دەکات.

بۆ ئەم مەبەستە تا دەتوانی هەوڵ بدە، لە دەستنیشانکردنی پانتایی دیمەن، قەوارەی سینۆگرافیا، بونیادی میزانسینەکان دەست بڵاو مەبەو زۆر بەوردی ڕووناکی بەکاربهێنە.

## با مانگە شەو بێت، بەڵام نەک زۆر تاریک

خامۆشکردنی دیمەن لەپێناوی دروستکردنی جەو بەگشتی پێویستە، بەتایبەتی کاتێک کە چەند تۆنێکی جیاواز بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێن.

شانۆکاران مەیلێکی زۆریان هەیە بۆ بەکارهێنانی ڕووناکی خامۆش، هەندێک جار خامۆشی دەگاتە ڕادەی تاریکی، بەڵام تاریککردن لای بینەر بەدەگمەن نەبێت، خراپ دەشکێتەوە. بینەر وەکو مەسەلەیەکی سایکۆلۆژی چاکتر لەئەکتەر تێدەگات کاتێک سیماو دەموچاوی ڕووناکە و بە جوانی دەبینرێت. دەموچاوی ئەکتەرو کەسایەتییەکەی لە ڕووی فیزیکییەوە بۆ بینەر گەلێک گرنگە، بە مەرجێک لە فەزایەکی ئاوەڵەی دەرەوە نەبێت، تەنیا بەهۆی ڕووناکییەوە پیشان دەدرێت.

نە زۆر کز نە زۆر ڕووناک، یاسایەکە وەستایانی ڕووناکی پێڕەوی دەکەن،. باشترین میتۆد بۆ دۆزینەوەی نەبزی ڕاستەقینە و پلەی ڕووناکی ئەوەیە لە تاریکییەوە دەست پێ بکەیت و هێدی هێدی ڕووناکتر و ڕووناکتر تا دەگەیتە ئەو ئاستەی کە پڕاوپڕی دیمەنەکەیە. بەو شێوەیەیە ئاستی ڕاستەقینەی ڕووناکی دەستنیشان دەکەیت.

## سنووری نێوان تاریکی و ڕووناکی

یەکێک لە شەڕو پێکدادانەکانی ستانیسلافسکی و مەیرهۆڵد لە ستۆدیۆی ١٩٠٥دا لەسەر تاریککردنی



دیمەن بوو. مەیرهۆڵد ئەو دەمە هێشتا لەسەرەتای چەسپاندنی بنەماکانی شانۆی مەجازی و ڕەمزیدا بوو، دیارە تیشکی خامۆش تا ڕادەی تاریکی لای ڕیژیسێرانی شانۆی ڕەمز و مەجاز زۆر پەسەندە. مەیرهۆڵد ئەو دەمە کە زۆر گەنج بوو، یەکێک لە دیمەنەکانی شانۆنامەیەکی میترلینک تەواو خامۆش دەکات، بە ڕادەیەک ستانیسلافسکی لە جەنەڕاڵ پرۆڤەی کۆتاییدا هاواری لێ هەستا کە دەبێت نمایشەکە ڕاگرن، چونکە ئەمە لە ڕووی سیکۆلۆژییەوە بۆ جەماوەر زیان بەخشە.

ڕیژیسێرانی شانۆی ڕەمزی و مەجازی و سیکۆلۆژی و تا دەگاتە شانۆی پۆست مۆدیرنیزم زۆر پەنا دەبەنە بەر تاریککردنی دیمەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی وەستاو کارامەن دەزانن سنوورێک هەیە نابێت ببەزێنرێت، دەنا کاردانەوەیەکی خراپ و نێگەتیڤی دەبێت، بەڵام ڕیژیسێرانی کەم ئەزموون هەندێک جار بەپێی خاوس تێیدەکەون، پەیتاپەیتا دیمەن تاریک دەکەن و ڕووناکی دەکەنەوە و مۆم دادەگیرسێنن و دەیکوژێننەوە بێ گوێدان بە فاکتۆری کات.

بەهەمـان شـێوە، تیـشکی زیاد لە سنووری پێـویست بە ئەندازەی تاریکی زیان بەخشـە، چونکە کـاردانەوەیەک دەخـوڵقـێنێت کـە بەپێـچـەوانەی مـەبەست و ئەرکی دیمەنەکەیە.

## پلەی ڕووناکی

کێ پلەی ڕووناکی نمایشـەکەت دەستنیـشـان دەکـات؟ بێگومـان خۆت وەکـو ڕێژیسـێـر، بە هاریکاری وەسـتـای ڕووناکی، بەڵام دەبێت متـمـانەت بەهێـز و تینی بینایی خـۆت هەبێت. ئەگـەر چاوەکـانت لاوازن، کـە ئەمـە بۆ ڕێژیسـێرێک چل ساڵی تێپەڕاندبێت گەلێک ئاساییە، دەبێت کەسانی دیکە ڕاوێژکارت بن. خۆ ئەگەر چاویلکە بەکاردێنیت، بێ چاویلکە تەماشای نمایشـەکەت مەکە. کەسانێک هەن بیناییـان تیـژترە، وەکو چۆن کەسانێک هەن گوێی مۆسیـقییـان هەیە، کەسانی ئەوتۆش هەن کە چاکتر دەبینن.

من خـۆم لەو ڕووەوە پەنا دەبەمـە بەر ئەوکـەسـانەی بیناییان لە خۆم ڕوونترە.

لە دوا پرۆڤـەکـانی تەرتووفـدا لە لەندەن، هەسـتم کـرد یەکێک لەدیمەنەکـان پێـویسـتـە ڕووناکـتـر بکرێتـەوە، بە ئەندازیاری ڕووناکـیـیـەکـەم گـوت: هەست دەکـەم پلەی ڕووناکییەکە هێشتا نزمە، ناکرێت ئەم دیمەنە ڕووناکـتر بکەین؟

ئەویش پێی گوتم: ئەمڕۆ چاویلکەکانت لە چاودا نین.
لە ڕۆژەوە متمانەم بە چاوەکانی خۆم کەمترە.

## پرۆڤەکانی ڕووناکی

بایەخـێکی زۆر بە پرۆڤـەکـانی ڕووناکی بدە، تەنانەت ئەگـەر ئاسـتـی تەکنیکی ڕووناکـیت سادە و سـاکـاریش بێت، تەنانەت ئەگەر ساکار ترین جۆر و کەرەسەو ئامێری ڕووناکی بەکـار بهـێنیت. تەکنیکی ئـاسـان و سـادە ئەو ناگەیەنێت کـە بێ مەشق و ڕاهێنان لەپێش جەمـهـووردا نمایش بکەیت، چەند پـتـر ڕاهێنان لەسـەر ڕووناکی وتەکنیکی تیــشـک بکەی، ئەوەند بواری دیکەت بۆ دەردەکەوێت، ئەوەندەش ئەکتەرەکانت ئاشنای تیشـک و ڕووناکی دەبن. تەنانەت ئەگەر دیمەنەکەت بریتی بێت لە مێزێک و کورسییەک و ڕووناکیش تەنیا مۆمێک بێت، دەبێت ئەو مـۆمـە چەندین جـار تاقی بکەیتەوە و بزانیت چەند کـاردەکـاتە سـەر میـزاج و جـەوی گـشـتـی و ڕیتم و دەلالات و هێـمـاکـانی دیمەنەکـە. ئەمـە جگە لەوەی کـە لەڕووی سەنعەتیشەوە بە دیقەت و کارامیییەوە مەسەلەی کـاتـی تاریککردن و ڕووناککردنەوە و خـامـۆشکردن و کلیکەکانی گۆڕینی دیمەنەکان ئەنجام دەدەیت.

## چەند ڕاهێنانێک بۆ ڕێژیسێر

هەموو جۆرە ڕووناکییەک لە دوو کانگاوە سەرچاوە دەگرێت، تیشکی سروشتئامێـز و خۆرسک و تیـشکی دەستکرد.

بەراوردکـردنی بەردەوامی سـەرچاوەکـانی ڕووناکی، قووڵبوونەوە لە جیاوازی نێوانیان و تێگەیشتنی ئاستی کـاریگەرێتی هەردوو سەرچاوەکە، ڕاهێنانێکی باشە بۆ ڕێژیسـێر. تەنیا لەبەراوردکردنی هەردووکیاندا دەزانیت کـام ئاست و پلەی ڕووناکیت پێـویسـتـە، هەر ئەمـەش یارمـەتیت دەدات کـە ڕووناکی لەگـەڵ کەشی درامیـانەی دیمەنەکەتدا بگونجێنیت.

## تیشکی خۆڕسک ستاندارت و خاڵی دەستپێکە

بەڵام دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە بنەما و ستاندارت و دەسـتـپـێک هەمـیـشـە ئەو تیـشکەیە کـە سروشت پێی بەخشیوین، دەبێت هەر ئەو بەپێوەر وەربگرین. کە ئاشناو و شارەزای ئەو تیشکە خۆڕسکە بوویت، ئەمجا دەتوانیت بەپێی پێویست دەستکاری بکەیت و سەرلەنوێ بونیادی بنێیت. ئەم بۆچوونە تەنانەت ئەوانەش دەگـرێتـەوە کـە لەسەدەکانی ناوەڕاست و لەناو کلێسە و دەیرەکاندا لەبەر ڕووناکی مۆم و مەشخەڵدا، کە سەرچاوەیەکی خۆرسکە، نمایشیان کردووە. ئەکتەران زۆربەی دیمەنەکانیان دەهێنایە پێشی پێشـەوەی شانۆ تاکو دەموچاویان ببینرێن، بنی بنەوەی شـانۆ بۆ دیمەنی کـورت نەبێت، وەکـو ئێـسـتـا بەکـارنەدەهێنرا، چونکە دیمەنەکـانی بنەوەی شـانۆ بە ئاسانی ڕووناک نەدەکرانەوە.

## ڕەنگ و تیشک

ڕەنگ باشـتـرین پێـوەرە بۆ تیـشک کـە ڕەنگێک هەڵدەبژێریت، هەوڵ بدە پێش هەمـوو شـتـێک پلەی ڕەنگەکە لەبەر تیشکی هەتاودا ساخ بکەیتەوە، چونکە پلەی ڕەنگ لەبەر هەتاودا سـتـانداردە، پاشـان کـاریگەرێتی هونەری دەخرێتـەسـەر. واتە دەتوانین پلەی

خەستی ئەو ڕەنگەو تۆنەکانی بەرزتر، یان نزمتر بکەین.

### بۆ ئەوەی لە واقیع بچێت

هەمـــوو وێنەیەکی ژیان لە ڕەنگدانەوەی تیــشک و سێبەردا خۆی دەنوێنێت، تیشک و سێبەریش لەسەر شانۆدا کرۆک و جەوهەری تەکنیکی ڕووناکین. لەناو پسپۆرانی ڕووناکیدا گوزارشتی "بۆ ئەوەی لەواقیع بچێت" یان "بۆ ئەوەی لە واقیعەوە نزیک بێت" گەلێ باوە.

ئەمە ئەگەر هەر نەبێت وەکو خاڵی دەستپێک گەلێک یارمەتیمان دەدات، پاشانیش دەتوانین وێنەی هونەر بەو شێوەیە بگونجێنین کە خۆمان دەمانەوێت.

### ڕاهێنانێک

سەرنجدانی وێنەی فۆتۆگرافی مەشقێکی باشە بۆ تێگەیشتنی تۆنەکانی ڕووناکی و سێبەر.

فۆتۆگرافە بەتواناکان بایەخێکی زۆریان بە مەسەلەی ڕووناکی و تاریکی داوە، شێوەی دابەشکردنیان و تۆن و ڕیتمیان ژیان و دینامی دەبەخشێت بە وێنەکانیان.

"نەیل فراسێر" کە یەکێکە لە گەورە پسپۆرانی ڕووناکی و مامۆستایە لە ئەکادیمیای مەلیکی هونەری دراما لە لەندەن، پێی وایە باشترین مەشق بۆ تێگەیشتنی تیشک و سێبەر سەرنجدانی بەرهەمی نیگارکێشەکانە، بە تایبەت نیگارکێشەکانی هونەری کلاسیک. تەکنیکی تیشک و سێبەر لەداهێنانی کلاسیکدا بە شێوەیەکی هونەری بەرز ڕەنگ دەداتەوە. فراسێر لە کتێبەکەیدا "دیزاینی ڕووناکی شانۆ" شاکاری چەند نیگارکێشێکی بەریتانی، لەوانەی کە لە مۆزەخانەی لەندەندا دانراون، دەستنیشان دەکات. ئەو پێی وایە ئەو شاکارانە دەکرێن سەرچاوەیەکی گرنگ بن بۆ ئیلهام و داهێنان، جگە لەوەی کە کەرەستەیەکی بەپیتن بۆ مەشق و ڕاهێنان.

### تیشک لە جووڵەدا

هیچ کام لەو ئامراز و کەرەستانەی کە لەسەر شانۆدا بەکاردەهێنرێن ئەوەندەی ڕووناکی ئاسان و سووک و حازر بەدەستە نین، ئەوەندەی ڕووناکی شادی بەخش و پۆزەتیڤ نین، بە مەرجێک خۆت لێی بزانیت، یان بوار بەپسپۆرێکی کارامە بدەیت کە کارت لەگەڵدا بکات.



تەمەنی تەکنیکی نوێی ڕووناکی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەدا، سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتانەی لەبواری ئۆپێرا و نمایشی دانس و شانۆی میوزیکاڵدا، هێشتا ساوایە. وا چاوەڕوان دەکرێت ڕووناکی ئایندەیەکی گەشتر و بەرینتر بۆ شانۆ بڕەخسێنێت.

یەکێک لە ڕواڵەتە مەزنەکانی ڕووناکی لەم سەردەمەی ئێستاماندا ڕووناکی بزێو و چەق نەبەستووە. ڕووناکییەک کە لەسەر شانۆ بەردەوام لە جووڵە دایە و دوای ئەکتەرو کرداری سەر شانۆ دەکەوێت.

ڕووناکی بزێو کە لەسەر ڕیتمی ڕاستەقینەی خۆی ڕۆیشت، مەبەستێکی گرنگ دەپێکێت: گۆڕینی میزاج و جەو ئەتمۆسفیر لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە. لە ڕاستیدا تیشک لە جووڵەدا بە ئاسانی ئەم ئەرکەمان بۆ ئەنجام دەدات.

تیشک لە جووڵەدا ئامرازێکی زۆر کاریگەرە بۆ پیشاندانی باری دەروونی کارەکتەرەکان و هەڵچوون و داچوونی ناوەوەیان و گۆڕانی بەردەوامی باری دەروونیان.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەکو کاریگەرێتی لەگەڵ مۆسیقا و دەنگدا مەودایەکی زۆر کاریگەر بەنمایش دەبەخشێت.

### نموونە

نموونەی پیادەکردنی ڕووناکی لەو بوارانەی باسم لێوەکردن گەلێک زۆرە، تەنانەت کام نمایشی پیشەکارانەی ڕۆژئاوا بگریت، ئەم چەشنە بەکارهێنانەی ڕووناکی تێدا بەدی دەکرێت.

لە شانۆنامەی "سەمای مەرگ" ی ستریندبێرگدا کە

ئێستا لەسەر شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵمدا نمایش دەکرێت، ڕووناکی ڕۆڵێکی باڵای لەپێشاندان و بەدەرخستنی باری دەروونی و سیکۆلۆژی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکەدا هەیە.

بەدرێژایی نمایشەکە کە دەکەوێتە دوورگەیەکی ئەسکەندەناڤییەوە، بارودۆخ و کەشوهەوا لەشێوەی ڕەوتی پەڵە هەوری سپی و بۆر لە جووڵەدایە، بەرزە دەماخی و خەمباری و ئاڵۆزی ئەکتەرەکان بەشێوەیەک لەسەر سایکی شانۆکەدا بەرجەستە دەکرێن، کە هەموو کەش و ڕیتمی شانۆنامەکە ڕاستەوخۆ بەگۆڕانی ناخیانەوە دەبەستێتەوە.

## جەو ئەتۆمۆسفیر

ئێمە بەردەوام جەوی ڕووداوەکانی ڕۆژانەمان بەکورتی وەسف دەکەین، بۆ دەچیتە کتێبخانەیەکی دیاری کراوە؟ لەبەر ئەوەی جەوێکی باش و لەباری بۆ خوێندنەوە هەیە. کە خۆشەویستەکەت دەعوەتی ڕیستۆرانێکی هێمن و دووره پەرێز دەکەی: لەبەر ئەوەیە جەوێکی ڕۆمانتیکی هەیە، هەموو کەسێکی ناگاتێ و کەس لەوێ نیگەرانتان ناکات. سەرەڕای مۆسیقای خامۆش لەبەر تیشکی خامۆشی مۆمێک.

دەتوانم بەپێچەوانەوە، دەیان وێنەی جەوی ناخۆشت بەنموونە بۆ بهێنمەوە، بەڵام لەهەردوو باردا وەسفی جەو بەیەک دوو وشە دەکرێت، یەکسەر تیەمای جەو دەدەین بە دەستەوە، بەڕاستی جەو هەر زۆر بەئاسانی وەسف دەکرێت، چونکە خۆی لەخۆیدا گەلێ ڕوون و کۆنکرێتە.

بەرلەوەی دەست بەدامەزراندنی پێکهاتەکانی سەر شانۆ و میزانسین بکەیت، چاکتر وایە هەر لەیەکەم هەنگاوەوە جەو و میزاج و ئەتمۆسفیری دیمەنەکەت لە ڕووی ڕووناکییەوە دەستنیشان بکەیت: با پرسیارەکەت سیفەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەخۆ بگرن، بۆ نموونە: خێر، یان شەڕ، جوان، یان ناشیرین، جەنگ، یان ئاشتی، خۆشەویستی، یان ڕک و کینە، هیوا، یان بێ ئۆمیدی، واقیعی، یان خەیاڵی، ڕومانتیکی، یان ڕۆژانە، تاد... هەوڵ بدە چوارچێوەی جەو و میزاجی دیمەنەکەت بۆ پسپۆری ڕووناکییەکەت دەستنیشان بکەیت تاکو بتوانێت بە پوختی پلان و نەخشەیان بۆ دابنێت.

## ڕاهێنانێک
## یەکێک لە مەشقەکانی نەیل فراسێر:

شوێنێکی بچووک لەسەر فەزای شانۆکەت هەڵبژێرە، هەوڵ بدە ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بە ڕووناکی بەرجەستە بکەیت، واتە هەر حاڵەتێک لەگەڵ پێچەوانەکەی بەراورد بکە.

بۆ ئەوەی کاریگەرێتی ڕووناکی چاکتر دەردەکەوێت دەکرێت شتێک، یان چەند شتێک لە دیمەنەکەدا بەکاربهێنیت. ئاگاداربە گۆشەی تێڕوانینی بینەر لەبیر نەکەی:

١-خێر و شەڕ
٢- جوانی و دزێوی
٣- شەڕ و ئاشتی
٤- خۆشەویستی و ڕک
٥- واقیع و خەیاڵ

کە تیەمای دیمەنەکەت بەتەکنیکی ڕووناکی وێناکرد، ئەمجا مۆسیقای گونجاوی بخەرەسەر، بزانە کاریگەری مۆسیقا و ڕووناکی شان بەشانی یەکدی هێزێکی چەندە لەبن نەهاتووی هەیە.

## پرسیارەکانی سایکۆلۆژی و ڕەهەندەکانی هەست

گەشەی تەکنیکی ڕووناکی تەکانێکی گەورە بوو بۆ شانۆی سایکۆلۆژی، ناخی دەروون ئاوێنەیەکی ڕوونتری لەسەر فەزای شانۆ و سایکی سینۆگرافیادا بۆ ڕەخسا. گۆڕانکارییەکانی هەست و هەڵچوون و داچوونی دەروون دەکرێت بەشێوەیەکی دینامێک و مۆبایل پیشان بدرێت، نمایشی سەمای مەرگی ستریندبێرگ، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد تەنیا نموونەیەکە.

ئەرکی دەرهێنەر دیسانەوە لەدەستنیشانکردنی تیەمای سایکۆلۆژییەوە دەست پێ دەکات.

## ڕاهێنان

کەسێک لە فەزایەکی بچووکی شانۆدا دابنێ، گۆشەی تەماشاکردنی بینەر دەستنیشان بکە، ئەمجا ڕووناکی پێویست بەگوێرەی ئەم تیەمانە ئاراستەی ئەوکەسە بکە:

خەمبار- شاد، تووره- هێمن، شەڕانی- ئاشتیخواز، دڕندە- میهرەبان

پاشان بەهەمان شێوە مۆسیقای گونجاو بخەرەسەر دیمەنەکە.

**ڕووناکی... خەیاڵ و شاعیریەت**

ڕووناکی باشترین ئامرازە بۆ خوڵقاندنی کەشی شاعیرانە و بەدیهێنانی خەون و تەجەلییەکانی ئەندیشەو فەنتازیا.

بۆ سوود وەرگرتن لەهێزی لەبن نەهاتووی ڕووناکی لەم بوارانەدا، جورئەتی تاقیکردنەوە زۆر پێویستە بۆ ڕیژیسیۆر.

یەکێک لە ڕاهێنانە بەناوبانگەکانی فراسیز بۆ قوتابیانی بەشی ڕووناکی لە ئەکادیمیای مەلیکی لە لەندەن، بەرجەستەکردنی هەڵبەستی شاعیرانە تەنیا بە ڕووناکی لەسەر شانۆدا. مەبەست لێرەدا تەنیا میزاج و جەوی شاعیریەتی دیمەنەکەیە کە لەهەڵبەستێکەوە سەرچاوە دەگرێت.

دەفەرموو یەکێک لە هەڵبەستە جوانەکانی گۆران هەڵبژێرە، هەوڵ بدە لە ڕێگای ڕووناکییەوە بەرجەستەی بکە، بزانە چ ئەزموونێکت لا گەڵاڵە دەبێت، کە ڕاستەوخۆ شاعیریەت و شەفافیەت و هەست و سۆزت لەبەکارهێنانی ڕووناکیدا لا پەروەردە دەکات.

**ڕاهێنانی ١**

با یەکێک لەئەکتەرەکانت هەڵبەستێک بخوێنێتەوە، کە گوزارشت لەدەروونی شاعیر، یان جوانی سروشت، ئافرەت بکات، بۆ نموونە هەڵبەستی"بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە... لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە.. شەونمی درەخت لە ڕووم پڕاوە... لە زەردەی زۆر کەڵ سەرنجم داوە"ی گۆران، هەوڵ بدە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە، بەنەخشەیەکی ڕووناکی گوزارشت لەناوەڕۆکی هەڵبەستەکە و گۆڕانکاری یەک لەدوای یەکی وێنە شیعرییەکانی بکە. دەتوانیت هەمان ڕاهێنان بەدەنگی تۆمارکراو ئەنجام بدەی و ڕۆڵێکی گەورەتر بە ڕووناکی بدەی. گرنگ ئەوەیە لەم ڕاهێنانەدا خۆت بە ڕووناکی نەگۆڕەوە نەبەستیتەوە و پلانەکەت چەند وێنەیەکی جیاواز لەخۆ بگرێت.

**ڕاهێنانی ٢**

لەم ڕاهێنانەدا لەجیاتی هەڵبەست تەنیا مۆسیقا



بەکاربهێنە.

مۆسیقای کلاسیک باشترین جۆری مۆسیقایە بۆ ڕاهێنانی لەم جۆرە، بیتهۆڤن، باخ، مۆزارت، چایکۆڤسکی، شەستاکۆفیچ، پرۆکوفیف، بەرهەمی گەلێ مۆسیقادانەری دیکە هەن، کە باش دەست دەدەن بۆ ڕاهێنانێکی لەم جۆرە.

هەروەها مۆسیقای جازیش کە پشت بە ئیرتیجال دەبەستێت بۆ ئەم ڕاهێنانە زۆر لە بارە.

بەڵام ئاگادار بە، تا بۆت دەکرێت مۆسیقای خاو هەڵبژێرە، چونکە مۆسیقای خێراو پڕ لەگۆڕانکاری یەک لەدوای یەک وات لێدەکات فریای گۆڕانگارییەکانی ڕووناکی نەکەویت. بۆیە مۆسیقای خاو باشترین چارەسەرە بۆ ئەم ڕاهێنانە، هەر نەبێت بۆ سەرەتاکانی مەشقکردن، یان بۆ شانۆیەک کە کەرەستەو ئامێری ڕووناکی ئەوەندە زۆر نەبێت. خۆ ئەگەر سیمفۆنیات هەڵبژارد، چاکتر وایە دەستپێکی سیفۆنیاکە هەڵبژێریت، چونکە چاکتر بۆ ئەم مەبەستە دەست دەدات.

خۆ ئەگەر لە بەرنامەتدا بێت شانۆنامەیەکی وەکو "ڕۆمیۆ و جولیێت" "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە"ی شەکسپیر، "شایی خوێناوی" لۆرکا بخەیتەسەر شانۆ، ئەم دوو ڕاهێنانە وەکو دەستپێک و خۆئامادەکردن لەزمانی نمایشی شانۆنامەکەت نزیک دەکەنەوە.

**لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی**

ئاست و پلە و جۆری ڕووناکی چەندە گرنگە، تاریکیش بە هەمان جۆر گرنگە، چونکە هەر نەبێت ڕووناکی لە شانۆدا بەتاریکی تەنراوە، هەر تاریکی خۆی چوارچێو بۆ ڕووناکی دادەنێت و وەزیفەی بۆ دەستنیشان

دەکات. بۆیە لە بەکارهێنانی تاریکیدا دەبێت گەلێک وریا بیت.

تاریکی بۆ ڕووناکی وەکو بێدەنگییە بۆ دەنگ، چێچۆڤ لە یەکێک لە شانۆنامەکانیدا دەڵێت: گوێم لە بێدەنگییە، لە شانۆشدا تاریکی وەکو ڕووناکی حیسابی بۆ دەکرێت و دەبینرێت، هەندێک جاریش بە قەدەر ڕووناکی کاریگەرە.

ئێمە بەگشتی لەشانۆدا بە تاریکی دەست پێدەکەین. شانۆ تاریک دەبێت، لەلایەکەوە فەزای شانۆ ڕۆشنا دەکرێت. ئەگەر قەوارەی ئەو ڕۆشناییە لە سنووری خۆی بەدەر بێت و سنووری تاریکی ببەزێنێت، ئەو بایەخە جوانکاری و هونەرییانەی نامێنێت و کاریگەری خۆی لەدەست دەدات.

هەوڵ بدە بەردەوام لەتاریکییەوە دابچۆڕێتە ناو ڕووناکییەوە.

درامانووسان هەندێک جار تاریکی دەکەنە مەرج و ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ مەغزا بەخشین.

بۆ شتێک کە لێک بدرێتەوە نەوەکو سەد لە سەد خۆی بدات بەدەستەوە، لێرەدا ڕۆڵی تاریکی وەکو ڕۆڵی بێدەنگی وایە، لەو ڕووەوە کە: وشە، دەنگ، ئاخافتن مانای دیارو ئاشکرا و بەگشتی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام بێدەنگی مانای نییە، تەنیا مەغزای هەیە. بێدەنگی لێکدەدرێتەوە، لە ڕاستیشدا لێکدانەوە زمانی ڕاستەقینەی شانۆیە، زمانی ڕاستەوخۆ زمانی کۆنکرێتە و زمانی شانۆ نییە، چونکە شانۆ لە جەوهەردا شیعرە.. مەجازە، بەپێی ئەم بۆچوونە تاریکی هەمان ئەرک و پەیامی هەیە.

## ئاریل دۆرفمان و تاریکی

لە شانۆنامەی "مەرگ و کچ"دا ئاریل دۆرفمان داوا دەکات کە: دانپێدانانەکانی دکتۆر میراندا دەبێت لەتاریکیدا ئەنجام بدرێن، پاش بەشێکی باشی مۆنۆلۆگەکە، دەبێت ڕەنگی سووری ئاراستە بکرێت، ئەمجا وردە وردە ڕواڵەت و سیمای دکتۆر دەردەکەوێت تاکو لەکۆتایی دیمەنەکەدا بە تەواوەتی دەبینرێت.

دەبزانە درامانووسێکی هاوچەرخمان چۆن تاریکی تەوزیف دەکات، ئەم تاریکییە چەند دەلالەتێک دەگەیەنێت: تاریکی دیمەنی ئەسڵی کارەساتەکە وەکو خۆی، کاتێک کە دکتۆر میراندا پاولینای زەوت کردووە، تاریکی ناخی خۆی کە هەر لە بنەڕەتدا دەروونی تاریکەو هەموو کارێکی ناحەز و دڕندانە لەتاریکیدا بە ئەنجام دەگەیەنێت، دروستکردنی جەوێکی لەبار بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، کە خۆی لەخۆیدا ئەوەندە دزێوە ناکرێ بە ڕۆژی ڕووناک لەپێش چاوی مێردەکەی پاولینادا بیگێڕێتەوە، ئەمجا ئاوێتەبوونی تاریکی بە مۆسیقای شوبێرتەوە، وەکو کاریگەری مۆسیقا، سەبارەت بە جەمهووریش کاریگەرێتی تاریکی لەسەر ناخ و دەروون و فەنتازیای بینەران..

## ڕووناکی لە کلاسیکدا

بەپێچەوانەی شانۆی سایکۆلۆژی و ڕیالیزم و درامای خێزان، شانۆی کلاسیک تیەماکانی زەقتر و ئاشکراتر خۆیان دەنوێنن. ڕێژیسێور بەئاسانتر دەتوانێت دەستنیشانیان بکات، ڕەنگە بە بەراورد لەگەڵ شانۆی سایکۆلۆژیدا نەفەسی شاعیرانە و ئاسۆی خەیاڵی بەرینتر بێت.

بۆ نموونە ناوی دیمەنەکانی ڕۆمیۆ و جولییێت وەربگرە:

دیمەنی باڵکۆنەکە- هەر دواتر دیمەنی لەکازیوەدا- دیمەنی ناو کاتدرایەتەکە- دیمەنی گۆڕ.

هەر یەک تۆز ئەم تیەمانە بخەرە بەتیشکی ئەندێشە و خەیاڵ:

باڵکۆن، کازیوە، کاتدرا، گۆڕ، ئەمجا بزانە چ جۆرە تیشک و ڕووناکییەک لەناخت شەوق دەداتەوە.

کە باس لەئەندێشەی شاعیرانەو خەیاڵ دەکەین، دەبێت شانۆنامەیەکی وەکو "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە" چ بوارێکی فراوان و بێ سنوور بۆ پسپۆڕانی ڕووناکی بڕەخسێنێت.

هەوڵ بدە پسپۆڕێکی کارامەی ڕووناکی بکە بەهاوکارت، ئەمجا دەبینیت داهێنانەکانت چەند لەئاستێکی بەرزدا خۆیان دەنوێنن.

# پرۆژەی یەکەم لە شانۆی توندوتیژیدا (*)

فریاد ئەحمەد
(کەرکووک)

«خەونی دۆزینەوە و گەڕان بەرەو نادیار هەمیشە بەرەو ئەزموونێکی جیاواز پاڵمان پێوە دەنێت، ئەزموونێک توانای ئەوەی هەبێت دابڕان لە تەک هەنگاوەکانی پێش خۆی دروست بکاتەوە، تاکە میکانیزمێک کە هەمیشە ئامادەبوونی هەیە، زمانی جەستەیە، جەستە لەو پانتاییە جیاوازانەدا خەونی پرۆژەی دامەزراندنەوەی جیاوازی هەیە، ئێمە دەمانەوێت پرۆسەی نووسینی شانۆ لە قەڵەم و کاغەز بگۆڕین بۆ نووسین بە جەستە لە بۆشاییدا، ئەم ئەزموونە بەرهەمی ئەزموونێکی تیۆری و پیراکتیکی ئێمەیە لە بواری شانۆی توندوتیژی ئەنتوان ئارتۆدا، ئێمە لەم ئەزموونەدا تەواو پابەندی ئەزموونی توندوتیژی لای ئارتۆین، کە دەشێ چەمکی وەرگرتن دابڕێ لەتەک چێژی بینینی باو دروست بکات، بەهۆی ئەوەی پێوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر بە هاوکێشەیەکی تردا دەبەین»

ئەمە وتەی نیهاد جامی دەرهێنەری پانتۆمایمی سەگ و دەف بوو، کە ئێوارەی ٢٢- ٢- ٢٠٠٧ لە کەرکووک نمایش کرا، پانتۆمایمی (سەگ و دەف) جیاواز لە ئەزموونەکانی تری تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک لەسەر ئەزموونی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ کاری لەسەر کرابوو، بەڵام دەکرێت پابەندی بەشێک لە ئەزموونەکانی ئارتۆ بووبێن، چونکە لە ڕاستیدا قورسە ئەگەر کەسێک بیەوێت بەپێی تیۆرەکانی ئارتۆ کار بکات، بۆ نموونە هەریەک لە (ڕۆژێ بلێن و ژان لوی بارۆ و ئارتور ئادمۆڤ) باش ئارتۆیان دەناسی و خۆشیان دەویست و هەرکەسەیان بە جۆرێک سوودی لە تیۆرەکانی ئارتۆ وەرگرتووە، بەڵام هەرگیز باسیان لەوە نەکردووە کە سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە لە کارە شانۆییەکانیاندا،

ڕەنگە هۆی ئەمەش بگرێتەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت سەرجەم تێزەکانی شانۆی توندوتیژی لە بەرهەمێکی شانۆییدا بەکاربهێنرێت، هەر لەبەر ئەمەش دەکرێت لەهەر نمایشێکدا سوود لە هەندێک لەو تێزانە وەربگیرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و هەرچەندە بە تەواوەتی کەڵک وەرگرتن لە گشت تێزەکانی ئارتۆ لە کارێکدا دەستە بەر نابێت، بەڵام شانۆکەی ئارتۆ بە شێوەیەکی بەر بڵاو کاریگەری لەسەر شانۆی هاوچەرخ بەجێ هێشتووە.

– ئەگەر باسی (سەگ و دەف) بکەین بەڕوونی دەبینین کەڵک لە هەندێ لە تێزەکانی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ وەرگیراوە، بۆ نموونە سەرەتا ئەگەر لە شوێنی نمایش و بینەرەوە دەست پێبکەین کە ئارتۆ لەو باوەڕەدا بوو «پێویستە مەودای نێوان تەختەی شانۆ و شوێنی دانیشتنی بینەر نەمێنێت» بۆ ئەوەی نزیکی بینەران لە پانتایی ڕووداوەکان ببێتە هۆی ئاوێتەبوونی لەتەک کەشێکی ئەفسووناوی و سحر ئامێزدا.

بەهەمان شێوە لەکاتی نمایشی بانتۆمایمی سەگ و دەف-دا بینەر هاوبەش و بەشداری نمایشەکە بوو، بینەر و نمایش یەکەیەکی یەکگرتوویان پێک هێنابوو، چونکە لای ئارتۆ.. نمایش دەبێت بینەر دووچاری هەڵچوون و دڵەڕاوکێ بکات، بەم شێوەیە شانۆ وەکو نەریتێک خۆی بەرجەستە دەکات، لەو نەریتەدا سەرجەم بینەران و ئەکتەران هاوبەشن، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو شتەی نمایش دەکرێت، بریتییە لە بنەڕەتییەکانی بوونی خودی بینەران، لە ڕاستیدا بینەر شایەتی ژیانی خۆیەتی، بەڵام تا چەند بینەر لەوە تێدەگات، ئەوە لای خۆی دەمێنێت و پێوەندی بە هۆش و بیری ئەوەوە هەیە، نیهاد جامی بەردەوام دەیگوت «ئێمە شانۆ وا دەکەین کە شانۆ دەیخوازێت» کارمان بەسەر بینەرەوە نییە چی دەڵێ و چەند تێی دەگات، ئێمە وەکو تیپی شانۆی ئەزموونگەری لەم کارە و لەسەرجەم کارەکانماندا ئەوەندەی پێمان وایە شانۆ هەڵگری گوتارێکی ئێستێتیکییە.. پێمان وانییە شانۆ هەڵگری گوتارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان هەرشتێکی ترە، ئەگەر هەر گوتارێک لەمانە هاتە ناوەوە دەکرێت، بەڵام بەمەرجێک هیچ لە بەهای گوتارە ئێستێتیکییەکە کەم نەکاتەوە و گرنگییەکی ئەوتۆشی پێنەدرێت.

## بانتۆمایمی (سەگ و دەف) و (گریمانی یاد)

(گریمانی یاد) بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی بەرفراوان و وردبوونەوەیەکی قووڵی دەوێت و تێگەیشتنی بینەر لێی



هەروا ئاسان نییە، نەک تەنیا بینەر ڕەنگە هەندێک لە شانۆکارەکانیش ئەم دەستەواژەیەیان بەلاوە نامۆبێت، چونکە کەمترین کات باسی لێوە دەکرێت و لە کەمترین نمایشیشدا بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە لەو دیمەنەی کە فریاد داوای سەما لە دیدار دەکات و دیدار ڕازی نییە سەمای لەگەڵ بکات، دیمەنی دوای ئەوە هیچ پێوەندی بە دیمەنی سەماکەوە نییە.. دوو دیمەن دوای ئەوە ئینجا پێوەندی بەسەماکەوە هەیە، کە دواتریش دەبێت بە کەشێکی سرووت ئامێز و زکری دەروێشیانەی ڕۆژهەڵاتی تێدا دەکرێت، کە ئارتۆ پێی وایە شانۆ پێکهاتەیەکە لە جووڵە و سەماو سرووت لەسەردەمی ڕێنسانسدا ڕووی لە دارمان کردووە، یان دیمەنی تاقیگەکەی شکۆ کە دیدار دەیسووتێنێت جارێکی تر پاش و پێش خرابوون، یان دیمەنی هەردی و کارگەر... تاد لێرەدا یان لە (گریمانی یاد)دا کاری بینەر ڕێکخستنەوە و مۆنتاژکردنەوەی دیمەنەکانە لە فکری خۆیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی گلەیی و نارەزایی لەلای بەشێک لە بینەران و شانۆکارانیش، چونکە ئەوان ئەو تێگەیشتنەیان نییە و دەڵێن «ئەم شانۆیە هیچی پێنەبەخشین» هیچی پێنەبەخشین بەو مانایەی کە باسی کێشەیەکی بۆ نەکردین و نەیگەیاندین بە هیچ ئامانجێک، پێویستە ئەوان ئەوە بزانن کە شانۆ ئامانج و مەبەست نییە تا بمانگەیەنێت بە شوێنێک یان شتێک، بەڵکو وەسیلەیە بۆ لە قاڵبدانەوەی دووبارەی ژیان و بنیادنانەوەی ژیان، لەم میانەشدا گرۆتۆفسکی کاتێک پیتەر برووک داوەتی دەکات لە دانشتنێکیدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە «شانۆ ئامانج نییە، بەڵکو ڕێگایەکە و ئێمەش پێیدا دەڕۆین».

## سەگ و دەف دەکرا بە ئاخاوتن بکرێت؟

جگە لەوەی تیپی ئەزموونگەری کەرکووک زیاتر گرنگی بە گوتاری جەستە دەدات، ئارتۆش دژی هەموو



جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی و سەربەخۆیە، بەڵام ئارتۆ دوای چەند دید و بۆچوونێکی پێچەوانە لەسەر گرنگی دەق، سەرەنجام گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئاخاوتن یەکێکە لە هۆکارەکانی شانۆ، بەڵام هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی نییە، کەواتە دەکرێت بەشێوەیەکی سووک مامەڵە لەگەڵ دەق بکرێت، چونکە لە شانۆکەی ئارتۆدا دەرهێنەر لەسەرووی نووسەر و نمایش و دەقەوەیە، هەر چەندە ئارتۆ خۆی لە کاتی ئیشکردن پەنای بۆ دەقە گەورە و بەناوبانگەکان بردووە، بەڵام دەڵێت «ئەو کارانەی کە پشت بە دەقێکی نووسراو نابەستێت، دواجار دەبێت هێڵکارییەکی زانستی هونەری پاڵپشتی لێبکات»، نیهاد جامی لە پانتۆمایمی (سەگ و دەف)دا تەواو کاری لەسەر ئەم وتەیەی ئارتۆ کردبوو، چونکە دەقێکی نووسراوی نەهێنا کاری لەسەر بکەین تەنیا کۆمەڵێک هێڵکاری زانستییانە بوو کە بوو بە نمایشێکی هونەری، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئارتۆ بەتەواوی زمان ڕەت ناکاتەوە، بەڵام دەکرێت لە شانۆیەکی سرووت ئامێز و سەما ئامێزدا زمان هیچ بەهایەکی نەمێنێت، کەواتە دەکرێ و کرا (سەگ و دەف) بانتۆمایم بێت بەپێی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژی ئەنتوان ئارتۆ.

**بانتۆمایمی (سەگ و دەف) و گرنگی دان بە بینەر**

بەشێکی زۆر لە بینەران پێیان وابوو کە گرنگی بەوان نەدرابوو بەهۆی ئاڵۆزی بابەتەکە و نەبوونی ئاخاوتن، بەڵام بە دڵنیایەوە دەڵێم تەنیا تێکەڵکردنی بینەر بە شوێنی نمایش گرنگیدان بوو بەوان، ئێمە بینەرمان کردبووە بەشێک لەخۆمان، لە شوێنی بینەر و ئەکتەر یەک ئاست بوو لە ڕووی بەرزی و ڕووناکی و تەنانەت جۆری وەستانیشەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وایە گرنگی بەوان نەدراوە، بەڵام ئەوان هەست بەوە ناکەن کاتێک دەچنە شانۆیەکی هۆڵ لای ئەوان تاریکە و لای ئەکتەر ڕووناک.. لای ئەوان نزمە و لای ئەکتەر بەرز.. ئەوان تەنیا دەبێ دانیشن و ئەکتەر ئازادی تەواوی هەیە.

ئەم گلەیی و گازەندەیە پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئێمە بێتەوە ڕووبەڕووی ئارتۆ بووەتەوە، بۆیە ئاساییە کە ئێمە لەسەر تیۆرەکانی ئەو کار بکەین ڕووبەڕوومان بێتەوە، ئێمە سەگ و دەف-مان وەک ئەوە کرد کە ئارتۆ دەیەوێت، چونکە ئەوەی بۆ ئارتۆ پێش هات بەهەمان شێوە بۆ ئێمەش پێش هات، دەلیلیشم بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە کە هەندێک لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدا بوون کە ئارتۆ لە تیۆرەکانیدا گرنگی بەخەڵک نەداوە، بەواتایەکی تر لەو باوەڕەدا بوون کە ئارتۆ لە واقعی ژیانی خەڵکی بێئاگایە و بەبێ گرنگیدان بەو واقیعە، دەیەوێت شانۆ وەکو ئاهەنگێکی هەمەگیر سەرجەم بینەران و ئەکتەران ئاوێتەی سرووتێکی ئەفسوونی بکات.

بەڵام دەبێ بزانین کە بۆ گۆڕینی شانۆ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، پێویستە بینەران بگۆڕێن، بەڵام بینەران زۆر درەنگ لە مانای داخوازییەکانی شانۆی توندوتیژ تێدەگەن و زۆر بە خاوی بۆ ئەو مەبەستە ڕێگە دەبڕن، ئارتۆ دەیەوێت بە هۆی توندوتیژییەوە ئەو بینەرە سادەیە ببزوێنێت و سەرجەم دابونەریتەکان و خووەکانی تێک بشکێنێت، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدابوو کە پاش تێپەڕینی کات و سەردەم، بینەران ئەو نمایشانە پەسەند دەکەن، ئێمەش بەهەمان شێوە چاوەڕوانی بینەر ناکەین، ئەوە بینەر خۆیان دەزانن دوای تێپەڕبوونی چەنێ کات نمایشەکە پەسەند دەکەن، یان باشتر بڵێم لێی تێدەگەن، کەواتە نە شانۆی توندوتیژی ئارتۆ و نە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک و نمایشی (سەگ و دەف) بینەری لەیاد نەکردووە، بەڵکو دەمانەوێت شانۆ بەشێوەیەکی ئەفسوونی و جادووگەرانە کاربکات، نەک پاشکۆی واقیع و ژیانی خەڵک بێت، چونکە هەر ئەو شانۆیەش دەتوانێت بینەرانی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

*** پرۆژەی دووەمی شانۆی توندوتیژی بانتۆمایمی (زولێخا لە خەونی یووسف)دایە کە ئێستا تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک خەریکی پرۆڤەکردنییەتی و بڕیار وایە لە ڕۆژی شانۆی جیهانی، لە قەڵای کەرکووک نمایش بکرێت.**

# پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

(١ - ٢)

دانا ڕەئووف
(سوێد)

**ژان ژینییە ... ئەفسانە و واقیع**

ژیانی ژان ژینییە، لە دایکبوونی، گەورەبوونی، یاخی بوونی، نووسینەکانی، پێوەندییە سێکسییە ناتەباکانی، بەدمەستی، سواڵکردن، هۆمۆسێکسواڵی، دزی، بەندیخانە و تەنانەت مەرگیشی، واقیع و خەیاڵ تێیاندا تێکەڵاو دەبێت و ئەفسانەیەکی جیاواز دەخوڵقێنێ. ئەفسانەیەک کە فەیلەسووف و نووسەری گەورەی فەڕەنسی ژان پۆل سارتر ١٩٠٥-١٩٨٠ بە ( قەدیس و شەهید ) ئاماژەی بۆ دەکات.

ئەم نووسەرە یاخییە لە نۆزدەی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٠ دا لە پاریس بە زۆڵی لەدایک بووە، تا ئێستاش نازانرێ کێ باوکی بووە، دایکی ئافرەتێکی سۆزانی بووە و بۆ دابینکردنی ژیانێکی کولەمەرگی جەستەی خۆی فرۆشتووە. لەدایکبوونی ژان ژینییەش هەر لە سەرەتاوە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی، ئاکاری و دەروونی بۆ ئافرەتێکی بێ کەسی بێ دەرامەت دروست دەکات. بێگومان ئەو دایکە نەک توانای پەروەردەکردنی ئەو کۆرپەیەی نابێت، بەڵکو ناتوانێ لەسەر ئاستێکی زۆر ساکاریش بژێوی ژیانی خۆیشی دابین بکات. لەبەر ئەوە، ئەو ئافرەتە تەنیا دوای حەوت مانگ ئەو کۆرپە تازە لەدایکبووە دەداتە دەست یەکێک لە هەتیوخانەکانی ئەوکاتەی پاریس.

هەر بە ماوەیەکی کەم خێزانێکی جووتیار لە باشووری فەڕەنساوە دێن و ئەو منداڵە هەتیوە دەگرنە خۆ، بەڵام ژان ژینییە هەرگیز لەنێو ئەم خێزانەدا جێگای نابێتەوە،

هەرگیز نانێکی گەرم ناخوات و هەرگیز نابێتە منداڵی ئەم خێزانە و هەر زوو لەسەر دزی پەرتەوازە دەبێت. پەرتەوازەبوونی ژان ژینییەش لەو سەرەتایەدا، لەو دەسپێکە نوێیەی ژیاندا، پەرتەوازەبوونی مرۆڤێکی گەورە و لەدایکبوونی ئەفسانەی جیهانێکی نوێیە. ژان ژینییە لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە واز لە قوتابخانە دەهێنێت، ڕێگایەکی چەوت دەگرێتە بەر، دەبێتە دز، هۆمۆسێکسواڵ، بەدمەست، شەڕانی و دوای ئەوە بۆ چەندین جار لەسەر دزی دەگیرێ و لە بەندیخانەکان توند دەکرێت. بەم شێوەیەش ژان ژینییە هەموو قۆناغی هەرزەکاری و گەورەبوونی لە بەندیخانەی چارەسەری گەنجان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەباتە سەر، زۆر جار ڕادەکات و دەگیرێتەوە، ڕادەکات و دەگیرێتەوە. کە گەورەش دەبێت بەشێکی زۆری تەمەنی هەر لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا دەباتە سەر. ژان ژینییە لە دەیەی سییەکانی هەزارەی ڕابردوودا، گەشتێک بەنێو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەکات، لەم قۆناغەدا زیاتر وەک دزێکی بچووک دەناسرێ و هەر لەم سەردەمەشدا دەکەوێتە فرۆشتنی لەشی خۆشی.

**نووسەری بەندیخانە**

یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون، یەکەم ڕۆژەکانی دیاریکردنی چارەنووسێکی ڕەش و هەڵگێڕانەوەی بەهاکانیش دەبێت. یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە هەتیوخانەکانی پاریسدا دەباتە سەر و لەنێو دیوارە ڕەق و تەقەکانی بەندیخانەکانیشدا گەورە دەبێت. ژان ژینییە لە بەندیخانەکاندا هەست بە ئازارەکانی هەتیوی خۆی دەکات، لەهەمانکاتدا لە مانا ڕاستەقینەکانی سەربەستییەکی ڕەهاش دەگات، ئەو سەربەستییەی بۆ ئەو بە تەواوەتی ونە. ژان ژینییە لە دەروازەی بەندیخانەکانەوە، لە ڕوانگەی ژیانێکی بوهیمییەوە، هەموو تەمەنی خۆی تەرخانی گەڕان و دۆزینەوەی چەمک و ماناکانی وشەی سەربەستی دەکات. هەر لە بەندیخانەش لە ئازارەکانی (ئەوانی تر) دەڕوانێ و لێیان تێدەگات، ئەوانی تر کە سارتر بە (دۆزەخ) ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام ژان ژینییە لەو دۆزەخەدا، دۆزەخی هاوڕێکانی بەندیخانەی، ئارامی دەدۆزێتەوە.

بێ دایک و باوکی و بێ لانەیی وا لە ژان ژینییە دەکات ڕێگایەکی تر، جیاواز لەو ڕێگایەی کە یاساکانی کۆمەڵگا دایانڕشتووە، هەڵبژێرێ، بەڵام لەو ژیانە پڕ لە تاوانە، بێگومان بەپێی یاساکانی کۆمەڵگا، سەربەستییەکی ڕەها بۆ خودی خۆی دەخوڵقێنێ، هیچ شتێک نایترسێنێ و بەهیچ شتێک دانامرکێتەوە، لەهەمانکاتدا شتێکی دەوڵەمەند و شاعیریش دەدۆزێتەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٤٠ دا ئەم قەدیس و شەهیدە بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەختترین بەندیخانەکانی فەڕەنسادا توند دەکرێت، ئاستی هۆشمەندی و توندوتیژی بەندیخانە و هەستێکی قووڵی پەژارە و تەنیایی، حەزی نووسین و تواناکانی ئاستی نووسین لە مێشک و قەڵەمەکەیدا دەتەقێنێتەوە. لە بەندیخانەدا یەکەم وشەکانی دەنووسێ و هەر لە بەندیخانەشدا ئازارەکانی خۆی و ئازارەکانی هاوبەندەکانی بەرجەستە دەکات. ژان ژینییە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( لەو بڕوایەدام کە هەر لەسەرەتای ژیانمەوە، خۆم بۆ بەدەستهێنانی هەست و هۆشێکی بەهێز ڕاهێناوە. ئەم هەست و هۆشەش لە نووسین زیاتر بۆ هیچ شوێنێکی تری ڕانەکێشاوم. ئەگەر نووسینیش مانای بەدەستهێنانی هەست و سۆزێکی بەهێز بێت، بەشێوەیەک کەوێنەی ژیانت بخوڵقێنێ ... بەڵێ لە بەندیخانەی نەوجەوانان نووسین سەرنجی ڕاکێشاوم.. لەو بڕوایەدا بووم کە هەرگیز لە بەندیخانە ناچمە دەرەوە.) ژان ژینییە زۆر بیری لەوە کردۆتەوە کە ببێتە پیاوکوژ، هەوەسی کوشتنی خەڵکی لەلا دروست دەبێت، بەڵام لەو بیرۆکەیە دووردەکەوێتەوە، خوێندنەوە و دواتر نووسین لەم ڕێگا و بیرکردنەوەیەی لادەدات. ژان ژینییە زۆرجار کتێبی دزیوە، تەنانەت کتێبی هاوڕێکانیشی، دوای خوێندنەوەیان فرۆشتوونیەتییەوە.

ژان ژینییە لە ئازارەکانی ژیانی خۆیەوە دەڕوانێتە ئازارەکانی ئەوانی تر و لە هەمانکاتدا دەبنە بەشێک لە ژیانی و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینەکانیشی.

ژان ژینییە لە ساڵی ١٩٤٤ دا یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی ( دز و خۆشەویستی) لە بەندیخانە و بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی دەنووسێ. لە سەرەتادا ئەم بەرهەمەی لە دەرەوەی دەزگاکانی چاپەمەنییەوە بڵاودەکرێتەوە. ڕۆمانەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ، خوێنەرێکی زۆر و لایەنگیرانێکی بەهێز لە

دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە: ژان کۆکتۆ، ژان پۆل سارتر و کۆمەڵێ نووسەری گەورەی تری ئەو دەمە، لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆماری فەرەنسا، داوای لێبوردنی بۆ دەکەن. ژان ژینییە هەرچەندە سزای تاهەتایی بەسەردا درابوو، بەڵام بەپاڵپشتی چینێکی گەورەی نووسەر و رۆژنامەنووسان، لە ساڵی ١٩٤٨دا ئازاد دەکرێت. ژان کۆکتۆ دوای بەربوونی ژان ژینییە دەڵێت: درەنگ یان زوو جیهان ددان بەوەدا دەنێت کە ژان ژینییە مرۆڤێکی بەرەوشت بووە.

ژان ژینییە لە رۆمانی (دز و خۆشەویستی) دا بە زمانێکی بەرزی فەرەنسی، بە زمانێکی قووڵی ئایینی، بە زمانێکی پڕ لە هەست و هۆش، باسی جیهانی پیاوخراپی، دزی، بەدمەستی و سروشتی سێکسەناسازی (الشذوذ الجنسي) خۆی دەکات. لەم رۆمانەدا زۆر بە راشکاوی ئاماژەی ژیانێکی پڕ لە زەبروزەنگ، ناپاکی، کۆمەڵگا بۆرژوازییەکان، بەندیخانە، تاوان، سزا و مەرگ دەکات. ژان ژینییە بە نووسینەکانی سەربەستی ژیانی خۆی دەکرێتەوە، لە هەمانکاتدا بەندیخانەکانی فەرەنسا و یاساکانی سزا و کۆمەڵگا مەدەنییەکان ریسوا دەکات و دەرگایەکی تر بەرووی ئەدەبێکی تردا، ستایلێکی جیاواز و هونەرێکی ناتەباشدا دەکاتەوە. ژان ژینییە یەکەم نووسەرە کە بەم شێوە بەرزە، ئەدەب و شانۆ، فەلسەفە و ئیستێتیکا، دەکاتە ئامرازێکی بەهێزی بەرگریکردن لە تاوان و تاوانباران . لە ساڵی ١٩٥١ دا ژان ژینییە تەمەنی چل ساڵان دەبێت کە دەزگای پەخشی گالیمارد (Gallimard) کۆی شاکارەکانی بڵاودەکاتەوە. ئەم دەزگایەش ناوەندێکی گەورە و دیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرەنسییە. دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و لە رێگای ئەم دەزگایەوە، چیتر کۆمەڵگا بۆرژوازییەکەی فەرەنسا لە ژان ژینییە، لە تاوانەکانی، لە دەست پیسییەکانی نەدەترسان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خانمە دەوڵەمەندەکانی ساڵۆنە رازاوەکان، ئاواتەخوازبوون کە ئەو نووسەرە گەورەیە شتێکیان لێ بدزێت.

### ژان ژینییە: شەهید و قەدیس

ژیانی ژان ژینییە دەبێتە ئەفسانە و میتۆلۆژیایەکی مۆدێرن. رۆمانەکانی، شیعر و شانۆنامەکانی جیهانێکی نوێ و پانتاییەکی فەلسەفی و ژیانی تاوانبارەکان، دز و سۆزانییەکان، لە ناوەوە و لە دەرەوە بەرجەستە دەکات. چەمکەکانی تاوان و شەڕ لە فۆرمێکی راستەوخۆ و لە هەمانکاتدا ناراستەوخۆشدا، سونبولە واقیعییەکانی خۆی تێکدەشکێنێ. پێکداچوون و یەکگرتنێکی سەرسوڕهێنەر و تەلیسماوی لەنێوان بەها پیرۆزەکان و هێزی شەڕدا هەیە، شەڕ و تاوانکاری پرسیارێکە سەبارەت بە لێبوردن، تاوانێکیش مرۆڤ ناکاتە کەسێکی شەڕانگێز و دڕندە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی شەڕخوازە، بۆیە کاری تاوانکاری ئەنجام دەدات. ئەگەر ئەو کەسە تاوانیش نەکات، هەر شەڕخوازە و تاوانبارە، چونکە ئەو کەسە شەڕ و تاوان لە ناوەوەیدا و لە دەروونیدا چەکەرەی کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ژان ژینییە باسی یەکگرتنەوەی تاوانبار و پاکیزەیی دەکات. خراپەکاری، تاوان، دزی و لەش فرۆشی دەکاتە پەیامێک بۆ دۆزینەوەی خۆی، بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان و رووبەڕووبوونەوەی سزا، بۆ ریشاڵکردنی شانەکانی تاوان، بۆ تاوانبارکردنی کۆمەڵگا سپی و مەدەنییەکان. نووسینەکانیشی جۆرێکە لە پاکبوونەوەی دەروون و دانانی بە تاوانەکانی خۆی و تاوانبارکردنی سیستەمەکانی کۆمەڵگا. ژان ژینییە تاوان وەک جۆرێک لە خواپەرستی، جۆرێک لە ئایین و ریتواڵێکی ئایینی دەبینێ.

لە سەرەتادا بەرهەمەکانی ژان ژینییە دەخرانە نێو خانەکانی فەلسەفەی خودێتییەوە، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا. لەم بەرهەمانەدا وێنەی ئەو کەسایەتییە بێزارکەرانەمان بۆ دەکێشێ کە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەلاوە دەنێن کە ئەوان کەوتوونەتە دەرەوەی یاساکانییەوە.

رەخنەگر و لێکۆڵەرەوە سیکۆلۆژی و فەلسەفییەکان دەکەونە لێکۆڵینەوە و راڤەکردنی ژیانی ژان ژینییە و بەرهەمەکانی، زۆربەی ئەو رەخنەگرانە بەرهەمەکانی بە ژیانی تایبەتی ژان ژینییە خۆیەوە دەبەستنەوە. بەم شێوەیەش چەمکێکی فەلسەفی، ئەفسانەیی و شیکاری دەروونی دەبەخشن بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە.

ژان پۆل سارتر بەرایی ئەم کاروانەیە و هەر سارتر لە ساڵی ١٩٥٢ دا کتێبێکی گەورەی شەش سەد لاپەڕەیی لەسەر ژیانی ژان ژینییە: (ژینییەی قەدیس: کۆمیدی و

شەهید (Saint Genet: comedien et martyr) بڵاودەکاتەوە. سارتر لەم کتێبەیدا باسی ژان ژینییە وەک قەدیسێکی شەهید دەکات، هەروەها ژان ژینییە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی وردی فەلسەفەی ئێگزیستینیالیزمەوە: ژان ژینییە لە ژیاندا زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاوی و بە قەناعەتەوە، دژی هەموو پرنسیپەکانی مەسیحییەت بووە، کە سارتریش بە قەدیس ناوزەدی دەکات، ڕەخنەگرەکان ئەو قەدیسییەی ژان ژینییە دەبەستنەوە بە قەدیسی کلێساکانی فەلسەفەی خودێتییەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ژان ژینییە وەک نموونەی مرۆڤێکی خودێتی نوێ ئاماژەی بۆ دەکرێت. سارتر لەو بڕوایەدایە کە ژان ژینییە لە دەرەوەی بازنەکانی کۆمەڵگادایە، لە بەرهەمەکانیدا، کارەکتەر و کەسایەتی هەڵگەڕاوە و قێزلێکەرەوەی، هەر وەک کەسایەتی خۆی، خوڵقاندووە. لێکۆڵینەوەکانی سارتر، کۆکردنەوەیەکی ژیانی ئەفسانەیی ژان ژینییە، جۆرێکە لە تراژیدیایەکی ئەنتی- پاڵەوان. ژان ژینییە لەژێر سێبەری کۆمەڵگادا دەژی، تاوانەکانیشی لە تاریکی، سێبەر و ڕووناکی هەمان کۆمەڵگادا، گوزارشت لە چەمکەکانی تاوان، وەک پەیامێکی ڕۆحی دەکات.

کەسایەتی ژان ژینییە لەگەڵ فەلسەفە خودێتییەکەی سارتر زۆر بەباشی یەکیان دەگرتەوە، ژان ژینییە خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە، بەڵام بەئیرادە و ویستی خۆی نەهاتۆتە ژیانەوە، خۆی بڕیاری ئەوەی داوە دزی بکات و لەشی خۆی بفرۆشێ.

ژان ژینییە فەلسەفەیەکی تایبەتمەندی لەناو بەها یاخی و هەڵگەڕاوەکاندا بەدی هێناوە. لەو فەلسەفەیەدا (تاوان و شەڕ) جێگایەکی بەرزیان هەیە. شەڕ هێمای جوانی و گەڕانە بەدوای ئەو بەهایانەدا کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو بەهاکانی تر لەنێو بنەما ڕۆشن و باشەکانی نێو ژیاندا دووپات بکاتەوە.

هەرچەندە ژان ژینییە شەڕ و تاوان زۆر بەرز ڕادەگرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەبەستی ئەوە نەبووە کە ڕۆبچێتە خوارەوە بۆ سەر ئاستە نزمەکانی چەمکی شەڕ و وێنەیەکی چەوتی تاوان و خراپەکاری بەرجەستە بکات، بەڵکو ژان ژینییە هەوڵیداوە تاوان، پیاوخراپی، لە یاسا لادان و ژیانێکی بازاڕی بکاتە شتێکی قووڵ، ڕازاوە، دەوڵەمەند، ئاهەنگ ئامێز و شیعری. نووسینەکانی بەرپەرچدانەوەیەکی ئەخلاقی و ئیرادەیەکی بەهێز و نوێخوازی هونەرین. پاڵەوانە تاوانبارەکانی ژان ژینییە لە دەروونی خۆیان ڕادەکەن بۆ دەرەوەی بازنەکانی ژیانە شەڕانگێزەکان و خۆیان لە شیعر و گۆرانیدا دەدۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە جوانی، شەڕ، ئاکار و بەها پیرۆزەکان پێکدا دەچن و دەبنە یەک . ژان ژینییە خوێنەرەکانی ناچاردەکات لە ڕەهەند و گیروگرفتەکانی تاوان و شەڕ ورد دەبێتەوە، لە چەمکەکانی سزا تێبگەن و لە تێڕوانینێکی قووڵتری فەلسەفی، ئایینی، سیکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، بایۆلۆژی و تەنانەت ئاکارییەوە لە تاوان و شەڕ بڕوانن.

ژان ژینییە شێتێتی بۆ ڕەفتاری خۆی هەڵدەبژێرێ، تا لەم ڕێگەیەوە لە ئاکار و بنەما باوەکانی کۆمەڵ لابدات. لە دوای ئەوەی لە بەندیخانەکاندا بووە نووسەر، کەوتە تەقەلای هەڵوەشاندنی ئەو ئاکار و بنەمایانەی کۆمەڵگای ئەورووپی لەسەر بنیاد نرابوو. هەر لەم قۆناغەشدا زۆر زاراوەی جیاوازی بەکارهێنا. جەستە و بنەما پیرۆزەکان و وێنەی ئەو دز و شێتانەی دەکێشا کە لە ژیانە سەختەکەی ڕۆژانە یان لەنێو بەندیخانەکاندا ڕووبەڕوویان دەبووەوە . بەندیخانە هەروەک زانکۆ کەسی تاک لە کۆمەڵ جیادەکاتەوە، ژان ژینییەش جۆرە چێژێکی قووڵی لەلای دز، ناپاک، سۆزانی و پیاوکوژ بینیوە.

ژان پۆل سارتر هەوڵ دەدات بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە ئازادی، هەڵبژاردن و بەرپرسیارییەتی لە ڕێگای ژیانی ژان ژینییەوە ڕوون بکاتەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین کتێبەکەی سارتر بەشێکی خوێندنەوەی ژیانی ژان ژینییەیە، بەشێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، بەشێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە و بەشێکیشی شیکاری دەروونییە. کتێبەکەی سارتر ناوبانگێکی گەورەی جیهانی دەبەخشێتە ئەم نووسەرە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ژان ژینییە دوای ئەو کتێبەی سارتر و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە نووسین دەکەوێت.

### ژان ژینییە و خەباتی گەلانی ژێر دەستە

ژان ژینییە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لەگەڵ ئازار و ژاندا گەورە بووە. لە بەندیخانەکانیشدا ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە کۆمەڵگا، دەوڵەت و دامودەزگا ڕامیارییەکان غەدری لێکردوون. هەر لەبەر ئەوەشە کە

ژان ژینییە لە سەرەتای ژیانییەوە هەڵوێست وەردەگرێت و بەرگری لە هەموو چینە هەژار و بێ هێزەکانی کۆمەڵگا دەکات. ئەو بەرگریکردنە لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا شێواز و شکڵێکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، شێوازێکی نێونەتەوەیی سیاسی و ئاشکرا.

ژان ژینییە لەم قۆناغەدا وەک کەسایەتییەکی سیاسی و خاوەن هەڵوێست دەردەکەوێت و بەوپەڕی ئازایەتییەوە و بە هەموو شێوەیەک بەرگری و پشتگیری لە جووڵانەوە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکانی دنیا دەکات. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پێوەندیشی پێوە کردوون. لەناو ئەو مەسەلە هەنووکەییانەی دنیاشدا، شۆڕشی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی فەلەستین، دوو جەمسەری زۆر گرنگی ئەو بەرگریکردنە بوون. بۆ نموونە ژان ژینییە لە ساڵی ١٩٧٠ دا و بۆ ماوەی دوو مانگ لەگەڵ بزاڤی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکادا دەژی، کە دەشگەڕێتەوە، خێرا بەرەو ئەردەن بەڕێ دەکەوێت و دەچێتە فەلەستین و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ فیداییە فەلەستینییەکان دەژی. هەروەها هەر دوای چەند کاتژمێرێک بەسەر کارەساتەکەی (سەبرا و شاتێلا)دا دەچێتە ئەو قەسابخانەیە و بێزاری خۆی دەردەبڕێ و سەرلەنوێ پشتگیری خۆی بۆ خەباتی فەلەستییەکان دووپات دەکاتەوە. هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە هەر ڕۆژێک فەلەستینییەکان، یان ڕەشپێستەکان بوون بە خاوەنی خۆیان، من چیتر لایەنگیریان ناکەم.

## ڕۆمان یان بیۆگرافیا

ژان ژینییە بە ڕۆمان نووسین ڕەوتی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆی دەست پێدەکات. ڕۆمان دەبێتە دالدەی تەنیایی و گوزارشتکردن لەژانی نێو بەندیخانەکان. بێگومان فۆرمی ڕۆمان، یان نووسینی ڕۆمان ئامراز و کەرەستەیەکی گونجاو و لەبار بووە بۆ ئەو دەسپێکە سەرەتایە و بۆ ئەو دامەزراندنە پتەوە.

ژان ژینییە شەش ڕۆمانی نووسیون، هەر شەشیان بەشێوەیەک لەشێوەکان بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی. ژیانی تایبەتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و دەربڕی تاوانەکانی، مەسەلەکانی سزا و هێزی شەڕە. هەروەها ژیانی سێکسی تاوانکار، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، وەک وزەیەکی بەهێزی چارەنووسی کارەکتەرەکانی، هەروەک خۆی لەژیاندا بەڕێوە دەبات.

ڕۆمانی Notre-Dame des fleurs لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاودەکرێتەوە، دوابەدوای ئەوە Miracle de larose لە ١٩٤٦، Querelle de Brest لە١٩٤٧. لە ساڵی ١٩٥٧یشدا سەرلەنوێ ڕۆمانی (دز و خۆشەویستیی) بڵاودەکاتەوە. دز و خۆشەویستی زیاتر باسی منداڵێکی بێ دایک و باوکی ناو دەزگا خێرخوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕۆمانی Pompes funebres بڵاودەکاتەوە. لەم ڕۆمانەیدا باسی سێکس و پێوەندییە سێکسییە حەرامەکانی ڕەگەزی نێر دەکات. لە ساڵی ١٩٤٩دا ڕۆمانی Journal du voleur و لە ساڵی ١٩٥٢دا یادەوەرییەکانی دزێک بڵاودەکاتەوە. لەم دوو ڕۆمانەیدا سەرلەنوێ و زۆر بە وردی و بەبێ پەردە و هیچ بەربەستێک، لەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر دەنووسێ. لە ساڵی ١٩٨٢شدا یەکێک لە ڕۆمانەکانی دەبێتە فیلمێکی سینەمایی. فیلمەکە لەسەر ئاستێکی گەورە بڵاودەکرێتەوە و چەندین پاداشتی گرنگیش بەدەست دەهێنێ. لە ساڵی ١٩٨٦دا و دوای مانگێک بەسەر کۆچی دوایی ژان ژینییەدا، دوا ڕۆمانیشی Uncaptif amoreux (بەندێکی عاشق) بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانەش باسی مەسەلەی فەلەستین و ژیانی پەنابەرە فەلەستینییەکان دەکات.

بەڵام ژان ژینییە لە ڕێی شانۆنامەکانییەوە بوو نەک ڕۆمانەکانی، کە نێوبانگە نێونەتەوەییە گەورەکەی خۆی بەدەست هێنا.

## مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان

مەرگی ژان ژینییە مەرگی مرۆڤێکی گەورە و مرۆڤێکی ماندوو و مرۆڤێکی تووڕە و یاخییە. مەرگ وەک ژیان هاوکێشەی مەرگەساتی، یان تراژیدیای دوا چرکەساتەکانی ژان ژینییەیە. ئەم مرۆڤە ئازادە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا و لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا دەڵێت: (من چاوەڕوانی مەرگ دەکەم). ئەم نووسەرە مەزنە لە دوا چرکەساتەکانی تەمەنیدا زۆر نەخۆش و بێهێز بووە، ئازارە قووڵەکانی جەستەی، ڕۆژی داوەتە دەست شەو، شەویش بەبێداری بەدیار جەستەیەکی بێهێزەوە چاوی بڕیوەتە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو. لەگەڵ ئەوەشدا ژان

ژینییە شەو و ڕۆژ لەدوا بەرهەمەکانیدا کاری کردووە، لە مەرگ پاراوەتەوە بواری بدات تا دوا دەستنووسەکانی تەواو بکات. ژان ژینییە دەیزانی ئەوەندەی نەماوە لە ژیاندا، دەیزانی مەرگ هاوڕێیەکی نزیکە و ئەوەندەی نەماوە پێکەوە سەفەری تا هەتایی بکەن. لەبەرئەوە بیری دەکردەوە بفڕێت و جەستە و گیانی لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا بشارێتەوە، دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپا و خاکی فەڕەنساش تاکە ئەلتەرناتیڤی ئەو بڕیارە سەخت و گرنگە بووە. ژان ژینییە نەیدەویست لاشەکەی لەوڵاتێکدا بنێژرێت کە ئەو لە هەموو ژیانیدا دژی یاسا و بنەما ئاکارییەکانی وەستاوە و بەرهەڵستی کردوون. ژان ژینییە هەرگیز هەستی بەوە نەکردووە کە خەڵکی فەڕەنسایە و هیچ پێوەندییەکی، ناسنامەیەکی بەم وڵاتەوە نەبووە و لە ناخی دڵییەوە ڕقی لە وڵاتی فەڕەنسا بووە و قێزی لێکردۆتەوە. ئەم مرۆڤە سەربەستە لە پازدەی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٦دا و لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، تەنیا یەک ڕۆژ دوای کۆچی دوایی (سیمۆن دو بوڤوار) بە نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێت. ژان ژینییە لەسەر داواکاری خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی فەڕەنسا و لە وڵاتی مەغریب بەخاک سپێردراوە، بەڵام لەبەرئەوەی موسوڵمان نەبووە، لاشەکەی دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ دامودەزگاکانی مەغریب، لە بەرەنجامدا لە گۆڕستانێکی کۆنی ئیسپانیدا لە مەغریب دەنێژرێت، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە گۆڕەکەی ژان ژینییە لەو گۆڕستانە کۆنەدا، بەڕێکەوت کەوتۆتە بەرامبەر بەندیخانەیەکی کۆنی ئیسپانی. ژان ژینییە ئەو مرۆڤەی تەمەنێکی زۆری ژیانی لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا بردە سەر، گۆڕەکەشی دەبێتە ناونیشان و دەروازەی بەندیخانەیەکی کۆنی داگیرکەرە ئەورووپییەکان، چارەنووس دوا زەنگەکانی بەندیخانەیەکی تا هەتایی بۆ ژان ژینییە لە دەرەوەی وڵاتی فەڕەنساشەوە لێدەدات.

### وتار و هەڵوێستێکی تری توندوتیژی ژان ژینییە

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ژیانی ژان ژینییە ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت، لەم قۆناغەدا دەزگا گەورەکانی فەڕەنسا بەرهەمەکانی بڵاودەکەنەوە، ناوبانگێکی گەورەی نێونەتەوەیی بەدەست دەهێنێ و دەشبێتە کەسایەتییەکی ناوداری کولتوور و چیتر فەڕەنسییەکان وەک دز و تاوانبار تەماشای ناکەن. ژان ژینییە هەر لەم قۆناغەدا و زیاتر لە ساڵی ١٩٥٧ەوە بە بەردەوامی کۆمەڵێ وتاری ئێستێتیکی و ڕامیاری دەنووسێ. لەم وتارانەدا و بە شێواز و فۆرمێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگا بەچاوی گومان و هەڕەشەوە ئاماژەیان بۆ دەکرد. لەم وتارانەدا ژان ژینییە بۆ نموونە و لە ئاستێکی بەرزدا پێناسەی شەڕ و تاوان و توندوتیژی دەکات، بەرگری لە جوولانەوە چەپڕەوەکانی ئەورووپا دەکات و پاساو بۆ گورزەکانیان، بەتایبەتی تیرۆریستە ئەڵمانییەکان دەهێنێتەوە.

وتارەکانی ژان ژینییە و لەم قۆناغەدا زۆر بە ئاسانی بەسەر دوو خانەی جیاوازدا دابەشدەکرێت: یەکەمیان ئەو وتارانەن کە هاوتەریب لەگەڵ شانۆنامەکانیدا نووسیونی، ناوەرۆکی ئەم باسانە زیاتر پرسە هونەری و ئێستێتیکییەکان دەگرێتەوە. زۆربەی ئەم باسانە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٧ دا بڵاوکراونەتەوە. ژان ژینییە لەم وتارانەیدا لە بنەمایەکی فەلسەفەی خودێتییەوە دەڕوانێتە مرۆڤ، تەنیایی و مەسەلەکانی یەکسانی. ئەم وتارانە نەفەسێکی قووڵی شیعری لەخۆدەگرن و لەهەمان کاتدا لە ژیانی هونەری خۆی، بەرهەمەکانی ڕابردووی هونەری خۆی ڕادەمێنێ.

دووەمیان دوا وتارە سیاسییەکانی، دیدار و بابەتە جۆراوجۆرەکانی تری ژان ژینییە لەخۆدەگرێت. ئەم بەشەی وتارەکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٨٢ دا بڵاوکراونەتەوە و ژان ژینییە لەم قۆناغەی ژیانیدا هیچ شانۆنامەیەکی نەنووسیوە.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

**کافیەخانی مەلایان**

گوتم: یا کافیە (١) مەبەست لە وشەی (سام سام) چییە؟ دیارە ئەو پرسیارەم کاتێک لێکرد کە گۆرانییەکی ڕەسەنی کۆیەی بەو ناوە بۆ گوتم، لە وەڵامدا گوتی: ناوی ئاغایەکی ناوچەی (سابلاخ) بووەو لەبەر هەچ هۆیەک بووبێت کوژراوە (٢)، کاتی خۆی کوردەکانی ئەو دیو (مەبەستی لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە) دەهاتنە ئێرەو منیش هەر لەوانەوە بیستوومەو فێری بوومە. (کەواتە وەک لە قسەکانی کافیە خانەوە، بۆمان ڕوون بووەوە ئەم گۆرانییە لە ڕەچەڵەکدا، هی کوردستانی ئەودیوە).
گوتی: مەقامی (گوریێ)(٣)م زووتر لە (حەنیلە خڕە)وە گوێ لێ بووە، ئەو کاتە مام حەنیل لە باخچەکانی کۆیە (موو)ی دەڕێست، ئەمنیش لە کنی دادەنیشتم، ئەو کاتە ئەو تەمەنی (٥٠ - ٦٠) ساڵان بوو، من تازە (١٠ - ١٢) ساڵان دەبووم، بەڵام بەڕای من دەنگی مام حەنیل لە دەنگی سێوەی نەرم و خۆشتر بوو! دیسان (پووتە دیان) هەبوو، ئەویش دەنگی زۆر خۆش بوو، نەک هەرئەوەندە بگرە لە دنیایێ کەس لەوی دەنگ خۆشتر نەبوو! گوتم: گوێت لە مەقامی (کراسی شەنگ مێرەمێ) بووە؟ گوتی: نەخێر. بۆ گۆرانی ڕەسەنی(خەجێ)ی کۆیەش، یان ڕاستتر (خەجێ)ی بیتوێنێ، کافیە خان گوتی: ئاغایەک هەبوو، ئەو خەجێ-یە هاوسەری بوو، کەسێکی دی بە ناوی (س) ئامۆزایان بوو، ئەم کەسە وەک دەگێڕنەوە یەگجار لاوچاک و پیاوێکی بە شان و شەوکەت و هەم سواری چاکیش



**کافیه خانی مەلایان**

بووە، گوایە خەجێ حەزی لێ کردووەو لەگەڵ ئەویان دیتووە، ئینجا (ئاغای) کوڕی خەجێ کە پیاوێکی باڵابەرزو بەشان و شەوکەت بووە، بە پێچەوانەی ئاغای باوکی کە پیاوێکی پووتە و نابووتە بووە دەرچووە، بۆیە هەندێ کەس دەگێڕنەوە کە: خەڵکی ناحەز بە ئاغای باوک، بوختانیان کردووەو گوتوویانە ئەم کوڕە لەو ئامۆزایەیانە؟ گوایە زۆریش بەو چووە، بەو هۆیەوە پیاوانی ئاغای ئەو لاوە بە فێڵ بۆ ڕاوە بەرازێ دەبەن، لەم ڕاوەشدا وا باوە کاتێک بەراز دەدیترێت، ڕاوکاران بەدوای دەکەون، جا لەدواوە لەو لاوە (س) دەدەن و دەیکوژن، کافیە خان گوتی: کاتی خۆی دێوانە (٤) بەیتێکی ئەو گۆرانییەی گۆت، ئاغاکان لێیان ڕاسپاردو هەڕەشەیان لێکرد و گوتیان چیدی نەیلێیت؟

**گۆرانی(خەجێ)**

**چەندم پێ گۆتی کچێ خەجێ**
**مەچووە (بیتوێن)ێ**
**ئاوی ناسازەو کچێ خەجێ**
**هەر دەت فەوتێنێ**
**کەپرێکت بۆ بکەم کچێ خەجێ**
**لە قولەی دەربەندی**
**دێمە لای دایکت کچێ خەجێ**
**بە زاوا بەندی**
**کەپرێکت بۆ بکەم کچێ خەجێ**
**لە ناو تووتنێ**
**داوێمە کەپرێ کچێ خەجێ**
**پەلکی سووسنێ**
**بەهارێ نامرم کچێ خەجێ**
**شایی و سەیرانە**
**هاوینێ نامرم کچێ خەجێ**
**خەلەو خەرمانە**
**پاییزێ نامرم کچێ خەجێ**
**گەڵاڕێزانە**
**زستانێ نامرم کچێ خەجێ**
**بەفرو بارانە**
**ئەو وەختەی دەمرم کچێ خەجێ**
**دەس لێک بەردانە**
**چەندم پێ گۆتی کچێ خەجێ**
**مەچووە (بیتوێن)ێ**
**ئاوی ناسازەو کچێ خەجێ**
**هەر دەت فەوتێنێ**



کافیەخان گوتی: باوکم (بەقاڵ) بوو، هەمیشە سوێندی بەسەری من بوو، من شەش ساڵان بووم ئەو کۆچی دوایی کرد. گوتم: یا کافیە ئەو گۆرانیانە لە چ کەسێکەوە فێربوویتە؟ گوتی: کاتی خۆی (عاسمە خانی)ی ماڵی(حەماغای) هەبوو، (خانە) و (زەکیە) و (مێرەمێ میرانێ) هەبوون، هیچ کامیان نەماون، ئەوانەو هەندێکی دی کە بیرم نەماون ژنانی زێدە دەنگخۆشی شاری کۆیە بوون، ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانم بیلێیم لەوانەوە فێریان بوویمە، گۆرانی (بووکانە) و (شیرنێ لەیلانێ) و ئی دیکەشیان دەگۆت . گوتم: بێجگە لە (حەنیلەخڕە) و (ئەو چەند ژنەی ناوت بردن)، لەو زەمانی کە تۆ تازە پێ دەگەیشتی لە چ کەس و لایەنی دیکەوە، گۆرانی و حەیران وئەوانەی دەیانزانی فێر بوویتە؟ گوتی: چایخانەی سەرمەیدانێ بۆڕیەکەی (مەبەستی دەمی بووقی گرامەفۆنی چایخانەکەیە)، ڕووی لە ئێمەکرابوو ئەو کاتە چایخانەکە هی(حەمەشین و حەمەدەمینی مەلا ڕەئووفی) بوو، ئەو قەوانانەی لەوێ لێیان دەدا من فێریان دەبووم، جگە لەوە شەوان ئەو کاروانانەی لە سەری چیای (هەیبەسولتانێ) وە دەهاتنە خوارێ «ئەوە ئەو کاتانەی لە (چنارۆک)ێ لای ماڵی (جەنابی مەلای کۆیە) بووم» لەخەو هەڵدەستام و جغارەیەکم پێ دەکردو هەستی خۆم زۆرجوان لێ ڕادەگرتن، بۆ بەیانی دەچوومە سەرکانی ژنان ئەو حەیرانانەی دوێنێ شەو گوێم لێ بوون، بە هەمان شێوە دەمگۆتنەوە؟ ئەو کاتە لە کۆیە خەڵکێکی زۆری دەنگ خۆش هەبوون، کاروانچی بوون هەر بۆ نموونە :(ئەحمە بیژی، سالەی قالە وەتمانی، کەریمە کەچەڵی گولزاری، ئەحمەخێل ....) ئەوجا جەنابی مەلای تەکلیفی لێ دەکردن و دەیفەرموو: چ لە ڕۆیشتنتاندا بەرەو بیتوێن و چ لە گەڕانەوەتاندا بەرەو کۆیە حەزدەکەم دەنگتان بێ، (حەیران) بڵێن چ بەشەو بێت یا بە ڕۆژ دەست پێ بکەن و لەسەری هەیبەسولتانەوە بیلێن ....

لەم قسەی کافیەخانی مەلایانەوە، بۆمان دەردەکەوێت مەلای گەورەی کۆیە هەرچەندە بابەلباب مەلازادە بوونە، بەڵام نرخی هونەری زانیوەو لەو سەردەمە کۆنانەدا حەزی لە هونەری دەنگ خۆشی و گۆرانی و حەیران و مەقام کردووەو نەیشاردۆتەوەو گوێی بە قسەی هەڵەق و مەلەقی کۆلکە مەلاو نەفام و نەزانان هەرگیز نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو زاتە هەردەم خەریکی خوێندنەوەو زانین و زانیاری نوێ پەیداکردن و خۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردن بووە، بە ڕای من جەنابی مەلای بڕوای بەوگوتارەی فەیلەسووفی گریکی (سوکرات) هەبووە، کە دەڵێت: موزیک خۆراکی گیانە.

کافیە خان گوتی: گۆرانی ناوداری فەقێکانی کۆیە (ئایشۆکێ) لەکاتی (ساوار کوتانیش)دا گوتراوە، شاییشی لەگەڵدا کراوە، هەروەها گۆرانی (ڕازیە ــ ئەوەی حەسەن زیرەکی نەمر گوتوویەتی) ئەویش هەر هی شاییە. دیسان گوتی: لەو ئاهەنگەی (حەماغای) کۆیە، لە گوندی(هەرمۆتە ـ لەناو دار زەیتوونەکان)دا، کە بەبۆنەی لەدایک بوونی(کاکەزیاد)ی تاقە کوڕیەوە سازی کرد، (دۆڕۆکە)(٥) هەبوو، ئەو ئامێرەیان دابووە دەست حەماغای و ئەویش بەو بۆنە خۆشەیەوە ورد ورد لێی دەدا، پاش ئەوەی سەیران و ئاهەنگی لە هاتنە دنیای، (کاکەزیاد)یش تەواو بوو، کاکە زیادی کۆرپەیان بردە ماڵی، (تایەراغای بابی تۆفیق ئاغای گوندی شیواشۆکێ)، دواتر کاتێک حەماغاش کۆچی دوایی کرد، (مەلا حەوێزئاغا) کاکەزیاداغای بۆ کۆیە هێنایەوە، لەو ئاهەنگەدا (سێوە) و (مەلا ئەسعەد)و (قالە کەچەڵ) گۆرانییان بۆ کاکەزیادئاغا دەگۆت، کاتێکیش کاکەزیاد پێ گەیی و (خێریەخانی) دەزگیرانی گوێزایەوە، لەبەردەمی ماڵی خۆیانەوە واتە بەردەم ماڵی (مەلا حەوێزاغای) کە ئەو کاتە گۆڕەپانەکە، تا بەردەمی(گەرماوی حەسەن ئاغای) درێژ ببووەوە، حەفت شەو و حەفت ڕۆژان، لە حەفت قۆڵانەوە، بە حەفت (دەهۆڵ)و حەفت(زوڕنا)وە شایی دەگەڕا، ئێوارەی ئەو ڕۆژانە، لە (دەرکی گەروێ) بەسواری ماین و ئەسپان ڕمبازی دەکرا، ئەوکاتە جارێ ئۆتۆمبیل پەیدا نەببوون، (عەزە بەغدایی) هەبوو، لە کۆیە (دەهۆڵ) کوتێکی زۆر بەناوبانگ بوو، لە بەردەم بووکێ بە دەهۆڵ کوتانەوە دەڕۆیی.

لە کتێبی(گەشتی ژیانم)ی (مەسعوود محەمەد)یش دا، دەربارەی کافیەخانەوە هاتووە:

.... بە تایبەتی(دۆشاو) بە ئەستۆی (کافیەی مەلایان) ەوە بوو، ئەم ئافرەتە هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، یەکێک بوو لە سێ خوشکی بێ برا، پاش (مام حوسێنی) باوکیان یەک لەدوای یەک شوویان کرد، کافیە بە مێردەکەیەوە دانەنیشت ناشزانم بۆچی لێی تۆرا، بەڵام یەکسەر هاتە ماڵی باوکم، ئەوسا ڕەنگە تەمەنم سێ ساڵ بووبێت، کافیە لە ماڵمان مایەوەو شووی نەکردەوە، هەتا خەڵقندەیەک هەبووبێ، وەفادارو دڵسۆز و بێ خەوش و

جانفیدا، لەگەڵ ئەو ماڵەی تێیدا، (فراژی ــ تێدا) بووبێ، بە کافیەی مەلایان ناگات، ئێمەی لە خۆی خۆشتردەویست، چ جای لە خزم و کەسی، عومری خۆی بە ئێمە بەخشی شانازی دەکرد کە بە (کافیەی مەلایان) بانگیان دەکرد. مامم دەیگوت: کافیە لەمن بە خەمترە بۆ ماڵی کاکم، ڕاستییەکەی ئەم ئافرەتە مەخلووقێک بوو، لە مەیدانی خۆیدا کەم هەڵدەکەوێ، دوای دەست هەڵگرتنی کاک (تاهیری حەمەلاڵ) لە سەرپەرشتی کردنی گوندی (پێبازۆک)دا، کافیە لە شوێنی ئەودا بوو بە چاودێر، بێ ئەوەی باری کەسایەتی موڵکەکان دابلەنگێ، جگە لەمە ئەو مەسرەفەی کە ماڵی کاکە تاهیری پێی دەژیان، گەڕایەوە بۆ باوکم، سەرەڕای ئەمە حەسارێکمان هەبوو بەرانبەر ماڵی خۆمان، وڵاغی تێدا دەبەسترایەوە، کافیە بە ئیزنی باوکم کردی بە (خان) و کرێی لێ وەردەگرت و لایەکی مەسرەفی ماڵەوەی پێ جێ بەجێ دەکرد، جێی وڵاغەکانی جارانیشی تێدا دەبووەوە. قسەی خۆمان بێ زۆر لە برا کوردە کاسبکارەکانی دیوی کوردستانی ئێران لە سەردەشتەوە ماڵی (قاچاغ)یان دەهێنا (کە مەزهەبی قەومایەتی و دینی) ش قاچاغ نییە، لەو حەسارەدا بە ئاگاداری لێ کردنی، کافیەی مەلایان ماڵە قاچاغەکە ساغ دەکرایەوە، پۆلیس و قۆڵچیش نەیان دەوێرا خۆ هەڵ قورتێنن، (چنارۆک)یشی بە ملەوە گرت، بە تایبەتی(شیناوردی هاوین)ە، کە هەر خۆی دەیچاندن و ئاوی دەدان، لە ئیشی ژنانە هەر ئەوەندەی دەکرد، بەر لە پەیدا بوونی (کارەبا)ش، پاش عەسران فانۆس و قوتیلەو لالەی دەسڕینەوەو نەوتی تێ دەکردن، خەڵکیش بە چاوی پیاو سەیریان دەکرد، جارێکیان ڕادیۆی (پارس) لە بەرنامەی داخوازی گوێگراندا، گۆرانییەکی پێشکەش بە کافیەی مەلایان کردبوو، دواتر بە یەک دوو ساڵ وەها ڕێک کەوت، تەکلیفێکی کافیە ڕەت کەمەوە، ئاوی لە چاوان گەڕاو گوتی: (پارس ــ فارس) بە ماڵی تۆوە (مەبەستی لەقەبی مەلایانە)، منی هەڵداوە! ئێستا ئەوەیە وەڵامی تەکلیفم؟ خوێنەر! تۆ بوای لە جێگەی من چیت دەکرد؟ پێی ناوێ زۆری بە دوو بکەوم، ئەوەندە بەسە بڵێم: لە(١٩٧٥)ەوە، خوشکێکم کەوتە دەرەوەی وڵات، لێرەوە بەو پیرییە، بە پشتی وڵاخ، شاخەو شاخ ڕۆیی، هەتا خۆی گەیاندێ کاتێ گەڕاشەوە، زۆری چەرمەسەری لەسەر ئەو سەفەرە کێشا، کافیە دەنگخۆشێکی کەم مانەندیی (کەم وێنە) بوو، تا منداڵ بووم ئەویش جحێڵ بوو، بەیتی (سەیدەوان)و (سام سام)م لێ دەبیست:

**سام سام**

**سام سام دەرێ مامە مینە**
**چەکمە زەردێ پانتۆر شینە**
**ئەو(پێنج تیرە)م لە بۆ بینە**
**تا پێی بکوژم (؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟)**
**ناڵەی سام سام لە کووچان دێ**
**دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ**
***  *  ***
**هەر لە سبەینێ تا نیوڕانێ**
**لەشکر ڕۆیی بۆ تارانێ**

## Sam Sam

Folkloor



تارانییان کرد مار بە مارە
تارانییان کرد شار بە شارە
نالەی سام سام لە کووچان دێ
دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ

*  *  *

لەو سام سامەی بەرەک چاوە
لەو سام سامەی بەرەک چاوە
گوللەکییان لە ڕانی داوە
بەو گوللەی کاری کراوە
نالەی سام سام لە کووچان دێ
دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ

*  *  *

ئەحمەد دەرێ مامە پاشا
کورتەک قوتنی پانتۆر ڕەشە
ئەو پێنج تیرە لۆ من باشە
تا پێی بکوژم ئەو مامەشە
نالەی سام سام لە کووچان دێ
دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ

*  *  *

سام سام دەرێ من نەخۆشم
سام سام دەرێ من نەخۆشم
خانمە شێتە وەرە کۆشم
تاکو بێتن فەرامۆشم
نالەی سام سام لە کووچان دێ
دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ

*  *  *

ئەسپی سام سام دەحیلێنێ
هەر چار پەلان دەچەقێنێ
ناڵ وبزمار دەشەقێنێ
خونی سام سامی دەستێنێ
نالەی سام سام لە کووچان دێ
دەنگی ئاغەم لە قەبران دێ

دواتر مامۆستا (مەسعوودی)مەلای گەورەی کۆیە درێژە بە نووسینەکەی دەدات و دەڵێت: بەو جۆرەی کە هەر لە دەمی فریشتەوە دەردێت، لە بەیتی سەیدەوان، کە بە زاری باوکی سەیدەوان و براکەی (مەلکەوان)ەوە، شینی دەگێڕاو دەیگوت: (سەیدەوانم ڕۆ! مەلکەوانم ڕۆ!)، بۆن سۆ لە دڵی گوێگر هەڵدەستا. گوتم ئەو هۆبەیەی ماڵی حاجی (عەولای سالح و مام ئەمین)ی لێ بوو، کافیە بە یارمەتی (یا ڕابی) خێزانی مام ئەمین، سەرو بەری دۆشاوەکەی دەکردو یەک دوو شەویش لای یا ڕابی دەمایەوە، دوای هاتنی کافیە بۆ ماڵمان ئافرەتێکی دیکە (عەیشێ)ی ناو، خەڵکی گوندی (گۆمەشین) ی ناوچەی ڕۆژئاوای کۆیە ڕووی لە ماڵمان نا، ئەم ئافرەتەیش وەک کافیە لامان مایەوەو بە جێی نەهێشتین، هەرچەندە خۆی شیری نەبوو، سێ خوشک و برایەکمی گەورەکردن، بۆیان دایک و دایان و دۆست و هەموو شتێک بوو، هەتا (یا عیسمەت) دایانم بوو، ئەم دوو ئافرەتە (کافیە) و (عەیشێ) بە ئەمری ئەو دەبزووتن، هەرسێیان ببوونە سێ کۆڵەگەی ژێرسایاتی ماڵمان و یاریدەدەری دیکە لە ژن و پیاو دەهاتن و دەڕۆیشتن، بەڵام ئەوانە وەک ئەو پەندەی دەڵێ (ئاو دەڕوا زیخ دەمینێ) نەبزووتن. کافیە لە کۆیە ساڵی (١٩٨٢) کۆچی دوایی کرد.

**پەراوێز:**

**١- یا کافیە: لە کۆیە ژن، بە پێشگری (یا ) لە جیاتی (خان) بانگ دەکرێت .**

**٢- بەڕای من ئەم گۆرانییە شیوەنە، یان ئەمەکدارییە بۆ ئەو (لاوچاکە) بە غەدر کوژراوە و بۆ (خەجێ)یش.**

**٣- دێوانە: ژنێکی دیمەن سەیر بوو هەمیشە سەری بە پەڕۆیەک بەسترابوو بۆیە بە دێوانە کەچەڵیش بانگ دەکرا، هەر لە ماڵی مەلایان بوو، من کە بە مێرمنداڵی دیومە ئەو پیرەژن بوو، مێردو منداڵی نەبوو لە کاتی سەیرانان گۆرانی دەگوت، بە تایبەتی گۆرانی (بووکانە بووکانە بووکێ) و (شیرنێ لەیلانێ).**

**٤- مەقامی گورێ هەر ئەو مەقامەیە کە ساڵانێک دواتر لەلایەن (سێوە)وە بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمارکراوە.**

**٥- دۆرۆکە: ئامێرێکی موزیکی ڕەسەنی کوردییە، کە ئامێرێکی دەهۆڵی بچووکە، یانیش تەپڵێکی بچووکە، ئەو دۆرۆکەیە دوو مۆریلۆکەشی پێوەکرابوو.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنەم لە کۆیە لە گەڕەکی (حاجی قادری کۆیی) ماڵی پوورم (خوشکی باوکم ــ پلکە ئامینە) لەگەڵ (یا کافیەی مەلایان) لە (١٢/١٢/١٩٧٩)دا ئەنجام داوە.**

# ئەو ئافرەتانەی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە دەڤەری هەوراماندا گۆرانییان چڕیوە

**(٢ - ٢)**

**دارا محەمەد عوسمان هەورامانی**
**(سلێمانی)**

ئیدی ئەو ئافرەتە سیاچەمانە بێژانە چۆن دەنگیان وەک شمشاڵ نالەرێتەوە، تەماشاکردن لەوەدایە ئەو هونەرمەندانە بەدەم کاروهەرمانەوە ئەو ئاوازانەیان چڕیوە و ماندوبوونیان نەزانیوە. لەم ڕووەوە مێژووی میوزیکی هەورامان ئەوەندە دەوڵەمەندە. دەتوانم بڵێم پێش دینی ئیسلام هەموو کوردستان بەشێوە دیالێکتی هەورامان هۆزان و ئاوازیان چڕیوە. لە گوڵزاری هەوراماندا ل٢٤١ د. محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت(١٩): «بەشێوەیەکی ڕۆشنبیر سامانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ناوچەکانی هەورامان، بەهۆی تەمەنی درێژیانەوە، بەهۆی جۆراوجۆری لقەکانیەوە، بەهۆی بەرفراوانی بەرپانیایەوە خۆیان لە خۆیاندا توانای ئەوەیان هەیە کە لایەنی زۆر هەمەجۆر ڕۆشن بکەنەوە، کێشەی زمانناسی و ڕۆشنبیری شاراوە خاوبکەنەوە، چونکە هەروەک لای هەموو لایێ ئاشکرایە بەڵگەی ئەدەبی و بە هەموو جۆرەکانی و لقەکانیەوە لە بەڵگە ڕەواو بروا پێ کراوەکان، سەرژمێر دەکرێن». ئەم هونەرە بەرزەی هەورامان بە هەموو بەشەکانیەوە، بە تایبەتی هونەری ئاوازگەلی گۆرانی ئەوەندە دەوڵەمەندە. ئەگەر سەرژمێری ئەدکاری بۆ بکرێت، ئەوا ئەدکارە جۆرە میلۆدیەکی لێ دەردەکەوێت، کە فەرهەنگ و کولتووری پێ ڕازاوە دەبێت.

ئەو خانمانەی کە لەم بوارەدا سەرقاڵ بوون، فرە خانم گەل بوون. ئەو داستانانەی کە لە فەرهەنگی کوردیدا هەبوون، زۆربەی زۆریان بە شێوە دیالێکتی هەورامانی بوون وەک (شێخی سەنعان- داستانی حەیدەر و سنۆبەر، گوڵ و بولبول، شیرین و خوسرەو، بارام و گوڵئەندام) کە

زادگەی مـوگـانی دینی و ئایینزاکـان بوون. بۆیە هەریەکە لەو داسـتـانانە چەند نموونەیەکی هۆزانی دەخەینە ڕوو کە بەدەنگی خانمانی هەورامان و تواون، لە داستانی شێخی سەنعانەوە دەفەرمووێت(٢٠):

**«بواچوو تەعریف سەنعانی گومڕا**
**جەگومڕایی وێش چوون بەرشی جەڕا**
**چل ساڵ بێ سەنعان جەقاپی حەرەم**
**عیبادەت مەکەرد بێ زیاد و کەم**
**چەنی چوارسەد موریدی سەرمەست**
**لاقەیدو بێ باک ڕاگەی هەڤپەرست**
**ڕۆیێ نیشتە بێ نەسەر سەجادەت**
**واتش کێ کەردەن چون من عیبادەت»**

ئەوەتا لە داسـتـانی شـێـخی سـەنعـاندا باسی ئەو گۆرانیبێژە دەکات و دەڵێت:

**«تابێ جەکەلاف ئەشەدبۆی تەرسا**
**خاستەرەک جەلام خەرقەی نەکیسا»**

دیارە شـەیدای مـەسـتی و بادەنۆشی سـاقی شـێـخی سـەنعـان ئەوەندە مەست بوو، لە داسـتـانەکـەیدا باسی خانمی گـۆرانیبـێـژی دەنگ خۆش (نەکـیـسـا) دەکات. ئەمەش ئەوە دیاری دەکات، کە هەردەم شێوە دیالێکتی دینی هەورامان ڕەگ و ڕیشەی لەناو فەرهەنگی کوردیدا داکـوتاوە. ئەو داسـتـانانەش کـە لە دیرۆکی دێرینی میللەتەکەماندایە، هەر هەموویان بەشێوەی هەورامانی بوون مـێـژووی هەورامـان، لە گـوڵزاری هەورامـاندا د. محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت(٢١): «زمانی دینی و هی ئەدەبی و ڕۆشنبیری سەرانسەری خەڵکی کوردستان و هی عـێـراق بووە و بۆ مـاوەیەکی زۆر دوور و درێژیش، تاوەکـو سـەردەمی دامـەزراندنی حکومـەتی بابان هەر لە پەرەسـەندندا بووە». ئەوەش دیاردەی زیندووی شـێـوە دیالێکتی هەورامان نیشان دەدات.

لەو ئافرەتە دەنگ خۆشانەی کە ئێستا گۆرانی دەڵێن بەشێوەی هەورامانی (تارا جاف)ە. شێوە دیالیکتەکەی، یان شێوەزارەکەی هەر شێوەی هەورامانە، گۆرانی (یاران یاران)ی بە ئامێری کۆنی مـیوزیکی کـوردی (قیـسارە) وتووە و ئەو ئاوازە زەردەشتـیـیەی ڕازاندووەتەوە هەندێ لەهۆزانەکان، هۆزانی (مەولەوی)ن و هەندێکی دیکەیان هۆزانی فـۆلکلۆری ڕەسـەنی دەڤـەرەکـەن، بەم شـێـوەیە دەڵێت(٢٢):

**(ئەی یاران یاران، یارانا بەیدێ**
**یانە و نازارام نیشانە دەیدێ)**

ئەمە دێرێکی مەولەوییە کە دەفەرمووێت

**(ئەر ئازیز وەی تۆر لێت کەروستەم**
**خەلا سیم نیەن ئەمجار خاترجەم)**

دێرێکی فۆلکلۆری هەورامان دەڵێت:

**(تاکەی بنیشم جەسای دیواران**
**زنجیر لە گەردەن چوون گوناە کاران)**

یەکـێکی دی لەو کـچـە شـۆخ و شـەنگانەی دی کـە بەشـێـوەی هەورامـانی ئاواز و گـۆرانی ڕەسـەن دەڵێت دەڵێت ناوی (ناهیدە شووشەیی)ە لەگەڵ تیپی میوزیکی میدیا تی ڤی بە ئاوازی فرە زەریف:

**[خاڵ خاڵ مەنیجە جوانخاس مەنیجە**
**سەر کولمت هەناری باخەکەی هەجیجە]** سەربەند
**[ئیەچن ساڵەن روخسارم کەردەن**
**پەی دووری یاران فیراقم کەردەن**
**خاڵ خاڵ مەنیجە جوانخاس و مەنیجە**
**سەرکولمت هەناری باخەکەی هەجیجە]** کۆپلە
**[بۆ بۆ بۆ گیان یا بلمێوە**
**هەورامان وەشەن باسەر دەیێوۆ**
**خاڵ خاڵ مەنیجە جوانخاس مەنیجە**
**سەرکولمت هەناری باخەکەی هەجیجە]** کۆپلە
**[من تەژنەم نیا هەر هەر ئاو ئاوێەن**
**پەی دووری بالات من گلارا وییەن**
**خاڵ خاڵ مەنیجە جوانخاس مەنیجە**
**سەر کولمت هەناری باخەکەی هەجیجە]** کۆپلە
**[هورزە بورێ لام دەمۆ دەلوەشی**
**دەردەو ئۆمەنە ماچاش نەوەشی**
**خاڵ خاڵ مەنیجە جوانخاس مەنیجە**
**سەر کولمت هەناری باخەکەی هەجیجە]** کۆپلە

ئەم ئاوازە ڕەسـەنەی هەورامـان کـە لە دوورە وڵاتی هۆڵەندە و ئەڵمـانیـا بە ڕەسـەنی هەرمـاوە. دیارە ئاوازی ڕەسەن و وشەی شیرین بەدەنگی (ناهیـدەخان)ی دەنگ خۆش ئەو ئاوازەی چڕیوە. ئەو هۆزانە پڕ سـۆز و جۆشـەی کە بەدەنگی هونەرمەندی ئافرەتی دەنگ خۆش، سەدا و ناڵەی شۆشمێ و نەوسوودی باخی سانانی هێنایەوە یادی هەورامانیەکـان. ئیدی بۆ خەڵکی نییە بڵێن هەورامان ئافـرەتی سـتـرانبـێـژی تێدا نییـە. بگرە هەر لە خـاتوو

(نەکیسا) وە تا (ناهیدە)ی شوشمەیی، ئافرەتی هەورامان توانیویەتی سۆز و ئاوازی پڕ هەستی خۆی بەجوانی بڵێت.

ئەو داستانانە کە لە شێخی سەنعان و داستانی حەیدەر و سنۆبەر و گوڵ و بولبول و ئاغا عینایەت و بووکی ڕەش پۆش و خوسرەو و شیرین و ماڵ ماڵ و بارام و گوڵئەندام ڕۆستەم و زۆراب. هەریەکە لەو داستانانە چەندین هونەرمەندی ئافرەتی دەنگ خۆشی هەورامان کردوویانە بە ئاواز و دێرە هۆزانی ئەو داستانانە هونەری ڕەسەنیان پەخش کردووە. چ بۆ لای لایەی منداڵی، یان زارۆڵەی ساوا، چ بۆ بەرگری لە کوردستانی ئازیز. ئەو ئافرەتە هونەرمەندانە کەمتەرخەمیان نەکردووە، جا بەشێوەی تۆماری، یان لە سنگیاندا ماوەتەوە. کاتێک سوپای داگیرکەری دەوڵەتە نەخۆشەکەی عوسمانی و بەربەرەکانێی فارسەکان، کە میرزا ئۆلقادری پاوەیی بە (کوللە و ئاینەمەل) ناویان دەبات. فەرهەنگ و هونەری هەورامان بەشێوەی بناغەی پتەو ئەو هونەرەیان پاراستووە، بۆیە ئەمڕۆ دەوڵەمەندترین هونەر، هونەری ڕەسەنی ئاریانڤاچە، ئەوەتا د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە هۆزانێکیدا باسی هەورامان دەکات و فەرماوۆ(٢٣):

**«هەورامان وەشەن**
**هەورامان وەشەن، زەم و مەزدایا**
**هەورامان پیرۆز، بە ئاڤێستایا**
**یاگی زەمزەمە و**
**یاهۆوی مەزدایان**
**پەناواو لانە و**
**مانا و مادایان**
**هەورامان زادگا و ئاریزاننەکان**
**موگانی دینی ماگ و مادەکان**
**بە یەرێ دۆگی**
**دەستورش وەزنان**
**دوسی و برایەتی**
**زەرد پاکی سازان**
**هەورامان کانگاو حەکیم ژیران**
**یاگە و دانایا و زانایا و پیران**
**یەکەم کارش بێ**
**دۆگەی کرداری**
**پەی ئاواکەردەی**
**زەمین و زاری**
**هەورامان وەشەن ئاریان قاچ زەمین**
**تاک و بێ هامتا مەزدای دنیاو دین»**

لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٧ هۆشەنگ کامکار سەرپەرشتیاری تیپی میوزیکی گرووپی کامکارەکان دەڵێت(٢٤): «سەرچاوەی هەموو دەوڵەمەندی بۆ پۆلین کردنی ڕیشەی هەمووی ئێران، من باوەڕم بەوە هەیە کە میوزیکی ئێران لە هەورامانەوە وەرگیراوە، وەک نەکیسا، باربود، هەر لەو ڕیشەیە گۆرانیان وتووە، ئەگەر میوزیک مەیدانی هەبێ، ئەوا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ». ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ بەڕێزیدا سازکرد لە فیستیڤاڵی میوزیکی کوردستان لە ئوتێل شیراتۆن کە لە ڕۆژانی ١٤-٢٠٠٤/١٢/١٨ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت سازیدا. ئەو فیستیڤاڵە هەموو تیپە ڕەسەنەکانی کوردستانی مەزنی گرتبووە ئەستۆ، وەک (تیپی میوزیکی مەولەوی) کە لە ساڵی ١٩٥٤ەوە تا ئەمڕۆ چەندین هونەرمەندی ڕەسەنی پێگەیاندووە، (تیپی هونەری هەولێر، تیپی میوزیکی کەرکووکی دڵی کوردستان، تیپی میوزیکی دهۆک، تیپی میوزیکی کامکارەکان، تیپی میوزیکی عەندەلیبیەکان، تیپی میوزیکی ماردین، تیپی میوزیکی ئەستەنبۆل، تیپی میوزیکی یەریڤان)، ئەمە و چەندان کەسانی ناسراوی هونەری نەتەوەیی سەرتاسەری کوردستانی گەورەی هێنایەدی. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت، تیپی میوزیکی شەمس کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون. ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەریان هەبوو لە فیستیڤاڵەکەدا، دەیان ئافرەتی دەنگخۆش، فرە بەتین و گوڕێکی کوردانە فیستیڤاڵەکەیان ڕازاندبۆوە، چ بە ئاوازەکانیان، چ بە جل و بەرگە کوردییە ڕەسەنەکەیان. فیستیڤاڵەکە سەرکەوتوو بوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەنگی دایەوە.

هەرچەندە دەیان پرسیار بەسەر زاری خەڵکیەوەیە و دەڵێن، ئایا بۆچی ئافرەتی هەورامان ئێستا کە من لەگۆرانی و ئاوازدانناندا؟ من حەزم دەکرد ئافرەتێکی دەڤەری هەورامان لێرە بوایە و ئەو پرسیارانەم لێ بکردایە، وەلێ نابێ ئەوەمان لەبیربچێت، کاتێک ئافرەتانی هەورامان بە دەنگە زوڵاڵەکەیان ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانەیان وتووە، دەتوانم بڵێم(٢٥) لەسەرتاسەری جیهاندا ئافرەتی گۆرانیبێژ فرەکەم بوون،

بەڵام لە هەوراماندا بەپێچەوانەوە، نەکیسا، حەنیفەخان، مریەم خانی دایکی هونەرمەند مامۆستا عوسمان کێمنەیی و چەندین ئافرەتی دی کە دەنگ و ڕەنگیان بە هیچ شێوەیەک تۆمار نەکراوە. بە واتایەکی دی هەورامان ئێستا پشت گوێ خراوە، نەک گۆرانی ئافرەتان بگرە هونەرمەندە پیاوەکانیش تاک و تەرا جار جارێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دەبینرێن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی هونەری نەتەوەیی فرە کزە لە کوردستاندا. ئەگینا ئەو کولتوور و هونەرەی لەفەرهەنگی ئافێستادا هەیە، دیاردەی پێشکەوتنە لەو دەڤەرەدا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە مێژووی هەورامان بدەم کە د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە ل٧٤ دادەبێژێت(٢٦) یەکەم دراوێ بەناوی (ئاداد)ەوەیە، بۆمان دەردەکەوێ لەوکاتەدا ئەو دراوە لێدراوە و ئەو ئافرەتە حاکم بووە، دەور دەوری حاکمیەتی ئافرەت (دایک سالاری) بووە! ئیدی چۆن لەو دەڤەرەدا ئافرەت نەبووە گۆرانی بڵێت. بەدەیان ئافرەت هەبوون کە ئاوازی بەرزە چریان فەرمووە.

هەروەکو ئاماژەم بەوەدا کە دایکی هونەرمەند مامۆستا (ئوسمان کێمنەیی، گەچێنەیی، هەورامی) یەکێک بووە لەو ئافرەتە دەنگ خۆشانەی هەورامان، کە ئەویش (مریەم خان)ە. لەم بارەیەوە مامۆستا عوسمان لە ل٦٠٣ی ژمارە(٤٥)ی گۆڤاری (ڕامان)دا دەفەرمویت(٢٧): «بنەماڵەی ئێمە بەهرەیەکی خواپێداویان، لە دەنگ خۆشی و توانای گۆرانی وتن بووە و کەم کەسمان هەیە چ ژن و چ پیاو کە گۆرانی نەڵێ، هەر بە منداڵی دەنگی دڵ بزوێنی دایکم بەلایە لایە و سیاچەمانە وتنەوە، نیشتۆتە گوێم و فێربووم کە لەگەڵ گۆرانیدا بژیم».. جاران ئافرەتان لەسەر کانیاوەکانی هەورامان کە جلو دەفریان دەشت، لەبەرخۆیانەوە جۆرە گۆرانییەکیان دەوت، لەو گۆرانیانەدا باسی خۆشەویستی منداڵ و زارۆکیان دەکرد، واتە سۆزی خۆیان دەردەبڕی، هەندێ جار ئەو گۆرانیانە دەبوو بە دووبەشەوە، هەردوو بەشەکەش دەچێتە خانەی چەمەریەوە، چەمەریش دوو جۆرە، جۆری یەکەمیان خەم و پەژارەیە و جۆری دووەمیان ئاهەنگ و شادیە. هەروەک چۆن شوان شمشاڵ لە کەژوکێو لێ دەدات، ئەو شمشاڵەش خەم و پەژارەی ئەو شوانە لادەبات.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٣٩)دا هۆشەنگ کامکار دەڵێت(٢٨): «بەڕای من ئەو شمشاڵەی کە شوانێک لەسەرکانیەک دەیژەنێ، بەهاو نرخی خۆی هەیە وەک زێڕی ناوخاک. هیچ چاکتر و خراپتریەکی نییە لەگەڵ مۆسیقایەکانی تردا». کەواتە هەر جۆرە ئاوازێک سۆز و ئەڤینی خۆی هەیە بە تایبەتی سۆزی ئافرەت بە پێزترە، بۆیە گۆرانی ئافرەتانیش نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. لەداستانی (حەیدەر و سنۆبەردا) لە گولزاری هەوراماندا بەرگی دووەم دەفەرموویت(٢٩):

**جەشاهی پەریان بەردەن سامشان**
**هەریەک مەنشورەن بەی تەور نامشان**
**گوڵئەندام خەمین گۆنای گوڵنارش**
**شەکەر شەرمە سار شەهری گوفتارش**
**لەیلێ گەردەن کە چ پای زوڵفی زەردش**
**زوڵێخا سەرسام لیمۆی بێگەردش**
**سەمەنبەر مایل زەردی گەردەنش**
**جان ئەمرۆز بێ هۆش نیگا گەردەنش**
**شاخنەبات شاگرد لە بە لەنجە و لارش**
**عوزرا هەم سەرسام دیدەی خومارش**
**حەیدە بەگ سەرسام بەژنی باڵاش بێ**
**گوفتار خەمین خاڵی ئاڵاش بێ**

لە شای پەریان بردوویەتی سەرسامیان، هەریەک لەوانە بلاوەی لێ دەکەن گوڵئەندام گوڵی ئاگرینی، لەتۆی شەکەر، شەرمەزاریان دەکات، لەیلێ گەردن کەچ زوڵفی ڕەشی قەتران، ئالودەی چەم و کوێستان...

دەنگی ئافرەتان ئەو دەنگە ناسکەیە، یان دەنگە تیژەکان ئافرەت و منداڵ، واتە دەنگی پیاو جیاوازە لە دەنگی زارۆڵە و ئافرەتان، ئەمەش سروشتی، یان پێکهاتەی مرۆڤە. (مامۆستا سەلاح ڕەووف) لەتیۆرەکانی مۆسیقادا دەڵێت(٣٠): «دەنگی ژنان و منداڵان بەگوێرەی ناسکی و گڕی دەکرێن بەدوو بەشەوە:

أ- دەنگە تیژەکان کە پێیان دەوترێ (سۆپرانۆ).

ب- دەنگە گڕەکان کە پێیان دەوترێ (ئاڵتۆ، یان کۆنتر ئاڵتۆ).

کەواتە بەگوێرەی ئەو بۆچوونە کە دەنگی ئافرەتان و منداڵانی جیاکردووەتەوە لە دەنگی پیاوان، کەواتە پێویستە ئافرەتان زیاتربایەخ بە هۆزانی ناسک بدەن و برگەی کورت بۆ ئاوازەکان هەڵبژێرن. لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٤٧)دا لە بەشی تیراژ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (زەمانەی بەهرامیان)ی کامکاران کراوە، ئێمەش هەندێ بۆچوونی ئەو خانمە دەخەینە پێش چاوی خوێنەران

که دەڵێت(٣١): یەکەم جار کە پۆلی پێنجەمم تەواو کرد هاتمە ماڵی کامکار ڤیۆلۆنی دادەسمەوە، ڤیۆلۆنم مەشق دەکرد و حەزیشم لێ دەکرد ئەوکاتە کەس و کارەکانم قینیان دەهات. دەنگیشم خۆش بوو، منداڵەکانم بە ئاهەنگەوە (لای، لای)م بۆ دەوتن، خەسووم دەهات دەیوت، خاس بە بیانووی منداڵەکانەوە گۆرانی دەخوێنی، ئەی لای لایەی ئێوە فەرقی هەیە لەگەڵ لای لایەی ئێمە؟ نا لای لایەی کوردی لە یەک نزیکن. ئەی دێرە دێرە دێرە شیعرێکی فۆلکلۆری بەشێوەزاری سنەیی فەرمووە؟ کامکاران. منداڵەکانم پۆستەرێکیان هەیە من لە دیوارم داوە و ئەو شیعرەم لەسەر نووسیوە:

**(نازدار نازداران قیبلەی دڵداران**
**دەرمانی دەرد و شەفای بیماران**
**بە قوربانتان بم کامکاران.)**

ئەم خانمە بەشێوەزارەکەیدا دیارە کە سەر بە شێوە دیالێکتی ئەردەڵانە، کە شوێن کەوتووی ماکی زەردەشتییانە. لاوانەوەی هۆزانەکەی زادەی هەورامانە، کە لانکەی هونەری ڕەسەنی هەورامانە.

کامکارەکان کاتێک کە موزیک دەژەنن بە (وەشەن هەورامان) دەست پێ دەکەن و بە (یامن بچمە قاسم خان) کۆتایی بە ئاهەنگەکەیان دەهێنن.

دایکم فرە هۆزانی فۆلکلۆری لەبەرە، زۆرجاریش ئەو هۆزانانەی کە لەبەری کردوون، منیش تۆمارم کردوون بە ڤیدیۆ. دەتوانم بڵێم هەر دێرێکی خاوێن واتە دەستکاری نەکراو، تێکەڵ نەکردنی لەگەڵ هۆزانی هۆزانڤانەکانی تر لەلای دایکم بەشێوازی چاک و بەبێ دەستکاری ماونەتەوە. دایکم ناوی تەواوی (ڕابیعە نادر ئەحمەد)ە، کاتێک منداڵ بووم، یان دەچووینەوە بۆ گوندی سۆسەکان، بۆ سەردانی ماڵی باوکی بە ڕێگادا جارجار سۆزێکی دەکرد، یان براو خوشکە بچووکەکانی دەلاواندەوە بە ئاوازی لای لایە منداڵەکانی دەخەواند، دەیفەرموو(٣٢):

**«ڕۆڵە لای لایە گیانم لای لایە**
**یاخوا تو بووسی بەر لەبەر بایە**
**لای لایت پەی کەرۆتا ساجی لەمەر**
**بەڵکو تۆ بووسی خەمم نەوزی بەر»**

دیارە لای لایەی دایک ڕەوایە بۆ ئارام گرتنی منداڵ، چونکە سۆزی خۆش نەک منداڵ، بەڵکو باڵندەش خامۆش دەکات. ئەو هۆزانانەی کە لەبەری کردوون، هۆزانی فرە پڕ واتان و دەفەرمووێ(٣٣):

**«خوای بانی سەر لایۆ کەرۆوە**
**تەفرەقەی یاران بایۆ و زۆوە**
**خوا بۆ حافز من جەملکو تۆ**
**ئەلا و ماومن هەزار خیرت بۆ»**

ئافرەت لە هەوراماندا، هەندێ جار کۆت و زنجیر هاتووەتە ڕێی، بەڵام ئافرەت فرە سەربەست بووە لە ڕادەبریندا. گۆرانیبێژی زۆریش هەبوون، بەڵام دەنگیان تۆمار نەکراوە. ئەو دابونەریتەی لە هەوراماندا هەبووە، ئێستاش هەر ماوە و فەرامۆشی نەکردووە، بەواتایەکی تەواو ئازادی و مافی مرۆڤ هەبووە. ئافرەتانی دەڤەرەکە بە کۆ گۆرانی چەمەریان وتووە چ بۆ ساردی و چ بۆ شێوەن، کاتێک ئازیزێک لە گەشتەکەی بە سەرکەوتوویی دەگەڕایەوە، یان بەپێچەوانەوە، ئەمەش نەمری زمان و هونەر بەسەربەستی بەشێوەی دیموکراتی هەرێمە کە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەڵبەتە هەر شوێنە ئاوازی چەمەری تایبەتی خۆی هەیە کە بەندە بە دابونەرێتەوە، کە لەو شوێنەدا باوەڕیان باو بووە. گۆرانی چەمەری زۆربەی زۆری ئەم ئاوازانە خانمانی هەورامان بە کۆداڵی، یان شانۆیی دەیڵێن ئافرەتێک کە دەنگی لە هەمووان خۆشترە، ئاوازەکە دەچڕێ و ئەوانی دیکەش بە شوێنیدا سەربەندی گۆرانییەکە دەڵێنەوە. لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا، حەمەی حەمە باقی لە ل١٤٩دا دەڵێت(٣٤):
«لە سەرەتای دەست پێکردنی چەمەریدا، دەستەیەکی تایبەت لە سەرانی بنەماڵە و هۆزەکە دەبنە لیژنەی پێشوازی، کە ئەم دەستەیە بەجلوبەرگی ڕەنگ ماتی ناوچەی خۆیان لەبەردەکەن. ناوچەوان و سەرشانیان لە قوڕ دەگرن و نەوارێکی ڕەشی پان بە شێوەی ڕاست و چەپ وەک حەمایل هەڵدەگرن و شاڵێکی تەنکی وەک عەبا بە شانیاندا دەدەن».

یەکێ لەو ئافرەتە هونەرمەندانە کە دەنگی زوڵاڵی هەوای هەناسەی وا بە یەکجاری گۆرانییەکانی دەڤەری هەورامانی وتووە، کە گوێ لەو دەنگە دەگریت وادەزانێت لەسەر لوتکەی کۆسالان و کێوی چەرمەی جوانڕۆ دەیڵێت. ئەویش ناوی (نازەنین خان)ە، کە دایکی هونەرمەندی دەنگ خۆش مامۆستا (جیهان بەخش)ە.

سەرچاوەکان:
١- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، تاران- چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٨٠ه.
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- هەمان سەرچاوە.
٤- مامۆستا باکووری، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٨٢-٨٣) هەولێر، ساڵی حەوتەم.
٥- هەمان سەرچاوە.
٦- هەمان سەرچاوە.
٧- هەمان سەرچاوە ژمارە ٨٣.
٨- محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ئێران- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٦ز.
٩- مامۆستا باکووری- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٨٢)، هەولێر، ساڵی حەوتەم.
١٠- محەمەدی مەلا کەریم، شیرین و خوسرەو، بەغدا- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٥ز.
١١- مێژووی مۆسیقای کوردی، محەمەد حەمە باقی، ئێران- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٦ز.
١٢- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، لەیلی و مەجنون، بەغدا چاپخانەی دارالوتبە، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٥ز.
١٣- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزاری هەورامانی، هەولێر- چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٤ز.
١٤- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەستخەت- ئەرشیف، چاپ نەکراوە.
١٥- هەمان سەرچاوە.
١٦- محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ئێران- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٦ز.
١٧- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، ڕەسەنایەتی و زمانەکەت بناسە، هەولێر- چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٥.
١٨- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزاری هەورامان، هەولێر- چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٤.
١٩- هەمان سەرچاوە.
٢٠- هەمان سەرچاوە.
٢١- هەمان سەرچاوە.
٢٢- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەستخەت- ئەرشیف، چاپ نەکراوە.
٢٣- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، تاران- چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٨٠ه.
٢٤- کامکارەکان، چاوپێکەوتن. ڕۆژی ١٤-٢٠٠٤/٤/١٨، هەولێر.
٢٥- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەستخەت- ئەرشیف.
٢٦- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، تاران، چاپی یەکەم ساڵی ١٣٨٠ه.
٢٧- عوسمان کێمنەیی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤٥)، هەولێر ساڵی چوارەم.
٢٨- هۆشەنگ کامکار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٣٩)، هەولێر ساڵی چوارەم.
٢٩- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزاری هەورامان، بەرگی دووەم- هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٤.
٣٠- مامۆستا سەلاح ڕەئوف، تیۆرەکانی مۆسیقا، هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٩ز.
٣١- زەمانەی بەهرامیان-ی کامکاران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤٧) هەولێر، ساڵی حەوتەم.
٣٢- ڕابعە نادر ئەحمەد، چاوپێکەوتن، دەستخەتەکانی دارا محەمەد عوسمان، ساڵی ٢٠٠٤.
٣٣- هەمان سەرچاوە.
٣٤- محەمەدی حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٦ز ئێران.

# خۆشنووسی مەزنی کورد
# حامید ئامەدی (١)

**مـاوەی ژیانم بە خـۆشنووسی و نووسـینەوە بەسـەربرد، بەبێ وەسـتـان و پشـوودان دەمنووسی، مـاوەی پتـر لە هەشتا ساڵ بەم شێوەیە تەمەنم گوزەراند. (٢)**
**(حامید ئامەدی)**

هونەری خـۆشنووسی بە قـورسـتـرینی هونەرەکـانی ئیسلامی ناوزەد دەکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی هونەرمەند لە کایەی ئەم هونەرەدا جگە لە قەڵەمە سادەکەی شتێکی تر لەدەسـتیـدا شک نابات، هەر ئەم قەڵەمـەیە ڕاسـتـە و پەرگاڵی خۆشنووس، هەر ئەویشە ئەو تەرازووەی پێوانەی پیتـەکانی بێ دەست نیشان دەکات. ئەم قەڵەمـە گشت ئەو ئەرکـانە جـێبـەجێ دەکـات کـە ئامـێـرەکـانی تر بۆ هونەرمـەندانی بەجێ دێنن لەسـەرجـەم هونەرەکـانی تردا، لەبەر ئەوە خـۆشنووس دەبێت خـاوەنی دوو خـەسـڵـەتی سەرەکی بێت کە ئەوانیش: توانا و هەوڵدانە.
زۆر بوون ئەوانەی سـاڵانێکی درێژ دانیـشـتن و هونەری خۆشنووسیـان پەیڕەو کرد لەسەر دەستی ئوسـتـادگەلێکی خۆشنووسدا، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی ئەم هونەرە بێننە بەرهەم، لەشانی ئەمانەشەوە خاوەن ئامادەییە دەگمەنەکان هەبوون لە مێژووی خۆشنووسیدا، شتێکی کەمیان لەسەر دەسـتی ئوسـتـادگـەلێکی کـەمـەوە لە زەمـەنێکی کـورتدا وەرگرت، لە چەند دێرێکی کەمی نووسراوەی پێش خۆیان لەمـیـانی ڕاهێنانیـاندا نموونـەیەکی وایان بـەدی هێنا کـە پێگەیەکی مـەزنیـان لە مـێـژووی هونەری خۆشنووسـیـدا فـەراهەم کـرد، نـاویان وەک ئوسـتـادگـەلێکی مـەزن لە

**وەهبی ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

خـۆشنووسـیـدا نەمـر مـایەوە، حـامـیـد یەکـێکە لەو هونەرمەندە بلیمەتانە، کە ژمارەیان دەگمەنە لە مێژووی هونەری ئیسلامیدا. (٣)

**(دکتۆر عەلی ئەرسەلان)**

ڕەنگە سەیر بێت ئەگەر مرۆڤێک بدۆزینەوە سەراپای ژیانی بۆ هونەر- بە هەموو ئازارەکانیەوە- تەرخان کردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بزانێت ئەم ژیان تەرخان کردنە دەیگەیەنێتە سەرەنجامێک ناشایستە.

وێڕای ئەمانە گشت، ببینین ئەم هونەرمەندە زیاد لەخۆ دەکات بۆ وەرگرتن، ڕۆژ بە ڕۆژ زێدەتر هۆگر دەبێت و دادەبڕێت و دەست بەرداری دنیا دەبێت، تا خۆی لەنێوان ڕەهەند و جەمسەرەکانی پیتدا دابنێت، لەپێناو تێرکردنی ئەو ئارەزووەی هەر لە ساڵانی منداڵییەوە سەرچاوەی گرتبوو و لە تەکیدا دەژیا.

حامید وەک ئەوەی هاوڕێ و کەسە نزیک و قوتابییەکانی دەیناسن، هێشتا منداڵ بوو دەستی دایە فێربوونی خۆشنووسی، ئەم زانستەی وەک هەر زانستێک لە زانستەکانی تر وەرگرت، تێیدا هەڵکەوت، تا بووە یەکێک لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی خۆشنووسی کە بە سوود وەرگرتن لە بلیمەتی ئەم هونەرمەندە مەزنە ئوستادگەلێکی دیارلە جیهانی ئیسلامیدا پێگەیشت لەپێناو پەی بردن بە نهێنییەکانی ئەم هونەرە باڵایە. (٤)

**ئەحمەد سەعید ئەحمەد**
**هونەرمەند و خۆشنووس**
**(سلێمانی)**

## حامید ئامەدی بۆ؟

سەرباری مەزنی و لێهاتوویی کەسایەتییەک لە هەر کایەیەکی مەعریفیدا کە دەبێتە هۆکاری لێدوان و توێژینەوە و نووسین دەربارەی. حامید ئامەدیش وەک ئەو هونەرمەندە خۆشنووسە بلیمەتە شایەنی بەرەنجامێکی وەهایە. هۆکاری تریش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت تا ببێتە پاڵنەر و هەنجەتی هەرچی زیاتر بەسەرکردنەوە و جەخت کردنە سەری، لەو هۆکارانەش کورد بوونی هونەرمەند و کەسایەتییەکی وەها گەورەیە لە بوارەکەی خۆیدا و لە قەڵەم دان و تۆمارکردنی بە تورک لەلایەن توێژەرەوە و زۆرێک لەنووسەرانی عەرەب و تورکەوە، جا بە مەبەست



بێت، یان بێ ئاگا.

ئەو پرسیارەش لێرەدا جێی خۆیەتی کە بپرسێت: ئایا سەلماندنی کورد بوونی کەسایەتییەکی وەها بۆ کوردی خۆی چ بەها و گرنگییەکی هەیە؟

جگە لەو پێداویستی و گرنگییەی ناسینی هەڵکەوتووەکانی میللەتێ (جا لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بێت، یان هەر کامێک لە بوارەکانی تر) لەلایەن خودی ئەو میللەتەوە، نەوە لەدوای نەوە و دروست کردنی مێژوویەک بۆ ئەو میللەتە لەمیانی ئەو بوارەی خۆیدا. هۆکارێکی تریش هەیە، ئەویش بەخشینی پێگە و لەسەردووان و گرنگی دانی پڕاوپڕ بە پێستی شایەن بە هونەرمەندێکی واتا دەگاتە شی کردنەوە و پێودانگ کردن و هەڵسەنگاندن بۆ خۆی و بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی نەکراوە لێرەدا دەبێت تایبەت هەوڵ و ماندووبوون و نووسینەکانی هونەرمەندی خۆشنووسی گەورەی سلێمانی کاک ئەحمەد سەعید ئەحمەد جێی ئاماژە و ڕێز و بەهەند سەیرکردنمان بێت(٥)، بە تایبەت کە دەربارەی ئەم بابەتە سێ وتاری نووسیوە و دوانی بەزمانی عەرەبییە، وەک خۆی نووسیویەتی زیاتر ناساندنی هەڵکەوتووانی کوردە لە خۆشنووسی عەرەبیدا بە نێوەندی ڕۆشنبیری عەرەبی، هەرواش بووە و ئەو ئامانجەشی پێکاوە و ئەم دوو نووسینە و گەلێ نووسینی تریش هەر لەژێر ئەو ناونیشانەیە و بە عەرەبی بوونەتە جێی گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەری لەلایەک و جێی ستایش و سەرسوڕمان لەلایەکی ترەوە(٦).

ئەمە و نووسین لەسەر کۆمەڵێ لێهاتووی تری کورد کە هەندێکیان نەک لەلای عەرەب، بەڵکو لەلای خودی



میللەتی کورد، یان زۆر جێگە لە کوردستان نەناسراون و ناو و بەرهەمیان بەرگوێ و دیدە نەکەوتوون. لێرەدایە دەتوانین بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێین ئەگەر شارەزایی و زانین و ناسین دەربارەی ئەو لێهاتووانەی گەلەکەمان تا ڕادە و ئاستێکی زۆر گرنگ و پێویستە بەزوبانی عەرەبی (بیانی) دەربارەیان بنووسرێت و بوترێت (گەر لەوە زیاتر نەڵێم) ئەوا بەهێندەی ئەوە بەزوبانی کوردی و بۆ ئەمڕۆی نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیمان بەگشتی و نێوەندی هونەریمان بە تایبەتی هەمان بەهای هەیە. نەک هەر هێندە و بەس، بەڵکو داهێنان و دەسکەوتی هونەری ئەم کەڵە خۆشنووسانە وەک وانە لەنێو میتۆدەکانی پەیمانگە هونەرییەکانی کوردستاندا بخوێنرێن و نەوەکانی لێ ئاگادار بکرێنەوە و خانە و پرۆژە و سەنتەری تایبەتییان بۆ تەرخان بکرێت، کوڕاسی تایبەت و کتێب و توێژینەوەی مێژوویان لەسەر بنووسرێت و کۆبکرێنەوە، چون لەدوا جاردا جگە لە ڕووناکی خستنە سەر بەشێکی کولتووری میللەتەکەمان و ساغ کردنەوەی خودی ئەم بوارە هەر لەگەڵ هونەردا بەگشتی و هونەری شێوەکاریدا بە تایبەت یەک دەگرێتەوە و دەبێتە سامانێکی گەورە و جێگرتوو لەم بوارەدا بۆ هونەری کورد لەکوردستاندا.

ئەمانە گشت سەربازی ئەوەی زۆرێک (ئەگەر نەڵێم هەموو) لەم وتارانە لە ڕۆژنامەدا بڵاوکراونەتەوە کە ڕۆژنامە مۆرکێکی خێراو ڕۆژانەی هەیە و زیاتر بۆ ئەو بابەتانە باشە کە هەنووکەیی و ڕۆژانە شان بەشانی ڕووداوەکان تێپەڕ دەبێت و بەسەردەچن، بەڵام بابەتی وەک ئەم جۆرە وتارانە جێی ئیستکردن لەسەر و گەڕانەوەیە لەسەری و پێداویستییەکی شارەزا بوونی بەردەوامە. لەبەر ئەم هۆکارانە گشت و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەرجەم زانیاری و شارەزاییەکان دەربارەی ئەم کەڵە خۆشنووسە کوردە جەخت کردنەوە سەری تا ناساندن و زیاتر لەسەر نووسینی لە میدیاکانی خۆماندا بۆ کۆمەک کردن و تیرو تەسەل کردنی گشت لایەنێکی ژیان و کارکردن و بەرهەمی لەلایەن هەر کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ و دڵسۆز لەپێناو هەرچی زیاتر دەوڵەمەند کردن و کامڵ کردنی بابەتەکە و دواجاریش خستنە ناو پێگە و خانەی شایستە بەخۆی.

**حامید ئامەدی کێیە؟**

حامید بەگ ناوی تەواوی (موسا عەزەمی کوڕی زولفەقار ئاغایە) لەئامەد واتە دیار بەکر(*) لە کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٨٩١ز لەدایک بووە. باوکی پیشەی قەساب بووە، باپیری لە باوکییەوە کە ناوی (ئادەم ئامەدی) بووە خۆشنووس بووە و پێدەچێت تواناو بەهرەی حامید لەژێر کاریگەری باپیریدا بووبێت وەک سەرەتا و وەک بەهرەیەکی بۆماوە. حامید سەرەتای خوێندنی لەو حوجرەی خوێندنە دەست پێکرد کە لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی دیاربەکر بوو، هەر لەوێدا ئاشنای خوێندنەوە و نووسین بوو توانی سەرنجی دەوروپشتی بۆ خۆی ڕاکێشێ بەرەنجامی تواناو بەهرەی لەنیگار کێشان و خۆشنووسیدا، ئەم توانستە هونەرییانە لەسەردەستی یەکەمین مامۆستایدا مستەفا عاکف پەرەی پێدرا و ڕێنمایی و پشتگیری کرا. ئارەزوو و خولیا و خۆشەویستی بۆ هونەر و خۆشنووسی لەم تەمەنەیدا تا ئاستێک بووە لە بیرەوەرییەکدا کە خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: خولیا و حەزم بۆ خۆشنووسی و لاسایی کردنەوەی ئایەتێکی قورئانی وای لێ کردم لەسەر قەراغی لاپەڕەی قورئانەکە لاسایی هەمان جۆری نووسینی ئایەتەکە بکەمەوە، کە (نسخ) بوو، ساتێک مامۆستاکەم چاوی بەمە کەوت تووڕە بوو، وتی: هیچ جێگەیەکت نەدۆزییەوە تێدا بنووسی لێرەدا نەبێت؟! دواتر فەرمانی فەلاقەکردنی دام لەسەر ئەو کارە.

پاش تەواو کردنی حوجرە حامید دەچێتە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی لە دیاربەکر، لەوێ خەتی ڕوقعە لە



مامۆستا واحید ئەفەندی و خەتی (ثلث) لەئەحمەد حیلمی بەگ (کە مامۆستا و ئەفسەری جەندرمە بووە) فێر بووە، هەروەها لەم دوو مامۆستایەوە فێری خەتی لاتینی و رۆمانی و غوتی بوو. هەر لەم قۆناغەدا لەلای خزمێکیان بەناوی (عەبدولسەلام ئەفەندی) و لەلای مامۆستایەک بەناوی (سەعید ئەفەندی) کە ئیمامی مزگەوت بووە خەتی خوێندووە. سەعید ئەفەندی خاوەنی شێوازێکی تایبەت بووە بۆ فێرکردنی خەت ئەویش نووسینەوەی قورئان بووە لەسەر تەختە رەش بە تەباشیر، لە رێگەی ئەم شێوازەوە حامید توانیویەتی چەند جارێک قورئان بە تەباشیر بنوسێتەوە.

بەرەنجامی خولیا و بەدواداچوونی زۆری حامید بۆ خەت و نیگارکێشان و فەرامۆش کردنی وانەکانی، ساڵی یەکەم لە خوێندنیدا لەقوتابخانەی رۆشدیە دەرنەچوو. (کە بەرانبەر قۆناغی ئامادەیی ئێستایە) باوکی لەبەر ئەوە نەیهێشت چیتر خەریکی خۆشنووسی بێت، تا رووداوێک لەم بڕیارەی پەشیمان کردەوە ئەویش دەرەنجامی یارمەتیدانی حامید بۆ یەکێ لە مامۆستا خۆشنووسەکان بۆ نووسینی تابلۆیەکی خەت لەسەر پارچە قوماشێک کە بریتی بوو لە دەستەواژەی بژی سوڵتان (یحیا السلطان) بەبۆنەی چوونە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە، لەم کاتەدا حامید لە هەوڵی نووسینی (طغرا)ی سوڵتاندا بوو کە ئەمە وای لە لێپرسراوانی دیاربەکر کرد لیرەیەکی ئاڵتوونی بە خەڵات پێ ببەخشن. ئەویش لەخۆشیا ڕای کرد بۆ لای باوکی و هەواڵەکەی دایە، باوکی بەم رووداوە کامەران بوو وای لێ کرد لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە و رێ بدا بە کوڕەکەی بەردەوام بێت لە پەیڕەو کردنی هونەرەکەیدا.

هەر ئەو دەمەی حامید لە قوتابخانەی رۆشدیە بوو، لاسایی نەخشەیەکی لە ئەتڵەسی قوتابخانە کردەوە بە وردەکارییەکی واوە کە مامۆستاکەی ئەو نەخشەیەی بۆ بخاتە مۆزەی قوتابخانەکەوە.

پاش ئەوەی حامید رۆشدیەی تەواو کرد چووە قوتابخانەی ئامادەیی لە دیاربەکر- کە بەرانبەر قوتابخانەی سانەوییە لە ئەمڕۆدا- ساتەوەختی خوێندنی لەم قوتابخانەیەدا بەردەوام بوو لەسەر فێربوونی خەتی (ثلثي جلي) لەلای عەبدولسەلام ئەفەندی خزمیان. لەم قۆناغەدا بوو حامید دەستبەرداری نیگار کێشان بووخۆی تەرخانی خۆشنووسی کرد بە تەواوەتی، کە رەنگدانەوەیەکی هەردوو قوتابخانەی خۆشنووسانی تورک: حافز عوسمان (١٦٤٢- ١٦٩٨) و مستەفا راقم (١٧٨٧-١٨٢٥)ی پێوە دیار بوو. دەربارەی توانای حامید لەنیگارکێشاندا مامۆستا مەحموود شوکر ئەلجبووری لەکوراسەی خەتەکەیدا (نشأة الخط العربي و تطوره-١٩٧٤)دا دەڵێت: حامید ئامەدی هونەرمەند، ئەو توانایەی لە خۆشنوسیدا هەیبوو لەوێنەکانیشدا هەروا بوو، هونەری نیگارکێشان و لەو مامۆستایەوە فێربووە کە لە مەکتەبی (گلشنی معارف) لە شاری حسکە وانەی پێ دەوت، بەداخەوە کە لە ئاسەواری کارە نیگار کێشانەکانی لەبەر دەستا نییە لە ساڵی ١٩٠٦ حامید ئەم قۆناغەی تەواو کرد و (رێی گرتەبەر بەرەو ئەستەنبوڵ یەکێک لە جوانترین شارەکانی جیهان، تەنیا هیواو ئومێدم فێربوون و قاڵ بوون بوو لەم هونەرەدا و نزیکیم بوو لێوەی ئەو هیوایەشم لە ساڵی ١٩٠٦دا بۆ بەدی هات کە تەمەنم پازدە ساڵان بوو). بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ئەستەنبوڵ رێڕەوی ژیانمی گۆڕی وەک ئەوەی بڵێی سەرلەنوێ دروستی کردمەوە فێنک موسا عەزمی دیار بەکری لەنێوەندێکی نوێداو لەنێوان هاورێیانێکی نوێدا.

(یەکەمین جار چوومە کۆلێژی یاسا (حقوق) کە ئەو دەمە پێیان دەوت قوتابخانەی قازییەکان، بەڵام هەر لەدوای ساڵێک و لەسەر ئارەزوو و داوای ئوستادم (مەدحەت بەگ) چوومە قوتابخانەی «پیشە بە بەهاکان»

یان پەیمانگەی باڵا بۆ هونەرە جوانەکان (کە مانگانە باوکی سێ لیرەی بۆ دەنارد) بەڵام مەرگی لەناکاوی باوکم وایکرد نەتوانم خوێندنم تەواو بکەم و کەوتمە کارکردن لەپێناو ژیاندا.)(٧)

حامید لەدوای خوێندنی ئەو ساڵە و وازهێنانی، پێویستی بە کارێک بوو تا ژیانی دابین بکات خەریکی هەندێ ئیشی ساکار بوو تا وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی ڕایگەیاند کە پێویستی بە مامۆستایەکی خەت هەیە بۆ قوتابخانەکان، حامید چووە تاقی کردنەوە و زۆر سەرکەوتووانە دەرچوو، بەڵام وەرنەگیرا لەبەر ئەوەی تەمەنی هەژدە ساڵ بوو و تەمەنی یاسایش بریتی بوو لە بیست ساڵ بۆ دامەزراندن، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەی (گلشنی معارف) زۆر حامیدی بەدڵ بوو کردی بە مامۆستای خۆشنووسی لەو قوتابخانەیەدا. حامید بەشێوەیەک سەرکەوتوو بوو لە مامۆستاییدا کە قوتابی پۆلەکانی تریش دەهاتنە پۆلەکەیەوە. حامید دەڵێ: لەم قوتابخانەیەدا باشترینی قوتابییەکانم ناسی کە حەلیم ئۆزیازیجی بوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ زوو بەزوو بەرۆکی گرت. پاش ساڵێک لەوانە وتنەوە لەم قوتابخانەیەدا حامید گواسترایەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی وێنەچاپکردن، یان هەروەک پێی دەوترا چاپخانەی (الرسومات).

لەوێش تەنیا ساڵێک کاری کرد، پاشان لە چاپخانەی قوتابخانەی سەربازی دامەزرا، لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ خۆشنووسی لە چاپخانەی ئەرکانی جەنگی عوسمانی لەجێگەی خۆشنووس (محمد نظیف ١٨٤٦-١٩١٣) کە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێدا مایەوە.

کاتێ حامیدی هونەرمەند سەرگەرمی کارکردن بوو لە چاپخانەیەدا، شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا و لەگەڵ کۆمەڵێک لە سوپای برووسکە چووە بەرلین. لەوێ بۆ ماوەی ساڵێک لە فەرمانبەرایەتی نەخشەی سەر بە دامەزراوی گشتی ئەرکانی جەنگی ئەڵمانی خوێندنی تایبەتی خوێند،لە پاشا گەڕایەوە بۆ ئەستانبول، هەر لەو کاتەدا کە لەو چاپخانەیەدا کاری دەکرد ویستی کەڵک لە کاتی بێ ئیشی وەربگرێت و دوکانێکی بچووکی بەکرێ گرت بۆ خۆشنووسی و زەنگوگراف(٨) لە گەڕەکی جاغاڵ ئۆغلو لە ئەستانبوڵ لەبەر ئەوەی یاسای ئەو دەمە ڕێگەی نەدەدا و قەدەغە بوو لەسەر فەرمانبەری گشتی سەرقاڵی هەر کارێک و ئەرکێکی تر و پیشەیەک بێت جگە لە


حنيفا وما انا من المشركين ان صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لا شريك له وبذلك امرت وانا اول المسلمين

قنوت

اللهم اهدني فيمن هديت وعافني فيمن عافيت وتولني فيمن توليت وبارك لي فيما اعطيت وقني شر ما قضيت انك تقضي ولا يقضى عليك وانه لا يذل من واليت

ولا يعز من عاديت تباركت ربنا وتعاليت نستغفرك ونتوب اليك وصلى الله على النبي

تمت

١٣٢٥

بەڵگەنامەی کوردێتی حامید ئامەدی بە دەستخەتی خۆی

کاره ڕەسمییەکەی خۆی، لەبەر ئەوە نازناوێکی بۆ خۆی هەڵبژارد کە ئەویش (حامید ئامەدی) بوو کە دواتر وەک خۆشنووسێ ناوی پێ دەرکرد، لەم دوکانەوە حامید ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، بەڵام دواتر ئەم پیشەیەی پێ زانراو درا بە دادگا و لەکاری حکومی وازی هێنا و نامەی دەستبەرداربوونی پێشکەش کرد. چۆن ناوی حەمید تازە وەک ناوبانگ و ناونیشانێ ڕۆیشتبوو، بە ڕەسمی ناوی خۆی گۆڕی لە موسا عەزمییەوە بۆ حامید ئامەدی. پاش شەش مانگ، لەدوای ئەم ڕووداوە بەهۆی مردنی خۆشنووس- عارف حیکمەت بەگ-ەوە ئەم خرایە جێگەکەی لە (ماڵی خۆشنووسی) (بيت الخط).

دواتر دوکانەکەی گواستەوە بۆ شەقامی (باب العالي) لە ئەستەنبوڵ هەتا مرد هەر لەوێدا کاری کرد. دەربارەی ئەم دوکانە خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: «ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری چاپخانەکە کە موسا بەگ بوو پێی وتم: دەربارەی خۆشنووسێک بیستوومە کە ناوی حامیدە و خەڵکی زۆری پێداهەڵدەدەن و ستایشی دەکەن، بۆچی پێی ناڵێیت تا بێت و لەگەڵماندا لە چاپخانە کاربکات، دوای ماوەیەکی کورت ڕاستی شتەکان دەرکەوت و کارکردنم لە چاپخانەکە بەجێ هێشت و وتم من کە موسا عەزمیم پێویستە ببمە ئەو حامید ئامەدییە وا ئەمڕۆش بووم و گەیشتم بەو پێگەیە سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، هەر من قەرزاری شتێکی زۆرم بە ئەم ئیمزایە» (٩)

بەرهەم و کاری هونەری ئەم هونەرمەندە زۆر زۆرە دەکرێت بواری کارکردنی دەست نیشان بکرێت بە: نیگارکێشی و نەخشە و خۆشنووسی و ئیشی هەڵکەندن و کلێشە و کارت و زینکۆگراف وبەرگی کتێب و نووسینی سەر گۆڕ و شیعر (طغرا)، بەڵام لە خۆشنووسیدا توانی بگاتە ترۆپک کە بەدوا پیرو مەزنی خۆشنووسی دەدانرێت لە تورکیای نوێدا.

ئەگەر ئاماژە بە هێڵی فێربوونی خۆشنووسی حامید بدەین لەسەر دەستی مامۆستایانی ئەستەنبوڵ «خەتی ثلث لەلای محمد نظيف و دیسان خەتی ثلث و نسخ لەلای حاجی کامل ئەفەندی، هەروەها خەتی (تعليق) لە (خلوصی)یەوە فێربووە، بەڵام توانای حامید ئامەدی زیاتر لە خەتی ثلث و جەلی و تعليق و نسخ دا گەیشتبووە ناوبانگ و لووتکە، دەستنووسەکانی بەمزگەوتەکانی ئەستەنبوڵ و میسر و عێراقدا بڵاوبونەتەوە» (١٠).

لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ حامید- پێش مردنی- لە گۆڤاری (کوبری)دا، دەربارەی مەزنترینی ئەم خەتانەی نووسیوبەتی لە مزگەوتەکاندا، دەڵێت: (ئەوەیە کە لە مزگەوتی شیشلی لە ئەستەنبوڵ نووسیومە، وەسفی بەگی هاوڕێم لە خوێندندا هەستاوە بە دیزاین کردنی ئەم مزگەوتە و بیناکەی).

هەروەها جارێکی تر بەسەرهاتێکی سەیر دەگێڕێتەوە کە دەچێتە بۆتەی حاڵەتە ئەفراندنە سەیر و نادیارەکانەوە و جەخت لەسەر لایەنی بێ ئاگایی و پێش بێ ئاگایی (اللاشعور أو ما قبل الشعور) سەرچاوەی داهێنان دەکات لەلای هونەرمەند، ئەویش داوای خۆشنووسی مەزنی تورکی (نجم الدين ئوق بای)یەلە حامید کە هەندێ ئایەتی لە قورئانی پیرۆز بۆ هەڵبژێرێ و بینووسێ، ئەمیش لەنێوان ئەو ئایەتانەدا ئایەتی هەژدەی لە سورەتی (التوبة) هەڵبژارد تا بە پرۆسێسێکی ئەزموونی هەڵسێ بە نووسینەوەی بە قەڵەم ڕەساس، بەڵام ساتەوەختی نووسینە بنەڕەتی و ئەسڵییەکە، دەڵێ: نەمتوانی بارێکی هاوسەنگ و چەسپاو بدەم بە هەردوو پیتی ئەلف و لامەکە، زۆرم بیر لێ دەکردەوە تا ساتەوەختێکی کورت چاوم چووە خەو، هەر بە هێندایی نێوان خەون و بێداری هەردوو پیتی ئەلف و لامەکەم بینی لە بەردەمدا ئامادە بوون و ئەو شێوە گونجاوەیان وەرگرت، دەسبەجێ لەخەو ڕاپەڕیم و گڵۆپەکانم هەڵکردەوە و کارەکەم لەسەر ئەو شێوەیە ئەنجامدا.

## بەرهەمەکانی حامید ئامەدی

هونەرمەند بەرهەمی هونەری خۆشنووسی زۆری هەیە کە لە ژماردن نایەن، گرنگترینیان نووسینەوەی (بەخەتی نسخ) دووجاری قورئانی پیرۆز، کە یەکێکیان لەتورکیاو ئەڵمانیا چاپ کرا، هونەرمەند خۆی بە بەختەوەر و خاوەن بەخت دەزانێت کە هەموو قورئانی نووسیوەتەوە. لەو مزگەوتانەی کە حامید خۆشنووسی تێدا کردووە: مزگەوتی (قوجەتبە) لە ئەنقەرە و مزگەوتی (موضة) لە ئەستەنبوڵ کە سورەتی (الفتح)ی تێدانووسیوە مزگەوتی (قارتال) لە ئەستەنبوڵ کە سورەتی (النبأ)ی تێدانووسیوە و مزگەوتەکانی (شیشلی، مەرسین، طواس،

سیرتوچشمە، أبی أیوب الأنصاری و حاجی کوچک و مزگەوتەکانی ئەناضول و طند کبة) جوانترین نووسینیش کە خۆی بەدڵی بووبێت سورەتی (الفاتحة)یە کە بە خەتی ثلث نووسیویەتی و لاسایی خۆشنووسی بەناوبانگ (مصطفی راقم)ی کردۆتەوە و شەش مانگ خەریکی نووسینی بووە.

ئەگەر لەبەرهەمە (طغرا)کانی بدوێین کە نووسینی (طغرا) لەسەر دەستی مامۆستای (طغرائی اسماعیل حقی التون بیزر)دا فێربووە، لە دیارترینی ئەو (طغرا)یانە سیانن: (طغرا)ی سوڵتان (عبدالحمید)ی دووەم سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی، (طغرا)ی فەیسەڵ مەلیکی میرنشینی عەرەبی سعودی. (طغرا)ی ڕەزا شای پەهلەوی شای ئێران.

ئەم هونەرمەندە کە ببووە پیری خۆشنووسی حەزی دەکرد نووسینەکانی پیشانی ئەو خۆشنووسە عەرەبانە بدات کە دەستێکی بالایان هەبووە لەخۆشنووسیدا، ئوستادی گەورەی خۆشنووسی (مهدی محمد صالح) ساڵی ١٣٩٤هـ سەردانی کردووە لە مەکتەبەکەیدا کە لە خانی (ڕەشید ئەفەندی)دا بووە لە شەقامی ئەنقەرە (انقرە جادەسی) کۆڵانی سرکەچی لە ئەستەنبوڵ تا بڕوانامەی لێ وەربگرێ.(١١) هەرچۆن ئوستادی خەت (یوسف ذنون- موصل ١٩٣٢) گەیشتۆتە پیری خۆشنووسان و شێوازی عوسمانی لێوە فێر بووە و بڕوانامەی داوەتێ.

هەرچۆن (محمد صالحی موصلی- ١٨٩١) کە خۆشنووسی عێراقی بەناوبانگە و یەکەم بڕوانامەی لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی خۆشنووسی گەورەی کورد (محمد طاهر کوردی)یەوە پێ بەخشرا و دووەم بڕوانامەشی لە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن حامید ئامەدییەوە پێدراوە.

لە قوتابییە خۆشنووسەکانی کە بەسەراپای جیهاندا بڵاون و لێوەی فێری ئەم هونەرە بوون لە تورکیا: حەلیم ئوزیازیچی، حسن چلبی، خسرو صوباشی و ئەحمەد فاتح و حسین قوطلو.

لە وڵاتانی عەرەبیش: هاشم محەمەد بەغدادی (کە دووجار بڕوانامەی داوەتێ)، (یوسف ذنون، مروان الحربي سماع الحلبي، علی الراوي) خاتوو (جنات الموصلية، خاتو میناکو لە یابان).

لەکوردستانی باشووریش: خۆشنووسان: نەجات ئەنوەر و سەفوەت مەحموود.

حامید لە ڕۆژەکانی دوایی تەمەنیدا نەخۆش کەوت، ماوەیەک لە نەخۆشخانەی حەیدەر پاشای نموونەیی، لە ئەستانبوڵ مایەوە، بەڵام پیری زۆر بۆ هێنابوو تا لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی مایسی ١٩٨٢(**) لە کاتژمێر حەوت و نیوی ئێوارە کۆچی دوایی کرد لە نەوەد و یەک ساڵیدا و لەمزگەوتی شیشلییەوە تەرمی ئەو کەڵە هونەرمەندەیان بەڕێ کرد، ئەو مزگەوتەی کە حامید هەمیشە شانازی بە نووسینی خەتەکانیەوە دەکرد تێیدا، بە ئامادەیی قوتابی بەناوبانگی حەسەن چەلەبی و کچە قوتابی (اینجی بش ئوغلو) قوتابی و پیاوی بازرگانی گەورە خۆشنووس (ضیاءالدین)، خۆشنووسی (الصیدلی اوغور درمان) مێژوونووس (ئیبراهیم القونوی) و موفتی ئەستانبوڵ (صلاح الدین قایل و معمر اولکر) بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەی سلێمانییە لە ئەستانبوڵ تەرمەکەی بەخاک سپێردرا لە تەنیشت خۆشنووسی گەورە (حمدالله ئەفەندی) (الشیخ حمد الله الأماسی) لە گۆڕستانی فەرەجە ئەحمەد.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*** بنەمای ئەم وتارە لەو پرۆژە فراوانەوە دێت کە ساڵگارێکی زۆر هونەرمەند و برام خالید ڕەسووڵ بەدەست کۆکردنەوە و هەڵگرتنیانەوە ڕەنجی کێشاوە و ماندوو بووە، پرۆژەکە دەربارەی گەلێ هونەرمەند و خۆشنووسە کە تەمەنێکی درێژیان بڕیوە لە بواری هونەر و کارکردندا، زۆربەیان لەژیاندا نەماون، ئەو هەوڵەی هونەرمەندی دڵسۆز و خەم خۆر خالید ڕەسووڵ لەم بوارە و گەلێ بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کەلەپووری و مێژوویی...تاد تردا، دیار و ئاشکرایە و جێی شیاوی خۆی لە ئەمڕۆ و دوێنێ و داوڕۆژدا دەگرێ و گرتووە، لەدوای مۆڵەت بەخشینی بەندە بە تەواوکردنی ئەو هەوڵە پیرۆز و گەورەیە کە لە دواڕۆژدا بەشدارییەکی دیار و پوخت لە پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی هونەر لە کوردستاندا دەکات و دەگێڕێت، هەستام بەسەر لەنوێ داڕشتنەوە و خستنە سەر**

(ئەگەر پێویستی کردبێت) بۆ هەرچی زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە.

* سەرچاوە: حامید ئامەدی خۆشنووسی گەورەی کورد، گۆڤاری رەنگین ژمارە(٤٥) ساڵانی ١٩٨٥، یان ١٩٨٦ ئامادەکردنی: ئەحمەد سەعید ئەحمەد، کە ئەمیش ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی دەکات لەو وتارەدا و وەک سەرچاوەیەکی تریش بۆ ئەو وتارەی ئاماژە بە فیلمێک دەکات دەربارەی ژیان و بەسەرهات و بەرهەمەکانی حامیدی خۆشنووس، لە ئامادەکردنی مەڵبەندی توێژینەوەی مێژوو هونەر و رۆشنبیری ئیسلامی سەر بە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە.

* حامد، آخر الخطاطین العظام، بقلم الدکتور: محمد حرب، مجلة العربي کویتي، عدد ٢٩٠ کانون الثاني/١٩٨٣.

لەم وتارەدایە دکتور محمد حرب ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد بە تورک لە قەڵەم دەدا و نووسیویەتی لەپاڵ وێنەیەکی هونەرمەندا بە پیری کە خەریکی نووسینە: (یتربع الخطاط الترکي حامد علی رأس قائمة الخطاطین العظام في العصر الحدیث.)

زۆربەی وتارەکان وەک لایەنی سەربوردەیی هونەرمەند پشت بەستن بەم وتارە، چونکە د. محمد حرب بە راستی تێروتەسەل نووسیویەتی. نووسینەکەی هونەرمەند خالید رەسوڵیش تارادەیەکی زۆر پشت بەست بووە بەم وتارە، لە چەند خاڵێکی کەمدا نەبێت کە دیارە لەوانەدا دوو سەرچاوەی تری بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لە:

* نشأة الخط العربي و تطوره، محمود شکر الجبوري، بغداد، ١٩٧٤، منشورات مکتبة الشرق الجدید.

* مصور الخط العربي، تألیف المهندس: ناجي زین الدین، بغداد، ١٩٦٨. ناوی دەزگای چاپەمەنیەکەی نەنووسراوە.

* بۆ وەرگرتنی ئەم پەرەگرافە کە بیروڕای خودی هونەرمەندی خۆشنووس کاک ئەحمەد سەعیدە و یەکێکە لە توانا باڵاکانی خۆشنووسی (بە هەردوو لایەنی نووسین و کارکردن لەو بوارەدا و پارێزگاری کردن و دروست کردنی ئەرشیف بەم لایەنە) لە شاری سلێمانیدا. سوودم لەو وتارەی بەرێزی وەرگرتووە: نوابغ الکرد في الخط العربي، حامد الآمدي، رۆژنامەی العراق ژمارە: ٣٠١٩ ە رێکەوتی ١٩٨٦/١/٢.

* لە وتارەکانی ئەم بەرێزە جگە لەو دوو وتارەی لە پەراوێزی دووەم و چوارەمدا ئاماژەمان پێدان، خاوەنی وتارێکی ترە بە ناونیشانی: حامد الآمدي ١٩٨١-١٩٨٢، اعلام الکرد في الخط العربي، جریدة الاتحاد، عدد/١٣١، رێکەوتی ١٩٩٥/٥/١٤.

وێڕای ئەم نووسینانە و فیلمێکی دۆکیومێنتی لەلا پارێزراوە، کە بە هەوڵی تایبەتی خۆی پەیدای کردووە لەو سەرچاوەیەی ئاماژەمان پێدا، تایبەتە بەژیانی خۆشنووسی گەورە حامید ئامەدی.

* بەرێزی لەم دواییەدا بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگ کەوتۆتە بەردەستی بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەویش نووسینەوەی (ئەلف و بێ) یەکە بەدەست خەتی حامید ئامەدی خۆی کەلەسەری نووسیوە: موسا عەزمی کوردی (موسی عزمي الکردي) ئەمەش بەراستی بەڵگەنامەیەکی ناوازە و گرنگە کە بەرێزیان ئەم شارەزایی و زانیاری و بەڵگەنامەیەی بەخشیە من و منیش بەسوپاسەوە دوای مۆڵەت وەرگرتن و رێپێدانی بەرێزیان لێرەدا ئاماژەم پێدا و بڵاوم کردەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لە پەنجاکاندا حامید ئامەدی سەردانی نەجەفی کردووە و لە موسڵ چاوی بە دکتۆر نافیع ئاکرەیی کەوتووە، خۆی پێی وتووە کە کوردە و هەر لەبەر جەخت کردنەوە لەسەر کوردێتی خۆی نازناوی ئامەدی بەکارهێناوە. (د. نافیع بە زارەکی ئەمەی بە خالید رەسووڵ وتووە).

* حامد الآمدي، اعلام الکرد في الخط العربي، ئەحمەد سەعید، جریدة الاتحاد/ ١٣١، ١٩٩٥/٥/١٤.

* ناوی دوکانەکەی نا (خطاط حامد- یازی آوي) واتە خۆشنووسی لە ئەستەنبوڵ.

* حامد الآمدي، اعلام الکرد في الخط العربي، ئەحمەد سەعید، جریدة الاتحاد عدد١٣١، ١٩٩٥/٥/١٤.

* نشأة الخط العربي و تطوره، تألیف شکر الجبوري، منشورات مکتبة الشرق الجدید، ١٩٧٤ بغداد.

* هەمان سەرچاوەی پێشوو. لێرەدا ئەم وتەیە هی (محمود شکرو الجبوریة) کە تێیدا دەڵێت بەدەقی: (ویعتمد هذا الشیخ الخطاط في کتاباته علی من یزوره من العرب..تاد) ئەمە پێدەچێت تەنیا بۆچوونی خۆی بێت و لەواقعدا بەو شێوەیە نەبووبێت (و.ر).

* هەر لە دیاربەکر حامید ئامەدی خۆی هەڵبژاردووە و سەروەختی پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکی و بە نائب جێگر هەڵبژێراوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیوەستی حامید بەدیاربەکر و کورد بوونی ئەو پیشان دەدات.

(**) دەربارەی رۆژو رێکەوتی مردنی لەلای د.محمد حرب بەم شێوەیەیە، بەڵام لە هەردوو وتاری کاک ئەحمەد خۆشنووس لە گۆڤاری رەنگین و هەفتەنامەی الاتحاد نووسراوە ١٩٨٢/٥/١٨، بەڵام هەر کاک ئەحمەد خۆی لە وتارەکەی رۆژنامەی عیراقدا نووسیویەتی ٢٠مایس ١٩٨٢.

# وێنەگرتنی ماکرۆیی

فارس سەعدی

زۆرجار حەز بەوە دەکەی لە نزیکەوە وێنەی هەندێ بابەت بگری، وەک پەپوولە، گوڵ و خونچە، بابەتی ئەبستراکت لە سروشتدا، هەروەها میرووله و جاڵجاڵۆکە و شتی ورد، بەکامیراو هاوێنەی ئاسایی زەحمەتە ئەم جۆرە بابەتانە بگیرێن، بۆیە هانا دەبرێتە بەر جۆرە هاوێنەیەک کە بەهاوێنەی ماکرۆ ناو دەبرێ، وێنەی ئەو بابەتانە بەقەدەر قەبارەی سروشتی خۆیان دەگرێ، واتە بابەتەکە قەبارەی بە قەدەر فرێمی فیلمی ناو کامیراکەیە.

لێرەدا کامیرا هێندە لە بابەتەکە نزیک دەکەیتەوە کە بۆ کامیرای ئاسایی مەحاڵە و فۆکەس ناکرێ. بۆ نموونە بۆ کامیرای ٣٥ ملمی تاک هاوێنە ڕفلێکسی ستاندەرد ٤٥سم زیاتر ناتوانی لە بابەتەکەت نزیک بیتەوە.

هاوێنەی ماکرۆیی ٥٠ملم ستاندەردە، بەڵام ١٠٠ملم تەلی ماکرۆیە، ئەم جۆرەی دووەمیان هەتا بۆ وێنەگرتنی پۆرترێتی دەست دەدات وێنەی قەشەنگی پێ دەگیرێ.

کە وێنەی ماکرۆیی دەگری دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەی کە قووڵی مەیدانی کەمت دەست بکەوێ، ئەگەر کونی هاوێنە f-2.8 بوو، قووڵی مەیدانی (١٤ملم)ت دەست دەکەوێ، بەڵام f-16-22 قووڵی (٤سم)ت دەست دەکەوێ، بۆیە هەردەم هەوڵ بدە کونی بچووکی هاوێنە بەکاربێنە، بۆیە ناچار دەبی خێرایی شەتەر کەم کەیتەوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە زۆر گەورە دەکرێ، لەرزینی کامیرا لە ئارا دەبێ، بۆبە پێویستە کامیرا لەسەر ستاند چەسپ بکەی، تا لەرزینی کامیرا ڕوونەدات. هەندێ بابەت پێویستی بە ڕووناکی زیادەکی دەبێت تا بە جوانی ڕەنگەکانی دەرکەون، بۆیە ناچار دەبی فلاش بەکاربێنی، تا سێبەر لەم لاو ئەولا دروست نەبێت. واچاکە چەند فلاشێک لە تەنیشت کامیراوە بەکاربێنی لەگەڵ چەند ڕفلێکتەرێک، خۆ ئەگەر فلاشی ماکرۆیی بەکاربێنی





باشتره، چونکه شێوەی ڕینگێکه و سێبەر دروست ناکات. شێوازی وێنەگرتنی ماکرۆیی لەگەڵ وێنەگرتنی ئاسایی جیاوازی نییە، تەنیا لە دابەش کردنی ڕووناکی جیاوازیەکی کەمی هەیە.

ئەگەر هاوێنەی ماکرۆت دەست نەکەوت، دەتوانی هەمان هاوێنەی ستاندەرد، بە سەراوژێری واتە پێشەکەی هاوێنە بە بەدەنی کامیراوە ببەستینەوە بەهۆی ڕینگێکەوە، بەڵام ڕێکی وێنەکانی ناگاتە ئاستی هاوێنەی ماکرۆیی ئەسڵی، ناوەڕاستی وێنەکە جوانە و ڕۆخەکانیشی تۆزێک لێڵ دەردەچێت.

هەندێ ڕینگ هەیە لەنێوان هاوێنەی ستاندەردو بەدەنی کامیراوە دەبەسترێت، بەڵام ئێکسپۆزەر دەبێ زۆر زیادی بکەی، چونکە ڕووناکییەکە زۆر کەم دەبێتەوە ئەم ڕینگانە پێیان دەگوترێ Extension Rings نرخەکانیشیان زۆر گران نییە.

هاوێنەی کلۆز ئاپ هەیە بەچەند پێوەرێک وەک ڕینگ دایس کراون و بەسەر پێشەوەی هاوێنەی ستاندەرد دەبەسترێن فۆکەس کردنەکە ئاساییە، وەک بڵێی ئەم هاوێنانەی بەسەرەوە نەبێت، بەڵام ئەوانەی ژمارەیان گەورەیە دەتوانی هێندە نزیک ببیتەوە بەقەدەر ١٠سم. سوودی ئەم جۆرە هاوێنانە ئەوەیە ئێکسپۆزەرەکە ناگۆڕێ. واتە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

هاوێنەی کلۆز ئاپ بەسەر هاوێنەی ستاندەرد دەبەسترێ و تەلی فۆتۆ بەچاکی ئیش دەکات، بەڵام لە هاوێنەی واید ئەنگڵ بە باشی ئیش ناکات. کەچی لەگەڵ هاوێنەی تەلی فۆتۆ زۆر بە باشی ئیش دەکات. بەگشتی هاوێنەی کلۆز ئاپ نێتی وێنەکە کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەمە لە هاوێنەی ماکرۆ ڕوونادات.

هاوێنەی کلۆز ئاپ بەچەند هێزێک دروست کراون و پێوانە دەکرێن بە دایۆپتەر ژمارە ١، ٢، ٣ واتە تا سێ دایۆپتەریش هەیە، بە تاک و بە سێت دەفرۆشرێن.

دەتوانرێ هەر سێ هاوێنە کلۆز ئاپەکە بەیەکەوە ببەسترێنەوە بەسەر هاوێنەی سەرەکی کامیرا، بەمەش ژمارەی دایۆپتەرەکانیان دەبێتە (٦) دایۆپتەر، واتە بەمەش بابەتەکە زۆر گەورە دەکات و زیاتر دەیهێنێتە پێشەوە. بۆ فۆکەس کردن هەوڵ دە گراوند گلاسی ڤیوەرەکە بەکاربهێنی. تا فۆکەس کردن کۆنترۆڵ دەکەی کامیراکە بەسەر ستاندەکەوە بەرەو پێشەوەی ببەو بیهێنەرە دواوە تا بە تەواوی بابەتەکە لێت دیار دەبێت.

هاوێنەی کلۆز ئاپ بەسەر هاوێنەی واید ئەنگڵ ببەستی دەبێ هێندە لە بابەتەکەت نزیک ببیتەوە، لەوەیە سێبەری کامیراکە لەسەر بابەتەکە دەربچێت، بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لەم گرفتە، هاوێنەی کلۆز ئاپەکە بە هاوێنەی (١٠٠) ملم، یان (١٣٥)ملم ببەستە بەمە بواری ئەوەت دەدات ڕووناک کردنەکە بەجوانی دابەش بکەیت بەسەر بابەتەکەت بێ ئەوەی سێبەری غەریب دروست بکەی و وێنەکەت لێ تێک بچێت، لێرەدا دەتوانی کارتی تایبەتی وەک ڕفلێکتەر بەکاربهێنی.

هەردەم هەوڵ دە وێنەی کلۆز ئاپ لە ڕووناکییەکی باش بگری، وا بکە بەشە گرنگەکە لە بابەتەکەت دەربچێت و باکگراوندەکەش با لێڵ بێت. لەم جۆرە وێنەگرتنانە (با) گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم وێنەگردا، بۆ ئەم مەبەستە بەکارتۆن وەک دیوارێک لەدەورەی بابەتەکە دروست بکە، تا (با)یەکە قەدەغە بکا لە بابەتەکەت.

**سەرچاوەکان**


**- ابراهيم الفضيلات، التصوير الضوئي. ط١، ٢٠٠٢.**

**1981, The Camera Book -**

# مۆسیقاژەنە نەمرەکان

**مامۆستا جەلال حەویز**
**(١٩٠٩- ١٩٧٦)**

لە گـۆڤـاری (ڕامـان)ی خـۆشـەویست، لە ژمـارەکـانی پاروپێـرار.. جگە لە ژیاننامـەی هونەرمـەندە گـۆرانیـبێـژە نەمرەکـان، ناو و ژیاننامـەی چەند هونەرمـەندێکی بواری مۆسیقاو مۆسیقاژەنە ڕابەرە نەمرەکانیشم بلاوکراوەتەوە، وەکو: قادر دیلان، ولیەم یۆحەننا، عەبدولواحیدی حاجی ئاغا مستەفا.

ئەم جارە مـامۆستـای خوالێخۆشبوو: جـەلال حەوێزی کۆییم هەڵبژارد بۆ ناساندنی بە هونەردۆستـان و سەرجەم خوێنەرانی ئەم گۆڤارە ئەمەکدارە.. هیوادارم نووسینەکەم سوودبەخش بێ.

ئەوەی ڕاستیش بێ، ئەم مامۆستـایە، لە هیچ تیپێکی مـۆسـیـقـادا کـاری نەکـردووە و لەهیچ ئاهەنگێکی گۆرانیش، بەزم ورەزمی بووک گواستنەوەش مۆسیقای لێ نەداوە، بەڵام عـوود ژەنێکی زۆر چاک و لێـهـاتوو بووە و خزمـەتەکەی هەر لەناو قوتابخانە سەرەتاییـەکان بووە و سـروود و گـۆرانی نیـشـتـمـانی، بە عـوودەوە، لە دەرسی سـروود هەر لەناو قـوتابخـانەکـەیدا، فـێـری قـوتابیـانی کردووە.

من، خـۆم، یەکـێـک بووم لەو قـوتابیـانەی کـە لەپۆلی یەکەم و دووەم و ڕەنگە سێیـەمیش، لە ساڵی ١٩٣٤ و ١٩٣٥ و ١٩٣٦دا، ئەم مـامـۆسـتـا جـەلالە، لەوانەی سروود، کە دەهاتە پۆلەکەمان، ئامێری (عوود)ی لەگەڵ خۆی دەهێنا. جا کورسییـەکی بچووکی ڕادەکێشا نزیک سەببوورەکە و پێی ڕاستی لەسەر دادەنا و عـوودەکەشی

**باکووری**



**جەلال حەویز**

لەسـەر چۆکی دەچەسـپـاند، ئینجـا پەرەمـووچێکی لە گـیـرفـانی دەردەهێنا و بەو پەرەمـووچە لەژێیـەکـانی ئامـێـرەکـەی دەدا و ئێـمـەی منداڵە سـەرسـامـەکـانی دەگواستینەوە بۆ شوێنێکی تر.. بۆ ئاسمان.. بۆ دنیایەکی پڕ لە خۆشی و کـامـەرانی... پێـمـان وابوو، ئەوا لەگـەڵ سـۆزی خـۆشی شـەپۆلی ئاوازەکـان، وەک بولبـول و چۆلەکە.. باڵەفڕکە دەکەین و دەفڕین، لەو بۆشاییە ساف و شـینـەدا... بەرەو هەوراز و ئینجـا بەرەو خـوار.. و دیسـان بۆ هەوراز.. لەگـەڵ ئاوازەکـان و ڕەزمی ژێیەکان... هەستمان بەکات نەدەکرد.. هۆشمان لای باڵا و دەمـوچاو و عـوودە جـوانەکـە و پەرەمـووچی نێـوان پەنجەکـانی مـامـۆسـتـا بوو! گەلێ جار ڕووی دەدا کـەوا دەرسەکە کۆتایی دەهات و (فـیـتـفـیـتـەکە)مـان گوێ لێ نەدەبوو لەبەر دەنگی خۆمان کە لەگەڵ دەنگی مامۆستاو عـوودەکەی تێکەڵ یەکـتـر دەبوون و ئەوەندەمـان دەزانی، قوتابییانی پۆلەکانی تر، لەبەردەم دەرگای ژوورەکەی پۆلی ئێـمە کۆبووینەوە و گـوێڕایەڵی مۆسـیـقـا و سروودەکەمـان دەبوون. ئینجـا دەمـانزانی کە پشـوودانە و کـاتی دەرس کۆتایی هاتووە. ئینجا مامۆستا، بە زەردەخەنەیەکەوە و کـە هەسـتی خـۆشـەویسـتی خـۆی بۆ ئێـمـە دەردەبڕی و دەیگوت: سـوپاسـتـان دەکـەم دەنگتـان خـۆشـە... تا دەرسـێـکی تر (فـلانە ڕۆژ)، دەتانبـیـنمـەوە... ئەو سروودەش باش لەبەرکـەن! یادت بەخـێـر مـامـۆسـتـای گەورەمان! هەر ئەو عـوودەی مامۆستا جەلال (ئەفەندی) بوو، منی گـێـژ و هێـژ کـرد و شـەو و ڕۆژ خـەونم پێـوەی دەبینی کەوا من ئەوا عـوود لێ دەدەم و گۆرانی دەڵێم! لە ماڵەوە هەر لاسایی مامۆستام دەکردەوە و سروودەکانی:

**(ئێمە کە منداڵ و نەوجەوانین**
**هەموو بە قوربانی کوردستانین)**

هەروەها سروودی:

**(ئەی تۆپەکە فوتبۆڵەکە،**
**من دێم لە دەستم ڕا مەکە)**

دەمگوتنەوە و باسی عـوودەکـە و مـامـۆسـتـام دەکـرد بۆ باوکم و دایکم- بۆم وەسف دەکردن عوودەکە شکلی چۆنە و مـامـۆسـتـا چۆن بە پەرەمـووچێک، ئاوازی خـۆش و بەتامی لێ دەردەهێنا...

جا، ئێستاکەش من واخەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و سەرچاوەمـە لەبابەت ژیان و هونەری ئەو مـرۆڤـە سادە و خـاوەن هەسـتی هونەری مـۆسـیـقـاژەنین، هەر لەکۆنترینیانەوە، کـە لە سەدەی بیستـەمەوە خـەریکی مۆسیـقـابووین و ئەگـەرچیش بەبێ خـوێندن و دیراسـەتی ئەکـادیمی و پەیمانگاش، خـۆیان و بەهرەی خـۆیان و چێژوەرگرتن لە مۆسیقادا، هانی داون و فێرە بەکارهێنانی ئامێرێک بووین و لەناو کۆمەڵگاکەی کە تێیدا ژیاون، ئەو بەهرەیەیان پشتگوێ نەخـسـتـووە و بۆ بەخـشـینی تاموچێژی مۆسیقا لەناو کۆمەڵەکەیان، لەقوتابخانە، یان لە دیوەخانە و چایخانەکان.. بۆ خەڵکی دەوروپشتیـان و بڵاوکـردنەوەی کـەلەپووری ئاواز و گـۆرانی... حـەیران و لاوک و بەسـتەی خۆشی بەجۆشی شایی و هەڵپەڕکێ... مۆسیقاکەیان بەکارهێناوە.. کە ئێمڕۆ، سوود لەو بەهرە و بەرهەمـانە وەردەگـیـرێ و پەرەی پێ دەدرێ و دیراسـاتی لەسـەر دەکـرێ.. بۆیە وەک خزمـەتێکی گـەورە و فـراوان دەژمێردرێ، منیش وا پەیتا پەیتا، ئەو خوالێخۆشبووانە یاد دەکـەمـەوە و تاکـو لە دوو توێی کـتـێـبـێک کـە ناوم لێناوە:

(مۆسیقاژەنە نەمرەکان)، ناو و ژیاننامەیان بنووسمەوە و بەهیـــوای لەچاپدان و بڵاوکـــردنەوەش دەبم وەک سـەرچاوەیەک کـە، دوور نییـە، بۆ دواڕۆژ سـوودی لێ وەربگیرێ!

سـەبارەت بە سـەرپۆشی (سـیـدارە)ش حـەز دەکـەم ئەم



جەلال حەوێز

کورتە باسەی لەسەر بنووسم و دەڵێم:

پێش ئەوەی (عیـراق) بکرێت بە (مـەملەکـەت)ێکی سـەربەخۆ و (مـەلیک فـەیسـەلی یەکـەم) هەڵـبژێردرێ بۆ دەسەڵات وەرگرتنی، وەک یەکەم (مەلیک= واتا پاشا)ی دەوڵەتی عیراق، لە ساڵی ١٩٢١دا، لەعیراق پیاوەکان، لەناوچە عەرەبییەکان (چەفیە و عەگال)یان لەسەر دەنا، کوردەکان جەمەدانی و (مشکی)یان لەسەریان دەبەست، بەڵام زۆربەی پیـــاوی ســـادە و ناو بازاڕ و قـــوتابی و مـامـۆسـتـاکـان هەمـوو طربووش= تەربووش= فـینە)یان لەسەر دەنا، چونکە عیراق و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە و ئەم ناوچەیە هەموو لەژێر حوکمی (خەلیفە)ی عـوسمانی (تورک) بوون و (تەربووش) سەرپۆشی (ڕەسمی) بوو لە دەوڵەتی عوسمانی!



وێنەی مـامۆسـتـایانی یەکـەم قـوتابخانەی سـەرەتایی لە سلێـمـانی، مـامۆسـتـاکان چاکەت و پانتـۆڵیان لەبەر کردووە و تەربووشـیان لەسـەر ناوە، ئەوانەی کە جەمەدانی و مەندیلیان لەسەرە شێخ و مەلان.

بەڵام دوای دامەزراندنی حوکمی پادشایەتی لە عیراق، جۆرە سەرپۆشێکی دیکە، بۆ پیاوان، هەڵبژێردرا، کە پێی دەگوترا (سیدارە)، جا هەموو ئەو کەسانەی کە چاکەت و پانتـۆڵـیـان لەبەرکـردبایە، دەبوایە (سـیـدارەش) لەسـەر بنێن: مۆزەف، مـامـۆسـتـا، قـوتابی، تەنانەت سـەرباز و عـەسکەریش سـیـدارەیان لەسـەردەنا، هەروەها پۆلیس و وەزیر و خـودی مـەلیک فـەیسـەل و غـازی کـوڕی و عـەبدولئـیـلاهی کـوڕە خـەزووری (غـازی).. تاد، دەبا هەموویان سیدارە لەسەربنێن. تەنانەت من خۆم و تایەر تۆفیق و مـامـۆسـتـاکانمان هەروەتر! بەڵام دیسـان: شێخ و مـەلا و فـەقـێ و قـەشـە و پیـاوە ئایینیـەکـان، ئەو (ســیـــدارە)یان بەکـــارنەدەهێنا: ئەوان، هەر چینە و ســـەرپۆشی خـــۆیان هەبوو، تایبـــەت بوو بە جـــۆری جلوبەرگەکانیانەوە. مامۆستا (جەلال)یش چونکە لەکاتی دەوام، سـترە و پانتـۆڵی لەبەردەکرد، بۆیە (سیـدارەی) بەسەردەنا، دەبا ئەوجا بگەڕێمەوە سەر باسەکەم کە باسی ژیانی مامۆستا جەلال حەوێزی ڕەحمەتییە. ناوی تەواوی بەڕێزی (جەلال کوڕی حەوێز ئاغای کوڕی حەبیب ئاغای حـاجی بەکـر ئاغـا)یە، لە سـاڵی ١٩٠٩ لە شـارەکـەی (کـۆیسنجـاق= کـۆیە) چاوی بە دنیـا هەڵهـێناوە لە خێـزانێکی کـوردەواری ڕەسـەن کـە بابەلبـات، لە کـۆیە نیشتەجێ بووین!

قـوتابخانەی سـەرەتایی هەر لەکـۆیە تەواو کـردووە. لە بەغـداش، لە (دارالمعلمین الابتـدائیـة- القـسم الممتـاز) دوو ساڵی خوێندووە و بەمامۆستای سەرەتایی دامەزراوە و لە سـاڵی ١٩٣١ بووەتە (مامۆستا) لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە وەک: تایەر مەلاسادق، سەید ئەحـمەد مـەلا وەلی جەباری... و لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە دەوامـیـان کرد.

تایەر ئەحمەد حەوێزی، نووسەری کۆیی خوالێخۆشبوو، لە بەشی دووەمی کـتێبی (مێژووی کۆیە)، ناوی زۆربەی مـامـۆسـتـایانی قـوتابخـانەکـانی سـەرەتایی و ناوەندی ودواناوەندی و ناوی قـوتابخـانەکـانی کـۆیەی هەمـــوو نووسیـوە.. کە بە ڕاستی سەرچاوەیەکی دەوڵەمـەندە لەم ڕووەوە. جا سەبارەت بە (جەلال جەوێز) دەڵێ:

«جەلال ئەفەندی حەوێز ئاغا، کە لەساڵی ١٩٣١ بووە (معلم، عوود و کەمانجەی هەبوو.)»

بۆچوونی من سـەبارەت بە مـۆسـیـقـاژەنەکـانی کـۆیە، ئەمـەیە کـەوا مـامـۆسـتـا جەلال حەوێز دووەم کـەسـە لەم



**مامۆستا جەلال حەوێز بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئوولا)ی کۆیە، لەگەڵ ستافی قوتابخانەکە، کە لەنێویاندا چەند مامۆستایەکی ناسراو دیارن.. وێنەکە لە ساڵی ١٩٥٠ گیراوە.**
**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: عەبدولڕەحمان هەناری، مامۆستا جەلال حەوێز، عەبدوڵڵا ئەحمەد، تایەر ئەحمەد حەوێزی.**
**ڕاوەستاوەکانیش لە ڕاستەوە: بیلال بەهائەدین، عەبدوڵڵا کاکە، ؟، ؟، کەریم شارەزا، حوسێن حاجی قادر.**

شارە، خولیای فێربوونی ژەنینی ئامێری مۆسیقاو بەتایبەتی عوود بووە. یەکەم کەس کە (عەبدولواحیدی حاجی ئاغا مستەفا) بووە و من لە (ڕامان)، لە دوو ژمارەدا، بەدرێژی ژیاننامەیم بڵاوکردەوە. کەچی زۆر گەڕام و پشکنین و سۆراخم کرد و سێ چوار کتێبم لەسەر مێژوو و زانیاری خوێندەوە لەبابەت شاری سلێمانی، بەڵام لەو کتێبانەدا مێژووی بزووتنەوەی مۆسیقا لەوێ دەگەڕێننەوە بۆ خولێکی مۆسیقا، کە وەزارەتی (مەعاریف)، بەسەر پەرشتی چەند مامۆستایەکی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٤٧ کراوەتەوە و خوالێخۆشبوو مامۆستای مۆسیقا (حەننا پەتروس) بەڕێوەی بردووە.

ژمارەیەکی زۆر گەنجی ئەوسا لەو خولە بەشداریان کردووە، بەڵام زۆربەیان، هەر بەکۆتایی هاتنی خولەکە، ئەوانیش چیتر بەردەوام نەبوون لە فێربوون و خۆ فێرکردن (تعلیم ذاتي).. تەنیا ژمارەیەکیان سوودیان لەو خولە وەرگرتووە و ئیتر لە بەغدا، لە بەدواداچوونی فێربوونی هونەری مۆسیقا بەردەوام بووین و ئەنجامی باشیان هەبووە، لەو گەنجانەش بەتایبەتی ناوی: قادر دیلان، شەماڵ سائیب، ڕۆبێن ئۆفیک، نووری عەنبەر،.. هاتووە.

کەواتە لەکۆیە بزووتنەوەی مۆسیقا زۆر زووتر دەستی پێکردووە.. و مامۆستا جەلال حەوێز، لە ساڵانی سییەکاندا، عوود و کەمانچە فێربووە و بەکاری هێناوە و قوتابیانی بە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە، سروود و گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی فێر کردوون.

مامۆستا جەلال هەر لەکۆیە هاوسەری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە کە خوشکی مامۆستایەکی برادەری و ناوی مامۆستا (فەخری سامی) بوو.. ئەو مامۆستایەش لە قوتابخانەی (ئوولا)ی سەرەتایی، لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ و لە پۆلی شەشی ئەو قوتابخانەیە دەرسی بەمنیش داوە کە قوتابی بووم. خێزانی مامۆستا جەلالیش (فەتحیە خان سامی) بوو.

یەکێک لە بیرەوەرییەکانی دیکەم لەگەڵ مامۆستام کە شانازی پێوە دەکەم: ئەویش وەهایە: کە لەساڵی ١٩٥٦/١٩٥٧ لە قوتابخانەی ناوەندی کوڕان، لەکۆیە، وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرام و پاش ماوەیەک بە دیتنی مامۆستا جەلال شاد بووم و تازەش خەریکی فێرکردنی هەندێ قوتابی بووم لەسەر ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقاو دواتر (تیپی مۆسیقای باواجی)مان لەو قوتابیانە دامەزراند.. مامۆستا جەلال، لە دوکانی ڕەحمەتی (بابەکە) پێی گوتم: دەزانی عوودەکەم هەرماوە؟ بەڵام هەندێ تێک چووە و چاک کردنەوەی دەوێ!

منیش وتم:خۆ من شارەزاییەکی باشم پەیدا کردووە لەچاکردنەوەی ئامێری عوود- ئەگەر بۆ قوتابی خۆتی بنێری و ئەزیەت نەبێ بۆ جەنابت، من بۆت چاک دەکەمەوە و هەرچی پێویستی پێ هەبێ، من لە ماڵەوە هەیتم. ئەوە بوو عوودەکەی بۆ ناردم.. کە بینیم، باوەڕبکەن فرمێسک لەچاوم هاتنە خوارەوە و دەمێکی تەواو عوودەکەم ماچ دەکرد! ئینجا عوودەکەم زۆر باش چاک کردەوە و دەستەیەک ژێی نوێ (أوتار)م تێخست و کۆک (نصب)م کرد و بۆ بەیانی ناردمەوە ماڵی مامۆستا. جا لەدوکانی (بابەکە) دیسان یەکترمان بینی و زۆر (مەمنوون) بوو.. ئیتر تا کۆچی دوایی کرد هەر لەلای مابوو.

مامۆستا سەدیق عەبدولقادر، کە دەبێتە زاوای خوالێخۆشبوو و (هەورین خان)ی کچی مامۆستا جەلالی هێناوە.. لە سەردانێکم بۆ ماڵیان، لەم دوا دواییانە، لە گەڕەکی ئازادی، ئیتر باسی زەمانی مامۆستایەتیمان کرد لە کۆیە و سەیران و ڕابواردنی خۆش ساڵانی پەنجاو شەستەکان و قسە هاتەسەر عوودەکەی خەزووری و

مامۆستا سەدیق بە پێکەنینەوە وتی:

«ئەرێ وەڵڵا منیش جاروبار دەچوومە ماڵی خەزوورم و دادەنیشتین بەقسەی خۆش و بەعوود لێدان کاتمان ڕادەبوارد و مامۆستا جەلال هەر زەوقی مابوو و عوودی باشی بۆمان لێ دەدا.»

مامۆستای ڕووخۆش و هونەرمەندو دەنگخۆش، لە ساڵی ١٩٦١ خانەنشین دەبێ لە کۆیە و ئیتر هەر بە سەردانی برادەران و خوێندنەوە و تاو تاوەش خۆ خافلاندن بە عوودەکەیەوە لەگەڵ منداڵەکانی.. ژیان بەسەر دەبات بەهێمنی و خۆشەویستی خەڵکی شار.. تا لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی دەکات، هەزار سڵاو لەگیانی پاکی بێت و لە گۆڕستانی (عارەبیان) بە خاک سپێردراوە.

کوڕێکی مامۆستا جەلال، ئێستا بەڕێوەبەری پۆلیسە لە سلێمانی، ناوی (کاک جەوهەر جەلال حەوێز)ە، هەروەها وەک لە پێشەوە وتم، هەورین خانی کچی گەورەی هاوسەری مامۆستای خانەنشین کاک سەدیق عەبدولقادرە، لە هەولێرە و کچێکی دیکەی مامۆستایە (پێم وایە)-(نەرمین خان) لەژیاندایە..

خوا تەمەنیان درێژکات و بەکامەرانی و تەندروستی باش ژیان بەسەر بەرن.

مامۆستا کەریم شارەزا، لەگەڵ خوالێخۆشبوو، زۆر بەینی هەبوو، جگە لەوەش، مامۆستا بووە لەو ساڵانەی کەوا جەلال حەوێز بەڕێوەبەریان بووە لە هەمان قوتابخانەدا، بۆیە یارمەتی دام لە هەندێ باس و خواسی ژیان و تەمەنی ئەو مرۆڤە پەروەردکارە... و بە تایبەتیش ئەو شیعرەی کە دایناوە بە بۆنەی کۆچی دوایی کردنی مامۆستا جەلال وتیشی کە شیعرەکەی لەسەر کێلی قەبری خوالێخۆشبوو هەڵکەندراوە. ئەوەی خوارەوەش دەقی بەیتەکانە:

**مامۆستای وەکو جەلال حەوێزی**
**تا دنیا مابێ دەمێنێ ڕیزی**
**پیاوی زانست و پیاوی کردەوە**
**لە هەردوو دنیا گۆی خۆی بردەوە**
**بۆ بەهەشت فڕی گیانی پاکی**
**بۆمان مایەوە ڕەوشتی پاکی**

# بیرەوەری سۆزانییە خەمبارەكانی من(١)

سەڵاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵاند)

ئەمجارەش لە بیرەوەرییەكی دیكەدا دەبینە میوانی ئەو سۆزانییە ئێسك سووكانەی كە لە هەموو زەمەنێك خەمبارترن، لەگەڵ گابریال گارسیا ماركیز بەرەو بیرەوەرییەكی نوێ دەڕۆین، بیرەوەری ئەو مرۆڤەی هەتا هەناسەی تێدایە وێڵە بەدوای حەزدا. هێشتا لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەكانی ژیانی خۆی نەحەواینەوە، تا جارێكی تر بمانباتەوە بۆ دنیایەكی دیكە، بۆ بیرەوەرییەكانی ئەو سۆزانییە خەمبارانەی كە شەوان بەدیاریانەوە تا قووقەی كەڵەشێر ئێشك دەگرێ، ئەو سۆزانییانەی لە پەڕەی گوڵ ناسكترن، ئەوانەی خەو و خۆراك لە مرۆڤ حەرام دەكەن. هەرچەندە ماركیز خۆی دەڵێ من بۆ ئەوە ژیام تا بەسەرهاتەكەی بگێڕمەوە(٢)، بەڵام ئەمجارەیان دەژی بۆ ئەوەی باسێكی ترمان بۆ بگێڕێتەوە، باسێك هیچی لەو باسانەی بویندیا و شارە خەیاڵییەكەی(٣) كەمتر نییە و هیچی لەو دیكتاتۆرانە كەمتر نییە كە تا هەناسەیان هەیە دەستبەرداری كورسییەكانیان نین، هیچی لە گەڵا هەڵوەریوەكان و دڵۆپە خوێنەكانی سەر بەفر كەمتر نییە.




لەم بەسەر هاتەدا كە تا ڕادەیەك تەواوكەری ئەو خۆشەویستیانەیە كە بەردەوام لە ڕۆمانەكانی پێشتریدا دووبارە دەبنەوە، ماركیز هەوڵ دەدات باسی جوانكاری و ئیستاتیكیامان بۆ بكات، جیاوازی لە نێوان چالاكی و مردوویی، تا ئەم ساتەش هەناسە سیحراویەكانی بەدووی جەستە لاوەكانا دەگەڕێ، تا ئەم ساتەش بەو وەسفانە سەرسامان دەكات كە پڕن لە ناماقوڵیەتی ماقوڵ، بێبەری نین لەو هەستە دامركاوانەی كە لە پڕ وەك بوركان دەتەقنەوە، یان وەكو كانی شیر بە ماچی لێوە تینووەكان دەمیان دەكەنەوەو دەڕژێنە نێو قورگی حەزەكانەوە.

ماركیز لە دوایین ڕۆمانیدا كە لە مانگی مایسی ساڵی ٢٠٠٤ لە نووسینی بووەتەوە، پێمان دەڵێ ژیان لە تەمەندا ڕانەوەستاوە و خۆشەویستیش سنوورەكانی لە ناخەوە نین لە دەرەوەی ناخن، هەروەها بە هەموو ئەوانەش دەڵێ كە تەمەنیان ڕوو لە ئاوابوونە: تەمەن ئەوە نییە كە هەتە، بەڵكو ئەوەیە كە هەستی پێ دەكەیت، پێمان دەڵێ هەرگیز تەسلیمی شتە باوەكان مەبن، ئەوەی ١٠٠ ساڵە، ڕەنگە بە ڕۆح ٢٠ ساڵ بێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

لەم ڕۆمانەدا ماركیز هێشتا بەدووی خەیاڵە سیحراویەكانی دنیای خۆشەویستیدا دەگەڕێ، ئەمجارەیان خۆشەویستییەكەی

لەوەی «خۆشەویستی لە سەردەمی دەردە کولێرە» (٤)دا ناچێ و هەردوو لەشەکان پێکەوە پیر نابن. ئەمجارەیان خۆشەویستی چاوەڕوانی و ئاستەنگ نییە، کەشتییەک نییە، دوو جەستەی تواوەی بەر ڕۆژگاری تەمەنی لەخۆوە گرتبێ، ئەمجارەیان باس باسی عەشقی تەقلیدی و لاساییکردنەوەی ئاسایی نییە، بەڕادەی ئەوەی باس لە دنیای لەپڕ و چاوەڕواننەکراوە، گێڕانەوەی ئەو ساتانەن کە تیایدا جەستەکان لە ناهاوسەنگیەکی سەیردا یەک دەگرن. ئەو ڕێڕەوانەی نێوان (خۆشەویستی) و (سێکس) وەکو ئەو ماچانەی لێدێت کە بە گیان ناگەن.

ئەم ڕۆمانە تەنیا پێنچ بەشە، ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بەسەرهاتی ڕۆژنامەنووسێکی تەمەن ٩٠ ساڵەیە دەیەوێ ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی بەجۆرێکی دیکە بگێڕی ئەویش بە ڕابواردن لەگەڵ کچێکا، لە ڕێگای پێوەندیکردن بە ئافرەتێکەوە کە کاری پەیداکردنی ئافرەتە بۆ پیاوان و خاوەنی سۆزانیخانەیە، کچێکی بەژن نەبووی بۆ پەیدا دەکات، لە نێوان ڕۆژنامەنووسە پیرەکە و کچە پێوەندییەک و خۆشەویستییەکی یەکلایەنە بەرپا دەبێت. ڕۆژنامەنووسەکە بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیا عاشق دەبێت، بەڵام لە شەوانی یەکتربینیندا کچە نووستووە، هۆی نووستنەکەشی ئەو کارە قورسەیە کە لە فابریکێکدا ئەنجامی دەدا کە دوگمە دوورینە.

پێش دەست پێکردنی ڕۆمانەکە بە وتەیەکی یاسۆناری کاواباتای نووسەری یابانی دەکرێتەوە، پاشان لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: (بۆ نەوەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونم، ویستم ئاهەنگێ بۆ خۆم بگێڕم لە شەوێکی پڕ خۆشەویستی لەگەڵ کچێکا، ڕۆسا کابارکاسم بیرکەوتەوە، خاوەنی ماڵێکی شاراوەی نایاسایی بوو، ڕاهاتبوو هەرکاتێک شتێکی نوێی لابێت موشتەریەکانی ئاگادار بکاتەوە. هەرگیز تەسلیمی ئەو هەموو فرتوفێڵ و شتە خراپ و پیسانەی نەدەبووم کە دەیخستە بەردەستم، بەڵام ئەو بڕوای بە ساف و بێگەردی پرنسیبەکانم نەبوو. هەمیشە بە بزەیەکی تووڕاوییەوە دەیوت (ڕەوشتیش مەسەلەی کاتە)، (دەبینین). ڕۆسا کەمێ لە من منداڵتر بوو، بەڵام ساڵانێک بوو هیچ ئاگام لێ نەمابوو هیچم لەبارەیەوە نەبیستبوو لەوانەشە ئێستا لە ژیاندا نەمابێت.

پاش ئەوەی زەنگی تەلەفۆنەکە یەک جار لێیدا تەلەفۆنەکەم هەڵگرت یەکسەر دەنگیم ناسییەوە، بێ ئەملاو زێدەڕۆیی بە ڕوویمدا تەقانەوە: با ئەمڕۆ بێت.

ڕۆسا هەناسەیەکی هەڵکێشا: ئاخ، پیاوە عاقڵ و خەمبارەکەم، ٢٠ ساڵ خۆت ون دەکەیت و تەنیا بۆ ئەوەش دەگەڕێیتەوە داوای شتێک بکەیت مەحاڵ بێت. یەکسەر خۆی ڕاست کردەوەو نیو دەرزەن شتی مومکین و سەرنجڕاکێشی خستەبەردەستم، هەرچەندە پێشتر هەموویان بەکارهاتبوون، بەڵێ وابوو. پێمداگرت، ئەوانەم ناوێ، دەبێ پەردەی لانەبرابێت و بەپەلەو هەر ئەم شەویش. ڕۆسا بە ئاگاردارکردنەوەوە وتی: چیت دەوێ دەتەوێ خۆت تاقی کەیتەوە؟

بەم سەرەتایە دەچینە نێو دنیای ئەم وتووێژەی نێوان ڕۆژنامەنووسی تەمەن ٩٠ ساڵە لەگەڵ ڕۆسا، کاتێک ئەو ئافرەتە داوای لێ دەکات کەمێ تەحەمولی هەبێ، بەڵام ئەو پێدادەگرێت لەسەر خێرایی، نازانێت لە تەمەنێکی وەک ئەمدا هەر سەعاتێک ساڵێکە، ئەو خۆی بەمجۆرە باسی خۆی دەکات: (لە خانوویەکدا دەژیام هی سەردەمی کۆڵۆنیالیەکان بوو، بە ڕووی خۆرەتاوی سان نیکۆلاس پارککدا دەیڕوانی. لەوێدا هەموو تەمەنی ژیانم بێ ئافرەت و بێ سامان بردەسەر، باوانم لەوێدا ژیان و هەر لەوێشدا مردن، منیش پیلانم وایە هەر لەوێ بە تەنیاو لە هەمان ئەو جێگایەی لەسەری لەدایک بووم بژیم تا دەمرم، حەزیش دەکەم و هیوام وایە لە ڕۆژێکا بمرم جارێ دوور بێت، بە بێ ژانیش سەربنێمەوە. باوکم ئەم خانووەی لە دوایین ساڵەکانی سەدەیی نۆزدەیەم لە مەزادێکی ئاشکرادا کڕی، ڕێڕەوەکەی دەرەوەی خانووەکەی بەکرێ دا، دای بە دەزگایەکی نهێنی ئیتاڵییەکان ئەوانەی لەوێدا دەستیان بە دامەزراندنی دوکانی (مۆدێرن و جوان) لیوکس کرد. باوکم یەکەمین نهۆمی بۆ خۆی گلدایەوە، لەبەرئەوەی لەوێدا دەیویست بەخۆشی لەگەڵ فلۆرینا د دیۆس کارگامانتۆس کچی یەکێک لەو پیاوانە بژی، واتە لەگەڵ باشترین وەرگێڕی مۆزارت و فرەتاڵزان و لایەنگری گاریبالدی و جوانترین و دەستکارامەترین ئافرەت کە تا ئەو کاتە لەو شارەدا سەری هەڵدا: ئەویش دایکم بوو.

ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی Dario de La paz هەموو ڕۆژێکی یەک شەممە کۆلۆمێکی هەبوو کە دەبوایە وتاری بۆ بنووسیایە، بەو کەسە ناسرابوو کە زۆر دەربارەی خۆشەویستی دەنووسێ، دەربارەی پێوەندییەکانی خۆشی لەگەڵ ژناندا دەڵێ: (هەرگیز لەگەڵ ژنێک نەنووستووم بێ ئەوەی پارەی نەدەمێ... لە تەمەنی بیست ساڵیمەوە سجلێکم دروست کرد ناوو تەمەن و شوێن و جێگاو کورتەیەکیش لەبارەی وەزع و شێوەی ئەو کەسانەم نووسیبووە. تا تەمەنی ٥٠ ساڵیم ناوی ٥١٤ ئافرەتم تۆمار کردبوو ئەوانەی بەلای کەمەوە یەک جار لەگەڵیان نووستبوم. خاوەنی ڕەوشتی تایبەت بەخۆم بووم و هەرگیز بەشداریم لە سەردانی سۆزانی دەستەجەمیدا نەدەکرد....

تاقە پێوەندییەک کە هەیبوو لەگەڵ Damien بوو، بەمجۆرەش باسی دەکات: ژنێک بوو کەمدوو، بەڵام وتنەکانی لەجێی خۆی، بە پێی پەتی ڕێی دەکرد بۆ ئەوەی لە کاتی نووسیندا زنجیرەی بیرکردنەوەم نەپچڕێنێ.

لەبارەی چاوەڕوانکردنی تەلەفۆنی ڕۆسا زۆر دەڵێ، ئەو ڕۆژە بێ ئارامانە لەچاوەڕوانیدا بوو، ڕۆژێکی گەرم بوو، کاتژمێری چوار هەوڵی دا بە مۆسیقای باخ خۆی ئارام بکاتەوە، هەر لەو کاتەدا گوێی بە زرنگەی زەنگی تەلەفۆنی ڕۆسا زرنگایەوە: پێی وت: تۆ شانسێکی گەورەت هەیە.. (پارووپەکم بۆ پەیداکردووی، زۆر لەوە بەلەزەتترە کە تۆ دەتویست، بەڵام یەک گرفت هەیە: تازە خەریکە دەبێ بە چوارده.). بێ ئەوەی تێبگەم بۆچی ڕۆسا ئەو قسەیەی پێ وتم بە تەوزەوە وتم:

- بەلامەوە گرنگ نییە گەر حەفازەشی بۆ بشۆم.

ئەویش وتی: مەسەلەکە پێوەندی بە تۆوە نییە، بەڵام کێ مەسرەفی سێ ساڵ بەندیخانەم بۆ دەدا.

بێگومان کەس بۆی نادا، ئەویش بێگومان هەر نای دا، ئەو خۆی دەستمایەی خۆی لەوەوە چنگ دەکەوت کە ئەو کچۆلانەی دەهاتنە دوکانەکەی بە کرێی دەدان...

بۆ چاوپێکەوتنی کچە خۆی حازر دەکاو خۆی دەگۆڕێ، بۆ مەسرەفیش، خۆی دڵنیایە ئەم شەو زۆر لەسەری دەکەوێ. (لە دەخیلەکەی ئەوەی لەژێر سەرینەکە دامنابوو دوو پیزۆم بۆ کرێی ژوورەکە دەردەهێنا، چوار پیزۆ بۆ ژنی خاوەن ماڵەکە، سێ بۆ کچە و پێنج پیزۆش وەکو ئیحتیات بۆ خواردنی شەو و وردە مەسرەف. تەواو چوارده پیزۆی کرد ئەوەی لە مانگێکدا ڕۆژنامەکە بۆ کۆلۆمی ڕۆژانی یەک شەممە دەمداتێ.) پاشان پارەکە لە نێو گیرفانی بەرکەمەریا دەشارێتەوە، لەدواییدا خۆی عەترڕێژ دەکا، هەر بەو شەوە لە پێپلیکانەکان دێتە خوارێ و دەچێتەدەرەوە.

تۆزێ پێش کاتژمێری ١٠ تەکسیەکم گرت و بە شوفێرەکەم وت بمبا بۆ گۆڕستانی گشتی بۆ ئەوەی تێنەگا بۆ کوێ دەچم. بە زەردەخەنەیەکەوە لە ئاوێنەکەوە تەماشای کردم و وتی: مەمان ترسێنە بەڕێزی دانا، داواکاربووم خوا منیش هەروەکو تۆ ئێستا چۆنی ئاوەها بمهێڵێتەوە. لای گۆڕستانەکە هەردووکمان لە ئۆتۆمبێلەکە هاتینە خوارێ لەبەر ئەوەی شوفێرەکە وردەی پێ نەبوو دەبوایە لای De Graf-tombe پارە وردکەینەوە......

کاتێک پارەی شوفێرەکەم دا زۆر بە جیدی پێی وتم: بەڕێز، ئاگات لە خۆ بێت، دوکانەکەی ڕۆسا ئێستا وەکو جاران نییە. نەمتوانی ئاگاداری ئەوە بم کە مالئاوایی لێ بکەم، لەبەرئەوەی لەوبارەیەوە وەکو هەمووان شایەدی ئەوەن لای شوفێرانی Pasiode Colon هیچ شتێک شاراوە نییە.

خۆم کرد بە ناوچەیەکی هەژارنشیندا، هەر تەواو جیاواز بوو لەو جێگایانەی کە من لە ژیانی خۆمدا بینیبووم. هەرهەمان ئەو شەقامە پانانە بوون بەخۆیان و لمە گەرمەکانیانەوە. هەمان ئەو ماڵانە بە دەرگا ئاچووغەکانیان، دیوارەکانیان لە تەختەی زبر، سەرەکانیشی لە گەڵای دارخورماو ناوەوەشی لم و زیخ بوون. بەڵام ئەو مرۆڤانەی لەو خانووانە دەژیان ئارامیان لەدەستدابوو. لە زۆربەی ماڵەکاندا ڕۆژانی هەینی جەژنی کێویانە (دڕندانە) بەرپا دەکرا، کە لە نێو سکتەوە هەستت بە هاوارو زایەڵەی ئەو جەژنانە دەکرد.

پاش گەیشتنی بە جێگای مەبەست، خۆ ی بە دوکانەکەی ڕۆسادا دەکا، ڕۆساش بە ڕوویدا دەتەقێتەوە لە کاتژمێری ١٠ وە ئەو کچە لە ژوورەکەیە، کچێکی جوان، پاک و بەئەدەب و تەربیەتە، بەڵام تۆزێ دەترسێ لەبەرئەوەی دەستەخوشکێکی، لەو جێگایەیە لەگەڵ کەسێکی گایرا بوو لەوێدا تیاچوو. لەبەر کارەکەی گەلێ ماندووە، ماندوویتییەکەی هی کارکردنەکەیەتی: بەستەزمانە ئەو منداڵە، سەرەرای ئەوەش دەبێ ڕۆژ

تا ئێوارە لە کارگە دوگمە بدوورێتەوە.هەر خۆی ڕۆسا ، وەڵام دەداتەوە: بەڵام پێم وایە ئەوەندە کارێکی گران نییە: زۆربەی پیاوان وا دەزانن وایە، بەڵام ئەم کارە لە بەرد شکاندن گرانترە. سەرەڕای ئەوەش ئەوەی لا ئاشکرا کردم کە خواردنەوەیەکی دەرخوارددراوە لە برۆم و فالیریان، ئێستاش بۆ خۆی نووستووە. لەوە ترسام ئەم دڵسووتاندنەی ڕۆسا بۆ کچە لیستێکی نوێ بێت بۆ ئەوە ی نرخەکەی گران کا لام، بەڵام نەخێر، ڕۆسا وتی، قسەکانم وەک زێڕ بەنرخن. ئەو ژنە یاسایەکی جێگیری هەبوو: هەموو شتێک بە جیا. بە پارەی سپی و پێشەکیش.

کاتێک کابرای ڕۆژنامەنووس بەرەو ئەو ژوورە دەکەوێتە ڕێ ئەو ژوورەی کە پارەی کرێکەی داوەو ڕۆساش پەیمانەکەی تێدا بۆ ڕێک خستووە، بە چەند لێکدانەوەیەکی سەیر دەگاتە ژوورەکە، دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە.کچە لەسەر نوێنەکە نووستووە، ڕۆسا دەڵێ: (هێشتا خەوێکی خۆش خەوتووە)

واقم وڕمابوو: پێت وایە دەبێ چی بکەم؟

ڕۆسا بە ئارامیەکی ناجۆرەوە وتی: ئەوە دەبێ خۆت بیزانی، ئەی تۆ پیاوێکی عاقڵ نیت. ڕووی وەرگەڕان و بە تەنیا لەگەڵ ترسەکانما بەجێی هێشتم. بە خورپەی پەلەو خێرای دڵم بەرەو ژوورەکە هەنگاوم نا، چاوم بە کچەکەوت لە قووڵایی خەودا لەسەر نوێنێکی مەزنی بەکرێ ڕاکشابوو، ڕووت و بێ دەسەڵات هەروەک ئەوەی دایکی هێنابێتیە ژیانەوە.لە تەنیشیەوە ڕاکشام، ڕوخساری ڕوو لەدەرگاکەبوو، لە سەقفەکەوە برێک ڕووناکی دەکەوتە سەر ڕوخساری. بۆیە هیچ وردەکاریەکی نەدەشاردەوە.چووم لە کەناری سەرینەکە دانیشتم بۆ ئەوەی تەماشای کەم، هەر پێنج هەستەکەمی بۆلای خۆی کێش کرد. کچێکی ئەسمەر و شلەتێن بوو.......... مەمکۆڵە تازە دروستبووەکانی لە هی لاوێک دەچوون، بەڵام ئاشکرا هێزێکی شاراوەی نیشان دەدا کە لەسەر ئەو دەرپەڕینەدا وەستاوە. باشترین بەشەکان لە لەشیا پێیە گەورەکانین بەو هەنگاوە بێدەنگ و پەنجە درێژ و هەستیارەکانی، دەڵێی دوو دەستی ترن پێوەی........

کاتژمێر ١٢ بۆ کارێکی ئادەتی بەرەو حەمامەکە چووم: لەوێدا لەسەر کورسیەک جلوبەرگە هەژاریەکەی دانابوو بەجۆرێک لەسەر یەک هەڵی خستبوون هەر لە خانمێکی دەوڵەمەنددەچوو زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی لەسەر یەکتر دانابوون: کراسێک لە لۆکەی هەرزانبەها دروستکراو و پەپوولەدار، ژێرکراسێکی زەردڕەنگ و نەعلێکی لە پەت دروستکراو. لەسەر جلەکانی بازنێکی هەژارانە و زنجیرێکی ئەستوور کە وێنەی مریامی پیرۆزی پێوەهەڵواسرابوو دانرابوون. لەسەر ڕەفەکەی سەر دەستەشۆرەکە جانتایەکی دەستی لەسەر بوو کە لێوسوورکەرێک و پاکەتێ سوراو و کلیلێک و هەندێ پارەی وردەی تێدابوو. هەموو شتەکان ئەوەندە هەرزانبەهابوون نەمدەتوانی لەو زیاتر کەسێکی تر هەژارتر بێنمەبەرچاوی خۆم.

جلەکانم داکەند و ئەوەندە بە ڕێکوپێکی بە جل هەڵخەرەکەوە بەجۆرێک کراسە ئاوریشمیەکەو قاتە کەتانەکەم هەڵواسین تا چرچ و لۆچ نەبن. چووم میزکەم، بەدانیشتنەوە هەروەک ئەو جۆرەی کە فلۆریدا دیۆس لە منداڵیم فێری کردم.

جارێکی تر خۆم بینی، کەسێکی ئاسایی و سادە، نوورێکی توندوتۆڵ هەروەک ئەسپە کێویەک. پێش ئەوەی ئاودەستەکە بەجێ بێڵم لە ئاوێنەی سەر دەستەشۆرەکەوە ڕوانیمە خۆم. ئەو ئەسپەی لەو بەرەوە دەڕوانێتە من نەمردبوو، بەڵام ڕۆحی خەمبارەو چەناگەی وەک قەشەیەک شۆڕ بۆتەوە...............

بە ڕووتی چوومە سەر نوێنەکە دانیشتم هەوڵیشم دا نەهێڵم خەبەری بێتەوە. چاوەکانم لەگەڵ هەڕەشەی چرا سوورەکان ڕاهاتبوون.دەستم بە داڕشتنی جەستەی کرد.

لێرەوە ڕۆژنامەنووس بەدیار کچەوە دادەنیشێ و لە کاتی نووستندا دەکەوێتە باسکردنی شێوەی لەش و هەڵسوکەوت و بزواندنی ئەندامەکانی. تا ئەم کاتەش نازانین ناوی کچە چییە، کاتێک ڕۆژنامەنووسی بە زمانێکی شاعیرانە باس لەو ساتانە دەکات کە جووڵەی لەشی و ئەملاو ئەولاکردنی دەبێتە ئیلهامێک بۆ وروژاندنی شیعرو گۆرانی، هەر لەم میانەشدا ناوی دەهێنێ، کە ئەویش (دیلگادینا ) یە.

[ "دیلگادینا دڵەکەم" بە حەزێکی زۆرەوە پاڕامەوە. " (دیلگادینا ) ، حەسرەتێکی پڕناسۆرانەی دەرپەڕان، لەدەست ڕانەکانم هەڵهات و پشتی تێکردم و خۆی گرمۆڵە کرد هەروەک حەلەزۆنێ بۆ ماڵەکەی خۆی

بگەڕێتەوە.وا پێدەچوو خواردنەوەی فالەریانەکە(٥) هەروەک چۆن کاری لەو کردووە بەو ئەندازەیەش کاری لەمن کردبێ، چون لەدواییدا هیچ شتێک نە کاری لەو کرد نە لە هیچ کەسێک. بەڵام بۆ من ئەمە گرنگ نەبوو. پرسیم باشە بۆچی دەبێ ئێستا بێداری کەمەوە لە کاتێکدا کەمن ئەوەندە هەست بە خەمگینی و داڕزاوی و هیچ و پووچی دەکەم و بە ئەندازەی ماسیش ساردم.

بەم شێوەیە تا کاتژمێری ١٢ی شەو کاتێک تەمەنی ٩٠ تەواو دەکات بەدیار دیلگادینای نووستووەوە لە ڕوخسار و پاکیزەیی ئەو ورد دەبێتەوە، پاش ئەوە دەڵێ: من نوێژم بۆ ئەو کرد و نوێژیشم بۆ خۆم کرد..... بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا لە نیوەی شەوا ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوەو چراکەش خامۆش دەکاو ئەویش بۆ خۆی دەنوێ.

بۆ ڕۆژی دوایی بەیانی زوو خەبەری دەبێتەوە. بیری نایە لەکوێیە. کچەش وا لە پاڵیا نووستووە و پشتی لەوە. بەڵام دەڵێ: هەستێکی ناروونم هەیە بەوەی کە کچەکە شەو هەستاوە لەبەر ئەوەی شەو گوێم لێبوو ئاودەستەکە ڕاکێشرابوو. ئەمەش بۆ من هەواڵێکی نوێ بوو.

کاتژمێری ٥ ی بەیانی هەستام، نائارام، لەبەرئەوەی دەبوایە وتاری ڕۆژی یەک شەممەم پێش کاتژمێری ١٢ لەسەر مێزی تەحریر ئامادە بێت. کاتێک بە ساردی و بە جلوبەرگەوە لە ژووری نووستنەکە گەڕامەوە، کچەم بینی هێشتا لەسەر نوێنەکە بە شێوەی ستوونی و لەسەر پشت نووستووە..... وەکو مامۆستایەکی موتلەق بۆ (کچێنی) خۆی دەستەکانی پەرشوبڵاون.. بە کچەم وت: داوا لە خوا دەکەم ئەمەت بۆ بپارێزێ. هەرچی ئەو پارەیەی لام مابوو، هی خۆم و هی ئەویش، خستمە سەر سەرینەکەی، بە ماچێک لە ناوچەوانی بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لێکرد.

بەم شێوەیە یەکەمین چاوپێکەوتنی و یەکەمین بڕیاردانی بۆ ڕابواردن لەگەڵ کچێکی پاکیزەی ١٤ ساڵە دەگۆڕێ بۆ عەشق، بێ ئەوەی هیچ شێوە بەرکەوتنێک لە نێوان لەشیان ڕوو بدات.

## بەشی دووەم
## سۆزانییەکان لێم ناگەڕێن ببمە پیاوێکی خاوەن ژن

لە بەشی دووەمدا درێژبوونەوەیەک بەرەو ڕابردوو هەیە، پێوەندی ڕۆحی نێوان ڕۆژنامەنووس و کتێبە لاتینی و ئیسپانییەکانی، هەروەها ئاماژەکردنێ بە Damiana ی بەستەزمان کە لای ئەم مێژوویەکە، پڕ لە بێدەنگی هەروەها کەسێکە لە هەموو ژیانیا عاشقی ڕۆژنامەنووس بووە بێ ئەوەی ڕۆژنامەنووس درک بەم حاڵەتە بکات. ماڵەکەشی سەرەڕای بێدەنگییەکەی، نە سەگی تیابوو نە باڵندە نە خزمەتکار، تەنیا Damiana نەبێت، ئەمیش تاقە کەسێک بوو جار جار دەهات ماڵەکەی بۆ ڕێک دەخست، بەڵام بەسەرهاتی مارەبڕینەکەی لە Xim-ena Ortiz ئەوەش حیکایەتێکە، هێزی ئەو ژنە وای لێکردبوو نەیدەتوانی لەژێری بێتە دەرێ، نە خۆشەویستی بوو نە ڕق، بەڵام لە ئەنجامی پێوەندییەکی نائاساییدا بوون بە مارەبڕی یەکتری، هەر زوو ڕۆژنامەنووس هەست بەوە دەکات لەم پێوەندییەدا شتێک کەمە، ئەو شەوەی کە بڕیاربوو بۆ بەیانیەکەی بگوێزرێتەوە دەڵێ: (نەمدەتوانی بنووم ئەو هەستەم لا دروست بوو کە شتێک لە پێشەو دەقەومێ و چاککردنەوەی مەحاڵە.)

هەر لە هەڵاتنی ڕۆژەوە دەستم کرد بە ژماردنی ئەو سەعاتانەی کە بەسەردەچوون ئەویش بە یارمەتی سەعاتی کڵێساکە، تا حەوت کە لێدانە جەرگبڕەکەی کاتژمێرەکە دەنگی دایەوە. چوون ئەمە مانای وابوو دەبوایە ئەو کاتە بچمە کڵێسا. سەعات هەشت زەنگی تەلەفۆن لێی دا، بەردەوام بێ وەستان، نائاسایی، تا کاتژمێری ١٠ بەردەوام بوو. نەک تەنیا تەلەفۆنەکەم هەڵنەدەگرت، بەڵکو بۆ تەنیا ساتێکیش هەناسەم نەدەدا. سەعات ١٠ هاتنە لام بۆ ماڵەوە، یەکەم جار بە بۆکسی توند بە دەرگاکەیاندا کێشا، لە دواییدا لە لایەن دەنگێکی ناسراوەو هاوارو جنێو درا. دەترسام دەرگاکە هەڵتەکێنن وا بزانن من شتێکم بەسەردا هاتووە، بەڵام دەوروبەری کاتژمێری ١١ ماڵەکە بە بەبێدەنگیەکی دڕکاوی خۆی پێچایەوە لە بێدەنگی پاش کارەسات دەچوو. هەرئەو کاتە گریام بۆ ئەوو بۆ خۆشم و لە ناخی دڵمەوە نزاو نوێژم کرد بۆ ئەوەی هەتا ژیانم ماوە نەیبینمەوە. یەکێک لە کەسە پیرۆزەکان دوعاکەیان نیوە بە نیوە قبووڵ کردم، لەبەرئەوەی هەر ئەو شەوە Ximena Ortiz وڵاتی بەجێ هێشت و پاش ٢٠ ساڵ گەڕایەوە، شووکردنێکی پڕخۆشی بە ٧ منداڵەوە دەبوایە هی من بوونایە.

هەروەها دەشڵێ هەموو شتێ لەو شارەو لە ژیانمدا دەگۆڕان تەنیا ئەو

نووسینانە نەبێت کە لە گۆڤاری Diario de Lapaz دەمنووسین. هەر لەم بەشەدا هاوڕێکانی ڕۆژنامەکەی ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی بۆ دەگێڕن، چەندین دیاری جۆراوجۆری بۆ دێت، بەڵام ئەو هەر لە دنیای خۆیدایە دنیای ڕۆساو دیلگادینا. کاتێک ڕۆسا سەرزەنشتی دەکات کە بۆچی ئەو هیچی لەگەڵ کچە نەکردووە، سەری سوڕدەمێنێ، بەڵام ئەو وەڵامی پێیە: (حاڵەتی ئەو کچە ئەوەندە خراپ بوو، نەتدەتوانی پشتی پێ ببەستی، نە نوستبوو نە بێدار: تەنیا بۆ نەخۆشخانە باش بوو.) بێگومان ڕۆساش وەڵامی پێیە: (ڕۆسا ئیقاعێکی نزمتری چڕی: بۆیە وای لێهات لەبەرئەوەی پەیمانەکە زۆر بە پەلە دەبوایە ڕێک بخرایە، بەڵام شتێک هەیە دەکرێ بکرێت، دەیبینی، دەبێ کچە گوناحەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و پارەکەش بگەڕێنێتەوە. ئەمەت پێ چۆنە؟

بەڵام ئەو زوو وازی هێنا. دواجار جارێکی تر ڕۆسا پێوەندی پێوە دەکات و دەڵێ کچە پەشیمانە دەربارەی ئەو شەوە لەبەر ئەوەی گەلێ ماندوو بوو، دەبوایە ٢٠٠ دوگمە بە دەرزی و پەنجەوانەوە بدوورێتەوە، ئەمەش بۆ ئەو ئازارێکی گەورەو ماندووبوونێکی گەورە بوو بەو پەنجە خوێناویانەوە، بەڵام ئێستا ئامادەیە. کاتێک ڕۆسا داوا لە ڕۆژنامەنووس دەکات لەگەڵیا بدوێ دەڵێ:

– خوایە، وتم، نا.

### بەشی سێیەم

لەم بەشەش بەردەوام بەسەرهاتی ڕۆژنامەنووسی عاشقی نەوەد ساڵە، خۆی دووبارە دەکاتەوە، سەرەڕای گرفتەکانی ماڵ و پشیلە و ڕۆژنامەگەریی، گرفتی ڕۆسای قەویدەو دیلگادینای کچۆلە بەسەرهاتێکیان لا دروست کردووە، ئەوەتا بەردەوامە لە وردبوونەوەکانی لە دیلگادینا ، قەویدەکە پێی وتبوو ئاگاداربە هێشتا ترسی یەکەم جاری نەشکاوە، بەڵام ئەو پەرۆشییەی کە ئەو هەیبوو، تەنیا بریتی بوو لە چاوبڕینە نێو چاوی لە کاتی نووستندا، بڕوانە لێرەدا چۆن باس لەو حاڵەتە دەکات کە لە کاتی نووستنی کچەدا وێنەی دەکێشێ، لە کاتێکدا بە ئەسپایی گۆرانییەکی بۆ دەڵێ، چ گۆرانییەک گۆرانی دیلگادینا، ئەو کیژەی باوکی پادشا بوو لە لای ئەو لە هەموان خۆشەویستتر بوو: «لە کاتێکدا ئارەقەیم وشک دەکردەوە، لەگەڵ ڕیتمی گۆرانییەکەدا، ڕووی شوێنە ئارەقاوییەکانی تێکردم: «دیلگادینا، دیلگادینا، تۆ دەبیتە خۆشەویستترین خۆشەویستم». خۆشییەکی بێ سنوور بوو، چون ئەو کاتەی لایەکیم وشک دەکردەوە، لاکەی تری دەستی بە ئارەقکردن دەکرد، بۆ ئەوەشبوو گۆرانییەکە هەرگیز کۆتایی نەیەت. «هەستە، دیلگادینا، کراسە ئاوریشمیەکەت بپۆشە» بە گوێیدا گۆرانییەکەم دەچڕی.

دیسان بە هەمان شێوە وەکو جاران تا کاتژمێر پێنجی بەیانی دەنوێ، پاشان هەڵدەستێ خۆی دەگۆڕێ و بەجێی دێڵێ، ئەم جارە لەسەر ئاوێنەکە ئەم ڕستەیە دەبینێ: (پڵنگ دوور لە ماڵەکەی خۆی نالەوەڕێ)، ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ: دڵنیام دوێنێ شەو ئەم نووسینە لەسەر ئاوێنەکە نەبووە و کەسیش نەیتوانیوە بێتە ژوورەوە، کەواتە ئەمە دادەنێم وەک دیاری جەژنی لەدایکبوون لە لایەن شەیتانەوە.).

سەرەڕای ئەمەش کاتێک بۆ ماڵەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، تەماشای لاساری پشیلەکەی دەکات و لە هەمان کاتدا خانووەکەی دڵۆپە دەکات، تەنیا هەستەکانی لەگەڵ دیلگادینا وای لێ دەکات هەست بە هیچ ماندووبونێ نەکات، خێرا کەوتە خۆی بۆ ئەوەی خۆی لەو باران و ڕەشەبایە ڕزگار کات کە ئابلووقەی دابوو خەریکبوو کتێبەکانی نوقمی ئاو دەبوون بەڵام هێزی ئەو خۆشەویستییە هەموو شتێکی لەیاد بردبۆوەو هێزێکی تایبەتیشی پێ بەخشیبوو، لەم ساتەدا دێنێتە بەرچاوی خۆی کەسێک لێی دەپرسێ ئەو کەسەش خۆشەویستەکەیەتی:

– کاتێک ئاشنام بووی بۆ ئەوەندە بەتەمەن بووی؟

– تەمەن ئەوە نییە کە هەتە، تەمەن ئەوەیە کە هەستی پێ دەکەیت.

جاری دووەم کە پێوەندی بە ڕۆساوە دەکات، ڕۆسا تەسەوری ئەوە ناکات بۆ جاری دووەمیش لەگەڵ دیلگادینا بنوێ و هیچیش نەکات، کاتێ ڕۆسا پێی دەڵێ: بەهەرحاڵ کچێکی ترم لەبەرچاوە بۆت، کەمێ گەورەترەو جوانەو بەهەمان شێوە پەردەی لانەبراوە. باوکی دەیەوێ ئەو کچە بە خانوویەک بگۆڕێتەوە، بەڵام دەتوانین لەگەڵیا قسە بکەین بە کەمتر.

ڕۆژنامەنووس هەر سوور دەبێت لەسەر دیلگادینا، جارێکی تریش دەچێتەلای، بەڵام ئەمجارەیان ئەو ژوورەی کە جێگای یەکتربینییانە،

جۆرێک دەیڕازێنێتەوە دەڵێی ماڵی خۆیەتی: پێش ئەوەش بچێتە سەر جێگاکە، کاغەزی سەر مێزەکانی کۆدەکردەوە، ئەو پانکە نوێیەی کڕیبووی لە جێی پانکە ژەنگاوییەکە دایدەنێت پاشان وەکو ئاسایی دەچێتە پاڵی و بەش بە بەشی لەشی تەماشا دەکات و وردی دەکاتەوە، هەمان دەست و هەمان قاچ و هەمان پەنجەو هەمان لەش لە تەنیشتیەوە ڕاکشاوەو بەرامبەر بە سەرینەکەشی تابلۆی Figurita هەڵواسراوە، پێش ئەوەی ئەو بەیانیە بەجێی بێڵێ، لەسەر پەڕاوێک نەخشەی خەتەکانی نێولەپی دەکێشێ بۆ ئەوەی بیبات بۆ لای Diva Sa-hib بە مەبەستی ناسینەوەی ڕۆحی دیلگادینا، دەستخوێنەرەوەکە پێی وت: کەسێکە تەنیا ئەوەی کە بیری لێدەکاتەوە دەیڵێت، زۆر بە چاکی دەتوانێ بە دەستەکانی کار بکات، پێوەندی بە کەسێکەوەیە، دەمێکە مردووە و ئەمیش چاوەڕوانێ یارمەتییەکە لەو کەسە، لەم ڕووەوە بە هەڵەدا چووە: ئەو یارمەتییەی ئەو بەدوویدا دەگەڕێ لەبەردەستدایە. ئەم کچە تا ئێستا شووی نەکردووە.....

دەست خوێنەرەوەکە زۆری لەبارەوە دەڵێ و زۆر شتی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو، بەڵام ئەوەی بەلای ڕۆژنامەنووسی ٩٠ ساڵەوە گرنگە، هەستەکانێتی، ئەوەی بەلایەوە گرنگە شەو بە بێدەنگی لە نزیکیەوە ئێشک بگرێ، ئەم بارودۆخە نوێیە کاریگەری بۆ سەرکاری ڕۆژنامەگەریتیشی هەبوو، نووسینەکانیشی لە ڕۆژنامەکان دەگۆڕێن بۆ نووسینی خۆشەویستی، ئەو کۆڵۆمەی دەینووسی، لە ئادەتە ئاساییەکەی خۆی دەچێتە دەرەوەو دەبێتە نامەی خۆشەویستی، هەرچییەک لە خەوی دیلگادیناوەیە دەڕژێنە نێو ڕووباری نووسینەکانی، ئەم بۆ خوێنەرانی دەهۆنێتەوە، خەڵکی و خوێنەران نائاسایی پێشوازیان لە نامە دڵدارییەکانی دەکرد «ژمارەیەکی زۆر نامەی خوێنەوارە عاشقەکان خۆیان بە ژوورا دەکرد. هەندێک لەو نووسینانە لە ڕادیۆکان بڵاودەکرانەوەو هەندێکیش لەسەر ستێنسڵ ڕادەکێشران و لەبەری دەگیرایەوە، وەکو جگەرەی قاچاخ لە بازاڕەکاندا دەفرۆشران.»

دەربارەی ژوورەکەش لەگەڵ ڕۆسادا ئەوەی وتبوو هەرچییەک لە پانکەی نوێ و شتومەکی نوێی کە بۆ جوانکردنی ژوورەکە دەیهێنێ دەیەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

(هەمیشە کاتژمێر ١٠ دەگەیشتمە ئەوێ، هەموو کاتێ شتێکی نوێم پێبوو بۆ ئەو یاخود بۆ هەردووکمان، پاشان چەند دەقیقەیەک سەرقاڵی ڕێکخستنی ئیکسسوار و جلوبەرگەکان دەبووم بۆ بونیادنانی شانۆگەری شەوەکەمان.)

چاوەکانی بۆ ئەوبوون ڕۆحی چاوەڕوانییەکەی هەمیشە پرسیاری مەزنی لە هەستە بچووکەکەی خۆی دەکرد، بەڵام کە ئەو ڕۆحە بچکۆلەیە، بە تەنیا بە جێ بهێڵرێ، دەبێ چی ڕووبدات! لەپڕ دیلگادینا نەخۆش دەکەوێت، بۆ ماوەیەکی زۆر نایبینێ، پێویستی بەو دەبێ، بەڵام ئەم ونبوونەی بەکاردەهێنێ تا لە ژوورەکەیاندا بەبێ بوونی ئەو جوانکاری ئەنجام بدات، سکێچێکی سیسیلیا پۆراس کە بۆ Todos estabamos a la espera ی کردبوو (هەمووومان لە چاوەڕوانیدابووین)، لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی Alvaros Cepeda هەروەها شەش بەشی جێن کریستۆڤەری ڕۆمان ڕۆڵاند بۆ ئەوەی کاتی نەخەوتنی خۆی پێ بەسەر ببا و ڕادیۆیەکی نوێ دەهێنێ بۆ ئەوەی کچە ڕابێنێ لەسەر گوێگرتن لە مۆسیقا و ڕاییبێنێ بە چارەکەکانی مۆزارت خەو بچێتە چاوی. کاتێک لەسەر مۆسیقای مۆزارتی دانابوو، بەڵام شەوێک بۆی دەردەکەوێت لەسەر کەناڵێکی ترە، ئەوەش ئارەزووی کچە بوو، ئەمیش تەسلیمی حەزەکانی ئەو بوو.

لەپڕێکا ئەو بۆچوونەی لا دروست بوو کە دیلگادینا خەریکە گەورە دەبێت، کاتێکیش، ڕۆسا پێی وت: (لە ٥ی دیسەمبەر تەمەنی دەبێ بە ١٥ ساڵ. کەوانەیەکی(٦) تەواو. لەم کاتەدا قسەکەی ڕۆسا ئەوەی بە بیردا دەهێنێتەوە دیاریەکی بۆ بکڕێ بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونیەوە، پاسکیلێک، بۆچی پاسکیل؟ لەبەرئەوەی هەروەک ڕۆسا دەڵێ، ڕۆژی دووجار دەبێ ئەم شارە ببڕێ تا بچێت بۆ دوگمە دوورین، پاسکیلی بۆ کڕی، بەڵام پاشان ناخۆشترین هەواڵ ئەوەبوو کە دیلگادینا ناتوانێ جەژنی لەدایکبوونی لەگەڵ بکات، لەبەر ئەوەی دەبێ بچێتە لای کەسوکارەکەی.

## بەشی چوارەم

لەم بەشەدا وا پێدەچێ تەمەنی ڕۆژنامەنووس بەرەو نزیکبوونەوە لە ٩١ دەڕوات، ماوەیەکە هەردووکیان ئەم بە نووستووی و ئەو بە بێداری عەشق دەگۆڕنەوە، هەردووکیان بێدار بوون، یەکێکیان بە وتن ئەوی تر بە زمانی لەش، دەیبینی چۆن لەگەڵ

قسەکانیا ڕیتمی خەوتنەکەشی دەگۆڕێ، ئەو جووتە گوارەیەی لە دایکییەوە بۆی بەجێمابوو دەیداتێ تا لە گوێی کات، بێگومان هەر بە نووستنەوە لەسەر جێگاکەی بۆی دادەنێ. بۆ دووەمین چاوپێکەوتنی نووستنانە گوارەکەی لە گوێ کردبوو. بەڵام ئەوانەی دایکی لێی نەدەهات: (دووەم جار جووتێ گوارەی ترم بۆ هێنا کە لەگەڵ ڕەنگی پێستی دەگونجا. پێم گوت: (گوارەی یەکەم کە پێم دای لەگەڵ شێوەو و پرچەکەت ناگونجێن ئەم جووتە باشترە.) بۆ دوو چاوپێکەوتنی پاش ئەوە هیچیانی لە گوێ نەکردبوو، بەڵام سێیەمین جار لە گوێی کردبوون. پاشان لە کاتی نووستندا کتێبی Saint - Exuperyی و چیرۆکەکانی Perrault و چیرۆکەکانی نێو ئەنجیل و هەزارو یەک شەوەی بۆ دەخوێندەوە. (لە نێو ئەو هەموو چیرۆکانەدا قووڵاییە جۆراوجۆرەکانی خەویم ئاشکرا کرد...).

کاتێک سەرقاڵی ئەوە دەبێت چی لە تاقە پشیلە پیرەکەی بکات، ئەو پشیلەی توانای خواردنی نەماوە، لەم کەین و بەینە دا لە ڕۆمانەکە چاومان بەو بڕیارە قورسە دەکەوێت کە ڕۆژنامەنووسی عاشق لە نێوانیاندا دۆش داماوە: (پاش تۆزێ لە کەمپەوە(٧) زەنگیان بۆ لێدام بۆ ئەوەی پێم بڵێن ، لە کوشتنی زیاتر هیچ چارەسەرێکی تری نییە.، بۆ ئەم مەسەلەیەش داوای ڕازیبوونی منیان دەکرد. [بۆچی؟]

(Damiana پێی وت:لەبەر ئەوەی زۆر پیرە.)، جا لێرەدا بەراوردی خۆی بە پشیلەکە دەکات: ئەو کاتە ئەوەی بە بیردا هات، کە ڕەنگە ئەویش بە زیندووی لە فڕنی پشیلەدا بسووتێن. (هەستم دەکرد دەستەپاچەم لە نێوان دوو ئاگردا بووم: ڕانەهاتبووم پشیلەی زیندووم هەبێت، بەڵام ئەو دڵەشم نەبوو فەرمانیان پێ بدەم تەنیا لەبەر ئەوەی پیرە بیکوژن).

ڕووداوی کوشتنی کابرایەک لە نێو یەکێک لە خانووەکانی ڕابواردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم لە لایەن ڕۆساوە داوای یارمەتی لێ بکرێت بۆ پێچانەوەی تەرمەکەی. داخستنی دووکانەکەی ڕۆساش لە لایەن پۆلیسی تەندروستییەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سۆراخی دیلگادیناش ون بێت. ئەوەتا لەم ڕستەدا زۆر کەساسانە باسی ئەو هەوڵانە دەکات کە داوێتی بۆ پەیداکردنەوەی دیلگادینا:

(کاتێک شەو گەڕامەوە ماڵەوە تەلەفۆنم بۆ ڕۆسا کرد، بۆ ئەوەی هەواڵی دیلگادینا بزانم و چی بەسەرهاتووە، بەڵام تەلەفۆن چوار ڕۆژ بەدووی یەکدا هەڵنەدەگیرا.)

کاتێک دەچێتە لای ماڵەکەی ڕۆسا دەبینێ، دەرگاکەی بە مۆر داخراوە (نەک لە لایەن پۆلیسەوە، بەڵام لەلایەن پۆلیسی تەندروستییەوە. لەو دەوروبەرە کەس نەیزانی لە چ شوێنێکە. لەبەر ئەوەی سۆراخی دیلگادینا لای کەس ئاشکرا نەبوو. جارجارو زۆر بە پەرۆشەوە دەستم کرد بە گەڕانێکی بێ مانا، تا ئەو حەدەی ماندوو شەکەت بووم.)

لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی دیلگادینا پاسکیلی بۆ کڕیبوو لە نێو پاسکیل سواران دەستی بە چاوگێڕان کرد، پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆری دا بۆ دۆزینەوەی بێ سوود بوو ناچار پەنای بردەبەر خواردنەوە، هەر لەم کاتەدا نووسینەکانیشی هەر هەموو بریتی بوون لە پارچەیە خۆشەویستی، لە ژوورەکەیدا دیلگادینای دەهێنایە پێش چاوی خۆی، لە هەموو ژوورەکەدا ئەوی دەبینی، خەمی پەیداکردن و دۆزینەوەی وای لێکرد نە ڕیش بتاشێ نە خۆی بگۆڕێ و نەخۆشی بشووات: (خۆشەویستی درەنگ فێری کردم، کە مرۆڤ خۆی بۆ یەکێکی تر جوان دەکات، بۆ یەکێکی تر جلی جوان لەبەر دەکات و بۆن لە خۆی دەدا، بەڵام ئەو یەکەی تر من هیچ کاتێ نەمبووە.) ماڵان دەگەڕێ، کۆڵان، کارگەو ئەو جێگایانەی گومانی بوونی سۆراخی دیلگادینای لێ دەکات، هەمیشە وای بیر دەکردەوە مردن لە خۆشەویستیدا، سەربەستییەکی شاعیرانەیە، بەڵام کاتێک ئەو ئێوارەیە پاش گەڕانێکی زۆرگەڕایە ماڵەوە ماڵێکی بێ پشیلەو بێ دیلگادینا، نەک تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە بمرێ، بەڵکو کەسێکی بە تەمەنی وەک ئەو تەواو تەنیا، خەریکی ئەوە بوو کە لە خۆشەویستیدا بمرێ.)

ئەو ڕۆژەی پاسکیل سوارێکی کچۆلە ئۆتۆمبێل لێی دا و بۆ خەستەخانەیان برد، ئەم خورپە کەوتە دڵیەوەو ترسا هەموو ئازای داگرت خێرا تا نەخۆشخانەکە نەوەستا، پاش ئەوەی خۆی گەیاندە هەموو زانیارییەکان لە بارەی ئەو کچۆلەیە و کاتێک کە دڵنیابوو ئەو نەبووە، ئەو کاتە نەک نەوەستا، بەڵکو هەوڵی زیاتری دا بۆ پشکنین، نەک ئەمەش بگرە کاری ڕۆژنامەگەریەکەشی لە خزمەتی دۆزینەوەی ئەودا بەکارهێنا.

بە ناوی ڕۆژنامەنووسییەوە خۆی بەو فابریکەدا کرد کە پێشتر لە ڕۆسای بیستبوو دیلگادینا لەوێ کار دەکات، بۆیە داوا لە خاوەن فابریکەکە دەکات بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێ، گەر بکرێ دامەزراوەی فابریکەکەی نیشان بدات وەکو پڕۆژەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کیشوەری ئێمەدا، کابرای خاوەن کارگە کە لوبنانییەک دەبێت، بەشەکانی نیشان دەدات، کاتێک دەچێتە ژوورەوە، ٣٠٠ ئافرەت بە بلوزی سپییەوە، لە شوێنێکی گەورەی ڕووناکدا دانیشتوون و خەریکی دوگمە دوورینن، لە نێو ئەو هەمووەدا چاو بۆ ئەو دەگێڕێ، تا لە پڕ یەکێک لە کچەکان پێی دەڵێ: (بەڕێز تۆ ئەو کەسە نیت لە ڕۆژنامە نامە دڵدارییەکان دەنووسی؟)، ناچار بۆ ئەوەی خۆی لەو مەوقیفە ڕزگارکات هەڵدێ.

پاش مانگێ ڕۆسا پێی دەڵێ دەبێ تەحەمولت هەبێ، بەڵام ئەم سوور دەبێ لەسەر بینینی، لەدواییدا هەر خوودی ڕۆسا پێوەندی پێوە دەکات دیسانەوە کاتژمێری دەی هەمان شوێن، هەمان ژوور لەگەڵ ڕادیۆ مۆسیقای Brahms، هەروەکو جاران لەسەر نوێنەکە ڕاکشاوە، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرچاوی ڕۆژنامەنووس پرشنگدارترە.

پاش وەسفێکی شاعیرانەی کچە، ئەو وەسفەی هەموو ئەو شەوانەی لەخۆدا تۆمارکردبوو کە تێیدا وەکو چۆلەکەیەکی دەستەمۆنەکراو دەیویست هەڵفڕێ، بەڵام ئەم هەموو خۆشەویستییە لەپڕ وەکو ڕەشەبا ئارامی ئەو دەریا هێمنەی دڵی ڕۆژنامەنووس دێنێتە جۆشوخرۆش، تووڕەییەک لەشی دادەگرێ، تووڕەیەک زیاتر لەو وشە سیحراویانەی کە بۆ کچەی دەهۆنێتەوە خۆشەویستی تێدایە، بەشێکیشە لەو خۆشەویستییەی کە لە ناخی ئیرەییدا خۆی حەشارداوە. بینینی کچێکی هەژارو کرێکارێک کە کاری دوگمەدوورین بێت، بەو هەموو خشڵ و زێڕو گوارە گرانبەهاو کراسە نایابانە و یەکەمین جاریش بەو شێوەیە بیبینێ، ئەمە بۆ خۆی جێگای گومانە، گومانەکەش پاڵەپەستۆی تووڕەییەکەی دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی هەرچی لە ژوورەکەدایە بە ڕاست و چەپ بیانشکێنێ و پەرشوبڵاویان بکاتەوەو ناوی: (سۆزانی)یش بە کچۆلەکەی بەستەزمان ببەخشێ، ناوێک لەدڵەوە وەک خەنجەر ئازاری دەداو خوێی بە برینەکانیەوە دەکرد. پاشان لەپڕ ئەوەی بە مێشکدا هات کە ڕۆسا، پەردەی کچێنی دیلگادینای بەو پیاوە دەوڵەمانە فرۆشتووە کە موشتەری خۆین، بەڵام هەر خودی ئەو بوو هەموو جارێ هێوری دەکردەوە، ئەمجارەش بۆی ڕوون دەکاتەوە کە دیلگادینا ئەم شەوە بە تایبەت بۆ ئەو بەوشێوەیە ئاڵاو واڵا کراوە، ئەو شتانەشی پێوەیەتی، ڕۆسا بە تایبەت بۆ ی ئامادەکردووە، زێڕو خشڵەکانیش مولکی ڕۆساخۆین. بەم چیرۆکە ڕۆژنامەنووس کەمێک هێور دەبێتەوە، ڕۆسا داوای لێ دەکات کچە بێدارکاتەوەو داوای لێبووردنی لێ کات. هەرچەندە ڕۆژنامەنووس دەڵێ: (هەوڵێکی زۆرم دا باوەڕ بە ڕۆسا بکەم، بەڵام خۆشەویستی بەهێزتربوو لە زرنگی.)

دوا بەشی ڕۆمانەکە کە بەشی پێنجەمە تەرخانە بۆ هەندێ بیرەوەری لابەلایی لەبارەی خشڵ و مروارییەکانی دایکی و عەشیقە کۆنەکانی. هەر لەم بەشەدا باسی ژماردنی زیانەکانی ئەو شتانەی ژوورەکە دەکات کە بە هۆی تووڕەییەکەیەوە تێکوپێک درا، ناچار دەبێت بۆ چاککردنەوەی پارەیەکی زۆر بدات، ئەو پارەیەش کە پاشەکەوتی کردبوو بەشی نەدەکرد، بۆ ئەمەش خۆشەویستترین تابلۆی دایکی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی زیانەکان بژمێرێ. ناچاریشە ئەو داوایانە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی ئاشکراکردنی هەر یەک لە نهێنییەکانی لەلایەن ڕۆساوە دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی.

پاش ئەو هەموو ئازارە جەرگبڕەی خۆشەویستی و گومان، ئەوەتا ئێستا لە خۆشەویستیدا بە ئەندازەیەک لاواز بووە، پانتۆڵ بە پێوەی ناوەستێ. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکانی کە لە سواربوونی پاسی Loma Fresca ڕوودەدات، نازانێ لە نێو ئەو پاسە یەکێک لە هاوڕێکانی شەوانی سەر سەرینی تێدایە کە ئەویش Casilda Armeta یە، ئەو ئافرەتەی لە سەردەمی لاوێتیدا بۆ چەند فلسێ لەگەڵیا ڕابیواردبوو، ئەم ژنە پاش ئەوەی بێ پووڵ و پارە دەبێت شوو بە چینیەکی باخەوان دەکات، لەوەوە ناوێک و ماڵێک و ڕەنگە تۆزێ خۆشەویستیشی چنگ کەوتبێ. پێکەوە دەچنە ماڵەکەی لەوێدا لەسەر کەناری دەریا دادەنیشن ولە نێوانیاندا باسی عەشق دێتە ئاراوە، ئەو باسی ژیانی خۆی و شووکردنی بەو چینییە دەکات

ئەمــیش باسی دیلگادینا ی بۆ دەکات، هەرچەند ئەم بە جیدی مەسەلەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو ســووڕە لەســەر ئەوەی دەبێت لە دەرەوەی سۆز مامەڵەی لەگەڵدا بکات، واتە داوای لێ دەکــات بە بێ سڵــەمــینەوە لەگــەڵیــا ڕابوێرێت.

کــاتێ بۆ جــارێکی دیکە داوا لە ڕۆسا دەکات دیلگادینا ببینێ پێی دەڵێ: دوو مــانگە ونبــووی ئێــســتــا بە دووی خــەیاڵدا دەگــەڕێیــتــەوە. ئەوەی پێ ڕاگــەیاند کــە زیاد لە مــانگێکە دیلگادینای نەبینیــوە، ئەوەشی ڕاگــەیاند ئەو کــچــە لە شــەوی تووڕەبوونەکـــەوە ترســـاوە.. هەروەها پێی وت کــە دیلگادینا کـــارێکی نوێی دۆزیــوەتەوە، ڕۆژنامەنووسەکەش دەڵێ:

- بێگومان کاری سۆزانییە

بەرەنگاری ئەم وەڵامــدانەوەی دەبێتەوەو پێی دەڵێ: (ئەوەندە بێ مێشک مەبە، گەر وابێ، ئەوا لای من دەبێ، لێرە باشتری لە کــوێ دەست دەکــەوێ

کاتژمێری ١٠:٢٠ گەیشتە لای ڕۆسا ـ هەرچی پێ بوو دای بەو، ئەویش وایزانی تا ئێستا لە ژێر کــاریگەری ئەو پیــاوەیە کــە لە ژوورەکە دا مردبوو، پێی دەڵێ: (گەر دەمری، مەهێڵە لێرە ڕووبدات، دەبێ ئەم جۆرە بیرە نەکەمەوە.)، ئەو شەوە خۆم بۆ هەموو شتێک ئامادە کردبوو، لە چـاوەڕوانــی دواتــریــن ژانــی یەکــەمین سکۆندەکانی تەمــەنی ٩١ ســاڵیــدا بووم. ڕۆیشــتم لەســەر پشت ڕاکــشـــام. (لە دوورەوە گـــــوێم لە زەنــگی کڵێسەکان بوو، بۆنی خۆشترین بۆنی ڕۆحی دیلگادینام کرد، ئەو کاتەی لەسەر لا نووستبوو، لە ئاســـۆوە گــوێم لە هاوارێ، لە هەنسکی کــەســێک بوو ڕەنگە پێش ســـەدەیەک لەم ژوورەدا مــردبێت. کــاتێک لەگــەڵ دوا هەنــاســـــەم، چــراکــــــەم کــوژانەوە،پەنجــەکــانم لەگــەڵ پەنجەکانیا چوون بەرەو ئاسمان بۆ ئەوەی دەست لەناودەست بیبەم، لەگـــــەڵ دواتریــن دوایین دوازدە فــرمــێسکم ئەو دوازدە لێدانەی کاتژمێری دوازدەم ژمارد، تا ئەو کاتەی کەڵەشێرەکان دەستیان بە قووقەقووق کرد. یەکسەر دوای ئەمە دەنگە خۆشەکانی سەعات و تەڵقەتەنوورەکانی شایییەکان تەقیـــنەوە......) ئەمـــەش نیشانەی ساڵی نوێ بوو مانای وایە ساڵێکی تر ژیا.

(پاش ئەمە تاقە قسەم بۆ ڕۆسا کاباركاس ئەمە بوو: ماڵەکەت و هەمــوو کــۆگــاکــەت لەگــەڵ دوکــانەکــەش و باخــچــەکــەش دەکرم.)

بێگومان کڕینیشی بۆ ئەوە بوو کە بە کچەی ببەخشێ، بەڵام ڕۆسا داوای لێ دەکات، کە لای تۆمــارکــەر ئەوە تۆمــارکــەن هەرکەسیان زووتر مردن سەروەت و سامانی بۆ ئەوی تر بێت، بەڵام ئەم دەڵێ: (نەء، گەر من یەکەم جار مردم دەمەوێ هەموو شتەکانم بۆ ئەو بێت.)

ڕۆسا دەڵێ ئەو کچە دەگرمە ژێر پەروەردەی خۆم گەر ئەویش مرد، واتە ڕۆســا هەمــوو مــاڵ و موڵکەکەی ئەویش بۆ دیلگادینا دەبێت.

**پەراوێز:**

**١ - ئەمەش خوێندنەوەیەکە بۆ دواترین ڕۆمانی گابریال گارسیا مارکیز لە مانگی مایسی ٢٠٠٤ لە نووسین بووەتەوە.**

**٢- ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە.. دوایین کتێبی گابریال گارسیا مارکیزە، پێش ئەم ڕۆمانەی، بڕوانە پاشکۆی ئەدەب و هونەر نووسینێک دەربارەی ئەو کتێبە لە لایەن نووسەری ئەم وتارەوە.**

**٣ - کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)یە، ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی گابریال گارسیا مارکیز.**

**٤ - ئەمەش ڕۆمانێکی تری نووسەرە.**

**٥ - جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهۆلییە.**

**٦ - مەبەستی لە بورجی کەوانەیە.**

**٧ - کەمپی ئاژەڵان، ئەو شوێنەی کە گیانلەبەرانی بێخاوەنی تێدا کۆدەکەنەوە.**


**سەرچاوە:**

**mijn aan Herinnering**
**hoeren droeve**
**rquez؛M a؛Garc Gabreil**
**Meulenhoff ،Roman**
**Mariolein door Vertaald**
**Belacortu Sabarte**
**2004**

# هەورە سپییەکەی ئیتماتۆف

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

لە سەرەتای ساڵی دووهەزاردا بوو دیدارێکی (جەنگیز ئێتماتۆف)ی ڕۆمانووس و دیپلۆماتکاری گەورەی (قیرغیزستانم) خوێندەوە. ئێتماتۆف لەوێدا باس لە ژیانی تایبەتی خۆی و نووسینی ڕۆمان و کاری دیپلۆماسی دەکات. لە شوێنێکدا دەڵێ: لەبەر ئەوەی تا ئێستا کۆمپیوتەرم نییە، دەبێت هەر بەدەست بنووسم و ئەمەش کاتێکی زۆرم دەبات و وادەکات بەرهەمەکانم درەنگ پێبگەن و بگەنە خوێنەر. ئێتماتۆف کۆمەڵێک ڕۆمانی گەورەی هەیە لە ڕووی جوانییەوە



نەک وەک قەبارە. لەوانە (جەمیلە، گوڵەزەر ماڵئاوا، یەکەمین مامۆستا، ئەو ڕۆژەی لەسەد ساڵ درێژترە و هەورە سپییەکەی جەنگیزخان، یان ئیعدامێک لە سارۆزیک) و زۆری تریش کە ئێمە دەمانەوێ لەسەر ئەمەی دواییان قسە بکەین. سەرەتا دەبێ ئەوە بوترێ تەواوی هەوڵی (جەنگیز ئێتماتۆف) لە ڕۆمانەکانیدا پەردەلادانە لەسەر سیمای دزێوی کۆمۆنیزم و وڵاتی شۆرەوی جاران، لادانی پەردە لەسەر ئەو سیمایەی تائێستاش زۆر کەس و زۆر پارتی سیاسی دنیاش هەر پێیان جوانە و شوێن سێبەری ژاراوی ستالین کەوتوون. ئێتماتۆف لەڕێگەی کارەکانییەوە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو حکومەتە کۆمۆنیزمییەی ڕوسیا پیشان دەدات و ئەو ئازارانە دەخاتە ڕوو کە خەڵک بەدەست کۆمۆنیزم و حکومەتەکەی ستالینەوە چەشتویەتی. تەنیا لە ڕۆمانی (یەکەمین مامۆستا)دا وەسفێکی ڕووی جوانی کۆمۆنیزم دەکات ئەویش سەردەمی (ڤلادمێر لینین)ی بیر تیژ و فەیلەسووف نەک (جۆزیف ستالین)ی بیروکول و دڕندە.

ڕۆمانی (هەورە سپییەکەی جەنگیز خان، یان ئیعدامێک

لەسارۆزیک)ی (جەنگیز ئێتماتۆف) ڕۆمانێکی قەبارە مام ناوەندییە، بەڵام وەک ڕۆمانێکی زۆر گەورە دەبینرێ و یەکێکە لە شاکارەکانی ئێتماتۆف. ئەم ڕۆمانە بە تەکنیکێک نووسراوە کە لەیەک کاتدا خوێنەر بێئەوەی هەست بەخۆی بکات دوو ڕۆمان، یان دوو چیرۆکی خوێندۆتەوە. چیرۆک لەناو چیرۆکدا،ئەم جۆرە تەکنیکە لەدنیادا کاری زۆر لەسەر کراوە، بەڵام ئەمەی ئێتماتۆف تابڵێی نایاب و سەرسوڕهێنەرە، چونکە چیرۆکەکان ماوەیەکی زەمەنی چەند سەدەیی لەنێوانیاندایە. یەکیان ڕووداوێکی سەردەمی لەشکرکێشی و داگیرکارییەکانی (جەنگیزخانی مەغۆل)ە و ئەوی تریشیان ڕووداوێکی دەزگای هەواڵگیری کەی جی بی (kgb) سەردەمی دەسەڵاتی (جۆزیف ستالین) لە یەکێتی سۆڤیێتی جاران واتا شۆرەوی کۆمۆنیزم و قەڵای پرۆلیتاریا و چەوساوەکانی دنیا لەو سەردەمەدا. تەواوی نەتەوە چەوساوەکانی دنیاو شۆڕشی وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای ناوەڕاستیش پێیانوابوو شۆرەوی ڕزگارییان دەکات. کۆمۆنیزم دنیا دەکاتە بە هەشت و ئیتر چەوسانەوە نامێنی. ناوی ستالین چووە شیعری هەموو نەتەوە چەوساوەکانەوە بەکوردیشەوە. تا سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو جگە لە نووسەرانی ناو شۆرەوی و کۆمارەکانی تری شۆرەوی بە تایبەت ئەوانەی لەلایەن شۆرەوییەوە یاساغ کرابوون. خۆیان و بەرهەمیان.

بەدەگمەن نووسەرانی دنیا خراپەی کۆمۆنیزم و شۆرەوییان دەنووسی و زۆر ئاگاداری خراپە و سیما ناشیرینەکانی نەبوون و لەخۆیانەوە بەشان و باڵایاندا دەوت و دەنووسی، بەڵام بەڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بەبردنەوەی ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداری ئیتر سەری مەنهۆڵەکەی شۆرەوی لادراو بۆگەناوی کۆمۆنیزم دنیای تەنییەوە. ئیتر لەوێوە بەلێشاو نووسین و ڕۆمان چاپ دەکران کە دژی کۆمۆنیزم و شۆرەوی بوون و پێشتر زۆر بە کەمی هەلی چاپیان بۆ ڕەخسابوو. ڕۆمانەکانی (جەنگیز ئێتماتۆف و میلان کۆندێرا) لەو ڕۆمانانەبوون ڕەواجی زۆریان پەیداکرد، چونکە زۆر بەجوانی و شێوەی هونەری سیمای دزێوی ئەو ئیمپراتۆرە کۆمۆنیزمەیان پیشانی دنیادابوو.

هەورە سپییەکەی جەنگیز خان، یان ئیعدامێک لەسارۆزیک ڕووداوی لێکۆڵینەوەیە لەسەربازێکی دیلکراوی لەشکری سووری سۆڤیێت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم ڕووداوە واتا لێکۆڵینەوە لەسەربازەکە لەکاتێکدایە کە جەنگ تەواو بووە و جەنگی سارد لەنێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا دەستی پێکردووە و هەردوو بلۆکیش لە هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی بلۆکەکەیاندان و لەم ناوەشدا هەر چیان بۆ بکرێت دەیکەن. بەتایبەت بلۆکی کۆمۆنیزم واتا دەوڵەتە زل و زەبەلاحەکەی ستالین. ئەو سەربازەی لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵ دەکرێت ناوی

(ئەبو تالیب کۆتی بایف)ە و خەڵکی دەشتی (سارۆزیکی) قیرغیزستانە. ئەبو تالیب لەبەرەی جەنگ لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بەدیل دەگیرێ و دەتوانێ هەڵبێت و ماوەیەک لەیۆگۆسلافیای (تیتۆ) دەمێنێتەوە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی لێپێچینەوەکەی لەلایەن هەواڵگری ڕوسییەوە واتا (kgb)ییەوە، چونکە دواتر تیتۆ خۆی لەژێر دەسەڵاتی ستالین دەرباز دەکات و بە تەنیا پەیڕەوی کۆمۆنیزم دەکات. مانەوەی کۆتی بایف لەو وڵاتە مانای بوونە پیاوی تیتۆو تیتۆش لەلایەن ستالینەوە تۆمەتی بوونە بە کرێگیراوی سەرمایەداری واتا بەریتانیا و ئەمریکای دراوەتەوە پاڵ و لێرەشەوە بەم پێودانگە ئەبو تالیب کۆتی بایف سیخوڕی بەریتانیا و سەرمایەدارییە و دەبێ ڕیشەکێش کرێت، بەڵام بەرلەوە دەبێ چی زانیاری هەیە لێی وەرگیرێت.

لەزۆربەی ئەو دەوڵەتە تۆتالیتاری و زاڵم و دیکتاتۆرانەی دنیادا هەمیشە دەسەڵات و پیاوانی ئەو دەسەڵاتە وەک مشەخۆر لەسەر خەڵکی ڕەشۆک و بێدەسەڵات دەژین و لەپێناوی خۆیاندا بەکاریان دێنن و وەک پرد بەسەر جەستەیاندا دەپەڕنەوە بەخاتری بەرزبوونەوەی پلەی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتەکەیانەوە. خەڵکی هەژار و دەست تەنگ و نەزان هەمیشە دەبنە نێچیری ئەو خەڵکە ملهوڕانە و بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن دەکەونە داوی ئەوانەوە و بەتۆمەتی سیخوڕی و نۆکەری بۆ بێگانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و بە زۆر دەیان خەنە ژێر بەرپرسیارێتییەکەوە، کە

بەرپرسیارێتی ئەوان نییە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دەسەڵاتانە ئاشیان بە خوێنی خەڵک دەگەڕێ و بەردەوام سووتەمەنی ئەوان خوێنەو هەر کاتێک خوێنی لێبڕا، ئیتر لەکار دەکەوێت. دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەمیشە داوای خوێن دەکات و هەرگیز لە خوێن تێرنابێت. ئەم خوێنەش کۆمەڵێک ملهوڕ بۆی پەیدا دەکەن کە دواجار خۆیشیان دەکەونە بەر هەڵمەتی ئەو خوێن کۆکردنەوەیە بۆ ئاشتی دەسەڵات و دەبنە سووتەمەنی، چونکە هەمیشە ئەوانە ئەوەندەیان زانیاری خراپ لەلاهەیە بۆ ناشیرین کردنی سیمای دەسەڵات، دەسەڵاتیش نایەوێ زیندووبن و تەنیا خوینەکەیانی پێویستە. کۆمۆنیزم ئینسانی وەک برغوویەک دەبینی لە جسمی مەکینەیەکی گەورەدا، کە ئینسانیش بوو بە برغوو ئیتر لەکائینێکی شایستەی ڕێزەوە دەبێتە کائینێکی پێویست بۆ گرتنی هەر کونێک، یان هەر بۆشاییەک کە نەبوونی برغووی تر دروستی دەکات.

ڕائید (تانسیق بایف) ئەو بەرپرسە کۆمۆنیستەیە کە دەیەوێ لەسەر جەستەی لەڕو لاواز پیاوێکی وەکو (ئەبو تالیب کۆتی بایف) خۆی دەوڵەمەند کات و پلەی بەرزبێتەوە و دڵسۆزی خۆی پیشانی سەرووتر لەخۆی بدات. ئەم دڵسۆزییە وەک خۆی دەڵێ لەپێناوی تەواوی بەشەرییەت و چینی کرێکاراندایە و دەبێت ستالینی مەزن دەسەڵاتی بگاتە هەموو گۆشە و کەلەبەرێکی دنیاو هەرچی دژمان بێت دەی فلیقێنینەوە و ئەوەی بمانەوێ لەهەر کوێ بێت دەیدۆزینەوە و دوای دادۆشینی تەواوی زانیارییە خراپەکانی لەدژی دەوڵەتی کۆمۆنیزم سەری لە لەشی جودا دەکەینەوە. ئەم ڕائیدە گرفتی گەورەی ئەوەیە کە لە هاوڕێکانی جێماوە و نەیتوانیوە وەک ئەوان خۆی بخاتە بەر چاوانی سەرووتر لەخۆی بۆ ئەوەی وەک ئەوان هەمیشە لەبەر دڵان بێت. ڕائید کە بۆ داوەتی ئەوان دەچێت پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە ئەمیش بەبۆنەی سەرکەوتنەکەیەوە بگاتە پلەی ئەوان و داوەتی بەو شێوەیە بۆ هاوڕێکانی بکات و بەخۆشی حزب و ستالینی مەزن پێک لەپێک دەن. ئەم دەیەوێ لە ڕێگەی داڕشتنی بەرنامەیەکی ورد و زیرەکانەوە بەوەی کە ئەبوتالیب و هاوڕێ زیندانییەکانی تری بەزۆر بکاتە سیخوڕی بەریتانیاو لەوێوە بگات بە مەبەستەکانی. تاقە شتێکیش بەدەستییەوە بێت بۆ دەستپێکردنی بەرنامەکەی ئەبو تالیب کۆتی بایفی هەژار و دەست تەنگ کە تەنیا ئەوە دەزانێ ڕۆژێک بگاتەوە لای زەریفەی ژنی و منداڵەکانی سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەنەوە و قەرەبووی ئەو ساڵانەی زیندان و دیلکردنی بکاتەوە، بەڵام ڕائیدی گەورە ئەو هیوایەشی لێدەکاتە تراویلکە و لەگەڵ خۆی دەیباتە ژێر گڵ.

ڕائید تانسیق بایف هەموو بەڵگەکانی ڕەوانەی سەروو خۆی کردووە و بەو نیازەی کە ئەبوتالیب بداتە دەست سەرووتر، بەرەو سارۆزیک دەکەوێتە ڕێ و بەخاڵی (بۆرانی بۆراناوا)دا تێپەڕدەبن کە لەسەرەتاوە ئەبوتالیب خواخوایەتی شەمەندەفەرەکە لەوێوە تێپەڕێت تا چاوی بەژن و منداڵەکانی بکەوێت کە لەو خانووە گڵانەی ئەوێدا دەژین و ئەوانیش هەمیشە چاو لەڕێن، بەڵکو باوکیان لەشەمەندەفەرێکدا بێت و لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی ئەمان بکات. تانسیق بایف چەند جارێک ئەبوتالیب بانگ دەکات و دەیەوێ بەقسەی خۆش ئەو تۆمەتانەی بەسەردا ساغ کاتەوە کە ئەم بۆی دروست کردووە و گوایا بەکرێگیراوی بەریتانیایە. کە دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیزمە لەو سەردەمەدا، بەڵام هەموو جارەکان ئەبو تالیب تۆمەتەکان ڕەت دەکاتەوە و باسی ئەوە دەکات کە ئەو وەک دیلێک لە زیندانەکانی سوپای ئەڵمان هەڵاتووە و هاتۆتەوە بۆ خاکی نیشتمان. لە تەواوی سوپاکانی ئەم جۆرە وڵاتە تۆتالیتاریانەدا هەمیشە دیلەکانی جەنگ بەهاتنەوەیان مامەڵەی بێگانە و بەکرێگیراویان لەگەڵ دەکرێت و بەپێی پرنسیپەکانی سوپای نیشتمان دەبێت سەرباز بکوژرێ و خوێنی لە پێناوی وڵاتدا بڕژێت نەک بەدیل بگیرێت هەر ئەمەشە وادەکات وەک بەکرێگیراو و ناپاک سەیر بکرێت.

بەهاتنە سەرکاری کۆمۆنیزم لە ڕوسیا لە ساڵی (١٩١٧) ئیتر کۆمۆنیستەکان وایان ڕاگەیاند کە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئایینی و چینایەتی تێپەڕیوە و سەردەمی ئێستا پرۆلیتاریا وەک چینێکی چەندین سەدە ژێردەستە، دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەکرێ تەواوی کرێکاران و بەشخوراوانی دنیا لەژێر ئاڵای سووری کۆمۆنیستی ڕوسیادا بژین و بەرەنگاری سەرمایەداران و

ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان ببنەوە. لێرەوە زۆر نەتەوەی ژێردەستی خەلافەتی عوسمانی و قەراڵەکانی ڕوسیای سەردەمی تزار بەنیازی بەدیهاتنی خەونەکانیان و بۆ کردنە بە هەشتی وڵاتەکەیان چوونە پاڵ یەکێتی سۆڤیێت و بوونە کۆمارێکی بچووکی ئەو یەکێتییە کە دواتر لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکەوتنی ڕوسیا قەوارەی ئەو یەکێتییە ئەوەندە فراوان بۆوە لەگەڵ چین و چەند وڵاتێکی تری کۆمۆنیستیدا بوونە بلۆکێکی گەورە لەبەرانبەر ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیاندا کە ناویان نان بلۆکی سەرمایەداری و شەڕی سارد کەوتە نێوانیانەوە. بەتێکەڵ بوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت بوون بە بەشێک لەو ڕەعیەتەی ستالین جڵەوەکەی بەدەستەوە بوو. ئیتر باسکردن لە نەتەوە و زمان و مێژوو ڕابردووی نەتەوە کارێک بوو باسی سەر، چونکە دەبوو هەموو ڕوسیا بە نیشتمانی دایک و زمانی ڕوسیا بەزمانی دایک بزانن و لەو زیاتر وڵاتێک، یان زمان و مێژوو ڕابردوویەک لەسەریاندا نەبێت.

ڕائید تانیسق بایف دوو تۆمەتی گەورەی بۆ ئەبو تالیب کۆتیبایف هەڵبەستووە بۆخستنە داوی و بەرزکردنەوەی پلەی خۆی. یەکەمیان سیخوڕی بۆ بەریتانیا و بلۆکی سەرمایەداری. دووەمیان دۆزینەوەی دەستنووسێکی کۆن کە گوایا ئەبو تالیب نووسیوێتی و چیرۆکێکی میللی سەردەمی (جەنگیزخانی مەغۆل)ەو ئەمەش بەپێی پرنسیپەکانی دەوڵەتەکەی تانسیق بایف و ستالینی مەزن تاوانی گەورەیە و لێخۆشبوونی بۆ نییە. چۆن دەبێت بیر لەنووسینەوەی داستان و چیرۆکە میللییەکان بکرێتەوە، ئەوە هەوڵدانە بۆ دەرچوون لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی کۆمۆنیزم؟ لێرەوە ئەوەی سەرەتا وتمان کە ئەم ڕۆمانە چیرۆکە لەناو چیرۆکدا و لەدوو توێدا خوێنەر دوو چیرۆک دەخوێنێتەوە. ئێتماتۆف بەدرێژی ئەو چیرۆکەی نووسیوەتەوە کە گوایا لە کەلوپەلەکانی ئەبوتالیبدا بووە و ئەو نووسیوێتی و تانسیق بایف دەستی کەوتووە و دەیەوێ ئەگەر ناچار بوو ئەوەش وەک بەڵگە بەکاربێنێت بۆ مەرامەکەی خۆی. لەدواجاردا ئەم دوو چیرۆکە هەمان سەرئەنجامیان دەبێت و پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ئێتماتۆف و چیرۆکەکەی ئەبوتالیبیش چارەنووسیان یەکە.

جەنگیزخان خەونی بەداگیرکردنی چوار قوڕنەی دنیاوە دەبینی و بۆ ئەمەش باشترین لەشکری هارو دڕندەی بەدەستەوەبوو، ئەو لەسەرکەوتنێکەوە دەچووە سەرکەوتنێکی ترو ماندووبوونی نەدەزانی و پشووی بەخۆی و لەشکرەکەشی نەدەدا. جەنگیز هەموو شتێکی دەزانی بەڵام تەنیا گەڕانەوە و تێکشکان و نوچدانی نەدەزانی. هەر بۆ پێشەوە دەڕۆیی و نەیدەویست پشووبدات تا هەر چوار قوڕنەی جیهان دەخاتە ژێر پێی خۆی و بە ئارەزووی خۆی تێیدا دەگەڕێ. جەنگیز تاقە سەرکردەی مێژووە بێبەرنامە و شارەزایی و پلانێکی پێشوەخت داوێتی بەسەر مەملەکەت و ناوچەکانداو داری بەسەر بەردییەوە نەهێشتووە. هەموو ئەمەش دەردێکە لە فڕاندنی (بۆرتە)ی ژنیەوە دەست پێدەکات کە خێڵێکی تر دەیڕفێنن و چەند ڕۆژێک لای خۆیان دەیهێڵنەوە و دواتر جەنگیز بەهێرشێک لێیان وەردەگرێتەوە و زیندەوەر لەو عەشیرەتەدا ناهێڵێت، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بۆ نۆکەری خۆی دەست دەدەن. جەنگیزخان هەمیشە لەسەر پشتی حوشتر و ئەسپەکانی لەناوەڕاست و زۆرجاریش لەپێش لەشکرەکەیەوە دەڕۆیی. لەیەکێک لە لەشکر کێشییەکانیدا کە بە نیازی داگیرکردنی ئەورووپایە. پەڵە هەورێکی سپی بەسەر سەرییەوە دەگەڕێت و سێبەری بۆ دەکات. ئەو پەڵە هەورە هەمیشە لەگەڵییەتی و ئەستێرەناسەکەشی پێی دەڵێ ئەوە ڕازیبوونی خودای ئاسمانە لەتۆو داگیرکارییەکانت.

خاقان واتا جەنگیزخان بەوە ناسراوە کە بڕیارەکانی توند و شایانی پاشگەزبوونەوە نەبوون، یەکێ لەو بڕیارانەی جەنگیز ئەوەیە دەڵێ: ئەگەر لەشکرێکی چەند هەزار ئەسپی بەرەو داگیرکردنی مەملەکەتێک ڕۆیشتن و ئەسپی دوای دواوە بزمارێکی ناڵەکەی چووبوو بەسمیدا واچاکە هەر لەجێدا ئەسپەکەش و سوارەکەیشی بکوژی، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەوی پێشییەوە ئاوڕی بۆ دەداتەوە و سەرقاڵ دەبێت پێوەی و دواتر بەم جۆرە هەموو لەشکرەکە سەرقاڵی ئەو ئەسپە و سوارەکەی دەبن و هێرشەکە شکست دێنێ. بڕیارێکی تری خاقان یاساغکردنی منداڵبوونە لەناو لەشکرەکەیدا بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتە سەربازییەکانیدا بۆ داگیرکردن. جەنگیز بێ ئەوەی یەک

وشەی (ئەفلاتوون)ی خوێندبێتەوە و ئاگاداری فەلسەفەکەی بێت دژی منداڵ خستنەوەیە لەناو لەشکردا، بەخاتری ئەوەی منداڵ سەربازەکان تووشی سۆز و عاتیفە و بەزەیی دەکات و شەڕیان پێناکرێت. جەنگیز بۆیە ئەم بڕیارانەی دەردەکرد و جێبەجێشی دەکرد، چونکە هەمیشە لەشکرەکەی بەژن و منداڵەکانیانەوە لەگەڵیدا بوون و شوێنێکی جێگیریان نەبووە و بەردەوام لە ڕۆیشتن و داگیرکردن و شەڕدابوون.

دەستنووسەکەی تانسیق بایف لەناو کەلەپەلەکانی ئەبوتالیب کۆتی بایفدا دەستی کەوتووە باس لە ئیعدامێک دەکات لە (دەشتی سارۆزیک) کە ژن و پیاوێک ئیعدام دەکەن لەسەر ئەوەی منداڵیان خستۆتەوە. هەڵبەت تۆمەتەکە ئەوەیە کە بەزمانی نەتەوەیی نووسراوە نەک زمانی ڕوسی، بۆیە واتا بەڵگە بەکارهاتووە. لەناو لەشکرەکەی خاقاندا کچێک هەیە بەناوی (دوو گۆلانگ) ئەم کچە ئالاچنە واتا ئەو ئالایانەی لەشکرەکەی جەنگیزخان هەڵیان دەگرت، ڕەنگی ڕەش و ئەژدیهایەکی ڕەنگ زەردی ئاڵتوونی لەسەر نەخێشنراوە و لەدەمییەوە گڕی سوور دەردەچێت دوو گۆلانگ دەیچنین. دوو گۆلانگ هەمیشە پەڕو پاڵ لەچوار دەوری بووە و تا بوونی منداڵەکە کەس هەستی بە دوو گیانبوونی نەکردووە. دەنا هەرزوو دەبوو خاقان بەو لادانەی بزانیایە و سزای توندی بدانایە. ئەم کچە نۆکەرێکی هەیە ژنێکە بەناوی (ئاڵتوون) و تەمەنی لە پەنجا تێپەڕیوە. هەمیشە ئەم هۆکاری پێوەندی دوو گۆلانگ و مەعشوقەکەی بوو. لەناو ئەو لەشکرە زۆر و بێ ژمارەی خاقاندا کە دابەش کراونەتە سەر کەرتی سەدی و هەزاری و هەر یەکێکیش لەم کەرتانە سەرکردەیەکی هەیە بەناوی سەرکردەی سەدی و سەرکردەی هەزاری. ئێردینە یەک لەو سەرکردەی سەدانەیە کە مەعشوقی دوو گۆلانگی ئالاچنە. ئەو منداڵەی دوو گۆلانگ لەئێردینەیە. ئاڵتوونی کارەکەری دوو گۆلانگ ژوانی ئەو دووەی ڕێکخستووە و مژدەی هاتنە دنیای منداڵەکەش ئەو دەیداتە ئێردینە. ئێردینە و دوو گۆلانگ تەگبیری ئەوە دەکەن شەوێک ئۆردوگاکەی جەنگیزخان جێ بێڵن و ئاڵتوونی کارەکەریش لەگەڵ خۆیان بەرن، چونکە هەواڵەکە بڵاوبێتەوە و خاقان بەهاتنە دنیای منداڵەکە بزانێ ئەمان بەسەر دنیاوە نامێنن.

ئەو شەوەی ئەمان بە نیازی دەرچوونن، هەواڵی ئەوەی ژنێک توانیوێتی بڕیارەکانی خاقان ببەزێنێ و منداڵی خستۆتەوە، گەیشتەوە گوێی خاقان خێرا ژنە و منداڵەکە و ئاڵتوونیش دەگەیەننە لای خاقان. خاقان بە بیستنی هەواڵەکە خوێنی دەمەیی و تەنیا دەیەوێ بزانێ ئەوەی منداڵەکەی دروست کردوە واتا باوکی منداڵەکە کێیە. لێرەوە خاقان ڕفاندنەکەی (بۆرتە)ی ژنی بیردەکەوێتەوە، بەوەی ئەوساش نەیزانی ئایا لاقەی بۆرتەیان کردووە، یان نا، وا ئێستاش نەیزانیوە باوکی ئەو منداڵە واتا ئەوەی لای ئالاچنەکە لەخاقان خۆشەویستترە کێیە. خاقان تائێستا خۆی وەک ئەژدیهاکانی سەر ئالاکان بینیوە کە ئالاچنەکە دروستی کردوون و وائێستاش دەرکەوت ئالاچنەکە کەسێکی تری وەک ئەژدیها بینیوە، نەک خاقانی خاوەنی چوار قوڕنەی جیهان. خاقان داگیرکردنی سێبەشی جیهانیش زامەکەی بۆرتەی لەبیر نەبردۆتەوە، وا ئێستا زامێکی تریشی هاتۆتە سەر. بۆیە جەنگیزخان سوورە لەسەر ئەوەی لەو دەشتی (سارۆزیکی)ە ئیعدامێک بۆ ئەو ژن و پیاوە سازدات کە ببێتە دەرس و پەند بۆ تەواوی ئۆردووەکەی و کەس زاتی ئەوە نەکات جارێکی تر منداڵ بخاتەوە. دوای لێپرسینەوە (دوو گۆلانگ) دان بەوەدا نانێ کە باوکی منداڵەکەی کێیە، بۆیە بە تەنیا ئیعدامەکەی بۆ ساز دەکەن، لەبەر ئەوەی لەو دەشتەدا دارو درەخت نەبووە حوشترێک بۆ ئیعدامەکە ئامادە دەکەن، گونییەیەک پڕ دەکەن لەخۆڵ بەهێندەی کێشی کەسی حوکمدراوو بە گوریسێک دەیبەستن و شۆڕی دەکەنەوە بەپشتی حوشترەکەداو لەودیویشەوە کەسی حوکمدراوی پێدا هەڵدەواسن. ئەمە ئەگەر یەک کەس بوو. ئیعدامەکە ئامادە دەکرێت بۆ دوو گۆلانگ. لەوێشدا دیسان پرسیاری لێدەکەن و تەواوی سەرکردەکان دەهێننە بەردەمی تا بڵێت فلانە، بەڵام هەر نایڵێ. لەو ساتەدا دوو گۆلانگ و ئێردینە چاویان لە چاوی یەک گیردەبێت و تەزووی شادی و مەرگ تێکەڵ دەبێت، بەڵام دوو گۆلانگ خۆی نەبان دەکات و ڕوو وەردەگێڕێ و ناوی کەس ناڵێ. بڕیاری جێبەجێکردنی ئیعدامەکە بە ئامادەبوونی خاقان و بە بەرچاوی ئەوەوە لەوەختی خۆیدایە و دەیبەنە

بەردەم حوشترەکە تا گوریسەکە لەملی ببەستن و بەدیوی ئەودیودا شۆڕی کەنەوە تا گیانی دەردەچێت.

لەو ساتەدا ئیردینەی سەرکردەی سەدی قاڵغان و شمشێر لەخۆی دادەماڵێ و فڕێی دەدات و بەرەو ڕووی دوو گۆلانگ ڕادەکا و هاوار دەکات من باوکی ئەو منداڵەم.! من ئەو منداڵەم دروست کردووە، دەی منیش لەگەڵ ئەم ژنەدا ئیعدام کەن. ئەوە کێیە لەم چرکەیەدا بەرەو ڕووی مەرگ دەبێتەوە.؟ خاقان ئاهێکی دێتەوە بەر، دۆزیبەوە، ئەو خەمە لەسەر دڵی لاچوو. ئیتر ئیعدام لەوێدا سازدەکرێ و دەنگی دوو بلباس و کەرەنای دەشتی سارۆزیک دادەگرێ. هەردوو عاشق و مەعشوق بەم دیو ئەودیوی حوشترەکەدا بە گوریس شۆڕدەکەنەوە تا گیانیان دەردەچێت. دوو تەرمەکە دەخەنە ژێر گڵ و ئۆردوو بەرەو پێش دەخشێ، سزای ئاڵتوونی کارەکەر ئەوەیە بەو منداڵەوە لەو دەشتە جێی دەهێڵن. لەچرکە ساتێکدا دەشتی سارۆزیک پەپووی لێدەخوێنێ. ئاڵتوون وێڵ و سەرگەردان دێت و دەچێ و ڕوودەکاتە ئاسمان تاخوا بەهانایەوە بێت. منداڵ شین دەبێتەوە لەبرساو شیریش دەست ناکەوێ. ئاڵتوون دەچێتە سەر بەردێک و مەمکی دەخاتە زاری منداڵ و ئیتر منداڵ کپ و بێدەنگ لە گریان دەکەوێ. ئاڵتوون دەبینێ پەرجوو ڕوویداوە و مەمکە چرچولۆچەکانی شیریان تێدایە و بەمەش دەبێتە دایکی ئەو منداڵە. هەورە سپییەکە بەسەر سەری خاقانەوە نامێنێ، خاقان گوناهی بەرانبەر ئاسمان کرد، خودای لەخۆی تووڕەکرد. لێرەوە لەوە تێدەگەین کە ئێتماتۆف هەمیشە دەمانباتەوە بەردەمی ئەو پەرجووانەی کە لە زۆرێک لە ڕۆمانەکانیدا دەیبینین و وەک ڕێبازی ڕیالیزمی سیحری زێدەڕۆییەکی زۆر لە کارەکانیدا دروست دەکات و خوێنەریش قەناعەت پێدەکات، ئەمەش بۆ سەرکەوتووی ئێتماتۆف دەگەڕێتەوە.

جەنگیز خان ناگاتە دەریای ئیتیل و لەنیوەی ڕێدا دەگەڕێتەوە و کوڕو نەوەکانی دەنێرێ بۆ داگیرکردنی ئەورووپا و خۆیشی دەگەڕێتەوە زێدەکە خۆی و دەمرێ. ناوی ئەو دوو عاشقەش دەچێتە مێژووەوە. چیرۆکی یەکەم لێرەدا تەواو دەبێت. تانسیق بایف دەیکاتە منەت بەسەر ئەبو تالیب کۆتی بایفەوە بەوەی ئەگەر دان بەتاوانەکەیدا بنێ ئەو چیرۆکە میللییە کە گوزارشتە لەزمانی دایک و لادانە لە کۆمۆنیزم و پرنسیپەکانی هاوڕێ سالین دەخاتە لاوە. کۆتی بایف ئاواتەکەی نایاتەدی و ژن و منداڵەکانی لەخاڵی (بۆرانی بۆراناوا) نابینێت. تانسیق بایف پیلانەکەی سەرناگرێت و بە گەیشتنیان بۆ شوێنی مەبەست کۆتی بایف لەگەڵ دابەزینی لەشەمەندەفەرەکەو وەرگرتنی لەلایەن سەربازانی ئەو شوێنەوە، لە وەختی دەورو تەسلیم لەگەڵ تانسیق بایف و هەڵدانی پێکی سەرکەوتن هەواڵێکی بەپەلە دێتە واگۆنی شەمەندەفەرەکەوە و دەڵێن (ئەبو تالیب کۆتی بایف) ئەوەی هاوڕێ (تانسیق بایف) هێناویتی بۆ لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی، خۆی کوشت. تانسیق بایف گەرووی دەگیرێ و پێکەکەی بۆ هەڵنادرێ.بەڵێ ئەبو تالیب کۆتی بایف ئەوەی وەک ناپاک دراوەتە قەڵەم و لەبەرەی جەنگ خۆی داوە بەدەستەوە و بۆتە سیخوری بەریتانیا، خۆی خستە ژێر هێڵی شەمەندەفەرەکەو بووە چڵم. لێرەشدا ئەم چیرۆکەشیان تەواو دەبێت و هەردوو پاڵەوان لەدوو سەردەمی جیاواز و لەیەکتر دوور هەمان چارەنووسیان دەبێت. ئەمەش ئەوەمان تێدەگەیەنێ لەسەردەمی مۆدێرنیتەشدا دیکتاتۆر و سەرکردەکان هەمان گۆشت و خوێن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. تەواوی کارەکانی (جەنگیز ئێتماتۆف) کاری سیاسین و پەردە هەڵماڵینن لە سیمای دزێوترین دیکتاتۆری سەدەی بیست لە تۆتالیتاریترین دەسەڵات و لەژێر فەلسەفەی مارکسیستیدا کە (جۆزیف ستالین)ە، بەڵام ئەم ڕۆمانەیانی تەواو ڕۆمانێکی سیاسییەو تەواو سیمای ئەو دەسەڵاتە پیشانی خەڵک دراوە کە ماوەی حەفتا ساڵ حوکمی یەک لەسەر پێنجی بەشەرییەتی کرد و بەو جۆرەش حورمەتی بۆ ئینسان دادەنا.

**تێبینی**: ئەم ڕۆمانە لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە، لە ساڵی ٢٠٠٦، تۆفیق عەبدول لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

# داستان- ملحمە- Epopee

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

داستان گێڕانەوەیەکە بە شیعر، ناواخنەکەی لە ڕووداوی قارەمانی و پاڵەوان ئامێز پێک هاتووە کە زۆرجار تێکەڵە بە ئەفسانە و خەیاڵی ئەفسانەیی و ئەفسوون و ڕووداوی لە ناکاو. ئامانجی سەرەکی نرخ دانان و بەرزکردنەوەی پایەی پاڵەوانێکە (کەسێک)، یان ڕووداو و کردە و مەبەستێکی مەزن. نموونەی ناسراوی جیهانی لە ئەدەبی کۆنی جیهانی داستانی ئیلیادە-Iliade و ئێنیادە-Eneide-یە کە ئەم پێناسەی سەرەوەیان بەسەردا پەیڕەو دەبێ.

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا داستان بە ژانرێکی سەربەخۆ لە قەڵەم دەدا لە شیعری تراژێدی و کۆمیدی و دیتیرامب-Dithyrambe. دیتیرامب گۆرانییەکی تایبەتی بوو کە خاسییەتی ئایینی یان (طقس) و مەراسیمی هەبوو کە لە شەرافەت و شایانی خوداوەند دیۆنیزۆس- Dionysos لە دەورەی عەرشێکی تایبەت بەم خوداوەندە لەلایەن باوەڕدارانی دەگوترا. وردە وردە ئەم جۆرە گۆرانی و مەراسیمە گەشە دەکا و دەبێتە ژانرێکی شیعری سەربەخۆ لە یۆنان و ڕۆمانی کۆن.

ناسراوترین شاعیرانی ئەو سەردەمە کە بە پێشەنگ دادەنرێن لەم بارەیەوە پیندار-Pindare و سیمۆنید-Simonide-ن.

دیتیرامب بەشێوەیەکی دیکەش گەشە دەکا، لەشێوەی دیالۆگ کە شیعری تراژیدی لێ دەبێتەوە. ئیمڕۆ لە زمانەکانی ئەورووپی، ئەم دەستەواژەیە بە مانای ژانرێکی شیعری تایبەتی دێ کە ناواخنەکەی بریتیی بێ لە ستایشێکی شێتانە و لە ڕادەبەدەری یەکێک، یان کەسایەتییەک، بەڵام فۆڕمی کۆنی خۆی بزر کردووە و ئەم جێگیرییە کۆنەی ڕابردووی نەماوە. ئەرستۆ لە هەمان

کتێبدا دەڵێ: داستان لەگەڵ تراژێدی تێک دەکاتەوە بەو مانایەی داستان نوێنەرایەتی مرۆڤی لێوەشاوە- Homme Noble (هەڵکەوتی بەگزادانە= مرۆڤی خاوەن ڕەفتاری مەزن نەک پیاوی چینی بەگزادە.) دەکا کە شیعری مەزن بەکاردەهێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کێشێکی دیاریکراو لە شیعرەکانی بەکاردەهێنێ و سەر بەیەک جۆر گێڕانەوەیە وای لێ دەکا جیاواز بێ.

بێجگە لەمە داستان بە درێژییەکەشی لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکرێتەوە. داستان سنوورێکی دیاریکراوی نییە لەزەمەن (زەمەنی داستان)، بەڵکو زەمەن هەڵکەوتێکی کراوەی هەیە. هەروەها ئەرستۆ دەڵێ: ئەوەی وادەکا داستان درێژ بێ یەک بەدوای یەک هاتنی بەشەکانە، بەڕای ئەو دەبێ لەناو داستان، ڕووداوی لەناکاو و ناسین و ڕووداوی پڕ لە توندوتیژی هەبێ، وێڕای بیرکردنەوە و ڕامان. لە داستاندا ڕووداوی لەناکاو بەهۆی ڕووداوێکی ناماقووڵ سەرهەڵدەدا و پەیدا دەبێ. ئەم دیاردەیەش لەناو داستانە غەیرە ئەورووپییەکانیش دەدۆزرێتەوە، وەک: مەهاباهارتا- Mahabahara-ی هیندی و داستانی «شانامە»ی فیردۆسی...تاد، هەر بوونی ئەم دیاردەیەشە لەداستان کە لە تراژێدی نزیکی دەکاتەوە، بەگشتی داستان هەردەم وەک فۆڕمێکی شیعری دەمێنێتەوە، ئەمەش زیاتر بە شیعری ئێپیکی (شيعر ملحمي) ناسراوە کە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆمان لە سەردەمی نوێ پێک دەهێنێ.

داستان بەفۆڕمە کلاسیکییەکەی لەگەڵ سەردەمی نوێ بزردەبێ. بێگومان هۆکاری سەرەکی نوێبونەوە و گۆڕانە ماددی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی جیهان لەپشت ئەم دیاردەیەن، ئیتر لەدوای سەدەی شازدەیەم کە بەسەردەمی بووژانەوە ناسراوە، داستان بە فۆڕمە کۆنەکەی وردە وردە بزر دەبێ، بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین وردە وردە درێژە بەمانەوەی خۆی دەدا. لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا، هەتا سەردەمی ڤۆلتێر-یش لە فەرەنسا و لەناو میللەتانی لاتین، هێشتا ئارەزووی ئەوە هەبوو داستانی گەورە بنووسرێ، بەڵام کە نەدەنووسراو دەرنەدەکەوت هۆکارەکەی چی بوو؟ ئایا گرانی و سەختی ئەم جۆرە ئەدەبییە نەبوو کە هەر لەو سەردەمەدا بە فۆڕمی دەستەبژێر و تایبەت دادەنرا؟ ئێمە لەو باوەڕەین دەشێ زۆر هۆکار هەبن، بەڵام ئەوانەی لە بەرایی گوتمان کە پێوەندییان بە گەشەسەندن و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ماددییەکانەوە هەیە بە پلەی یەکەم دێن. لەسەردەمی کلاسیکدا وێڕای ئەم هەڵکەوتە لەمەڕ داستان و لاوازبوونی، دەبینین لە ئیتالیا هەندێ داستان به شێوازە کۆنەکەی سەرهەڵدەدەن، وەک: داستانی ڕۆلاندی هاروشێت-Roland Furieux-ی ئەریۆست-Arioste-ی سەرەتای سەدەی شازدە، داستانی ئۆرشەلیمی ڕزگارکراو--Jerusalem De-livree-ی تاس-Tasse کە ناووبانگێکی گەورەیان لە ئەورووپا بەدەست هێنا.

ئەم فۆڕمە ئەدەبییە بەدەرکەوتنی ڕۆمانی مەزنی دۆن کیخۆتە-ی سێرڤانتێس لەکۆتایی سەدەی پازدەدا گەورەترین گورزی پێکەوت، سەرەنجام ئەمەش سەرەتایەکی مەزن و بەهێزی لەدایکبوونی ڕۆمانی نوێ بوو. دواجار دەشێ بڵێین، ڕۆمان، هاوتای داستانە مەزنەکانی جیهانی کۆن، لە ژیانی سەردەمی نوێ، ڕۆمانە مەزنەکانی ئەم سەردەمەیە.

ئەوەی پێوەندی بە ئەدەبی کوردییەوە هەبێ تا ڕادەیەکی زۆر هەمان خوێندنەوەی بەسەردا پەیڕەو دەبێ، تەنیا دەبێ لەم بارەیەوە هەندێ تایبەتمەندی کوردی لەبەرچاو بگرین، ئەمەش خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە سەردەمی کۆن لەناو کورد لە چاو سەردەمی کۆنی ئەورووپی کەمێک درەنگتر کۆتایی پێ دێ، دەشێ کۆتایی سەردەمی کۆن لە ناو کورددا هاوتای کۆتایی سەدەی هەژدە بێ، لێرەشەوە لە جیاتی ڕۆمان سەرهەڵ بدا، بەڵکو شیعر ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی بۆ وەرچەرخانێکی شارستانی دەگەڕێتەوە کە تێیدا شار و سەرەتای شاری نوێ لەناو کورددا سەرهەڵدەدا، ئەمەش بە پلەی یەکەم لەو تاقیکردنەوە ئەدەبییە کوردییەی نالی و کوردی و ئەوانی تر دەست پێدەکەن کە لەناو لە دایکبوون و دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی و شارستانی تازەتر خۆیان دەدۆزنەوە، کە بریتییە لە دروستکردنی سلێمانی و دەسەڵاتی بابانەکان، چونکە زۆر بە سادەیی لەدوای داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانێ کە لەسەدەی هەڤدە سەری هەڵداوە، ئێمە هیچ تاقیکردنەوەیەکی دیکەی بە هەمان ئاست و ئاڵۆزیمان نییە، بەڵام داستان و بەیتە فۆلکلۆری و میللییەکان لەناو کورددا تەمەنیان لە داستانی ئەدەبی نووسراو درێژترە، دەشێ ئەم جۆرەیان لەگەڵ سەردەمی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بزربووبن. سەرەنجام هەموو ئەمانەش تایبەتمەندی کوردی پێک دەهێنن، لەم بارەیەوە هێشتا پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی زیاترە.

# نامەیەک

**عەبدوڵڵا سەڕاجی خۆشەویستم**

دیارییە پیرۆزەکەتم پێگەیشت. ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە) تەنیا سەیرم کرد. نەم خوێندەوە. چونکە دوو هەفتە لەوەوبەر پەیدام کردبوو و لە خوێندنەوەی ببوومەوە.

هەڵکشان بەرەو لووتکە مایەی شانازیمانە. شانازی خۆم و نەتەوەکەم. نەک لەبەر ئەوەی ڕۆمانێکی بێ وێنەیە، یان تەکنیک و هونەری زۆر شاکارانە و دەستە ڕەنگینانەی تێدایە، یان خۆشەویستێکم نووسیویەتی. یان، یان نا. لەبەر ئەمانە نا. بەڵکو بە پلەی سەرەکی چونکە جیۆگرافیا و تەختەی زەویی ڕووداوەکان و قارەمانانی شارە دێرینەکەی کوردستانمانە و هەرچی پەند و ئەفسانە و دابونەریت و خووڕەوشتی نەتەوەکەمان و پەناو پەستێوی شارەکە هەیە.

بەرگی کوردی و هەستی پیرۆزی مرۆڤایەتی و خەبات و سەرگەردانی خەڵکەکەیەوە هەموویت تێیدا تۆمار کردووە. بە واتایەکی دی لەم سەردەمە پڕ لە گۆڵمەز و ناڕەسەنەدا کە تەنانەت شێوەی مرۆڤیشی تێدا دەشێوێنرێت و دەکرێتە دەعەجانی، نەک خاک و نیشتمان و هەوار. ئا لەم سەردەمەدا بەرگە ڕەسەن و ڕاستەقینەکەت کردۆتەوە بەر شاری باباگوڕگوڕ.

هەمدیسان دەمەوێت بڵێم ئەوەی زیاتر لە سێسەت لاپەڕەی بە وشەی ڕەنگینی کوردیمان پڕ دەکاتەوە و بە مەبەست و ئامانجێکی پاک و بێگەرد بێگومانم دەیەوێت بۆ کێشەی ئەدەبەکە بژی و بسووتێت، هەروەها بۆ کێشە مرۆڤایەتییەکانیش.

**هاوڕێم سەڕاج**

گەرچی ئەمە نامەیەکی خۆشەویستانەی پیرۆزبایییە، بەڵام ڕێگەم دەدەیت دوو گچکۆلە سەرنج بخەمە ناو ئەو ڕەنجە گەورە و بەهادارەت. لەوانەشە تایبەتی بن و لای ئەدیبانی دی وا نەبن.

(١) هەست دەکەم ڕۆمانەکە بە باری ئاسۆییدا پانوبەرین بووە. کەسان و شوێنەکان، هەروەها کاتیش کشاون. کەمتر بە باری شاوڵیدا بەرەو ژوور بۆتەوە. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە سەد دەر سەد وابێت. لە هەندێک جێدا باش بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ناوونیشانەکەیدا و بە بارە میزاجییەکەدا هاوتەریب ناوەستێتەوە.

(٢) لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە سەرەتاوە وتم بۆ سەردەمە گوڵمەزێکی ئەمڕۆی سەرتاپای هەرێمەکان باس کردن و بووژاندنەوەی دابونەریت و کەلەپووری نەتەوەیەتیمان نەک هەر کارێکی بە جێیە، بەڵکو پێویست و تێکۆشان و بەرەو ڕووبوونەوەیشە، بەڵام لە کارێکی گەورەی هونەریی وەک ڕۆمان و چیرۆکدا دەبێت بە شێوەیەکی خۆڕسکی (فطري)، یان سروشتی بێتە ناو کەشوهەواکەوە نەک وەک لە هەندێک جێدا هەستم کرد کە بە ئەنقەست و بەبێ ئەوەی پێویست بکات جێگەی مەتەڵ و نەریت و کەلەپوورەکانی دی هاتوونەتە ئاراوە. کە ئەمانەی وتم لە شکۆی هەوڵە بە نرخەکەت کەم ناکاتەوە. سوپاس بۆ ئەو زمانە چیرۆکانەییە جوانەت. سوپاس بۆ هەموو هەستە مرۆڤایەتییە خاوێنەکەت. سوپاس بۆ ئەو دیارییە بەهادارەت.

**ئیمزا**

**ڕەووف حەسەن**

**٢٠/ ٢/ .١٩٩ سلێمانی**

**ئا: ڕامان**






# لە باتی خوێنەر



ئیدریس عەبدوڵڵا

زۆرجار لە بێئومێدبوونی کەسێک لە بارێکی دیاریکراو، بڕیارێک لەسەر بارەکە دەردەکرێت، کە مەرج نییە دروست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دروست بوونەوەی هەمان بێئومێدی لە لایەن کەسانێکی دیکەی هاوپیشە، بەرانبەر بە هەمان بار، بڕیاری کەسە یەکەمەکە تۆختر دەکرێتەوە و زیاتر دەکەوێتە سەرزاران، بەوەش کاتێکت زانی دیاردەیەک دروست دەبێت.

ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخەینە سەر دیاردەی (گلەیی کردنە لە کەمی خوێنەر)، کە ئەمە لەو چەند ساڵەی دوایی بە شێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بە هەق و ناهەق ئەم تۆمەتە لە لایەن هەندێ لە دەزگاکانی چاپ و هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەوە ئاراستەی خوێنەری کورد دەکرێت، گوایە خوێنەر کەمە و خوێندنەوە لە ئاستێکی نزم دایە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم گلەییە لەجێ خۆی نییە، چونکە لەلایەک ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستانی باشوور لە زۆربەی وڵاتانی دوور و نزیک گەورەتر نەبێت، بچووکتر نییە، لەو لاشەوە ئەگەر ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستاندا ئەوەندە بەرز بێت، ئەدی چۆن دەبێت (خوێندنەوە) لە ئاستێکی لاواز و نزمدا بێت.

بۆیە (خوێنەر) ئەم گلەییانەی سەریان ڕەت دەکەنەوە، ئەوان دەڵێن ئەم گلەییەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە و دەزگایانەی چاپ کە ئاراستەمان دەکرێت، تەنیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە چەند کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بەو لاوە، ئەوانەی تریان زۆربەیان لە کتێبخانەکاندا نافرۆشێن و بەسەر خاوەنەکانیان دادەدرێنەوە، ئەوەش وایان لێدەکات بڵێن: (بابە خوێنەرمان نییە).

بەڵام باشە ئەوانە بۆ بیر لەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە ناکەنەوە، کە بە ژمارەی گەورەش دەردەچن و هیچیان نامێنێتەوە؟! ئەدی بۆچی ئەوان خوێنەریان هەیە؟! بۆیە ئەوانەی گلەیی دەکەن، با گلەییەکانیان لەسەر خوێنەر لابەن و ئاراستەی خۆیانی بکەن، با بزانن خۆیان چ پێشکەشی خوێنەر دەکەن، کە خوێنەر بەم شێوەیە لێیان دوور دەکەوێتەوە و لا لە بەرهەمەکانیان ناکاتەوە.

خوێنەران دەڵێن: بەڕێزان ئەوانەی گلەییتان هەیە، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن و کەسمان گلەییمان لێکتر نامێنێت:

– تکایە چیتر بە باس و بابەتێک هەستمان بریندار مەکەن، دابونەریتە ڕەسەنەکانمان ناشیرین مەکەن، ڕێز لە (کات) و لە (بیر) مان بگرن.

– لە بری بیرکردنەوە لە پڕکردنەوەی لاپەڕەکانتان بە هەر بابەت و وێنەیەکی بێ سوود، بیر لە پڕکردنەوەی (بیر)ی خوێنەرانتان بکەنەوە بە شتانێکی بەسوود.

– سنوور بۆ بابەتە وەرگێڕدراوەکان دابنێن، ئەوانەی بە کەموکورییەکی زۆرەوە لە هەردوو لایەنی (ناوەرۆک) و (وەرگێڕان)یش دەکەونە بەر دەست، لە بری ئەوان گرنگی بە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا بدەن و بابەت و باسی هەڵقوڵاو لە واقیعی کۆمەڵگا بکەنە ئامانج.

– سنوور بۆ هەڵەکانی چاپ دابنێن، عەیبە لەم سەردەمی (کۆمپیوتەر)ی پێشکەوتوودا، (دڵ)مان لێ بکەنە (چڵ) .. (چڵ)مان لێ بکەنە (چل) .. (چل)مان لێ بکەنە (چل هەزار).

بە کورتی میزاجی کوردەواریمانتان تێکداوە، تکایە کار لەسەر چاکردنەوەی میزاجمان بکەن، بەمە هەردوو لامان دەکەوینە خزمەتی ڕاستەقینەی یەک و پێکەوە وڵات دەگەیەنینە بارێکی پێشکەوتووتری ژیاری و شارستانی.